زانا خەلیل

# لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان

(2020_1995)

ناوی کتێب: لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان

نووسەر: زانا خلیل

بابەت: لێکۆڵنەوەی ئەدەبی

بەرگ: دەراو خەلیل

چاپخانە: چوارچرا

تیراژ: 500 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (267) ساڵی2020 پێدراوە.

# زانا خەلیل

# لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان

**(2020_1995)**

# ئێرۆتیك لە شیعری (نالی)دا

## لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرە ئێرۆتیکییەکانی نالی

# ناوەڕۆك


پێشەكیی

## بەشی یەكەم

- تەوەری یەكەم:

چەند جیهانێكی لێك جیا لەنێو گەردوونێكی كراوەدا

- تەوەری دووەم:

كورتەیەكی بیۆگرافیا

## بەشی دووەم:

- تەوەری یەكەم:

ئیرۆتیك

- تەوەری دووەم

1- ماچ.

2- ماچ لای نووسەران و بیرمەندان.

3- جۆرەكانی ماچ.

- تەوەری سێیەم:

ماچ لای نالی

A - ماچی كوڵم.

B- گروپی ئەو ماچانەی كە سێرە و شوێنی بۆ ئاراستەكراوی تێدا ونە.

C- گروپی ئەو ماچانەی کە لە لێو دەکرێن، یا لە لێو داوا دەکرێن.

D- گروپی ئەو ماچانەی کە لە دەم دەکرێن، یا لە دەم داوا دەکرێن.

E- ماچ و تەصەوف.

## بەشی سێیەم:

- تەوەری یەکەم

مەمك:

تەوەری دووەم

مەمك لە دیوانی نالی دا

1- فۆرم و قەبارەی مەمك

2- مەمکی نەوبەر یا مەمکی کچی تازە پێگەیشتوو

## بەشی چوارەم:

Webcamو قەصیدەی مەستوورە

## بەشی پێنجەم:

پرۆسەی سێکس لە دیوانی نالیدا

## بەشی شەشەم

تەوەری یەکەم

**Homosexuality** ـ هاوڕەگەزبازیی

تەوەری دووەم**Homosexuality** ـ هاوڕەگەزبازیی و ئەدەبیات

تەوەری سێیەم

هاوڕەگەزبازیی لە دیوانی نالی دا

## بەشی حەوتەم:

- لە نەحو و صەرفی ئەداتی مەپرسە و

سەرەتای کۆتایی

ئەنجام.

سەرچاوە.

# پێشەکی

**بۆچی نالی؟ بۆچی ئیرۆتیك لە دیوانی نالی؟**

**لە راستیدا لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەییدا لە سالآنی 1992-1993 کاتێ دەستم بە خوێندنەوە کرد هەر زوو دەستم بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی نوێ بە گشتیی و شیعری نوێی کوردی بە تایبەتی کرد، دواتر دایرێکت هەوڵی خوێندنەوەی شیعر و رەخنە و رۆمانی جیهانیمدا و ئیدی بەو شێویە تا بە ئەمڕۆ دەگات بەردەوامم.**

**لەو ماوانەدا جار و بار لە ئەدەبیاتی کوردی و لە شیعری کوردیدا چاوێکم بە دیوانی نالی و جزیریدا دەخشاند، تا ئەو کاتەی لە ساڵی 1998 بۆ ماوەیەکی باش خەریکی خوێندنەوەی دیوانی نالی بووم، لەوێوە بە تەواوی تێگەیشتم کە هەموو نوێیەك ئیمتیدادی بەر لە خۆیەتی بەلآم بە ستایل و فۆرمی تازە.**

**بە هۆی دیوانی نالی گەڕامەوە بۆ شیعری (کۆن-کلاسیك)ی کوردی و بە گوێرەی توانا خەریك بووم، بەلآم ئەوەی زیاتر جێگای هەڵوەستە و سەرنجی من بوو دیوانی نالی بوو، ئەو فەزا کراوەی کە نالی تێیدا کاری کردووە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات بە تایبەتیش ئەگەر بە پێوەرێکی مێژوویی خوێندنەوەی بۆ بکەین، مەبەست لە خوێندنەوە بە**

پێوەری مێژوویی گەڕانەوەیە بۆ ئـەو ژینگـە و ئەتمۆسـفێرەی کە شیعرەکانی نالی تێیدا نووسراون، خۆ ئەگەر لە سنعەتسازی شـیعر و زانسـتەکانی شـیعریش خوێندنـەوەی بـۆ بکـەین ئـەوا شیعرەکانی نـالی نـە زەمـەن و نـە شـوێن و نـە هـیچ سـنوورێك ناناسن.

دیوانی نالی پڕە لە فەزای جیا جیـا و دیـد و روانـین و رامـانی قـووڵی لێکجیـا، هـەر بـەیتێك لـەو دیوانـە وەربگـرین پـڕە لـە شیعرییەت و خاوەنی لێدانێکی بەهێزیشە لە چێژی وەرگر، بە کورتی شیعرەکانی نالی ئەوەن کە دەتـوانن هێنـدە کاریگـەرییان لەسـەر سـایکۆلۆژیا و رۆح و دڵ و عـەقڵی (خوێنـەر-وەرگـر)دا هەبێ کە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بیانگوازێتەوە.

لە لای زۆربەی دیوانە شیعرییە کلاسیکییەکانی کوردی هێڵـی سـەرەکی بیرکردنـەوە و ژیـان و گوزەرانـدن و عەقیـدەو بـاوەڕ درك پێدەکەین، بە نمون لای کەسێکی وەك (مـەلای جزیـری و مـەحوی)دا، هێڵـە سـەرەکییەکە، کـە تەسـوف و سـۆفیگەرییە دیارە، لای (ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی) کوردایـەتی و نیشــتیمان پــەرەوەری هێڵــی ســەرەکی دیوانــەکانن و لای کەسێکی وەك (شێخ رەزای تاڵەبانی) داشۆرین هێڵی سەرەکییە. هێڵـی سـەرەکی لـە دیـوانی نـالی تـەنیا یـەك تێمـە نییـە، هـەر بابەتێك شـوێنێکی بـۆ تـەرخانکراوە، تەصـەوف، ئاینپـەروەری، عیشـق، ئیرۆتیـك، پۆڕنـۆ، ولات...تـاد هـەر یەکـە و جێگـە و

پێگەی تایبەتیان پێدراوە، ئەوەش کە لە هەموو ئەوانە زیاتر گرنگی پێدراوە کۆکردنەوەی هەموو ئەو تێمانەن لەنێو بەهرە و سنعەتسازییێکی لە رادەبەدەر بالاّ لە درووستکردن کە ئەویش ئێستەتیکە، کورتتر دەتوانین بڵێین: هێڵی سەرەکی لە دیوانی نالیدا ئێستەتیك و شیعرییەت و بالاّدەستییە لە خولقاندن.

هەر ئەوەشە وایکرد کە من بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کارێك لەو گەردوونە بەرفراوانەی نالی بکەم، ئەگەرچی وەك نالی خۆی دەڵێ:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما
غەواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە

کەواتە ئەو بەحرەی کە پڕە لە دوڕ و گەوهەر غەواسی دەوێ تا رۆبچیتە نێو قووڵاییەکان و گەوهەر و دوڕەکانی دەربهێنی، بۆیە کارکردن و ماندووبوون و هیلاکیی زۆرمان گەرەکە تا بگەینە قووڵاییەکانی ئەو دەریایە.

نووسەرانی و توێژەران کاری باشیان سەبارەت بە شیعرەکانی نالی ئەنجامداوە بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانیتری کلاسیکی کوردی، بۆ نمونە د.عەبدوڵلاّ خدر مەولود لە بیبلۆگرافیایەکدا دیاریکردووە، زیاتر لە دوو سەد کتێب و وتار لەسەر شیعرەکانی نالی نووسراوە، بەلاّم ئەوەی جێگای هەڵوەستەی

مـن بـوو ئەوەیـە کـە لایـەنی ئیرۆتیـك جگـە لـە شـیعرەکەی مەستوورە هیچ کاریکیتری لەسەر نەکراوە، یاخود بە شێوەیەك لە شێوەکان فەرامۆش کراوە.

وەك لە باسەکەمان دەردەکەوێ و هەڵوەسـتەی لەسـەر دەکـەین ئیرۆتیك بەشێکی گرنگی لە دیوانی نالی بۆخۆی گرتـووە، ئێمـە هەوڵـدەدەین کـە ئـەو بەیتانـە دەربێـنین و بسـەلمێنین کـە ئیرۆتیك تێمەیەکی گرنگی ژیانی نالی و شیعرەکانی نالی بووە.

# بەشی یەکەم

## تەوەرەری یەکەم:

### چەند جیهانێکی لێك جیا لەنێو گەردوونێکی کراوەدا:

ڕەنگە دەستنیشانکردنی ساڵڕۆژی لە دایکبوون و مردنی شاعیر لەو نووسینەدا هێندە گرنگ نەبێ بە بەراورد لەگەڵ کارکردن لەسەر سەلماندن و دەستنیشانکردنی بوونی چەند جیهان و کەسێکی لێکجیا لەنێو یەك جەستە و یەك کەسایەتیدا، کە ئەویش (نالی) شاعیرە.

(نالی) چەند رۆژ و مانگ و ساڵێك زووتر یا درەنگتر لە سەردەمی راستەقینەی خۆی ژیابێ، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەردەمی لە دایکبوون و مردنیان دەستنیشان کردووە، ئەوا هیچ لە کرانەوەیی زەینی خۆیی و لە کراوەیی فەزا و ئەتمۆسفێری شیعرەکانیدا کەم ناکاتەوە، چونکە لە تێکستەکانیدا دەردەکەوێ کە ئەو گرێدراوی تەنیا یەك باوەڕ و یەك مۆرال و یەك رووگەی بیرکردنەوە و یەك جیهان نییە لە ژیانیدا:

وەرە با عالەمی قەلبت نیشان دەم

کەوا فەقری غینایە مردنی ژین

(لای نالی تەنیا جیهانێك و دوو سێ جیهان نییە، بەڵكو بە دەیان جیهان و عالەم لە مێشك و ئەندێشەیدا پەنگیان خواردۆتەوە)(1).

لە شوێنێكدا پاشایە و لە چەند شوێنێكدا سەگ و لە شوێنێكدا ئاژەڵێكی گوێ كورت، لە شوێنێكدا شانازی دەكا كە بە كوردی دەنووسێ و لە حاڵەتێكیتردا كوردی تێكەڵ بە عەرەبی دەكا، ئەگەر ئەو قەسیدەیە (درونی لدار ال-شارزور-...تاد) بەو شێوەیەی كە نووسراوە پێرەوی لێبكرابووایە زمانی كوردی و رێنووسی كوردی گۆڕانێكی بنەڕەتی بەسەر دادەهات و دەبووە بەشێك لە زمانی عەرەبی و وردە وردەیش لەناو دەچوو.

خوێندنەوەیەكی وردی شیعرەكانی نالی دەتگەیەنێتە دەیان و دەیان حاڵەتی دەروونی دژ بەیەك و ناكۆك كە ئەوەشیان نهێنی و سڕی كراوەیی ئەتمۆسفێری شیعرەكانی (نالی)ە و هەر لەبەر ئەو هۆیەشە كە تێكستەكانی دەتوانن هەڵگری ئەو هەموو چەمك و مەعنا و خوێندنەوەیە بن:

(نالی) ئیستە تاجی شاهی و تەختی خاقانیی هەیە
شەوكەت ئارا، موحتەشەم دیوانە، فیكرەت صائیبە

لێرەدا بەوپەڕی جورئەتەوە دەكەوێتە نێو حاڵەتێك لە شانازیی كردن بە خۆیو، خۆی دەگەیەنێتە ئاستی شاه و لەنێو

ئۆقیانۆسی نەفس بەرزی و سەربڵندیدا غەرق دەبێ، کەچی لەو بەیتانەی خوارەوە خۆی دەگەیەنێتە ئاستی چەند جۆرك لە ئاژەڵ و ...تاد:

چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت (نالیا)
هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ

دور لە تۆ (نالی) سەگێکە، بێ وەفایە، هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کە نانی نانییە؟!

ئەو خاکی دەرە مەسکەنی سەد ساڵەمە، شایەد
جارێ لە دەمی تۆ بیبەم (سەگ بە وەفایە)

تێکستەکانی نالی هەمیشە لە وەرچەرخانن و لە حاڵەتێکەوە بە فەزاییێکی جیا لە بیرو ئەندێشە و رامانی حاڵەتێکیتری خۆی، خۆیان دەردەخەن، بە نمونە: لە زۆر لە تێکستەکاندا بە ئاشکرایی، گوناهباریی خۆی رادەگەیەنێ و لە زۆر شوێنیتریش بەردەوامیی خۆی نیشان دەدا لەسەر گوناهەکانی کە بەلای ئەو گوناه نییە و بەشێکە لە ژیان و حاڵەتێکە، پڕییەتی لە چێژ و ئێستەتیك... نالی بە ئاشکرا کاریگەریی کولتووری ئیسلامی لەسەرەو زۆرجاریش عاشق و عاریفانە گوزارشتی لە

خۆشەویستیی خۆی کردووە، لەو شیعرەی کە بۆ پێغەمبەری نووسیووە خۆی دەگەیەنێتە ئاستێك کە رێك پێچەوانەی ئەو شیعرانەیتریتی کە لەززەتی ژیان بە هیچ شتێك ناگۆڕێتەوەو لەنێو دەریای چێژ و لەززەت و ئیرۆتیکدا نقووم دەبێ:

((نالی)) کەوا سەگی سەگی ئەو مەرز و بومەیە
ئەمما سەگی موعەللەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە

لەو بەیتەدا نالی تا ئاستی بوون بە سەگی سەگ خۆی کەمکردۆتەوە لە خۆشەویستی پێغەمبەردا، بێگومان ئەوە حاڵەتێکە لە تێکستەکانی نالی و ناشێ و ناتوانین نکۆڵی لێبکەین، کەچی لە شوێنیتردا دەکەوێتە نێو ئیلحاد و بەشێوەیەك لەناو کایەکانی (تەشبیە) کاردەکات کە رەنگە کۆکردنەوەی ئەو دوو حاڵەتە بە یەکەوە زۆر زەحمەت بێ:

نەرم و خۆش و مونتیج وەکو بەستی ئودەبابێ
تولانی یو بەرجەستە وەکو دەستی دوعا بێ
ل623

مەلا عبدالکریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم لە لێکدانەوەی ئەو بەیتە لە دیوانی نالی لە لاپەڕە_623_دا

دەڵێن: (نەرم بێ، خۆش بە دەستەوە بێ، بەرهەمدار بێ، وەك پەخشانێکی ڕەوان بێ کە ئەدیب نووسیبێتی..درێژبێ، دیار و هەستاوە بێ وەك دەستی کەسێك کە بۆ لە خوا پاڕانەوە دەستی درێژکردبێ).
مەعنای ئەو شتەی کە وەکو دەستی کەسێك درێژ و ڕەپ و ئەستووربێ کە بۆ دوعاکردن لە خوا بەرزکرابێتەوە دیار و ئاشکرایە، ئەو بەیتە، بەیتێکی ئەو قەسیدەیە کە بۆ مەستوورە نووسیویەتی، نالی لێرەدا وەسفی ئەندامی سێکسی خۆی دەکا و دەیشوبهێنی بە دەستێك کە بۆ خوا بەرزکراوەتەوە، من پێم وایە ئەو بەیتە بە هەموو چەمك و مەفاهیمێکی ئیسلامی بەیتێکی لادەرە، یاخود نەشیاوە بە یاساو ڕێساکانی ئیسلام، چونکە تەشبیهـ لەنێوانی (ئەندامی سێکسی پیاو) و (دەستێك کە لەبەر خوا دەپاڕێتەوە) مەقبول نییە لە ئاینی ئیسلام و قبوڵیش ناکرێ.
ئەوەی جێی سەرنجە هیچ لێکۆڵەرەوەیەك تا ئێستا نەیتوانیوە بە دۆکومێنت مێژووی ڕیزبەندی نووسینی شیعرەکانی نالی بزانێ کە کامیان بەر لە ئەویدی نووسراوە، ئەگەرچی لێرەو لەوێش ئاماژەیەك یا هەندێ ئاماژە هەیە.
بۆ ئێمە زانین و نەزانینی مێژووی نووسینی شیعرەکان هیچ لەو خوێندنەوەیەی کەم ناکاتەوە، چونکە کامە شیعر بەر یا دوای ئەویتر نووسرابێ ئەوا بە هیچ شێوەیەك بە مانای

ڕەشکردنەوەو فرێدانی تێکستەکانیتری پێچەوانە نایەت لەو دیوانەدا، بەو مانایەی کە هەموو دیوانی نالی کاری لەنێو ئێستەتیک و (شیعر لە پێناوی شیعرو شیعرییەت) کردووە، نەك شیعر لە پێناوی باوەڕ یا ئایدلۆژیا یا خاڵێکی فکری و فەلسەفی دیاریکراو و نەگۆڕ، ئەوەی لە دیوانی نالی دا جێگیر بێ و لە هەموو فۆنیم و مۆرفیم و ڕستە و بەیت و قەسیدە و واتاکاندا کاری لەسەرکرابێ، ئێستەتیکە.

لەوەش زیاتر جێگای هەڵوەستە ئەوەیە، شیعرەکان بە شێوەیەك نووسراون کە هیچ ڕێگایەکی ڕۆشەن و دیاری بۆ توێژەر نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای دەلالات کەشفی پاش و پێش و ریزبەندی نووسینی شیعرەکان بکات بە شێوەیەکی ڕەها، ئەگەرچی وەك گوتمان لێرەو لەوێ هەندێ ئاماژە هەن کە لە چ کاتێکدا ئەو شیعرەی نووسیووە، کاتێك کە (تأریخ جم) بەکاردەهێنێ لە قەسیدەی (تا فەلەك دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو) ئەو مێژووە بەرانبەر بە ساڵی 1838 زاینی دێت، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هیچ ئاماژەیەك نییە بڵێ، سەردەمی نووسینی ئەو بەیتەی کە دەڵێ: (خۆش بە هەردو دەست...تاد) دەکەوێتە دوای ئەو حەجانەی کە کردوویەتی یا بەر لە حەج کردنی یەکەم و دووەمیش، ڕۆشنە سەفەری یەکەمی نالی بۆ مەککە لە سەرەتاکانی دەرچوونی نالی بووە لە کوردستان.

ئەگەر بێین و بە نمونە لەسەر ئەو دڕدۆنگی و جیهانبینییە لێکجیایانە بنووسین کە لە ژیانی نالی دا هەبووە، ئەوا بە ئاشکرا لەو چەند بەیتەی خوارەوە درکیان پێدەکەین:

خەوفی من لێرە لەبەر زۆریی گوناهە یەك بە صەد

گەرچی عاصی و موزنیبم ئەمما مقیڕڕو و بێ درۆم

(واتە: من درۆ ناکەم و پێی لێ ئەنێم کەوا کابرایەکی گوناهبارم. گوناهیش لە مەککە یەك بە صەد ئەژمێررێ لای خوا. بۆیە من لە زۆریی گوناهی خۆم ئەترسم و ناتوانم لێرە بمێنمەوە و ئەڕۆم)(2).

ئەو بەیتە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنی کە نالی هەرگیز ناتوانێ دەسبەرداری چێژ و لەززەت و

خۆشییەکانی ژیان بێ و خۆی لە بۆتە و چوارچێوەیەکی تاك رەهەندی مەلاس بدا و

لاپەڕەکانی ژیانی خۆی تێدا بە یەك رەنگی و یەك رووگەیی لە دنیابینی و بیرکردنەوە و

گوزەراندا هەڵبداتەوە.

نالی لەو بەیتەدا بە ئاشکرا و بێ پەروا دان بەوە دادەنێ کە ناتوانێ تا هەتایی هەر لە مەککەدا بمێنێتەوە و گوناهەکانی بە (ئاوی زەمزەم) بشۆرێت، وەك مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدلکریم دەڵێن: (کەسێکی دیمەن پەرست نەبووە)(3).

بەلاَم ئەگەر لەو تێکستەدا باوەڕ بێنین کە بە راستیی ئەو بۆچوونەی مامۆستایان مەلا عبدالکریمی مدەڕیس و فاتح عبدلکریم بۆچوونێکی درووستە، سەبارەت بەوەی کە کەسێکی دیمەن پەرست نەبووە، بەڵکو پێی وابووە کە خوا لە هەموو شوێنێکدا وجودی هەیە، بۆیە ئەگەر لە (مەککە)ش نەبێ دەتوانێ لە خواپەرستیی و ئیسلامپەرستیی خۆی بەردەوام بێ، ئەوا لە شوێنیتردا نالی رێك دژی ئەو بۆچوونەی مامۆستایان ئەو چێژپەرستیی و لەززەت پەرستییەی خۆی دووبارە دەکاتەوەو بە ئاشکرایش بانگەشتەی ئەوە دەکات کە ئەو نە ئاگای لە گوناهەکانیەتی و نە لە گوناه کردنیش پەشیمانە و نە ئاگاشی لەوە دەمێنێ کە خواپەرستی دەبێ رێگربێ لەبەردەم موحەڕەمات و گوناه، بەو میتۆدەی کە خوا لە رێگای قورئانەوە بۆ مرۆڤی داناوە:

بۆ مەمك ((نالی)) چ مندالأنە وەی وەی کردووە
گەرچی مووی وەك شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە

خۆش بە هەردو دەست و دەم گرتویە ئۆخەی کردووە
کیزب و توهمەت، ئیفترا و بوهتان کە تۆبەی کردووە

بەیتی یەکەم:

(واتە: بڕوانە بۆ نالی چون وەك مندالْ بۆ مەمکی یار ئەگری و کەوتووتە هاوار هاوار.. هەرچەند پیریش بووەو موی وەك شیر سپی بووە، بەو شیرەی مەمکی یار هەلاڵەی کردووەو پێگەیشتووە.

بەیتی دووەم:

واتە: سەیری نالی بکە کە چەند چاك بە هەردوو دەست و بە دەم مەمکی یاری گرتووە و لە خۆشییاندا هەر (ئۆخەی.. ئۆخەی)یەتی..درۆو بوختانە ئەڵێن تۆبەی کردووە و دەستی لە مەمکی یار هەلگرتووە.. شتی وا راست نییە و دڵداری راستەقینەی وەك نالی هەرگیز تۆبەی پێ ناکرێ)(4).

مەبەستمان لە سەلماندنی ئەو جیهانە جیا جیانەی نێو گەردونی نالی ئەوەیە کە لە تەنیا لایەنێك یا جیهانێکی ئەو گەردوونە بکۆڵینەوە کە ئەویش دنیای (ئیرۆتیك)ی (نالی)یە.

تا ئێستا جگە لە فەسڵێکی (کتێبی نالی) رێبوار سیوەیلی، کە تەرخانکراوە بۆ (مەستوورە) من هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و جددیم نەبینیوە سەبارەت بەو جیهانە تایبەتییەی کە بۆ ئیرۆتیك و پۆڕنۆ تەرخانکراوە لە گەردوونی (نالی)دا.

م.مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتحی كوڕی لە (نالی و مەبەستی شـیعری) ئاماژەیـان بـە شـەش تێمـە كـردووە كـە نـالی لـە دیوانەكەیدا باسی كردووە، ئەو شەش تێمەیەش بریتین لە:(

1- دڵداریی.

2- وەصف.

3- نزا و پاڕانەوە لە خوا.

4- بیری وڵات كردنەوە.

5- لاواندنەوەو پیاهەڵدانی پاش مردن.

6- مەدح و پیا هەڵدان)(5).

ڕەنگە بە لێكدانەوەی مامۆستایان (ئیرۆتیك + پۆڕنۆ) بەشێك بێ لە خاڵی یەكەم كە دڵدارییە، بەڵام ئەگەر تێكهەڵكێشییێكی لە ڕادەبەدەریش لەنێوانی (دڵداری – خۆشەویستیی) لەگەڵ سێكسدا هەبێ ئەوا لە كۆتاییدا هەمان شت نین و پەردەیەك لەنێوانیاندا هەیە و دوو بابەت و تێمەی لێكجیان، بۆیە دەبووایە وەكو مەبەستێكی شیعری جیا لە دڵداری باسی لێوە بكرێ.

ئێمە هەوڵدەدەین لە بەشەكانی داهاتوودا ئەو جیاوازییانە دیاری بكەین كە لە نێوانی خۆشەویستیی و سێكسدا هەن، بە تایبەتیش لەو قەسیدەیەی كە بۆ مەستوورەی ئەردەلانی نووسیوویەتی.

# تەوەری دووەم

## کورتەیەکی بیۆگرافیا

خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، بیۆگرافیایەکی تاریک و لێڵی هەیە، بەو مانایەی کە نە ساڵڕۆژی لە دایکبوون و نە مێژووی ڕووداوەکانی ژیانیی و نە ساڵڕۆژی مردنیشی بە تەواوی یەکلایی نەکراوەتە.

(وا گوتراوە و نووسراوە کە نالی لە ساڵی 1797 ی زاینی لە گوندی ((خاك و خۆڵ))ی شارەزووردا پێی ناوەتە ئەم جیهانە. نیسبەتی لەگەڵ((خاك و خۆڵ)) جێی گومان لێ کردن نییە، چونکە لە چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا ئەم نیسبەتە مۆری بە ڕاست گێڕانی لە لایەن نالییەوە، لێ دراوە:

داخل نەبی بە عەنبەرسارایی ((خاك و خۆڵ))

هەرتا نەکەی بە خاکی سولەیمانییا عبوور) (6).

بێگومان ئەو کێشەی دەستنیشانکردنی ساڵڕۆژی لە دایکبوون و ژیان و مردنی نالی لای هەموو لێکۆڵەرانی پێشوو یەکلایی نەکراوەتەوە، هەر یەك ساڵانێکیان بۆ ژیان و مردنی داناوە، کە هیچ یەکێکیشیان بەڵگەو دوکومێنتی تەواوی لا نییە.

(موحەمەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: نالی لە ساڵانی (1800-1856)ی ز ژیاوە، د.مەعروف خەزنەداریش هەر هەمان

مێـژوو دیـاری دەکـا، هـەروەها د.کـەمال فوئـادیش. مامۆسـتا عەلائـەدین سـەجادیش دەڵـێ: لـە 1797ی زایینیـدا هاتۆتـە دنیـاوە و لـە 1855 دا مردووە..لـە راسـتیدا هـیچ کـام لەمانـە باسـی ئـەو سەرچـاوانەیان نـەکردووە کـە ئـەم سـاڵی بـوون و مردنـەیان لێ وەرگرتـووە کـە ئەمـەش شـتێکی بنـەڕەتی و زۆر گرنگە) (7).

ئـەو کێشـمە کێشـە لــە پێنــاوی رۆشــەن کردنــی لێلاّیــی و تەمتومانی لە دایکبوون و ژیان و مردنی نالی زۆر لە لێکۆڵەر و نالی ناسانی خەریك کردووە، کەچی هەر یەکە و بـە شـێوەیەك باسی لێوە دەکات.

(لەو ساڵە ناودەرکردوەی 1797 کە ساڵی بە وەلـەدبوونی نـالی بێــت. هـــەر وەك دەستەوەســـتانین بەرانبـــەر ئـــەم ســـاڵە، دەستەوەستانیش دەبووین بەرانبەر ساڵێکی تری وەك

1790 وەیـا 1805 وەیـا هـەر سـاڵێکی تـری خـزم بـە مـان. ئەوەی دەڵێ نالی لە ساڵی 1790 هاتۆتـە دونیـا، هـەر ئەوەنـدە بەڵگەی بەدەسـتەوە هەیـە کـە بەدەسـت یـەکێکی تـرەوە هەیـە بڵێ لە 1804 وەیا 1795 وەیا 1793 وەیا یەکێکی تری وەك ئـەمان بـە وەلـەدبووە. هـیچ یـەکێك لـەو سـالاّنە بـایی فلسـێك لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، هیچ یەکێکیشـیان نـە بەڵگـەی ئیسپاتی هەیە نە بەڵگەی بەدرۆ خستنەوە)(8).

وەك چـۆن نــەتوانراوە ســاڵێ لــەدایكبوونی نــالی یــەكلایی بكرێتــەوە هــەر ئــاواش نــەتوانراوە ســەردەمەكانی ژیــانی بــە شــێوەیەكی دۆكــومێنتی یــەكلایی بكرێتــەوە. ئــەوەی هەیــە، دەزانــرێ كــە نــالی لــە (ســنەو ســابلاّغ و زەردیــاوای قــەرەداغ و هەڵەبجەو سلێمانی ژیاوەو)(9) دواتر كوردستانی جێهێشتووە و چۆتە حەج و شام و ئیستەنبۆڵ، جارێكیتریش بۆ حەج، لەگەڵ ئەوەشـدا كـات و زەمـەن و ریزبەنـدی ژیـانی لـەو شـوێنانە بـە رۆشەنی دیار نییە.

ســەبارەت بــە مــردنیش بــە هــەمان شــێوە، هــەر یەكــە و بۆچوونێكی هەیە، بـەڵام بۆچـوونی مەسـعود محەمـەد نـەختێ جیاتر و دوورترە لەو توێژەرانەی پێشوو كە ناومان هێنان، بـە بۆچوومی مەسعود محەمەد دەبێ نالی زۆر لەوە زیاتر ژیابێ كە ساڵی مردنی نالیان بە 50-59 ساڵ خەملاّندووە.

هەرچـۆنێك بـێ وەك لەسـەرەتاش ئاماژەمـان پێكـرد زووتـر و درەنگتر لە دایكبوون یا مردنی نالی بە پێی ئەو مێژووانەی كـە دیاریكراون ئەوا هـیچ لـەو باسـەی ئێمـە ناگۆڕێـت و كاریشـمان پێی نابێت، بـا نـالی لـە سـاڵی 1790 لـە دایكبـووبێ و لـە سـاڵێ 1872 یا 1875 (كە ئـەوەیان لـە بۆچـوونی مەسـعود محەمـە نزیكە) مردبێ، نە خاڵێك لە باسەكەی ئێمە كـەم دەكـات و نـە ئیزافەیەكیشـی بـۆ دەكـات، چـونكە لـەو لێكۆڵینەوەیـەدا ئێمـە

تـەنیا سـەروکارمان لەگـەڵ تێکسـتدا دەبـێ نـەك سـەردەمی نووسین و هۆیەکانی نووسین و...تاد

لـەو باسـەماندا بـەلای ئێمـەوە ئـەوە گرنگـە کـە بـە وردی جیهانێکی نالی باس بکەین کە تا ئێستا فەرامۆشکراوە، ئـەوەی کە لەسەر جیهانیی ئاینی و دڵداریی و غوربـەت و بەلاغـە و تەسـەوف و ..تـاد نـالی کـراوە ئـەوە لەسـەر لایـەنی ئیرۆتیـك و پۆرنۆلۆگییـەوە نـەکراوە، بۆیـە لێـرەدا دەچـینە نێـو ئەسـڵی باسەکەمان کە ئەویش ئیرۆتیکە.

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم

## ئیرۆتیک-Erotik

ئیرۆتیک لە یۆنانیدا ئیرۆسە( eros خوای خۆشەویستییە لای یۆنانییەکان) و کوڕی ئەفرۆدیت(Aphrodite)ی خوای ئەوین و جوانییە. چەمکی ئیرۆس بە واتای وەسفی عاتیفە دێ لە رووی هەست کردن و حاڵەتی رۆحی پەیوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێکس.

گۆڕانەکانی مێژووی واتا بۆ ئەو چەمکە وای کردووە کە ئیرۆس یا ئیرۆتیک هەڵگری واتای خۆشەویستییێکی سێکسئامێزبێ، یا ئاوێتەیەك لە خۆشەویستیی و سێکس(10).

بەو شێوەیە ئیرۆتیك ئێستا هەڵگری چەمکی کار و کاردانەوەیە لەنێوانی (جەستە و رۆحی A+ جەستە و رۆحی B)..(کاری رۆحیی و جەستەیی نێر + کاردانەوەی رۆحیی و جەستەیی مێ، یا کاری رۆحیی و جەستەیی مێ + کاردانەوەی رۆحیی و جەستەیی نێر).

دەسپێکی مێژووی فەنتازیای ئیرۆتیکی دەستنیشان و بە دۆکومێنت ناکرێ، رەنگە هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە بوونی هەبووبێ، دەرئەنجامی گۆڕان و فراوان بوونی عەقڵی مرۆڤ و هاتنە کایەوە و لە دایکبوونی نووسین و ئەدەبیاتی نووسراو،

ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیش لە دایکبوو..بەڵگەشمان بۆ ئـەوە هـەموو ئەو وێنە و پەیکـەر و تێکسـتانەن کـە تێیـدا پـڕن لـە دەلالاتـی خۆشەویسـتیی و ئیرۆتیکـی و سێکسـی یـاخود خۆیـان بـە شێوەیەکی رۆشەن گوزارشت لە ئیرۆتیك و سێکس دەکەن.

(ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی (Erotische Literatur) ئەو چەمکە گشتییەیە، هەموو ئەو تێکستانە دەگرێتەوە کـە باکگراونـدێکی ئیرۆتیکیان هەیە) (11).

بێگومان لێکجیاکردنەوەی چەمکی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی لەگـەڵ سـێکس و خۆشەویسـتیی و پۆڕنۆگرافیـای سرووشـتی کـارێکی ئاسان نییە، چونکە لـە شـوێنێکدا هـەموویان ئاوێتـەی یـەکتری دەبن و دەبن بە هەمان شت.

بـەڵام زۆر جـاریش وا رێـك دەکـەوێ کـە مومارەسـەی سـێکس تەنیا چوارچێوەیەکی سێکسی دوور لە هەستی خۆشەویستی و حاڵەتی رۆحـی وەردەگـرێ و بردنـی چـێژی موجـەڕەد دەبێتـە ئامـــانجی ئـــەو پرۆســـەیە، بـــە پێچەوانەشـــەوە هەنـــدێجار خۆشەویستیی لە نێـوان کەسـانێك تـا ئاسـتی گەیشـتن بـە رۆح قووڵ دەبێتەوەو لـەوێوە سـێکس گرنگییـەکی ئـەوتۆی نـامێنێ وەك ئەوەی کە لە ژیان و ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا هەیە.

مێـژووی ئـەدەبیاتی ئیرۆتیکـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەدەبیاتی نووسـراو و ئـەدەبیاتی فۆلکلـۆری میللـەتانی دنیـا، ئـەدەبیاتی کوردییش کەم و زۆر ئەو نمونانەی تێدایە..

**لە ئەدەبیاتی نووسراودا ئەوەی کە تا ئێستا زۆر گرنگە و لە کۆنەوە بۆمان مابێتەوە، چەندین تێکستی شیعری سەردەم و چاخە زووەکانی مێژوون، تێکستە شیعری و پەخشانەکانی شارستانییەتی فیرعەونی و بابلی و فینیقی و ئارامی و سۆمەری ..تاد بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە.**

**هەموو ئەو تێکستانەی کە دۆزاونەتەوە پیاو نەینووسیون و بە تەنیاش پیاو بەرهەمی نەهێناون، بەڵکو بەشێک لەو نووسەرانە ئافرەتن، بە نمونە: (بیتوحا)ی میسری، (ساڤۆ)ی گریکی .. سەیرەکەش لێرەدایە کە ئەو شاعیرە ئافرەتانە هەندێجار هێندە بە بوێری لە ئیرۆتیک دواون کە بەشێکی زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخ ئەو جورئەتەیان نییە.**

**لە ساڵی 1938 زانای ئەڵمانی (شپیگل بورگ) لە مۆزەخانەی قاهیرە لەسەر لەوحێك قەسیدەیەکی ژنە شاعیری میسری(بیتوحا)دۆزیەوە، کە (5000) پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بە هێرۆگلۆفی نووسرابوو.**

**پاش کردنەوە و کەشفکردنی کۆدەکان، ئەو قەسیدەیەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی بە ناوونیشانی(خەونەکانی عاشیقەیەك) و لە ساڵی 1938 ئەدیبی میسری (ئیبراهیم میسری) ئەو تێکستەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، ئێمەش لێرەدا بەشێکی وەردەگێڕین:**

**دەمەوێ لەگەڵت شۆڕبمەوە نێو ئاو و**

لەگەڵت لەناو ئاو بێمە دەرێ و
ماسییێکی سوورم هەڵگرتبێ
لەناو پەنجەکانم یەکجار جوانە و دەڵێ:
وەرە لێم بڕوانە (12)

دوای ئەدەبیاتی فیرعەونی دەبێ لەسەر ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی لای سۆمەرییەکان هەڵوەستەیەك بکەین، شارستانییەتی سۆمەر(میسۆپۆتامیا- ستانی نێوان دوو رووبار) لەنێوان 3000 تا 1000 بەر لە زایین خاوەنی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە بووە، یاخود ئەو جۆرە ئەدەبیاتە، (ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی) لەو زەمانەدا بوونی هەبووە.
داهێنانەکانی ئەو شارستانییەتە بە هۆی رێنووسی بزماری (المسماری)بە دۆکومێنت کراوە، ئەو شارستانییەتە لە رێگای داهێنانی ئەدەبی و رەقس و بیناسازی و کشتوکاڵ و راکێشانی ئاو، گوزارشتی لە خۆی کردووە، شیعریش هەمیشە یەکێك بووە لە گرنگترین ژانرەکانی ئەدەبیات کە شوێن و پانتاییێکی بەرچاوی داگیرکردووە لەو شارستانیەتە.
لە جۆرەکانی شیعریش، شیعری ئیرۆتیکی گرنگترین تێمەی شیعری بووە، بە تایبەتیش ئەو شیعرانەی کە لە رۆحی ئافرەتەوە هاتوون.

بەو شێوەیە ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی نووسراو خاوەنی مێژوویێکی دوور و درێژە، وردە وردە گەشەی سەندووە، بە پێی قۆناغ و سەردەمە لێکجیاکان شێوەو فۆرمی جیا جیای بە خۆیەوە بینیوە، (ئەنانا) یەکێکە لەو شیعرە ئیرۆتیکیانەی کە ژنە شاعری سۆمەری(بلباله)نووسیویەتی و یەکێکە لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە(13).
لە قۆناغەکانی دوای فیرعەونییەکان و سۆمەرییەکان یەکێ لە گرنگترین کتێبە ئیرۆتیکییەکانی ئەدەبیاتی نووسراو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کتێبی بەناوبانگی (Kama sutra) یە، کاما سوترا تێکستێکی هندییە، باس لە سلوکی سێکسی دەکات لای مرۆڤ.
ئەو کتێبە لە سەدەی 2-3 زاینی لە لایەن فەیلەسوفی هیندی (فاتسیایانا-vatasyayana) نووسراوە و کورتکراوەی کۆمەڵە نووسراوێکی پێشووترە، کە بە (Kama shastra) ناسراوە.
وشەی کاما بە مانای ئارەزوو دێ، بەڵام زاراوەی سوترا واتای تەکنیك یا (قیاس-پێوەر) دەگەیەنێ.
کاماشاسترا کە نووسەرەکەی نانەدی بوو، هەڵگری کۆمەڵە زانیارییێك بوو سەبارەت بە ئەفسانەی - گای پیرۆز - کە دەرگاوانی (شیفا)ی خوداوەند بووە، ئەو گایە بەوە پیرۆز ببوو کە گوێی لە دەنگ و هانکە هانکی خوداوەند شیفا و ژنەکەی دەبوو لە کاتی ئەنجامدانی سێکس.

کاماسوترا بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1884 لە لایەن (ریچارد فرەنسیس بورتۆن) لە سانسکریتیەوە کرایە ئینگلیزی و لەوێشەوە بۆ زۆربەی زۆری زمانە ئەوروپییەکان تەرجەمەکرا. ئەو کتێبە، کتێبی بەر دەست و سەرمێزە بۆ تێگەیشتن لە پراکتیك کردنی سێکس یا بە واتایێکتر رێنما و رێبەری سێکسی پراکتیکیە(14).

قۆناغ دوای قۆناغ و چاخ دوای چاخ ئەو ئەدەبیاتە گەشەی سەندووەو پەرەی پێدراوەو لای نەتەوەو زمانە جیا جیاکاندا بلاّوبۆتەوە..

بێگومان ئەدەبیاتی کوردیش بە تایبەتی شیعر لەو رووەدا کەم تا زۆر کاری کردووە، یەکێك لەو شاعیرە داهێنەرانە کە کاری لەو بوارەدا کردووە(نالی) شاعیرە.. ئێمە هەوڵدەدەین بەر لە باسکردنی ماچ لای نالی هەڵوەستەیەك لەسەر ماچ و چەند پێناسەیەکی نووسەران بۆ ماچ و جۆرەکانی ماچ بکەین ..

1- ماچ.

2- ماچ لای نووسەران و بیرمەندان.

3- جۆرەکانی ماچ.

## تەوەری دووەم:

### 1- ماچ:

ماچ: وێستگەیەکی ناوەڕاستە لە نێوانی ڕۆمانسیەت و کۆنتاکتی جەستەیی، بەڵام ماچکردن: پرۆسەی بەرکەوتنی لێوەکانە بە شت یا تەنێکیتر.

ماچ لە هەموو کولتووره لێکجیاکاندا سیمبۆلە بۆ خۆشەویستیی و ئیرۆتیك و سێکس، ئەو گوزارشتکردنە لە خۆشەویستیی و ئیرۆتیك و سێکس بە ماچ، تەنیا لای مرۆڤەکان سنووربەند ناکرێ، بەڵکو لای زۆر لە ئاژەڵانیش هەڵگری هەمان چەمکە.

فیل بە هۆی لووت خستنە نێو دەوی فیلی بەرانبەر ماچ دەکات، باڵندەکان بە هۆی دەنووکەوە ماچ دەگۆڕنەوە، ڕێوی بە هۆی لێستنەوەی دەموچاوی یەکترییەوە گوزارشت لە خۆشەویستیی دەکەن، ئێمەی مرۆڤیش لە ڕێگای لێوەکانەوە ئەو هەست و سۆز و حەزە دەردەبڕین.

زاناکان لە مێژە لە هەوڵی ئاشکراکردنی ئەوە دان کە بزانن بۆچی ئێمەی مرۆڤ هێندەمان حەز لە ماچە، لە 90٪ مرۆڤەکان حەز بە تەقس و ئەتمۆسفێری ماچ دەکەن و لەناویشیدا دەژین.

شیکارکاری دروونناسی (زیگموند فرۆید 1856-1939) دەڵێ: هەوەسی ماچکردن، کردارێکی بۆ ماوەییە، لەو کاتەی کە منداڵ مەمکی دایکی دەمژێ بوونی هەیە(15).
ماچ لە کولتورە جیا جیاکاندا بە شێوەی جیا جیا هەڵسوکەتی لەگەڵ دەکرێ و لەنێو ترادتسیۆنەکان رەنگدەداتەوە، بە نمونە لای رۆژئاواییەکان ماچ لە نێوانی دوو کەسدا بە زۆری بۆ دەربڕینی خۆشەویستیی و خۆ ئامادەکردن بۆ سێکس دەگۆڕدرێتەوە، لای فرەنسییەکان بە تایبەتی بە هۆی کاریگەری کتێبی کاما سوترا ماچ درێژە دەکێشێ و لەسەردەمی ئێستا لە ئەوروپا بە ئاشکرا لەسەر شەقام و نێو قەرەباڵغیدا ئەنجام دەدرێ.
بە پێچەوانەوە لە خۆرهەلاَت ئەو جۆرە ماچانە تا ئێستا لە بۆتە و چوارچێوەیەکی شاراوە
دەگۆڕدرێنەوە.. کەچی لای هەندێ لە عەشیرەتەکانی ئەفریقیا، تا ئێستایش دایك خواردن لەنێو دەمی دەجویتن و دواتر لە رێگای لێوەکانییەوە دەیخاتە دەمی منداڵەکەیەوە، ئەو حاڵەتەش رەنگە بمانگەیەنێتەوە سەر بۆچوونەکەی فرۆید کە ماچکردن و حەزی ماچکردن بۆ غەریزەیەکی زگماکی و بۆماوەیی دەگەڕێنێتەوە.
وەك لە پێشتردا باسمان کرد ماچکردن پرۆسەی بەرکەوتنی لێوەکانە بە رۆحلەبەر یا تەنێکیتری بێ رۆح، بۆیە دەبینین کە

**له (ئاین)دا هەندێ شتی بێ رۆح ماچ دەکرێ، هەروەها مرۆڤ ئاژەڵ ماچ دەکا، یا زۆرجاریتر لە وەرزش دەبینین یاریزان خاك یا هۆی یاری پێکردنەکەی ماچ دەکات.**

2- ماچ لای نووسەران و بیرمەندان:

زۆر لـە نووسـەر و بیرمەنـد و فەیلەسـوف و پزیشـك و نـەققاش و ..تـاد سـەبارەت بـە مـاچ و پێناسـەکردنی مـاچ و شیکردنەوەی ماچ، بۆچوون و هەستیی خۆیان دەربڕیوە بە وشە و تابلۆ و پەیکەر و لێکۆڵینەوەی زانستیی و گوزارشتیان لێیکردووە.. لێرەدا چەند بۆچوونێك دەخەینە روو:

(1- ئەبیگایل ڤان بورن: ماچ بەهێزترە لە ئیرادە.

2- ڤولف گەنگ فۆن گۆیتە: وەڵامێکی راست وەکو ماچێکی شیرین وایە.

3- دافنێ دو ماورێر: عاشقەکان لە کاتی ماچکردندا چاوەکانیان دادەخەن، چونکە دەیانەوێ بە دڵ یەکتر ببینن.

4- جان پاول: دە ماچ ساناتر لە بیر دەکرێن لە ماچێك.

5- جیم شاهین: ئەگەر ئێمە یەکتر ماچ بکەین، دنیای دەوروبەرمان غەرق دەبێ) (16).

(6- ئۆڤید: ئەوەی نەتوانێ لە پێناوی خۆشەویستیی بمرێ، شایەنی ماچ نییە.

7- فۆلکس موند: ماچی مرۆڤەکان وەکو دەستخەتەکانیان لێکجیان) (17).

(8- شیللی: رۆحێك لە رێگای لێوەکاندا بە رۆحێکیتر دەگات.

9- Remy de Gourmont, franz: ژنــەکان هەمیشــە یەکەمین ماچیان لە یادە کەچی پیاوەکان دواین ماچیشیان لـە یاد کردووە.

10- Robert Browning,: من لە خۆم دەپرسـم چ شـتێك دەمێنێ لە رۆح لەو کاتەی کە ماچ کۆتایی پێدێ؟)(18).

(11- ئۆلیڤـەر ڤانـدل هـۆلمس: دەنگـی مـاچ هێنـدە بـەرز نییـە وەکـو دەنگـی تەقینـەوە، بـەڵام سـەداکەی بـە درێـژایی تەمـەن دەمێنێتەوە.

12- جێـری لـویس: دەتـوانی بـە نوکتـە ژنــەکان زیـاتر ئیغـرا بکەیت، چونکە ژن بەر لە ماچکردن حەزیان لە پێکەنینە، یان پێکەنین بەرەو ماچکردنیان دەبات.

13- مارك توین: ماچ شـتێکە پێویسـتیی بـە هـەردوو دەسـتیی مرۆڤ هەیە) (19).

3- جۆرەکانی ماچ:

لـە هـەموو کولتـورە جیـا جیاکـان و هـەتا لـەنێو ئـاژەڵ و گیاندارانیش ماچ گوزارشتکردنە، بەڵام ئـەو گوزارشـتکردنە لـە ترادتسیۆنێك بـۆ ترادتسـیۆنێکیتر هـەڵگری چـەمك و رەمـز و دەلالەتی جیا جیان.

بۆ نمونە: لای عەرەبەکانی کەنداو لووت ماچ کردن رمزی سلاو کردنە، کەچی لای ئەڵمان و فرەنسییەکان گۆنا ماچکردن بە مانای سلاو کردن دێت.

تا ئێستا دەستیشانی دوو سەد جۆری ماچکردن کراوە، بەلام بەرچاوترینیان و باوترینیان ئەو ماچانانەی خوارەوەن:

1- ماچکردنی سەر: ئەو جۆرە ماچە بە زۆری لە لایەن کەسێکی بە تەمەنەوە لە یەکێکی لە خۆی کەم تەمەنتر یا لە لایەن پیرەوە لە منداڵ دەکرێ، کە سیمبۆلێکە بۆ بەخشندەیی و بە زەیی پیا هاتنەوە و خۆشەویستییێکی ناسێکسی.

2- ماچکردنی دەست: سیمبۆلە بۆ رێزگرتن، لە ترادتسیۆنی کلاسیکیی خۆرئاواییدا ئەو جۆرە ماچە پیاو لە ئافرەتی دەکات، بە واتای ئەوپەڕی رێزگرتن دێ، کەچی لە رۆژهەلاتدا ئەو جۆرە ماچە، لە دەستیی کەسیی پیرۆز و کەسی بە تەمەن دەکرێت، بەلام تەنیا لە (مێ) وە بۆ (مێ) و لە (نێر)یشەوە بۆ (نێر)، هەندێجاریش وا رێکدەکەوێ لە چوارچێوەی خێزاندا (مێ) دەستی (نێر) ماچ بکات.

3- ماچکردنی پێ: بۆ سەردانەواندن و خۆکەمکردنەوەو هەست کردن بە گوناه و بە گەورەزانینی ئەویدی (بەرانبەر) دێتن.. یەکێ لە جوانترین نمونەی ئەو

ماچە لەنێو ئەدەبیاتدا ماچەکەی (راسکۆلنیکۆف)ی کارەکتەری سەرەکی رۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیفسکییە، کە لە پێیەکانی سۆنیای سۆزانی دەکات.. هەندێ جاریش وا رێکدەکەوێ کە بۆ شکاندن و بە هیچ زانینی کەسێك ئەو جۆرە ماچەی بە زۆر پێ ئەنجام دەدەن.

4- ماچکردنی نێوچەوان: سیمبۆلی بەخشندەییە.

5- ماچکردنی گۆنا یا روومەت: ئەو جۆرە ماچە رەمزە بۆ سۆز و خۆشەویستیی و سلاّو کردن، بێگومان لە کولتوورێك بۆ کولتورێکیدی دەگۆڕدرێ.

6- ماچکردنی چاو: دەربڕینی هەستێکە کە پڕیەتی لە عیشق و مەحەببەت و عاتیفە دوور لە هەستی سێکسی.

7- ماچکردنی لووت: رێز و سلاّو لە یەکتر کردن.

8- ماچکردنی ئەندامەکانیتری لەش: وەك لێو، زمان، لامل، گەردن، مەمك، ران، بن هەنگڵ، ناوك، سك..تاد، رەمزی ئیرۆتیك و سێکسن چ لە (مێ)وە لە (نێر) بکرێ، یاخود بە پێچەوانەوە.

9- بە شێوەیەکی گشتیی هەندێ جۆریتری ماچکردن هەن کە گوزارشت لە سێکس ناکەن، بەڵکو هەندێ جار پەیوەندییان بە خۆشەویستیش نییە، وەك ئەو

ماچــەی کــە یــەهودا لــە مەســیحی کــرد یــان وەك ماچکردنی ماڵئاوایی لە مردوو کە بە هـیچ شـێوەیەك پەیوەندی بە ئیرۆتیکەوە نییـە، رەنگـە بـۆ مەسـەلەی ماچکردنی دایك و باوك لە منداڵ یا بـە پێچـەوانەوە، گەڕانەوە بۆ فرۆید باشترین ڕێگابێ(20).

هــەموو ئــەو شــتانەی کــە ســەبارەت بــە ئیرۆتیــك و مــاچ ونووسـیمان، دەرگایـەك بـوو بـۆ ئـەوەی بچینە نێـو جیهـانێکی گــەردوونی بێســنووری نــالی کــە ئــەویش دنیــای ئیرۆتیــك و سێکسە..

# تەوەری سێیەم

**ماچ لای نالی:**

هەوڵدەدەین لێرەدا هەموو ئەو بەیتانە لە دیوانی (نالی)دا دەربێنین کە باس لە ماچ دەکەن، بێگومان دوای خوێندنەوەی چەندین جاری سەرلەبەری دیوانی (نالی) مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، من توانیم ئەو بەیتانە دەربێنم کە رەنگە ئەوانەش هەموو ئەو بەیتانە نەبن کە لە ماچ دەدوێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چەند بەیتەی بەردەستمان کە بە بڕوای من زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەیتانەن کە لە دیوانی (نالی)دا باس لە ماچ دەکەن، ئەو بەیتانەی بەردەستمان کەشێکمان بۆ فەراهەم دەکات تا سەرنجی خۆمان سەبارەت بەو دنیایە دەربڕین.

ماچ لای نالی بۆ پێنج بەش دابەش دەبێ، یاخود هەموو ئەو ماچانەی کە باس کراون لە پێنج گروپدا خۆیان دەبیننەوە:

A- ماچی کوڵم.

B- گروپی ئەو ماچانەی کە دیارینەکراون، یا سێرە و شوێنی بۆ ئاراستەکراوی تێدا ونە.

C- گروپی ئەو ماچانەی کە لە لێو دەکرێن، یا لە لێو داوا دەکرێن.

D- گروپی ئەو ماچانەی کە لە دەم دەکرێن، یا لە دەم داوا دەکرێن.

E- ماچی تەسەوف.

## A- ماچی کولم:

لە سەرلەبەری دیوانی (نالی)دا، باسکردن و داواکردنی ئەو جۆرە ماچە یەکجار کەم و ناوێزەیە، ئەوەش بە لای ئێمەوە جێگای هەلوەستەکردنە، چونکە وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەو جۆرە ماچە، ماچی زۆر ئیرۆتیکی نییە، ئەو جۆرە ماچە جۆرە ماچێکە پەیوەستە بە رێز و سلاو و خۆشەویستییێکی ئیحترام ئامێز، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەسەلێ کە نالی وەك تاکێك ئەو کاتەیش واتە لەسەردەمی ژیانی خۆیدا، بە زەینێکی زۆر فراوانتر لە کۆمەلی سەردەمی خۆی تەماشای ماچی کردووە، رەنگە ئەوەش پەیوەست بێ بە ئازمایش و ئەزموونی تاکە کەسیی، من لێرەدا لەگەل ئەوە نیم ئەو شیعرانەی نالی کە باس لە هەر پێنج گروپی ماچ دەکەن، هەمووی هەر لە سەرچاوەی فەنتازیا و خەیالی قوولەوە هەلقوولابن، چونکە ئەو گوزارشتکردنە کەمە لە ماچی کولم بەلگەیە بۆ چێژ وەرنەگرتنی نالی لەم جۆرە ماچە، یا بەهەند هەلنەگرتنی ئەو جۆرە ماچەیە، یاخود بە لایەنی کەمەوە نالی سێکسیی بە بەشێك لە خۆشەویستیی و عیشق زانیوە، یاخود هەر مەرامی سێکس بووە لەو بەیتانەی کە باس لە ما و لێو و دەم دەکات.

کەمترین بەیتی شیعری کە (من تەنیا یەك بەیتم دۆزیەوە) باس لە ماچی کولّم دەکات، هەرچەندە لێرە و لەوێ بە شێوەیەك لە شێوەکان باس لە کولّم و روومەت دەکا و بە مانگ و خۆر و ...تاد دەشوبهێنێ، بەلاّم سەبارەت بە ماچکردن من تەنیا ئەو بەیتەم دۆزیەوە کە بە نسبەت دیوانێکی وا فراوان، دەتوانین بلّێین ماچی کولّم لای نالی ئەسلّەن هیچ گرنگیەکی نەبووە، بە پێچەوانەوە بە پلەیەکی زیاتر باس لە ماچی سێرە دیاری نەکراو کراوە، بە پلەیەکی بەرزتر و بەیتی زیاتر لە ماچی لێو دەدوێ و ئینجا بە پلەیەکی زۆر بەرزتر و زیاتر لە ماچی دەم یا ماچی نێو دەم دەدوێ، کە ئەمەش هەمووی بەلگەیە بۆ بوونی هەستێکی بەهێزی سێکسی لای نالی و دەربڕینیشی بە جورئەت و بە شێوەیەکی ئێستەتیکی بالاّ، ئەوە ئەو بەیتەیە کە لە دیوانی نالی دا داوای ماچی کولّم دەکات:

بنوێنە برۆ، یەعنی هیلالی سەری ماهت
چون وەعدەیی ماچی سەری کولّمت سەری مانگە
ل465

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە هەندێ شوێنیتر لە کولّم (روومەت) دەدوێ، بەلاّم بە مەبەستی ماچکردن نییە، بەلّکو

تـەنیا بـۆ دەرخسـتنی جوانییـە.. وەك لـەو بەیتانـە بـە دەر دەكەوێ:

پەچەیی پەرچەمی یو، پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگە شەوە كوڵمی تیا
ل124

عاشقی صونعی حەقم، قوربانی رەنگی قودرەتم:
چاوی ماوی، خاڵی شین، كوڵمی سپی، زوڵفی سیا
ل129

چەندین بەیتی لەو شێوانە یا وەسفی كوڵم دەكات، یـاخود بـە شتێكیتری دەشوبهێنێ، كە ئەمانەش تێكڕا بـە هـیچ شـێوەیەك بۆن و تامی ئیرۆتیكیەتی لێنایە، بە قەد ئەوەی هەوڵدانێكە بۆ نیشاندانی جوانییەكانی رووخساری خۆشەویست.

B- ئەو ماچانەی کە شوێن تێیدا دیارینەکراون:

مەبەست لە ماچی سێرە نادیار ئەو ماچانەن کە شوێنی بۆ ئاراستەکراویان تێدا ونە، بەو واتایەی کە هیچ ئەندامێکی جەستە دیاری نەکراوە بۆ ماچ کردن، ئەو جۆرە ماچە بە رێژەیەکی کەمتر لە ماچی لێو و لە ماچی دەم لە دیوانی نالی دا باسی لێوە کراوە.
لە هەموو ئەو بەیتانەدا مەرام تەنیا خودی ماچە نەك شوێنی ماچ لێکردن، رەنگە هۆی دیاری نەکردنی شوێنی بۆ ئاراستەکراویش پەیوەست بێ بە پێکهاتەی بونیاد و ستراکتۆری شیعر و نەبوونی دەرفەتی لەبار لە رووی فەزای گوزارشتکردنەوە بۆ ئەو دەستنیشان کردنە، لێرەدا هەوڵدەدەین بە نمونە ئەو بۆچوونەمان بسەلمێنین:

قیمەتی ماچی دوو صەد کیسەیی ساغە و، نیمە
غەیری یەك کیسەیی صەد پارە لە گیرفاندا
ل91

(واتە: پێداویستی دەستکەوتنی ماچی یار لە کوێ و دەسەڵاتی من لە کوێ؟ ماچێکی یار بە سەد کیسەی ساغ پارە دەست

ئەکەوێ و منیش لە کیسەیەکی شڕی لە سەد پارچە پەڕۆ دروست کراو بەو لاوەم نییە کە خستومەتە گیرفانم)(21).

بەو شێوەیە لەو بەیتەدا تەنیا داوای ماچ لە یار دەکا بەبێ دیاری کردنی ئەندامێك کە ماچی بۆ ئاراستە بکرێ، یا ماچی لێبکرێ، بەڵام دەستیی ناکەوێ چونکە پارەی نییە، ئەگەر لە باس و ناوەڕۆکی بابەتەکەمان دەرنەچین لێرەدا تووشی هەڵوەستە و پرسیارێك دەبین: بۆچی نالی ئەو بەیتەی بەو شێوەیە داڕشتووە کە تێیدا ماچی یار بە پارەیە؟ ئایا لەو سەردەمە شتی وا هەبووە لە کوردستان؟ ئەی ئەگەر لە کوردستان نەبووبێ لە کوێ ماچ بە پارە بووە؟ بێگومان نالی لە ئیستەنبۆڵ و شام ژیاوە کە خاوەنی کولتورێکی دوورودرێژن لەو رووەدا.

ئەوەی لەو بەیتەدا بەدەر دەکەوێ ئەوەیە کە ماچی بە پارە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە، بەو واتایەی نالی زانیارییێکی باشی سەبارەت بەو سەودا و مامەڵەیە هەبووە کە لەنێوانی مشتەری و ماچفرۆش(جەستەفرۆش) لە ئارادابووە.. گومانی تێدا نییە کە یەکێك ماچێك بە پارە بدا ئەوا بەشەکانیتری جەستەشی بە پارەیەکی زیاتر دەدا.

پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا نالی چ زانیاری هەبووە سەبارەت بە (سۆزانیخانە)؟ ئایا تەنیا لەبەر پارە بووە کە نەیتوانیوە بچێ؟ ئەی ئەگەر ئەو حاڵەتەی نەدیبێ بۆچی بە خۆی ئەو

توهمەیـە بۆخـۆی درووسـت دەكـا؟ ئەوەتـە بـە خـۆی دەڵـێ: (قیمـەتی ماچـی دوو صـەد كیسـەیی ساغە و ، نیمـە)، ڕەنگـە ئەگەر بە دوای كەشفی دەلالاتی تر و ئەودیو مانای دیاری ئـەو ڕستەیەش بگەڕێین كـە نییـەتی هـەر هـەمان مـەعنا بەدەسـت دێنین، ڕاستە خوێندنەوەی فیزیكی و ماتماتیكی شیعر هـەموو جارێك ڕاست نـابێ، بـەڵام ئـەوەی لـەو بەیتـەدا ڕۆشـن و دیـارە هەر ئەوەیە كە داوای ماچ لە یـەكێك دەكات كەچـی ئـەو داوای پارە دەكات و كەسی داواكاریش ئەو پارەیەی نییە، دواتـر بـاوەڕ ناكەم دەقنووس هێندە نائاگابێ كـە كەسـێك مـاچ بـە پـارە بـدا مانـای وابـێ مـاچ دەداتـە ماچـكار، بـەڵكو ڕۆشـنە كـە مـاچ لـە پێناوی پارە دەدات، بەو شێوەیە ئەو ماچ دەداتە پارە نەك نالی، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێ كە كەسێكی جەستەفرۆشە.

ئەو چەند نموونەی خوارەوەش دەكەونـە بۆتـەی ماچـی شـوێن دیاری نەكراو، بە نمونە كە دەڵێ: (لە باتیی خوێنی خۆم ڕازیم بە ماچێ) لێـرەدا هـیچ ئاماژەیـە بـۆ هـیچ یـەك لـە ئەنـدامانی جەستە نەكراوە، یا (لە بۆ خەڵقی خەلاَت بەخشینی ماچە) یـا كە دەڵێ:(تەمەعی بۆس)..ئەو بەیتانەی خوارەوە نمونـەی ئـەو جۆرە ماچەن:

لە باتیی خوێنی خۆم ڕازیم بە ماچێ

دەسـا بیـدە هـەتا زینـدوم و مـاوم ل

294

**له بۆ خەڵقی خەلاّت بەخشینی ماچە**

**خەلاّتی من هەموو خۆ جوێنە قوربان**

ل 316

**خەتات فەرمو کە خۆشە چین و ماچین**

**کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین**

ل345

**هەر یارێ کە مالاّن گەڕ و بێگانەیە (نالی)**

**کەندومە ددانی تەمەعی بۆس و کەناری**

ل649

C- لێو:

لێو: ئەندامێکی کۆئەنـدامی (دەم)ە، بـە جیـاوازیی چـینەکانی پێست لە ئەندامانی تری رووخسار(دەموچاو) جیا دەکرێتەوە. چیینەکانی پێستی لێو سێ تا پێنج چینن، کەچی چیینەکانی پێسـتی ئەنـدامانیتری رووخسـار دەگاتـە شـازدە چـین، هـەر ئەوەش هۆیەکە بۆ ئەوەی رەنگی لێو لە رەنگی ئەندامـەکانیتر جیاتر بێ، ئەو سوورییەی کە لە لێو دا هەیە، هی ئەوەیـە کـە خوێن ساناتر لە ژێر پێستدا خۆی دەردەخا و دەبینرێ.

لێـو وەك ئەنـدامێك رۆڵـی سـەرەکی هەیـە لـە درووسـتکردنی ئاخاوتن، هەروەها زۆرجار وەك سیمبۆلێك خۆی دەردەخـا بـۆ دەربڕینـــی هەســـتەکانی دەروون و نـــاوەوەی مـــرۆڤ، بۆیـــە لـــە شـــانۆگەرییەکان لـــە رێگـــای ئـــەو ئاماژانـــەوە تێدەگـــەین کـــە شانۆگەرییێکی تراژیدی یا کۆمێدییە.

یــەکێکیتر لــە کــارە هــەرە گرنگــەکانی لێــو (ماچ)کردنــە، لــە ئەدەبیاتـــدا زیـــاتر لـــەو رووەوە لـــە لێـــو دواون، کەچـــی بـــە پێچـەوانەوە کـەمجار دەبیـنین شـیعرێك بـاس لـە لێـو بکـا وەك ئەندامێك کـە ئاخـاوتن درووسـت دەکـا، هـەروەها لـە رووی بـە سـیمبۆل کردنـی لێـو بـۆ دەربڕینـی حاڵـەتی خۆشـیی رۆح و کەیفسازی ئەوا نمونەی زۆرمان بەرچاو دەکەوێ، بە تایبەتیش

که باس له خەندە و بزە دەکرێ، ئەو حاڵەتە لە شیعرەکانی ناڵیشدا زۆر بەرچاو دەکەوێ:

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بو
کەوا شەککەر دەباری، گوڵ دەپشکوت
ل150

بە هەموو پێوەرێك کات و ئەتمۆسفێری پرۆسەی نووسینی ئەو بەیتە کات و ئەتمۆسقێرێکی لەباربووە لە رووی دەروونییەوە، کە لەو بەیتە دەڕوانین و لێی ورد دەبینەوە، ئەوا هەموو دەلالەتەکان ئەوە دەگەیەنن کە لەو چرکەساتەدا رۆحی دەقنووس پڕ بووە لە ئارامیی رۆحی و شادحاڵی، هیچ هەڵچوونێك بە هەڵبەز و دابەزی وشەکان و بە ریتم و مۆزیکی بەیتی تەواو و بە فەزای مەعنا و رێکپۆشی لە ریزبەندی وشەکاندا نابینین، یان بەلایەنی کەمەوە هەستی پێناکەین.

لەبەر بزەو خەندەی لێوی سووری وەك لەعلی تۆ بوو کە شەکر دەباری، یا شیرینیی دەباری و گوڵ دەگەشانەوەو دەپشکوت، لێرەدا لێو کراوەتە سیمبۆلێك بۆ نیشاندانی لایەنی کەیفسازیی و شادمانی ناخ و دەروون و رۆح.

بەمجۆرە گەر بە وردی لەو بەیتانە بکۆڵینەوە دەگەینە ئەنجامی چۆنییەتی حاڵەتی دەروونی نالی لە سەردەمی

پرۆسەی نووسینی ئەو بەیتانەی کە تەنیا سیمبۆلێکن بۆ نیشاندانی ناخ:

لەعلی شەککەرباری تۆ تێراوە، شەککەر باریە
لێوی میحنەت باری من بێ ئاوە، باری گرتووە
ل 541

لێوی یار شیرین و تێر ئاو و تەڕە و لێوی دەقنووسیش بە پێچەوانەوە وشك هەڵاتووەو خەمبار و ناکامە، لێوی یار ئاماژەیە بۆ نیشاندانی جەستە و رۆحی یار کە بەختەوەر و خۆشحاڵە و هی دەقنووسیش بە پێچەوانەوە، مەبەستمان لە نیشاندانی ئەو بەیتانە ئەوەیە کە لێو لای نالی لەو بەیتانە زیاتر پەیوەندی بە سیمبۆل و ئاماژە هەیە بۆ گوزارشت کردن لە ناخی خۆی و کەسیی بەرانبەر.
لە لایەکیترەوە بە شێوەیەکی گشتیی لە ئەدەبیاتدا، لێو بە زۆری وەك ئامێرێکی پڕ لە رۆح بۆ ماچکردن و هەنگاو هەڵێنانێك بەرەو ئیرۆتیك و سێکس کاری لەگەڵ کراوە.
زۆربەی زۆری بەیتەکانی نالی کە باس لە لێو دەکەن، هەنگاونانێکە بەرەو ئیرۆتیك و سێکس، یاخود گوزارشتکردنێکە لە ئیرۆتیك و سێکس..لێرەدا هەوڵمانداوە ئەو بەیتانە دەربێنین کە لە لێو دەدوێن:

**(نالی) لەبی (حەبیبە) هەم تیب و هەم تەبیبە**
**خولاسەیی لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە**
ل398

**(واتە: نالی لێوی حەبیبە هەم بۆنی خۆشە و شایانی بۆن پێوەکردنە وەك گوڵ و، هەم دەرمانیشە شایەنی ئەوەیە بمژرێ و بخورێ وەکو دەرمان..تاد)(22).**

**ئەگەر ئەو شیعرە بە تەواویش بنووسینەوە و هەر لە بەیتی یەکەمەوە تا بەیتی کۆتایی ئەوا ئاشکرایە کە بۆ مێ نووسراوە، ئەوەی کە باسی لێدەکرێ و موخاتەبەی دەکرێ (حەبیبە)یە، بەیتی یەکەم بەو شێوەیە دەست پێدەکات:**

**دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە)!**
**وەبزانە خوێنی خۆمە، یا مینەتی رەقیبە**
ل 394

**جگە لەو خوێندنەوەیەی کە نالی دەیەوێ لێوی یار بمژێ و لەبەر ئەو چێژ و خۆشیی و لەززەتەی کە لە لێوی مێیەك دەیبا دواتر ببێتە فەرمانبەری و هەرچی ئەو داوایەتی بۆی جێ بە جێ بکا ئەوا هیچ دەلالاتێکیتری شاراوە و نادیار هەڵناگرێ.**

کـــەوابێ نـــالی لێـــرەدا لێـــوی بـــۆ مەبەســـتیی ئیرۆتیـــك و هەنگاوهـەڵهێنانێك بـەرەو سـێکس بـەکارهێناوە کـە ئەوەشـیان ئامانجی ئێمەیە بیسەلمێنین.

لێوی تۆ ئاوی بەقا، من خدرم
فەیزی تۆ رەحمەت و، من سەوزە گیا
ل 125

(واتە: یارە نازدارەکـەم لێـوی تـۆ کـانیی ئـاوی حەیاتـە، منـیش خدری زینـدەم، هاتومەتـە سـەری لـێم خواردۆتـەوە و هـەرگیز نـامرم. میهرەبـانی تـۆ لەگـەڵ مـن بـارانی رەحمەتـە و منـیش سەوزە گیای روواوی ئەو بارانی رەحمەتەم...تاد) (23).
خواردنەوە لە ئـاوی لێـو یـەعنی مـژینی لێـو، مـژینی لێـو واتـا سەرەتای دەستپێکردن و دەرگایەك بۆ چوونە نێو سێکس، بـەو جۆرە کە لە لێوی یاری هەڵمـژیوە ئیـدی نـامرێ، چـونکە چـێژ بردن لە ئاوی لێو و مژینی لێو هێنـدە شـادمان و بەختـەوەری کردووە ئیدی بڕوا بەوە دێنێ کە نەمرێ و بە هۆی مژینی لێو و بردنی ئەو چێژ و لەززەتە گەیشتۆتە خلود و نەمریی..
ئەگـەر بـە وردی لەسـەر ئـەو بەیتانـە هەڵوەسـتە بکـەین کـە لەسـەر لێـو نووسـراون ئـەوا بۆمـان رۆشـەنتر دەبـێ کـە نـالی بەشێکی گـرنگ و شـوێنێکی دیـار و بەرچـاوی نێـو دیوانەکـەی

خۆی، کە ئـەوەش مانـای ئەوەیـە بەشـێك یـا زەمـەنێکی ژیـانی بـەلاّم لـە قۆنـاغی جیـا جیـادا بۆئیرۆتیـك و سـێکس تـەرخان کردووە، ئەوەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە دەسەلمێنێ کە نالی تەنیا بە کەسێکی ئاینپەرست دادەنێ و هەموو ئەو بەیتانەیش کە باس لـە لێـو و دەم و مـاچ و مـەمك و شـەراب و مەیخانـە و ئەندامی سێکسی و .. تـاد دەکـەن یـا بـە بەشـێك لـە تەسـەوف دادەنێن و یاخود هەڵدەدەن بڵێن: گومان هەیە کە ئـەو شـیعرە هی نالی بێت.

نالی لە بەیتێکیتردا دەڵێ:

هەر لەبت یا سینەشت هەردوو بەدەرخە، دا بڵێن:

لەعلی روممانیی هەیە، یا لەعل و روممانی هەیە

ل575

(واتە: یا هەر لێوی سوورت، یا لێو و سینەت پێکەوە دەرخە تـا خەڵك تەماشایان بکـەن، بـۆ ئـەوەی بڵێن هـەر لـەعلی سـووری رەنــگ وەك هــەنارت هەیــە کــە لێوتــە، یــا بڵــێن لــەعلیش و هەناریشت هەیە کە لێوی سوور و مەمکی خڕتن)(24).

هــەموو ئــەو بەیتانــەی کــە دەرمــان هێنــاون تــام و بــۆنی ئیرۆتیکیان لێدێ، لێدوان لە لێو لە لایەن نالییەوە ئەوەمان بـۆ دەسەلمێنێ کە لێو وەکو ئەندامێکی زەمینە خۆشکەر بۆ چوونە

نێو سێکس تەماشای کراوە، یاخود خودی لێو ئەندامێکی لەززەت بەخشە لە رووی سێکسییەوە، لێرەدا ئەو بەیتانە نیشان دەدەین کە لە لێو و ماچی لێو دەدوێن:

سەهم و نەصیبی ئەصلییە، بەحسی گیاه و گڵ نییە
توتنە خەرجی سوتنە، مودنە ماچی لەب دەکا
ل99

تاڵیبی لێوین و ئەڵقەی زوڵفمان نیشان دەدا
راڕەوی میصرین و ئەو رومان لە موڵکی چین دەکا
ل 111

شیرەیی جانە وتم یا مەیە؟ چابوو فەرمووی
عەکسی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا
ل92

سۆفیی مەستوری روت و موفلیسی خستە تەمەع
سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها
ل 131

**هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو**

**حەددی چییە (نالی) کە بڵێ ماچە کەفارەت**

ل 147

**لەبت میم و، قەدت ئەلف و، زوڵفت چیم**

**دەزانی بەم سییانە تاڵیبی چیم!**

ل312

**وەفای عەهدە لە من ڕۆح و لە تۆ ماچ**

**چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم**

ل312

**شەرابی لەعلی ڕوممانی لە (نالی)**

**حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان**

ل322

**تا نەشئە نەچێژن لە لەبی کەوسەری ساقی**

**بێچارە چوزانن کە هەموو مەستی زەقومن**

ل 331

ئاهویی حەرەم قیبلەیی ئەبرۆن کە بە دیدە

ئەم شەهد لەبانە کە هەموو شاهیدی چینن

ل 338

دندان گەوهەر و، لەب شەکەر و، پەنجە بلورن

نازك بەدەن و، مو کەمەرو، سیم سرینن

ل 339

بە نەهری کەوسەر و شیرو عەسەل چەند تینووە صۆفی

لەبی (نالی) دوچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە

ل 457

ئەو شەربەتە، ئەو جامە شەراوە لەبی ناوە

بۆ (نالی)یە  ئاخر کە خودا بۆ ئەوی داوە

ل532

رەنگ و ئەسەری شۆڕشی لەعلی نمەکینە

ئەم ئەشکە کە بەم سورییو سوێرییە دەڕێژم

ل278

D- ماچی دەم یا مژینی دەم:

ماچی دەم: ئاوێتە و تێکەڵ بوون و هەڵمژینی کۆئەندامەکانی دوو دەون.

ماچی دەم جیاوازە لە ماچی لێو، ماچی لێو ئەگەر هەر بە تەنیا ماچێك بێ بەبێ مژین ئەوا رێژە و رادەی ئیرۆتیکییەت تێیدا کەمترە لە مژین، بەڵام ماچی دەم هەموو کاتێك بە مانای لێخشاندنی زمان و لێو بە کۆئەندامانیتری دەمی بەرانبەر(زمان، لێو، ددان، بن زمان..تاد) دێت.

ئەو چەمك و تێڕوانینە بۆ ماچی لێو و ماچی دەم بە ئاشکرا لای نالی دیارە، بۆ نمونە کە دەڵێ:

دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە
بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا
ل84

لێرەدا مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، سێ خوێندنەوەو تەفسیریان بۆ ئەو بەیتە هەیە کە ئەتمۆسفێری هەر سێ خوێندنەوەش زۆر لێك نزیکن، ئێمە لێرەدا تەفسیری ئەوان وەکو خۆی دەنووسینەوە:

(واتـە: کـە یـار جـار و بـار دەمـی ئـازاردەری خـۆی ئـەکا بـە خونچەی نەپشکوتو و قـوتی ئەکاتـەوە، بـەم کـردارەی وەڵامـی دڵـدارەکانی ئەداتــەوە کــە داوای ماچــی لێئەکــەن و ئــەم بــە خونچە کردنەی دەمی مەعنای ئەوەیە کە ماچی دەمی نـادا و گوایا ئەڵێ وەرن ماچی لێوم بکەن.

یاخود مەعنای ئەوەیـە دەمـی بـۆ ماچـکردنی لێـوی بانگـەوازی ئەکا، بەم پێیە وشەی (نادا) عەرەبیە و لە بناخەدا(نادی)یە.

ئـەم مەعنایـەش ئـەگونجێ: یـار جـار جـار بـە خونچـەی لێـوی دەسـت ئـەکا بـە گریـان و دڵـی دڵـدارانی بریـنـدار ئـەکا، بـەو گریانەی بانگیان ئەکا بێن لێوی مـاچ کـەن، بۆیـە دەمـی گۆیـای ناخاتە کار و بە وتن بانگیان ناکا)(25).

مـن لەگـەڵ تەفسـیری سـێیەمیان نـیم، هـی دووەمـیش دەشـێ، بەڵام تەفسیری یەکەم نزیکترە،

ئێمە لێرەدا دووبارە تەفسیرێك بە تێگەیشتنی خۆمان بە سـود وەرگرتـن لەو تەفسـیرانە بـۆ ئـەو بەیتـە دەکـەین، لـە ئەنجامـدا بەیتەکە بەو شێوەی لێدێ:

دەم دەم واتە: جار جار.. زار: دەم.. گۆیا:گوایە.

نووسینەوەی بەیتەکە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی بەیتەکە بەو شێوەیە دەبێ:

جار جاره دەوی پڕ لە ئازاری دەکا بە غونچە
بۆ دەعوەتکردنی ماچی لێوە گوایە دەوی نادا

بەو شێوەیە بێ، واتە، جار جارە دەوی پڕ لە ئازاری خۆی دەکاتە غونچە، یاخود دایدەخا و تەنیا کەمێکی لێیدەکاتەوە، بۆ ئەوەیە کە یەکێك دەعوەتی ماچی لێو بکات نەك دەو، کەواتە بچووکردنەوە و نیمچە داخستنی دەو یەعنی من ماچی دەو نادەم.
کەوابێ نالی زۆر بە وردی لە شیعردا حیسابی بۆ ئەو جیاوازییە هەیە کە لەنێوانی لێو و دەم هەیە لە رووی ئێرۆتیك و سێکسەوە، چونکە هەر واشە ئەو جیاوازیەی کە لەنێوانی لێو و دەمدا هەیە جیاوازییێکی بەرچاو و دیارە، ئەگەر لێو ماچکردن چوونە بەر دەرگای سێکس و مژینی لێو لە دەرگادان بێ، ئەوا دەم لەنێو دەم هەمیشە مژینە و ناکەوێتە خانەی ماچکردن و لە لایەکیتریشەوە هەنگاونانە بۆ چوونە ناو فەزای سێکس.
نالی لەو بەیتانەدا رێك وێنە و مەفاهیم و دەلالەتی سێکس و ئەتمۆسفێری چوونە نێو سێکسمان نیشان دەدات، لەو بەیتەدا زۆر بە رۆشنیی و بە ئاشکرا گوزارشت لە کەوتنە ناو حاڵەتێك دەکا کە بە تەواوی سەرەتای درووستبوونی سێکسە:

ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من
ئاوی ئینسان، یەعنی ئاوی دەم دەخۆم
ل 297

خواردنەوەی ئاوی دەمی ئینسان، واتە: خواردنەوەی لیك و تفی نێو دەم و هەڵمژینی، لێرەدا وێنەیەکمان هەیە، ئەو وێنەیە بە هەموو وێنەکێشێك وێنەناکێشرێ و بە هەموو شاعیرێکیش ئەو شیعرە نانووسرێ ئەگەر لەنێو ئازمایش و ئەزموونـدا نەتوابێتەوە، چونکە سێکس ئەزموونە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك قۆناغە.

سێکسی سەرەتایی پرۆسەیەکە نزیك لە پرۆسەی سێکس لای ئاژەڵ، بەڵام ئەزموونی زۆر و دووبارەبوونەوەی زۆر لە سێکس لە لایەن دوو کەسەوە یا بڕینی قۆناغەکانی سێکس ئەزموون و رۆشنبیری و بێ باوەڕیی و نائیلتیزامی دەوێ بە هەموو باوەڕ و عەقیدەیەك.

مژینی لیك و تفی نێو دەم و بە گرنگتر و لەززەت بەخشتر زانینی لە ئاوی کەوسەر، ئەوا بڕینی سنوورێکی باش و تێکشکاندنی هەندێ لە ترسە لە گوزارشتکردن و تێکشکاندنی پیرۆزییەکانیشە لە لایەکیترەوە.

سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بوم و ئەمێستاش
قوربان، سەری تۆ خۆش، کە نەماوە سەری خۆشم
ل282

هەمدیس نالی لێرەدا ئاوی نێو دەم بە شەراب دەشوبهێنێ و بە هۆیەوە سەرخۆش و مەست دەبێ، کە ئەوەشیان راگەیاندن و گوزارشتکردنێکی ئاشکرایە بۆ ئەو لەززەتە بێسنوور و ئەو چێژە ئیرۆتیکیەی کە نالی لە ئاوی دەودا بینیویەتی.. رۆژێك لە رۆژان کە لیك (شەراب)ی دەوی یاری دەخواردەوە مەست و سەرخۆش بوو بە هۆی ئەو لیکەی کە وەکو شەراب وابوو، بەلاّم ئێستا کە ئەو شەرابەی لێ بڕاوە، سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشی.

بۆ ماچی دەمی رەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تێغی فەنادا
ل86

(واتە: ناز و غەمزەی کەوانی ئەبرۆی ئەوەندە دڵ راکێشەرە لەوانەیە ئەوەی بە تەمابێ بگاتە کانیی ئاوی حەیات کە (دەمی یارە) تا لێی بخواتەوە و نەمرێ، گوێ نەداتە ئامانجەکەی خۆی کە نەمردنە و بۆ گەیشتن بەو کانییە خۆی

بداتـه بـەر تێغـی بـرۆی یـار و لـه پێنـاوی ژیانـا بمـرێ، چـەند جوانه نازی یار ئەوەنده کاریگـەر بـێ دڵـدار رابکێشـێ و وای لێ بکا له پێناوی ژیانی هەمیشەییدا گوێ به مردن نەدا)(26).

بەو لێکدانەوەیه بێ، نالی چێژی ژیان به نـەمریی دوای مـەرگ و بەهەشـێکی چاوەڕوانکراودا ناگۆڕێتـەوە، لێـره لەسـەر ئـەو زەمینـەی ئێمەشـدا بەهەشـت هەیـە، بـۆ ماچـێکی دەم یـەکێك ئەگەر بشمرێ ئاساییه، چونکه لەززەتێکی بەرجەسته و هەبوو لـه نـەمریی و لـەززەتێکی چـاوەڕوانکراوی پـڕ لـه دڕدۆنگـی باشتره و پێویسته مـرۆڤ لـەو سـەرزەمینەدا لـه پێنـاوی ژیانـدا ئامادەبێ بمرێ.

ماچی دەمەکەی دامێ که دامێ سەر و ماڵم

بنواڕه چ صەییادە، چ جەللادە به حاڵم

ل 286

گرنگیی و چێژبردنی ماچی دەم لای نـالی گەیشـتۆته ئاسـتێك که بەخشینی رۆحی خۆی لەو رێیەدا به شتێکی ئاسایی بزانـێ وەك له بەیتی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، لێرەدا بـۆ وەرگرتنـی ماچـێکی دەم، سـەر و مـاڵی خـۆی داوە، کەچـی موخاتەبـەکراو جـەللاد و سـەیاد دەرچـووە و وەفـای بـۆ ئـەوە نـەبووە کـه ئیستیغلالی خاڵی لاوازیی نالی کردووە، مەبەست لـه سـەرو مـاڵ

بەتەنیا لایەنی ماددی ناگرێتەوە، بەڵکو جەستە و رۆح و ژیان و سامانیش هەموو بەیەکەوە دەگرێتەوە.

کە تۆی قیبلە، دەمت سا بێنە قوربان
لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان
ل315

لەو بەیتەشدا جارێکیتر جەخت لەسەر ماچی دەم دەکات نەك کوڵم و لێو، ئەوەی کە زۆر ئاشکراو دیاربێ لەو بەیتەدا دانانی دەمە بە مەبەست، ئەگەر نا رەنگە بتوانرابووا لە جیاتی دەم، لێو بەکار بهێنێ، چونکە (لێو)هاوبڕگەی دەمە بە دانانی لێو هیچ لە کێش و قافیەی بەیتەکە ناگۆڕدرێ، کەچی دانانی دەم لە شوێنی (لێو) هەڵگری چەمکێکی ئێرۆتیکیە زیاتر هەر بۆیەش بە کاری هێناوە.

(نالی) ئەو غونچە دەمە بێ زارە
مەکە ماچی دەمی، ئەرجو، بە عەبەس
ل 156

لەو بەیتەشدا بە هەمان شێوە نالی تەنیا ماچی نێو دەمی داوایە خۆ ئەگەر یاریش دەوی داخستبێ و داواکەی بڕوا بە

عەبەس ئەوا ماچی لێو هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵکو نالی تەنیا مژینی ئەندامانی نێو دەم و خواردنەوەی ئاوی دەمی داوایە..

بەو شێوەیە دەم و ماچکردنی دەم و خواردنەوەی ئاوی دەم و ...تاد لە لای نالی گرنگییەکی زۆری پێدراوەو زۆر بە جورئەتەشەوە گوزارشتی لێکراوە، رەنگە راست نەبێ کە پێچ و پەنای بە مەبەست و لە سەر بنەمای باوەڕێکی دیاریکراودا بۆ ئەو هەموو مەعنا دیار و ئاشکرایانەی کە بە شێوەیەکی زۆر هەندەسی و بالآدەستانە دارێژراون دابنێین..

دەکرێ شیعر بە تەواوی بە ماتماتیك و هەندەسە نەزانین، بەلاَم ناکرێ نکۆڵیی لەو پەیوەندییە بەتین و بەهێزە بکەین کە لە نێوانی شیعر لە لایەك و ماتماتیك و هەندەسەش لە لایەکیترەوە هەیە، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە هەوڵدەدەین لێرەدا بە کورتی لە پەیوەندی نێوان شیعر و هەندەسە بدوێین، سەرەتا دەکرێ لێرەدا بپرسین: بۆچی پەیوەستکردن و دەستنیشانکردنی ئەو لێکچوونەی شیعر لەگەڵ هەندەسەی بیناسازی؟ لەگەڵ ئەوەشدا زانستگەلێکی زۆر نزیکتر هەن هێندە ئاوێتە و تێکەڵن بە شیعر کە هەندێجار ناتوانین لێکیان جیابکەینەوە، بە نمونە: زانستی زمان، دەروونناسی، فەلسەفە و مۆسیقا و...تاد

لێکچوونی فۆرمی ستراکتوری زانستی هەندەسەی بیناسازی و شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەگەر بە تەنیا هەڵوەستەیەك لەسەر شیعری کلاسیکیی عەرەبی بکەین ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامە.

هەموو ئەو کەرستانەی کە لە تێکستی شیعریدا بە کارهاتوون وەك زاراوە لە رەشماڵ وەرگیراون، بە هەموو ئەو کەرستانە (بیت)ی شیعری پێکدێنن.. واگوتراوە کە عەروز بە مانای رێگا بەرەو دەریا یا چیا دێ.

کەوابێ فۆرمی شیعری کلاسیکی عەرەبی لەسەر بنەمای بیری ئەندازیارانە دانراوە، چونکە دروستکردنی (بیت) و رێگاش بەرهەمی بیر و کاری هەندەسەیە.

کەرستەی سەرەکی خولقاندنی شیعر زمانە، کەرستەکانی دروستکردنی زمانیش بریتییە لە فۆنیم و مۆرفیم و وشە و رستە و .....تاد

کەوابێ بۆ دروستکردنی کارێکی ئەندازیاری پێویستیمان بە کەرستە دەبێ، هەر وەك چۆن بۆ دروستکردنی شیعرێکیش ئاوا پێویستیمان بە کەرستە دەبێ.

گرنگترین کارێك لەو باسەماندا ئەوەیە تیشك بخەینە سەر ئەو لێکچوونەی کە لە پرۆسەی خولقاندن لە نێوانی شیعر و هەندەسەدا هەیە، وە هەروەها ئەو روانینە هەندەسییە بۆ

**دروووســـتكردن و دارِشـــتنى ســـتراكتورى جەســـتەى تێكســـتى شيعرى.**

**بێتێڕوانينـــى دووربـــين و بـــێ پلانيـــى ئەندازيارانـــە لـــە دروووستكردنى بينايەى تێكستى شيعرى، خۆى لە خۆيدا واتـاى بـێ بڕبڕەيـى ئـەو هەيكەلـە دەگەيـەنێ، بـە پێچەوانەشـەوە تێڕوانين و زانيارى و زانينـى ئەندازيارانـە بـۆ دروووسـتكردنى بنيات و پێكهێنانى ئاپرتمانى شيعرێك ئەنجامێكى ئێستەتيكى و زيباى لێدەكەوێتەوە.**

**ئەگەر تەماشايەكى ژينگە و شوێنژيانى مرۆڤايەتى بكەين ئەوا دەبيـنين هـەمووى بـە سـاختمان و رێگاوبـان و پـارك و تـاوەر و....تـاد داپۆشـراوە، ئافەريـدەكار يـا ئافەريـدەكارانى بەشـێكى زۆرى ئەو ساختمان و رێگاوبان و پاركانە، كەسانى ئـەكاديمى و پرۆفيشـــنالن و بەشێكيديكەشـــى كەســـانى نايرۆفيشـــنالى ئەزموونداِرن.**

**ئەكاديمى پرۆفيشنالْ دروووستى كردبن يا تەنيا ئەزموونـدار يـا لە مێژوودا كەسانێك تـەنيا لـە پێنـاوى خـۆ گونجانـدن لەگـەلْ سرووشـتدا دروووسـتيكردبن، ئـەوا هـيچ لـە باسـەكەى ئێمـە كەمناكاتەوە، ئەوەى كە لاى ئێمە جێگاى لێدوانـە ئـەو وجـودە مەترياليانە بە چ شێوازێك دروووستكراون و لە ئاكامـدا چ چـێژ و جوانيى و باشيێك دەدەنە بوونەوەر..؟**

ئەگـەر خۆگونجانـدنی مـرۆڤ لەگـەڵ سرووشـتدا لـە چـاخی خولقانـدنی ئەشـکەوتەکانەوە بـە دەسـتپێك دابنـێین، ئـەوا لـەوێوە کارامـەیی و لێزانـی مرۆڤـەکان لەگـەڵ ناکارامـەیی و نالێزانیی بەشێکیدی لە مرۆڤەکان بەدەدەر دەکەوێ، بە نمونە: لـە هەنـدێ لـە ئەشـکەوتەکاندا ژوور و ئـاگردان و شـوێنی خـەوتنی لێیـە، لـەوێوە هونەرمەنـدیی و زانـایی ئافەریـدەکار درك پێدەکەین.

ئەنـدازەی بیناسـازی کـە لێـرەدا لـە بەرانبـەر (هەندسـەی میعمـاری)ی عـەرەبیی (ئارشـێتیکتۆر)ی ئـەڵمانی دادەنێـنین، بریتییـە لـە هێلکاری کـارێکی هۆشمەندانـە بـۆ درووسـتکردنی مونشەئات، یا رێگای درووستکردنی کاری ئەندازیارییە.

دەشێ دارشتنی ئەو هێلکارییە و ئەو رێگایەیەی کە بە هۆیەوە کارێکی ئەندازیارانەی لێبەرهەمدەهێندرێ هونەرمەندانە بێت و دەشکرێ کارێکی ناهونەرمەندانە بێ.

وەك ئاشـــکرایە کـــە ئەشـــکەوت هەیـــە شـــوێنپەنجەی هونەرمەندانەی مرۆڤی پێوەدیارەو بە پێچەوانەشەوە.

دوای ئەو سـەردەمە وردە وردە ئـەو زانسـتە هونـەرییـە پـەرەی سـەند تـا کـار بـەوە گەیشـت ئەهرامـەکانی میسـر و باخچـە هەڵواسراوەکانی بابل و...تـاد درووسـت بکـرێ، کـە لەوێـدا ئـەو زانستە هونـەرییە دەگاتە ئاستێکی بالاّ.

دوا بە دوای ئەوەش لە چاخێك بۆ چاخێكیدی و لـە زەمـەنێك بۆ زەمەنێكیدی ئەو زانستە هونەرییە گۆڕانكاری بـە خۆیـەوە دەبینێ، ڕێك شیعریش بەو هەموو قۆناغەدا تێپـەڕیوە.. دەبـێ ئاماژەش بـەوە بكـەین كـە ئەنـدازیاری داهێنـەر پشـت بـە سـێ كۆڵەكە و هێز دەبەستێ بۆ درووسـتكردنی تـەلار، یـا پـارك، یـا ڕێگا و بان و تاوەر كە ئەوانیش بەهرە و عیشق و مەعریفـەن، وەك چۆن كە لە شـیعرەكانی نـالی دا دەردەكـەوێ كـە هـەر سـێ جەمسـەر بـوون و وجـودێكی یـەكجار بـەهێزییان هەیـە، بۆیـە ئەو خوێندنەوەی ئێمە بۆ تێكستـەكانی نـالی ئەگـەر هەنـدێجار لەسـەر بنـەمای هەڵسوكەوتنێكی لـۆژیكی و عـەقلانیی بـێ بـە مانـای ئـەوە نییـە كـە ئێمـە لـەنێو زانسـتێكی مرۆڤایەتیـدا كاردەكەین و زانستیی مرۆڤایەتیش بۆ هەمیشەیی موعامەلەی لۆژیكی سەد دەر سەدی لەگەڵ ناكرێ، بـەلام دەكـرێ و زۆریـش ئاسـاییە كـە ئێمـە بـە چـاوی عـەقڵ تەماشـای بەیتـەكانی نـالی بكەین و خوێندنەوەی لۆژیكی بۆ مـەعنای بەیتـەكان بكـەین و خۆمان لە راسـتیی گوزارشـتكردنەكان نەدزیینـەوە، لـە هـەموو ئەو بەیتانەی كە دەستنیشانمان كـردوون سـەبارەت بـە مـاچ یـا مـژینی دەو دەتـوانین ئـەوە بسـەلمێنین كـە نـالی وەك هــەر مرۆڤێكیتر مومارەسەی مژینی دەم و خواردنـەوەی ئـاوی دەوی كردوە بەلام جیاوازییەكەی ئەو لەگـەڵ مرۆڤـەكانیتر لێرەدایـە

**که زۆر جوانتر و باڵادەستر و ئەو وێنە و ئیحساس و سۆزانەی خۆی کردۆتە شیعر..**

**هەوڵدەدەین لە رێگای ئەو دوو بەیتەی خوارەوە کە باس لە ماچی دەم دەکەن بچینە ناو جۆرە ماچێکیتر کە بەلای هەندێ کەسەوە ماچی تەسەوفن مەعناکانیان ئەوەندە پڕ لە هەڵوەستەن کە تەنیا عاریفان و موغەکان دەتوانن تێیبگەن.**

**تا لە من ئەو زوڵفە رێی بۆسە و کەناری گرتووە**
**ناو دەمم بێ شوبهە تامی زەهری ماری گرتووە**
ل538

**بێ نییەتی تەقبیلی دەمت عاتیلە رۆژوم**
**بێ حەزرەتی میحرابی برۆت باتیلە نوێژم**
ل 279

E- ماچ و تەسەوف:

تەصـەوف زانسـتێکی فراوانــە و قسـەکردن لەبارەیــەوە پرۆفیشناڵیی پێویستە، لەو باسەماندا بە کاری خۆمانی نازانین کە لـە بارەیـەوە بـدوێین، بـەڵام بـە کـورتی هەوڵـدەدین چـەند پێناسەیەکی کورت سەبارەت بە تەصەوف بخەینە روو:

ئیمـام عەبـدولرەحمان بـن عەبـدوڵلا بلفقیـە دەڵـێ: (زانسـتیی تەصــەوف لــە بنەڕەتــدا پــەیرەو لــە قورئــان و و ســوننەتی پێغەمبەر دەکا)(27).

لە کتێبی (المدخل الی التصوف المهدلی ص 70) ئەلشبلی دەڵێ: تەصەوف دانیشتنە لەگەڵ خودا بە بێ غەمیی) (28).

شێخی ئیسلام زەکەریا ئەلئەنصاری دەڵێ: (تەصەوف زانستێکە بە هۆیەوە دۆخەکانی تەزکیـەی دەروون و پـاڵاوتنی رەوشـت و زاهیر و باتن دەزانرێ بۆ مەبەسەتی بەختەوەرییێکی تاهەتایی) پەراوێزی نامەی (القشریە)(29).

شـێخ ئەحمـەد بـن زروق دەڵـێ: (قەسـدی زانسـتیی تەصـەوف چاکســازیی دەروونــە و تەرخانکردنییــەتی بــۆ خــودا، بــەڵام زانســتیی فیقــە چاکســازیی کــردار و پاراســتنی سیســتەم و دەرخستنی حوکمە بە ئەحکام)(30).

ئیمام جونەید بەغدادی دەڵێ: (تەصەوف بە کارهێنانی هەموو بووییێکی بەرزەفڕ و وازهێنانە لە هەموو بووییێکی نابەرزەفڕ هەروەها ئەبو ئەلحەسەن ئەلشازلی دەڵێ: تەصەوف راهێنانی نەفسە لەسەر بەندایەتی و چوونە نێو ئەحکامی خوداوەندییەتی)(31).

ئەو چەند پێناسەیە تیشکێکمان بۆ دەخاتە سەر ئەو زانستە و دەتوانین ئەگەر  زۆر بە کورتیش بی بڵێین: زانستی تەصەوف بە شێوەیەکی گشتیی گەڕانەوەیە بۆ لای خودا و توانەوەیە لەنێو جوانیی و گەورەیی ئەودا، هەروەها پاککردنەوەی دەروونە لە هەموو پیسییێك و سەردانەواندنێکیی هەمیشەییە بۆ خودا و عیشقێکی پاك و بێوێنەیە بەرانبەر خودا و پێڕەو کردنی دەستوورەکانی خودایە.

تەصەوف گەیشتنە بە حاڵەتی مەستیی، مەستییێك کە متەصوف لە هەموو مەتریالێکی دەوروبەر دادەبڕێنێ و دەیگەیەنێتە پەیوەندییێکی رەها و دایرێکت بە رۆحی گەردوون وەك ئەلشبلی دەڵێ: دانیشتنە لەگەڵ خودا بە بێ غەمیی.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا من گومان دەکەم کە ئەو بەیتانەی نالی بەو شێوەیە بن، دانیشتن لەگەڵ خودا و بینینی خودا و پێکەنین و گریان لەگەڵ خودا و توانەوەی رۆح لەنێو رۆحی خودا جیاوازە لەو هەڵسوکەوتە مەتریالیەی کە نالی لەنێ

شـيعردا كردوويـەتی و (بـە حيسـابی ئـەو لێكۆڵینەوانـەی كـە لەســەر شـيعرەكانی نــالی كــراون) بــە تەصــەوفی دادەنێــنن.

فەييازی ريازی گوڵو ميهر و مل و لەعلی
ئەی شەوقی روخ و زەوقی لەبت زائيقە بەخشا
ل 76

(واتە: ئەی ئەو كەسـەی كـە پيـت و بەرەكـەت و بايـەخ بەسـەر باخچـەی گـوڵ و بەسـەر رۆژ و مـل و گـەردن و لێـوی وەك لەعلـدا ئـەڕژێنیٚ.. ئـەی ئـەو كەسـەی كـە رونـاكيی رو و تـامی لێوت مايەی تام كردن و چەشتن و لەززەت وەرگرتنە)(32).

دەستپێكی ئەو شيعرە بەو بەيتە دەستپێدەكات:

ئەی جيلوەدەری حوسن و جڵەوكێشی تەماشا
سەرڕشتەی دين بیٚ مەدەدی تۆ نييە حاشا
ل75

لــە ســـەرلەبەری فـــەزای تەفســـيری ديـــوانی نـــالی مـــەلا عەبدولكــەريمی مــودەڕيس و فــاتيح عەبدولكــەريم بــۆ ئــەو شيعرە ئەوەيە كە نالی موخاتەبـەی خـودا دەكـا و وشـەكانی بـۆ خودايــە، هــەر لــە پێداهــەڵگۆتن و موناجــات و باســكردن لــە جوانييەكانی خودا..تاد

له بەیتی:

فەییازی ریازی گوڵو میهر و مل و لەعلی
ئەی شەوقی روخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا
ل 76

وەك لەسەرەوەدا تەفسیرەكەیمان نووسیوە، نالی داوای مژینی لێوی خودا دەكا و باس لە رووناكیی رووومەتی خودا دەكات، بەو تەفسیرەبێ، ئێمە لە بەرانبەر بەیتێكداین كە موبالەغەیەكی نائێستەتكیی تێدایە، چونكە هەرگیز ئەگەر بۆ مەبەستێكی صۆفیانەیش بێ ئەوا ئێستەتیك لە مژینی لێوی خودا نادۆزرێتەوە، بە مەرجێك كە ئەو خودایە خودای ئایین و ئیسلام بێت، چونكە مژینی لێوی خودا هێندەی فەزایەكی سێكسیی هەیە ئەوەندە لە رۆحانییەت و پاكییەتی رۆحێك نزیك نییە كە بەبێ هیچ نیازێكی ماددی خوداوەندی خۆشدەوێ.

بە خوێندنوەیەكیتر ئەگەر نالی كەسێكی بە خودا شوبهاندبێ و داوای مژینی لێوی لێبكات ئەوا هێشتا گونجاوترە، چونكە ئەو حاڵەتە لە نێو ئەدەبیات بە گشتیی و لەنێو شیعریش بە تایبەتی بوونی هەیە، بەلاَم ئەوەشیان خوێندنەوەیەكی درووست نییە، چونكە لە بەیتەكانیتری ئەو شیعرە هەندێ ئاماژە هەن كە بۆنی خودای ئایین و ئیسلامییان لێدێ:

لا حول و لا طول و لا قوة الا
بالله، له القدرة، والكائن ما شا
ل78

**(واته: کەس دەسەلاتی کردنی هیچی نییە، لە ڕێگای خوداوە نەبێ. دەسەلات هەمووی هەر هی ئەوە و (بو) ئەو شتەیە کە خوا مەیلی لەسەر بونی بێ، یاخود (بو) خاوەنی ویستن و ئارەزوو نییە، بە پێی ئەم مەعنایە(ما)کە ئەبێ بە حەرفی نەفی)(33).**

**لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان شیعر بەیتێکیتر هەیە کە ئەویش وەك ئەو بەیتە:**

**فەییازی ریازی گوڵو میهر و مل و لەعلی**
**ئەی شەوقی روخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا ل 76**

**جێگای هەڵوەستە و رامانە و دەبێ وردتر لەسەری هەڵوەستە بکرێ تا بگەینە خوێندنەوەیەکی نزیك لە راستیی و تێگەیشتنێکی زانستیانە و بە دیقەت:**

**جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت**

((فالبائس یستوهب من فیك معاشا))

ل77

**(واتە: عاشقی بێ گیانـت، یـا عاشـقی دەمـت، گیـانی گەیشـتۆتە سەر لێوی و خەریکە دەرئەچـێ بـۆ ماچـی لێـوت و ئـەم داوای ماچ کەرە داوای موچە و بەرات لە دەمت ئەکا یا داوای گوزەران و ژیانت لێ ئەکا.**

**دیارە نیسبەت دانی لێو و دەم و ماچ و مەعشوقییەتی لـە خـوا شـتێکی مەجازییـە و حەقیقـەت نییـە و ئەمـەش لای شـاعیرە پێشووەکان باو بووە)(34).**

**وەك دیـارە مامۆسـتایانیش لـە تەفسـیرکردنی ئـەو بەیتـەدا تووشی هەڵوەستەکردن هاتوون، بۆیە تەبریری ئەوەیان هێناوە کە ماچ کردنی لێوی خودا شتێکی مەجازییە، بە بۆچوونی مـن ئـەو شـیعرە بـە کـاملی خوێندنـەوە یـان چـەند خوێندنەوەیـەکیتری گەرەکـە، خـۆ ئەگـەر ئـەو حاڵەتـە مەجازییەی کە مامۆستایان باسی لێوە دەکەن لە پێشووتریشدا هـەبووبێ وەك خۆیـان نووسـیوویانە، کـە نمونـەیان بـۆ نەهێناوەتەوە و دەبووایە بیانهێنابووایەوە، ئەوا هێشتایش هەر دەکەوێتـە خانـەی موبالەغـەی کازیبـە، یـا موبالەغـە و**

زێدەڕۆییێك كە بۆ (وەرگر- خوێنەر)ی خاوەن باوەڕ بە ئیسلام و دەستوور و سوننەتەكانی پێغەمبەر كارێكی نەشیاوە و ناشێ. چونكە مژینی لێو و ماچی دەم دەكەوێتە خانەی سێكس نەك تەصەوف كە وەك لە پێشتریشدا باسمان كرد تەصەوف doorە لە تێكەڵبوون و ئاوێتەبوونی جەستەیی، بەو شێوەیە هێنانی تەبریر بۆ بە مەجازیكردنی ئەو حاڵەتە سێكسییە لەگەڵ خودادا كارێكی تەندرووست نییە لە رووی داهێنانی شیعری و لە شیعریشدا لەو خاسیەتە سەرەكییەی كە پێی دەگوترێ: شیعرییەت.

ئەگەر لە گۆشەنیگاییێكیترەوە بڕوانین و وا دانرا كە بە راستیی لەو دوو بەیتەدا داوای مژینی لێوی خودا كراوە و خستمانە بۆتە و چوارچێوەی تەصەوفەوە، ئەوا وێنەیەكی سەرسوڕهێنەری نامۆمان دەكەوێتە بەرچاو كە لەوێوە دەبێ سەرلە نوێ لەو زانستە بكۆڵدرێتەوە كە (زانستی تەصەوف)ی ناوە، چونكە ئاینی ئیسلام قبوڵی ئەو جۆرە وێنەو هاوكێشانە ناكا، بێگومان سەرچاوەی تەصەوفیش ئاینیی ئیسلامە.

ئەو چەند تێبینیەی سەرەوە كە سەبارەت بە ماچ و تەصەوف دەرمان بڕی لە لایەن شاعیرێكەوە بۆ خودا بوو، واتە: شاعیر موخاتەبەی خودا دەكات و رووی دەم و ئاراستەی قسەكانی بۆ ئەوە.. بەلام ئەگەر لەو بەیتەی خوارەوە بڕوانین و خوێندنەوەیەكی نوێی بۆ بكەین كە ئەویش بە هەمان شێوە

خراوەتــە بازنــەی مــاچ و تەصــەوف، جیاوازییێــك دەبیــنین، جیـاوازیی ئـەو دوو بەیتـەش لـەوە دایـە کـە یەکـەمیان: رووی قسـە ئاراسـتەی خـودا کـراوە، هـی دووەمیـان: ئاراسـتەی مـرۆ (ساقی):

جێی دەم دەمە، جێی لەب لەبە، ساقی وەرە ئەمشەب
هەم ماچی دەمادەم بدە، هەم جامی لەبالەب
ل133

بەیتی یەکەمی ئەو شیعرە بە ئاشکرا موخاتەبـەی مـێ دەکا و بەوشێوەیە دەستپێدەکات:

زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب
شیعری لەف و نەشرن، چ موشەووەش چ مورەتتەب
ل 133

کەچی لە بەیتی دووەم موخاتەبەی ساقی دەکات، (سـاقی وەرە ئەمشەب) بانگکردنێکی دایرێکت و راسـتەوخۆی سـاقییە،(هەم ماچـی دەمـادەم بـدە) و (هـەم جـامی لەبالـەب).. نووسـینەوەی بەیتەکـە بـەو شـێوەیە: سـاقی ئەوشـەو وەرە هـەم ماچـی دەم لەنێو دەم و هەم جامی لێوان لێو(پڕ)مان پێبدە.

کەوابێ داوا لە ساقی کراوە کە ماچی دەم لەنێو دەم و جامی پڕ لە مەی پێبدا، بەو حاڵە دەگەینە حەقیقەتێك کە نالی خەیاڵ و فەنتازییایێکی یەکجار جوانی خستۆتە کار بۆ درووستکردنی ئەو تابلۆیە، ئافرەتی کردۆتە ساقی یا ساقییێکی ئافرەتی درووستکردووە، رۆشەنە کە هەرە گرنگترین کاری ساقیش مەست کردنی مشتەرییە، بەلاّم نالی داوا لە ساقی دەکا دوو جار مەستیی بکا جارێك: شەرابی بۆ بێنێ و جارێك: ماچی پێبدا.

بە بۆچوونی من ئەو بەیتە دوور نزیك هیچ پەیوەندییێکی بە تەصەوفەوە نییە، نالی تەنیا وێنەیەکی جوانی درووستکردووە کە بۆ ئەو زەمەنی کوردەواریی شتێکی سەیر بووە ساقی ئافرەت بێ، بەلاّم نالی توانییویەتی بە خەیاڵی تیژبڕی خۆی ئەو تابلۆیە درووست بکا، یانیش رەنگە ئەوەی دیبێ لە ئیستەنبۆڵ و شام، ئەوەشیان گەر دوور بێ ئەوا لە سەردەمە زووەکاندا ئەو حاڵەتە بوونی هەبووە واتە: ئافرەت مەی بگێڕێ، بە تایبەتیش لای فیرعەونییەکان و سۆمەرییەکان و تا دەگاتە سەردەمەکانی ئەمەوی و عەباسیی، ئەو ئەتمۆسفێرانەیش بە ئاشکرا لای تابلۆکێش و نەققاشەکان بە تەواوی بە دوکومێنتکراون.

## بەشی سێیەم

### تەوەری یەکەم

### مەمك

ئەندامێکی جەستەی بوونەوەرە، لە بنەڕەتدا ئەرکی سەرەکی مەمك درووستکردن و بەرهەمهێنانی شیرە لە لای مێینە.

مەمك ماسولکەیەکی گەشەسەندووی سینگە، لە چەند گرییێك پێکهاتووە، ئەو گرێیانە بەشداریدەکەن لە درووستکردن و بەرهەمهێنانی شیر.

مەمك لە هەشت بەش پێك دێت کە ئەم بەشانەی خوارەوەن:

1- سینگ: بناغەی مەمك پێکدێنێت.
2- ماسولکەی سەرەکی سینگ.
3- گرێی مەمك.
4- سەری گۆپکە.
5- گۆپکە.
6- مەمەڕی شیر.
7- دونگ=بەز.
8- پێست.

ئەوەی کە کاردەکاتە سەر فۆرمی مەمك بە گەورە و بچووکییەوە ئەو چەندییەتییە رۆنەیە کە لەنێویدا هەیە.

مەمك لە رووی ئەركەوە  لە دوو بەشی جیا پێك دێت، بەشی یەكەم پەیوەستە بەو كەناڵانەی كە شیر بەرهەمدەهێنن، بەشی دووەمیش هەموو ئەو ماسولكەو رۆن و بەز و دەمارانە دەگرێتەوە كە بەشدارن لە گەشەسەندن و دروستكردنی فۆرمی مەمك.

لە هەر مەمكێكدا نزیكەی 15-20 مەڵبەندی دابەشبووی گرێ هەیە كە بە شێوەی تیشك دابەشكراون.

هۆرمۆنی (ئیسترۆجین) رۆڵێكی گرنگی هەیە لە گەشەسەندنی ئەندامانی سێكس، هەروەها هەمان رۆڵیشی هەیە لە گەورەكردنی مەمك، ئیسترۆجینەكان دەبنە هۆی گەورەكردنێكی خێرای مەمك لە قۆناغی (خۆناسین-بلوغ)دا.

لە ژیانی ئافرەتدا مەمك هەر لە ژێر كاریگەرییەكانی خولی چالاكییەكانی هۆرمۆندا دەمێنێتەوە و ناحەسێتەوە تا نەگاتە قۆناغی بنبەست لە خولی مانگانە.

لە رووی ئێستەتیكییەوە مەمك بە هەرە گرنگترین و سەرنجراكێشترین ئەندامی جەستەی ئافرەت دەژمێردرێ.. بۆیە ئەو ئەندامە ئێستەتیكیی و سەرنجراكێشەرە بۆتە ماددەیەكی هونەریی بەگشتیی و لە هەموو هونەرەكانی نەققاشیی و شیعر و چیرۆك و رۆمان و ..تاد رەنگی داوەتەوە، نالی شاعیریش لەو رووەدا كاری ئێستەتیكی ئەنجامداوە و باڵادەستیی خۆی نیشانداوە، ئێمە هەوڵدەدەین سەرەتا هەموو

**ئـەو بەيتانــە لــە ديــوانى نــالى دەربێــنين كــە دەكەونــە ئــەو خانەيەوە(35).**

## تەوەری دووەم

**مەمك لە شیعرەكانی نالی دا:**

**ئەو بەیتانەی كە لە مەمك دەدوێن:**

**كێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت**

**لەو تەختە كەوا صاحیبی مۆرن بە صەدارەت؟**

ل146

**ئەی سەروی بوڵەند قەدد و، برۆ تاق و مەمك جوت**

**كێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت!؟**

ل152

**لە بوستانی (ئیرەم)دا قەت نییە وەك**

**شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی**

ل711

**یا تازە هەنارێكی كەناری گوڵی مابێ**

**بێ درز و قڵێش میسلی شەمامێكی تەلا بێ**

ل617

خۆش لەسەر سینە سەری هەڵداوە دو گۆی سەر بە مۆر
مات و حەیرانم کە عەر عەر کەی هەناری گرتووە!
ل538

هەر لەبت یا سینەشت هەردو بە دەرخە، دا بڵێن:
لەعلی روممانیی هەیە، یا لەعل و رووممانی هەیە
ل575

هەنجیری نەو شکۆفە کە پڕ بو لە شیری صاف
تیفلی عینەب شکۆفەیی کرد و رشایەوە
ل551

قامەتی سەروی، ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە؟!
تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دوکەڵە، بۆچ ناری بەرە؟!
ل412

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان
ل320

**وەك گوڵی ئاتەشی، خەمڵیوە بە بەرگی چەمەنی**
**قامەتی نارەبەرە، نارووەرە، نارەوەنە**
ل526

**زوڵف ئەگەر دوکەڵە، دوکەڵ بەری گوڵناری نییە!**
**سەروە گەر قامەتی، کەی سەروی رەوان بارەوەرە؟!**
ل413

**دەخیلت بم نەخیلی یا روتابی**
**وەها شیرین و، سینە نەرم و، دڵ رەق**
ل252

**یاخود وەکو خۆی شاهیدە، با وەصفی وەهابێ**
**سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدابێ**
ل617

**کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە**
**وەك شانەیی هەنگوینە بۆ لەززەتی دنیا کچ** ل159

**شیعرەکە بە تەواوی:**

**گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە**
**غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە**

**نەخلی باڵآت نەوبەرە، تازە شکۆفەی کردووە**
**تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ، ئەم مەمەت کەی کردووە!**

**قامەتت نەخلە، بە شیری، فائیقەی پەی کردووە**
**نەحلی بێ نشێی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە**

**نەخل و روممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە:**
**سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردووە!**

**بۆ مەمك ((نالی)) چ منداڵانە وەی وەی کردووە**
**گەرچی مووی وەك شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە**

**خۆش بە هەردو دەست و دەم گرتویە ئۆخەی کردووە**
**کیزب و توهمەت، ئیفترا و بوهتان کە تۆبەی کردووە**

ل544-547

1- فۆرم و قەبارەی مەمك:

له ئەنجامی خوێندنەوەیەكی وردی ئەو بەیتانەی كه باس له مەمك دەكەن دەمانەوێ بگەینه ئەو ئەنجامەی كه نالی جەخت لەسەر چ جۆره فۆرمێكی مەمك دەكاتەوه و ئەو جۆره فۆرم و قەبارەیه چۆنن و بۆچیش..

1
كێ دەستی دەگاته بەی و ناری نەگەیشتووت
لەو تەخته كەوا صاحیبی مۆرن به صەدارەت؟
ل146

2
ئەی سەروی بولەند قەدد و، برۆ تاق و مەمك جوت
كێ دەستی دەگاته بەی و ناری نەگەیشتووت!؟
ل152

(كێ دەستی دەگاته بەی و ناری نەگەیشتووت) ئەو رستەیەی دوو جار و له دوو قەسیدەی جیاوازدا بەكارهێناوه، وەك پێشتر نووسیومانه، ئەوه بەحسی ئێمه نییه كه بۆچی دووجار ئەو نیو بەیته به بێ گۆڕانی یەك پیتیش دووبارەكراوەتەوه،

ئەوەی گرنگە دەمانەوێ بزانین فۆرم قەبارەی مەمك لای نالی بۆچی هێندە لێك نزیكن؟

من لەگەڵ ئەو خوێندنەوەی دیوانی نالی دا نیم کە هەناری گەڕاندۆتەوە بۆ روومەت یا گۆنا، لە دیوانی نالی دا بەو شێوەیە تەفسیر کراوە (کێ دەستی دەگاتە جوتە مەمکی وەك وەك کاڵە بەی و جوتە گۆنای وەك هەنارت کە هێشتا پێنەگەیشتوون) .(36)

بە بۆچوونی من (بەی) و (هەنار) هەر بۆ مەمك دەگەڕێنەوە، واتە: مەمکی بە بەی و هەنار شوبهاندووە نەك گۆنا کە ئەوەیان تەفسیرێکی درووست نییە.

کەوابێ فۆرم و قەبارە لەو دوو بەیتەدا = بەی، هەنار.

3

یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ

بێ درز و قلّیش میسلی شەمامێکی تەلا بێ

ل617

فۆرم و قەبارە= هەنار، شەمامە.

4

**له بوستانی (ئیرەم)دا قەت نییه وەك**

**شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی**

**فۆرم و قەبارە= شەمامە.**

5

**خۆش لەسەر سینه سەری هەڵداوە دو گۆی سەر بە مۆر**

**مات و حەیرانم که عەر عەر کەی هەناری گرتووە!** ل538

**فۆرم و قەبارە= هەنار.**

6

**هەر لەبت یا سینەشت هەردو بە دەرخە، دا بڵێن:**

**لەعلی روممانیی هەیە، یا لەعل و روممانی هەیە** ل575

**فۆرم و قەبارە= روممان = هەنار.**

7

**هەنجیری نەو شکۆفە که پڕ بو له شیری صاف**

**تیفلی عینەب شکۆفەیی کرد و رشایەوە**

ل551

پەیوەندیی= هەنجیر.

8

قامەتی سەروی، ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە؟!

تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دوکەڵە، بۆچ ناری بەرە؟!

ل412

فۆرم و قەبارە= هەنار.

9

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان

بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان

ل320

فۆرم و قەبارە= سێو.

10

وەك گوڵی ئاتەشی، خەملێوە بە بەرگی چەمەنی

قامەتی نارەبەرە، نارووەرە، نارەوەنە

ل526

فۆرم و قەبارە= هەنار.

11

**نەخل و روممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە:**

**سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردووە!**

**فۆرم و قەبارە=هەنار+سێو+بەی.**

12

**بۆ شەربەتی شیرینی فنجانە لەسەر سینی**

**مەم توحفەیی توففاحی، شەم عەنبەری بۆیا کچ**

**لە بەیتەکانی یەکەم /دووەم/سێیەم/پێنجەم/شەشەم/ هەشتەم/ دەیەم/یازدەهەم/ دوازدەهەم واتە: لە کۆی 12 بەیت 9 بەیتی فۆرم و قەبارەی مەمك، فۆرم و قەبارەی هەنارە.**

**لە بەیتەکانی یەکەم/دووەم/ یانزەهەم/ واتە: لە کۆی 12 بەیت 3بەیت فۆرم و قەبارەی مەمك، فۆرم و قەبارەی (بەی=بەهێ)یە.**

**لە بەیتەکانی سێیەم/چوارەم/ واتە: لە کۆی 12 بەیت 2 بەیت فۆرم و قەبارەی مەمك فۆرم و قەبارەی شەمامەیە.**

**لە بەیتی حەوتەم پەیوەندی و تەشبیه لە نێوانی هەنجیر لەگەڵ مەمك یا گۆپکەی مەمك واتە: لە کۆی 12 بەیت 1 بەیت.**

له بەیتی نۆیەم/یازدەهەم/ دوانزەهەم/ فۆرم و قەبارەی مەمك فۆرم و قەبارەی سێوە، واتە: لە کۆی 12 بەیت 3 بەیت.

(هەنار و شەمامە و بەهێ و سێو و هەنجیر) ئەو فۆرم و قەبارانەن کە نالی مەمکی یار-یارەکانی پێ شوبهاندووە.. فۆرم و قەبارەی ئەو هەموو میوەجاتانە بە بچووك یا ناوەند دەخوێندرێنەوە و حیسابیان بۆ دەکرێ.

ئەو لەبەر یەك دەرکردن و پالأوتنە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە چەند سەرنجێك بدەین:

⋆ مەمکی هەموو ئەو (کچ- ژن)انەی کە نالی شیعری بۆ نووسیوون لە فۆرم و قەبارەی هەنار تێپەڕ ناکەن، ئەوەش بە ئەنجامێکی تری زانستیمان دەگەیەنێ کە ماددەی ئیسترۆجین لە لەشی ئەو (کچ- ژن)انە کەم بووە کە نالی بۆی نووسیوون، چونکە وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، زۆریی و کەمیی ئیسترۆجین کاریگەری دایرێکتی هەیە لە گەورەیی یا بچووکیی مەمك.

⋆ نالی بۆ دەربڕین و دەستنیشانکردنی فۆرم و قەبارەی مەمکی یار تەنیا میوەی کردۆتە ماددە(هەنار و شەمامە و بەهێ و سێو و هەنجیر) جگە لە بەیتێك کە کردوویەتە شانەیی هەنگوین، ئەو بەکارهێنانە و تەوزیفکردنەی میوەیە بە خوێندنەوەی ئێمە لەبەر دوو هۆیە:

1- فۆرم و قەبارەیەکی بچووك یا ناوەندیی.

2- هەر یەکە و جۆرێك تام چێژی تایبەتیی هەیە.

⋆ هەناری بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لە میوەکانیتر بەکار هێناوە بۆ وەسفکردنی مەمك.

## 2- مەمکی نەوبەر یا مەمکی کچی تازە پێگەیشتوو:

هەندێك لەو بەیتانەی کە لە بەشی (فۆرم و قەبارەی مەمك) باسمان لێکردن، دەشێ بۆ کچی تازە پێگەیشتووش بشێن، بۆ نمونە:

هەنجیری نەو شکۆفە کە پڕ بو لە شیری صاف

تیفلی عینەب شکۆفەیی کرد و رشایەوە

مومکین نییە کە ئەوەیان باس لە مەمکی ژنێکی تەواو کامل و دوای بیست ساڵان بێت، بەلاّم وەك نووسیمان لە کۆی 12 بەیت 8 بەیتیان مەمکی بە هەنار چوواندووە..شوبهاندنی مەمك بە هەنار رەنگە بمانگەیەنێتە ئەنجامێك کە نالی لەوێدا لە مەمکی کچێکی پێگەیشتوو دەدوێت و باس لە مەمکی نەوبەر یا کچێکی تازە پێگەیشتوو ناکات.

یا کە دەڵێ:(ناری نەگەیشتووت) (تازە هەنارێکی)، ئەوەشیان هەر دەلالەتی نەوبەریەتیی یار دەگەیەنێ..بەلاّم ئەوەی کە زۆر رۆشەن و دیارە ئەو بەیتانەن کە بە ئاشکرا و دایرێك لە مەمکی نەوبەر و کچی تازە پێگەیشتوو دەدوێتن بە تایبەتیش لەو شیعرەدا:

گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە

غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە

نەخلی باڵات نەوبەرە، تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ، ئەم مەمەت کەی کردووە!

قامەتت نەخلە، بە شیری، فائیقەی پەی کردووە
نەحلی بێ نشێی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە

نەخل و روممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە:
سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردووە!

بۆ مەمك ((نالی)) چ منداڵانە وەی وەی کردووە
گەرچی مووی وەك شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە

خۆش بە هەردو دەست و دەم گرتویە ئۆخەی کردووە
کیزب و توهمەت، ئیفترا و بوهتان کە تۆبەی کردووە

فەزای گشتیی ئەو تێکستە خولانەوەیە بە دەوری ئەندامێك کە ئەویش مەمکە..بەڵام جووت مەمکێك کە تازە شکۆفەی کردبێ، مەمکی منداڵێك کە هێشتا بۆن و تامی شیریی منداڵیی لە دەم دێ.
(غونچە، تازە شکۆفەی کردووە، بۆی شیرت لە دەم دێ..تاد) هەمووی دەلالەتی ئەوەن کە نالی بۆ مەمکی تازە

پێگەیشتووێکی نووسیوەو بە خۆشیی لە تەمەنێکی کامڵ و تەواو دابووە کاتێ کە ئەو شیعرەی نووسیووە.

لە هەندێ بەیتیتر لە میوەجات و شوبهاندنی مەمك بە میوەجات دەرچووە، ئەوەتەیە وەك لەو بەیتەدا دەردەکەوێ کە مەمکی بە شانەیی هەنگوین شوبهاندوە:

کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە
وەك شانەیی هەنگوینە بۆ لەززەتی دنیا کچ

# بەشی چوارەم

## Webcamو قەصیدەی مەستوورە

وەك لە پێشتر باسمان کرد، کاری ئێمە لەو گەڕانەدا بە دوای شیعرەکانی نالی تەنیا دۆزینەوەی هێڵێکە لەنێو ئەو هەموو هێڵانەی کە لە دیوانەکەدا هەیە، هێڵێکی ئاینیی و هێڵێکی فەلسەفی و هێڵێکی نامۆبوون و ..تاد لە دەسپێکی دیوانەکەدا درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی دیوانەکە.. ئێمە تا ئێستا بەدوای کەشفکردنی هێڵی ئیرۆتیکدا گەڕاوین لەو دیوانەدا، وەك باسمان کرد و دەستنیشانی هەموو ئەو بەیتانەشمان کرد کە باس لە ماچ و ماچی لێو و ماچی دەم و ماچ و تەصەوف و مەمك و فۆرم و قەبارەی مەمك دەکەن.

لێرەدا لە قەصیدەی مەستوورە کە ئەویش وەك قەصیدەیەکی یەکانگیرخاوەنی فەزاییێکە کە هەلگریی کۆمەڵێك رامان و روئیایە و دەتوانرێ خوێندەوەی جۆراو جۆر و لێکجیای بۆ بکرێت، هەر بۆ نمونە دەتوانرێ خوێندنەوەی سایکۆلۆژی و خوێندنەوەی ئێستەتیکی و کۆمەلایەتیی و پۆڕنۆگرافی و سێکسی و وێنەیی..تاد بۆ بکرێ، وەك دەبینین ئەو قەصیدەیە کۆمەڵێك هێڵی لە خۆی گرتووە، ئەوەی کە ئێمە لەنێو ئەو هەموو هێڵە بە گرنگی دەزانین و دومانەوێ کاری لەسەر

بکـــەین ئـــەو لێکچـــوونە سەرســـوڕهێنەرەیە کـــە لـــە نێـــوانی قەصیدەی مەستوورە و Webcam دا هەیە.

Webcam بریتییـــە لـــەو کـــامێرا بچـــووکەی کـــە ڕەبتـــی کۆمپیوتەر دەکرێت و لەوێوە بە هۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانیـت هەر کەس و هەر شتێك کـە دەتـەوێ بیبینیـت یـاخود نیشانی بدەیت دەتوانیت، جا ئەو شـتەی کـە دەتـەوێ بیبینیـت یـاخود نیشانی بدەیت لەهەر شوێنێکی سەرزەمیندا بێت.

سـەرەتا ئەگـەر وەك شـانۆگەرییەك لـە قەسـیدەی مەسـتوورە بڕوانین، ئەوا دەبینین کە لـە سـێ پـەردە پێـك دێـت، ئـەو سـێ پەردەیە یاخود ئەو سێ بەشەیش بریتین لە:

((یەکـــەم: ســـەرەتا: کـــە تیایـــدا - شـــاعیر، نووســـەر، ڕاوی، مەستوورەمان پێدەناسێنێ و کلیلی دەرگـای خەونەکانەکـەیمان دەداتە دەست.

دووەم:ئەلف:بەشـی یەکـەمی خەونەکە:ئەمـەیش بریتییـە لـە نـــەمانی دەوری (ڕاوی) و پەیـــدابوونی مەســـتوورە وەك تاقـــە بێژەر و تاریفکەری عەورەتی خۆی.

بێ: بەشی دووەمی خەونەکـە: هاتنـە گـۆی نـالی و تـاریفکردنی زەکەری خۆی.

ســـێیەم: بێـــداری و گەڕانـــەوەی (ڕاوی): مەحووبوونـــەوەی کەسـانی نێـو فـەزای خەونەکـە و قڵـپ بوونـەوەی بونیادەکـانی بەشـــی یەکـــەم و دووەمـــی قەســـیدەکە لەوانـــەیش (زاڵبـــوونی

لــەززەتی بیــنین و تەماشــا، بەســەر چــێژی خوێندنــەوەدا، کۆتاییهــاتنی دیمــەنی وەهمــی حاڵــەتێکی ئیرۆتیکــی.. دواجــار زاڵبوونـــــــەوەی مانـــــــای ئـــــــەقڵیی وشـــــــەکان و کۆتاییهاتنی(گێڕانەوەی)ەکـــــە بـــــە هـــــۆی وێنـــــە شیعرییەکانەوە))(37).

بۆ زیاتر بەرچاوبوون و قسـەکردن بـە دۆکومێنـت لەسـەر ئـەو قەصـــیدەیە پێویســـتە لێـــرەدا قەصـــیدەکە وەکـــو خـــۆی بنووسینەوە:

(زمانی شاعیر =راوی)

1

مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ

(مەستوورەی قسەکەر- موتەکەلیم-)

2

هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە قەت مومکینە وابێ؟

هیی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ؟

3

هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ

مومکین نییە کەس دەخڵی بکا (چین و خەتا)بێ

4

ئایینە بە مایینە دەبێ رەنگ نومابێ

(مەستوورە) بەم ئەستوورە دەبێ موهرە گوشابێ

5

نوکتێکی زەریفە بە نەصیبی زورەفا بێ

تەعریفی دەکەم، بەڵکو لە بۆ دەرد شیفا بێ:

6

ئەم سیڕڕە چییە میسلی سوهابێ، نەسوابێ؟

دوڕڕی وەکو دوڕڕی سەمابێ، نەسمابێ؟

7

دوککانی توحەف، کانی حەیا، کانیی بەقا بێ

قوببەی لەقیبابی نوقەبابێ، نە قۆپا بێ

8

وەك خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ

سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قڵەشابێ

9

وەك هیممەتی صۆفی کە لە نێو خەڵوە خزابێ

مەستوور و عەزیزی شەرەف و ریفعەت و جا بێ

10

یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا دور لە سەخابێ

موغلەق بە بەخیلی، بە مەسەل مشتی مەلا بێ

11

کاسێکی بلوورینی نخوونی لەسەرابێ

نەختێکی لەبەر مەوجی لەتافەت قڵەشابێ

12

یاخۆ پەڵە بەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ

قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ

13

**کام ئاب و هەوا؟ موعتەدیلی نەشئو نوما بێ**

**یەعنی لە وەسەت کانییە گەرمێکی تێ زابێ**

14

**لەو کانییەدا چووزەرە ڕێواسێ ڕووا بێ**

**بەو چوزەرە ڕێواسە کەمێکی قڵەشابێ**

15

**یا قەصری موعەللا کە لە ئاوێنە کرابێ**

**یا غونچەیی نەشکوفتە کە ئاوی نەدرابێ**

16

**یا گومبەدی نەزهەتگەهی نێو باغچە سەرابێ**

**ئەلوانی گوڵامێز و شەکەربێزی تیابێ**

17

**یا قصوری نمەك هەر وەکو مەڕمەڕ  بە زیا بێ**

**جێی قەترەیە ئاوێکی لەنێودا قڵەشابێ**

18

**یا گردەکی گردێکی کە شیرین هەڵیدا بێ**

**گردی نمەکین، یەعنی گیای لێ نەڕوا بێ**

19

**دامێنی بە ئەنواعی گوڵ و مڵ خەملاٚبێ**

**گەنجێکی تێدابێ کە تەڵیسمی نەشکابێ**

20

**حوققێکی زەڕی صافی لەسەر بانی نرابێ**

**نەختێکی بە صەد صنعەتی (مانی) قلّەشابێ؟**

21

**یا رەئسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ**

**غەڵتان و سەراسیمە: نە دایکێك و نە بابێ**

22

**فێسێکی سپی و توندی لە کەللەی کەلی نابێ**

**هێشتاکو لەحەق جێگەی خاصی نەدرابێ**

23

**چەسپیدە و و خڕ هەروەکو بەرقاڵبی دابێ**

**نەختێکی لەبەر توندی و سفتی قڵەشابێ**

24

**دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ**

**دوڕڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی صەفا بێ**

25

**بەیزێکی شوتورمورغی کەوا تازە کرابێ**

**وەك بەیزەیی بە زیاوو بە سەنا بێ**

26

**خرچێکی مودەووەر، بە عەسەل ئاوی درابێ**

**نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشابێ**

27

**یاخود وەکو خۆی شاهیدە، با وەصفی وەها بێ:**

**سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدا بێ.**

28

**یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ**

**بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەلا بێ**

29

**بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ**

**نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزی قڵەشابێ**

30

**یاخو مەسەلا، میسلی نەوا بێت و نەوابێ**

**مەشهوور و خەفی هەر وەکو عەنقا و وەفابێ**

31

**صاحێب زەڕ و زیوێ کە فریبی عوقەلا بێ**

**ئیکسیری تەڵای ئەحمەری چەند قەترە لەلابێ**

32

**دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرابێ**

**چەند خوێن کە رژابێت و چ خوێنێ نەڕژابێ**

33

کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ

تەرکێکی وەها ناسك و پڕ لەززەتی گا بێ.

(نالیی قسەکەر- موتەکەلیم-)

34

دێوانە کە زانیی کە دەبێ عوقدە گوشا بێ

هەستاوو گوتی: ئەشکی رەوانم بە فیدا بێ!

35

ئەم صاحیبی تەشریحە دەبێ هەیئەتی چا بێ

هەم شاریح و هەم جاریح و مووزییحە گوشا بێ

36

بۆ توند و رەقی مەتنی مەتینی حوکەما بێ

تەدقیقی ئەمیش سیڕڕە دەبێ خوفیە ئەدا بێ

37

نەرم و خۆش و مونتیج وەکو بەستی ئودەبا بێ

تووڵانی و بەرجەستە وەکو دەستی دوعا بێ

38

**شەو نائیم و قائیم، عەلەمی بابی رەزا بێ**

**بێ دیدە هەڵستێ، بە مەسەل عەینی عەصا بێ**

39

**مەجزووبی توروق، مورتەعیشی لەرزش و تا بێ**

**سالیك رەوشی مەسلەکی رێگەی صولەحا بێ**

40

**فەرقێکی هەبێ: داخیلی میحرابی رەجا بێ**

**چاوێکی هەبێ: غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ**

41

**رێی حورمەت و بێ حورمەتیی هەرگیز نەکوتابێ**

**چەند ئاوی رژابێت و چ ئاوی نەڕژابێ**

42

**لەم رێگە سەریشی کە بچێ، یەعنی کوژرابێ**

**گەردن کەچی بەر پێتە قەدەم رەنجەکە، سا بێ**

43

**تا گەرمڕەوی رێگەیی زولماتی بەقا بێ**

(ماء الخظر)**ت فەترە لەسەر قەترە فیدا بێ**

44

**کێ بێ وەکو تۆ بەم شەوە رەحمی بە منا بێ**

**مەجزووبە صیفەت، یەعنی صیلەی رەحمی تێدا بێ**

45

**هەم جازیبە و قابیلەیی ئەخز و عەتا بێ**

**مەستوورە و خەفی، شەبەهی بادی صەبا بێ**

46

**مەستانە هەڵستێت و بە کوێریی روقەبابێ**

**ئەم باب زەنە گەرم و تەڕی کا بە کەبابێ**

**(زمانی شاعیر =راوی)**

47

**((نالی))وەرە هەزەلێکی کە عاری شوعەرا بێ**

**رووڕەش مەکە پێی صەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ**

48

**تەحریری خەیاڵ و خەونە ئەگەر بێتە حیسابێ**

**دەروێش و گەدا شاه و، دەبێ شاه گەدا بێ**

49

**وا چاكە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ**

**نەك بەحسی سرور و عەلەم و بادی هەوا بێ**

**لە بەیتی یەكەمدا وەك دیارە نالی قسە دەكا و دەڵێ: مەستوورە كە جوانە و بە ((حیسابێك)) بە ئەدیبیشی دادەنێن، ئەمشەو هاتە خەوم بە چ ناز و لۆمە و گلەییەكەوە.. وشەی ((حیسابێ)) كە هەڵوەستەی لەسەر نەكراوە لە زۆربەی خوێندنەوەكانیتردا بە بۆچوونی من جێگای هەڵوەستە لەسەر كردنە، چونكە بە حیسابێ مانای بچووككردنەوەی ئەویدی دەگەیەنێ، تا ئێستایش بەكارهێنانی ((بە حیسابێ)) بە مەعنای گومانكردن و ئیعتراف پێ نەكردنی تەواو دێت، بە نمونە كاتێ بە یەكێك بڵێی: بە حیساب خۆشی پێ هونەرمەندە یا بە حیساب خۆی پێ زانایە، لە هەردوو حاڵەتدا مانای بچووك كردنەوە دەگەیەنێ.**

**بێگومان هەڵوەستە كردن لەسەر ئەو وردەكارییانە كاری ئێمە نییە، مەستوورە ماه شەرەف خانمە یا یەكێكیترە، دۆخی دەروونیی لەو قەصیدەدا چییە و خوێندنەوەمان لەو رووەدا**

چـییە، ئایـا ئـەو قەصـیدەیە هـی نالیـە یـاخود نـا، لـە رووی کۆمەڵایەتییەوە چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و ...تاد

وەك لـە پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد ئەمانـە نابنـە کـاری ئێمـە، ئەوەی کە گرنگ بێ ئەوەیە:

نالی لە بەیتی یەکەمدا راوییە.

لە دوای ئەو بەیتە مەستوورە قسە دەکا و باسی خۆی دەکا، با لە سەرەتاوە چۆنییەتی ئەو باسکردنە باس بکەین:

لە بـەیتی دووەم و سـێیەم وچـوارەم مەسـتوورە تـەنیا زەمینـە خۆشدەکا بۆ ئەوەی بچێتە نێو وێنە و نیشاندانی وێنە، لە دوو بەیتی دووەم و سێیەم دەڵێ:(هاتووم عوقدەم هەیە ئەگەر ئـەو عوقدەیەم بۆ حەل کەی دەبمە هی تۆ، وەرە تۆ ئەم مەسـەلەیە یـەکلایی بکـەوە و بـۆمی حـەل بکـە) سـەرەتای راسـتەقینەی فیلمەکـە یـا داوکـردن بـۆ کردنـەوەی (Webcam)مەکـە لـە بەیتی چوارەمەوە دەست پێدەکات:

ئایینە بە مایینە دەبێ رەنگ نومابێ

(مەستوورە) بەم ئەستوورە دەبێ موهرە گوشابێ

واتە: ئـەبێ ئاوێنەکـەی مەسـتوورە خـانم بـە شـتێکی ئـاواوی و وەك ئاو پاك بکرێتەوە تا رەنگ بداتەوەو، سەرقاپی مەستوورە خۆیشـی بـەم شـتە ئەسـتورە یـا بـەم شـتە شـاراوەی نـالی بکرێتەوە(38).

کەوابێ لە بەیتی یەکەمدا راویمان هەیە، دەڵێ خەونێکی لەو شێوەیەم دیوە.
لە بەیتی دووەم و سێیەم زەمینە خۆشکردن و قسەکردنێکە بۆ شکاندنی شەرمی گێڕانەوەی خەونەکە، هاتووم عوقدەم هەیە و مەتەڵێکم هەیە بۆمی هەڵێنە، ئەگەر هەڵتهێنا ئەوا دەبم بە هی تۆ، بێگومان ئەوە مەستوورە خۆی قسە دەکات.
لە بەیتی چوارەمدا ئیدی شەرمەکە دەشکێ و دەچێتە نێو فەزاییێك کە سەرەتای دەرچوون بێ بۆ نێو فەزاییێکیتر کە ئیدی دیالۆگ و قسە زۆر رۆڵی نامێنێ، بەڵکو (Webcam)ەکە دەکاتەوە و وێنە دەکەوێتە بەرچاو، یا کردار دیارە.
((مەستوورە و نالی دوو کەسایەتین بە کردەوە(فعل) لە حاڵەتی روداودان. بۆیە ئەرکی ئێمە لەوەدوا (دوای بەیتی یەکەم) خوێندنەوە نییە، بەڵکو بینینە، بینینی ئەو رووداوانەی لە دوای وشەکان روودەدەن. چونکە چ مەستوورە و چ نالی زیاتر لەوەی بئاخڤن، سەرگەرمی پیشاندانن، نەك گێڕانەوەو ریوایەت کردن. لەبەر ئەو هۆیەشە پێویستە خوێنەر خەیاڵ و روئیای بخاتە کار بۆ دیمەن و رووداوەکان نەك لێکدانەوەی ئەقلی بۆ گەیشتن بە مانای وشە و رستەکان)) (39).

ئەوەی کە لەو قەصیدەیەدا دەیبینین بە بۆچوونی من لە دوای بەیتی سێیەمەوە دەچینە نێو پرۆسەی بینین نەك لە دوای بەیتی یەکەم کە ڕێبوار سیوەیەلی دەستنیشانی کردووە، ئەو نیشاندان و بینینە درێژە دەکێشێ تا جارێکیتر لە سێ بەیتی کۆتایی قەصیدەکەدا نالی جارێکیتر دەبێتەوە راوی و بێزاری یا تێربوونی خۆیی و پەشیمانیی خۆی لەو پرۆسەیە نیشان دەدات.

لە بەیتی پێنجەمەوە تا بیست و شەشەم و جارێکیتر لە بەیتی سییەمەوە تا سی و سێ لە بەیتی سی و سێیەمیشەوە تا بەیتی چل و حەوت، هەمووی بەیەکەوە تەنیا لە دوو ئەندامی سێکسی مەستوورەو نالی دەدوێ، یاخود نیشانیان دەدات.

((کامێرای هەڵگرەوەی فیلمی ڕووداوەکان، یاخود دیمەنە شیعرییەکان لە هەردوو حاڵەتەکەیا(چ ئەو کاتەی لە دیدی مەستوورەوە دەبینێ و چ ئەو دەمەش لە هی نالییەوە) تەنیا بەشێکی بچووك دەبینێ کە ئەویش ئەندامی جنسی مەستوورەو نالییە. نەك سەرجەمی لەشی مەستوورە، یاخود ئەندامە ئارەزوو بەخشەکانی دیکەی، یاخود سەرجەمی جەستەی نالی. باوای دابنێین مەستوورە خۆی ڕووت کردۆتەوە، بەڵام ئایا ئێمە سنگ و مەمکی وی بەدی دەکەین؟ یان داخوا دەتوانین وردەکاریی لەشی بهێنینە پێش چاوی خۆمان، ئایا تووکن بووە یا کۆسە؟ لەڕ بووە یا گۆشتن؟ یان با واز لە

جەستەی کەسایەتییەکان بێـنین و پرسـیار ئاراسـتەی دەرەوەی نزیکیی نالی و مەستوورە بکەین: ئایا ئـەو شـوێنەی مەسـتوورە هاتۆتـە خـەونی نـالی کوێیـە؟ ئایا ژوورەکـەی نـالی خۆیـەتی یـا شوێنێکیتر؟ دیمەنی ئەو شوێنە چۆنە؟ هەوا ساردە یا گـەرم؟ و دەیـان پرسـیاری دی. ئەمانـە هیچیان لـە بونیـادی قەصیدەکە رەنگیــان نەداوەتەوە.چــونکە هــەر وەك گــوتم: کــامێرای هـەلگرەوەی رووداوەکـان بەسـەر یـەك رووبـەر نیشـتۆتەوە کـە رووبەری ئەندامی جنسی نێر و مێیە)) (40) .

ئەگەرچـی رێبـوار سـیوەیلی دەڵـێ: (تـەنیا بەشـێکی بچـووك دەبینێ کە ئەویش ئەندامی جنسـی مەسـتوورەو نالییـە. نـەك ســەرجەمی لەشــی مەســتوورە، یــاخود ئەندامــە ئــارەزوو بەخشەکانی دیکـەی، یـاخود سـەرجەمی جەسـتەی نـالی. بـاوای دابنــێین مەسـتوورە خـۆی رووت کردۆتـەوە، بـەڵام ئایـا ئێمـە سـنگ و مـەمکی وی بـەدی دەکـەین؟) بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسیارە دەبێ بڵێین: جگە لە سێ بـەیت کـە ئـەوانیش بـەیتی 27-28-29ن، ئـەوا زوومـی (Webcam)ەکـە بـە جێگیریـی لەسـەر دوو ئەنـدام دانـراون، کـە ئـەوانیش ئەنـدامی سێکسـیی مەستوورە و ئەندامی سێکسیی نالین.

چونکە وەك دیارە لەو سێ بەیتە:

27

**یاخود وەکو خۆی شاهیدە، یا وەصفی وەها بێ:**

**سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدا بێ.**

28

**یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ**

**بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەلا بێ**

29

**بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ**

**نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزی قڵەشابێ**

**لێرەدا (Webcam)ەکە ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکی خێراش بێ لەسەر ئەندامی سێکسیی مەستوورە لادەچێ و مەمکی مەستوورەمان نیشان دەدا، کە مەمکێکی سپیی و زیووین و تەڕە و تازە هەڵیداوە. جگە لەو بەیتانە ئەوا هاوڕای کاک ڕێبوار سیوەیلم لە هەموو قەصیدەکەدا جگە لە دەسپێك و کۆتایی کە نالی خۆی راوییە ئەوا زوومی (Webcam)ەکە تەنیا و تەنیا لەسەر ئەندامانی سێکسی مەستوورەو نالیدان.**

**ئەو باسە وردە ورده راماندەکێشێ بۆ ئەوەی نزیك بکەوینەوە لەو پەیوەندییەی کە لەنێوانی ئەو قەصیدەیە و ئینتەرنێت و (Webcam)دا بوونی هەیە.**

تۆ لەسەرەتادا کەسێکت هەیە ئەو کەسە خەونێکی هەیە، ئەو خەونە پەیوەندی بە کەسێکیترەوە هەیە.. سەرەتا خاوەنی خەون قسە دەکا و کەشفی کەسیی بەرانبەریمان بۆ دەکا:

مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ

لە بەیتی دووەمەوە تا بەیتی چوارەم مەستوورە قسە دەکات، قسەکانی زەمینە خۆشکردنە بۆ چوونە نێو وێنە، وێنەی نیشاندانیی ئەندامی سێکسی خۆی.. لە هەموو رووێکەوەو لە هەموو گۆشەیەکەوە کامێرەکە دەخاتە سەر ئەندامی سێکس خۆی، ئەمە تا بەیتی 27 لەو بەیتەوە ئیدی کامێرەکە دەخاتە سەر مەمکی و لە بەیتی سییەهەمینەوە ئیدی کامێرەکە دەگەڕێنێتەوە سەر شوێنی خۆی کە ئەندامی سێکسییە تا بەیتی 33.

لە بەیتی سی و چوار فیلمەکە کەت دەبێ و لاکەیتری فیلمەکە نیشان دەدرێ کە ئەندامی سێکسیی نالییە تا سێ بەیتی کۆتایی.

ئەگەر لە سەردەمی نالی ئینتەرنێت و (Webcam) هەبووایە، ئەوا دەتوانرا ئەو پرۆسەیەی کە بە خەون و دواتر لە رێگای زمان و لە رێگای زمانیش بە وێنە نیشاندراوە ئەوا بەو شێوەیە ئەنجام درابووا:

ئینتەرنێت لە جێی خەون، ئەو کارەی کە خەون کردوویەتی واتە: مەستوورە بە نالی بڵێ: من هاتوومە لات عوقدەیەکم هەیە بۆم بکەوە ئەوا خۆمت پێدەدەم، دواتر هەندێ قسەیتر دەکا و پاش ئەویش (Webcam)ەکەی بۆ دەکاتەوە، کە (Webcam)ەکەشی بۆ کردەوە ئیدی لەسەر ئەندامی سێکسیی خۆی دادەنێ و کۆمەڵێ کادر وەر دەگرێ بۆ نیشاندانی ئەندامی سێکسیی خۆی لە هەموو لایەکەوە.

ئەگەر کورتتر بڵێین ئەو قەصیدەیەی نالی کە لە ڕێگای خەون بە هۆی زمان و لەوێشەوە بە هۆی وێنەی شیعری درووستیکردوە، ئەوا لەسەردەمی ئێستا دەتوانرێ لە ڕێگای کۆمپیوتەر و دواتر ئینتەرنێت و پاشانیش دانان و کردنەوەی (Webcam) وە درووستبکرێ.

بەو شێوەیە:

خەون لای نالی = کۆمپیوتەر لە سەردەمی ئێستا

مەستوورە + نالی = B+A

قەصیدە = ئینتەرنێت

زمان = (Webcam)

وێنەی شیعری = وێنەیی ڤیدیۆیی

ئەندامی سێکسی مەستوورەو نالی = ئەندامی سێکسی B+A

تێربوون و بەخۆهاتنەوەو پەشیمانیی = تێربوون و بەخۆهاتنەوەو پەشیمانیی.

کـەوابێ لێکچـوونێکی زۆر نزیـك لـەنێوانی فـەزای قەصـیدەی مەسـتوورە لەگـەڵ پرۆسـەی چـات کـردن بـە (Webcam) دا هەیە.. ئەمە لە لایەك، لە لایەکیترەوە ئەگەر بە چاوێکی پـڕ لـە کۆنستراتسیۆن لـەو قەصـیدەیە بـڕوانین ئـەوا رێـك لـە گۆڤارێکی وێنـەیی سێکسی دەچێت، تـەواوی گۆڤارەکـە وێنـەی جـۆراو جـۆری ئەنـدامی سێکسـی مەسـتوورە و نـالی تێـدا بلاّوکراوەتەوە:

وەك خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ
سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قلّەشابێ

بـۆ خوێنـەری سـەردەمی نـالی ئـەو بەیتـەی کـە بـە نمونـە هێناومانەتەوە چ جیاوازییێکی هەیە لەگـەڵ ئـەوەی کـە یـەکێك لـە سـالاّنی 1970 کانـدا لـە گۆڤـارێکی خیلاعـی رەش و سـپی روانیوە لە کوردستان.
مەبەسـتمان لـەو لێکچـواندنانە ئەوەیـە کـە نـالی زۆر پـێش سـەردەمی خـۆی کـەوتووە، زۆر جـاریش وا رێـك کـەوتووە کـە خەیاڵ و فەنتازیای نووسەران لە رێگای دەقەکانیانەوە بەرهەم و ئیختراعـی نوێیـان هێناوەتـە کایـەوە. بـۆ نمونـە: نووسـەری رووسـی-ئەمـەریکی(Issac Asimov 1920 -1992) پرۆڤیشـناڵێك بـوو لـە بـواری( Biochemie) کیمیـای

زینــدەوەرزانیی و لــە هــەمان کاتیشــدا نووســەرێکی نــاودار و داهێنەری بواری نووسینی خەیاڵی زانستییە، ئەو پێشکەوتنەی کە لە بواری رۆبۆت و پێشکەوتنی رۆبـۆت لـە دنیـادا روویـداوە بەشێکی گرنگی بۆ رۆمان و چیرۆك و نووسـینە خەیالییـەکانی ئەو دەگەڕێتەوە(41).

کەوابێ ئاسان بوو ئەگەر نالی لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو ئەو قەصیدەی بنووسـیبووا و گرنگـی پێبـدرابووا، ئـەوا زۆر زووتـر بـیر لـە دەرکردنـی گۆڤـارێکی پۆڕنـۆیی بکرابووایـەوە، کـە تـا ئێستایش کورد نییەتی.

بۆیە ئەگەر تەنیا ئەو قەصیدەیە بکەینە پێوەر بۆ جورئەت و زیرەکیی و باڵادەسـتیی نـالی ئـەوە بـە هـیچ شـێوەیك هەڵـەمان نــەکردووە و دەتــوانین بڵــێین: نــالی لــە ریــزی هــەموو ئــەو داهێنەرانەیــە کــە دەســتیان هــەبووە لــە درووســتکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیی.

ئەگـەر لـە لایـەنێکتیری ئـەو قەصـیدەیە بکۆڵینـەوە ئـەوا وەك دەردەکــەوێ و دەبیــنین دڵــداریی و ســێکس پەردەیــەکیان کەوتۆتـە نێـوان، نـالی تەنانـەت بـە یـەك وشـەش گوزارشـت لـە عیشق و مەحەبەت و خۆشەویستیی خۆی ناکا بـۆ مەسـتوورە، هەموو مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە وێنەی ئەندامی سێکسی خۆیو مەسـتوورە نیشـان بـدا و دواتـر بکەوێتـە نێـو هەڵبـەز و دابــەزێکی دەروونیــی و جەســتەیی و لــە کۆتــایش کــە وا

پێدەچێت گەیشتبێتە ئۆرگاموز و پاشانیش پەشیمانیی خۆی نیشان دەدا..

زۆر کورتتر بڵێین: نالی لەو قەصیدەیەدا رۆڵی شۆمەن و شۆومەنی بە مەستوورە و بە خۆی داوە، واتە: جیاوازی ئەوانەی کە لە رێگای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و چات و (Webcam)دا خۆیان رووت دەکەنەوەو دەکەونە نێو حاڵەتی (Selbstbefriedigung- خۆتەواوکردن) یا لە رێگای خۆت و خەیاڵی خۆتەوە گەیشتن بە ئۆرگازموز لەگەڵ نالی و مەستوورە لەوە دایە، ئەوان ئەو حاڵەتە تەعمیم و پەرش و بلاّو ناکەن، کەچی نالی و مەستوورە عەورەت و زەکەری خۆیان نیشانی هەموو خوێنەرێك داوە.. لەوێوە دەشێ کە هۆیەك بن بۆ بزواندنی هەستیی سێکسی لای کەسانیتر و وایان لێبکەن کە ئەوانیش بکەوە نێو ئەو پرۆسەی خۆتەواکردنە.

هەر ئەو هۆیەیە کە وادەکا بڵێین: لەو قەصیدەیەدا نالی و مەستوورە دوو ئەکتەری سەرەکیی فیلمێکی پۆڕنۆن.. بێگومان لە فیلمەکەشدا هەر ئەو دوو ئەکتەرە دەور دەبینن بەبێ بوونی هیچ دیکۆرێك و هیچ شوێنێکیتری جەستە، جگە لەوەی کە جارێك زوومی کامێرا دەچێتە سەر مەمکە زیووینییەکانی مەستوورە، ئەگەر نا بە درێژایی فیلمەکە کامێرا لە لایەن دەرهێنەرەکەوە کە نالییە لە گۆشەی جیا جیاوە وێنەی ئەندامی سێکسیی نالی و مەستوورە دەگرێ.

بـەو پێوەرانـــەی کــە ئــەو قەصــیدەیەمان پێــی خوێنـــدەوە، قەصــیدەی مەســتووورە دەکەوێتـــە خانـــەی (پۆڕنۆگرافیــا)وە، (Pornographya) یا (porn-porno) هونەری وروژاندنی غـەریزەی سێکسـییە لـە ڕێگـای ئـەدەبیات و وێنـە و تـابلۆ و پەیکەرتاشیی و فیلم و کاسێتی دەنگیی و کاسێتیی ڤیـدیۆیی و هەتا هەندێ گەمەی کۆمپیوتەریش (42).

وەك لـە پێشـتریش ئاماژەمـان پێکـرد مێـژووی پۆڕنۆگرافیـا-ئیرۆتیـك دەگەڕێتـەوە سـەردەمی چاخە زووەکـان، بـەڵام لـەو ســەردەمانە تـــەنیا لـــە ڕێگـــای نەقاشـــیی و پەیکەرتاشـــی ئەدەبیاتدا

بـوو، ئەمـە و تـا ساڵانی 1970 یـەکان دەرئـەنجامی شۆڕشـی سێکس لە ڕۆژئاوادا گۆڤار و کاسـێتیی ڤیـدیۆیی بـە شـێوەیەکی پـەرش و بـڵاو کەوتـە نێـو بازاڕەکـان، لـە 1990یـش بـەولاوە ئیدی وردە وردە سایتی ئینتەرنێت و دوای 1995یـش کـەناڵی تەلـەڤزیۆنیی بـــە شـــێوەیەکی بـــەربڵاو دەســـتیان کـــرد بـــە نیشاندانی ئەو جۆرە وێنانـە، دیراسـەیەکی بـەریتانی ئاشـکرای کردووە کە ئێستا سێ لە چواری کۆمەڵگەی بەریتانی خـەریکی کردنەوەی سایتەکانی پۆڕنۆن.

ئاینیی ئیسلام بە شـێوەیەکی ڕەهـا هـەموو جـۆرە بزوانـدنێکی سێکســیی و تەماشــاکردنی ئەنــدامیی سێکســیی کەســانیتری قەدەغە کردووە، ئەوەیە کە لە قورئاندا دەڵێت: {قل للمؤمنين

يغضوا من أبصارهم ويحفظوا فروجهم ذلك أزكى لهم إن الله خبير بما يصنعون ، وقل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن ويحفظن فروجهن} } [[سورة النور : 30-]](43).

**هەروەها ئاینیی مەسیحیش بە تەواوی ئیباحییەت یا پۆڕنۆی حەرام کردووە، ئەوەیە مەسیح لە ئینجیل دا دەڵێ: (نیگای شەهوەتئامێز مەعنای ئەوەیە کە تۆ بە دڵ زینات کردبێ) .(44)**

**لێرەدا زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی نالی کردوویەتیی بە گوێرەی یاسا و ڕێسا و شەرع و دەستووری هەموو دینەکان قەدەغەیە، نەك هەر قەدەغەیە بەڵکو حەرامێکی گەورەشە.**

**کەوابێ نالی کەسێکی لادەرەو حەرامی کردووە لەو قەصیدەیە، بە پێچەوانەی زۆر لەو قەصیدانەی کە بۆ پێغەمبەری نووسیوە، هەر ئەوەشە کە وادەکا ئێمە بڵێین: نالی خاوەنی فەزایەکی کراوەیە و هەر کەسێك دەتوانێ لە بەشی خۆیدا لەززەت و چێژی لێببا.**

# بەشی پێنجەم

## پرۆسەی سێکس لە دیوانی نالی دا

بۆ قسە کردن لەسەر پرۆسەی سێکس لە شیعرەکانی نالیدا پێویستیمان بە گەڕانەوەیەکی تەواو هەیە بۆ دیوانی نالی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، بە تایبەتیش لە تێکستی:

ئیلتیقای پۆلاّ و ئاسن هەر نیزاعە و گیر و دار
جەمعی ماء و نار و، زەند و زەندەوو، مەرخ و عەفار
ل 170

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان پێویستە تێکستەکە و بەشێکی زۆر لە شەرحەکەی مامۆستایان بنووسینەوە، چونکە بێ نووسینەوەی ئەو تێکست و تەفسیرانە رەنگە کەمتەرخەمییەك بکەوێتە نێو پرۆسەی گەیاندن، با لە نووسینەوەی تێکستەکە دەستپێبکەین:

ئیلتیقای پۆلاَ و ئاسن هەر نیزاعە و گیڕ و دار
جەمعی ماء و نار و، زەند و زەندەوو، مەرخ و عەفار

ئەم لەسەر تەعزیم و گەورە گرتنی ئەو بێ قوصور
ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی زاری مار

ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران
ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەك و قەترە هەزار

ئەم بە چاو دوڕڕ و بەسەر لەعلی هەدییە بۆ دەبا
ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار

نەزمی (نالی) میسلی ئاو و ئاوێنە رەنگی نییە
دو رووە بۆ سەیری خاتر: یەك خەفی و یەك ئاشکار
ل 170-174

ئەگەر لە بەیتی کۆتاییەوە دەستپێبکەین ئەوا نالی بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە شیعرەکانی وەکو ئاو و ئاوێنە وان، هیچ رەنگیان نییە، دوو رووشن کە دەتوانرێ زیاتر لە مەعنایەك و خوێندنەوەیەك هەڵبگرن.. رەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیەشەوە

بـێ کـە مامۆسـتایان هێنـدە ورد و بـە دیقـەت تەفسـیرەکەی خۆیان ئەنجامداوە.

بێگومان ئەو تێکستە هەڵگری کێشمە کێش و بینـە و بـەردەی زۆرە، ئەگەر لێـرەوە بگەڕێینـەوە بـۆ بـەیتی یەکـەم ئـەوا دوای دوو خوێندنــەوە بــۆ ئــەو بەیتــە لــە لایــەن مامۆســتایانەوە، مەسعود محەمـەدیش بۆچوونێکی جیـاتری هـەر سـەبارەت بـە دەسـپێکی ئـەو بەیتـەوە هەیـە(ئیلتیقای پـۆلاً و ئاسـن کـە لـە شەرحەکەدا بە تێکەڵبوونی نێـر و مـێ لێکدراوەتـە، لـە ئاسـت داخــوازیی مــەقام، کــورت دەهێنــێ، چــونکە گونجانــدنێکی متمانەبەخش، نە بە وشەی پاتە و پات و نـە بـە زەمینەیـەکی مەعنەوی دڵڕاگر، لە بەیتەکـەدا نییـە.من رایـەکی یـەکجارەکی لەم مەسەلەیەدا نادەم، هەر ئەوەندە دەڵێم: شـەرحەکە لەبـەر هەر هۆیەك بێت خوتخوتەی دڵ کپ ناکات. لە نمونـەدا دەڵێم، وشـەی ــ حدیـد ــ لـە شـەرحەکەدا مێینـە و ـ پـۆلاً ـ نێرینـە حیسـاب کـراوە، ئەگـەر قورئـان بکـەین بـە شـایەد بـۆ حدیـد تــەعبیری (فیــە بــأس شــدید)ی بــە کارهێنــاوە نــەك (فیهــا) تــەئویلێکی نــەحوی هەیــە دەیکــا بــە مــێ، وشــەیەکی لــە چووککردنەوە (تصغیر)دا بـوو بـە مـێ، هـەر بـە مـێ حیسـاب دەکرێت، ئیتر لەم بەیتەدا دەبێ بڵێین نالی قورئانی بەلاوە ناوە لەبەر نەحو) (45).

بە بۆچوونی من تەفسیرەکەی مامۆستایان لە بەیتی یەکەم تەفسیرێکی زۆر دەقیق و ورد و لەجێیە، هەردوو خوێندنەوە واتە: مەعنا ئاشکرا و مەعنا شاراوەکەیان زۆر بە ژیری و بە زیرەکیی دەرهێناوە.

لە بەیتی دووەمدا نالی دەڵێ: پیاو خەریکیی گەورەکردنی سکی ژنە، ژنیش خەریکی وشك کردن و ئاو دەرهێنانە لە پیاو.

مەبەستیی قسەکردنی ئێمە سەبارەت بە پرۆسەی سێکس لە دیوانی نالیدا بە تەواوی لەو بەیتەدا دەردەکەوێ:

ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران

ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەك و قەترە هەزار

(واتە: کە پیاو چوو بۆ لای ئافرەت، ئافرەت بە دەمی وەك گوڵخەندەران سووری، کراوەیەوە، لەبەر دەمیا دائەنیشێ، کە ئافرەتیش بێ بۆ لای پیاو، ئەبێ ئەم بە یەك چاو و هەزار دڵۆپەوە هەستێتەوە..) (46) .

ئەو شەرحە خوێنەر تێر ناکا، ئەمە لە لایەك، کەموکوڕی و تێنەگەیشتنێکیشی تێدایە لە لایەکیترەوە، (ئەم بچێ) مەبەست لەو (ئەم)ە پیاو نییە، بەڵکو مەبەست ئەندامی سێکسی پیاوە، (ئەو دادەنیشێ) مەبەست لەو (ئەو)ە، ژن نییە، بەڵکو مەبەست ئەندامی سێکسیی ژنە.. فیعلی (دادەنیشێ) بە مانای ئامادەباشیی و تەواو پێکردن دێتن، بە مانای خۆ مت کردن و تەسلیم بوون دێ.

(دەم وەکو گوڵ خەندەران) مەبەست لە (دەم)، دەمـی ئەنـدامی سێکسیی مێیە، نەك دەمی مـرۆڤ، (وەکـو گوڵخەنـدەران) یـەکێ لە سیفەتەکانی گوڵخەندەران ئەوەیە کە سوورە، هی دووەمیـان ئەوەیە کە ناسکە، سێیەمیان: دەم دەکاتەوە و کە شتێك بچێتە ناوی خۆی دەگوشێ و ئەو شتە هەڵدەمژێ و دەمی دادەخا.

بـە داخـەوە مامۆسـتایان لـە لێکدانـەوەی نـاوی گوڵخەنـدەران تەنیا نووسـیویانە: سـوورە و ناسـکە، کەچـی باسـیی خەسـڵەتی سـێیەمیان نـەکردووە، کـە مەبەسـت لـە بـەکارهێنانی گوڵخەنـدەران لـەو بەیتـەدا تـەنیا خەسـڵەتی سـێیەمە، دەمـی کراوەتەوە کە شتێك دەچێتە ناویی دەیگوشێ و دەمـی دادەخـا، رێك وەکو ئەندامی سێکسیی مییێە لە کاتی پرۆسەی سێکسدا.

(ئەم دەبێ هەسـتێ) مانـای ئـەو رسـتەیە رۆشـنە، مەبەسـت لـە ئەندامی سێکسیی نێرە،((ئەم دەبێ هەسـتێ... هەسـتانەکە بـێ مەکە مەکە، هی ئالەتی پیاوە))(47).. (کـە ئـەو بـێ) تووشـیی کێشەمان دەکات، ( ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ) ئـەو رسـتەیە کۆمەڵێك خوێندنەوەی بۆدەکرێ:

1- (ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بـێ) دەتـوانین (ئـەم) وەك فاعیل دابنێین واتە: ئـەوەی کـە سـێکس دەکـات دەبـێ هەسـتێ و واز لـە پرۆسـەکە بێنـێ، لـەو حاڵەتـەی کـە دەگاتە ئۆرگازموز، (چاو یەك و قـەترە هـەزار) مانـای

ئەو رستەیەش زۆر رۆشنە، ئەوە ئەندامی سێکسیی پیاوە کە یەك چاوی هەیە و هەزار قەترە دەڕێژێ، کەوابێ فاعیل کە (سپێرم – تۆ) دەڕێژێ دەبێ هەستێ و تەواو دەبێ.

2- (ئەم) ئەگەر ئەندامیی سێکسیی پیاو بێ، ئەوا دەبێ هەستێ تا (ئەو) بێ، لێرەدا (ئەو) دەبێتە چی؟ ئەندامیی سێکسیی مێ؟ ئەگەر دامانناکە ئەندامیی سێکسیی مێ دەبێ بێ تا هی پیاو هەستێ ئەوا وای لێدێ: دەبێ ئەندامیی سێکسیی نێر هەستێ کە ئەندامیی سێکسیی مێینە دێ، یا کە ئەندامیی سێکسیی مێ دێ هی پیاو دەبێ هەستێ، دواتر پرۆسەی تەواو بوون یا ئۆرگازموز و تۆ رژاندن دێ.

لە بەیتیی چوارەمدا مامۆستایان ئاوایان شەرح کردووە:

ئەم بە چاو دوڕڕ و بەسەر لەعلی هەدیییە بۆ دەبا
ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار

واتە: (پیاو بە چاوی ، دڵۆپی ئاوی وەك مرواری سپی و بە سەرەکەی سوورایی وەك لەعل ئەبا بۆ ئافرەت، کەچی ئەو لە

پادشا ئەوەنـدە تـف بـە دیارییەکەیـدا هەڵئـەدا وەك پلوسـکە شکاوی تاڤگەی لێ ئەکا)(48).

(ئەم) لێرەشدا مەبەست لە ئەنـدامیی سێکسیی نێـرە، ئـەم بـە چـاو سـپێرم بـۆ ئەنـدامیی سـێکیی مـێ دەبـا، بەسـەر لـەعلی هەدییەی بۆ دەبا، سەری ئەندامیی سێکسیی نێر لە حاڵەتیی سێکسدا سوور دەبێتەوە و وەکو ئەوە وایە سوورایی وەکو لەعل بە دیاریی بۆ ئەندامیی سێکسیی مـێ ببـا.. بـە کـورتیی مانـای نیوەی یەکەمیی بەیتەکە بەو شێوەیە: بە چاو تۆی سـپی وەك دوڕی بۆ دەبا و ، بە سەریش سوورایی وەك لـەعلی بـە دیـاریی بۆ دەبا.

(ئـەو بـە تـف دەیکـا بـە میزابـی شکسـتەی ئابشـار) لـەنێو پرۆسـەکەدا نێـر تـف بـە ئەنـدامیی سێکسیی خـۆی دادەکـا، تـا ئێـــرە زۆر رۆشـــەنە، بـــەڵام کـــە دەگەیتـــە(میزابی شکســـتەی ئابشار)لێڵییەك دێتە پێشەوە، شەرحی دیوانی نـالی لـەم رووەدا توانای تێرکردنی خوێنەری نییە و لە کۆڵ خۆ کراوەتەوە.

وەك لە پێشـتریش نووسـیمان کـە ئـەو تێکسـتەی نـالی هـەڵگری شـتی زیـاترە، ئاڵۆزییـەکی پێـوە دیـارە، ئەگەرچـی ئێمـە بـە کورتیی هەندێ شتمان لەبارەیەوە خستە روو، بـەڵام ئەوەتەیـە بە بۆچوونی کەسێکی وەك مەسعود محەمـەدیش ئـەو تێکسـتە شایانی هەڵوەستە کردنی زیاترە: (خولاسە لەگەڵ تێکـڕای ئـەم

قەصیدەیە و شەرحەکەی دیوان نائارامم.. خوێنـەر بمبەخشێ شتێکی متمانەبەخشم پێ نییە) (49).

بەلاّم ئەوەی کە ئێمە پێیگەیشتین نەختێ جیاترە، چونکە نالی لەو قەصیدەیەدا رێك باس لـە پرۆسـەی بـە ئـەنجام گەیانـدنی سـێکس دەکـات، بـە شـێوەیەکیش کـە وێنـەی چـوونە نـاو و دەرهێنانی ئەندامانیی سێکسیی نێر و مێمان بۆ نمایش دەکات و لـە سـپێرم دەدوێـت و حاڵـەتیی گەیشـتن بـە ئۆرگـازمۆزیش دەخاتە روو.

# بەشی شەشەم

## تەوەری یەکەم

### Homosexuality ـ هاوڕەگەزبازیی

(**Homosexuality** ــ هاوڕەگــەزبازیی) هــەوەس و حــەز و سەرنجڕاکێشــــیی جەســــتەیی و دەروونیــــی و عــــاتیفیی و هەســـتیاریی بـــەردەوامی کەســـێکە بەرانبـــەر بـــە کەســـێکی هاوڕەگــەزی خــۆی، بــە واتایەکیــدی: حــەزکردن و شــەهوەت بزێویی و هەستکردنێکی دەروونیی و عاتیفیی و جەستەیی لە کەسێکەوە بۆ هاوڕەگەزەکانی پێی دەڵێن: (**Homosexuality** ـ هاوڕەگەزبازیی).

جیاوازیی لە نێوانی ئەوانەی کە مـەیلی هاوجنسبازییان هەیـە لەگەڵ ئەوانەی کە مومارەسـەی سێکسیی هاوڕەگـەزیی خۆیـان دەکـەن لەوەدایـە، کـە بەشـێکی زۆری ئەوانـەی ئـەو مەیلـەیان هەیـە بـەبێ ئـیرادەی خۆیـان خـاوەنی ئـەو مەیلـەن، کەچـی بەشـێکیدی ئـەو مەیلـە نائیرادەییـان نییـە کەچـی مومارەسـی سێکسیی لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان دەکەن.

کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی زانستیی کە زاناکانی دەروونناسیی و پزیشکە دەروونناسەکان ئەنجامیان داوە، هۆیەکانی بوونی ئەو حاڵەتە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە حەز و هەست و هەوەسی سێکس لای مرۆڤ کردەیەکی ئیختیاری نییە، واتە: مرۆڤ بە هەوەسیی خۆی ناتوانێ جۆری هەست و حەزلێکردنی سێکسی بە مەیل و ئیرادەی خۆی هەڵبژێرێ، هەر لەبەر ئەو فاکتۆرەشە کە خەڵکی ئاسایی بە شێوەیەکی ئاسایی حەز و هەستی سێکسیی بۆ رەگەزی جیا هەیە کەچی بە پێچەوانەوە کەسانیتر هەن لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان ئەو حەزەیان بۆ هاوڕەگەزیی خۆیان هەیە.

بۆیە دەبینین لە هەندێ دیراسەی باوەڕپێکراوەوە دەرکەوتووە کە 4٪ دانیشتووانیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی واتە: لە کۆی 6 ملیار مرۆڤ 450 ملیۆن مرۆڤ هاوجنسبازن.

هاوڕەگەزبازیی بە تەنیا لای مرۆڤ سنووربەند ناکرێ، بەڵکو وەك بە شێوەیەکی زانستیی و دوکومێنت دەرکەوتووە کە گیاندارانیش ئەو حاڵەتەیان هەیە بە تایبەتیش لای هەندێ لە باڵندە و زەڕافە و مەیمون..

وەك لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەرکەوتووە (Homosexuality ــــ هاوڕەگەزبازیی) لای 1500 جۆری گیانداران بوونیی هەیە و لەوانە 500 گیاندار بە شێوەیەکی بەرجەستە و دوکومێنتی ئەو حاڵەتەیان لە لا سەلمێنراوە.

ئەگـــەر بـــاس لـــە مێـــژوویی (**Homosexuality** ـــــ هاوڕەگەزبازیی) بکەین ئەوا لە ئینجیل و لە قورئـانیش و بـەر لـەوانیش لای یۆنانییـەکان و .. تـاد باسـیی لێـوەکراوە، وەك گێڕدراوەتە قەومی لوت کە لە شوێنی ئێستای دەریای مـردوو دەژیـان بـەو جـۆرە کـارە ئیـدمانیان کردبـوو.. ئەوەتەیـە لـە قورئـان لـە سـورة الشـعراء {{آيـة2|الشـعراء|165}} و الآيـة {{آيـــة2|الشـــعراء|166}} . و في ســـورة الأعـــراف، الآيـــة: {{آيـة2|الأعـراف|80}} و الآيـة : {{آيـة2|الأعـراف|81}}بـە ئاشـکرا بـاس لـە هاوڕەگـەزبازیی کـراوە و تـەحریم کـراوە، لای زۆربەی ئاینەکانیتریش جگە لە بوزییە رۆژئـاوایی و چـینیی و یابانیەکان و بەشێك لە کونفوشیەکان هاوڕەگـەزبازیی قەدەغـە و حەرام کراوە(50).

## تەوەری دووەم

**Homosexuality ـ هاوڕەگەزبازیی و ئەدەبیات:**

**خۆشەویستیی بۆ هاوڕەگەز هێندەی کۆنیی مرۆڤ کۆنە(51).. کەوابێ لەگەڵ درووستبوونیی هونەر و ئەدەییبیاتدا خۆشەویستیی و گوزارشتکردن بۆ هاوڕەگەز لە هونەر و ئەدەبیاتدا رەنگیی داوەتەوە.**

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی گریکی و رۆمانییەکان ئەوا هەمیشە وەك نمونەیەکی هەڵبژێردراو بۆ قسە و باس و لێکۆڵینەوە لەو رووەدا پشکی هەرە زۆری بەردەکەوێ.. لەو سەردەمانەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوڕەگەزبازیی لە لایەن کۆمەڵگاوە قبوڵ کراوەو بە گوێرەی گێڕانەوە مێژووییەکانیش زۆرێك لە مرۆڤە داهێنەر و بە ناوبانگەکانیش هاوڕەگەزباز بوونە، نمونەی هەرە دیاری ئەو بوارەش ئەلێکساندەری گەورەیە.. هەروەها(هیرشفیلد پاش ئەوە ناوی ژمارەیەکی زۆر پاشا و ئیمپراتۆری نێربازی وەك ئەسکەندەری یەکەمی تزاری روسیا، ئیدواردی دووەم پاشای ئینگلتەرا کە بووە قوربانی خۆشەویستی (بیرزجانستون). فردریکی گەورەی پاشای بروسیا، هێنری سێیەمی پاشای فەرەنسا کە دەربارەکەی پڕکردبوو لە منداڵی لووس, و هەروەها لویسی دووەمی پاشا بافاریا دەکات و ناوی زۆر لەو شاعیر و نووسەر و ئەدیبە**

ناسراوانەی ئەوروپا دەهێنێت کە هاوجنسباز بوون، دەیەوێت بۆ خوێنەری روونبکاتەوە کە ئەو جۆرە کەسانە پێویستە بەڕێزەوە سەیریان بکرێت و سیفەتی نەخۆشییان بخرێتە پاڵ نەك تاوانباری، هیرشفیلد دەڵێت:لەجیاتی سووکایەتی و هەڵپەساردن، پێویستە تێگەیشتنمان بۆ رەوشی ئەو لادەرانە هەبێت و سوود لە تواناکانیان وەربگرین, هەروەك چۆن یۆنانییەکان پێشتر دەیانکرد)(52).

کەوابێ هاوڕەگەزبازیی (دیاردەیەکی کۆمەڵگای شارنشینە و لە تەواوی شارستانییەتە کۆنەکانی چین و هیند و یونان و رۆمان و نەوەکانی دوای ئەوان و تا ئێستاش بینراوە و دەبینرێت، مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە نێربازی لەسەردەمی سۆکرات و ئەفلاتون دا واتە سەدەی چوارەم و سێهەمی پێش زاین دیاردەیەکی بەربلاو و باو بووە و یونانییەکان بەکارێکی دزێویان دانەناوە، لەوەش تێپەڕێت یاسای یۆنانی رێگای داوە و پیاوانی دەوڵەت و لێپرسراوان پێیان ئاسایی بووە لەگەڵ (غولام/هەتیو)ەکانیان بچنە شوێنە گشتییەکان..

دەڵێن: کە سۆکرات پێی وابوو کە سەیرکردنی مامۆستا بۆ منداڵ بەچاوی عیشق و خۆشەویستی کارێکی پێویست بووە بۆ گەیاندنی زانست و زانیاری و لەخزمەت پرۆسەکەدا بووە، ئەگەر مەسەلەیەکی وا بۆ سوکرات راستیش نەبێت ئەوە کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە ئەفلاتونی قوتابی سۆکرات

لەدڵـەوە عەشـقی منـداڵ دەبـوو، ئـەو پێـی وابـوو کـە ئاسـاییە پیاوێك عەشقی پیاوێك بێت)(53).

لە کلاسیکیی کۆن و کلاسیکی نوێ و تا بـە ئـەمڕۆش رادەگـات، بەرهەمی ئەدەبیات بە گشتیی و شیعر بـە تایبـەتیی سـەبارەت بـەو تێمەیـە بـوونی هەیـە، بـۆ زانیـاری زیـاتر لـەو رووەدا دەتوانین بۆ ئەم ئەدرێستەی سایتێکی ئینتەرنێت بگەڕێینـەوە (http://en.wikipedia.org/wiki/Homosexualit) کە باس لە ئـەدەبیاتیی هاوڕەگـەزبازیی دەکـات و ئـەم ناوانـەی خـــوارە بەشـــێکن کـــە لـــەو بـــوارەدا کاریـــان کـــردووە، وەك دەردەکـەوێ شـاعیری بـە ناوبـانگی عێراقـی ئـەبو نـەواس لـە سـەرووی لیسـتەکە دێ، ئێمـە دوای نووسـینەوەی نـاوی ئـەو نووسـەرانەی کـە لـەو بـوارەدا کاریـان کـردووە هەوڵـدەدەین نەختێ بە کورتیی لـە ئـەبو نـەواس بـدوێین و دواتـر دەچـینە سەر تێمەی ئەسڵی کە ئەویش هاوڕەگەزبازییە لای نالی:

## ناوی بەشێك لەو نووسەرانەی کە سەبارەت بـە هاوڕەگـەزبازیی نووسیویانە:

A

Abu Nuwas

Nene Adams

Am Rande des Himmels

Jerzy Andrzejewski

Kenneth Anger

Gustl Angstmann

Reinaldo Arenas

W. H. Auden

B

Guido Bachmann

James Robert Baker

F (Fortsetzung)

Carlo Fruttero

Stephen Fry

James Fugaté

G

Christoph Geiser

Sina-Aline Geißler

Jean Genet

André Gide

Allen Ginsberg

Georges-Arthur Goldschmidt

Witold Gombrowicz

Melissa Good

M (Fortsetzung)

Danny Morrison

Murathan Mungan

Mirjam Müntefering

Kurt Münzer

N

Joan Nestle

Nickstories

Stephan Niederwieser

O

Nuala O'Faolain

Jamie O'Neill

Tõnu Õnnepalu

James Baldwin

Clive Barker

Djuna Barnes

George Baxt

Jaime Bayly

Alison Bechdel

Gad Beck

Louis Begley

Guðbergur Bergsson

Ulrich Berkes

Das Bildnis des Dorian Gray

Marie-Claire Blais

Dirk Bogarde

Jane Bowles

Paul Bowles

Marion Zimmer

Frank Goyke

Juan Goytisolo

Judy Grahn

Julien Green

Jim Grimsley

Detlef Grumbach

Hervé Guibert

H

Gino Hahnemann

Joseph Hansen

Bertha Harris

Joachim Helfer

Patricia Highsmith

Magnus Hirschfeld

Peter Ralf Hofmann

Joe Orton

P

Camille Paglia

Pier Paolo Pasolini

Cristina Peri Rossi

Roger Peyrefitte

Felice Picano

Richard Plant

August von Platen-Hallermünde

Minnie Bruce Pratt

Rosa von Praunheim

Marcel Proust

Manuel Puig

James Purdy

Bradley

Harold Brodkey

Sylvia Brownrigg

Anthony Burgess

William S. Burroughs

Judith Butler

C

Pat Califia

Truman Capote

Edward Carpenter

Mohamed Choukri

Carlo Còccioli

Jean Cocteau

Dennis Cooper

Albert Cossery

Andrew Holleran

Alan Hollinghurst

Heinrich Hössli

I

Christopher Isherwood

J

Hans Henny Jahnn

Rudolf Jung (Autor)

K

Arthur Knebel

Bernard-Marie Koltès

Friedrich Kröhnke

Elisar von Kupffer

R

Marguerite Radclyffe Hall

Friedrich Radszuweit

John Rechy

Reimut Reiche

Christa Reinig

Felix Rexhausen

Anne Rice

Christopher Rice

Keith Ridgway

Arthur Rimbaud

Catherine Robbe-Grillet

Michael Roes

Alma Routsong

Jane Rule

Noël Coward

Hart Crane

Quentin Crisp

Michael Cunningham

D

Martin Dannecker

Abha Dawesar

Samuel R. Delany

John D'Emilio

Lutz van Dijk

Emma Donoghue

Alfred Douglas

Norman Douglas

Dykes to Watch Out For

Hanif Kureishi

L

Friedo Lampe

Josh Lanyon

Rüdiger Lautmann

David Leavitt

John Lehmann

Amy Levy

Erich Lifka

Håkan Lindquist

Audre Lorde

Mabel Dodge Luhan

M

John Henry Mackay

Christian von Maltzahn

S

Umberto Saba

Mário de Sá-Carneiro

Sappho

Asta Scheib

Ronald M. Schernikau

Peter Schult

Melissa Scott

Wolfram Setz

Shyam Selvadurai

Hans Siemsen

Charles Silverstein

Mike Soper

Stephen Spender

Andreas

E

Heinrich Eichen

Vilhelm Ekelund

F

Lillian Faderman

Karen-Susan Fessel

Hubert Fichte

Walter Foelske

Katherine V. Forrest

E. M. Forster

Jürgen Friedenberg

Fruttero & Lucentini

Erika Mann

Klaus Mann

Thomas Mann

Andreas Marber

Eric Marcus

Del Martin

Gigi Martin

Armistead Maupin

Hans Mayer

J. D. McClatchy

Carson McCullers

Terrence McNally

Barry McCrea

Karl Meier (Schauspieler)

Willem de Mérode

Steinhöfel

Samuel M. Steward

Straton von Sardis

Howard O. Sturgis

Ron Suresha

John Addington Symonds

T

Abdellah Taïa

Colm Tóibín

Günter Tolar

Michel Tournier

U

Grete von Urbanitzky

V

Urvashi Vaid

Detlev Meyer

Mishima Yukio

Henry de Montherlant

Fritz Morgenthaler

Ruth Vanita

Gore Vidal

W

Michael Warner

Sarah Waters

Edmund White

**هەروەها لەسەردەمی عەباسییەکانیش: ئەو شاعیرانە بە ئالآی ئەو بوارە دادەنرێن:** والبة بن الحباب، الحسين بن الضحاك، مصعب الكاتب، ابي جفنة الرقاشي، عمرو بن الملك الوراق، الثرواني الكوفي، العبادي..تاد)

**لە هەموو ئەو ناوانەی کە لە سەرەوە نووسیمان لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتیی چەند دێڕێک سەبارەت بە ئەبو نەواس بنووسین:**

**ئەبو نەواس یا ئەلحەسەن کوڕی هانی ئەلحەکمی ئەلدیمەشقی شاعیری عەرەبی ئەهوازی یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرانی سەردەمی عەباسییەکان، لە ساڵی (757 ی زایینیی لە ئەهواز لە باوکێکی عەرەب و دایکێکی فارس لە دایکبووەو لە 815 زایینی مردووە). ئەبو نەواس لە سەردەمی هارونە رەشید**

ژیاوەو یەکێك بووە لەوانەی کە لە چیرۆکی 1001 شەوە ناوی وەك هاورێی هارونە رەشید هاتووە.
دوای بەزینی مەروان لە شەڕی (ئەلزاب) خانەوادەی شاعیر بۆ بەصرە گواستیانەوە، ئەبو نەواس لەو سەردەمەدا تەمەنی دوو ساڵان بووە، هەندێکیش دەڵێن: شەش ساڵان بووە، لەو سەردەمانە لە دوکانی عەتاریدا کاری کردووە.
لە بەصرەوە چوونەتە کوفە و لەوێ (والبەی کوڕی ئەلحەبابی ئەسەدی کوفی) ناسیووە کە یەکێکە لە ئەستێرە درەوشاوەکانی شیعری هۆمۆئیرۆتیکی عەرەبی، ئەو شاعیرە رۆڵی گێڕاوە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەبو نەواس.
پاشان ساڵێك لە بادیە زمانی خوێندووە و دواتر گەڕاوەتەوە بەصرە و لەوێ لەسەر دەستی گەورە زانایان زانستەکانی شیعر و ئەدەبیاتی خوێندووە(54).
ئەوەی دەمانەوێ سەبارەت بە ئەبو نەواس بیڵێین بیۆگرافیاکەی نییە بەڵکو ئەوەیە کە ((-أبو نواس- بە مامۆستای شیعری نێربازی عەرەب دادەنرێت و شیعرەکانی مەزنترین رەواجیان لای ئەدیبان و کۆڕە گشتی و تایبەتییەکاندا هەبووە و هاودەم و شاعیری دەرباری خەلیفە هارون ئەلرەشید بووە))(55).
بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا هەر لە سەردەمی یۆنانی و رۆمانییەکانەوە تا دەگاتە مێژووی

زووی هیند و ئێران و چین و سەردەمی تەورات و ئینجیل و قورئان و ..تاد هاوڕەگەزبازیی بوونی هەبووە و لە ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی داوەتەوە، ئێمە هەوڵدەدەین لەو بەشەی دادێ سەبارەت بە هاوڕەگەزبازیی لە دیوانی نالی چەند سەرنجێك بخەینە ڕوو.

## تەوەری سێیەم

**هاوڕەگەزبازی لە دیوانی نالی دا:**

**بـوونی بێئرادەیـی لـە ئیختیـاری ئـارەزووی سێکسـیی لای مـرۆڤ تـا رادەیـەکی زۆر پەیوەسـتە بـە رادە و ریـژەی نێـر یـا مێیایەتیی لە نێـر و مێـدا، (دیـارە تێگەیشـتنی راسـتییەکان وا گــران نابێـــت گـــەر زانییمـــان تاقیکردنـــەوە زانســـتیەکان سەلماندوویانە کە پیاوێـك نییـە بـەمانای تـەواوی وشـەکە پیـاو یاخود نێـر بێـت، بـۆ ژنـیش بەهـەمان شـێوە مەسـەلەکە وایـە، واتە رێژەی نێرایەتی و مێیایـەتی لای هیچیان 100٪ نییـە و هەریەکەیان بەشێك لەم و بەشێکی لەوی تری تیایە، بۆ نمونـە: پیـــاو هەیـــە رێـــژەی نێرایەتیەکـــەی 85٪ ە و 15٪ ی تـــری مێیینەیە، ئەو رێژەیەی کە کەمی و زۆرییەکەی کاریگـەری لـە ئارەزوو و سروشت و ئاکاری سێکسی مرۆڤەکە دەکات، هەربۆیە بوونی ئەندامی سێکسی نێرینە لـە پیاوێکدا مـەرجی پیـاوەتی تەواو و کـاملّی نێرینـەیی سێکسـی ئـەو پیـاوە ناگەیـەنێت، زۆر رێدەکەوێت کەسێکی وا لە شکلّی پیاوەتیـدا ئاکـاری ژنانـەی لـە رۆشتن و قسەکردن و جل لەبەرکردن و تەنانەت لـە ئـارەزووی سێکسیشدا هەبێت)(56).**

**هەندێجار و لە هەندێ شوێندا نائاگایی زالّ دەبـێ لـە پرۆسـەی نووسیندا، لەو حالّەتەدا کۆمەڵێ شـتی شـاراوەی نێـو مێشـك و**

**دەروون تەرجەمـــەی حـــەرف و وشـــە دەبـــن و نهێنییـــەکان دەردەخەن، لە چەند بەیتێکی قەصیدەی:**

**عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیلا کچ**
**شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەزرا کچ**
**ل** 157-163

**ئەوەی گومانی تێدا نییە لەو تێکستە ئەوەیە کە مەسەلەی هۆمۆسـێکوێل وەك تێمەیـەك وروژاوەو باسـکراوە، بۆتـەو چوارچێوەی ئەتمۆسفێری ئەو تێکستە باس لە بەراوردکردنی نێوانی کوڕ و کچە، ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو ژینگەیەی نالی تێیدا ژیاوە هاوجنسبازیی تێیدا بابەت بووە، هەر ئەو هۆیەش وایکردووە کە نالی ئەو قەصیدەیە بنووسێ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی ئێمە بێ ئەوەیە کە نالیش لە ڕێگای ئەو بەراوردەی کە دەیکات بۆچوونی خۆیمان لەو ڕووەدا بۆ دەخاتە ڕوو، جا ئەو خستە ڕووە لە ئاگایی یاخود نائاگایی بووبێ..**

**بایێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازی، بەس**
**نالی چییە ئەو بابە: ئادەم کوڕ و حەوا کچ**

عەشقی مەجازیی یا خۆشەویستیی سێکسئامێز، تەنیا دەبێ لە نێرەوە بۆ مێ و لە مێشەوە بۆ نێر بێ، چونکە لە ئەسڵەوە هەر وابووە، ئادەم کوڕ بووە و حەواش کچ، کەوابێ نابێ نێر لە گەڵ نێر، یاخود مێ لەگەڵ مێ عەشقی مەجازیی ئەنجام بدەن.
ئەو بەیتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو قەصیدەیە دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتیی هاوڕەگەزبازیی ئەمە لە لایەك، نالی بۆچوونی خۆیشمان پێڕادەگەیەنێ کە لەگەڵ هاوڕەگەزبازیدا نییە لە لایەکیترەوە.
بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەیتەکانی پێشووتری ئەو شیعرە ئەوا شتێکیتر هەڵدەکرێنین جیا لە تێڕامانی نالی لە بەیتی کۆتایی جا ئەمە لەبەر هەر هۆیەك بووبێ:

کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ

کوڕ جوانیی قوتابخانەیە، کچ مۆمی تاریکستانە.. بۆ بەزمی تەماشاکردن کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنیایی و پێکەوە بوونیش کچ..
کوڕ جوانە و بۆ بەزمی تەماشاش خۆشە، یەعنی چی؟ ئایا بۆ عیشقێکی سۆفیگەریانە کوڕ خۆشە؟ ئایا مەبەست لە عیشقی

تەصـەوف لێـرەدا ئەوەیـە تەماشـای کـوڕ بکـەیت و لـەززەت لـە جوانییەکانی ببەیت دوور لە عیشقی مەجازیی؟ هـەر چـۆنێك بێت ئێمە لێرەدا کار لەناو گوتنی گوتـراوێك دەکـەین کـە دەڵـێ بۆ بـەزمی تەماشا کـوڕی جـوان خۆشـە.. ئەگـەر لـەو بەیتـەش نەمانتوانیبێ عەکسی بۆچوونی بەیتی کۆتایی بسەلمێنین ئـەوا لەو بەیتە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کـە لـە چـەند بـەیتێکی نێـو ئەو شیعرە لە نائاگایدا هەندێ شتی درکاندوە:

کوڕ ئایینەیی حوسنی، تا وەك کچە، مەنزورە
گرتی کە غوباری مو چینی کوڕ و مینا کچ

(واتە: ئاوێنەی جوانیی رومەتی کـوڕ تـا وەك هیـی کـچ وایـە و موی لێنەهاتووە، بۆ تەماشاکردن ئەشێ. بەڵام کـە تـۆزی گەنـە توکی لێنیشت، وەك قاپی فەخفوریی لێ دێ، کەچی کچ هەر بە شووشەیی خۆی ئەمێنێتەوە و هیچی لێ نایە)(57).
ئەگـەر ئێمـە ئـەو بەیتـە بـە شـێوەیەی پەخشـان دابڕێژینـەوە ئاوای لێ دێ: کوڕ تا هێشتا هەر وەکو کچە ئاوێنـەی جوانییـە و جێگـای تەماشـاکردنە، بـەڵام کـە غوبـاری مـو کـوڕی داپۆشـی (چینی کوڕ)و (مینا)کچ.
چینی بە قاپی فەخفوری و مینـاش بـە شووشـە لێکدراوەتـەوە لـە دیوانـدا، مـن گومـانم لـەو لێکدانەوەیـە هەیـە، چـونکە

دەلالەتـــەکانی فـــەخفوری و شووشـــە زۆر لـــە جـــێ نییـــە بـــۆ بـەراوردکردنی کـچ و کـوڕ لـەو بەیتـە، هـەر چـۆنێك بـێ ئـەوا باسی ئێمە نییە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کـە لەو بەیتـەدا بـە ئاشکرا دیـارە نـالی دەڵـێ: تـا کـوڕ وەك کچـە و هێشـتا مـووی لێنـەهاتووە و رووی وەك ئاوێنـە وایـە جێگـای تەماشاکردنە، تەماشاکردن واتـە: گـەڕان بـە ناویـدا و لـەززەت لێبردنی، جا ئەو لەززەت لێبردنە لە خانەی عیشقی مەجازی یا عیشقی صـۆفیانەدابێ، لـە هـەردوو حاڵەتـدا ئێمـە دەکەوینـە بەرانبـەر بـەیتێك کـە بـۆنی ئـارەزوو بزوانـی سـەبارەت بـە هاوڕەگەز لێدێ.

لـە بـەیتی دوای ئـەو هەمـدیس جـەخت لەسـەر لووسـیی و خۆشیی کوڕ دەکاتەوە و دەڵێ:

کوڕ تازەو تەڕ، مادەم سادە وەك خوشکی بێ
ئەمما کە روا سەبزە، دیبا کوڕ و، زیبا کچ

کوڕ ئەگەر تازەو تـەڕ بـێ وەکـو خوشـکیی و مـووی لێنـەهاتبێ ئەوا خۆشە و ئارەزوو دەبزوێنێ، بەڵام کـە مـووی لێهـات وەکـو ( دیبا = قوماشیی نەخش لێکراو)(**58**)ی لێـدێ، کـە قوماشـی نەخش لێکراویش شتێکی ناشرین نییە.

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ نالی لەو بەراوردەیدا کوڕی تازە پێگەیشتووی موو لێنەهاتووی گەیاندۆتە ئاستی کچ هەم لە جوانیی و هەم بۆ تەماشاکردن و لەززەت لێبردنی..

بە کورتی: لەبەر ئەو روونکردنەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو شیعرەی نالی دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتی هۆمۆسێکسوێلیتێت، جگە لەو شیعرەش دەکرێ هەڵوەستە لەسەر چەند بەیتێکیتری نێو دیوان بکەین کە شایەنی خوێندنەوەی جیدیترن لەوانەی کە پێشتر بۆیان کراوە، چونکە زۆرجار و لە زۆر شوێندا دەردەکەوێ کە تەفسیری مامۆستایان بە باکگراوەندێکی عەقیدەیی دیاریکراودا کراوە، بۆ نمونە لەو غەزەلەدا:

ئەڵلاٌ..ئەڵلاٌ..کە چ عەقڵ و کەماڵێکی هەیە
لەگەڵ ئەو عەقڵ و کەماڵە چ جەماڵێکی هەیە

دڵڕفێنێکە لە بۆ مەدحی، سەراپایی ئەوێ
واجبە مەدحی بکا هەرچی کە ماڵێکی هەیە

ئەهلی ئەم شارە هەمو نۆکەر و ئەتباعی ئەون
یوسفی میصرە، عەجەب جاهـ و جەلالێکی هەیە

**گەر خەیاڵی دەهەنی بێنمە نێو ئەم غەزەلە**
**دێن دەڵێن ئەم غەزلە وردە خەیاڵێکی هەیە**

**خەتی سەبزی لە کەناری لەبی، نالی هەروەك**
**خدری زیندە لەسەر چاهە، زولالێکی هەیە** ل571-572

**هەر لە دەستپێکی شەرحەکە مامۆستایان دەڵێن:(ئەگەر جوانی و تێگەیشتن پێکەوە لە ئافرەتێکدا کۆ ببنەوە، ئەو ئافرەتە ئەبێ بە نمونە..تاد)**(59).
**ئەگەر بە وردی لەو غەزەلە بڕوانین هیچ ئاماژەیەك بۆ بوونی ئافرەت نادۆزینەوە، کەچی دەکرێ بەڵگەی دژ بەو بۆچوونە بێنینەوە، ئەوەتە لە نیوەی دووەمی بەیتی سێیەم دەڵێ: یوسفی میصرە، عەجەب جاهـ و جەلالێکی هەیە.. پرسیار لێرە ئەوەیە بۆچی نالی ئافرەت**
**بە یوسفی میصر دەچوێنێ؟ لەگەڵ ئەوەش کە ئێمە هیچ گومانێکمان لە زانیارییێکی پڕی نالی نییە ئەمە لە لایەك، لە لایەکیترەوە نالی سەلماندوویەتی کە هێندە باڵادەستە لە سنعەتسازیی شیعری کە بە هیچ شێوەیەك دەستەو ئەژنۆ ناوەستێ لە بەرانبەر دۆزینەوەی بەدیل.. ئەگەرچی لە کلاسیکدا وا تەفسیر کراوە هەندێ جار خودا دەکەنە لەیلا و خۆشیان بە مەجنون، یاخود لێوی خودا دەمژن و ..تاد بەڵام**

لـە رووی ئێسـتێتیکییەوە هەمیشـە شـوبهاندنی خۆشەویسـتی ئافرەت بە کلیۆپاترا جوانترە لە یوسفی میصر.
بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە باسـی (خـەتی سـەبزی کـەنار لـەب) دەکا، زۆر ئالەت و ئەدەواتیتر هەیە کە نالی بۆ گوزارشتکردن لە ئـافرەت دەتـوانێ بـەکاریان بهێنـێ، کەچـی بـاس کردنـی سمێڵ(گەنەمووی سمێڵی تازە دەرهاتووی) ئافرەت، باوەڕ ناکـەم لە هیچ سەردەمێکدا بە شتێکی جوان تەماشای کرابـێ، لەگـەڵ ئەوەشدا ئەو گەنـە مـووە یـا سمێڵی تـازە رواو لـە زۆر شـیعری تری نالی بە کار هاتوون کە بۆ پیاوی نووسیون:

موشەخخەص لەشکری خەتت لەسەر تەخسیری بالآیە
کە تورەی (میری میران)ت نیشانەی سەبتی توغرایە

خوصوصەن هیندووی خەتی بەیازی رویی (مەحمود)م
لـە مـوڵکی (رۆم)ەدا ئیسـتەیش (خەلیفـە)ی شـاری (بەغدا)یـە
ل565

لە هەردوو بەیتدا (خەتی سمێڵ) باس کـراوە، بێگومـان لێـرەدا لە پیاو دەدوێ وەك دیار و رۆشەنە.. جگـە لـەو دوو بەیتـە لـە بەیتی:

کوڕ تازەو تەڕ، مادەم سادە وەك خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە، دیبا کوڕ و، زیبا کچ

دیسان (سەبزە)ی بەکارهێناوە، کە ئەوەشیان بەڵگەیەکیترە کە نالی ئەو بەیتەی بۆ سەبزەی ئافرەت نەنووسیوە بەڵکو زیاتر بەلای پیاودا دەشکێتەوە و بۆنی ئەوەی لێ دێ کە ئەو تێکستەی بۆ یوسفێك نووسیبێ کە تازە (خەتی سەبزی لە کەناری لەب)دا رووابێ.. بۆ زیاتر جەخت کردنەوە لەسەر هۆمۆسێکسویلیتێت لە دیوانی نالی دا، پێویستمان بە هەڵوەستە کردنێکە لەسەر شیعری (ئەم تاقمە مومتازە..) و (ئەی قەلعەیی ماهم..)، بۆ شیعری یەکەم (ئەم تاقمە مومتازە..) کە سەرتاپای لە کوڕ و لە جوانیی ئەو تاقمە کوڕە مومتازە دەدوێ، باشترین ڕێگا ئەوەیە بۆ خودی دیوان بگەڕێینەوە، بەڵام من لێرەدا تەنیا لەسەر شیعری دووەم دەوەستم و چەند تێبینیی و سەرنجێك دەدەم:

**1**

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورجی
وەی قوللەیی دوری کە دەڵێی قامەتی عوجی

**2**

وەك قافی زەمین قابیلی ئیکمال و تەرەققیی
وەك بورجی سەما لایقی ئیقبال و عوروجی

**3**

**ئەی ئاهووی نادیدە بە تەئسیری مەهیبی**

**یا گەوهەری ئەصدافی یو یاقوتی دوروجی**

**4**

**بۆ مەجلیس و یاری سەبەبی شەوق و سیراجی**

**بۆ راو و سواری عەلەمی زین و سوروجی**

**5**

**سەد حەیفی لە بۆ کەعبەیی حوسنت کە بە سەریا**

**نەججاشی یی خەت هاتووە نێزیکە خوروجی**

**6**

**هەرچەندە دەکەن قەتعی سەرت، دێیەوە ئەی خەت**

**وەك (هیندووی سەححاری مەجوسی) چ لەجوجی**

**7**

**تەلوینی رەقیبت چ بەیان کەم بە (مەقامات)**

**مەشهورە حیکایاتی (ئەبو زەیدی سوروجی)**

**8**

**مەعلومە لەوێ راز و خوتوری دڵی نالی**

(اذ حل بقلبي، و باسرارہ نوجی)

ل 637-642

ڕۆشنە ئەو شیعرە بۆ کوڕێکی تازە پێگەیشتوو گوتراوە، نالی تا بەیتی پێنجەم لە وەسف و پێدا هەڵگوتندا دەیکا بە قەلعە، مانگ، لووتکە، کێوی ئەفسانەیی قاف، عوج، ئیکمال، ئاسك، مەهیب، صەدەف، دوروج، سیراج..تا گەیاندوویەتیە ئاستی پێغەمبەری ئیسلام، (ئەی پایە بەرز وەك بورجی ئەستێرەکانی ئاسمان، کە شایانی ئەوەی رووت تێبکرێ و شان و شکۆت زۆر ببێ وەك چۆن پێغەمبەر سەرکەوت بۆ ئاسمان..تاد)(60).

لە بەیتی پێنجەم نالی ئاخ هەڵدەکێشێ و زۆر دلگیرە کە کەعبەی حوسنی یا رووخساری کەعبەئاسای برادەرەکەی مووی لێدێ و ئەو هەموو جوانیی و درەوشاوەیی رووی بە موو رەش دەبێت و جوانییەکەی جارانی سەردەمیی لووسییەتی نامێنێ، پرسیار ئەوەیە: بۆچی نالی شیعر بۆ منداڵکی لووس دەنووسێ و خەفتبار و غەمباریشە کە رووی ئەو برادەرەی بە موو دادەپۆشرێ؟ ئەگەر بمانەوێ بە گوتنێکی خۆی وڵامبدەینەوە ئەوا لەو گوتنەدا بۆمان روون دەکاتەوە و وەلامێکی پڕ بە پێستمان دەداتەوە:

کوڕ ئایینەیی حوسنی، تا وەك کچە، مەنزورە
گرتی کە غوباری مو چینی کوڕ و مینا کچ

لــه تــەواوی بەیتــەکانی کــە لــە کــوڕ دەدوێ یــا بــۆ کــوڕ نووسیوویەتی نالی جەخت لەسەر لووسیی رووخسار و گۆنـای کوڕ دەکات و موو یا ریش لێهاتنیش بـە ناشرین و ناپەسـەند دەزانێ.

لـە بـەیتی شەشـەمدا هەمـدیس روو بـە رووی ئـەو عوقدەیـە دەبینەوە:

هەرچەندە دەکەن قەتعی سەرت، دێیەوە ئەی خەت

وەك (هیندووی سەحاری مەجوسی) چ لە جوجی

هـەر چـەندە سـەرت دەبـڕن ئـەی مـوو هـەر دێیتـەوە، وەکـو جادوگــەریی هینــدی هــەر چــەندە ســەرت لــە جەســتەت جیادەکەنەوە هـەر چاك دەبیتـەوەو سـەر دەردەکەیتـەوە، وەك دەردەکەوێ ناخۆشحاڵە کە بـرادەرە گەنجەکـەی سمێـڵ و ریشـی هـەبێ، ئـەوەش دەمانگەیەنێتـە ئـەنجامێك کـە نـالی بـە هـەر هۆیەك بووبێ کەسێکە کـە تێکستەکانی لـە بـواری ئـەدەبیاتی هۆمۆسێکسوێلیتێت لەنێو ئەدەبیاتی کوردیـدا شـوێنێکی بـالاّ و پایە بەرزییان هەیە.

کورتتر بڵێین: یەو نمونانـەی کـە هێناومانـەوە دەردەکـەوێ کـە نـالی بناغـە و سـەرەتای ئـەدەبیاتی هۆمـۆی لـەنێو ئـەدەبیاتی

**کوردی داناوەو دارِشتوە، کە ئەوەشیان لایـەنێکیتری داهێنـەریی نالی لەنێو شیعری کوردی دەردەخا.**

## بەشی حەوتەم:

**- لە نەحو و صەرفی ئەداتی مەپرسە..**

**سەرەتای کۆتایی:**

**لە دیوانی نالی ئەوەی کە پەیوەستە بە پۆڕنۆگرافیا و ئیرۆتیك و پرۆسەی ئەنجامدانی سێکس و ..تاد باسکرا، بێگومان هەموو سەرەتاییێك کۆتاییێکی هەیە، ئەو خەتەی کە ئێمە لە دیواندا هەڵمانبژارد و سەرەتایەکەمان دەست نیشان کرد، خاوەنی کۆتایشە.**

**کۆتایی ئەو سەرەتا و ناوەڕاست و پێش کۆتاییەی کە لێیدواین لەو شیعرەدا دەیبینینەوە:**

**شەوی بەهاری جوانی خەوێ بو پڕ لە تەشویر**
**لە فەجری پایزی پیری بەیانی دا تەعبیر**
ل204-217

**یەکێ لە سەرنجڕاکێشیترین شیعری نالی بەتایبەتیش لە بواری بالادەستیی لە خولقاندن و سنعەتی شیعری و رەوانبیژی و ..تاد ئەو تێکستەیە..(ئەم پارچە شیعرە بەرزە و پڕ ماناکانی نالییە و دیارە هی سەردەمی پیریشیەتی و، یەکێکیشە**

لەو پارچە کەمانەی شیعری ئەو و تێکڕای شیعری کلاسیکیی کوردی)(61).

ئەو شیعرە لە (19) بەیت پێکهاتووە، تا بەیتی 13 باس لە پیری و عومری بەسەرچووی خۆی دەکات و لە ئەندامە پەککەوتوەکانی جەستەی دەدوێ، تا دەگاتە بەیتی 14 و لەوێدا دەگاتە سەر باس کردن لە بەسەرچوون و سەرەتای کۆتایی ئەندامی سێکسیی خۆی، بەڵام بەشێوەیەك کە تەنیا کەسانێکی بە توانای وەك مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی کوڕی نەبن تێیناگەن..

لە نەحو و صەرفی ئەداتی مەپرسە ئەی موعریب

کە رەفع و نەصب و جەڕ و جەزمە ئالەتی تەقریر ل212

(ئەی ئەو کەسەی سەر و ژێر ئەکەی بە ئافرەت، باسی روپێ کردن و رو پێ لادانی (هینەکەمم) لێ مەپرسە، کەڵکی ئەوەی پێ نەماوە.بە هەستان و قنج بونەوە و راکێشان و تەواو کردنا دەرئەکەوێ کەسێك ئەو سەر و ژێر پێ کردنەی لە توانا دابێ یا نە، خۆ منیش ئەوانەم نییە) (62).

ئەوەی لەو بەیتە دەردەکەوێ بە ئاشکرا دیارە کە نالی ئەزموونی لەگەڵ ژنـدا ئەزموونێکی واقیعەیە و دوورە لە فەنتازیا و خەیاڵی رووت و موجەڕەد، ئەوەش دەمانگەیەنێتە

ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: ڕەنگە ژنی هەبووبێ یا لەگەڵ ژنێك ژیابێ، چونکە لەو خەتە ئیرۆتیکییەی کە لە دیوانەکە دەرمان هێناوە، هەموو قۆناغەکانی سێکسی تێدایە، هەر لە ماچکردنی کوڵمەوە تادەگاتە مردنی ئەداتی نەحو و صەرفی.

وەها سەقیم و موجوززا عەوامیلی ئەجزا
کە ئالەتی عەمەلی نەحوی مەحوی صەحوی زەمیر

لەو سێ مەعناو تەفسیرەی مامۆستایان کە بۆ ئەو بەیتەیان کردووە، ئێمە تەنیا یەکێکیان دەنووسینەوە:( ئەندامە ئیش کەرەکانی لەشم وا نەخۆش و پەککەوتون و پەیوەندیان بەیەکەوە بڕاوە، وەك ئەوەن کە چۆن هۆی (کردن)یشم بەرەو ئەوە ئەڕوا توانای (هوشیار) بونەوە لە شاراراوەکەم بستێنێ)(63).
ئیدی لە هەموو بەیتەکانیتری 16 – 17- 18 – 19 هەمان حاڵەتی پەککەوتەیی ئەندامی سێکسیی خۆی دووبارە دەکاتەوە و جەختی لەسەر دەکاتەوە، تەئکیدی ئەوە دەکاتەوە کە ناتوانێ ئیدی پرۆسەی سێکس ئەنجام بدات، تا دەگاتە ئەوەی بڵێ:(هینەکەی
وەك ئەلفەکەم ئەوەندە بێ کارە و پەککەوتەیە کەس نایناسێ و ناتوانم بە کەسی بناسێنم، هینەکەم کە جاران وەك ئالایێ

قنج بو، وەك شتی كەی لیٚ هاتووە و كیریش بووە بە هاوسەری تەن واتە لەش و لیٚی جیانابیٚتەوە بڕوا بۆ جیٚیەك)(64).

بەو شیٚوەیە سەرەتاییٚكی پڕ لە بزاوت و ئیٚنەرژی و چالاك بەرەو لاواز بوون و بیٚهیٚزیی و پەككەوتەیی هەنگاوی نا و ئیٚستا ئەشكی پڕ لە خەم و فیغانی بۆ دەڕیٚژیٚ، ئەوەتەیە بە خۆی ئیعتراف بەو مەرگە دەكات و كیری وەك عەلەمی پیٚشووتری ئیٚستا ئەوەندە بیٚكار و پەككەوتەیە كە هیچ كەسیٚك نایناسیٚ:

ئەلیف نەكیرەو و بیٚگانە، نایەتە تەعریف
عەلەمی موشابیهی غەیر و مولازیمی تەنكیر

# ئەنجام:

لەو باسەدا گەیشتووینەتە چەند ئەنجامێك، هەوڵدەدەم لێرەدا بە خاڵ دەستنیشانیان بکەم:

1- لە دیوانی نالی دا تەنیا لەسەر تەنیا تاکە هێڵێك کار نەکراوە، بەو پێوەرەی کە ئێمە خەتێکی دوورودرێژمان دەرهێناو دەستنیشانکرد کە لە ئیرۆتیك دەدوێ، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەریتر هاتوونە و قسەیان لەسەر لایەنەکانیتری وەك: تەصەوف، حیکمەت، عەروز..تاد کردووە کە هەر یەك لەو تێمانەش بەشێکی گرنگی دیوانی نالیان بۆ خۆیان قۆرخکردووە.

2- نالی وەك هەر یەکێکیتر مرۆڤ بووە، لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکیتر بیرراو بۆچوون و رامان و تەماشاکردنی بۆ دنیا گۆڕاوە، واتە کەسێکی خاوەن عەقیدە و باوەڕێکی جێگیر نەبووە.

3- تا ئێستا هیچ دیراسەیەکی کوردیمان نەبینیوە کە کاری لەسەر هێڵی ئیرۆتیك و پۆرنۆگارافیا لە سەرلەبەری دیوانێکدا کردبێ و توانیبیەتی بگاتە ئەو

ئەنجامەی کە ئێمە پێیگەیشتووین، وەك دەبینین نـالی خاوەنی جیهانێکی کامڵ و تەواوە لەو رووەدا، ئەوەتـە لە ماچی کوڵمەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە مژینی لێـو و خواردنـــەوەی ئـــاوی دەم و مـــەمك مـــژین و مومارەسـەی سـێکس و هۆمۆسێکسوێلیتێت و مردنـی ئالەتی سێکس، ئەو تەکامولیە لەو رووەدا بـە تـەواوی لەو باسەی ئێمەدا سەلمێنراوە.

4- لـەو جیهانـەی نـالی دا کـە ئێمـە کردوومانەتـە باسـی لێکۆڵینەوەکـەمان، گەیشـتووینە ئـەنجامی ئـەوەی کـە نالی بە یەکێ لە دامەزرێنەرانی یاخود هەر بە خـودی دامەزرێنەری ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی یـا هۆمـۆئیرۆتیکی کوردی دادەنرێ.

5- زمانی نالی لە باسکردنی ئیرۆتیك و سێکس و هۆمۆ لە ئاستێکی زۆر بەرز دایەو هـەرگیز دایرێکت و ئاشـکرا شتەکان نادرکێنێ، لە هەنـدێ بـەیتی ئـەو قەسـیدەیە نەبێ کە بۆ مەستوورەی نووسیوە.

6- تێکسیتەکان پێمان دەڵێن کە دەقنووس کەسێکی بـە پـراکتیـك شـارەزایە لـە سـێکس، ئـەوەش دەرگایـەك دەکاتەوە بۆ چوونە نێو ژیانی خێزانیی و گەیشتن بە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی کـە ئـاخۆ نـالی ژنـی هـەبووە

یاخود نا، بەو واتایە کە لە ڕێگای شیعرەکانەوە ژیانی تالی بخوێنیینەوە.

7- بەو شێوە کارکردنەی ئێمە دەتوانرێ سەبارەت بە دنیای دینی دیوانی نالی کار بکرێت و ئەو جیهانەشی ئاشکرابکرێ و بزانرێ ئاخۆ ئەویش بە هەمان شێوە خاوەنی دنیایەکی کاملّی بە دەسپێك و ناوەند و بەر لە کۆتایی و کۆتاییە..نەك هەر بە تەنیا سەبارەت بە دنیای دینی بەڵکو هەموو دنیاکانیتری دیوانی نالی.

8- نالی کەسێکی بە جورئەت بووە، بە بوێری و ئازایەتییێکی زۆرەوە بە بێ گوێدانە کۆمەڵگە و بازنەکانی کۆمەڵگە و ترادتسیۆن سەبارەت بە ئیرۆتیك و سێکس و هۆمۆ گوزارشتی لە هەست و دڵ و ڕۆح و جەستەو روئیا و تێڕامانی خۆی خۆی کردووە.

9- زانین و زانیاری تەواوی سەبارەت بە ئیرۆتیك و سێکس و هۆمۆ هەیە نەك هەر بە تەنیا لە رووی تیۆرییەوە، بەڵکو دەردەکەوێ لە رووی پراکتیکیشەوە هەمان زانیاری و ئازمایشی هەبووە..

10-ئەوەی ئێمە لەو باسەمان کردوومانە، کارێکی خێرایە لەسەر ئەو هێڵە، دەکرێ وردتر و جددیتر لەو رووەدا کار بکرێ.

## سەرچاوە

1- لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرە ئاینیی و سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی نالی، د.عەبدوڵڵا خدر مەولود،هەولێر2007 چاپخانەی ئاراس، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری رامان ل 122

2- دیوانی نالی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، بڵاوکردنەوەی کوردستان ،چاپی پێنجەم ، سنندج،پاژعزتی.. ل 304

3- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ل 299

4- هەمان سەرچاوە، ل 547

5- هەمان سەرچاوە، ل 53

6- چەپکێ لە گوڵزاری نالی، مەسعود محەمەد،دەزگای ئاراس، چاپی دووەم،ساڵی چاپ 2007، ل 15

7- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل 25

8- چەپکێ لە گوڵزاری نالی، مەسعود محەمەد، ل17

9- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل24

10- ویکیپیدیا **Eros - der griechische Gott der Liebe -**

11- (Erotische Literatur) ویکیپیدیا

12- الدكتور إحسان هندي..
ئینتەرنێت-http://www.discover-syria.com/news/
13- الدكتور إحسان هندي.. ئینتەرنێت
http://www.discover-syria.com/news/
14- kamsutra ویکیپیدیا، ئینتەرنێت.
15- www.br_online.de
16-
http://www.gekuesst.de/home/liter_zitate.htm
17-
http://www.suffbilder.de/sprueche/zitate/zitate-kuss.html
18-http://www.zitate-online.de/thema/kuss/
19- هەمان سەرچاوە.
20-http://www.kuss.de
21- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل91
22- هەمان سەرچاوە، ل 398
23- هەمان سەرچاوە ل125
24 - هەمان سەرچاوە
25- هەمان سەرچاوە، ل 84.

26- هەمان سەرچاوە، ل86

-27

=http://www.ghrib.net/vb/showthread.php?t

28- هەمان سەرچاوە.

29- هەمان سەرچاوە.

30- هەمان سەرچاوە.

31- هەمان سەرچاوە.

32- دیوانی نالی، مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، ل76

33- هەمان سەرچاوە.

34- هەمان سەرچاوە.

-35

http://de.wikipedia.org/wiki/Weibliche_Brust

36- دیوانی نالی، مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، ل152

37- كتێبی نالی، رێبوار سیوەیلی.

38- دیوانی نالی، مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، ل606

39– كتێبی نالی رێبوار سیوەیلی ل113

40- هەمان سەرچاوە، ل114

http://de.wikipedia.org/wiki/Isaac_Asimov-141
http://en.wikipedia.org/wiki/Pornography-142
http://ar.wikipedia.org/wiki - 43

44- هەمان سەرچاوە.

45- دەستەودامانی نالی، مەسعود محەمەد،چاپی دووەم، دەزگای ئاراس2007 ل 8

46- دیوانی نالی، مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم، ل173

47- دەستەودامانی نالی، مەسعود محەمەد ل 9

48- دیوانی نالی مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم ل174

49- دەستەودامانی نالی، مەسعود محەمەد ل 9

50-
http://en.wikipedia.org/wiki/Homosexuality
http://www.spiegel.de/kultur/gesellschaft/-151

52- كورتە مێژوویێكی نێربازی لە رۆژهەلاّتی ئیسلامدا..كوردیار 2002

53- كورتە مێژوویێكی نێربازی لە رۆژهەلاّتی ئیسلامدا.. كوردیار،سلێمانی 2002

-54
http://www.arabsdurra.com/vb/showthread.p
-hp?t=8554-
55- کورتە مێژوویێکی نێربازی لە رۆژهەلأتی
ئیسلامدا..کوردیار 2002
56- کورتە مێژوویێکی نێربازی لە رۆژهەلأتی ئیسلامدا..
کوردیار

57- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم
ل160
58- هەمان سەرچاوە.
59-هەمان سەرچاوە ل 571
60- هەمان سەرچاوە ل 638
64-هەمان سەرچاوە
62- هەمان سەرچاوە ل 213
63– هەمان سەرچاوە ل214
64- هەمان سەرچاوە ل217

# واتا له شيعردا

# واتا له‌ شیعردا

**به‌شی یه‌كه‌م:**

1- واتا و واتاسازیی.

2- چۆنییه‌نی باسكردنی واتا له‌ دیوانی نالی.

A- تێنه‌گه‌یشتن له‌ واتا:

B- شه‌فافییه‌ت و ئالۆزیی له‌ واتا:

- گۆڕانی شیعر.

- كاریگه‌رییه‌كانی گۆڕانی شیعری ئه‌وروپی.

- واتا له‌ شیعری نوێدا

C- فره‌واتایی:

**به‌شیی دووه‌م**

**گۆڕینی واتا له‌ ئاسته‌كانی زمانی شیعری**

**لای نالی و له‌ شیعری نوێدا**

1- ئاستی فۆنۆلۆژی.

2- ئاستی وشه‌سازی.

## 1ـ واتا و واتاسازی

یەکێ لەو گرفتانەی کە تا ئێستا لەنێو ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و شیعر بە تایبەتیدا بوونی هەیە، نەبوونی تێگەیشتنە بۆ تێگەیشتن لە واتا لە شیعردا، تێنەگەیشتن لە مانا و فرەمانایی و (بێ مانایی = ئاڵۆزیی نائێستەتیکی) لە شیعردا پۆلێن نەکراوە و بەربلاّویی و تێنەگەیشتنێکی بەرچاویش لەو رووەدا هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە بچینە ناو ئەو تێمەیە دەبێ سەرەتا لە واتاسازییەوە دەستپێبکەین، واتاسازیی وەك قۆناغ و ئاستێکی زانستی زمانشوناسی دوا بە دوای زانستی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازیدا دێ، لێرەدا لە پێناسەکردنی واتا و واتاسازیی دەستپێدەکەین و ئینجا دەچینە سەر مەرامی سەرەکیمان.

((-واتا- زۆر لایەنی زمان دادەپۆشێ و تاکو ئێستاش رێکەوتنێکی تەواو لەسەر سروشتی واتاو لایەنەکانی نیە، بۆیە بەچەندین شێوەی جیا پێناسە دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە دەبێت لەسەرەتاوە بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی واتاسازی کە بەچەند شێوەیەك پێناسەکراوە وەك:

لێکۆڵینەوەیە لە واتا.

زانستێکەو لە واتا دەکۆڵێتەوە.

لقێكە لە زمانەوانی و باس لە بیردۆزەكانی واتا دەكات.

لقێكە لە زمانەوانی و لەو مەرجانە دەكۆڵێتەوە كە دەبێ لە هێمادا هەبێ تاكو هەڵگری واتا بێت.

هەموو پێناسەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە واتاسازی (لێكۆڵینەوەیە لە واتا) كە لەگەڵ پێناسەی یەكەمدا یەك دەگرێتەوە، كە پێناسەكەی (جون لاینز)ە و هەر خۆشی دەڵێت: (ئەم پێناسەیە كاتییە بەڵام لەم پێناسەیە گونجاوترمان نییە، نەبوونی پێناسەی واتاسازی بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:

واتا شتێكی بەرجەستە نییە.

بوونی چەند جۆرێكی واتا.

بوونی چەند بۆچوونێك بۆ لێكدانەوەی واتا.

جا بۆ هەر پێناسەیەكی (واتا) دەبێ لە چوارچێوەی بۆچوونەكانی لێكدانەوەی واتا بێت، چونكە هەر بۆچونێك بەجۆرێك پێناسەی دەكات، ئەم بۆچوونانەش تاڕادیەك لە پێناسەی واتا نزیكبوونەتەوە، كەواتە پێناسەیەكی نموونەیی بۆ واتا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بڵاوترین پێناسەی واتا بریتییە لە تێگەیشتنی كەس لە وشە و گرێ و رستە))(1).

لە پێناسەیەكیتری واتاسازید هاتووە كە (واتاسازیی زانستی رێكخستنی ئەلفاز و گوزارشتكردنە بە شێوازێكی دیاریكراو)(2).

کەوابێ واتاسازیی لقێکی زانستی زمان شوناسییە و لە واتا دەکۆڵێتەوە، (واتا) هەر لە کۆنەوە قسەی لەسەر کراوە لە هەموو ئاستەکانی ئاخافتن و ئەدەبیاتی نووسراو و ئاماژە و هێما و زیگنالەکان و ..تاد، ئێمە هەوڵدەدەین لە دەستپێکدا بزانین کە نالی چۆن لە واتا دواوە.. لە رێگای بەیتەکان و گوتاری خۆیدا دید و جیهانبینی ئەو چیبووە بۆ واتا، هەروەها دەبێ دەستنیشانی رۆشنی لە واتا و فرەواتایی بکەین لە دیواندا.

## 2ـ چۆنیەتی باسکردنی واتا لە دیوانی نالیدا

باسکردن لە تێنەگەیشتن و تێگەیشتنی ئەویدی یا لای وەرگر لە دیوانی نالیدا، دۆکومێنتێکە لەسەر بوونی کێشەی واتا لە دیوان و سەردەمی دیواندا، بەو مانایەی شیعری نالی خاوەن کێشەیەکە کە ئەویش کێشەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتنە، بەلاَم ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە لێرەدا وەلاَمی بدەینەوە ئەوەیە کە تێنەگەیشتن لە دیوانی نالیدا لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و نالی چۆن تەماشای مانای کردووە و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ تێنەگەیشتن لە واتای شیعری کردووە و شەفافیەت لە شیعردا چۆن لە دیواندا باسکراوەو فرەمانایی لای نالی چۆنە؟

## A- تێنەگەیشتن لە واتا:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی، ئێستە خەمۆشم   ل280

ئەگەر لەو بەیتە و بەیتی دوای ئەوەش کە هەڵوەستەی لەسەر دەکەین لە زمانی نالی وردبینەوە ئەوا دەبینین، زمانێکی خیتابی راستەوخۆیە و ئامانج تێیدا گەیاندنی پەیامە، پەیامێکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ سرووشت و کەشیی گشتیی دیوان یەکانگیر نابێتەوە، چونکە ئەو بەیتە هەڵگری پەیامێکی دیاریکراوی بەدەرە لە ئامانج و پەیامی شیعر لە پێناوی شیعر.. مەبەست لە شیعر لە پێناوی شیعر ئەوەیە: کە شیعر لە پێناوی ئێستەتیك و قووڵی و فراوانیی هونەرەکانی شیعر و زمان بە گشتیی و واتا بە تایبەتی و ..تاد دابێ.
هۆی نووسین بەو شێوازە لەو بەیتەدا، راستەوخۆ پەیوەندی بە بۆنێردراوێکی دیاریکراوەوە هەیە کە رەنگە لە یەك و چەند یەکێکیش زیاتر بن، (کەس تێنەگەیی) بە واتای کۆمەڵە وەرگرێکی زۆر دێت، بۆیە لێرەدا زمان بەرەو ئاستێکیتر نزم دەبێتەوە کە لە وێستگەی کۆتاییدا دابەزینی ئاستی شیعر و شیعریەت و زمانی لێدەکەوێتەوە.

(ئەم شیعرەی نالی هاوارێکی نارەزاییە لە روی کۆمەڵدا دەری ئەبڕێ، ئەو کۆمەڵەی کە چینی بنەوەی لەبەر بەدبەختی و کوێرەوەری و دواکەوتن نە ئەتوانێ لە هونەری جوان بگا و نە لە ئاستی ئەوەشدایە قەدری هونەرمەند بگرێ، چینی سەرەوەشی تا بینەقاقەی نوقمی رابواردن و ئارەزوبازی و خەڵك چەوساندنەوەی خۆیەتی ..تاد)(3).

بەو شێویە بۆمان دەسەلمێ شیعرەکانی نالی کێشەی ئەوەی هەبووە کە خەڵك تێینەگەیشتوون، خەڵك بە مانای وەرگر دێ، بۆیە لێرەدا دەبێ بپرسین وەرگر کێیە؟

((وەرگر: ئەو کەسەیە کە هوشیارکەرەوەکە وەردەگرێت، لە رێگای (چاو) و (گوێ) و لە مێشکدا شییان دەکاتەوە، جا ئەگەر پەیامەکە راستەوخۆ و ئاسان بوو ئەوا خێرا تێی دەگات ئەگەر ناڕاستەوخۆش بوو ئەوا ئەرکی مێشك قورستر دەبێت، پێویستی بە تێگەیشتنی قووڵ دەبێت کە زۆر گرانەو لە وانەشە ئەستەم بێت بۆیە (وەرگر) پەنادەباتە بەر ئەم سێ قۆناغە:

1- لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی، لە رێگای واتای وشەو لێکدانیان.

2- بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا گوتراوە تا بزانێت دەگونجێت یان نا.

3-ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند ئەوا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ هەندێ زانیاری کەسی و کەلتوری.))(4).

تێگەیشتنی خوێنەرانێك کە بێ باکگراوندێکی مەعریفەی شیعری دێنە سەر خوان و خوێندنەوەی شیعر کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتیش بۆ شیعرەکانی نالی، وەرگری دانا دەزانێ کە نالی بە کۆشش و زانایێکی زۆرەوە نەخشەی درووستکردنی تەلارە بالأکانی داڕشتووە و ئاستی زمان و مەعریفە و رۆشنفکری ئەو لە کوێ دایە، لە بەشی دواتر بە وردی باس لەوە دەکەین کە شیعری نالی خاوەن چ فەزایەکی واتاییە و خۆی چۆن باسی کردووە.

لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ
بێ خەتا کەس نییە رازی کە لە ئەولادی درێ
ل653

هەمدیس بە هەمان ئاست و بە هەمان زمان گوتارێکی لاواز بۆ وەرگرێکی ئاست نزم لە رووی شیعر و مەعریفەی شیعرییەوە دەنێرێ، کە ئەوەشیان رێفلێکسی کاتێکی دیاریکراوە بۆ (کەس = کەسان)ێکی دیاریکراو، ئەو کێشەی بوونی مەعنا و تێنەگەیشتن لە واتادا حەقیقەتێکی چەسپاوە لە شیعردا لە هەموو قۆناغەکانی بەر لە نالی و لە چاخی نالی و تا بە

ئێستایش دەگات، ئەوەی کە لە ئاستی گوزارشتکردنی ئەو دوو بەیتە دەستمان دەکەوێت بریتییە لە نزمبوونەوەی ئاستی شیعری لای نالی ئەوەشیان لەبەر ئەو چوار هۆیانەیە:

1- نالی لە گرنگی وەرگر و ڕۆڵی وەرگری زانیوە، زیاتر لە سەدەیەك دوای نالی (ڕۆلان بارت1915– 1980 ) (وەرگر- خوێنەر) بە پڕۆدوکتەری تێکست دادەنێ و بە ئەندامێکی کارای دادەنێ لە بەشداریکردن لە تێکست، بە تایبەتیش لە سیاغەی دەق ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت، وەرگر لای بارت ئامانجی سەرەکییە، دابەشکردنی سێیانی بارتی بۆ ئەو پرۆسەیە لە سێ ڕووەوە خۆی دەبینێتەوە، چەمکی تێکست و چەمکی نووسەر و چەمکی خوێنەر، ئەوەی سێیەمیان کە خوێنەرە، پێویستی بە ڕۆشنبیری و باکگراوندێکی یەکجار فراوان و قووڵ هەیە بۆ ئەو بەشداریکردنە(5).

2- لەو دوو بەیتەدا بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی بارت کە پێی وایە بۆ بەژداریکردن لە تێکست وەرگر دەبێ کەسێکی ئاست بەرزی مەعریفی بێ، وەرگر کەسێکی ئاست نزم و بێ باکگراوندە، تەنیا لە پێناوی گەیشتنی واتای گوتار، دەقنووس ئاستی خۆی

هێناوەتە ئاستی وەرگر، لێرەدا نێرەر بۆتە قوربانیی بۆنێردراو.

3- بە گوێرەی بۆچوونێکی رۆلان بارت، تێکست بریتییە لە چنینێکی زمانی کە ئەوەش راگەیانراوێکی تۆمارییە بۆ پۆلێنکردنی ئاماژەکانی زمان، تێکستی ئەدەبی نووسراو دوو شێوە یا رووی هەیە، روو یا شێوەی (دال) کە بریتییە لە پیت و وشە و دەستەواژە و شێوەی دووەمی (مەدلول)ە کە ئەویش لایەنی وێناکردنە لە زەین(6). بێگومان بۆ خوێنەرێك کە کەرستەی کردنەوەی کۆدەکانی تێکستی پێ نەبێ یا لە ئاست فرەوانیی مەعریفەی نالیدا خاوەن مەعریفەیەکی نزمی شیعری بێ، ئەوا وای لە نالی کردووە کە شێوازی گوتاری خۆی بۆ بۆنێردراوێکی لەو جۆرە بگۆڕێ.

4- هاوبەشییێك لە هەردوو بەیتەکەدا درك پێدەکرێ کە ئەویش بریتییە لە پەیوەست بوونی نالی بە خوێنەرەوە، نالی لە هەردوو بەیتدا بە ئاشکرایی گوتارێکی نەرم و خەفەتئامێز ئاراستەی خوێنەر دەکات، (کەس تێنەگەیی، ئێستە خەمۆشم) لەگەڵ ( لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ..تاد) ئەو گوزارشتکردنە بەو شێوازە نەرم و نیان و پڕ لە

خەمە پەیوەست بوون و بە گرنگ و بە هەند زانینی
خوێنەرمان بۆ دەسەلمێنێ لای نالی.

جگە لەو دوو بەیتە لە شوێنیتریشدا وەك نێرەرێك كە وەلآمی هەندێ رەخنە دەداتەوە كە لە ئاستی پێویستدا نین نالی دەكەوێتەوە هەمان حاڵەت و هەر بە هەمان زمانی ئەوان وەلآم دەداتەوە، كە ئەوەشیان یەكێكە لەو هۆیانەی كە لەو چەند بەیتە بەهای بەرز و ئێستەتیكی حەقیقی بۆ ئاستێكیتر دابەزێ:

كەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ كوردییە خۆ كردییە
هەركەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەكا
ل107

(واتە:.... شیعر بەر لە هەرچی ناوەڕۆكی ورد و مەعنای قوڵە و دانایان لە شیعردا بە دوای ئەوەدا ئەگەڕێن و ئەوەش دەستی كۆلكە شاعیرەكان ناكەوێ بیخەنە شیعرەكانیانەوە)(7).

وەك لە بەیتەكانی پێشووتریش باسمان كرد، دەلالەتەكانی ئەو بەیتەش پێمان دەڵێن: كە ئەو بەیتە بۆ وەلآمدانەوە

نووسراوە، وەڵامی (وەرگر- وەرگرانێك) دەداتەوە کە پرسیاری ئەوەیان لە نالی کردووە، ئایا بۆچی بە کوردی دەنووسێ؟ "هەرکەسێ نەزان نەبێ ئەوە بە خۆی لە مەعنای ئەوە تێدەگات کە بۆچی بە کوردی دەنووسێ" ئەوە وەڵامی نالییە، لێرەدا کێشەکە  بە تەنیا ئەوە نییە کە وەرگر لە شیعری نالی تێنەگەیشتووە بەڵکو کێشەکە لای نالیش درووستبووە لە لایەکیترەوە کە بە زمانێك وڵامی داوەتەوە دوورە لە ئەتمۆسفێر و باڵادەستی و زانایی خۆی لە شیعردا، هەر ئەوەشە کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سەرەکی و جەوهەریی کە تێنەگەیشتنە لە شیعرەکانی نالی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکە ئەوا دایرێکت زەینی پرسیارکەرمان بۆ دەردەکەوێ، دیارە کە پرسیارەکەی لە ئاستێکدا نییە پەیوەندی بە قووڵی شیعر و دنیای ئێستاتیکاوە هەبێ، بەڵکو لە روانگەیەکی رووکەشانەوە ئەو پرسیارەی ئاراستە کراوە و ئەویش بە هەمان هەناسە و زمان و جۆرە شێوازێك بۆ گەیاندن و تێگەیشتنی ئەویدی وەڵامی داوەتەوە.

ئەنجام ئەوەیە، کە نالی لەو چەند بەیتە لەبەردەم گرفتێك دایە کە ئەویش گرفتی وەرگرە، هەوڵی داوە بە زمانێکی نزیك لە زمانی ئەوان وەڵامیان بداتەوە، لەو حاڵەتە خۆی کەوتۆتە چاڵەوە، چونکە شیعرەکانی نالی پڕن لە واتا، وەك خۆی دەڵێ:

**بەقەد قووڵایی دەریا قووڵن، بەڵام وەکو ئاو شەفافن لەگەڵ ئەوەشدا رەنگییان نییە.**

## B. شەفافییەت و ئاڵۆزیی لە واتا:

پێشتر نالی کێشەی ئەوەی هەبوو کە تێیناگەن، لێرەدا پێمان دەڵێ کە شیعرەکانی ئەو شەفاف و سافن، واتا شیعرەکانی وەك ئاوێنە رۆشەنن و وێنەکان تێیدا دیارن، بەڵام بەر لەوە دەبێ بزانین شەفافییەت لە شیعردا چییە؟ پێچەوانەکەی ئەو چییە کە ئاڵۆزییە؟

شەفافییەت هەرگیز بە مانای واقیعیەت نایەت، بە مانای زمانێکی رووتی بێ هێما و ئاماژەش نایەت، (شەفافیەت و ئاڵۆزیی لە شیعردا کێشەیەکی کۆنە و خودی شیعر ئەو کێشەیەی ناوەتەوە، رەگی ئەو بابەتە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا بۆ ئەدەبی جاهیلی دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی گشتیی مەیلی وەرگر بۆ لای ئەدەبیات شەفاف بوو، بە حوکمی سرووشتی فکری بەدەوی ئەو کاتە، هەروەها ئاسانی ژیان و رۆشەنیی و ئاشکرایی سروشتی بەیەکەوە ژیان هۆیەك بوو بۆ ئەو رۆشەنییە لە شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکیدی هەندێجار شیعر ئاڵۆزیی تێکەوتووە)(8).

وەك دەردەکەوێ هۆکارە دەرەکییەکان تا ئەو رادەیە کار لە ناوەوەی شاعیر دەکەن و لەوێوەش لە شیعردا رەنگدەداتەوە، بۆیە بە گوێرە و ئاستی گۆڕانکارییە هەمە لایەنەکان لە ژیاندا ئەوا شیعر و زمانی شیعریش گۆڕانی بەسەردادێ، ئەگەر

جارێکیتر بۆ شیعری عەرەبی بگەڕێینەوە ئەوا لەگەڵ گۆڕان لە هەموو ئاستەکان لە سەردەمی عەباسیدا شیعریش دەگۆڕێ و بەرەو ئاڵۆزی دەڕوا، ئەبو تەمام
(حبيب بن أوس بن الحارث الطائي 803 – 845 م ) یەکێکە لە پێشەواکانی ئەو بوارە، بۆیە چاخی عەباسییەکان بە وێستگەی لە دایکبوونی شیعری ئاڵۆز دادەنرێ، کرانەوەو تێکەڵ بوون بە کولتوریدی لەو سەردەمە یەکێك بووە لە هۆیەکان، شیعرەکانی ئەبو تەمام بە قووڵیی و بیری نامۆ و ئیستیعارە بە ناوبانگن، لە پرسیارێکی(أبي العميثل) کە سەبارەت بە لێڵی لە شیعردا لە ئەبو تەمامی کردووە دەڵێ: بۆچی ئەوە دەڵێی کە ناتوانرێ فەهم بکرێ؟ ئەبو تەمام وڵامی دەداتەوە: بۆ ئەوە فەهم ناکەی کە دەگوترێ؟))(9).
وەك گوتمان شیعر تەواو پەیوەستە بە ژیان یاخود هەر خودی ژیانە، شیعر کاریگەریی ریتم و مۆسیقای چاخی بەسەرەوەیە، بۆیە شیعریش بە پێی قۆناغە لێکجیاکان کاریگەر دەبێ بەو ریتم و مۆسیقا و رووگە فەلسەفیانەی کە ژیان بەڕێوە دەبەن..ئەگەرچی لە بابەتی سەرەکیمان دەردەچین کە پەیوەستە بە (شەفافیەت و ئاڵۆزیی لە واتا) بەڵام جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەك بەو هۆکارانە بکەین کە بوونەتە هۆی گۆڕانی شیعر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیدی لەو چاخەدا:

## ـ گۆڕانی شیعر

له چاخێکەوە بۆ چاخێك ژیان دەگۆڕێ، شیعر بەشێکە له ژیان، لەو سەردەمەی ئێمەدا نەك بە تەنیا شیعر، بەڵکو دەروون و رۆحی مرۆڤایەتیی تووشی قەیرانی ئاڵۆزی و نەخۆشیی بە رۆبۆتبوون و هەندەسەبەندی رۆح و بە ماتماتیکبوونی رۆح ببۆوە بێگومان ئەوەش بە کاریگەریی رێنسانس و شۆڕشی فڕەنسی و هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بوو، ئەو کاریگەرییە تا ئێستایش هەر بەردەوامە.. ئەو ئاڵۆزیی و بە رۆبۆتبوون و هەندەسەبەندیی و تێکچرژانەی کە بەرهەمی عەقڵ و عەقلاّنییەتێکی رووتە.

ئێستا رووگەی شەپۆلێکی جیا لە رووی رێکبەندی کردنی ژیان بەڕێوەیە کە ئەویش ئاسانکردنەوەی شتەکانی نێو ژیانە لە هەموو رووەکانەوە، بێگومان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە دەستپێکی ئەو شەپۆلی ئاسانکردن و سادەییکردنی ژیانە دادەنرێ.

رۆشنە کە رووگەی فەلسەفیی مرۆڤی هاوچەرخ بریتییە لە باش ژیان و خۆش ژیان دوور لە ئاڵۆزییەکان، دوور لە کلێشەبەندیی رۆح بە قانونەکانی ماتماتیك، کەوابێ هەوڵی گۆڕین دەدرێ، مرۆڤ دەیەوێ ئەو ئیتاژە بگۆڕێ و روو لە ئیتاژی سەرووتر بکا.

ئیتاژی سەرووتر چییە؟ ئەگەر مرۆڤایەتی تا ئێستا گەیشتبێتە ئەوەی کە لەناو ئیتاژێکدا ژیانێك بۆ خۆی درووستبکا ئەو ژیانە تەنیا و تەنیا عەقڵ و ئاڵۆسکاویەکانی عەقڵ بەڕێوەی ببا، ئەگەر مرۆڤایەتی تا ئێستا گەیشتبێتە ئەوەی کە لەناو ئیتاژێکدا ژیانێك بۆ خۆی درووستبکا ئەو ژیانە بریتیی بێ لەوەی ئێستەتیك لە تەعقیدات ببینێتەوە، ئەگەر تەلارەکانی نێو ئەو ئیتاژە هەمووی بە پەیکەر و نەققاشییێکی ئاڵۆز رازابێتەوە و ....تاد ئەوا ئێستا مرۆڤایەتی دەیەوێ لە ئیتاژێکدا ژیان ببا بەڕێوە کە سادەیی دوای بڕینی قۆناغی عەقڵ و عەقلانییەت دەیبا بەڕێوە.

بە کورتی: رووگەی فەلسەفیی وڵاتانی پێشکەوتوو روو لە ئاسانکردن و سادەییە، روو لە ئاسانکردنی ئاڵۆزییەکان و کردنەوەی ئەو گرێیانەیە کە ئێستا (مەبەست لە چاخی نوێیە) بەبێ هۆکار هێشتا هەر کۆد و گرێن.

ئەو شەپۆلی بەرەو ئاسانکردن و سادەییە هەموو رووەکانی ژیانی گرتۆتەوە، ژیانی رۆژانە، بە نمونە: بۆچوونێك هەیە دەڵێ، دوای چەندین ساڵیتر هەوڵی ئەوە دەدرێ مارکێت نەمێنێ لە دنیادا، تۆ لە ماڵەوە بە ئینتەرنێت و تەلەفۆن داوای هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خۆت دەکەی.. یا نمونەیەکی زۆر سادەتر کە ئێستا لە دنیادا پەیڕەو دەکرێ ئەوەیە کە : بە ئینتەرنێت دەتوانی لێرەوە لە شاری وڵاتێکەوە

کار بە پارەکانت بکەی لە هەموو ولاَتانی دنیادا، لە بانکێکەوە بۆ بانکێك بیگوازیتەوە، لە بانکێکەوە بۆ حیسابی کەسێکیتر بیگوازیتەوە، یاخود لایف بە وێنە و دەنگ، دیالۆگ لەگەل کەسێکی خەڵکی سەمەرقەند بکەی کە ئێستا دانیشتووی سانفرانسیسکۆیە و بەسەفەر چۆتە هۆنکۆنگ و لەوێش بە شەمەندەفەر دەچێتە شارێکیدی، تەنیا لە رێگای لاپتۆپێکەوە.

ئەو ئاسانکاریی و سادەییە هەموو رووەکانیتری ژیانی گرتۆتەوە، بە نمونە: تەلارسازی، تەشکیل، چۆنیەتی درووستکردن و دانانی مۆبیلی ناو ماڵ و .....تاد

## ـ کاریگەرییەکانی گۆڕانی شیعری ئەوروپی:

**1- کاریگەری بیرمەندان و فەیلەسوفان:**

وەکو هەر ئەدەبیاتێکی تر لە هەر کیشوەرێکی تردا شیعری نوێی ئەوروپیش درێژکراوەیە، درێژکراوەی سەدەکانی بەر لە خۆی، درێژکراوەی ئەو تیۆر و داهێنانەی کە داهێنەرەکانی زووتر خولقاندوویانە، (ستانلی هایمەن)کە رەخنەگرێکی ئەوروپییە لە کتێبی رەخنەی ئەدەبیدا دەڵێ: بێدەستنیشانکردنی کاریگەری هەر یەك لە ( داروین و مارکس و فرێزەر و فرۆید) ئەستەمە ئێمە بتوانین شیکردنەوەی تەواو سەبارەت بەو گۆڕانکاریانە ئەنجام بدەین کە بەسەر ئەدەبیاتی نوێی ئەوروپی داهاتوون.

کاریگەرییەکانی داروین دوای دانانی کتێبی (رەچەڵەکی جۆرەکان) و کتێبی دووەمی (دەرکەوتنی مرۆڤ) کە دواتر بە تیۆری داروین دەناسرێ بە سەر مرۆڤ و ئەدەبیاتدا لە دوو خاڵ چڕدەبێتەوە، یا رەنگدەداتەوە:

A- بە ئاژەڵبوونی مرۆڤ کە هەموو هەستە مرۆڤایەتییەکان لای مرۆڤ پشتگوێ دەخات و وا لە مرۆڤ دەکات کە ببێتە پاژێ گۆشتی بێ ئیحساس، وەك هەر ئاژەڵێکیتر.. بەو کاریگەرییە شیعری رەش و رۆئیا و

تێڕامانی ڕەش دەبێتە تێمەیەك بۆ شیعری نوێی سەردەمی جەنگە گەورەکان.

B- هەستکردن بە بێکەلکی ژیان و نەبوونی هیچ ئامانجێك بۆ ژیانی مرۆڤ.

لێرەدا ئەدەبیاتی عەبەسیەت و ڕەشعاشقی دێتە بوون و لە تێکستدا تەنیا گوزارشت لە بێئومێدی و بێخەونی دەکرێ.. "عەبەسیەت ڕێبازێکی ئەدەبی فکرییە، مرۆڤی لەلا پێ بوونەوەرێکی لە دەستچووە و هیچ مانایەك نییە بۆ ڕەوشت و ئەخلاقیاتی مرۆڤ.. سامۆئیل بێکت وەرگری خەڵاتی نۆبل 1969 بە دامەزرێنەری ئەو ڕێبازە دادەنرێ".

ئەوەی بە کاریگەرییەکانی فرۆیدەوە پەیوەست بێ، پەیوەندی بە دەرکەوتنی ئەو تیۆرەیە کە سێکس بە وەسیلە و ئامانج دەزانێ، هەروەها دەرکەوتنی زاراوەکانی ئید و ئیگۆ و سوپەر ئیگۆ.. کە بە چەندین شێواز و لە چەندین شوێنزەمەنی جیا لەنێو ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتیش لە نووسینی ئەوتۆماتیکی لای دادایی و سوریالییەکان.. یەکێ لەو کەسانەی کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری بەسەر ڕەوتی نووسینی شیعردا هەبووە لە ئەوروپادا سیگموند فرۆید 1856-1939 بووە، کە کاریگەرییەکانی بەسەر تەواوی سوریالییەکان بە گشتی و ئەندرێ برێتۆن بە شێوەیەکی تایبەتی هەبووە.

بێگومان بەر لە فرۆید، دانانی تیۆری سەرمایەداری و سۆسیالیزمی زانستی لە لایەن کارل مارکس (5مایۆی 1818-14مارسی 1883)ەوە یەکێکیترە لەو کاریگەرییانەی کە لەنێو شیعری ئەوروپی رەنگدەداتەوە، بە تایبەتیش ئەو کاریگەرییە لەوێوە بە دەردەکەوێ کە رەخنەی سۆسیالیزمی زانستی و ئەدەبیاتی واقیعی لەدایکدەبێ.

لە لایەکیترەوە لە بەرگی سێیەمی کتێبی مێژووی ئەدەبیاتی ئەڵمانی لە لاپەڕە 9 دا دەڵێ: یەکێ لەو کەسانەی کە گەورەترین کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمی ئەوروپادا هەیە (فریدریش نیتچشە)یە و تا ئێستەیش ئەو کاریگەرییە هەر بەردەوامە..

بە کورتی بیرمەندان و فەیلەسوف و شاعیران بە شێوەیەك لە شێوەکان و بە پێی قۆناغە لێکجاکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی رەوتی تێڕامان و فۆرمی تێکست و تێمە و زمان و ستایلی شیعری ئەوروپی نوێ، بە واتاییێکیتر ئەوانە هەمووی هۆکار و فاکتۆر و زەمینەخۆشکەری هاتنە کایەوەی جیهانێکی نوێن، جیهانی شیعری نوێی ئەوروپی.

## 2- کاریگەرییەکانی هەردوو جەنگی گەورەی جیهانی..

جەنگی یەکەمی جیهانی 1916-1918 و جەنگی دووەمی جیهانی لە. 7 ی یولیۆی 1937 لە ئاسیا و 1ی سپتێمبەری 1939 لە ئەوروپا تا 1945 کاریگەری تەواوی هەبوو بەسەر تەواوی مرۆڤایەتی سەرزەمین لە هەموو رووەکانەوە.

زۆر لە بیرمەندان گوتوویانە کە ئەدەبیات دەرهاوێشتەی ژیانی مرۆڤە، یاخود ئەدەبیات خودی ژیانە، بۆیە ئەدەبیاتیش دوور نابێ لەو کاریگەریانەی کە جەنگ دەیهێنێ، دوای کۆتایهاتنی جەنگ وەك دژبوون و رووبەڕووبوونەوەیەك بۆ ئەو کارەسات و کاتەسترۆفانە چەندین گروپ و رێبازی ئەدەبی لێرەو لەوێ سەریان هەڵدا.. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین نمونەیەك لەو گروپانە وەربگرین کە ئەویش گروپی 47 ی ئەڵمانییە:

# گروپی 47

1- گروپی 47 چییە و کێن ؟
2- دامەزراندن .
3- ناوەڕۆك .
4- قۆناغەکانی گەشەسەندن.
5- ئەندام و بەژداربووانی کۆنگرەکانی گروپی 47
6- خەڵاتی گروپی 47

## 1ـ گروپی 47 چییە و کێن ؟

لە نووسینێکدا "هانز ماگنوس ئێنجنسبێرگە " ناوی گروپی 47 ی نابوو، ( کافتریای سەرەکی ئەدەبێکی بێ پایتەخت).

گروپی 47 دەرفەتێك بوو بۆ هێنانە ئەفراندنی دیالۆگێکی ئەدەبی و پەیوەندی نێوانی نووسەران لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ، لەساڵی 1947-1967 .

دەستپێکی دروستبوونی ئەو گروپە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1946 ئەو کاتەی کە (( ئەلفرێد ئەندێرش"بلاّوکەرەوە" و هانز ڤێرنە ریشتە"سەرنووسەر" )) گۆڤاری ئەدەبی ( بانگ – Der Ruf) یان لە شاری میونشن دەرکرد ..

ئامانجیان رۆشنکردنەوەو گەورەکردنی چەمکی دیموکراتی بوو لای مرۆڤەکان لە ئەڵمانیای دوای نەمانی رژێمی هیتلەری و ، هەروەها باسی سەرەکی ئەو گروپە قسەکردن بوو لەسەر رژێمی تۆتالیتاری دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەڵمانیا و رۆڵی سیاسەت و مرۆڤیش بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەدا .

لە مانگی 4 ی ساڵی 1947 تیپی کۆنترۆڵکردنی زانیاریەکانی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئیجازەی گۆڤاری (بانگ)ی لێسەندنەوەو ، دەرکردنی ئەو گۆڤارەی قەدەغەکرد .. لە مانگی 6 ی ساڵی 1947 ، نووسەرەکانی گۆڤاری بانگ لە یەکتری کۆبوونەوەو بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی تریان لا درووست بوو بە ناوی گۆڤاری ( دووپشك ) ، بەلاّم بەر لەوە بە پێویستیان زانی بەردەوام و بە ڕێك و پێکی یەکتری ببینن بۆ ئەوەی نووسین و تێکستەکانیان بۆ یەك بخوێننەوەو دیالۆگی لەسەر بکەن و ڕەخنەکانیان ئاراستەی یەکتری بکەن .

ئەو گروپە یەکەم کۆنگرەی خۆیان لە مانگی 11 ساڵی 1947 ئەنجامدا و پرۆژەی دەرکردنی گۆڤاری (دووپشك)یش لەبەر هۆکاری دارایی سەرکەوتوو نەبوو .

## 2ـ دامەزراندن

پلانی دەرکردنی گۆڤاری دووپشك بووە بەردی بناغەی دامەزراندنی ئەو گرووپە و هەوڵێکیش بوو بۆ ئافەریدەکردنی ئەتمۆسفێرێك بۆ گفتۆگۆکردن لەو بوارەدا.

ئێبەرهارد فالکە لەو ڕووەدا نووسیویەتی : (( کەسەکان یەکتریان دەدیت ، نووسەرەکان تێکستەکانیان بۆ یەك دەخوێندەوە و لەبارەیانەوە دیالۆگ و گفتوگۆ دەکرا ، یەکەمین کۆنگرە لە 1947/10/10 لە ماڵی ژنە نووسەری ئەڵمانی "ئیلزا شنایدە – لێنگیل" لە (( بان ڤالد زێ )) دا بەسترا . ))

بیرۆکەی ئەو ناوە ، واتە : گروپی 47 لە گروپی 98 ی ئیسپانیەوە وەرگیراوە ، ئەو کاتەی کە ئیسپانیا لە ساڵی 1898 لە جەنگدا بەرامبەر ئەمەریکا دۆڕان ، نووسەرەکان گروپێکیان بە ناوی ساڵەکە دامەزراند کە ئامانجیان درووستکردنی ئەدەبێکی نوێ و نوێکردنەوەی ئەدەبی ئیسپانی بوو .

## 3. ناوەڕۆك

ئەو گروپە دەیانویست دەستپێکێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا و پۆلەتیك و زمان دانێن ، دەیانویست ڕووبەڕووی وێرانەیی و کاولبوونی زمان ببنەوە کە ناسیونالیستەکان لە ڕێگای درۆ و پڕووپاگەندەی ڕاگەیاندنەوە خولقاندبوویان .. ئەوان دەیانوویست زمان بەرەو زمانێکی بابەتیانە و سانا و ڕاستگۆیانە ببەن .

یەکێ لە ئامانجەکانیتری ئەو گروپە ئەوە بوو کە ئەدەبی سەردەمی کۆماری (( ڤایمەر)) و ئەدەبی ئێکزیل دووبارە نەبێتەوە ، بۆیە ڕەفزی ئەدیبەکانی مەنفایان دەکرد ..

## 4. قۆناغەکانی گەشەسەندن

فریدهێلم کرۆیل گەشەسەندنی گروپی 47 بۆ چوار قۆناغ دابەش و دیاری دەکا

- ماوەی دەستوری، سێ ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا بە ڕۆحێکی هاوڕێیانە کاریان لە ناو ڕەخنە و خاسیەتەکانی وەرشەی رەخنەیی کرد؟.
- ماوەی هەڵزنان : لە ساڵی 1950 – 1957 ، بۆچوونی ئەدەبی و ڕەخنەگرتنی دۆستانەو تایبەتمەند لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی هاتە کایەوە .

- ماوەی بەرز : 1958- 1963 گەشەسەندن بۆ دەزگاییێکی ئەدەبی و کولتوری و پەیوەندی بەستن بە لەگەڵ ئەدەبی جیهانی .
- ماوەی درەنگ و پارچە پارچە بوون .

## 5ـ ئەندام و بەشداربووانی کۆنگرەکانی گروپی 47

ئیلزا ئایشینگەر

باربەرا کۆنیگ

کارل ئامێری

کارل کرۆلۆڤ

ئەلفرێد ئەندێرش

زیگفرید لێنچ

ئینگەبۆرگ باخمەن

راینهارد لێتاو

یورگن بێکە

یاکۆف لیند

پێتە بیشزل

هانز مایە

یۆهەنز بۆبرۆڤیسکی

ئیڤان ناگل

هاینریش بۆیل

ریودیگە پرۆسکە

نیکۆلاس بۆرن

فریتچ یۆد راداتچ

پاول سیلان

مارسێل رایش - رانیکی

فریدریش کریستیان دێلیوز

روت رێمان

گوینتەر ئایش

هانز ڤێرنە ریشتە (بەڕێوبەر)

هانز ماگنوز ئێنچنسبێرگەر

تۆنی ریشتە

هوبێرت فیشتە

کلاوس رۆیلە

ئێریش فرید

پێتە رۆیمکۆرف

هاینچ فریدریش

هانز زال

گوینتەر گراس

فرانچ — یۆسێف شنایدە

ڤالتە ماریا گوگنهایمە

ئیلزێ شنایدە - لێنگیەل

پێتە هاندکە

ڤۆلڤدیتریش شنورە

هێلموت هایسنبویتل

مارتین ڤالزە

ڤۆلڤگەنگ هیلدز هایمە

پێتە ڤایس

گوستاف ڕێنێ هۆکە

دیتە ڤێلەرسهۆف

ڤالتە هیۆلە

ڤۆلفگەنگ ڤیراوخ

ڤالتە یێنس

رۆر ڤۆلف

ئوڤە جۆنسۆن

## 6- خەلاّتی گروپی 47

خەلاّتی گروپی 47 لە نێوان سالآنی 1947 – 1950 درایە نووسەرە نەناسراوەکان، ئەو پارەیەی کە لەگەلّ خەلاّتەکە دەدرا، لەسەرەتادا لە لایەن ئەندامانی گروپ کۆدەکرایەوە، دواتر ئەو پارەیە لە لایەن دەزگا جۆراو جۆرەکانی چاپ و بلاّوکردنەوە دابین دەکرا، (بۆ خەلاّتی سالّی 1967 گوینتەر گراس و بۆیل ئەو پارەیان پێشکەش کرد).

- 1950 ( گوینتە ئایش )، بۆ شیعرەکانی " ونبوونی دوور".
- 1951 ( هاینریش بۆیل ) بۆ هەجوی " مەڕی ڕەش ".
- 1952 ( ئیلزا ئایشینگە ) بۆ " چیرۆکەکانی ئاوێنە ".
- 1953 ( ئینگەبۆرگ باخمەن ) بۆ "چوار شیعر ".
- 1954 ( ئەدریان مۆرییێن ) بۆ دیوانێکی هەجو .
- 1955 ( مارتین ڤالزە ) ، بۆ گێڕانەوەی کۆتایی پەرستگە "
- 1958 ( گوینتەر گراس ) بۆ بەشی یەکەمی "دەهۆلّی تەنەکە"
- 1962 ( یۆهەنز بۆبرۆڤسکی ) بۆ دیوانێکی شیعری .
- 1965 ( پێتە بێشزل ) بۆ خوێندنەوەی رۆمانی " کاتەکانی سالّ "
- 1967 ( یورگن بێکە ) بۆ خوێندنەوەیەك لە " لێوار "

گروپی 47 کاریگەرییێکی تەواوی لەسەر ئەدەبی ئەڵمانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەبوو ، هەروەها بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریەکانی دەسەڵات کاریاندەکرد ، جا ئەو کارانەیان دەستەجەمعی بووایە یاخود ئیندیڤدوێلانە ، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵیان هەبوو لە گۆڕینی فۆرمی سەردەمی بەر لە خۆیان و گۆڕینی ڕۆئیای کۆنی بەشێك لە خوێنەران بۆ تێڕامان و هەڵوەستەکردنێکی نوێ لە ئەدەبدا.. ئەندامانی ئەو گروپە هەمیشە بیریان لە خۆکێشانەوەی ئەندامەکانیان دەکردەوە، چونکە ئەدەب بۆ هەمیشەیی کارێکی دەستەجەمعی نامێنێتەوە، بێگومان هۆکارەکانی ئەو بیرکردنەوەیش یەکجار زۆرن بەڵام ئەوەی کە لێردا سەبارەت بە لێکدوورخستنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو گروپە کاریگەری هەبوو گرینگترین خاڵێك ئەوەبوو کە شەپۆلێکی جەنگ ڕووی لە زۆربەی زۆری شوێنەکانی جیهان کرد ، وەکو شۆڕشی جەزائیر، شەڕی ڤێتنام ، بارودۆخی ئێران ، ڕێپوان و پرۆتێستی قوتابیان و.. تاد، ئەوەبوو لە ساڵی 1968 دواترەمین کۆنگرەی گروپی 47 لە ( پولڤێر مویلە ) لە لایەن پرۆتێستی قوتابیان رەخنەی لێگیرا و رووبەڕووی ئەو گروپە بوونەوە، بۆیە کۆنگرەی داهاتوو کە بڕیاربوو لە ( پراگ ) ئەنجام بدرێ هەرگیز ئەنجام نەدرا.. ئیدی بە تەواوی لە یەکتری دابڕان و گروپەکە هەڵوەشێنرایەوە..

بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەو سایتانەی خوارەوە بکە:

- www.labi.be.schule.de
- www.phil.uni.erlangen.de
- www.ubka.uni-karlsruhe.de/kvvk.htm1

## 3- ریتمی چاخ

چونکە مرۆڤەکان لە یەکتری جیان ئەوا هەرگیز ناتوانرێ پێناسەی رەها بدرێتە هەموو ئەو وشە و زاراوانەی کە سەر بە یەکێ لە پۆلی زانستە مرۆڤایەتییەکانن.

ئەگەر لە روانگەی کەسانێکەوە (داهێنان) تەماشاکردنی شتگەلێکی مەئلوف بێت بە شێوەیەکی نامەئلوف، ئەوا لای کەسانیدی پێناسەیدی بۆ کراوەو بۆشیدەکرێ.

شیعر لای پۆل ڤالیری: ( زمانێکە لە نێو زمان).. ئەدۆنیس شیعری نوێ بە روئیا پێناسە دەکا، روئیاش بەوە دیاری دەکا کە قەفزەیەکە لە دەرەوەی چەمکە جێگیرەکان.

بە درێژایی مێژوو تا ئێستا هەزاران و هەزاران پێناسەی جیا جیا بۆ شیعر کراوە، کەچی کۆکییەکی جێگیر و گشتگیر نییە بۆ پێناسەکردنی شیعر، هەر ئەوەشە کە وادەکات شیعر بە زیندوویەتیی بمێنێتەوە.

یەکێ لە هۆکارەکانی مانەوەی شیعر بە زیندوویەتی بریتییە لە خۆنوێکردنەوەو خۆگونجاندنی بەردەوام لەگەڵ ریتم و موزیکی چاخەکان، دەشێ هاووێنەیێك هەبێ لە نێوانی مار و شیعر، دوای خەوتنێکی دووردرێژی مار، کاتێ لە مەوسیمێکی نوێ دەردەکەوێ لە پێستە کۆنەکەی خۆی دێتە دەرەوەو بە پێستێکی نوێ خۆی نیشاندەدا.. شیعریش رێك ئاوایە.

هەندێجار بۆ ماوەیەکی درێژ بە ریتمی لە یەك نزیك و بە هەناسەی لێکچوو شیعرەکان دەخوێنینەوە، کەچی لەگەڵ هەر گۆڕانێکی نوێ کە رووبەڕووی جیهان دەبێتەوە ئیقاعی شیعریش دەگۆڕێ، بە نمونە: لە پاش هەموو جەنگە گەورەکان خاسیەت و سیماکانی شیعر گۆڕاوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، پەخشانی ئەوروپی بە ریتمی سیمفۆنیا دەنووسرا، هەناسەی درێژ و کتێبی قەبارە گەورە و وردبینی و درێژدادڕی لە گێڕانەوە.

لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم ئەدەبیات شێوە رەشبینی و دژایەتیکردنی واقیعی بە خۆیەوە بینی.. ئەمە جگە لەو هەموو رێبازە ئەدەبیەی کە پێویستییەکانی چاخ درووستی کردوون.

ئەو 10-20 ساڵەی ئەخیری گۆڕانێکی گەورەی تەکنەلۆژی هەموو دنیای داگیرکردووە، هەر بۆیە شیعری ئێستای ئەوروپی بە ئیقاعی (هاوزموزیك و تەشنۆموزیك) دەنووسرێ، ریتمی ژیان خێرایە، تێکقژقژانێك لە واقیعی ژیانی مرۆڤەکاندا هەیە، مرۆڤەکان هەڵپە هەڵپی ژیانیانە، شتگەلێکی زۆر و بێسنوور لە سەدەکانی رابردوو بوونیان نەبوو، بە درووستبوون و داهێنانیان سەرقاڵیی مرۆڤەکان زیاتربووە، زۆر لەو پێداویستیانەی کە لە چاخەکانی زووتردا گرنگیان پێنەدراوە ئێستا لە پێشینەی حەز و خواستەکانی مرۆڤی

چاخن، ئەوە جگە لە راکردن بەدوای ژیان، هەموو ئەو هۆکارانە وا لە زۆرینەی تاکەکان دەکەن کە کاتی خوێندنەوەی تۆلستۆ و بەلزاکیان نەمێنێ.. (ئایا تاکوو ئێستا کەس وشە بە وشە پرۆست، بەلزاك، شەڕ و ئاشتی خوێندۆتەوە؟ پڕۆست شانسێکی باش و بەرزی هەیە کە لە هەموو جارێکدا کە دەیخوێنینەوە کۆمەڵێك بەشی جۆراوجۆری لێ فڕێ دەدەین)(10).

بە پێچەوانەوە تێکستی کورت و چڕ شوێنی ئەو بەرهەمە درێژانەی گرتۆتەوە، کە ئیدی هی ئەو چاخە نین، راستە تێکستی ئیبداعی شوێنزەمەن ناناسێ و هەموو هەڵبەز و دابەز و ئاستەنگەکان دەبڕێ، بەڵام مرۆڤی هاوچەرخی ئێمە لە قەیرانی بێکاتیدا دەناڵێنێ.

ئەدەبیات دیاردەیەکی سەد دەر سەد ئیندیڤدوێلی نییە، بەو واتایەی دەبێ پردێك هەبێ لەنێوانی نێرەر و وەرگر، هەموو ئەو نووسەرانەیش کە ئەدەبیاتی جددی بەرهەمدەهێنن چاوەڕوانی فراوانترکردنی ئەو پردە دەکەن کە لەنێوانی خۆیان و وەرگردا هەیە:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی، ئێستە خەمۆشم
ل280

لەم سەردەمەیشدا کۆمەڵێ نووسەر و ڕۆماننووسی وەك پاولۆ کۆیلۆ یا فێرمین یا گاردەر تەنیا بۆ کەسانێکی جددی و گۆشەگیر نانووسن، ئەو پێشوازییەی کە لە بەرهەمەکانی ئەوان دەکرێ بەڵگەی تەواوە بۆ ئەو دەربڕینەی ئێمە.

وەك گوتمان گۆڕانی شیعریش بە کۆمەڵێك هۆکارەوە پەیوەستە، ئەو هۆکارانەش لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکیترەوە دەگۆڕێن، ئەگەر بێت و مەرامی قسەکان چڕبکەینەوە دەبێ بڵێین: ئەو چاخەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین چاخێکە خاوەن ریتم و ئیقاعێکی تایبەت بە خۆیەتی کە جیاترە لە هەموو چاخەکانی رابردوو، ئەگەر تێکستی جددی موڵکی هەموو چاخەکانیش بێ، ئەوا هێشتایش هەندێ سیما و خاسیەت و تایبەتمەندی هەن کە ئەدەبیاتی قۆناغێك لەگەڵ قۆناغێکیتری مێژوو لە یەکتری جیادەکەنەوە.

جا بۆیە گەیشتن بە پرۆسەیەکی نوێ و دەگمەن و هاوئیقاعی چاخ کارێکی سانا نییە، بەڵکو جێهێشتنی هەموو ئاڵۆزییەکانە و دەرچوونیشە لەنێو بازنەکانی ئاڵۆزیی، ئەگەر ئاڵۆزیی بە تونێلێك دابنێین بۆ گەیشتن بە نوێ و شەفافیەت لە ستایلدا ئەوا دەبێ شاعیر ئەو تونێلە ئاگراوییە ببڕێت تا پێیبگات.

نوێ درێژکراوەی کۆنە، نوێ داهێنراوی خۆڕسکیانە نییە، لە شیعردا وەرچەرخان هەیە، رامبۆ زەوقی شیعری کۆن و باوی بە ئاراستەیەکیتر برد، (رامبۆ 1854 ـ 1891 تا ئێستا لە

مێژووی شیعر ڕووینەداوە گەنجێك لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا نەخشەی شیعری کۆن بەو شێوەیە بگۆڕێ کە ئەو گۆڕی، کاریگەری سەردەمی خۆی وایکرد کە زمانی شیعری بە تەواوی بگۆڕێ و هێشتا نەببووە بیست ساڵیش کە بۆ هەمیشەیی شیعری جێهێشت، پاش تێپەڕبوونی 117 ساڵ بەسەر مردنی هێشتا بەشێك لە شاعیر و نووسەران بەو شێوە لێیدەڕوانن:سوریالییەکان بە ئیلهامبەخشی دادەنێن.. پەراوێزییەکان بە وتەبێژی خۆیانیان دەزانن..مەسیحیەکان بە قەدیسییان داناوە..شیوعیەکان بە هاوڕێی خۆیانیان داناوە..فاشییەکان بە سیمبۆلی بزووتنەوەی داهاتووی خۆیان تەماشایان دەکرد.. ئەڵمانەکان پێیان وابوو بە هەڵە لە فرەنسا لە دایکبووە، دەبووایە ئەڵمان بووایە..وجودییەکان لەنێو خۆیانیان دانابوو، ئانارشیی و عەدەمیەکانیش بە پێشەوا و نوێخوازەکانیش بە ئیمامی دادەنێن)(11).

ئیلیۆت بە هەمان شێوە، بەڵام دوای ئیلیۆتیش لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی بیست و لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر دەستی نەسلێکی نوێ ئەو زەوقەی کە ئیلیۆت دروستی کردبوو بە ئاراستەیەکیتر بردرا، داداییەکان و سوریالییەکان و دواتر گروپی 47ی ئەڵمانی و ....تاد نمونەی دیاری ئەو قسەیەن.

**ئێستای شیعری نوێ بەو ڕێڕەوەدا دەڕوا کە نەسڵی شاعیرانی دوای جەنگ هێناویانەتە پێش لە گۆڕینی ئەو زمانەی کە ئیلۆت پێیدەنووسی، لە گرینگی نەدان بە ئەفسانە و هەموو ئەو ئاڵۆزیانەی کە لە چاخی ئەمڕۆدا خوێنەر تووشی سەرئێشە دەکەن.**

**تێکستی سادە و تێکستی شەفافی ئێستەتیکئامێز و هەڵگری روئیا باشتر و رێکتر دەگاتە زمانەکانیتر، بە پێچەوانەی ئەو شیعرانەی کە لەناو لێکسیکۆن و فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیا و گەمەی ئیقاعی کاردەکات... لەگەڵ ئەوەشدا تێکستی سادە و تێکستی شەفافی ئێستەتیکئامێز و هەڵگری روئیا هەڵگری هەمان چێژە لە هەموو زمانەکانیتردا، بە پێچەوانەی شیعری ئاڵۆز کە تەنانەت ناتوانرێ تەرجەمەی نزیکترین زمان بکرێ خۆ ئەگەر بشکرێ ئەوا زۆربەی تایبەتمەندی و خاسیەت و جوانییەکانی خۆی (ئەگەر هەیبێ) لە دەستدەدا.. دیارە گوزارشتکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر و لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر لە گۆڕاندایە، هەموو ئەو گۆڕانانەیش پەیوەندی بە شێوازی نێرەرەوە هەیە، بۆیە لێرەدا پێویستە بپرسین، شێواز چییە: (شێواز ئەو رێگایەیە کە سلوکی مرۆڤ دەردەخات لە گوزارشت کردنی ئەو بیرۆکانەی کە لە زەینی مرۆڤدا هەیە.. پێناسەکردنی شێواز لای جان کوهن هێندە جیا نییە لە پێناسەکەی شارل برۆنو کە دەڵێ: هەموو شتێکی نائاسایی**

كه لەگەڵ پێوەرە گشتییەكان یەك ناگرێتەوە پێیی دەگوترێ شێواز، لێرەدا دەتوانین بڵێین كە شێواز بریتییە لە لادان، بەو شێوەیە ئەو شتە دیاریی ناكەین كە تێیدایە، بەڵكو ئەو شتە دەستنیشان دەكەین كە تێیدا نییە)(12).

لە ئەنجامی ئەو قسانە دەمانەوێ بڵێین كە شیعر هەمیشە لە گۆڕاندابووە، لە كاتێكەوە بۆ كاتێكیتر و لە كەسێكەوە بۆ كەسێكیتر، ئەوەیە دەبینین كە خودی نالی لە حاڵەتێكەوە زمانی گۆڕاوە بۆ حاڵەتێكیتر، بەڵام بە شێوەیەكی گشتیی لە شیعری كلاسیكی كوردیدا شاعیر شەفاف بووە لە دەربڕینی واتا دا، كەچی لە بەكارهێنانی وشە و دەستەواژە لێڵ و تەماویی و پڕ لە ئاڵۆزیی بووە، بە پێچەوانەوە لە شیعری نوێدا واتا ئاڵۆزە و زمان شەفافە، بەو شێوەیە:

شیعری ئازاد، پەخشانەشیعر...... ئاڵۆزیی لە واتا.....شەفافی لە وشە و زمان.

شیعری كۆن.... شەفافی لە واتا....ئاڵۆزی لە وشە و مەدلولاتی مێژوویی و ئەفسانەیی كۆن.. ئەم تێڕوانینەش هەموو شیعرەكان ناگرێتەوە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتیی بەو شێوەیە دەبینرێ.

وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێكرد، كاتێ نالی گوتاری ئاراستەی وەرگرێكی بێ باكگراوندی مەعریفی شیعری كردووە بە ئاستێكی تەواو سادە گوزارشتی كردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ

**شیعرێکی نالی نییە کە بەو شێوەیە ئاڵۆزبێ و خوێنەری پسپۆر تێینەگات، ئەگەرچی گەمەی لەناو زمان کردووە و خۆشیی رایدەگەیەنێ کە شیعرەکانی وەك ئاو و ئاوێنە وان.. بەڵام بەر لەوە دەبێ بزانین چی لەبارەی شەفافییەتی شیعرەکانی خۆیەوە گوتووە:**

## شەفافیەت لە شیعرەکانی نالیدا

نوصحی نالی رەنگە هەر کەس بیبیێ، بیکاتە گوێ
چونکە نەزمی صاف و وردە، هەر وەکو مرواریيە
ل582

شیعری نالی ساف و وردە، وەکو مرواری وایە، کەوابێ شیعرەکانی نالی هێندە شەفاف و دژە لێڵین و وەکو مرواری وان کە هەر کەسێك بیخوێنێتەوە تێیدەگات، لێرەدا هەمدیس (هەر کەسێك) موبالەغەی تێدایە، چونکە وەك گوتمان کەسێکی بێ مەعریفەی شیعری ناتوانێ لە نالی تێبگات، بەڵام ئەگەر وەرگری دانا حیساب بکەین ئەوا راستیی قسەکەی دەتوانرێ بسەلمێنین.. با ئەو شیعرە بە زمانی ئێستا بنووسینەوە و ئەو قسەیە پشت راست بکەینەوە کە دەڵێ: شیعری کۆن (وەك زەمان) لە فەرهەنگدا ئاڵۆزە و لە واتادا رۆشنە:

رەنگە هەر کەسێك ئامۆژگاری نالی ببیستێ لە گوێی بگرێ
چونکە شیعری ساف و وردە وەکو مرواری وایە

لێرەدا وەگر لەبەردەم واتایەکی رۆشن و دیاردایە، رەنگە ئەو بەیتە وەرگر ئاراستە بکات، ئاراستە بەرەو پەیامێکی دیاریکراوی نێرەرێك کە نالییە، ئەو حاڵەتە لە شیعری نوێدا بە ئیشکالییەت دادەنرێ(نووسەری ئەم دەقە"ئەمجۆرە دەقانە"زمانێکی شێرەخۆرە دەکاتە خزمەتکاری خۆی، زمانێکی فەرماندەرانە،خودهەژێنانە)(13)..چونکە وەك بارت باسیی دەکات وەرگر بەشدارە لە تێکستدا، بۆیە دەبێ ئەو دەرفەتی بەشداریکردنە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر فەراهەم بکرێ، بەو واتایەی کە وەرگر لە مێشك و زەینی خۆیدا تێکستێکیتر لەو تێکستە درووست بکات، بەڵام لێرەدا بەو شێوەیە نییە، چونکە نالی بڕیاری داوە کە (هەر کەسێك ئامۆژگاری نالی ببیستێ لە گوێی دەگرێ، چونکە شیعری ساف و وردە و وەکو مرواری وایە) گرفت و کێشە لێرەدا ئەوەیە کە (منی وەرگر) باوەڕ بە بڕیارێکی یەکلایەنەی نێرەر نەهێنێ، لەو حاڵەتە لەبەردەم کێشەیەکی بێ رێگاچارە دەستەوەستان دەوەستین..ئەوەش گرفتێکیترمان بۆ دێنێتە پێشەوە کە ئەویش پەیوەستە بە لەززەتی تێکست..(ئەگەر بمەوێ دەقێك بە پێوەری چێژ هەڵسەنگێنم، ئیدی ناتوانم بڵێم کە ئەم دەقە باشە و ئەو دەقە خراپە، ئیدی نە حورمەتێك هەیە و نە رەخنەیەك، چونکە هەڵسوکەوتێکی ئەوتۆ هەمیشە پێویستی بە بوونی مەبەستێکی رێکارانە، کەڵك وەرگرتنێکی کۆمەڵایەتی و

زۆربەی کاتەکان رووکەشێکی فانتازیایی هەیە، من ناتوانم باش و خراپ درووست بکەم...تاد)(14).

بۆیە لێرەدا زانستیبوونی هەڵسەنگاندنی تێکست جیا دەبێتەوە لە هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای چێژ، بە پێوەرکردنی چێژ بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی تێکست، دەمانگەیەنێتە ئەو بڕیارەی کە بڵێین:(ئەم دەقە بۆ من ئەوەیە، ئەوە بۆ من نە بکەرانەیە و نە مەتریالانە، ئەوە بۆ من (نیتچشە)ییە، لە بنەڕەتدا هەمیشە و بەردەوام ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ ئەوە بۆ من چییە؟)(15).. ئەگەر ئەو بەیتەی نالی بەو بنەمایە بخوێنینەوە ئەوە بۆچوونی جیا جیا درووست دەبێ..

نوکی خامەی من کە بێتە مەعنائارایی کەمال

خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی صورەتی (مانی) دەکا

ل 103

شیعرەکانی نالی وەکو ئەو تابلۆیانە وان کە (مانی = هونەرمەندێکی ئێرانی بووە ناوبانگی بە وێنەی جوان کێشان دەرچووە)(16).. کێشابێتی، واتای شیعرەکانی هێندە رۆشەن و روونن کە هەرکەس دەتوانێ تێیبگات و ناوەوەی ببینێ.

**نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**

**مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچوک**

ل260

**وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد یەکێ لە خاسییەتەکانی شیعری نوێی ئێستا لە جیهاندا ئەوەیە کە بتوانرێ (مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچوك) بدرێ، ئەو گەڕانەوەیە لە شیعردا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە خاسییەتەکانی داهێنان لە شیعردا لە یەکتری نزیکن، (واتای زۆر بە وشەی کەم) لە شیعری زۆربەی شاعیرانی چاخی ئێستامان دەبینین و داهێنەرانی شیعر هەوڵی جددیان داوە بۆ پراکتیککردنی ئەو بۆچوونە لەنێو شیعرەکانیان، بە واتایەکیدی کورتبڕی و پڕ مەعنایی یەکێکە لەو خاسییەتانەی شیعری نوێی ئەوروپی، دەبێ ئەوەش بزانین کە کورتبڕی داهێنراوی سەردەمی شیعری نوێی ئەوروپی نییە، بەڵکو لە مێژووی ئەدەبیاتی کیشوەر و نەتەوەکانیتریشدا کورتبڕی هەم وەك تێکست و هەمو وەك ڕەوانبێژی و توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بوونی هەبووە، بەرچاوترین نمونەی ئەو جۆرە ستایل و هونەرەیش لە شیعردا (هایکۆ)یە. هایکۆ هونەرێکی شیعری نوێ نییە، جۆرە شیعرێکی یابانییە لە سەدەی هەشتەمی زایینی سەری هەڵداوە، لە حەڤدە بڕگە پێك دێت، 5-7-5 لە سێ دێردا، بە**

زمانێكی سادە دەنووسرێ، بە شێوەیەكی گشتی هایكۆ لە سەدەی 17 بە فراوانی لەسەر دەستی (باشۆ) بڵاوبۆوە، كە مامۆستای یەكەمی ئەو هونەرە بوو بە بێ ركابەر، بۆسۆن 1716-1783 ی زاینی و ماسا ئۆكاشیكی 1867-1902ی زاینی بە رێبەرانی ئەو هونەرە دادەنرێن..

بەڵام بە شێوەیەكی گشتی لە دەیەكانی بیست و سی سەدەی رابردوو تا ئێستایش كێرڤی بەرهەمهێنانی شیعری داستانی و شیعری درامی و شیعری شانۆیی و رۆمانە شیعر و داستانە شیعر و ... تاد روو لە خوار، یا نەمانە.

هۆكارەكانی ئەو ئاكام و ئەنجامەیش زۆرن، لە باسەكانی پێشوودا باسی یەكێ لەو هۆكارانەمان كرد كە پەیوەندی بەو گۆڕانكارییانەوە هەیە كە ریتم و موزیكی چاخ بەرهەمی هێناون، هەروەها هۆكاریتر ئەوەیە كە كەناڵەكانی نێرەر و بۆنێردراو لە وەرگرتنی مەعریفە و چێژ بە شێوەیەك روو لە زیادەییە كە كاری كردۆتە سەر تەواوی بەرهەمەكانی ئەدەبیات.

پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و تەكنیكی هونەریی بە نمونە سینەما و تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت و مۆبایل و ....تاد كاریگەریی بەرچاویان هەیە، بە بۆچوونی ژنە نووسەر و مامۆستای ئەدەبیاتی ئیتاڵی (ئیزابێلا كامێرا داڤیلتۆ) لاوازیی و

بێڕەواجی ئەدەبیاتی عەرەبی لە ئیتاڵیا و ئەوروپادا ئەو درێژدادڕییە بێ موبەڕیڕەیە کە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا باوە.

بە پێچەوانەوە شیعری نوێی ئەوروپی کار لەسەر کورتبڕی دەکات، دەیەوێ لە بچووکترین پانتاییدا جوانترین تەلار و ئاپرتمان ئافەریدە بکات، بە کەمترین کەرستە پارکێك دروست بکا کە رۆح لە حاڵەتێکی ئاسایی بگوازێتەوە بۆ حاڵەتێکی نائاسایی، چەند نمونەیەك لەسەر کورتبڕیی لە شیعری نوێ و هاوچەرخی ئەوروپیدا:

(ئێریش فرید 1921-1988):

**بێ گاڵتە**

گەنجەکان بۆ گاڵتە
بەرد لە بۆقەکان دەگرن..
بۆقەکان
بە جددی
دەمرن (17).

رۆزا ئاوسلێندەر1988 – 1901

## کلیلی من

**کلیلی من**
**خانووەکەی ونکرد.**

**من لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێك دەڕۆم**
**کەچی بە هیچیان ناکا.**

**من کلیلسازەکەم دۆزیەوە**
**کلیلی من**
**بە گۆڕەکەی ئەوی کرد** (18).

ژاك پرێڤێر (1977/4/11-1900/2/4)

## نووسینی سەر دیوار

تەنانەت ئەگەر تۆش
بە چاوێکی جوانەوە
نەبینی
دیمەنەکە ناشرین نییە
ئەمە چاوی تۆیە
لەوانەیە خراپ ببینێ.

## ئالیکانت

پرتەقاڵێك لەسەر مێزەکە
رۆبەکەت لەسەر مافوورەکە
تۆش لەناو نوێنی من
لێرە بوونێکی شیرینی زەمانە
فێنکایی شەو
گەرمیی ژیانی من (19).

رافائیل ئالبرتی1902-1999

**بۆ پیکاسۆ**

**خوا جیهانی خولقاند – وا ئەڵێن –**
**لە حەوتەمین رۆژدا**
**کاتێ بە ئارامی، ماندوویی لە جەستە بەدەرکرد**
**لە ناکاو بە پەلە هەستا**
**هەستا و گوتی:**
**شتێکم فەرامۆش کردووە**
**چاوەکان و دەستی پیکاسۆ(20)**

**لە ئەنجامی ئەو باسەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین:**
**یەکەم: هیچ شیعرێکی داهێنەرانە تا ئەو سنوورە ئاڵۆز نییە کە "تێگەیشتننتێك یا چەند تێگەیشتنێکت" بۆ نەبێ، ئەگەر بە باکگراوندێکی مەعریفی شیعرییەوە بخوێندرێتەوە و هیچ شیعرێکی (داهێنەرانەی شەفافیش) هێندە واقیعی و ئاسان نییە ئەگەر بە هەمان پێوەری پێشوو بخوێندرێتەوە..**
**دووەم: ئاڵۆزیی و شەفافی لە شیعردا لەگەڵ لە دایکبوونی شیعر بوونی هەبووە و تا شیعریش بمێنێ بەردەوام دەبێ.. وەك لە بەشەکانی پێشوو باسمانکرد هەندێجار کۆمەڵێك هۆکار**

دەبن کە ڕەوتی شیعری لە (شوێنزەمانێکی دیاریکراو)دا بە ئاراستەیەکی لێك نزیك ببا، بۆ نمونە: لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەندێ پێوەر هەبوو بۆ بە شیعربوونی تێکست، بە تایبەتیش لە ڕووی بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانەکانی دەوروبەر، بەڵام ئەو پەیڕەو لێکردنە هەموو شاعیران بە تێکڕایی ناگرێتەوە، چونکە ئاساییە لەسەردەمێکی زەمانی دیاریکراودا و لە شوێنێکی دیاریکراودا ستایلی جیا جیا هەبێ لە نووسینی شیعر.. لەوەش دوورتر ئەوەیە ستایلی خودی شاعیرێك بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە واتا لە کاتێك بۆ کاتێکیتر یا لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکیتر جیایە.

<u>سێیەم</u>: ئەو فۆرمانەی کە بە شێوەیەکی گشتیی بەشدارن لە درووستکردنی واتا لە شیعری نالی و شیعری هەموو چاخەکان بریتین لەو ستایلانە:

1- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆز.
2- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسان.
3- وشەی ئاسان و واتای ئاسان.
4- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆز.

ئەگەر شێوە دابەشکردنێکیتر بدەینە دنیای درووستکردنی واتا لەسەر بنەمای چێژ و خوێندنەوەی کەسیی بۆ تێکست ئەوا

دروستکردن و دەستنیشانکردنی واتا بە هۆی جۆر و شێوازی زمان لە شیعردا شێوەیەکیتر بە خۆیەوە دەبینێ کە ئەویش پەیوەستە بە جوانیی و ناشرینی لە زمان و واتادا، یا پرۆسەکە لە دروستکردنی جوانی و ناشرینی لە واتادا ئەو شێوانەی لێدەکەوێتەوە:

1- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی.
2- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی نائێستەتیکی.
3- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی ئێستەتیکی.
4- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی نائێستەتیکی.
5- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی ئێستەتیکی.
6- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی نائێستەتیکی.
7- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی.
8- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی نائێستەتیکی.

کەوابێ دەتوانرێ بەهەر شێوازێك بێ، جوانیی لە شیعردا دروستبکرێ، بەو مەرجەی رەکیزە بنەڕەتی و گرنگەکان کە هەوێنن بۆ ئێستەتیك، بوونی هەبێ لە تێکستدا.. من لێرەدا هەوڵدەدەم، بە چەند نمونەیەکی شیعری ئەو بۆچوونەم بسەلمێنم:

## 1- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی:

له سایەی کوفری زوڵفت دڵ(فنا فی النور)ی ئیمانە
مەڵێن زوڵمەت خراپە، وەصلی پەروانە لە شەودایە

(سایە، کوفر، فنا فی النور، ئیمان، زوڵمەت، "دەبووایە - پەروانە- شی تێدا بووایە") لە دیوانی نالیدا مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم ئەو وشانەیان شیکردۆتەوە، کەوابێ ئەوە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئەو وشانە، وشەی ئاسان نین، بۆ تێگەیشتن لە واتای بەیتەکەش بەو شێوەیان لێکداوەتەوە:( بە هۆی ئەوەوە کە هەر شتێ بە پێچەوانەکەیدا ئەناسرێتەوە، لە سایەی کافریی زوڵفتەوە کە رەشە و کافریش رەشە، دڵ لە رووناکی باوەڕدا تواوەتەوە، کە باوەڕ لە لای موسڵمانان رووناکییە لە بەرابەری کافریدا. کەواتە کەس نەڵێ تاریکایی خراپە، پەروانەش بە شەو نەبێ، بە مەبەستی خۆی ناگا و بە وەصلی مۆم شاد نابێ..تاد)(22).
کە لەو لێکدانەوەیە بوونەتەوە، بیریان بۆ شتێکیترچووە و دەڵێن: دەتوانرێ نیوەی یەکەمی بەیتەکە بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە و ئەمە جگە لە زاراوەی (فنا في النور) کە پەڕەگرافێکیان بۆ شیکردنەوەی داناوە..کەوابێ ئێمە لەبەردەم

بەیتێکداین کە هەم زمانی ئاڵۆزە و هەمیش واتاکەی، بەڵام بەیتێکی ئێستەتیکییە.

## 2- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی نائێستەتیکی.

ئەو جۆرە شێوازە لە دیواندا بەرچاو ناکەوێ، بەلایەنی کەم بۆ من کە بە وردی بە دوایدا گەڕام لە دیوانی نالیدا، بەڵام لە شیعری کۆن و نوێشدا لای هەندێ شاعیر ئەو شێوازی گوزارشتکردنە بوونی هەیە.. هەوڵدەدەم لە باسی دواتر (واتا لە شیعری نوێدا) نمونە لەو جۆرە ستایلە بێنمەوە.

## 3- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی ئێستەتیکی:

سەودازەدەکەی زوڵفت، ئەزهاری لە کن پەشمە
دور لەو گوڵە بێ خارە، گوڵزاری لە کن پەشمە
ل474

(واتە: ئەو کەسەی کە گرفتاری دەردی خۆشەویستیی زوڵفی ڕەشی تۆ بووبێ، گوڵی زەرد و سوری لا هیچ و پووچە و مادەم

لای گوڵی بێ دڕکی ڕوی تۆدا نەبێ، گوڵزاری بە لاوە بێ بایەخە)(21).

لێرەدا (سەودازەدە و ئەزهار و کن و پەشم و خار ...) بۆ خوێنەری ئاسایی زمانێکی گرانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە مانای ئاڵۆزی وشەکانت شیکردوە، مانای بەیتەکە ئاسان و ڕۆشن دەبێ و جوانییەکەی دەردەکەوێ.

## 3- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی نائێستەتیکی:

ئەو جۆرە ستایلە لە شیعری نوێدا زۆر بەرچاو دەکەوێ، بۆیە لەباسی شیعری نوێدا نمونەی بۆ دێنەمەوە..

## 5- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی ئێستەتیکی.

کانی دەزێن بە ئاو و، درەخت ئاوسن بە با
شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بوك
ل258

جگە لە (داماد) کە بە مانای (زاوا) دێ، هیچ وشەیەکیتری گران و ئاڵۆز لەو بەیتەدا نابینینەوە، واتاکەشی دیار و ڕۆشنە، بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە (نالی لەو شیعرەیدا یەکێ لە

شاکارەکانی خۆی پیشانداوە، بەهاری کردووە بە شایی و لەم شاییەدا بولبولی کردووە بە زاوا و خونچەی بۆ کردوە بە بووك و، بای داراوسی دوارۆژەکانی زستان و درەختی تەڕایی تێکەوتووەوەشی هێناوە بۆ پیشاندانی وێنەی ئاوس بونی بووك پاش گواستنەوەی و ، تەقینی کانی و ئاوی زۆر پیا هاتنیشی کردووە بە منالّەکەی کە ئەیبێ)(24).

یا لەو بەیتە:

بنواڕە بونی ئەووەڵت و چونی ئاخرت:
هاتی چ روت و قوت و، هەلاّتی چ لوس و پوس
ل239

بە هەمان شێوە بەیتێك دەخوێنینەوە کە بە وشەی ئاسان گوتراوە و واتاکەشی بە ئاسانی دەگات، بەلاّم فەزاییێکی پڕ لە ئێستەتیکی و کەشێکی پڕ لە جوانیی بۆ وەرگر درووستکردووە.

## 6- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی نائیستەتیکی

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی، ئێستە خەمۆشم
ل280

وا تێدەگەین کە ئەوەی تا ئاستێکی نزمیش ئاگای لە شیعر و ئەدەبیات بێ، لە بەرانبەر واتای ئەو بەیتە دەستەوەستان نەوەستێ، بەڵکو هەموو وشەکانی ئەو بەیتە رۆشن و سانان، ئەگەرچی رەنگە (توحفە، خەمۆش) تا ئەو ئاستە نزمە زمانی خەڵکی ئاسایی نەبن، بەڵام هەموو بەیتەکە بەیەکەوە بەیتێکی ئاسانە هەم لە وشە و هەمیش لە واتا، بەڵام بەیتێکی جوان نییە بەو پێوەرانەی کە بۆ شیعری جوان دەکرێن.

## 7- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان
ل320

ئەگەر تەماشای وشەکان بکەین ئاڵۆزییەکی ئەوتۆی پێوە دیار نییە، کەچی ئەو بەیتە چەندین خوێندوەی جیا جیای لە لایەن مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و مەسعود محەمەدەوە بۆ کراوە، کە ئەوەش دەلالەت و بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی بڵێین کە بەیتێك بە وشەی ئاسان نووسراوە بەڵام هەڵگری واتای ئاڵۆز و تەئویلە و زیاتر لە خوێندنەوەیەکی ئێستەتیکی بۆ دەکرێ.

ساقی بە مەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەوبە
بشکێنە بە یەك نەوبە دوصەد ماتەمی تەوبە
ل391

ئەو بەیتەش ئەگەر بە رووکەش تەماشای بکەین هێندە ئاڵۆز نییە لە وشەکانیدا، بەڵام ئەوەندە ئاڵۆزە لە واتادا کە بەداخەوە لە دیوانی نالیدا نەتوانراوە لێکدانەوەیەکی جددی بۆ بکەن، چونکە شکاندنی دوو سەد تۆبە بە یەك نۆبە و ساقی و مەیی و ..تاد لە کلاسیکدا بە تایبەتیش لای حافزی شیرازی و مەلای جزیری باسی لێوە کراوە، لەوێوە دەتوانین خوێندنەوەی زۆر جیاتری لە رووی تەسەوفەوە بۆ بکەین کە ماماۆستایان دوور و نزیك بۆی نەچوونە.

## 8- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی نائێستەتکی:

دۆزینەوەی ئەو شێوە ستایلە لە درووستکردنی مانا لە دیوانی نالی دەگمەنە، بۆیە پێویستیمان بە نمونەیەکی دەرەوەی دیوانی نالییە و باشتیریش وایە لە شیعری نوێوە کە بەشێکی زۆری لەو جۆرە شیعرانە تێدایە نمونەیەك دەربهێنین:

( پەپوولەیەك لەسەر شانی ....
فڕییە سەر شانی من
نیشتنەوە بۆنی خۆشی گڵەسەرە
پێویستیەکانی ڕۆژ هەمووی جوانین
کاتژمێری قورمیشدار
ئامادەت دەکات بۆ بێدارکردنەوەی پەردە
تیشك بەشی خۆی دەداتێ
نەیی قۆریە کە بەناو دڵی هەڵوەدای کازێوەدا
ڕەتدەبێ ..........تاد

بە بیانووی قووڵیی شیعر و زۆر واتایی و فرە ڕەهەندی لە واتادا، تەمومژێك باڵی بەسەر ئەو چەند دێرەی سەرەوەدا کێشاوە کە دەکرێ کوشتنی واتا – واتاکانی لێبکەوێتەوە ، یاخود لێیکەوتۆتەوە، دەکرێ بۆشایی گەورە لە تێکستەکەدا

بهێنێته كایەوە یاخود هێناویەتە كایەوە، دەشكرێ نەبوونی تێمەیەكی ئێستەتیكی و قووڵ و نەبوونی هیچ جۆرە شیعریەتێكی لێبكەوێتەوە یاخود هەموو ئەو شتانەی لێكەوتۆتەوە ..)(23).

لەنێو ئەو چەند دێرەدا هیچ وشەیەكی گران نابینین، كەچی بێ واتایی دەبینین، كە دەڵێ:( نیشتنەوە بۆنی خۆشی گڵەسەرە)..( نەیی قۆریە كە بەناو دڵی هەڵوەدای كازێوەدا ڕەتدەبێ) وەرگر دەخاتە نێو فەزایەكی داخراو كە هیچ بۆچوونێكی نەمێنێ و هیچ دەرگایەكیش نەبێ بۆ چوونە ناو ئەتمۆسفێرێكی لەززەتئامێز.

## ـ واتا لە شیعری نوێدا

ئەو پۆلێنکردنەی کە بۆ درووستکردنی ستایلی گوزارشتکردن لە واتا لە شیعری نالیدا کردمان، ئەوا دەکرێ لە شیعری نوێشدا پراکتیکی بکەین، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو بۆچوونەمان بە بەڵگە و نمونە بسەلمێنین، بەڵام بەر لەوە دەبێ ئەوە رۆشەن بکەینەوە کە مەرج نییە ئەو نمونانەی کە دەیهێنینەوە شێوازی سەرتاپا و کۆی گشتیی بەرهەمەکانی ئەو شاعیرانە بێ، بە واتایەکیدی زۆر لە شاعیران لە کۆی گشتی بەرهەمەکانیان خاوەنی یەك ستایلی شیعری نین، بەڵکو لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکیدی شێوازیان گۆڕاوە، چونکە وەك لەسەرەوە نمونەمان لە شیعری نالی هێنایەوە، دیتمان کە لە خودی دیوانی نالیدا تەنیا دوو خاڵ نەبێ کەچی هەموو جۆرە شێوازەکانی درووستکردنی واتا بوونیان هەبوو.. من لێرەدا بەو پۆلێنکردنە نمونە لە شیعری نوێدا دەهێنمەوە:

1- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی.
2- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی نائێستەتیکی.
3- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی ئێستەتیکی.
4- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی نائێستەتیکی.
5- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی ئێستەتیکی.
6- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی نائێستەتیکی.

7- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی.
8- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی نائێستەتیکی.

هەمدیس دووبارەی دەکەمەوە زیادکردنی ئێستەتیک بوون و ئێستەتیک نەبوون راستەوخۆ پەیوەندی بەو چێژە نیتچشەیانەوە هەیە کە دەڵێ: ئەوە بۆ من ئەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمداوە خۆم لە هەموو هۆ و فاکتۆرێکی دەرەکی بپارێزم و بەو وەسیلانەی کە لێرە و لەوێ لە خوێندنەوەو تێگەیشتنی من بۆ شیعر کۆمکردوونەتەوە بۆچوونێك لەو روانە بدەم.. بێگومان بۆ بڕیاردان لەسەر ئێستەتیك بوون و نائێستەتیکی تێکستەکان پێوەر هەیە، بەڵام ئەو پێوەرانە پێوەری جێگیر و نەگۆڕ نین، چونکە خودی شیعر بۆ هەمیشەیی بەوە تاوانبارە کە لە دەرەوەی یاسا و رێساکانە، پێوەری من بۆ ئەو هەڵسەنگاندنانە نمونەی شیعری ئەوروپی نوێن، رەنگە بەراوردکردنیش خۆی هەڵگری کێشەیەك یا چەند کێشەیەك بێ لە لایەك و دواتر زانستێکی سەربەخۆشە لە لایەکترەوە..
بە کورتی ئەگەر لە زانستیبوونی باسەکەشم کەم بکاتەوە ئەوا من بەو پێوارانەی کە دەرئەنجامی خوێندنەوەو تێگەیشتنی خۆم بۆ شیعری نوێ هەمە ئەو باسە پێشکەش دەکەم:

## 1- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی

لە کلاسیکی کوردیدا ئەو شێوازە بۆ درووستکردنی واتا لە شیعردا زۆر بەرچاو دەکەوێ، لەبەشی پێشوو نمونەیەکمان لە شیعری نالی هێنایەوە، وەك گوتمان دۆزینەوەی ئەو جۆرە ستایلە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ماندوومان ناکا، چونکە بەشێکی زۆر لە شاعیرانی کلاسیك بەو ستایلە یا نزیك لەو شێوازە نووسیویانە، لە شیعری نوێدا هاشم سەڕاجی شاعیر کۆمەڵێك هەوڵی لەو رووەدا هەیە:

کەواتە لە ناشوێن بژی لە ناشوێن سەما بکە
لە ناشوێن ماهووتی مۆسیقای گیانت
بپڕوکێنە
نارنجیترین وەهمێکی پرتەقاڵییە
زیندەگی ئەی یار (25).

هەموو وشەکانی (ناشوێن، ماهووت، پڕوکان، وەهمی نارنجی، وەهمی پرتەقاڵیی، زیندەگی) وشەی ئاڵۆزن، کە ئێمە لێرەدا ئەو وشانە بە ئاڵۆز دادەنێین، پێوەرمان بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە وەرگری گشتییە نەك وەرگری خاوەن مەعریفەی شیعری، چونکە ئەگەر لەو ئاستە قسە بکەین ئەوا هیچ شتێکی گران لە

ئارادا نامێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شیعرە هەڵگری واتایەکی جیوەییە و بۆ کەسانێکی پرۆفیشناڵیش واتاکەی بە سانایی دەستگیر نابێ، یاخود وردتر بڵێین شیعرەکە خۆی هەڵگری یەك واتا نییە، بەو مانایەی کە ئەو تێکستە خوێندنەوەی جیا جیای بۆ دەکرێ لە کۆمەڵێك ئاستەوە، بۆیە تێگەیشتن لە ئاستەکانی واتا لەو تێکستەدا بە گوێرەی مەعریفەی خوێنەر دەبێ، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو شیعرە تەرجەمەی پەخشان بکەین، ئەوا هێشتا واتایەکی ئاسانمان دەستگیر نابێ، (لەوێ بژی کە شوێن نییە، لەوێ سەما بکە کە شوێن نییە، "لەوێ کە شوێن نییە – ماهووتی = قوماشی بە نرخ – ی مۆسیقای گیانت بسووتێنە" ، ئەی یار: ژیان وەهمێکی نارنجی و پرتەقاڵییە)..

بۆ واتای (ناشوێن) دەبێ هەڵوەستە بکەین، ئەگەر لە رووی زانستی ریشەناسییەوە بۆ ئەو وشەیە بگەڕێینەوە ئەوا تەمەنی بەکارهێنانی ئەو وشەیە بەلایەنی کەمەوە نزیکەی 800 ساڵێك دەبێ، ئەوەیە (مەولانا جەلالەدین رومی1207ز-1273ز) لە شیعرێکدا بەو شێوەیە بە کاری دەهێنێ:

من لە ئەسڵدا نە هی ئەو دنیایەم، نە هی ئاخیرەت و

نە هی فیردەوس و نە دۆزەخیش

نە لە ئادەمم و نە لە حەواش

نە لە عەدەن و نە لە رەزوان

شوێنی من (ناشوێن)ە و

**کاریگەرییەکانم هیچ کاریگەرییەك جێناهێڵن..**

**من لە هیچ جەستەیەك نیم و لە هیچ ڕۆحێکیش،**

**چونکە ڕۆحم، لکێنراوی ڕۆحی خۆشەویستە)(26).**

**"ناشوێن یەکسانە بە ـ اللامکان ـ ی عەرەبی و ـ نا کجا اباد ـ فارسی"، ئایا ناشوێن بە مانای شوێنێك دێ لە دەرەوەی شوێن؟ ئایا بە مانای بۆشایی دێ؟ یا بە مانای وەهم؟ ئەگەر ناشوێن بە مانای بۆشایی بێ، ئەوا واتە لە بۆشاییدا بژی، لە بۆشاییدا سەما بکە، واتای ژیان و سەماکردن لە بۆشاییدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ یەکێ لە پرێنسیپەکانی تەسەوف کە ئەویش خۆئاوێزان نەکردنە بە شتەکانی نێو ژیان، بەلاَم بەرانبەرکردن یا یەکسانکردنی ناشوێن لەگەڵ بۆشایی ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکیترمان دەکاتەوە، لە لایەکیترەوە ئەگەر بۆشایی بە واتای فەزا بێ، یا بە مانای هەوا، ئەوا هەواش شوێنە بۆ هەندێ مەخلوقات کە بە چاو نابینرێن، کەوابێ ناشوێن بۆشایی نییە، ئەی شوێنێك لە دەرەوەی شوێن چییە؟ خۆ ئەگەر دەرەوەی شوێنمان بە ناشوین دانا، ئەوا ئەوێش هەر شوێنە، حاڵەتی سێیەم کە دەرەوەی شوێن وەهم بێت، لە هەموو واتاکان نزیکترە، ناشوێن بە مانای وەهم دێت، وەهم چییە؟ وەهم بەرانبەر بە حەقیقەت دەوەستێ، واتا**

حەقیقەت نییە..کەوابێ وەك لە دێری کۆتایی ئاشکرای دەکات دەیەوێ پێمان بڵێ، جگە لە وەهم ئەو ژیانە هیچ شتێکیتر نییە، کەوابێ با سەما بکەین و ماهووتی مۆسیقای گیانمان لەناو عیشق و خۆشەویستیی بسووتێنین، چونکە ژیان وەهمە بەڵام وەهمێکی ئێستەتیکی.. ئەوەیان تێگەیشتنێکە بۆ ئەو شیعرە، ئێمە لە هەوڵێکی تەتبیقی ئەو تێکستەمان دایە سێ کەسیتر بۆ ئەوەی خوێندنەوەی خۆیان بۆ تێگەیشتن لەو شیعرە و واتای ئەو تێکستەمان پێبڵێن بەڵام بەبێ ئەوەی بزانن کە ئەو تێکستە هی چ شاعیرێکە:

یەکەمیان کەسێکی نەخوێندەواربوو، نەخوێندەوار بەو مانایەی کە تەنیا تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندبوو ئەمە لە لایەك، لە لایەکیتریشەوە هیچ پەیوەندییەکی بە کتێب و شیعر خوێندنەوە نییە، لە وڵامدا گوتی: هیچ هیچی لێتێناگەم، نازانم مەوزوعیش چییە.

دووەمیان: قوتابی زانکۆ و نووسەر(باهۆز مستەفا)، بەو شێوەیە سەبارەت بە واتای ئەو تێکستە نووسی: (حەزف کردنی شوێن بە پێشگری - نا - و دروستکردنی حاڵەتێکی ناوجود(ونبوون) بە رستەیەکی رێزمانی مەنتقی واتابەخش، بەڵام دوور لە حەقیقەت.

دێری دووەم: رستەیەکی بە زۆر دروستکراوە و بێ واتایە.

دێری سێیەم: کە تەواوکەری رستەی یەکەمە، ژیان لای شاعیر وەهمێکی زیندووە، کەواتە ژیان پڕوپوچە.

سەرئەنجام: شاعیر رەفزی ژیانی کردۆتەوە، بەلاٌم بە کەرستەیەکی نانوێی شیعری و قفلڵدانی واتا)(27).

سێیەمیان، (کەریم دەشتی) شاعیر و نووسەر بەو شێویە خوێندنەوەی خۆی ئەنجامداوە:(ناشوێنی وەك هاوتاییێکی غەیبانی ئەگەر خەونی رەهای سەرجەم مرۆڤە سەرکێشەکان و مرۆڤە سالوکەکان بێت ئەوە بۆ شاعیر ترۆپکی یوتۆپیایە..چونکە ئەوان هەلگری لە مێژینەی هەمان ئەو خەونەن، خەونی دەستگیرکردنی مەحالەکان و چوونە ناو نهێنییەکانی غەیبانییەت.. ناشوێنی بەرجەستەکردنی ئەوپەڕی تەنیاییە، تەنهاییەك لە خودامان نزیك دەکاتەوە، کە خەسڵەت و هەمزای ناشوێنییە کە لەوێدایە ئەو رەنگە نارنجییە دەبێتە مەوشور، دەبێتە شەبەنگ بەسەر رۆحدا هەڵدەپڕوکێ..کە ئەمەش وەهمێکی شاعیرانەیە کە هەمان ئەو وەهمەیە شیعر درووست دەکات)(28).

وەك دەردەکەوێ یەکەمیان هیچ بۆچوون و خوێندنەوەیەکی نییە، دووەمیان جۆرە تێگەیشتنێکی جیاتری لە هی سێیەم هەیە و سێیەمیشیان دەقێکیتری لەو تێکستە خولقاندوە و هەرسێ خوێندنەوەکەش جیاترن لە خوێندنەوەکەی ئێمە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە هەر سێ خوێندنەوەکە جگە لە

بۆچوونی ئەوەی کە پەیوەندی شیعرەوە نییە واتای جیاتریان هەڵکڕاندووە، کەوابێ ئەو جۆرە ستایلە لە درووستکردنی واتای شیعری بریتییە لە درووستکردنی واتای جیا جیای ناجێگیر بە فەرهەنگێکی ئاڵۆز..

## 2- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی نائێستەتیکی..

ئەو ستایلە لە شیعری هاوچەرخی کوردی یەکجار زۆرە، هەر ئەوەشە یەکێ لەو فاکتەرانەی کە بۆتە هۆی کەمیی خوێنەری شیعر لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، من لەو کارەمدا هیچ گەڕانێکم بۆ ئەو جۆرە تێکستانە نەکردووە، چونکە یەکەم: بەشێکی زۆری نووسەرەکانمان ئەو جۆرە ستایلەیان هەڵبژاردووە بۆ نووسینی شیعر، کە ئەوەش پێویستیی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و ورد هەیە لەو بوارەدا، دەبێ لە هۆیەکانی باوبوونی ئەو جۆرە ستایلە بکۆڵدرێتەوە لە هەموو لایەنەکانی مەعریفی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ..تاد ئینجا دەگەینە ئەنجامێکی زانستی..
دووەم: وەك هەوەسێکی کەسیی حەز ناکەم ئەگەر بۆ مەسەلەیەکی گرنگی وەك لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنیش بێ، کاتی خۆم بەو جۆرە شیعرانە بە فیڕۆ بدەم، چونکە،

A- زەوقی شیعری و چێژی خوێندنەوەی شیعریم تێکدەچێ..
B - لە نووسین و بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای ئاشکراکردن و خوێندنەوەی شیعری تەمبەڵم دەکات.
ئەو جۆرە ستایلە کەشفترین شێوازی تێکست نووسینە، لەوێوە هەر وەرگرێك دەزانێ کە نێرەر بێ توانایە لە خولقاندن، نێرەر کار لەسەر شاردنەوەی توانایی و باڵادەستی و هێزی ئێستەتیکییەتی داهێنانی خۆی دەکات، بێگومان بەو پێوەرەی کە وەرگر گەمژەیە.. ئەو جۆرە ستایلە پەڕپووتی و نەبوونی داهێنان لای تێکستنووس دەستنیشان و ئاشکرا دەکات:

چی هێمایەك خوێن جمانی تێزابە بۆ یاقوتی رۆح(...)؟
زمانی بەرد لە (نەبون) دەخوێنێتەوە
سونبوڵی مەرگ زێڕی عەزایی ئەوە(...)
تێزابی عەشقی یاقوتی (بون)ی تواندەوە..
زمانی خەففەی رۆح لە مەرگا نوسرا(...)(29)

(هێما، جمان، یاقووت، سونبول، عەزایی، خەففەی رۆح...تاد) ئەگەر بە رووکەشیش وشەی ئاڵۆز نەبن، ئەوا لە بنەوەی ئەو وشانە دەیان لێکدانەوەیان گەرەکە، هەر یەك لەو وشانە

قوولایی مێژوویی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەکارهێنانی ئەو وشانە لە پێناو درووستکردنی واتا زانایی پێویستە، نەزانینی بەکارهێنانیشیان تووشی کێشەی ئاڵۆزیی نائێستەتیکیمان دەکاتەوە لە واتای شیعری..

ئەگەر شیعر، وەرگر لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر نەگوازێتەوەو تووشی رامان و موچڕکە و چێژ و لەززەتی نەکا ئەوا مەبەست لە نووسینی چییە؟ ئەو ئاڵۆزکردنە تەنیا شتێك بەرهەمدەهێنێ ئەویش نائێستەتیکی و ناشیعرییەتی شیعرە، ئەوا ئەگەر بە شیعر حیساب بکرێ.. نمونەیەکیتری ئەو جۆرە تێکستە:

ئێوارەیەکی نیلۆفەڕیی و
دەریاچەیەکی وەنەوزگرتوو
وەك ئەو کۆترەی
کە کێوێك بێدەنگ عاشقتبوو،
وەرە بەفری ئەو ئاسمانە فەرامۆشنشینە
لەسەر لاچەنگەکانمدا بسڕەوە:
ئەی دڵە مۆرەکەی یادەوەریی(30)

(نیلۆفەریی، وەنەوزگرتوو، فەرامۆشنشین، لاجەنگەکانمان...) بەو قاموسەی کە ئەو تێکستەی لێخولقاوە، نەتوانراوە تەنانەت یەك وێنەشمان بداتێ کە دواتر لە زاکیرەدا شوێنەوارێکی

کەمیشی لێ بمێنێتەوە.. ئەو وشانەی لێرەدا بەکارهاتوون نزیکەی بیست وشەیەك دەبن، بیست وشە ئەگەر یەکجار زۆر نەبێ بۆ دروستکردنی تابلۆییێکی شیعری ئەوا هەرگیز کەم نییە، بیست وشە بۆ دروستکردنی موزیك و بۆ کردنەوەی دەرگایەك کە لەوێوە بچیتە نێو دنیایەك رامان و بیرکردنەوە کافییە.. من لێرەدا نامەوێ ئەو تێکستە بە تێکستێکتیر بەراورد بکەم کە بەو جۆرە ستایلە نەنووسراوە، بەلاّم لەسەر چەندیەتیی وشە و چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە بۆ دروستکردنی مانا و تابلۆ و مۆسیقا و هەموو خاسییەتەکانیتر کە تێکستێك دەکەن بە شیعر لەنێوانی ئەو تێکستەی پێشووتر و ئەو شیعرەی ئێستا هەڵوەستەیەك دەکەم، بۆ ئەو بەراوردکارییە نمونەیەك دەهێنمەوە و لەوێوە با وەرگر خۆی لەو جیاوازییە تێبگات کە لە نێوانی بالاّدەستی لە ریزکردنی وشە و هەروا بە رەمەکی  ریزکردنی وشەدا هەیە..

(با ئێستا هەمووومان لە ژێر خاکدا بنووین
لە ژێر خاکدا
ئەو خاکەی وا هەرگیز دەرفەتی ئەوەمان بە یەکدی نەدا
تاوێ لەسەری بحەسێینەوە.) (31)

وشەکانی لەو شیعرە بەکارهاتوون کەمترە لە تێکشتەکەی پێشتر، هەروەها لەو شیعرەدا:

1- وێنەیەکی شەفافمان هەیە.
2- بیرۆکەیەك هەیە، حەزدەکا لەژێر خاکدا لەگەڵ مرۆڤایەتی بە ئارامی بخەوێ چونکە نەیتوانیوە تەنانەت بۆ تاوێکیش لەسەریدا بحەسێنەوە.
3- واتایەك بوونی هەیە کە دەکرێ چەندین خوێندنەوەی بۆ بکەی، بۆ مرۆڤایەتی ناتوانێ لەسەر خاکدا بە ئارامی بژی، بۆ تەمەنناى مەرگ کراوە، کێن ئەوانەی کە دەرفەت بە یەکدی نادەن و بۆچی دەرفەتی فەراهەم کردنی بەختەوەری بەیەکتری نادرێ و؟ ......تاد
4- بە زمانێکی ئاسان گوزارشتکراوە و تێمەیەکی قوڵی ورووژاندوە.
5- هەڵگری مۆسیقایەکە لە بەیەك کەوتنی وشەکان، ئەگەرچی شیعرێکی تەرجەمەکراویشە.

بە پێچەوانەوە بزاین تێکستەکەی تر چی دەڵێ:

ئێوارەیەکی نیلۆفەڕیی و
دەریاچەیەکی وەنەوزگرتوو

**وەك ئەو كۆترەی**
**كە كێوێك بێدەنگ عاشقتبوو،**

**تا ئێرە كۆپلەیەكە و لە دوای ئەو دێرەی كۆتایدا، هەم كۆتایی بە خۆشكردنی ئەو زەمینەسازییە دێت كە بۆ گوتنێك خۆشیكردووە، هەمیش گوتنێك ئاراستە دەكات:**

**وەرە بەفری ئەو ئاسمانە فەرامۆشنشینە**
**لەسەر لاچەنگەكانمدا بسڕەوە:**
**ئەی دڵە مۆرەكەی یادەوەریی.**

**لە چەند دێری یەكەمدا هەوڵیداوە چی بڵێ؟ دەیەوێ چیمان نیشان بدا؟ وەك دیارە هەوڵیداوە وێنەیەكمان نیشان بدا، وێنەكە چییە؟ (ئێوارەیەكی نیلۆفەڕیی و دەریاچەیەكی وەنەوزگرتوو)، دوای ئەوە هاتووە ئەداتی تەشبیهی بەكارهێناوە كە ئەویش (وەك)ە، بۆ ئەوەی (ئێوارەیەكی نیلۆفەڕیی و دەریاچەیەكی وەنەوزگرتوو) بەشتێكیتر بشوبهێنێ.. (وەك ئەو كۆترەی كە كێوێك بێدەنگ عاشقتبوو).. ئەوە مەعنای چییە؟ وێنەكە چییە؟ ئایا هیچ واتایەكی ئێستەتیكی و پەیوەندییێكی ئێستەتیكی لە ریزكردنی وشەكان بەدی دەكرێ؟ دەیەوێ باسی هێوریی ئێوارە بكا..؟**

دوای ئەوەی لە کۆپلەی یەکەم سەرنەکەوتووە لە درووستکردنی تابلۆیەك کە بە هۆیەوە وا بکات زەمینەیەك بۆ وەرگر خۆشبکات تا لە کۆپلەی دووەم واتای مەبەست بگەیەنێت، لە کۆپلەی دووەم جەوهەری گوتن دەردەکەوێ کە ئەویش دواکردنە لە یادەوەریی کە بەفری ئەو ئاسمانە فەرامۆشنشینە لەسەر لاچەنگەکانیان لابدات..

ئەتمۆسفێری گشتی ئەوەیە کە داوا لە یادەوەری بکات بەفری فەرامۆشی بسڕێتەوە، کە بە بۆچوونی من ئەو تێکستە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە شیعرەوە نییە، چونکە شیعر بریتیی نییە لە سەر لەخۆشێواندن و سەرلەخوێنەر شێواندن، لێرەدا کە دەڵێم سەر لە خوێنەر شێواندن مەبەستم خوێنەرێکە کە خاوەنی مەعریفەی شیعری نییە، چونکە خوێنەری دانا زوو لەو گەمەیە کەشفە تێدەگات.. ئەگەر لە لە بیست وشەدا نەتوانرێ وێنەیەك دروستبکرێ مانای ئەوپەڕی بێدەستهەڵاتی تێکست نووس دەگەیەنێ.

کەوابێ بەشێوەیەکی گشتی ئەو تێکستانەی کە بەو ستایلە(**وشەی ئاڵۆز و واتای ئاڵۆزی نائێستەتیکی**) دەنووسرێن بێ توانایی نووسەر و شاعیرەکان رادەگەیەنێ.

## 3- وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی نائێستەتکی:

**لە ڕێگای فەرهەنگێکی ئاسان، واتە کۆمەڵە وشەیەکی ئاسان بەڵام بە هۆیەوە واتایەکی ئاڵۆزی نائێستەتیکی لێدەکەوێتەوە، واتای نائێستەتیکی بەو مەعنایە دێ کە تێکستەکە تەنیا لە پێناوی فرۆفێڵکردن لە خۆیی و لە خوێنەرەوە ئاڵۆز کراوە، جگە لەمە هەلگری هیچ واتایەك نییە، چونکە ناشێ خوێنەر نەتوانێ بە لایەنی کەم خوێندنەوەیەکی بۆ تێکستێك نەبێ، یا ئەو جۆرە تێکستگەلە ئەگەر وێنەیەکیش لە زەینی خوێنەر درووست بکا ئەوا هیچ بالآدەستییێکی پێوە دیار نەبێ لە هونەری وێنەکێشانی وێنەی شیعرییەوە، ئەوا دەکەوێتە ئەو خانەیەی کە ئاڵۆزییەکی نائێستەتیکی لێبکەوێتەوە.. ئەو جۆرە ستایلە لە درووستکردنی واتا لە شیعری کوردی هاوچەرخدا زۆر بەرچاو دەکەوێ، لە بەشی پێشوو نمونەیەکمان لێیهێنایەوە، ئەوەیان نمونەیەکیترە:**

من لە تەنیایی جماوت دەڕوانم
ئەستێرەکان لەناو تەونی جالجالۆکەییدا
جریوەکان دەهۆننەوە.
تۆش بەرەو ئێوارەیەک
لەناو چرپەکانی یادەوەرییدا،
پەرێشانییەکانت لەسەر رووی تەمتومان
دەنووسیتەوە.

له خوناوی دڵ زیاتر؛
به دەر له ئەشکی وشه،
هیچی تری نییر ببیبەخشێ:
زمانی ئەو منه سەهەندەیه .

**ئەو تێکستەم له سایتی "دەنگەکان" کۆپی پێست کردووه، وەك دەیخوێنینەوه هیچ وشەیەکی ئاڵۆزی تیا نییه، جگه له "جماو+سەهەند"بۆ خوێنەری گشتیی، کەچی نه وێنەیەکی دیار و نه وێنەیەکی ئەبستراکت له رێگای ئیقاعەوه، هەروەها هیچ واتایەکی ئێستەتیکیشی لێ بەدی ناکرێ که بتوانێ شوێنێك له یادگەی وەرگردا هەڵبکۆڵێ، بەو شێوەیه هیچ کاریگەرییێکی ئێستەتیکی و سۆزاویی و تەئەمولیی و ..تاد له نێرەرەوه نییه لەسەر بۆنێردراو، لێرەوه دەگەینه ئەوەی که بڵێین: ئەو تێکسته هەڵگری هیچ جۆره واتایەکی ئێستەتیکی نییه، لەگەڵ ئەوەش که به وشەی شەفاف و ئاسان نووسراوه.**

## 4-وشەی ئاسان و واتای ئاڵۆزی ئێستەتیکی.

زەمەن
لە خۆشیان سەردەکەوێ
لە خەمانیش دەنیشێتەوە

لە خاکی وشەکان، وێنە
کارێزە

خۆر
ناڵێ بەڵێ
ناڵێ نا
خۆی دەڵێ

داهاتوو مێگەلێك رۆژی هەیە
لە کێڵگەی ئێستادا دەیان لەوەڕێنێ
ئەویش، هەندێ جار بەم جۆرە دەڕوات
بۆ دواوە بۆ دارستانی زەمەن.

نابێ و ناشێ بیری راست و رووت بێت
چونکە، ئەو کاتە روخساری خۆی بزر دەکات. (32)

هەندێ لە شیعرەکانی "ئەدۆنیس"نمونەیەکی باشی ئەو جۆرە ستایلەن، ئەگەر بە وردی لەو شیعرە بڕوانین ئەوا لە رووی فەرهەنگییەوە (لە تەرجەمە کوردییەکەی) هیچ وشەیەکی ئاڵۆزمان ناکەوێتە بەرچاو، کەچی کاتێ هەڵوەستە لەسەر مانا دەکەین ئەوا بێگومان واتاکانی کراوەن و ئاڵۆزیشن، بەڵام ئاڵۆزییێکی ئێستەتیکی چونکە بە حەقیقەت هەڵگری واتایەك یا چەندین واتایە، بە پێچەوانەی ئاڵۆزییێك کە هیچ واتایەکی لە دواوە نییە..

هەر کۆپلەیەك لەو شیعرە وەربگرین، تابلۆیەکە، واتایەك دەدات، هەمووشی بە یەکەوە ئەتمۆسفێرێکی واتایی یەکانگیرت پێدەدات، بۆیە دەتوانم بڵێم: ئەو جۆرە ستایلە یەکێکە لە ستایلە پوخت و جوانەکان، بەڵام ئەگەر خوێنەر بە شێوەیەکی گشتیی بکەین بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە ستایلە ئەوا قسەی زیاترم دەبێ و دەبێ باسێکیتری لەو بارەیەوە بنووسین.

## 5- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی ئێستەتیکی.

لە کلاسیك و لە ئێستاشدا ئەو ستایلە هەبووە و هەیە و دەشمێنێ و بەرەو زاڵبوونیش دەڕوا بەسەر ستایلەکانیتردا، چونکە ژیان بەرەو ئاسانی و سادەیی دەڕوا بۆیە مەحاڵە شیعر بتوانێ خۆی لە ژیان بدزێتەوە و بە رووگەیەکیتردا رێگا بگرێتە بەر..

یەکێ لەو نمونە جوانانەی کە بەو ستایلە نووسراوە لە کلاسیکدا ئەو دوو بەیتەیە لە داستانەکەی شیخی سەنعاندا، کاتێ یەکێ لە موریدەکانی داوای لێدەکات کە وەسوەسە و قەلەقی نەمێنێ:

همنشینی گفتش:ای شیخ کبار
خیز و این وسواس را غسلی برار

شیخ گفتش: امشب از خون جگر
کردەام صد بار غسل، ای بی خبر

(واتە: یەکێ لە موریدەکانی شێخی سەنعان گوتی: ئەی شیخی گەورە، هەستە غوسلێك بکە با ئەم وسوەسانە لە خۆت دوورکەیەوە.. شێخ گوتی: ئەمشەو سەدجار

دەستنوێژم بە خوێنی جگەرم هەڵگرتووە ئەی بێ خەبەر)(33)

بۆ فارسیزانێکی ئاسایی وشەکانی ئەو دوو بەیتە هێندە گران و ئاڵۆز نین، لەگەڵ ئەوەشدا واتاکەشی هێندە ئاڵۆز و پڕ لە رەمز و تەماوی نییە، بەڵام لووتکەی جوانییە و راتدەگرێ وا دەکا هەڵوەستەیەکی سەیر بکەی.

لە شیعری نوێشدا ئەو جۆرە ستایلە لە درووستکردنی شیعر و بەبەرداکردنی شیعرییەت بە تێکستدا لێرە و لەوێ دەستدەکەوێ، یەکێ لەو شاعیرانەی کە لەو بوارەدا بالآدەستە، شاعیری عێراقی فازل عەزاوییە:

لێرە لەسەر رووی ئەم زەمینە

حافز لێی پرسیم:
لەوێ لە ئاسمان چی هەیە؟
گوتم: بەهەشت.
گوتی: ئێمەش دەتوانین زەمین بکەین
بە بەهەشت

**لێرە رووبار و باخی زۆرمان هەیە**
**جوانترین پەریمان هەیە**
**لەوەی خودا درووستی کردوون**
**ماریش دەهێنین**
**بۆ ئەوەی بەسەر دارا هەڵپاسێ**
**ئیدی لە چیمان کەمە؟** (34)

**ئەگەر تەماشای ئەو فەرهەنگە بکەین کە بە هۆیەوە فەزایەکی واتایی لێهاتۆتە بوون، یا ئەو فەرهەنگەی کە تابلۆیێکی واتایی خولقاندووە، فەرهەنگێکی رۆشەن و ئاسانە، کەچی لە ئەنجامدا واتاییێکی ئاسان و فێنککەرەوەشمان پێدەبەخشێ.. هەموو فکرەکە ئەوەندەیە کە دەیەوێ بڵێ مادام هەموو شتێکمان هەیە لەوانەی کە لە بەهەشت هەن، بۆچی بەهەشتێك لێرە درووست نەکەین..؟**

**ئەو کارەی بە زمانێکی ئاسان ئەنجامداوە و واتاکەشی بریتییە لە واتاییێکی ئاسان، بەڵام بە فەرهەنگێکی ئاسان و بە واتاییێکی ئاسان قووڵییێك و دەرگا ئاوەڵاکردنێکی زەینیمان نیشان دەدا کە لە کۆتاییدا فەزاییێکی شیعری جوانی لێکەوتۆتەوە.**

له شیعری نوێی کوردیش ئەو هەوڵە لە ئارا دایە، بۆ نمونە ئەگەر لەو چەند دێرەی کەریم دەشتی شاعیر وردبینەوە، رووبەڕووی هەمان حاڵەت دەبینەوە:

دۆستەکانم کۆمەڵە گەنجێکی جوان بوون
ئێوارەیەك لەشکری پیری هات
سەری هەموویانی سپی کرد
ددانی هەموویانی وەراند
یادەوەری هەموویانی کوشت
هەریەکەی بەرەو گۆڕێ بەڕێ کرد (35)

یەکێ لە خاسیەتەکانی ئاسان بۆ ئاسانی ئێستەتیکی بریتییە لە گەیاندن، گەیاندنی بیرێکی ئاسان بە زمانێکی ئاسان بەلاّم دانایی گەرەکە لە پرۆسەی بیناکردن، بە حەزەربوون لە درووستکردنی ستراکتۆر و کەشی گشتی ئێستەتیك و رامانی لێدەکەوێتەوە.. ئەگەر جارێکیدی بگەڕێینەوە بۆ ئەو چەند دێرە رووبەڕووی هیچ کێشەیەك نابینەوە لە تێگەیشتن، زەمەن یا پیریی کۆمەڵە دۆستێکی پەرش و بلاّو کردوەو لەنێوی بردوون، بەلاّم رێکخستن و ریزبەندی لە وشە و رستەدا موزیکێکی

حەزینی درووستکردوە، بیرێکی گەیاندوە، ئەنجام ئەتمۆسفێر و کەشێکی جوانی لێ هاتۆتە کایەوە..
بە بۆچوونی تایبەتی من، ئەو ستایلە لە نووسینی شیعردا پێویستی بە بالأدەستییێکی لە رادەبەدەری شاعیران هەیە و بە یەکێ لەو ستایلانە دادەنرێ کە گرانترین و قورسترین کاری بەهرە و مەعریفە و رامان و وردبینی گەرەکە.

## 6- وشەی ئاسان و واتای ئاسانی نائێستەتیکی

لەو جۆرە ستایلە وشەکانی تێکستێك هیچ ئاڵۆزییێکی تێدا نییە، ماناکەشی بە هەمان شێوە، بەلاّم بیرۆکەیەکی هێندە ئاساییت پێدەدات کە پێویست بە هیچ هەڵوەستەیەك ناکا:

کاتی ئەوە هاتووە بترسین
لە هەموو شت
لە نەریت لە ئاین لە کۆمەڵ
من تا ئێستا نە لە حەرامی مەلا گەیشتووم
نە لە حەلاڵی ساقی
من تا ئێستا نە لە تۆ گەیشتووم....تاد (36)

یا ئەو تێکستە:

ئەی ولاّتم: بیست و سێ ساڵە بۆنی خاك و مرۆڤ و لیتە و عارەقەکەی تۆ دەچێت بەسەرمدا و وەڕز نەبووم/ بیست و سێ ساڵە/ چاوەنوارِم شەوێکی کپ، کچ و کوڕێکی شۆخ و شەنگ بێنە خوارێ و بۆ دورگەیەکی سەوز

هەڵمگرن/نەهاتیت و گلەیشم لێنەکردی/تۆش پێم دەڵێیت ؟؟ خۆفرش و خیانەتکارم..
دڵم لە بەردە بۆ خەمت.. بێ ئازارم../من هەتا تۆزێ سەر لەشی چەقەڵەکانیشت دەپەرستم/ هەتا تنۆکە بارانی سەردەستی منداڵەکانیشت دەپەرستم/ بەڵام بڵێم چی.. گەر رقم لەو پیاوە تەنگ ئەستور و گومڕایانە بێت، ئەو پیاوانەی شەوی دە جار خەنجەر لە دڵی جوانی دەدەن......تاد(37)

هەموو بیرۆکەکە ئەوەندەیە، کە نیشتیمانی خۆی خۆشدەوێ و نیشتیمانەکەشی پڕە لە خەڵکی خراپ کە رێز لە جوانی ناگرن، شاعیر هەر بەو پەڕەگرافەش وازی نەهێناوە کە من لێرەدا نووسیومە بەڵکو دەیان و دەیان رستەیتریشی ریزکردووە بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە، بێگومان بە زمانێکی ئاسان و ماناکەشی ئاسانە، بەڵام نەبوونی باڵادەستی و توانستی شاعیرانە وای کردووە کە درێژدادڕیەکی بێ هۆکار پەیڕەو بکا بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە، لەگەڵ ئەوەش دەبینین لە شیعری نوێدا بۆ دەربڕین و گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە چیرۆکێکی درامی کورت و چڕ پەیڕەو دەکرێ بۆ گەیاندنی فکرەکە.

له لایەکیترەوە خودی ئەو کەرستانەی کە تێکستەکەی لێدرووستکراوە کەرستەی نوێی شیعر نین، ئەوەیان تەنیا لە لاواندنەوە و ریزکردنی هەندێ وشەی خەماوی بێ هیچ پلانێکی ئەندازیارانە جا لە وەعی و ناوەعیش بێ دارێژراوە، ئەمە جگە لە لۆکاڵی بیرۆکەکە کە تەنیا بوقعەیەکی جوگرافی بۆ زەمەنێکی دیاریکراو لە خۆوە دەگرێ.. وەك ئەوە وایە کە دوو دێر شیعرم خوێندوە نووسرابوو:

ئاخ چ لە ولاتێك بکەم

کە فرۆکەخانەی تێدا نییە..؟

دوای ماوەیەکی کورت فرۆکەخانە لەو ولاَتە درووست بوو.. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە هەڵبژاردنی تێمە زۆر گرنگە بۆ تەمەن درێژی تێکست.. ئێمە لێرەدا لە شیعر دەدوێین نەك مێژوو، ئێمە شیعر دەنووسین نەك مێژوو، بەداخەوە لەو تێکستەدا:

1- بیرۆکەکە، بیرۆکەیەکی باوە.
2- درێژدادڕە، دەتوانرێ بە چەند رستەیەك مەبەستەکە بگەیەنرێ.
3- هیچ ئەندازیارییێك لە گێڕانەوەو ستراکتۆری تێکستەکە بەدی ناکرێ.
4- ئاسان بۆ ئاسانە، بەلاَم لەبەر ئەو خالاَنەی سەرەوە نائێستەتیکیە.

## 7- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی ئێستەتیکی

ئەی شەمسی ناب
وەی شەمی شەبوستانی دیدەمەستان
وا شەو رما بەسەر سینەی
پەرێشانی
زاگەی شیعرما
ئادەی وەرە وەرە
بە غەمزەیەك
یاقووتەکانی وەجاغی
رۆحی وشە داگیرسێنە دا! (38)

یا ئەو نمونەیە:

لە پێشگای عەرشی زیبای
بەژن و باڵادا
سەوداسەر و سەرگەردان و دەوەستم و
خاڵی لە دەسمایە و سەرمایە
مەرجانییەکانی رۆح
ملکەچ و وێڵ و خانەخراب

دەلالێیمەوە..د ە لا لێ یٚ م ە و ە (39)

لە هەردوو کۆپلەدا بە تەماشاکردنێکی دەرەوە و فۆرمی تێکستەکە خۆمان لە بەرانبەر تێکستی گران دەبینینەوە، بەو واتایەی کە تێکست لە وشەی ئاڵۆز خولقاوە، بەڵام ئەگەر وشە ئاڵۆزەکان بە وشەی ئاسان بگۆڕینەوەو واتاکانیان تێبگەین ئەوا تێکستەکان هەڵگری واتای ئاسانن..یەکەمیان: داوا لە کەسێك دەکات کە بە غەمزەیەك بەهرەی شیعری بۆ داگیرسێنیٚ و دووەمیان: لەبەر جوانی بە وێڵی دەتوێتەوە و دەلالێتەوە.

ئەو جۆرە ستایلە زیاتر کار لەسەر موزیکی تێکست دەکا، بە خوێندنەوەیەکیتر موزیك دەرگا بۆ مانا جیاوازەکان و تێگەیشتنی جیا ئاوەلاٚ دەکا، دیارە ئەوەشیان پەیوەستە بەو بیرەوەریانەی کە لە زاکیرەی وەرگردا هەیە، رەنگە موزیکی ئەو جۆرە تێکستانە وەرگر بەرەو واتای ئاوەلاٚ و جیا جیا ببات.

## 8- وشەی ئاڵۆز و واتای ئاسانی نائێستەتیکی

تۆ نەبزی لێدانی دڵێکی بێهەدای
خرۆشی نەغمەسازی بولبلێکی لە قەفەزدا بەندکراوی..
کە دەیەوێ چیان بۆ ئەو درەختە وەرمدارانە بگێڕێتەوە
لە چاوەڕوانی نوێژی((استسقا))دا
هەڵپڕوکان

هەر لە درێژەی ئەو تێکستەدا هاتووە:

ئەشکەنجەیان دا بە کەباری سەربانی کیبریا..
ئەشکەنجەیاندا بە بانگی میحرابە خودا فرۆشەکان ( 40)

(نەبز، بێهەدا، خرۆش، نەغمەساز، وەرمدار، استسقا، کەبار، کیبریا، میحراب..تاد) هەموو ئەو وشانە بۆ خوێنەری ئاسایی وشەی گران و ئاڵۆزن بەلاّم هەوڵیداوە بەو وشە ئاڵۆزانە چی بڵێ؟ با تەنیا هەر من نەبم بڕیار بدەم، خوێنەریش لێرەدا دەتوانێ خۆی بڕیار بدا، بەلاّم ئەوەی کە پەیوەستە بە بۆچوونی من ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك جوانی لەو چەند رستەیەدا بەدی ناکرێ، چونکە خودی تێکستنووسەکەش رەنگە نەزانێ چیگوتوە، ئەوە کارێکی شاعیرانە و هێندە گرنگ و

گرانیش نییە کە شتێك بنووسین و خۆشمان نەزانین چیمان گوتوە، ئەگەر ئەو جۆرە فرو فێڵە بە وڕێنەکانی فەیلەسوفان و شەتەحاتی سۆفی و عاریفان بەراورد بکرێ کارێکی هەڵەیە، چونکە وڕێنەکانی نیتشچە و بایەزیدی بوستامی و .. تاد پڕ لە جۆرە واتاییێك کە دەرگای دەیان و دەیان واتای ترمان بۆ ئاوەڵا دەکات.

## C- فرەواتایی:

فرەواتایی لە کلاسیکدا جیایە لە هەڵکڕاندنی واتای جیا جیا لە شیعری نوێدا..لە کلاسیکدا فرەواتایی بە مانای بوونی چەند واتایەك دێت لە بەیتێك یا لە سەرلەبەری شیعرێك، دروستکردنی ئەو واتایانەیش شێوەیەکی ماتماتیکی بە خۆیەوە دەبینێ کە بە هۆی زانستەکانی ڕەوانبێژییەوە دروست دەبێ..بە پێچەوانەوە لە شیعری نوێدا تەئویل، فرەوێنەیی و فرەواتایی دروست دەکات.

نەزمی نالی میسلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە
دو رووە بۆ سەیری خاتر: یەك خەفی و یەك ئاشکار
ل 174

ڕەنگە شیعری کلاسیکی بتوانێ لە رووی مەعناوە دوو روو یا چەند روویێکی هەبێ، بەڵام شیعری داهێنەرانەی تەئویلی هەڵگری وێنەگەلێکی بێشمارو بێسنوورە، ئەوەتە لێرەدا نالی دەڵێ: شیعری من دوو رووە، یەك شاراوە و یەك ئاشکرا، بەڵام واتا لای نالی بە فیعلی واتایە، نەك دروستکردن و وێناکردنی لە خۆوە، مەبەست لە واتای حەقیقی لای نالی ئەوەیە کە زمان ئەوە دەدرکێنێ کە من دەمەوێ بینێرم..

له نەحو و صەرفی ئەداتی مەپرسە ئەی موعریب
که رەفع و نەصب و جەڕ و جەزمە ئالەتی تەقریر
ل212

له باسی یەکەمدا سەبارەت بەو بەیتە قسەمان کرد، که وەك مامۆستایانیش(مەلا عەبدولکەریم و فاتیح عەبدولکەریم) لێی دواون، بە ڕاستیی لێرەدا شیعری نالی هەڵگری دوو واتایە یەکی خەفیی و یەکیشی ئاشکار، مەبەست له (بەڕاستیی هەڵگری دوو واتایە) بریتییە لەوەی که نالی بە زمانێك دەدوێ که زمانی زانستی قەواعیدە و هەر بەو شێوەیەش مانا دیارەکەی باس لەو زانستە دەکات، بەڵام واتا شاراوەکەی واتایەکی ئیرۆتیکییە، بەو شێوەیە دەبینین که بەیتێکی شیعری بە زمانێك دوو واتای لێك دوور و دوو وێنە و دوو دنیای لێك دوورت نیشان دەدات، که ئەوەش ئەوپەڕی باڵادەستییە له زانستی بەلاغە و ئێستەتیك و شیعریەتی شیعر.
بە پێچەوانەوە واتای شیعری نوێ بە شێوەیەکی گشتیی گەڕانە بە دوای درووستکردنی فەزایەکی تەئویلی بۆ بەشداری پێکردنی وەرگر له تێکستدا:

( کوێرەکەیان پرسی: حەبیبی، ئەستێرەکان چی دەڵێن؟
ژنە وەڵامی دایەوە: له کاکێشان، فەردەیەکی گەورە بەفر و

بۆشاییەك دەبینم باوبارانی بەدواوەیە
دیسان پرسی: ئەستێران چی دەڵێن
- دەدرەوشێنەوە، تیشکیان بێ جوولە نییە
ئەستێرەی وا رەشەبا، بوومەلەرزە.....ی بە دواوەیە
جارێکی دیکەش پرسی: حەبیبی، ئەستێران چی دەڵێن...تاد)(41).

بە پێچەوانەی ئەو بەیتەی نالی کە ئاڵۆزییێکی بێژماری بە هۆی فەرهەنگەوە لەو بەیتەدا درووست کردووە و بۆ تێگەیشتن لێی دەبێ خاوەنی مەعریفەیەکی زۆری فەرهەنگ و زانستیی زمانی کۆن بین، هەموو ئەو وشە و دەستەواژانەی وەك: (نەحو، صەرف، ئەدات، موعریب، رەفع، نەصب، جەڕ، جەزم، ئالەت، تەقریر) پێویستی بە زانیاری هەیە بۆ تێگەیشتن لێیان، کەچی لەو شیعرەی گوننار ئێکۆلۆف: بۆ تێگەیشتن لە زمان پێویستیمان بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ نییە، هیچ وشەیەکی ئاڵۆزی تێدا نییە کە لە ماناکەی تێنەگەین، بەڵام لێرەدا روو بەرووی ئیشکالییەتی واتای گشتیی فەزای دەقەکە دەبینەوە.. واتا و پەیام لەو شیعرەدا راستەوخۆ نییە، هەر بۆ نمونە لەو دێرەی کە دەڵێ: بۆشاییەك دەبینم با و بارانی بەدواوەیە.. وەرگر هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستەی لا نییە کە پەیام تێیدا چییە؟ (بۆشایی)

وشەیەکی هێمایيە لەو دێرەدا، سەرەتا پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر پێناسەکردنی وشە بکەین:(وشە: گرنگترین یەکەی واتاییە کە واتایەکی هۆشەکی هەیە، لەگەڵ ئەوەش واتایەکی نموونەیی نییە،بەڵکو واتای وشە بریتییە لە واتای فەرهەنگی وشەکەو ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات)(42)..واتای فەرهەنگی وشەی بۆشایی: بریتییە لەو مەودا یا مەسافەیەی کە هیچ شتێکی تێدانییە، وەك گوتمان وشەیەکی هێمایيە، هێما (ئەو کۆدە دەربڕاوانە یان نووسراوانەی کە بە وشەو رستە دەردەبڕدرێت وە یا بە پەرە زمانییەکان کە لەگەڵ زمان دا دێت و بابەتەکەی لێ پێکهاتووە)(43).

بەو شێوەیە دەبینین کە واتا لە بەیتەکەی نالیدا واتای بەرجەستەن، رووی یەکەمی بریتییە لە باسکردنی رێزمان و لایەنی دووەمی مانایەکی ئیرۆتیکی هەیە و ..تاد هەموو ئەو رووانەی کە لەو بەیتە هەن خاوەنی واتان، واتای بەرجەستە، بەلاّم لە ستایلێکی شیعری نوێدا واتاکان ناگیرێن، ئەوە تۆی خوێنەری کە بەژداریدەکەی لە یەکلایکردنەوەی واتا.

هەر سەبارەت بە فرەواتایی نالی لە شوێنیتریش جەختی لێدەکاتەوە، کە شیعرەکانی هێندە بە دەقیقی و وردیی درووستکراون کە ئیدی داو بۆ شاعیرانیش دەنێتەوە و تێیدا دەکەونە چاڵەوە:

(نالی) به داوه شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە صەد داوی نایەوە
ل555

(نالی به خەیاڵی شیعریی پڕ وردەکاریی خۆی کە ئەڵێی تاڵە موی باریکە، صەد داوی ناوەتەوە بۆ هەر شاعیرێك، یا بۆ هەر کەسێك هەست بکا و بە خۆی بزانێ، داوی وا کە بە هیچ کلۆجێ سەری لێ دەرنەچێ)(44).

ئەوەی کە زۆر گرنگە کە سەبارەت بە فرەواتایی لە شیعری نالی و شیعری نوێدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە ماناکانی شیعری نالی مانای بەرجەستەن و مانای شیعری نوێ بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە دەکەونە خانەی ئاڵۆزکاوی ئێستەتیکی مانای نا بەرجەستەن، بەو چەمکەی کە دەبێ منی وەرگر بەژداربێ لە بەرجەستەکردنی واتاکان.

# بەشی دووەم

## گۆڕینی واتا لە ئاستەکانی زمان

## لای نالی و لە چەند شیعرێکی نوێدا

_ئاستی فۆنۆلۆژی.

_ئاستی وشەسازیی.

## گۆڕانی واتا لە ئاستەکانی زمان
## لای نالی و لە چەند شیعرێکی نوێدا

کە دەڵێم لە شیعری نوێدا مەبەست شیعری نوێیە بە شێوەیەکی گشتی نەك تەواوی شیعری نویٚ، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ستایلەکان لە یەکتر جیان و فەزای تێکستەکان زۆرجار لە خودی تێکستەکانی تەنانەت یەك شاعیریش لە یەکتر جیا دەبن.. لەو بەشەدا دەمەویٚ ئەو گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی پراکتیکی دیاری بکەم کە لە ئەنجامی گۆڕینی دەنگێك لە مانای وشە یا بەیتێك درووستدەبن و لە هەمان کاتیشدا ئەو دۆخە لەسەر چەند نمونەیەکی شیعری نوێدا پراکتیك بکەین و بزانین چ لە واتای شیعری نوێدا دەگۆڕیٚ..

1- ئاستی فۆنۆلۆژی:

فۆنۆلۆژی یا دەنگسازیی (ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە دەنگەکان، تاوەکو بزانرێت کە هەر دەنگێك چ ئەرکێکی هەیە، کام لە دەنگەکان، ئەگەر هات و لەناو پێکهاتەیەکی دەنگی تایبەت لە شوێنی دەنگێکیتر بەکار هات دەبێتە هۆی گۆڕانێکی زمانی، وەك گۆڕینی واتا، کام لە دەنگەکان ئەگەر هات و لە شوێنی دەنگێکیتر بە کار هات، هیچ گۆڕانێك درووست ناکات)(45)

ڕەنگە کێشەکە هێندە لە خودی ناودا دەست پێنەکا، کە بە گۆڕینی دەنگێك ( نالی= سال = نەیجە کە ناوەکەی

**بۆشە=مزمار=شمشاڵ) یا (ناڵی=نەعل، هەر شتێ کە لە پێ بکرێ، ئەوە ئەگەر ناو بێ، خۆ ئەگەر کار یا فعل بێ بە مانای هاوار و ناڵێ بە مانای کەسێك دێ کە قسە ناکا)**46

**بە قەد ئەوەی کە وەکو وشە لە رستەدا بە کاربهێنرێ و کاریگەریی لەسەر گۆڕینی واتا هەبێ.. ئەگەر نالی وەك ناو وەرگرین ئەوا هیچ لە واتای بەیتەکان ناگۆڕێ:**

**هەر کەسێ تەحدیسی نیعمەت بێ، موراد و مەتڵەبی**
**میسلی (نالی) ئیمتیسالی ئەمری یەزدانی دەکا ل**49

**شوکر نالی سەری خەصمت وەکو گۆ**
**بە خواری، نەك بەیاری، کەوتە بەر شەق ل** 245

**نالی چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی**
**خۆ تۆ بە حیسابی وەکو پەروانە شەمت بوو** 370

**لێرەدا نالی وەك ناو هیچ لە واتای بەیتەکە ناگۆڕێ.. بەڵام لە زۆربەی بەیتەکانی تردا کە نالی دەکرێتە کار، کاریگەری لەسەر تەواوی واتای بەیتەکە دەبێ:**

روخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق، ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوصولی ناڵە (نالی) ل661

(واتە: روومەتی تۆ گوڵێکی تاقانەی بێ هاوتایە هەزاران بلبل عاشقی بوون و بۆی ئەخوێنن، بۆیە ئەبوا دڵدارێکی وەك نالی لەناو کۆڕی ئەم هەموو دڵدارانە هەر دیار نەبوایە.. کەچی لە هەموو لایەکی چەمەن و گوڵزار و لەناو هەموو دڵداراندا بە گوێرەی ناڵە ناڵی خۆی و بە هاوار و کڕوزانەوەیدا دیارە، چونکە دڵداری راستەقینەیە..
ئەشگونجێ ناڵە نالی بە ناڵە ناڵی بخوێندرێتەوە و مەعنای بەیتەکە وای لێبێتەوە: روی تۆ گوڵێکە صەد دڵداری وەك بلبلی هەیە، بەڵام بلبل لەناو هەموویاندا بەشێوەی تایبەتیی ناڵە ناڵی خۆیدا دیارە، بە پێی ئەم مەعنایە بەشی دووەمی وشەی ناڵە ناڵی کە ناڵی یە ئیشارەت ئەبێ بۆ نازناوی نالی و بلبلەکە نالی خۆی ئەبێ)(47).
وەك دەبینین (ل) کە دەبێتە(ڵ) چ گۆڕانێك بەسەر واتای بەیەتەکەدا دەهێنێ، لێرەدا دەگەینە ئاکامێك کە ئەویش بریتییە لەوەی کە لە شیعری کلاسیکی کوردی تەنیا تاکە دەنگێك دەتوانێ گۆڕانکاری لە واتای تەواوی بەیتەکە بکات..
لە شیعری نوێی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی فۆنیم ئەو کاریگەریەی نییە لەسەر واتای گشتی و فەزای گشتی دەقەکە..

**پەنجەکانت**
**لە دەستەکانت دەترازێن**
**وەکو هێشوویەك لە ترێ**
**دەکەونە نێو دەستەکانم** (48)

**ئەگەر دەستەکان بکەین بە هەستەکان چ لە فەزای گشتی شیعرەکە دەگۆڕێ؟**

**پەنجەکانت**
**لە هەستەکانت دەترازێن**
**وەکو هێشوویەك ترێ**
**دەکەونە نێو دەستەکانم**

**یا:**

**پەنجەکانت**
**لە دەستەکانت دەترازێن**
**وەکو هێشوویەك ترێ**
**دەکەونە نێو هەستەکانم..**

بەمشێوەیە دەبینین، ئەو کاریگەرییە سەراسەریی و سەرتاپاییەی کە لە ڕێگای گۆڕینی فۆنیمێکەوە بەسەر بەیت و فەزای قەسیدەیەکی نالی دادێ، ئەوا لە شیعری نوێی کوردیدا کاریگەریەکەی یەکجار کەمە یاخود هەر نییە.

2- ئاستی وشەسازیی

وشـــە یەکەیەکـــە دەتـــوانێ گـــۆڕانێکی تـــەواو بەســـەر واتـــای ئەتمۆسفێری گشـتی بـەیتێکی نـالی بێنـێ، بـەلاّم سـەرەتا دەبێ هەڵوەستەیەك لەسەر وشە بکەین، وەکو یەکەیەکی واتایی:

(**وشە :**

گرنگترین یەکەی واتاییە کە واتایەکی هۆشەکی هەیە, لەگەڵ ئەوەش واتایەکی نموونەیی نییە, بەڵکو واتای وشە بریتییە لە واتای فەرهەنگی وشەکەو ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات..

ئەگەر وشە بە چەق دابنـێین بـۆ درووسـتکردنی واتـا، ئـەوا لـە خوار وشەدا فۆنیم و مۆرفیمی بەند هەیـە و لەسەرووشـیدا یـا گەورەتر لە وشە لێکدان  کە ئەویش بریتییە لە وشەی ئـاڵۆز : ئـەو وشــە ناســادەیەیە کــە لــە وشــەیەکی ســادەو زیادەیــەك پێکهاتبێ

وەك: ئاسنگەر

وشەی لێکدراو ی گرێ وەك: گوڵەگەنم و وشەی ئیدیەم وەك: سکی سووتا بە مانای منداڵی مرد، دێت)( 49)، هەموو ئەو دەستوورانەی کە وشەیەك پێکدێنن، لە شیعری نالیدا دەسکاری بکرێ ئەوا گۆڕان لە واتای شیعرەکانی درووست دەبن..چونکە وشە کە دەکەوێتە رستەوە سنووری وشەسازی دەبڕێ و دەچێتە ناو خانەی رستەسازییەوە، ئەوەی کە لای من مەبەست بێ لەو تێڕوانینەم، ئەوەیە، کە دانانی وشە لە رستەدا لە شیعری نالی بە پێوەر و حیسابات و لۆژیکەوە پەیوەستە.. بە پێچەوانەوە لە زۆربەی زۆری شیعری نوێی کوردی پێچەوانەیە، بەلاّم بۆ ئەوەی نەکەومە ئەو هەڵەی گشتگیریکردنە لە هەڵسەنگاندن ئەوا دەبێ بڵێم ئەو چەند تێکستەی کە لەبەر دەستی مندان، لە حەقیقەتیشدا هەروایە، بەراوردکردنی تێکستەکان بە یەکتری بە بێ خوێندنەوەیەکی پراکتیکی دەمانگەیەنێتە هەڵەکردنەوە..

## کاریگەرییەکانی وشە لەسەر واتای شیعری نالی

**- گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکیتر:**

له شیعری کلاسیکیدا به شێوەیەکی گشتی گۆڕینی وشەیەك به وشەیەکیدی کارێکی ئەستەمە، ئەگەر ئەو گۆڕینە فۆڕمیش تێکنەدا ئەوا واتا تێکدەدا، چونکه هەر وشەیەك که دانراوە کۆمەڵێك حیساباتی بۆ کراوە و به کۆمەڵێك فلتەردا تێپەڕیوەو دوای حەلکردنی چەندین هاوکێشە ئینجا شوێنی خۆی گرتووە.

شەوی بەهاری جوانی خەوێ بو پڕ تەشویر
له فەجری پایزی پیری بەیانی دا تەعبیر ل204

تەنیا شوێنی بەهار و پایز بەیەکتر بگۆڕینەوە، ئەوا کارەساتێك له واتاکانی ئەو بەیتە درووست دەبێ که هیچ واتایەکی وەکو پێشووتری بۆ نامێنێتەوە، ئەگەر بەیتەکە ئاوا بنووسینەوە:

شەوی پایزی جوانی خەوێ بو پڕ تەشویر
له فەجری بەهاری پیری بەیانی دا تەعبیر

باوەڕم وایە پێویست ناکا وردەکارییەکانی گۆڕینی واتا و تەفسیر و شەرحی مامۆستایان مەلا عەبدولکەریم و فاتیح عەبدولکەریم لێرەدا دووبارە بنووسینەوە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو گۆڕانکارییەی کە لە واتاکانی ئەو شیعرەدا درووست دەبێ دەتوانین بۆ دیوانی نالی بگەڕێینەوە.
ئەگەر لە بەیتێکی ئاسانتر و روونتر ئەو گۆڕانکاریە بخەینە بەرچاو ئەوا کاریگەری گۆڕینی وشە لەسەر واتامان ساناتر دەکەوێتە بەرچاو:

وەکو نەهاری بەهاری درێژ و پایزی کورت
ئەمەل گەلێك و تەویل و عەمەل کەمێك و قەصیر ل207

شوێنی ئەمەل و عەمەل بگۆڕە، تەواوی واتای بەیتەکە دەگۆڕێ و مەبەستێکی تر دێتە پێشەوە کە هیچ پەیوەندییێکی بە بەیتەکانی پێشوو و دوای خۆشی نامێنێ.
لە شیعری نوێدا گۆڕینی وشە هێندە کاریگەری نییە لەسەر گۆڕینی واتا..
بالأت لە گەلأیەکی سەرئاو کەوتوو دەچێ
منی شەپۆل بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
گەردەنەکانم تێکەلأوی بۆنی سەوزت بکەم
بێدەنگیم لە نۆتەی دەنگتا بخنکێنم

تا ئیقاعی رەنگێکی نوێ درووست بکەین....تاد (50)

لەو چەند رستەیەدا دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان جێگۆڕکێ بە وشەکان بکەین و تەنانەت دەتوانین چەند وشەیەکیشی لێ زیاد یا کەم بکەین بەبێ ئەوەی هیچ لە واتا و مەسەلەی سەرەکی مەبەستی گوتن بگۆڕێ، با لە کارێکی پراکتیکی ئەو بۆچوونەمان بسەلمێنین:

1- بالاّت لە بەلەمێکی سەرئاو کەوتوو دەچێ
منی شەپۆل بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
2- خەونەکانت لە گەلاّیێکی سەرئاو کەوتوو دەچێ
منی شەپۆل بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
3- خەونەکانت لە بەلەمێکی سەرئاو کەوتوو دەچێ
منی شەپۆل بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
4- بالاّت لە گەلاّیەکی سەرئاو کەوتوو دەچێ
منی زریان بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
منی تۆفان بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
منی نەهەنگ بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
منی زەریا بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم
منی دەریا بمەوێ زیاتر لە خۆمت لوول بدەم

ئەگەر تێکستەکە بە تەواوی سەیر بکەین و کاری لەسەر بکەین، دەتوانین وای بەسەر بێنین کە هەموو وشەکانی بگۆڕین هیچ کاریگەرییێکی جددیش لەسەر شیعرەکە نەبێ..

بەشی زۆری شیعری نوێی کوردی بەو شێوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ستایلیتر لە شیعری نوێی کوردیدا هەیە کە پێچەوانەی ئەو دەستنیشانکردنەی ئێمەن..

بە بۆچوونی من یەکێك لەو گرفتانەی کە تووشی شیعری کوردی هاتووە ئەو ریزکردنە عاتیفیانەی وشەن کە جگە لە گوزارشت کردن لە هەست (لە قۆناغێکی ئاسایی) هیچ هونەر و باڵادەستییێکمان نیشان نادەن لە سنعەتسازیی شیعرەوە.

بە کورتی ئەو هەوڵەی من لەو رووەدا دەکەوێتەی خانەی هەوڵدان بۆ تەرحکردن و باسکردنی واتا لە شیعر لە چەند رووێکەوە.. هیواخوازم کە لە ئایندەدا کاری جددیتری لەسەر بکرێ.

**سەرچاوە:**


1- رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا، لێکۆڵینەوەیەی سیمانتیکی و پراگماتیکیە، د.عبدالواحد مشیر دزەیی

http://www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?t=2086-2

3- دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاوکردنەوەی کوردستان - ئێران1979،ل280

4- رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا، لێکۆڵینەوەیەی سیمانتیکی و پراگماتیکیە، د.عبدالواحد مشیر دزەیی.

5-http://www.diwanalarab.com/spip.php?article8324

6- هەمان سەرچاوە.

7- نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاّوکردنەوەی کوردستان - ئێران1979، ل 107

8- http://www.al-jazirah.com/culture/13022006/fadaat17.htm

9-الموازنة بين أبي تمام والبحتري: الحسن بن بشر الآمدي، ص 10-11، ت. محمد محيي الدين، الناشر المكتبة العلمية، د.ت بيروت

10 –چێژی دەق، رۆلان بارت،وەرگێڕانی ئیسماعیل زارعی،چاپخانەی منارە2007،دەزگای وەرگێڕان.

11-http://ahmedradhi.maktoobblog.com/

12-http://membres.lycos.fr/abedjabri/n58_07kasimi.htm

13- چێژی دەق، رۆلان بارت،وەرگێڕانی ئیسماعیل زارعی،چاپخانەی منارە2007،دەزگای وەرگێڕان.ل25

14-هەمان سەرچاوە.ل34

15-هەمان سەرچاوە.

16- نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاّوکردنەوەی کوردستان - ئێران1979، ل104

17-Von Bis nach Seit دیوانی شیعر، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە، زانا خەلیل

18-http://www.gedichte-garten.de/forum/ftopic108.html وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە، زانا خەلیل

19- ژاك پریڤێر ، وەرگێڕانی د.فەرهاد پیربالّ.

20- چوارده سەرۆك كۆماری شیعر، وەرگێڕانی:كامبیز كەریمی،ئاراس 2006

21- نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاّوکردنەوەی کوردستان - ئێران1979، ل 474

22- هەمان سەرچاوە، ل 558

23-شیعر و هەندەسە، رۆژنامەی ستایل، زانا خەلیل، شیعری سەباح رەنجدەر.

24- - نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاّوکردنەوەی کوردستان - ئێران1979، ل258

25- عەتر و حەشیش و زەهرا، هاشم سەڕاج، وەزارەتی رۆشنبیری 2008 ل116

26- http://www.omferas.com/vb/showthread.php?t=5093

27- خوێندنەوەیەکی خێرای باهۆز مستەفا.
28-کەریم دەشتی.
29-http://www.dengekan.info/dengekan/6/5657.html تێکستی سەلاح جەلال
30- http://www.dengekan.info/dengekan/6/poem/4930.html تێکستێکی هندرێن"لە 2009 لە ستۆکهۆلم نووسراوە.
31- چواردە سەرۆك کۆماری شیعر، وەرگێڕانی:کامبیز کەریمی،ئاراس 2006 ل 39، شیعری مارینا تسۆتایڤا.
32- ستایشی شتە روون و پەنهانەکان،ئەدۆنیس،وەرگێڕانی:د.موحسین ئەحمەد عومەر،2009 لە بلاوکراوەکانی رەخنەی چاودێر، لاپەڕە:68
33- بەراوردێك لە نێوان حافز و جزیری، د.محەمەد عەبدوالرەحمان..نامەی دکتۆرا.
34- لێرە لەسەر رووی ئەم زەمینە، فازڵ عەزاوی، وەرگێڕانی: د.سەروەر عەبدوڵلا 2007،چاپکراوی وەزارەتی رۆشنبیری.
35- بورجی بەڵەك، کەریم دەشتی، لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە ساڵی2006 سلێمانی
36-هێشتا زۆرمان ماوە..شیعرنما، خەلیل ئیبراهیم،ساڵی 2009
37-http://www.bachtyar-ali.com/nishtiman.php (قەسیدەی نیشتیمان) بەختیار عەلی
38- عەتر و حەشیش و زەهرا، هاشم سەڕاج، وەزارەتی رۆشنبیری 2008
39-هەمان سەرچاوە
40- باخدێرو ئاهەنگی باران هەمزە گولانی 2009چاپخانەی رۆژهەلات /هەولێر
41- داستانی فاتیمە، گوننار ئێکۆلۆف، وەرگێڕانی: رزگار شێخانی، ل66
42- رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا، لێکۆڵینەوەیەی سیمانتیکی و پراگماتیکیە، د.عبدالواحد مشیر دزەیی
43- هەمان سەرچاوە.
44- دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاوکردنەوەی کوردستان - ئێران1979،ل555
45-شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانیەوە، عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، دەزگای سپیرێز2008 ل 70

46- ديوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاّوکردنەوەی کوردستان - ئێران1979،ل42

47- هەمان سەرچاوە ل 662

48- کەسێك لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ، رابەر فاریق،هەولێر2009 چاپخانەی رۆژهەلاّت، ل 34

49- - رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا، لێکۆڵینەوەیەی سیمانتیکی و پراگماتیکیە، د.عبدالواحد مشیر دزەیی

50- گەڕان بە دوای جوگرافیای رەنگ، ناڵە عەبدولرەحمان، سایتی دەنگەکان

# فەرهەنگی زمانی شیعر

# چەند خوێندنەوەیەکی دیکە

- فەرهەنگی زمانی شیعر.
-شەو و شیعر لە "شەوانی تەنیایی" و "ناسنامەی با"ی سەعدوڵڵا پەرۆش.
-شیعری (نانۆ-Nano)، لای هاشم سەڕاج.
-کارەکتەری سەرەکی نێو شیعرەکانی (کۆ شیعری 2)ی دڵشاد عەبدوڵڵا.
-بەشیعرکردنی ئەزموونەکانی ژیان لە دیوانی (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان)ی ئیسماعیل بەرزنجی.
-تایپۆگرافیای (تا ماتەمی گوڵ..تا خوێنی فریشتە)ی بەختیار عەلی.
-تێمە (Thema) لە دیوانی (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی)ی تەڵعەت تاهیر.
-شیعری (ناسینەوەی زیو)ی کەریم دەشتی.
-(هەست و نەست) نوێترین دیوانی شێرکۆ بێکەس.
-(دەسکێك هۆنراوەی تاکدێری)ی عەباس عەبدوڵڵا یوسف.
-تەکنیك لە شیعری (پۆرترێت)ی کەریم دەشتی.
-زمانی ئاسان..نووسینی شیعر بە کەمترین خەرجیی..
-مەرگ و ژیان لە دیوانی (شالیس)ی هاشم سەڕاجدا.
-(چل و چوار پێناسە بۆ دوورە وڵاتی) فەرهاد پیرباڵ و هۆیەکانی گەڕانەوە بۆ شوێنزا.
-چەند خاسییەتێکی مەعریفیبوونی شیعر.

**-شیعرییەت و شیعرییەت لە (دوا وەسوەسەی کریست)ی کازانتزاکیدا.**

# فەرهەنگی زمانی شیعر

ڕێبازی سروشتی(Naturalism)لە فەلسەفەی گشتیدا بریتییە لەوەی کە سروشت هەموو شتێکە و لە دەرەوەی سروشتدا هیچ شتێك بوونی نییە، ئەو ڕێبازە هەموو دیاردە سروشتییەکان ڕاڤە دەکات، بە گەڕانەوە بۆ سروشت خۆی و پەنا بۆ هیچ شتێك نابات کە لە دەرەوەی سروشت دایە.. ڕێبازی سروشتی لە فەلسەفەی ڕەوشتدا ئەوەیە کە ژیانی ڕەوشت بە درێژکراوەی ژیانی بیۆلۆژی دادەنێ و نمونەی باڵای ڕەوشتیش لە پێدوایستییەکانی زیندەوەر بۆ غەریزەکانی چڕ دەکاتەوە.. لە فەلسەفەی جوانی ناسیشدا دەرخستنی شتەکانە وەك خۆی و بە موورادیفی ڕێبازی ڕیالیستی دادەنرێ لەو ڕووەدا، دژ بە ڕێبازی ئایدیالیزمیشە.. فەلسەفەی سروشت کە بە سەرچاوەی فەلسەفەکانیدی دادەنرێ لەسەر دەستی (تالیـــس – هیراکلیت – دیموکریتیس– جان جاك ڕۆسۆ) دامەزراوە و گەشەی سەندوە،

لای (ڕۆسۆ1712- 1778) گرینگترین پرێنسیپەکانی ئەو فەلسەفەیە لە شەش خاڵدا چڕ دەبێتەوە:

**-تەنیا تاکە شتێکی راستەقینە(حقیقی) لەو گەردوونەدا، سروشتە.**
**-سروشت کلیلی ژیانە، هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەین بەشێکە لە سروشت.**
**-سروشت ناگۆڕێ بۆیە جێگای ئەوەیە پشتی پێ ببەستین.**
**-هەموو شتێ لەو ژیانە بە پێی یاساکانی سروشت کاردەکات و دەجولێ.**
**-هەر تاکێك گرینگرە لە کۆمەڵگە، ئامانجەکانی کۆمەڵگە ئامانجی لاوەکین بە بەراورد لەگەڵ ئامانجەکانی تاك.**
**-چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بۆیە قبوڵدەکرێن چونکە رێگا لە ئاژاوەگێڕی دەگرن، نەك لەبەر ئەوەی باش بن..**

بیروڕاکانی ڕۆسۆ لە کۆمەڵێك بواردا رەنگی دایەوە، یەکێکیش لەو بوارانە ئەدەبیات بوو، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، بزووتنەوەیەك کۆنترۆڵی تەواوی لایەنەکانی هونەری کرد کە ئەویش رۆمانسییەت بوو، جەوهەری ئەو بزوتنەوەیە زاڵبوونی هەست و سۆز بوو بەسەر عەقڵ و

بیرکردنەوەی رووت و زاڵبوونی خۆشییەکانی ژیان و ئازادییەکانی رۆح بوو بەسەر بازنەبەندی و چوارچێوەبەندی تاك.

فەلسەفەی سروشتی و کاریگەرییەکانی بەسەر ئەدەبیاتدا بابەتێکی هەمەلایەنە و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و تایبەتی پێویستە، بە تایبەت کاریگەرییەکانی داروین بەسەر ئەمیل زۆلا و ئەدەبیاتی فڕەنسی بەشێوەیەکی گشتی، ئەو پێشەکییە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بڵێم: نامەوێ لەو وتارەدا سەبارەت بەو رێبازە قسە بکەم لە ئەدەبیاتدا، بەڵکو تەنیا هەڵوەستە لەسەر خاڵێك دەکەم کە پەیوەستە بە لایەنی بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانی سروشت لە شیعردا نەك فەلسەفەی سروشتدۆستی و دەستنیشانکردنی پرێنسیپەکانی فەلسەفەی سروشتی لە شیعردا..

گوتراوە و دەگوترێ، بەشێکی زۆری شیعری کوردی ئیلهام لە سروشت وەردەگرێ..بەو مانایەی کە فەرهەنگی زمانی شیعری کوردی زیاتر فەرهەنگێکی سروشتییە، بە دیوێکیدی، بەشێکی زۆری فەرهەنگی زمانی شیعری کوردی کەرستە سروشتییەکانی ناو سروشت پێکی دەهێنێ، نەك سروشتی شتە دەستکردەکانی ناو ژیان بەگشتی و ژیانی شاریش بە تایبەتی.. ئایا جوانی و

ناشرینی و خراپی و باشی ئەوە لە کوێوەیە کە یەکێك بەو کەرستانەی کە لە سرووشتدا هەن تێکستێکی شیعری بەرهەمبێنیٚ؟ رەنگە زۆربەمان کۆك بین لەسەر ئەوەی کە دەتوانریٚ هەموو کەرەستیەك (جا سەرچاوەکەی هەرچی بێت) بکرێتە شیعر، بەو مەرجەی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری داهێنەرانە بدرێتە ئەو کەرستانە، هەر لە چۆنییەتی رێکخستنی کەرستەکان و چۆنییەتی چی پێگوتن بەو کەرستانەو..تاد. لە شیعردا سیٚ ستایلی دیار بۆ بەکارخستنی کەرستەکانی زمان لەپێناو درووستکردنی شیعردا هەیە.

## 1-فەرهەنگی زمانی سروشت:

ئەو ئەو شێوازی بە کارخستنە بریتییە لەوەی کە شیعرێك بە فەرهەنگی کەرستە سروشتییەکان درووست بکرێ و لەو ڕێگایەوە هەوڵبدرێ گوتارێك دەربڕدرێ.. بێگومان ئەو ستایلە مێژوویێکی درێژی نەك هەر لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەڵکو لە شیعر و ئەدەبیاتی هەموو دنیادا هەیە، بە رادەیەك کە شاعیر و رۆماننووسی هیندی (روبندرونات تاگور 1861- 1941) سروشت لە ئەدەبیاتدا دەگەینێتە لووتکە و دەڵێ:

**هونەرمەند عاشقی سروشتە**
**هەر بۆیە بەندەی سروشتە و**
**گەورەی سروشتیشە.**

ئەگەر واز لە مەولەوی و چەندین شاعیری دیالێکتەکانیدی بێنین و لە شیعری کوردی (سۆرانی) بگەڕێینەوە بۆ (نالی)، ئەوا لەگەڵ ئەوەی کە (نالی) کەمترین کاری لەو بوارەدا هەیە، بەڵام هێشتا نمونەی لەو جۆرەمان لە دیواندا بەرچاو دەکەوێ:

**کانی دەزێن بە ئاو و، درەخت ئاوسن بە با**
**شاییی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بوك**

**یا:**

**وەرە نێو بەزمی گوڵزاران و گوڵزاران، تەماشاکە**

**سەراسەر پێکەنینی گوڵ، لەبالەب غونچە پشکوتن**

**یا:**

**هات زەمزەمەیی بولبول و ئاوازەیی قومری**

**هات بادی صەبا، دێن و دەچن عەرعەر و بانات**

وەك دەبینین کەرستەکانی فەرهەنگی ئەو سێ بەیتە، بریتین لە (کانی، درەخت، با، بەهار، بولبول، غونچە، گوڵزار، گوڵ، غونچە، بولبول، کۆتر، با، دەرەخت=درەختی بان، درەخت=درەختی عەرعەر) لەگەڵ ئەوەشدا سێ بەیتی ئێستەتیکی زۆر گرینگ و جێگای هەڵوەستەن..

لەو مەدوا زەمەنییەی کە دەکەوێتە نێوان (نالی) تا (گۆران) بە سەدان نمونەی ئاوامان هەیە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، من لێرەدا تەنیا لەسەر چەند نمونەیەك هەڵوەستە دەکەم کە رەنگە لەو وتارەدا هەر ئەوەندە بکرێ و زیاتر نا.. شیعری (گوتم بەبەختی خەواڵوو)ی (حاجی قادری کۆیی) یەکێکە لەو شیعرانەی کە لە سەرەوەی ئەو ستایلە شیعرییە دایە، سەرلەبەری فەرهەنگی زمانی شیعرەکە فەرهەنگی زمانی سروشتە، بۆ سەلماندنی ئەو چەند

رستەیە بە شێوەیەکی زانستی، ئەوا دەبێ لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی ئاماریدا ئەو هەوڵە بخرێتە روو، شیعرەکە پەنجا و شەش بەیتە، هەر تەنیا تا بەیتی بیست و هەشت نزیکەی سەد وشەی تێدایە کە سەر بە فەرهەنگی زمانی سروشتن و تا دوا بەیتیش هەر زۆر زیاتر:

**گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات**
**پڕە لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلا**
**لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەی باران**
**چیایە پڕ لە هەرا و نواڵە پڕ لە سەدا**
**پڕە لە سەیل و لە گولاّو و کانی رووی زەمین**
**پڕە لە بەرق و بریقەی برووسکە جەوی سەما**

**یاخود:**

**شنەی نەسیمە سەدای ئاوی سافی سەر قەڵبەز**
**بە ورشە ورشی گیا شەنگەبی بووە شەیدا**

وەك لە نمونەی بەیتەکانی (نالی)ش دیارن، ئەو بەیتانە لە چوارچێوەی ئەو ستایلەدا رەنگە بەیتی ئێستەتیکی بن، بەڵام

بابەتی سەرەکییان بە تەنیا وەسفی سرووشتە و هەوڵدراوە لە ڕێگای ئەو فەرهەنگەی کە سەر بە هەمان بابەتن چەند وێنەیەکی شیعری جوان لە بازنەی وێنەی واقیعی سروشت بدەن، لە هێنانەوەی ئەو شیعرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم: تێکڕای ئەزموون و شێوازی حاجی لە تەواوی دیواندا بەو شێوەیە، بەڵکو ئەوەیان تەنیا نمونەیەکە، ئەگەر بۆ لایەنێکیتری فەرهەنگی زمان بگەڕێین لە دیوانی حاجیدا ئەوا لایەنێکیدی فەرهەنگمان دەکەوێتە بەرچاو کە ڕەنگە بۆ ئەو کات و کارەکتەری کەسێکی وەك حاجی قادر شتێکی جێگای هەڵوەستە بووبێ:

**ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی**

**موحەققەق داکی حیزە، با بی زانی**

**یا کە دەڵێ:**

**ئەگەر توجاری حاجی پارە بێنە**

**مەتاعە نێك و بەد دنیا دوکانە**

هەموو وشەکانی حیز و توجار و حاجی و دوکان ڕێك لە فەرهەنگێك هاتون کە جیایە لەو فەرهەنگەی کە جێی لێکۆڵینەوەی ئەو وتارەیە..بۆیە گەڕان و قسەکردن لەو بوارەدا دەبێ بە گشتی نەکرێ و لای هەر یەکێ لەو شاعیرانە

لێکۆڵینەوەی ورد لەو ڕووەدا ئەنجام بدرێ، ئینجا لە وێستگەی کۆتاییدا دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە شیعری کوردی تا چ ڕادەیەك سەرچاوەکەی لە سروشتەوەیە و فەرهەنگەکەی تا چەند سروشتییە، من تەنیا چەند نموونەیەکم وەرگرتوە، بۆ ئەوەی ڕۆشنایی و تیشك بخەمە سەر مەبەستی سەرەکیم کە ئەویش بوونی ئەو ستایلە شیعریەیە لە شیعری کوردیدا و لای زۆر لە شاعیرانی کورد بوونی هەیە، وەك ئەوەی کە دوای حاجی ئەگەر (نموونەیەك یا چەند نموونەیەك) لای (پیرەمێرد) و(گۆران)ی شاعیر وەرگرین دەبینین ئەو جۆرە بەکارهێنانە یەکجار ڕۆشن و دیارە:

لای پیرەمێرد:

**سفیدەی بەیان، زەردەی خۆرەتاو**
**تریفەی مانگ و لەنجە و لاری ئاو**
**سڵ و ئاوڕوو گەردن بەرزی ئاسك**
**قاسپە قاسپی کەو لەسەر ئاسۆ و باسك**
**گوڵ و گوڵاڵە و نێرگسی بەهار**
**شۆخی بەڕەزا و چنوور لە نزار**

لای (گۆران)ی شاعیر:

**به ئاسمانەوە ئەستێرم دیوە**
**له باغچەی بەهار گوڵم چنیوە**
**شەونمی درەخت له رووم پژاوە**
**له زەردەی زۆرکەل سەرنجم داوە**
**پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر**
**چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر... تاد**

یاخود ئەو نمونە:

**کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**
**سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی**
**بە دارستان رەش ناو دۆڵی کپی**

(ئاسمان، ئەستێرە، باغچە، بەهار، گوڵ، شەونم، درەخت، زەردە، کەل، پەلکەزێڕینە، باران، خۆر، شاخ، ئاسمان، بەفر، لوتکە، دارستان، دۆڵ) وەك دەبینین کەرستەکانی کە ئەو شیعرەی پێ دروستکراوە و فەرهەنگی زمانی ئەو دوو پەرەگرافە شیعرییە، زمانێکی رێك سروشتییە، ئەوەیان تەنیا دوو نمونەی زۆر دیار و بەرچاوی نێو شیعرەکانی (گۆران)ن، ئەگەر گەڕانێکی ورد بە نێو

شیعرەکانی گۆراندا بکەین ئەوا دیوانێکی لەو چەشنە لەنێو دیوانی گۆراندا هەیە کە بەو کەرستانە شیعری داهێناوە، وەك دیارە گۆران کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر شیعری نوێی کوردیدا هەبوە، بۆیە ئەو جۆرە شێوازە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە لای شێرکۆ بێکەس و لای ئەویش دەگاتە ئاستی هەر بەرز، کە دواتر ئەویش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر شاعیرانی دوای خۆیدا لە کوردستان بە گشتی و شاعیرانی سلێمانیش(مەبەست لێرەدا تەنیا لایەنە جوگرافیەکەیە، ئەگەر نا شاعیر لە هەر شوێنێك بێ شیعری داهێنەرانە موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە جا لە هەر خاڵێکی جوگرافی ئەو زەمینەدابێ) بە تایبەتی دەبێ.. بۆ سەلماندی ئەو ئەنجامەش سەدان نمونەی شیعریمان لەبەر دەستە کە لێرە پێویست بە هێنانەوەیان ناکات.

بۆ نمونە لە (کازیوەی شێرکۆ بێکەس**1978**)بە بەراورد لەگەڵ دیوانەکانی دواتری، شیعرەکانی کەمتر بەو فەرهەنگە (فەرهەنگی زمانی سروشت) نووسراوە، لە کازیوەدا ئەو فەرهەنگە تێکەڵەیەکە لە فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی شتە سروشتییەکانی ناو ژیان:

**(شیش)**

**لە کارگەی ئاسەنگەرێکدا**

**چەند شیشێکی مەچەك ئەستوور**

**هەستانە پێیان**

**هەڕەشەیان کرد لە گیرە و**

**مۆڕ بوونەوە لە ئاگردان**

**وەختێ بیستیان**

**ئەیانەوێ لە پەنجەرەی**

**کتێبخانەی گشتییەوە**

**بیانگۆڕن**

**بیانکەن بە:**

**دەرگای زیندانی داخراو**

**لەسەر مانگی**

**شیعری گیراو.**

هەموو وشەکانی کارگە و ئاسنگەر و شیش و کتێبخانە و دەرگای زیندان و ..تاد، دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی فەرهەنگی زمانی سروشت، هەر لەو دیوانەدا زۆرجار تێکەڵەیەك لە فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی شتەکانی ناو ژیان لە شیعرێکدا چڕکراونەتەوە کە دواتر بە وردی لەسەر ئەو خاڵە

هەڵوەستە دەکەم کە دەکەوێتە خانەی تێکەڵەیەك لە فەرهەنگی سروشت و فەرهەنگی زمانی سروشتی شتە دەستکردەکانی ناو ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا لە (کازیوە)دا نمونەی فەرهەنگی سروشتی بەرچاو دەکەوێ وەك لەو شیعرە دەردەکەوێ:

**یەکەم جار بوو**
**کە درەختێکی مەل کوژراو**
**بەسەر رووبارێکدا بگری**
**لەو رۆژەوە**
**بۆ یادگاری نەمریی**
**رووبار فرمێسکی درەختی لێکدا و کردی**
**بە پوولەکەی پێستی ماسیی.**

یا لەو نمونانەی (حەفتا پەنجەری گەڕۆك2007).. (چنارێك ئەیپرسی و گوڵەکان پەنجەیان هەڵئەبڕی)، (رووبارێك لێی پرسیم: تۆ چیت؟ وتم: من ماسیم)،(گەڵایەك خەریك بوو ئەوەری، -با- یەکی گەنج چووە بەردەمی)،(لە باخێکی ئێوارەدا، بولبولێکی شین لێی پرسیم)،(لە ریشاڵە وردەکانی یەك گەڵادا، بێشەڵانەکان ئەبینم و لە تنۆکی ئاودا زەریا و)،(خۆ ئەگەر قەلەڕەشکەی مێ وەکوو نەورەس عەباکەی فڕێبدات و چۆلەکەی دایکە لە دەنووك ئاژنی چۆلەکەی باوکە یاخی بێ و حاجی لەق لەق یەك حاجی

ژنی هەبێ نەك چوار و ئەگەر تەوارەكان وەك هەڵۆكان..تاد)،( فیل شانازی بە هێزی خۆیەوە كردو بە خەرتوومەكەی درەختێكی لە بنەوە هەڵكێشا، شێر شانازی بە چنگەكانی خۆیەوە كرد و لە پەلاماریێكدا مامزێكی هەلاهەلا كرد، بەڵام باڵندەیەكی بێ هێزو بێ چنگ..تاد).. ئەو رستانەی سەرەوە چەند نمونەیەكی كەمی نێو دیوانی (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك)ن، كە ئەو دیوانەش هێشتا بە بەراورد لەگەڵ كارەكانیتری شێركۆ بێكەسدا كەمترین كەرستەی سروشتی تێدایە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەم كە (مەبەست لە فەرهەنگی زمانی سروشت، تەنیا شتە سروشتییەكانی رووی زەمین نییە، بەڵكو باڵندە و ئاژەڵ و رووەكیش دەگرێتەوە).. ئەو فەرهەنگەی كە لەو چەند رستەیەدا هەیە بریتین لە:(چنار، گوڵ، رووبار، ماسی، گەڵا، با، زەریا، قەلەڕشكە،باخ، بولبول، نەورەس، تەوار، هەڵۆ، فیل، درەخت، شێر، مامز، باڵندە).. بە كارهێنانی ئەو كەرستانە بۆ درووستكردنی شیعری كوردی هێندە دووبارە بۆتەوە تا ئاستێك كە هەندێجار وەك مەرجی بە شیعربوونی تێكست تەماشا دەكرێ، كە لە راستیدا دواجار چۆنییەتی گوتن دەستنیشانی ئاستی شیعرییەت و شیعربوونی شیعر دەكات،

بێگومان شێرکۆ بێکەس هەمیشە داهێنەرانە ئەو فەرهەنگە بەکاردەهێنێ.. ئەو شێوازە تەنیا لای شێرکۆ بێکەس نەگەیشتۆتە ئاستی بالاّ، بەڵکو لای کۆمەڵێك شاعیری دیکەش بە چڕی کاری لەناو کراوە و بڕوام وایە بەردەوامیش دەبێ، (عەبدوڵلا پەشێو) کە کۆمەڵێك شیعری بە زمانی فەرهەنگی رۆژانە هێناوەتە بەرهەم، ئەویش لەناو ئەو کایەدا کاری زۆری ئەنجامداوە:

**رەنگی وشە**
**لە چی بکا چاکە بۆ تۆ**
**لە ئەرخەوان؟**
**لە پەلکەزێڕینەی حەفتڕەنگ؟**
**لە وەنەوشە، یا لە هێرۆ؟**

**ئەی بۆنەکەی**
**لە چی بکا چاکە بۆ تۆ؟**
**لە دووکەڵی پاش بۆردومان، یا گوڵەباخ؟**
**لە خاك و خۆڵ، یا لە شەوبۆ؟**

یا ئەو نمونەیە لای (کەریم دەشتی) شاعیر:

**ئەو رۆژە بەرانبەر دەریایێ وەستام و سەیرم کرد**

**ئاو، شەپۆل، ماسییەکان هەر تۆ بووی**

**کە سەیری وشکاییەکانم کرد**

**خاك و خۆڵ، شاخ و دۆڵ هەر تۆ بووی**

**کە سەیری دارستانەکانم کرد**

**گەلاَ و گوڵ، دەنگی نەی**

**مەل و چڵ هەر تۆ بووی**

**کە سەیری خۆمم کرد هەر تۆ بووم**

**زانیم من وەهمم و بە تەنیا هەر تۆ هەی**

کەرستەکانی ئەو شیعرە یەکپارچە سروشتە، (دەریا، شەپۆل، ماسی، خاك، خۆڵ، دۆڵ، شاخ، دارستان، گەلاَ، گوڵ، مەل، چڵ).. وەك لەسەرەتاش سەرنجم نووسی کە مەبەست لە باشی و خراپی بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانی سروشت، زیاتر پەیوەندی بە چۆنییەتی گوتنەوە هەیە، بە دیوێکیدی ئەوە چۆنییەتی گوتنە کە ئاستی شیعربوونی شیعر دیاری دەکات، نەك بە تەنیا فەرهەنگی زمانی شیعرەکە ئەمە لە لایەك، لە لایەکیترەوە زۆرجار فەرهەنگی زمانی سروشت کە پێکهاتەی سەرەکی شیعرێکە بە نمونە، دەکرێ تەنیا لە پێناو وێنەگرتنی واقیعێکی سروشتی نەبێ، بە پێچەوانەی هەر دوو شیعری (-گوتم بەبەختی خەواڵوو-ی

حاجی قادری کۆیی و – بە ئاسمانەوە ئەستێرم دیوە–ی گۆران)، ئەوەی کە لەو شیعرەی کەریم دەشتی دەیبینین و بێگومان لای شێرکۆ بێکەسیش سروشت کراوەتە کەرستەیەك بۆ گوتنی گوتاریدی نەك فۆتۆگرتنی شتە سروشتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لە ستایلێکیتردا دەکرێ ئەو پەیامە بە کەرستەیتر دەربڕدرێ، کە ئەویش فەرهەنگی زمانی سروشتی شتەکانی ناو ژیانە، دواتر لەو وتارەدا هەوڵدەدەم هەڵوەستە لەسەر جەوهەری ئەو باسە بکەم کە جیاوازییەکان و تێبینیەکانمە لەسەر هەر سێ ستایلی بەکارهێنانی فەرهەنگ لە شیعردا، بۆ ئەوەی لە بیری سەرەکی باسەکە نزیکتر بکەوینەوە، پێویستە لێرەدا باس لە ستایلی دووەم بکەم کە ئەویش فەرهەنگی زمانی سروشتی شتەکانی ناو ژیانە.

## 2-فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان:

بە پێچەوانە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانی سروشتی لە شیعردا ئەو ستایلە شیعرییە بریتییە لە بەکارهێنانی هەموو ئەو شتە زیندوو و مردووانەی کە لە ژیانی رۆژانەماندا لەگەڵیان دەژین و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین لە شیعردا..زۆرجار قسە و ماددەی هێندە ساکاری رۆژانە دێنە نێو ئەو ستایلە شیعرییە کە بەکارهێنان و بە شیعرکردنیان باڵادەستییەکی لە رادەبەدری شاعیرانەی پێویستە، بە بڕوای من بە شیعرکردنی ئەو مادانە سەختترە لە بەکارهێنانی کەرستە سروشتییەکانی سروشت، لەبەر چەند هۆیەك کە گرینگترینیان پەیوەندی بە بوونی کولتورێکی قووڵی بینین و باڵادەستی سنعەتسازی شاعیرەوە هەیە، کە هەر شاعیرێك ئاسان نایگاتێ، با بگەڕێینەوە لای (نالی) و بزانین لەو روەدا چی کردوە:

**صابونی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلوس**
**خاصییەتی رەققیی هەیە نەرمیی زوبانی لوس**

(واتە: لەپی دەمی پیاوی مەرایی کەر و ریاباز، لە کاتێکا کە ئەدوێ و مەرایی ئەکا و کەف ئەچەرێنێ، سابوناوی بۆ قسە

لەگەڵ کراوەکە پێیە، لەبەر پێیا بیرژێنێ تا هەڵیخلیسکێنێ.. یاخود ئەو کەفەی کە لە دەمی پیاوی مەرایی کەر و ریاباز ئەرژێتە سەر زەوی، سابوناوی بەر پێیە، بۆ هەڵخلیسکاندنی قسە لەگەڵ کراوەکە رشتوە، نەرمی زمانی لوسیش بۆ خەڵك هەڵخەڵەتاندن خاسیەتی سابونی رەقی پێوەیە و کە بنیادەمی دا بە عەرزا زرمەی لێ هەڵدەستێ–مەلا عەبدولکەریمی مدرەیس–دیوانی نالی ل237).

**چییە گوارە گوناهی، وا بە نەستەق**
**بە گوێ هەڵتاوەسیوە، سەر موعەللەق!؟**

یاخود لەو نمونە:

**رادەکەن بۆ جانیبی دوککانی جەڕاح و تەبیب**
**چاك و دامەن هەڵکراو و سەر شکاو و تەنگەتاو**
**لوتفی بانگوش بو کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان**
**گەر بەنی ئادەم بخنکێتن، سەراوە نەك بناو**

پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆر نییە، لەو سێ بەیتەی کە بە نموونە لە دیوانی نالیدا دەرمهێناون شتگەلێکی ناو ژیانی ڕۆژانەی کردۆتە شیعر کە جیایە لەگەڵ فەرهەنگی زمانی سروشت، وەك لە بەیتی یەکەم دیارە، (سابون و کەف و سابونی ڕەقی) وشەکانی فەرهەنگی بەیتەکەن و بە هۆیانەوە پەیامێکی گەیاندوە، لە نموونەی دووەم گوارە و لە دوو بەیتی نموونەی سێیەمیش کەرستەکانی بریتین لە دوکان و دکتۆر و دامەن هەڵکراو و سەر شکاو و تەنگەتاو و حوجرە.. لەو دوو بەیتەی نموونەی سێیەم خاسیەتێکی ئەو ستایلە شیعرییەمان لێ دیارە کە پەیوەندی بە جۆرێك لە گێڕانەوە و سەردەوە هەیە، کە بێگومان لە شیعری نوێی کوردی و دنیاش ئەو ستایلە هەمان خاسییەتی هەیە، بە بە مانایەکی دیکە، کاتێ کە شیعرێك بە فەرهەنگی زمانی ڕۆژانە دەنووسرێ هەڵگری تایبەتمەندییێك دەبێ کە ئەویش جۆرێك لە گێڕانەوەیە، وەك لەو نموونەی (نالی)دەردەکەوێ.

ئەو ستایلە شیعرییە لای شاعیرانیدی پێشوو بەرچاو دەکەوێ و لێرەدا چەند نموونەیەك لای پیرەمێردی شاعیر دەهێنمەوە، پیرەمێرد لە شیعرێکدا دەڵێ:

**بە عومری خۆت خاولی بۆ ماڵ ناکڕی**
**کە نانت خوارد دەستت بە ریشت ئەسڕی**
**هێشتا فلست بە دەلاکێك نەداوە**
**خۆ حەمام هیچ، چڵکی پارت لا ماوە**
**کێ دی جلی تازەت لەبەر کردبێ؟**
**قۆندرەت لای بۆیاغچیەك بردبێ؟**
**توخوا سەر و ریشت صابون ئەناسێ**
**هەڕاج خانە ئەگەڕێیت بۆ کراسێ**
**دوانزە ساڵە پەنجەرەت ناکرێتەوە**
**میکرۆب ناوێرێ بێتە ناو جێتەوە .. تاد**

وشە زۆر زەق و دیارەکانی نێو فەرهەنگی زمانی ئەو شیعرە ئەوانەن:(خاولی، ریش، فلس، دەلاك، حەمام، چڵك، جل، قۆندەرە، بۆیاغچی، صابون، هەڕاج، کراس، میکرۆب).. وەك محەمەد رەسول هاوار ئاماژەی پێکردوە و لەناو شیعرەکەش دیارە پیرەمێرد ئەو شیعرەی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانە نووسیوە کە ئەو سیفەتانەیان داوەتە پاڵ پیرەمێرد، ئەویش لە شیعرێك هەمان قسەکانی ئەوان دادەڕێژێتەوە و لە کۆتایشدا بە بەیتێك بۆچوونی

خۆی سەبارەت بەو چەند سیفەت دانە پاڵە دەداتەوە.. ئەوەی لەو نمونەیەدا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە:

**یەکەم: شیعرەکە بە فەرهەنگێك داڕێژراوە کە بە هیچ جۆرێك فەرهەنگی زمانی سروشت نییە و فەرهەنگی شتەکانی ناو ژیانە.**
**دووەم: شێوە گێڕانەوەیەکی بە شیعرەکەوە دیارە.**
**سێیەم: فەرهەنگی زمان و ژیانی شارە نەك گوند،**
**چوارەم: بابەتێکی زۆر تایبەتییە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی شاعیرەوە هەیە، نەك نیشاندانی وێنەیەکی دەرەوەی خۆی، وەك لەو نمونەی (گۆران) دیار دەکەوێ:**

**دەستەی خزمەتکار فیشەك دان لە مل**
**بە چەفتە و مشکی سەر و تەپلە زل**
**دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان**
**چە بۆ سەر بڕین چە بۆ سەر دانان**

نمونەی ئەو شیعرانەی کە سەرچاوەکەیان فەرهەنگی زمانی شتە دەستکردەکانی نێو ژیانی رۆژانەیە لە دیوانی پیرەمێرددا زۆر بەرچاو دەکەوێ، لێکۆڵینەوە لە سەرکەوتوویی بەکارهێنان و

چۆنیەتی گوتن لە لایەك و گەیشتن بە وەڵامی ئەوەی کە بۆچی بەو ستایلە شیعری نووسیوە لە لایەکیترەوە کارێکی تایبەتی پێویستە.. ئایا پەیوەندی بەوە هەیە کە لە تورکیا ژیاوە و کاریگەری شاعیرانی دەرووەی بەسەرەوە بووە؟ بە بڕوای من یەکێ لەو هۆیانەی کە وای لە پیرەمێرد کردوە کە بەو فەرهەنگە شیعر بنووسێ پەیوەندی بە شیعری غەیرە کوردییەوە هەیە..

وەك چۆن سەرکەوتوویی لە ستایلی فەرهەنگی زمانی سروشت بە چۆنییەتی و چییەتی گوتنەوە هەیە، هەر ئاواش لەو ستایلەدا پەیوەندی بە چۆنییەتی و چییەتی گوتنەوە هەیە، ئەگەر بێت و دوو نمونەی شیعری لای گۆران و لای مەحمود دەروێش وەرگرم، ئەوا جیاوازیەکەمان بۆ رۆشن دەبێت و بەرچاو روونی زیاترمان دەبێ سەبارەت بەو بۆچوونەم، نمونەی پێشووی گۆران لێرەدا دووبارە دەکەمەوە:

**دەستەی خزمەتکار فیشەك دان لە مل**
**بە چەفتە و مشکی سەر و تەپلە زل**
**دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان**
**چە بۆ سەر بڕین چە بۆ سەر دانان**

نمونەکەی مەحمود دەروێش:

## هیچ شتێکم بە دڵ نییە

**موسافیرێك لەناو پاسدا دەڵێ: هیچ شتێکم بە دڵ نییە**
**نە رادیۆ و نە رۆژنامەی بەیانیان و نە قەڵای سەر گردەکان،**
**دەمەوێ بگریم.**
**سایەقەکە دەڵێ: چاوەڕانبە تا دەگەینە وێستگە**
**لەوێ تا دەتوانی بە تەنیایی بۆخۆت بگری.**
**خانمێك دەڵێ: منیش هەروەها.. من هیچ شتێکم بە دڵ نییە**
**نازی منداڵەکەمم لەسەر گۆڕم کێشا**
**بە دڵی بوو و نووست و ماڵئاوایشی لێ نەکردم.**
**ئەکادیمییێك دەڵێ: منیش هیچ شتێکم بە دڵ نییە**
**ئارکۆلۆژیام خوێند، بێ ئەوەی بتوانم شوناس لەناو بەرددا بدۆزمەوە**
**ئایا بەڕاستی من منم؟**
**سەربازێك دەڵێ: منیش هەروەها، من هیچ شتێکم بە دڵ نییە**
**هەمیشە گەمارۆی تارماییەك دەدەم کە گەمارۆی داوم.**
**سایەقە توڕەکە دەڵێ: ئەوە نزیك کەوتینەوە لە دوا وێستگە**
**ئامادەبن بۆ دابەزین.**

**تێکڕا هاوار دەکەن: بڕۆ.. ئێمە دوای دوا وێسگەمان گەڕەکە.**
**بەلاّم من دەڵێم: هەر لێرە دامبەزێنە**
**منیش وەك ئەوان هیچ شتێکم بە دڵ نییە**
**بەلاّم ماندوو بووم لە سەفەر.**

لەهەردوو شیعردا چەند کارەکتەرێکمان هەیە، ئەوانەی یەکەم دەستەی خزمەتکارانن و وەسفیان کراوە کە چۆنن و دواتر حیکمەتەکە لەوێوەیە کە ئەو دەستەیە هەمیشە ئامادەن چ بۆ سەربڕین بێ و چ بۆ سەر دانەواندن بێ، لە شیعرەکەی مەحمود دەروێشدا کە بابەت و رووداوەکە لەناو پاسێکدایە، کارەکتەرەکان(سایەق و موسافیرێك و خانمێك و ئەکادیمییێك و سەربازێك)ن، کەرستەکانیش بریتین لە رادیۆ و رۆژنامەی بەیانیان و ..تاد شێواز و تەکنیکی شیعرەکە چیرۆکئامێزە، لە کۆی شیعرەکەدا چەندین بابەت لە یەك کاتدا دەداتە وەرگر، کێشەی موسافیرەکە کێشەی هەموو ئەوانەن کە ئیدی خاوەنی خەون نین و خەون بە بینینی خەونەوە نابینین و هەموو شتێ لە ژیانی ئەوان بێ بەهایە، کێشەی ئەو مرۆڤانەیە کە ئیدی نازانن بۆچی دەژین و ناشیانەوێ بمرن، مرۆڤگەلێك کە هیچ چوونە دەرەوەیەکیان نەماوە بۆ هاتنەوە ناو ژیان.. کێشەی سایەقەکە

تەنیا لێخوڕینە و بێ بیرکردنەوە دەڕوا، ئەگەر موسافیرەکانی ناو پاسەکە نەبن، ئەو جگە لە بەڕێ کردن و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیان بیر لە شتێکیدی ناکەتەوە، بەڵام دواجار ئەویش چونکە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو سوکانەکە لە دەستی ئەوە پێویستە بیر لە دابەزاندنیان بکاتەوە و رێگایەکیان نیشان بدا، کێشەی خانمەکە کێشەیەکی قووڵی غەریزیی و کۆمەڵایەتی و ..تاد ئیدی منداڵەکان دەڕۆن و بیریشیان نایە کە چییان بۆ کراوە، ئاکادیمی(جامعي) و سەبازەکەش هەر یەکە و کێشەکیان هەیە و لەگەڵ ئەوەش هەموویان بەیەکەوە دەیانەوێ بەردەوام بن لە رۆیشتن بە پاسەکە، چونکە ژیان پێویستە بەردەوام بێ جا هەر چۆنێك بێ، بەڵام ئەوەی شاعیرەکە جیاترە لە هەموویان، ئەو دەیەوێ دابەزێ چونکە ماندوو بووە لە سەفەر، سەفەر لێرەدا ژیانە.. وەك دەبینین بەو کەرستە سادانە و بەو فەرهەنگەی کە سەرچاوەکەی کەرستەکانی ناو ژیانی دەستکردی مرۆڤن چ شیعرێکی جوان و قووڵ و داهێنەرانە داهێنراوە! بە پێچەوانەی ئەو دوو بەیتەی (گۆران) کە تەنیا دەربڕینێکی یەك رەهەندی ساکارە..بۆیە ئاساییە کە لەو جۆرە ستایلەدا کە بە (بۆچوونی من زۆر ترسناکە) نەتوانی دەسەڵاتت بەسەریدا بشکێ و خۆتی تێدا

تاقی بکەیەوە، چونکە شیعرێکی خاڵی لە ئێسەتیتك دێتە بەرهەم، ئەوەش پەیوەندی بەو قووڵاییە مێژوویەوە هەیە کە لەو بوارەدا نیمانە یا نمونەی دەگمەن و ئەزموونی کەممان لەو رووەدا هەیە، ئەو جۆرە ستایلە زیاتر پەیوەندی بە ژیانی شارەوە هەیە لەوەی ژیانی گوند.

ئەگەر مەحمود دەروێش بەجێ بێڵین و بۆ ئەو جۆرە نمونانە لە شیعری هاوچەرخی کوردی بگەڕێین ئەوا بەشێك لە شیعرەکانی(عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر وێستگەیەکی باشە بۆ ئەو مەبەستە، پەشێو لە وانەی دەیەمی ناو(دوازدە وانە بۆ منالاّن) دەڵێ:

**مناڵەکان!**
**لەسەر ناوچەوانی زەردی رۆژنامەکان**
**لەسەر بۆڕییە نەوتەکان،**
**لە دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان،**
**دە ملیۆن جار**
**نووسیمان: ((بژی چەوساوە))**
**نووسیمان: ((بژی کرێکار))**
**بەلاّم هەموو نووسینەکان**

**تەنیا جارێ،**
**نەیانتوانی ببنە پاروو**
**تێرکەن زگی کرێکارێ!**

هەموو خاسییەتەکانی ئەو ستایلە شیعرییە لەو شیعرەی پەشێودا هەیە: 1- بیرۆکە.. 2-هێڵێك کە سەرەتاو کۆتایی بابەتەکە بە یەکەوە گرێ دەدات.. 3- جۆرێك لە گێڕانەوە.. 4-فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیانی شار..5-رۆشەنی لە گەیاندن.

بە تێگەیشتنی من لێردا تەنیا کێشەیەك کە هەبێ پەیوەندی بە چۆنییەتی گوتنەوە هەیە لە دوو رستەی ئەو شیعردا.. بابەتی ئەو شیعرە، وێنەی چیرۆکی قۆناغێکی مێژوویی دەکات، بابەتی شیعرەکە بابەتێکی هەمیشەییە، چەوسانەوەی مرۆڤ وەك بابەت هەر بوونی هەبووە و هەر دەمێنێ، بەڵام چۆنییەتی گوتنەکە بە تایبەت لە هەر دوو رستەی "**نووسیمان: ((بژی چەوساوە)) نووسیمان: ((بژی کرێکار))**"تامی دروشم دەدات و ئەو بابەتە زیندوە لە بۆتەیەکدا بچووکدەکاتەوە، لەوێوە کە بۆنی ئایدلۆژیایەکی دیاریکراوی لێ دێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە تامی بابەتێکی قورس و قووڵی ئینسانی بدات..
پەشێوی شاعیر چەندین نمونەی هەیە کە فەرهەنگەکەی فەرهەنگی زمانی شارە:

**ئاژانسەکانی دەنگو باس رایانگەیاند**

**یارییەکی فوتبۆڵ دەکرێ**

**دوو تیپەکە-کرێمل و کۆشکی سپی**

**تۆپ-سەری کورد.**

**گۆڵ-کوردستان.**

**تەماشاکەر-دنیای کرِی وەك گۆڕستان.**

لێرەدا ئاژانسی دەنگوباس و یاری فوتبۆڵ و تیپ و گۆڵ و تەماشاکەر وەك کەرستە بەکاردێنێ و بە هۆیانەوە بابەتێك دەورژێنێ و پەیامێك دەیەگەیەنێ، جیاوازییەکە لێرەدایە کە ئەو بابەتەی بە زمانی سروشت دەرنەبڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەشێوی شاعیر نمونەی یەکجار زۆریشی لە فەرهەنگی سروشتی هەیە، بۆ نمونە:(–پشت لە نەوا و روو لە کرێوە– و –هەسپم هەورە و رکێفم چیا–) ناونیشانی هەردوو کۆشیعرەکەیەتی، ناونیشانەکانی رێك ناونیشانی سروشتین.. بەهەرحاڵ ئاسان نییە هەموو ئەو شیعرانە، یا پەرەگراف و رستانەی نێو هەردوو کۆشیعری پەشێو (پشت لە نەوا و روو لە کرێوە– و –هەسپم هەورە و رکێفم چیا) لێرەدا بە نمونە بێنمەوە، بەڵام هەر خێرا چەند نمونەیەك کە رستەیەك یا چەند رستەیەکن دەخەمە بەرچاو کە لەوێوە دیاردەکەوێ فەرهەنگی ئەو چەند نمونەیە چەند فەرهەنگێکی ژیانی شارن و فەرهەنگی زمانی شتەکانی نێو

ژیانن،:(سەرینەکەم بۆ دوو کەسە، دوو کورسی تامەزرۆم هەیە، دوو پیاڵەشم بۆ چای)..(دەریان کردم، چونکە شیعرم هێڵی بەزاند: لە رووی گەنجینەی دزراو، گڵۆپێکی دەهەزار ڤۆڵتی داگیرساند)..(هەموو رۆژێ شقارتەیەك لە منەوە: دەنك دەنك دایگیرسێنە)و..تاد، هەندێ وشە لەناو ئەو رستە شیعریانە زۆر زەق و بەرچاو دیارن، ئەو گەشانەوە و درەوشانەوەیەی کە لەو وشانەدا هەن ئاماژەیەکن بۆ غەریبی ئەو فەرهەنگە شیعرییە لەناو فەرهەنگە نۆرمال و باو و دیارەکەی شیعری کوردی، وشەکانی(چای و گڵۆپێکی دەهەزار ڤۆڵتی و شقارتە) گەیشتوونەتە ناو شیعر و بەهۆیانەوە شیعر نووسراوە، ئەوەیان بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە وەك سەرەتا گوتم هەموو کەرستەیەك دەکرێتە شیعر، بەڵام چۆنییەتی گوتن و چییەتی گوتن بەو چۆنییەتی گوتنە دوا بڕیاری بەدەستە.. لە چوارچێوەی خوێندنەوەی من بۆ ئەو بابەتە لە شیعری کوردیدا فەرهەنگی یەکەم کە فەرهەنگی زمانی سروشتە پانتاییەکی زیاتری داگیرکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زۆری ئەو شاعیرانەی کە دەستیان بۆ بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانی رۆژانە بردووە بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکانیان و چۆنییەتی گوتنیان پڕە لە کەم و کوڕی، بێگومان ئەو بۆچوونەم بە لێکۆڵینەوە دەسەلمێندرێ و هەر لێرە لە رستەیەکدا کە ئەو بۆچوونە دەردەبڕم بۆچوونێکی یەکلایی کەرەوە نییە و بۆ خوێنەریش هەیە کە باوەڕی پێ

نەکات، بەڵام ئەو چەند رستەیە هانمان دەدات کە جدیتر و وردتر لە لێکۆڵینەوەی ئاماری و ورددا، رادەی بەکارخستنی ئەو دوو فەرهەنگە لە شیعری کوردیدا دەستنیشان بکەین و دواتر لەو هۆیانە بکۆڵینەوە کە بۆ فەرهەنگی زمانە سروشتییەکە پانتاییەکی زۆر زیاتری داگیرکردوە لە شیعری کوردی، ئایا پەیوەندی بەوە هەیە کە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانی رۆژانە لە شیعردا بوێری زیاتری دەوێ لەبەر ئەوەی کە تایبەتمەندییێکی ئەو شیعرە ئەوەیە کە شتە وردەکانی ناو ژیانی خۆت و ژیانی خۆت شەفافانە بنووسیتەوە؟ ئایا پەیوەندی بەوە هەیە کە دەبێ باڵادەست بی لە شیعردا و قۆناغە جیا جیاکانی شیعرت بڕیبێ کە تەنیا باس لە شتە گشتییەکان لە رێگای کەرستە سروشتییەکانەوە دەکات؟ ئایا بۆ نووسینی ئەو ستایلە شیعرییە پێویستت بە دنیادیتی و زۆری ئەزموونەکانی ژیانە؟ ئایا پەیوەندی بە ستراکتۆرەوە هەیە لەو جۆرە شیعرەدا، کە وشەی زیادە قبوڵ ناکا و رێکخستنێکی ئەندازیارانەی گەرەکە، یاخود پەیوەندی بە عەقڵییەتی بەرهەمهێنەری شیعری کوردییەوە هەیە کە زیاتر عەقڵیەتێکی کشتوکاڵییە، نەك شارو..تاد؟ یا بە پێچەوانەوە ئەو ستایلە زیاتر پەخشانە و هەموو کەس دەتوانێ چیرۆکێك بگێڕێتەوە بە زمانێکی شیعری؟ یا شەفافیەت و زمانێکی ئاوا سادە بە فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان ئێستاتیکای شیعر دەکوژێت و بەرهەمی چیرۆکەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی دەکات و ناتوانێ

ئەو هێزەی هەبێ کە لە هەموو زەمەنەکان وەرگر چێژی لێ ببات، وەك ئەوەی لەو شیعرانە دەیبات کە بە فەرهەنگی زمانی سروشتەوە نووسراون و..تاد؟ وەڵام دانەوەی هەر پرسیارەك لەو پرسیارانە چەندین و چەندین لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە، کە ئەوە کرا ئینجا دەکرێ لەوێوە کار لەنێو لایەنە جوان و نائێستەتیکییەکانی شیعری کوردی بکەین و هەوڵبدەین شیعری کوردی بەرەو دنیایەکی ئێستەتیکی ساف و شاریی و مەدەنی ببەین بەلایەنی کەم لەو لایەنەوە..ئەو جۆرە ستایلە لای شاعیرانی هاوچەرخ لێرە و لەوێدا بوونی هەیە، یەکێ لەو شاعیرانەی کە ئەو ستایلە بە ئاشکرا لای دیارە، (ئیسماعیل بەرزنجی)یە کە لە چەند شیعرێکیدا ئەو حاڵەتەی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرز و نایاب، لای کۆمەڵێك شاعیری دیکەش نمونەی لەو جۆرە شیعرە هەیە، بۆ نمونە: دڵشاد لە شیعری (دۆنکیخۆتە)دا ئەو ستایل و فەرهەنگەی پەیڕەو کردوە بۆ بەرهەمهێنانی شیعرێك:

**مەسیح بە پەناهەندەیی نەچووە ئەوروپا**

**بە پاپۆڕی قاچاخ نەپەڕییەوە**

**لە کەمپدا نەمایەوە**

**لە ئۆرشەلیمەوە بە کەژاوە بردیان**

**لە فڕۆکەی ئیلهام دابەزی و**

**سێدارەشی هەر بە کۆڵەوە بوو**

**پاشاکان سەرەنێزەیان لێی دەدا**

**قوربانیش دەیانخستە دڵیانەوە**
**...... خەونەکانم لێرە پچڕا**
**پەناگیر لە هەموو شتێك دەترسن**
**لە پۆلیس و خاڵی سنوور**
**پاڵەوان کە خەونی بە ئازادییەوە دی با وەهمیش بێ**
**فڕێ دەدا هەرچی کۆتە**
**لەکەس ناترسێ وەکی دۆن کیخۆتە.**

ژینگەی فەرهەنگی ئەو شیعرە ژینگەی ژیانە، وەك دەبینین:(پەناهەندە، پاپۆڕ، قاچاخ، کەمپ، کەژاوە، فڕۆکە، سێدارە، سەرەنێزە، پەناگیر، پۆلیس، کۆت) کەرستەکانی بونیادنان و درووستکردنی ستراکتۆری ئەو شیعرەن و دواجار ئێمە(وەرگر) هەست بەوە دەکەین کە لەبەرانبەر شیعرێکین کە رێك لە ژیانی ناو شار دەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کارەکتەری سەرەکی شیعرەکە مەسیحە، بۆیە فەرهەنگ دەتوانێ شیعرێك بە کارەکتەری مێژوویی کۆنیش نوێ نیشان بدا، کە لەو شیعرەدا دیتمان.

ئەو ستایلە لە شیعری دنیا لە برەو دایە و زۆر لە شاعیرانی نوێی دنیا بەو کەرستانەی ناو ژیان، شیعر بەرهەمدەهێنن، بۆ نمونە یەکێ لە شاعیرە سەرکەوتوەکانی ئەو ستایلە شیعرییە(فەرهەنگی

زمانی شتەکانی ناو ژیان) لە دنیای شیعری نوێدا ئەزموونی (چارلس بوکۆفسکی 1920-1994) یە.. نمونەیەکی بوکۆفسکی:

**دنکە شقارتەکان تەواو بوون.**
**تەڵەکانی فەروێڵەکەم پچڕا.**
**پێڵاوەکانیان لێ دزیم.**
**تابلۆ زەیتییەکەیان دزیم**
**کە دوو چاوی فەنەفری هەبوو.**
**سەیارەکەم پەکی کەوتووە.**
**ماسییەکی کرمن بەسەر دیواری حەمامەکەم هەڵدەگەڕێ.**
**خۆشەویستیم وردوخاش بووە.**
**بەلام سەهمی بۆرسە هەر لە بەرزبوونەوە دایە ئەمڕۆ.**

زۆربەی شیعرەکانی بوکۆفسکی بەکەرستەکانی ناو ژیان نووسراون، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێ لە شاعیرە هەرە دیارەکانی جیهانی ئەمڕۆمانە..شیعرەکانی چیرۆکئامێزن و هەموو وشەکانی بەیەکەوە پەیوەستن لە رووی ستراکتۆرەوە، هەروەها لە بچووکترین شتەکانی ناو ژیانی تایبەتی خۆی، شیعری بەرهەمهێناوە، بۆ نمونە لە شیعری (باوکم) کە ئاوا دەست پێدەکات:

**له شازدهساڵیمدا**

**له کاتی قەیرانە ئابوورییە گەورەکەدا،**

**هەمیشە پابەندبووم بەوەی**

**بە سەرخۆشی بگەڕێمەوە ماڵ**

**چەندین جار شتەکانم، کراسەکانم**

**جلی ژێرەوەم، گۆرییەکانم، چیرۆکە نووسراوەکانم**

**جانتاکەم لە باخچەکەی بەرانبەر ماڵەوە**

**یا لەسەر شەقام دادەنا.**

**دایکم لە پشت درەختەکەوە دەردەکەوت و بە پاڕانەوە:**

**هنری، هنری مەڕۆ ژوورەوە، دەتکوژێ**

**هەموو چیرۆکە نووسراوەکانی تۆی خوێندۆتەوە و ..تاد**

وەك دەبینین لەو جۆرە شیعرانەدا وەرگر حەز و هەوەسی بەردەوامبوونی دەبێ، دەیەوێ شیعرەکە تا کۆتایی بخوێنێتەوە کە چیرۆکی ئەو کەسە چییە لەگەڵ باوکی و چی لە چیرۆکە نووسراوەکان گوتوە کە باوکی بڕیاری کوشتنی داوە و دایکیشی هەوڵی پاراستنی دەدات لە باوکی و خۆیشی لە کاتی قەیرانە ئابورییە گەورەکەدا پابەندە بە سەرخۆشی و..تاد بۆ ئەوەی بابەتەکە لەوە درێژتر نەبێتەوە سەبارەت بەو ستایلە لە شیعری کوردیدا بە چەند رستەیەك کۆتایی بە قسەکانم دێنم: دەرئەنجامی گەڕانێکی خێراش لە شیعری کوردی، گومان نامینێ کە ئەو

ستایله بوونی هەیە لە شیعری کوردی (سۆرانی)دا، هەر لە (نالی)یەوە تا دەگاتە لای حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و گۆران و شاعیرانی هاوچەریش، بەڵام دەگمەنن ئەو ئەزموونانەی کە زۆر چڕ کاریان لەو بوارەدا کردبێ، یاخود بەو ستایلە بناسرێنەوە لە کۆی ئەزموونەکانیان.. بە دیوێکیدی هەر یەك لەو شاعیرانە نموونەی لەو جۆرەی هەیە ئەگەر گەڕانی ورد بەنێو دیوانەکانیاندا بکەین، بەڵام ئەزموونەکانیان ئەزموونی تێپەڕبووە و هیچ یەکێکیان بەو ستایلە ناناسرێتەوە، ئەگەرچی نموونەی چەند شاعیرێکی هاوچەرخمان هەیە کە هەوڵی زۆریان لەو بوارەداوە بەڵام نەبوونی شیعرییەت و نەتوانینی درووست کردنی شیعرییەت لە ئەزموونەکانیان وای کردوە کە بە ئەزموونی ناشیعری بناسرێنەوە لە شیعری کوردیدا..هەر بەو چەند تێبینی و نموونە خێرایانە لەو ستایلە شیعرییە دەپەڕمەوە بۆ باس کردنی ستایلی سێیەم کە ئەویش تێکەڵەیەکە لە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان.

## 3-شیعر بە تێکەڵەیەك لە فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان:

بریتییە لەو شیعرانەی کە بە فەرهەنگێکی ئاوێتە لە فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان دێنە بەرهەم، بە واتایەکیدی لەو جۆرە ستایلەدا پەیوەندییەك لەنێوانی فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی شتەکانی ناو ژیاندا بوونی دەبێ و بە هەردوو فەرهەنگ زمانێکی ئاوێتە دروست دەبێت و دواجار دەبێتە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی تێکستێك..لە نمونەیەکدا لای (نالی) ئەو شێوازە ئاوا گوتراوە:

**کاسە و کەوچك، حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەروەکو**
**کیسەڵ و ماسی و جلە دێن و دەچن پرژ و بڵاو**

**ڕۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژە هاژ**
**شەو نییە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوە ژاو**

یاخود:

**مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گول و مول**

**بە دو صەد مەدرەسەو و دەرس و کیتابی نادەم**

فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان بریتین لە: کاسە، کەوچك، حەسیر، بەڕ، مەجلیس، مەدرەسە، دەرس، کیتاب وشەی "– مول– لە دیوانی نالی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بە مانا مەی هاتوە".. فەرهەنگی زمانی شتە سروشتیەکان: کیسەڵ، ماسی، ئەنهار، هاژە هاژ، قرژاڵ، بۆق، ژاوە ژاو(دەنگی بۆق لەناو ئاودا)، چەمەن، بولبول، گوڵ..وەك دەبینین ئاوێتەیەك لە هەردوو فەرهەنگدا هەیە و بە هۆیەوە ئەو سێ بەیتە هاتۆتە بەرهەم.. ئەوەی جێگای سەرنجی منە نالی لێرەشدا زۆر داهێنەرانە پەیوەندیێکی ئێستەتیکی لەنێو ئەو کەرستانە دروستکردوە کە کەرستەی باوی شیعری نین، بۆ نمونە: کاسە و کەوچك، حەسیر، لەلایەك و بۆق و قرژاڵ و کیسەڵیش لە لایەکی دیکەوە!

بێگومان ئەگەر گەڕانێکی ورد بەنێو شیعری کوردیدا بکەین، نمونەی شیعری لەو ستایلەمان هەیە، من لێرەدا بە هێنانەوەی چەند نمونەیەك لە شیعری هاوچەرخی کوردی واز لە باسکردنی هەر سێ ستایلەکە "فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان و ستایلی سێیەم کە تێکەڵەیەکە لە فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان"دێنم و لە هەوڵێکی پراکتیکی باس لە چەندیەتی و چۆنیەتی بە کارهێنان

و بوون و نەبوونی ئەو سێ ستایلە شیعرییە لە رووی فەرهەنگەوە لە دیوانی "دارستانی ئەو بنارە"ی ناو کۆشیعری"پەرییەکان هەڵدەفڕینمەوە"ی (نەوزاد رەفعەت)ی شاعیر دەکەم..

وەك ئاماژەم پێ کرد، لە شیعری هاوچەرخی کوردی ئەو تێکەڵەیە بوونی هەیە، لای (هاشم سەڕاج) بە نمونە لە دیوانی "تێکست" و لە پەرەگرافێکی شیعری"ئیزیس"= (خوای مانگ و دایکایەتی لای میسرییە کۆنەکان) ئەو تێکەڵەیە فەرهەنگییە بەو شێوەیە:

**پاکیزەیەك بە لەنجەوە**
**لە دەروازەی دڵ دەرکەوت و**
**چەرچەفی خۆری**
**بە لەشیا ئاڵاندبوو و**
**دەستکێشی خەرمانەڕەنگی مانگیش**
**لە پەنجە بلوورییەکانی و**
**بە شانەیەکی شینی شازادەییش**
**تاڵ تاڵ**
**قژە قاوەڕەنگەکەی**
**شانە دەکرد و**
**بە شەپۆلەکانی**
**فۆنیمی قەدەر**
**گۆرانی بۆ میهر دەچڕی و**
**پێدەکەنی و سەمای دەکرد.**

ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی لێکجیان لە بنەڕتدا و لێرەدا ئاوێتەن ئاوان، فەرهەنگی زمانی شتە دیارەکانی ناو ژیان(دەروازە، چەرچەف، دەستکێش، شانە)، فەرهەنگە سروشتییەکە بریتییە لە(خۆر، مانگ، شەپۆل، میهر)..ئەوەی کە لەو نموونەیەدا زۆر جێگای سەرنجە ئەوە نییە کە ئەو دوو فەرهەنگە لە چوارچێوەی شیعرێکدا ئاوێتە کرابن، بەڵکو دروستکردنی ئەو هارمۆنییەت و دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەنێوان کەرستە بەکارخراوەکانی هەردوو فەرهەنگدا لەنێو ئەو شیعرەدا هەیە:(چەرچەفی خۆر، دەستکێشی مانگ، شەپۆلەکانی فۆنیم، گۆرانی گوتن بۆ میهر).. ئەو حاڵەتە لای پەشێوی شاعیریش لە چەند نموونەیەکدا هەیە، (قاسەی ئاسۆت بۆ دەشکێنم.. کولێرەی زێڕت بۆ دەردێنم)..نموونەیەکتری ئەو ستایلە لە پەرەگرافێکی شیعری(ماڵێك لەناو جانتا)ی جەلال بەرزنجی:

**مندالەکانم**

**ناو فڕۆکە بە جۆلانە تێگەیشتبوون**

**لەبەرزبوونەوەی و نزمبوونەوەی نەدەترسان**

**منیش پێم خۆش بوو**

**فڕۆکەکە بەرزتر بێتەوە**

**بچێتە لای خۆر**

**فڕۆکەکەمان ئاسمانی دەپێکا**

**حەزم دەکرد کورسییەکەم لای پەنجەرە بووایە**

**تا ببینم**

**بن باڵەکانی چۆن پڕ دەبن لە هەور**

**بردینیە سەر باران**

**بەرزی بردین**

**بۆ سەر هێز..تاد**

لێرەدا لە لایەك بە (خۆر و ئاسمان و هەور و باران) و لە لایەکی دیکەوە بە(فڕۆکە و جۆلانە و کورسی و پەنجەرە) ئەو شیعرە نووسراوە، کەوابێ بە هەردوو فەرهەنگ ئەو شیعرە هاتۆتە بەرهەم.. بەو چەند نمونەیە واز لە باسکردنی هەر سێ ستایلەکە دێنم و هەوڵدەدەم لە لێکۆڵینەیەکی ئاماری و پراکتیکیدا چەند تێبینییەك لەسەر دیوانی "دارستانی ئەو بنارە"ی نەوزدا رەفعەتی شاعیر بدەم.

## -دارستانی ئەو بنارە

ئامانج لەو خوێندنەوەیەدا ئەوەیە کە لایەنەکانی ئەو سێ فەرهەنگەی زمانی شیعر لەو دیوانەدا (وەك نمونەیەك) بخەمە روو، بێگومان ئەزموونی شیعری "نەوزاد رەفعەت"ی شاعیر، لە شیعری کوردیدا ئەزموونێکی دورودرێژە لە بەرهەمهێنانی شیعری، بۆیە لێکۆڵینەوە لە تەواوی بەرهەمەکانی پانتایی و لێکۆڵینەوەی زیاتری پێویستە، هەر بۆیە، تا نەکەومە ناو خوێندەوەیەکی گشتی و نازانستی، تەنیا یەك دیوانی وەك نمونە وەردەگرم بۆ رۆشنکردنەوەی ئەتمۆسفێری شیعرەکانی لە رووی فەرهەنگی زمانی شیعرەوە.. شیعرەکانی ناو (دارستانی ئەو بنارە) لە نێوان ساڵانی 1975_1978دا نووسراون، کۆی شیعرەکانی ناو ئەو دیوانە23 شیعرە، لەناو کتێبی کۆشیعری (پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە) (36)لاپەڕەیە، ئەزموونێکە، بە سەرەتای ئەزموونی پێگەیشتووی شاعیر دادەنرێ..

**-ئاماری ئەو وشانەی کە سەر بە فەرهەنگی زمانی سروشتن، لە "دارستانی ئەو بنارە"دا:**

1-ئەو فەرهەنگەی کە سەرچاوەکەی لە_ئاو_ و _با_یەوەن، یا دەلالەت لە ئاو و با دەکەن: لەو (23) شیعرەی نێو ئەو (36) لاپەڕەیەدا، ئەو وشانە بە کارهاتوون و دووبارە بوونەتەوە: (زریان، زێ، ئاورینگ، گێژەن، باوبۆران، بەفر، بەفر، کرێوە، زێ، باران، هەور، دەریا، گەواڵە، دەریا، جۆگە، رووبار، تەم، بەفر، رەشەبا، شەختە، کرێوە، باوبۆران، کرێوە، لافاو، رووبار، با، هەورە تریشقە، زێ، گڤە گڤی با، بەفر، گەواڵە، بەفرستان، زریان، رەهێڵە، باران، رووبار، زریان، زریان، با، تۆف و باران، باران، با، زێ، رەشەبا، با، زێ، دەریا، هەوری سپی، دەریا، پەلکەزێڕینە، کزە با، رەنوو، شەپۆل، دەریا، چەم، چەم، تەم، دەریا، رەهێڵە، باران، جۆگە، کانی، دەریا، زێ، باران، بەفر، بەفر، بەفر، دەریا، باران، باران، بەفر، دەریا، کانی، بەفر، بەفر، خوڕە، بەفر، بەفر، رووبار، شەونم، جۆگە، باران، شەونم، خوڕە، دەریا، بارین، هەور، پەڵە هەور، رووبار).

**2**-ئەو فەهەنگەی کە سەرچاوەکەی لە بەردەوەیە یا دەلالەت لە خاك دەکات:(بەرد، تاوێر، زورگ، ئەشکەوت، بنار، دوند، شاخ، خاك، دەشت، لوتکە، تلەبەرد، دەشت، دەشت، دۆڵ، بەرد، گەلیی، هەڵدێر، شاخ، ئاران، بەرد، شاخ، دەشت، دامێن، کەژ، دۆڵی قووڵ، کەپك، بەرد، دۆڵ، بنار، دۆڵی قووڵ، کێو، بەرد، بەرد، ئەشکەوت، کێو، کێو، کوێستان، یاڵ، کەژ، تاوێر، ئاقار، کەژ، دەشت، یاڵ، بیابان، شاخ، شاخ، بەرد، شاخ، بنار، چیا، تاشەبەرد، هەوراز، هەڵەموت، شاخ).

**3**-زیندەوەر: (باڵندە، پۆڕ، هەوێردە، باڵ، تەیر، مەل، مێگەل، هەنگ، ئاسك، پەلەوەر، ماسی، مەل، پاساری، کەو، داڵ، قۆچی نێری، تەیر، باڵ، ئەسپ، حیلاندن، کەو، کۆتر، گماندن _دەنگ_، ماسی، مێگەل، قۆچ، ماسی، کێوی، باڵندە، مەل، سەگوەڕ، سەگوەڕ، باڵندە، دەنووك، باڵ، تەیر، پەڕەسێلکە، دەنووك، چۆلەکە، پەڕوباڵ، بێچوو، مەل، کۆتر، کارمامز، ماسی، چۆلەکە، چۆلەکە).

**4**- رووەك:( درەخت، گەڵاڕێزان، چڵ، دارستان، مێرگ، دار، گوڵ، دار، کلۆری دار، دار، لق، دار، دار هەنار، هەنار، دار،

گەڵا، دار، گەڵا، لق، پیرەهەنجیر، گوڵ، گوڵ، سپیندار، لێڕ، دارستان، توتن، رەز، لێڕ، چڵ، چنار، گوڵ، شەتڵە رەیحان، چنار، باخ، دار، چنار، گەڵا، باخ، پیرەدار، چرۆ، پیرەدار، چرۆ، باخ، گوڵ، درەخت، بەهار، گوڵ، لق، مێرگ، بەهار، گوڵ، گوڵ، دار، گەڵا، چرۆ، شۆڕەبی، نەمام، لق و پۆپ، درەخت).

**5**–فەزا: (ئاسمان، ئەستێرە، خۆر، ئاسۆ، ئەستێرە، ئەستێرە، ئاسمان، تریفە، مانگ، ساماڵ، ئاسمان، ئەستێرە، خۆر، ئەستێری، ئاسمان، ئەستێرە، ئاسمان، هەتاو، خۆر).

کەوابێ لەو (**36**)لاپەڕە شیعردا، نزیکەی (**268**)جار ئەو وشانەی کە سەر بە فەرهەنگی زمانی سروشتن بەکار هاتوون و دووبارە کراوەنەتەوە، وەك پێشتر ئاماژەم پێیکرد چۆنییەتی چی پێگوتن بەو فەرهەنگە، لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە، دووبارەشی دەکەمەوە: کراوە و دەشکرێ بەو فەرهەنگە، شیعری باڵا و ئێستەتیکی بێتە بەرهەم، چونکە بەکارهێنانی ئەو فەرهەنگە هەموو جارێك بە مانای وەسفی وشەکانی ناو ئەو فەرهەنگە نایە، بە واتایەکیدی رەنگە بە مانای وەسفی خودی شتە سروشتییەکان بەکارنەخرابن، بەڵکو بۆ مەستێك یا مەبەستگەلێکی دوورتر لە

وەسفی سروشت سودی لێ وەرگیرابێ، بەڵام ئەوەشییان بە مانای ئەوە نایە کە ئەو نمونەیە بە عەقڵیەتێکی سروشتییەوە نەنووسرابێ، ئایا بەرهەمهێنانی شیعر بە عەقڵیەتێکی سروشتی یا دەشتی و شاخاویی و گوندی کارێکی شیاوە یا نا؟ ئایا دەتوانرێ بەو عەقڵیەتە شیعری جوان بەرهەم بهێنرێ؟ بێگومان زۆر ئاساییە کە لە شیعردا هەموو شتێ روودەدات، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی شاعیرانی ئێمە لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆرییان، زۆربەی ژیانیان لەناو شاردا بەرێکردوە، کەچی بەو فەرهەنگە شیعر بەرهەم دەهێنن؟ بۆچی شتەکان و مادەکان و بابەتەکان و ژیانی خۆیان و دەروربەریان کەمتر بۆتە شیعر.. ئەو پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامی جدی هەیە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئاماری و پراکتیکیدا.. هەر بۆ نمونە بۆچی لە (دارستانی ئەو بنارە) زیاتر لە (268)جار وشەکانی سەر بە فەرهەنگی سروشت لە شیعردا سودیان لێ وەرگیراوە و کراونەتە شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا کە شاعیر تا ئەو سەردەمە رەنگە تەنیاساڵێکی ژیانی لەناو سروشت ژیابێ و لە هەموو ژياني خۆشیدا لە شار بووبێ؟ ئایا ئەتمۆسفێری گشتی و ژیانی ساڵانی 1972-1978 ی شاعیر لە شاردا چی بووە؟ ئاماژەکانی نێو رووداوەکانی ژیانی شاعیر لە شاردا چي بووە؟

خەونەکانی گەنجێك کە شاعیری شارێکە بە کەرستە و فەرهەنگی ئەو شارە لە شیعردا چی بووە؟ ئەمە و چەندین پرسیاریدی کە وەڵامەکانیان لە دیوانی دارستانی ئەو بنارەدا بزرە، بێگومان بەو هۆیەی کە شیعرەکان بەو فەرهەنگە، (فەرهەنگی زمانی سروشت) نوسراون.

بەر لەوەی بچمە سەر باسکردنی فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان لەو دیوانەدا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم قسەکردن سەبارەت بە رەهەند و فەزای بەکارخستنی ئەو فەرهەنگە لەنێو دارستانی ئەو بنارە لێکۆڵنەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەتی دەوێ، بەڵام هەوڵدەدەم لێرەدا (بەفر) بە نمونە وەرگرم کە چۆن لەو دیوانە بە کار هاتووە و چی بەهۆی بەفرەوە گوتراوە؟ وەك مەدلول هەڵگری چ دنیایەکی شیعرییە؟ (بەفر) نزیکەی (**13**) جار بەکار براوە لەو کۆمەڵە شیعرەدا، لە شیعری (ئێواران هەور دەسوتێت) لە پەرەگرافێکدا بەو شێوەیە بەفر بەکارهاتووە:

**دەبێت تا ماوین غاردەین و**
**نەگەینە پەنایەك بەفر و**
**کرێوە نەیگرێتەوە.**

بەفر وەك ئەو بەفرە بە كارهاتووە كە ئاوێكە، لە ژێر پلەی سفردایە و مەدلولی حەقیقی وشەی بەفری هەیە، بەو مانایەی كاتێ مرۆڤ لەژێر بەفردابێ و پەنایەكی نەبێ تووشی سەرمابوون و رەنگە مەرگیش بێ.. لە شیعری (دۆڵی كپ) لە پەرەگرافێك هەمدیس بەفر وەك خودی بەفر بەو مانایەی كە بەفر ببارێ یا باریبێ، دنیا سارد دەبێ، هاتوە:

**تاوێكی كە.. دەورم دەدەن**
**لێم دێنە ژوورێ و هەواڵتم لێ دەپرسن**
**دەڵێن: ((ئەو رۆژانە ساردن**
**تووشن و بەفر تا چۆكان دێت**
**ئەو رۆژانە هەور بەناو دۆڵە كپەكاندا دەخشێت**
**لادەداتە كامە هەوار؟**

وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێیدا بەفر هەڵگری هەمان چەمك و خاسییەتە حەقیقی و فەرهەنگییەكەی وشەی بەفری هەیە لەو پەرەگرافە، لێرەدا بۆ وەسفی رۆژگارێكی ناخۆش بەكاربراوە.. لە شیعری (دەریا شینە) بەكارهێنانی بەفر هەر بە هەمان حاڵەتەكانی پێشوو بەكارهاتووە، بەڵام جیاوازییەكە لێرەدا ئەوەیە كە

زەمینەی گوزارشتکردنی پێ سازکراوە کە بە هۆیەوە مانایەك بدات بە کەسی موخاتەبەکراو:

**کە باران خوڕ خوڕ دادەکات**
**ناچار دێمە ژێر چەتری تۆ**
**کە بەفرێکی زۆر تێ دەکات**
**ناچار دێمە بەر خۆری تۆ.**

لێرەدا بەفر لە خزمەت کارەکتەری(شیعر بۆ ئاراستەکراوە)، کە دواجار لە دژیەکێك وێنەیەکی جوان هاتۆتە کایەوە، بەفرێکی زۆر تێ بکات و شاعیر بچێتە ژێر خۆری ئەو، ئیدی ئارامیی و توانەوەی بەفر روودەدات، بەڵام وەك ئاماژەم پێدا لێرەش بەفر، بەفرە و شاعیر بە ماددەیکی سڕکەر و رەنگە کووشندەشی بزانێ لە وێستگەی کۆتاییدا، وەك ئەو پەرەگرافەی شیعری (سووتان):

**وەك ئەو خۆرەی دەستمان دەیگاتێ و نایگاتێ**
**سەرمایانە**
**بەفر ناهێڵێت بچمەوە ئەو شوێنانە و**
**لە جیاتی ماچی لێوی تۆ**
**لێوی یادێك هەڵبمژم**
**لە جیاتی تۆ..**
**خۆم بە چەقۆی یادێکی شیرین بکوژم.**

دیسان بەفر وەك ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی، هەر لە ساردی و ڕێگری و ..تاد، ڕێ دەگرێ و ناهێڵێ شاعیر بچێتەوە ئەو شوێنانەی کە تێیدا دەیەوێ لێوی یادێك هەڵبمژێ.. لە شیعری (مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت) حاڵەتەکە هەمدیس وەسفێکە بۆ ئەوەی دواتر بە هۆیەوە باس لە حاڵەتی خۆی بکات بۆ کەسی قسە بۆ ئاراستەکراو:

**هەموو بەهارێك بەفر**
**مەمکی وشکی ڕووبار پڕ شیر دەکاتەوە**
**شەونم جۆگەی تێنوویەتی گوڵ دەخواتەوە..**

وەك ڕۆشنە دەربڕینەکە، دەربڕینێکی زیاتر وەسفییە، بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەو فەرهەنگە لەو دیوانە هەڵسەنگێنین ئەوا دەبێ هەموو وشەکانیتریش ئاوا بە شێوەیەکی پراکتیکی بخەینە بەر باس و لێوردبونەوە، بۆ نمونە وشەی دەریا لەناو ئەو فەرهەنگە دەربێنین و وەك ئەوەی کە لەسەر بەفر کردمان، ئەوا زیاتر یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشت بە ئامانجێك کە ئەویش چۆنییەتی بەرهەمهێنانی مانای شیعری و ستایلی شیعری و شیعرییەتە لای شاعیر لەو دیوانە، (دەریا) لە شیعری (دەریا شینە) ئاوا بەکار هاتوە:

**دەریا شینە**

**ئەی ڕەنگی چاوەکانی تۆ؟**

**دیمەنی دووری بناری**

**هەرد و چیاکان شیرینە**

**ئەی دیمەی ئێوارەی چاوەکانی تۆ؟**

دەریا شینە، ڕستەیەکی هەواڵییە و زانیارییەکی جێگیری باو دەدات، چونکە هەموو کەسێك( ئەوانەی کە لە نزیکەوە لەگەڵ دەریا نەژیابن) پێیان وایە کە دەریا شینە، لە شیعردا شتێك زۆر گرینگە ئەویش ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێوانی دوو وشەدا هەن، هارمۆنیەتی نێوان وشە و وشەی دراوسێی، زۆرجار ئەو پەیوەندییە پەیوەندییێکی سروشتی و واقیعی دەبێ کە لێرەدا ئاستی ئێستەتیك ڕوو لە خوار دەبێ، بۆ نمونە: ئەگەر بگوترابووا: (دەریا زەردە، ئەی ڕەنگی چاوەکانی تۆ؟) چونکە دەریا بە تەنیا شین نییە، دەریا بە کاریگەری ڕەنگەکانی دەورووبەر و دوور و نزیکی ڕەنگی دەگۆڕێ..خۆ ئەگەر بە تەنیا ناوی ڕاستەقینەی دەریاکان بە بەراورد لەگەڵ (دەریا شینە)بهێنینەوە ئەوە لە پەیوەندی هاوسێیەتی وشەکاندا جوانییان زیاترە: دەریای سپی.. دەریای ڕەش.. دەریای سوور..دەریای زەرد (دەریایەکە لە

کۆریای باکوور و باشور)... له شیعری (چەمی بێدار)دا هەمدیس دەریا بە کارهاتووە:

**دادەچڵەکێم**

**دەڕوانمە ترووسکەی دوور**

**دەڕوانمە ئەوبەری دەریای بێ سنوور**

(غادە ئەلسەمان 1942 دیمەشق) ژنە شاعیر و چیرۆکنووسی سوری، کە بەشێکی زۆری ژیانی گەڕان بووە بە دنیادا و بەردەوام لەگەڵ دەریادا ژیاوە، کۆمەڵە چیرۆکێکی هەیە کە ساڵی 1963چاپکراوە لەژێر ناونیشانی (لە بەیروت دەریا نییە).. (ساڵی 1979 دەریا دادگایی ماسییەك دەکات) و (مەلەوانی لە دەریاچەی شەیتاندا)، مەبەست لە هێنانەوەی ناونیشانی ئەو کتێبانە چییە؟ بێگومان مەبەستم لێرەدا خستنە رووی ئەو جیاوازییەیە کە نێوان شیعرییەتی رستە و رستەیەکیتردا هەیە..غادە لە بەیروت ژیاوە و ژیانی لەسەر دەریا و ئاودا بەرێکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: لە بەیروت دەریا نییە، کەچی ئێمە لە شیعری کوردیدا، کاتی خۆی تەنیا لەسەر ئەتڵەس دەریامان دەبینی و دەمانگوت: (**دەڕوانمە ئەوبەری دەریای بێ سنوور**) کێشەکە لێرەدا بە تەنیا لەو شیعرەی کاك نەوزاد رەفعەتی شاعیر نییە، بەڵکو ئەو کێشەیە رەگێکی مێژوویی هەیە لە

شیعری کوردیدا، بۆیە لە چەند شوێنێك کاك نەوزادیش وەك درێژەپێدەری ئەو کێشەیە لەناو کێشەکەدا خۆی دەبینێتەوە.
ماوە بڵێم: وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە هەموو وشەکانی نێو فەرهەنگی زمانی سروشت و ئەو شیعرانەی کە بەو شێوازە نووسراون لەناو کورددا، (بێگومان یەکجار زۆرن) بەرچاو روونییێکی یەکجار گرینگمان پێدەدات بۆ تێگەیشتن لە لایەنێکی شیعری کوردی، بە چەند لێکۆڵینەوەیەك لەو بوارەدا تێگەیشتنمان و لێ وردبوونەوەمان رێگامان پێدەدات کە ئیدی بڵێین: هەموو ئەو وشە سروشتییانەی کە بە تەك یەکەوە دەلکێندرێن و هەوڵی نووسینی هەندێ هەست و سۆزییان پێدەدرێ پێیان ناگوترێ شیعر..

## -ئاماری فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان لە کۆشیعری (دارستانی ئەو بنارە):

بەشی یەکەمی ئەو وشەگەلەی کە سەر بە فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیانن لە کۆشیعری دارستانی ئەو بنارە بریتیین لە: (تاپۆ، قەفەسی ئاسنین، شوشەی پەنجەرە، چرا، سەنتور، کەرك، شیش و پۆلا، گەزۆ، فانۆس، پێك، فانۆس و قوتیلە، تۆڕ، تۆڕ، کەرك، پەنجەرە، بیور، دەرگا، پەنجەرە، چادر، چادر، فانۆس، چرا، گڵۆپ، چەتر، خەنە، قوتیلە، چەتر، چەقۆ).. لە سەرلەبەری

کۆشیعرەکە فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان ئەوەندەن و تێپەڕ ناکەن، لە پاڵ ئەوەشدا ئەگەر وەك بەشی دووەم ئەو وشە و ناوانە وەرگرین کە پەیوەندیان بە دیاریکردنی شوێن و کارەکتەرەوە هەیە وەرگرین ئەوا بۆمان روونتر دەبێتەوە کە کەشی گشتی شیعرەکان لە رووی شاری بوون و گوندی بوونی چۆنە.. وەك نمونەکانی فەرهەنگی شتەکانی ناو ژیان بۆمان دەرکەوتووە کە شتەکان زیاتر مادەی هەبووی ناو گوند یا نزیك لە دنیای گوندن، هەر لە تاپڕەوە وەریگرە، تا فانۆس و بیور و کەرك و..تاد کارەکتەر و جوگرافیاش بەو شێوەیە: (شار، کەشتییەوان، خۆشخوان، شۆستە، شەقام، شار، ئاوایی، کوختە، شوان، بەیتوباوی پیرەژن، تونێل، گوند، قەڵای دمدم، گوند، ئاوایی، ئاوایی، رەوەند، هێلانە، گوند، گوند، دەوار، هەوار، دەوار، لادێ، شاری شارەزوور، شەقام، شۆستە، هێلانە، شوان، قەڵای دمدم)..لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چەندییەتی بە کارهێنانی فەرهەنگی زمانی سروشت لەو کۆشیعرەدا بەراورد ناکرێ بە فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان، چونکە جیاوازییەکە یەکجار زۆرە لە لایەك و بەراوردکردنی فەرهەنگی زمانی سروشتیش بە فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیانی شاریش ئەوە هەر هیچ لە لایەکی دیکەوە..

ئەگەر لێرەدا چەند کارەکتەرێك بە نمونە وەرگرین و بەراوردی بە کارەکتەرەکانی تەنیا پەرەگرافێکی یەك لە شیعرەکانی چارڵس

بۆکوفسکی بکەین ئەوە جیاوازییەکانی نێوان فەرهەنگی زمانی ناو ژیانی گوند و ژیانی شارمان بۆ زیاتر روون دەبێتەوە، کارەکتەرەکانی ناو دارستانی ئەو بنارە بریتین لە: (خۆشخوان، شوان، بەیتوباوی پیرەژن_پیرەژن_، شوان، کەشتییەوان)، لای بۆکوفسکی لە شیعری (هەموویان..هەموویان دەزانن) بەو شێوەیە:

**لە وێنەکێشەکانی سەر شەقامەکانی پاریس بپرسە.**

**لە تیشکی خۆری سەر سەگێکی نووستوو بپرسە.**

**لە سێ بەرازەکە بپرسە.**

**لە مۆسیقای (دونیزیتی) بپرسە.**

**لە رۆژنامەفرۆش بپرسە.**

**لە سەرتاش بپرسە.**

**لە بکوژ بپرسە...تاد**

ئەگەر بەشێك لە کارەکتەرەکانی سەرتاپای ئەو شیعرە دەربێنین بەو شێوەیەن: (وێنەکێش، رۆژنامەفرۆش، سەرتاش، دکتۆری ددان، شۆڕشگێڕ، پیاوێك کە بە سەرەتان دەمرێ، مامۆستای جۆدۆ، پرۆفیسۆری مێژوو، زیندانییەك، پیاوێك کە نینۆکەکانی پاك ناکاتەوە، راهیب، شێت، کاریکاتۆریستی _نیویورکر، پیاوێك کە لەژێر قەروێلە خۆی شاردۆتەوە و..تاد)

بە دەیان کارەکتەری وای لەو شیعرەدا درووست کردوە و پرسیاریان لێ دەکات کە وەرگر لە کاتی خوێندنەوەی ئەو شیعرە

هەست دەكات لەناو شار و دنیای شاردا دانیشتوە و شیعر دەخوێنێــەوە، بە پێچەوانەی كارەكتەر و جوگرافیا و فەزای گشتی كۆشیعری (دارستانی ئەو بنارە).. لە دوا رستەكانمدا پێمخۆشە بڵێم: كە ئەوەی من لەو وتارەدا كردومە وروژاندنی بابەتێكی یەكجار گرینگە لە شیعری كوردی، رەنگە رەنگە هەموو بۆچوونەكانم شیاوی رەخنەلێگرتن و قسە لەسەركردن بن، بەڵام لەوێوە بە گوێرەی تێگەیشتنی من كە ئەو باسەم وروژاندوە، بابەت و باسێكە شیاوی لێكۆڵینەوەی زانستیتر و وردبوونەوەی زۆر زیاترە، چونكە وتارێكی لەو بابەتە رەنگە تەنیا بتوانێ بابەتەكە بورژێنێ بۆ ئەوەی كەسانیدی قسەی باشتر و فراوانتر و وردتری لەسەر بكەن.

## سەرچاوەکان:

-دیوانی نالی، مەلا عبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، چاپی پێنجەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان 1976

-دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم شارەزا، سنە شارە کتێبی میدیا

-دیوانی پیرەمێرد، محەمەد رەسول(هاوار)2007 چاپخانەی شڤان

-کازیوە، شێرکۆ بێکەس، بەغدا 1978

-حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك، شێکۆ بێکەس.

-پشت لە نەوا و روو لە کرێوە، عەبدوڵلا پەشێو،2008 چاپخانەی هێڤی.

-کۆشیعری 2، دڵشاد عەبدوڵلا،2010، ئاراس

-تێکست، هاشم سەڕاج،2010 وەزارەتی رۆشنبیری.

-هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان، جەلال بەرزنجی 2009 ئاراس .

-بوکوفسکی، الحب کلب من الجحیم، منشورات الجمل 2009

- شیعری بۆکوفسکی کە بەو رستەیە دەست پێدەکات: دنکە شقارتەکان، لە لایەن کەریم دەشتییەوە تەرجەمە کراوە و شیعرێکی کەریم دەشتی کە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

-پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە، 2004 ئاراس.

http://www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=10277&m=1

http://www1.najah.edu/thesis/462.pdf

-مفهوم المنهاج فی الفلسفه الگبیعیه: محمد علی القچاه

# شەو و شیعر
# لە "شەوانی تەنیایی" و "ناسنامەی با"ی
# سەعدوڵڵا پەرۆش



باوترین پێناسەی زەمەن کە ئەفلاتون و ئەرستۆ و دوای ئەوانیش بیرمەندانی دی هاوبۆچوونی ئەو پێناسەیەن، ئەوەیە کە دەڵێ: زەمەن وێنەی دنیایە.. بە دیوێکیدی زەمەن چوارچێوەیەکە بۆ ژیان بە هەموو بوونەوەرەکانی ناوی و کار و کردەوە و جولانەوەیەك، بۆیە ناکرێ وێنەی هیچ شتێك بکێشین جا چ واقیعی یا خەیاڵی بێ، لە دەرەوەی زەمەن.

بیرمەندان لە ئەدەبیاتدا زەمەنیان بۆ دوو جۆر دابەش کردووە، یەکەمیان: ئەو زەمەنەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی تێکست کە ئەویش بریتییە لە کاتی نووسین، کاتی خوێندنەوە و کاتی نووسەر (زەمەنی نووسەر بریتییە لەوەی کە تێکستێك لە کاتێکی دیاریکراوی کورتدا دەخوێنینەوە، لەو تێکستەدا نووسەر باس لە زەمەنێکی درێژ یا هەر جۆرێکیدی دەکات، بۆ نمونە نۆڤلێتێك لە دوو سعاتدا دەخوێنینەوە کە نووسەر لە نۆڤلێتەکەدا باس لە دوو ساڵ دەکات).. زەمەنی دووەم: بریتییە لەو زەمەنەی کە لەناو تێکستدا هەیە و ئەویش ئەو ماوە مێژووییەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدات..

زەمەنی نووسینی شیعرەکانی هەردوو دیوانی "شەوانی تەنیایی" و "ناسنامەی با"ی پەرۆشی شاعیر لە نێوان ساڵانی 1970-1980دایە، ئەو خوێندنەوەی ئێمە نزیکەی 32 تا42 ساڵ دوای نووسینی ئەو شیعرانە دێن، قسە کردن لەو ڕووەدا ئامانجی ئەو نووسینە نییە، ئەگەرچی ئەوەیان خۆی بابەتێکی

سەربەخۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی هەردوو دیواندا، چونکە لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو دوو دیوانە و ئەو چەند دیوانەی دی کە لەو زەمەنە(چل و دوو ساڵ بەر لە ئێستا)نووسراون، دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە تەکنیك و زمان و شێوازی شیعردا کراون دەستنیشان بکەین لە لایەك و قسەش لەسەر ئەو شیعرانە بکەین کە زەمەن ناتوانێ جوانییەکانییان لێ بسەنێتەوە لە لایەکی دی، پەرۆشی شاعیر لە (پێشەکی ناسنامەی با)دا دەڵێ: یەکێ لە ڕەگەزە گرنگ و زیندووەکانی ئەدەب و هونەری ڕەسەن ئەوەیە کە هەم ئەدگاری زێد و زەمانی خۆیان بە ڕوخسارەوە دیار بێ و هەم توانای ئەوەشیان هەبێ کە بتوانن بێ پاسپۆرت بە سنووری دونیای سەردەمەکانی دواتر گوزەر بکەن، بێگومان ئەم ڕەهەندە ڕەها و خەسڵەتە زیندوانەیش لە ڕۆحی ئەدەب و هونەرێکدا بەرجەستە دەبن کە هەر لە ئەزلدا بە کاملی خوڵقابن.. لە خوێندنەوەی مندا گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە لەو دوو دیوانەدا کۆمەڵێ شیعری ئاوای تێدایە کە هەست دەکەی ئێستا نووسراون و بۆ سبەینێش هەر گونجاون و دەمێننەوە، وەك کە لەو نمونانە دیار دەکەون:

**دڵ مەیخانەییێکە ژن**

**بادە و ساقی و سەلوایەتی**

**دڵ بتخانەییێکە ژن**

**بت و میحراب و خوایەتی.**

(ناسنامەی با-1971)

⋆

**من دێم، نەڕۆی**

**دەمم دەنێم بە دەنگتا و دەتخۆمەوە**

**دەمت بنێ بە ڕەنگما و هەڵمبدە**

**دەمم دەنێم بە جەرگتا و نۆشت دەکەم**

**دەمت بنێ بە کەللەما، مەستی خۆشە.**

(شەوانی تەنیایی-1974)

⋆

**ئەمشەو کە شەوی یەڵدایە**

**ئاسمان شانۆی عەشق و باران و سەمایە**

**شیعر بادەی سەرخۆش بوونی شەوی وایە**

**شیعر بڵێ، شیعر ڕەمزی کەون و خوایە.**

(شەوانی تەنیایی 1973)

لەو دوو دیوانە چەندین نمونەی لەو جۆرەی تێدایە کە بە بۆچوونی من پێویستی بە خوێندنەوەی جددی هەیە، بۆ دەستنیشان کردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی بە گشتی و لە هەولێریش بە تایبەتی، بێگومان ئەوە شان بە شانی خوێندنەوەی شیعرەکان و کاریگەرییەکانی ئەو شاعیرانەی لە شەستەکان و حەفتاکان دەستیان بە نووسینی شیعر کردوە وەك: عەبدوڵلا پەشێو و عەبدولخالق سەرسام و سامی شۆڕش و جەوهەر کرمانج و فەرید زامدار و ..تاد

ئەوەی لەو وتارەمدا دەمەوێ بە کورتی و خێرایی ئاماژەی پێ بکەم و مەبەستی ئەو خوێندنەوەی منە گەڕانە بە دوای زەمەنی دووەم، کە زەمەنی ناوەوەی شیعرەکانی هەردوو دیوانی (شەوانی تەنیایی) و (ناسنامەی با)ی سەعدوڵلا پەرۆشی شاعیرن..

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بەشی زۆری شیعرەکانی نێو ئەو دوو دیوانە ئەوەیە کە دەستپێکی شیعرەکان بە باسکردن و دیاریکردنی زەمەن دەست پێ دەکەن، واتە دەروازەی شیعرەکان بریتین لە وێنەی فەزای زەمەن، بە دیوێکی دی دەستپێکی شیعرەکان زەمەنێکمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە لەوێوەوە بچینە ناو فەزای شیعرەکە، لێرەدا بەشێك لە ناونیشانی شیعرەکان و رستەی دەستپێکی شیعرەکان بە نمونە دەهێنمەوە:

(وڕێنەی دەم تای عاشقێك.. زستانێکی ساردو سڕە)، (شەوی خامۆش.. ئەمشەو من پەنجەرەی شیعرم داخستوە)، (ماڵ ئاوایی..ئەمشەو چرامە و ڕەشەبامە)، (مەرگ و خولیای عەشق..ئەمشەو نۆرە گەشتی کێ یە؟)، (تاسە.. دەزانی کەی زانیم خەمت بۆتە ڕووبارێك و)، (شیعرە گریان..جاران کە چیرۆکی کۆچم نەبیستبوو)، (باران.. نەکەی لەم ساردە شەوەدا دەرگای خۆتم لێ دابخەی)، (ژوان.. گیانە میلی سەعاتەکەم گەیشت بە حەوت)، (فەرامۆشیی.. من لە مێژە)، (دوو خۆزگە.. من ئێواران)، (گوند.. من ئێواران)، (بۆ ئەستێرە بێدارەکان..ئەستێرەکان، ئەی ئەو ئەستێرانەی شەوان)، (ئەفسانەی بەفر.. شەو بوو)، (سۆز لە پایزە شەودا.. من لەو پایزە شەوانەی)، (گوڵە شەوبۆکانی شیعر.. ئەمشەو ئەستێرەیێ کشا)، (فەرزەندەی ئەزەل.. بابە بۆچی سپێدان زوو هەر کە گزنگ چاو هەڵدێنن)، (نامۆیی پایزە شەو.. ئەمشەو هێندە پەرێشانم)..وەك دیارە لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی ناو هەر دوو دیواندا دەستپێك بە دیاریکردنی زەمەن دەستپێکراوە، لەوەش وردتر ئەوەیە کە زیاتر لە سێ بەشی ڕستەکانی دەستپێك زەمەن تێیاندا (شەو)ە..ئەمە جگە لەوەی کە لە ناو شیعرەکاندا نزیکەی زیاتر لە سێ بەش زەمەن تێیاندا شەوە:

(شەو درەنگە شاری دەروونم تاریك و بێ گزنگە)، (ئەمشەو کە شەوی یەڵدایە)،(ئای کە ئەمشەو چەند بینایی شیعرم کزە)،(کێ دێ ئەمشەو کاروانی خۆی بە رێ بخا)، ئەگەر گەڕانێکی ورد بە نێو هەردوو دیواندا بکەین بە دەیان و دەیان رستەی لەو شێوانەمان دەست دەکەوێ کە زەمەنی ناوەوەی شیعرەکان شەون.

ئاشکرایە کە شەو لە ئەدەبیاتی دنیادا و بە تایبەتی لە کلاسیکدا زۆر بە کار هاتووە و لێکۆڵینەوەی زۆریشی لەسەر کراوە، پەیوەندی شەو و شاعیر بە شێوەیەکی گشتی بریتیی بووە لە پەیوەندییێکی پڕ لە سۆز کە شاعیر هەستەکانی خۆی بە هۆی بوونەکانی ناو ئەو زەمەنە دەربڕیوە، لای پەرۆشی شاعیر شەو بۆ گوزارشت کردن بووە لە حاڵەتەکانی خۆی، لە هەموو ئەو شوێنانەی کە زەمەن شەوە، شیعر، شاعیری نووسیوەتەوە، بە مانایەکی دی شیعر بۆ شەو نەنووسراوە وەك قۆناغێکی زەمەنی بەڵکو کراوەتە رێگایەك بۆ گەیشتن بە ئاکامێك کە نووسینەوەی حاڵەتەکانی شاعیرە لەو زەمەنەدا، بە شێوەیەکیدی شەو، تەوەری بزواندنی نووسینەوەی ژیانی شاعیرە و وێنەیەکی بەرچاوی هەموو لایەنەکانی ژیان و ناوەوەی شاعیرمان دەداتێ..

(ئەمشەو هێندە پەرێشانم، نە مەی پەنای رۆحم دەدا و نە یادی تۆش)،(من لەو شەوانەدا، لەو ساتە ماتەم و درەنگ

ڕەوانەدا، خەمەکانم دەبن بە پۆلە مەلێکی وردیلانە)،(ئای کە ئەمشەو چەندە دەروونم هەراسانی دەستی خەمە)، (ئەمشەو هێندە نیگەرانم نە مەی دادی کەللەمم دەداو ..)، وەك دیارە لە چەندین شوێندا شەو سیمبۆلی پەناگەیە بۆ دڵدانەوە و ڕەواندنەوەی خەم و ئازار و ..تاد

ئاشکرایە کە هێندە دووبارە بوونەوەی شەو لە شیعردا لای پەرۆش پەیوەندی بە کاریگەریی شیعرەکانی بەر لە خۆیەتی کە وەك گوتم: لە ئەدەبیاتی دنیادا یەکجار زۆر باسکراوە و لە ئەدەبیات و شیعری کوردیش بە هەمان شێوە، حاڵەتی دووەمیش پەیوەندی بەو جیهانە هەیە کە پەرۆشی شاعیر تێیدا ژیاوە، وەك ڕۆشنە کە ژیانی ئەو کاتەی ئەو نەوەیە لە ژێر کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ..تاد گوزەراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چەندین پەرەگرافدا هەوڵدراوە شەو بکرێتە زەمینەیەك کە تێیدا سەفا و سەما و جوانییەکانی تێدا مومارەسە بکرێ:

من شەوی وا

چەتر لە ڕووی تنۆکە باران هەڵنادەم

سنگمی بۆ دەکەمەوە تەڕم بکا

دەزانم بۆنی پەرچەمی کیژۆڵانە

دەڕژێنە ناو هەناسەی شاعیرانەوە.

★

**دڵم ئەستێرەیەکە سوور**

**تا شەو مابێ داناچۆڕێ**

★

**خوا خوام بوو شەو بەسەر نەچێ و**

**خۆر هەڵنەیێ و بەشم لە شەوبەرات نەخوا**

**تا رۆحم تێر دەبێ لە بۆی عەتری عیشق و**

**لە نەشئەی پێکی پیرۆزی پەنهانی خوا.**

ئەمەو چەندین نمونەی دی لە هەردوو دیواندا کە شەو لە هەردوو رووددا بەکار هاتووە.

لایەنێکی دی لەو دوو دیوانە کە سەرنجی راکێشام بریتییە لە خوێندنەوە و بۆچوونی شاعیر بۆ شیعر لەناو شیعردا، ئاسانتر ئەوەیە کە بڵێین: شیعر چییە لای پەرۆشی شاعیر لە چوارچێوەی شیعرەکانی ئەو دوو دیوانە؟

**بابە گوایە**

**تەنیا شیعر لەم دونیایە**

**بە ناشرین ناتەبا و**

**بە جوانی ئاشنایە**

**بابە بۆچی شیعر خوایە!؟**

لە چەندین پەرەگرافی نێو هەر دوو دیوانی(شەوانی تەنیایی و ناسنامەی با)دا، شیعر لەو ئاستەدا تەماشاکراوە، تەقدیسکردنی شیعر تا ئاستی رەها، تایمەندییەکی ئەو زەمەنەی بۆچوونی

پەرۆشی شاعیرە سەبارەت بە شیعر و دنیای شیعر، لە پاڵ ئەو شوبهاندنە بە رەها، کۆمەڵێك خاسییەت دراوەتە شیعر کە تا ئەوپەڕی خاسیەت و تایبەتمەندی جوانن، (شیعر بالأی خەونی سەوزت بۆ هەڵدەنێ، شیعر بۆ دونیای جارانی عەشق و پاکیت دەباتەوە)..(شیعر ئارام گیرت دەکا، تۆ ئەی قژ تەلی کەمانجە دەرگای شیعر بکەرەوە، شیعر دونیاییێکی گەورە و خەم رەوێنە)..(بادەی شیعرێکی خەست هەڵدە، مۆرفینێکی شیعر لێدە، ئەگەر چاوت ئارامی فرمێسکی گەرمی گریەی کەمانجە ناگرێ)..(بەلأم کۆرپەم من دڵنیام کەوا شیعر، وەك پاراسایکۆ وەك سیحر، تەقسی نێوان بە ئاگایی و خەون بینینە، بەڵێ لە پاڵ چوار وەرزی ساڵ، شیعر وەرزی پێنجەمینە) ئەوە جگە لە چەندین کۆپلە و پەرەگرافیتردا بە هەمان ئاستی پڕ لە عیشق بۆ شیعر، شیعر بە (چوونە دەرەوە-مخرج)ێك دەزانێت لە فەزاییێکی خەفتئامێز بۆ جیهانێك کە تێیدا شیعر دەبێتە پەناگەو ئارامی بە رۆح دەبەخشێ، لە شیعری (شیعر)دا شیعر دەکا بە رووبار و شیعر دەکا بە وڵات و شیعر دەکا بە چیا و شیعر دەکا بە کۆتر و درەخت و پایتەخت، تا دەگاتە ئاستێك کە دەڵێ: من دەمەوێ
شیعر بکەم بە زمانی خوا.

یا کەدەڵێ:

**شیعر بادەی سەرخۆش بوونی شەوی وایە**
**شیعر بڵێ، شیعر ڕەمزی کەون و خوایە.**

قسە کردن لەسەر شەو و شیعر لەو دوو دیوانەدا زۆر زیاتر هەڵدەگرێ، ئەمە جگە لە چەندین تێمەی جیاتری وەك تەکنیك و شیعرییەت و فەرهەنگ و بابەت و..تاد، هەروەها خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە تەوەرێکی دی گرینگ  کە ئەویش پەیوەندی بەو پەیوەندییەوە هەیە کە لەنێوان (دەربڕینی خەم لە ڕێگای شیعردا) لەو قۆناغەی کە ئەو شیعرانەی تێدا نووسراوە هەیە، بە واتایەکیدی لە قۆناغێکدا (کە تا ئێستایش ئەو کاریگەرییە ماوە) بە شێوەیەکی باو و دیار و بەرچاو شیعر کراوەتە وەسیلەیەك بۆ دەربڕینی (ئێش و ئازار و خەم و گریان..تاد) کە بە بۆچوونی من شیعر لە توانای دایە زۆر شتی دی هەڵگرێ و کۆمەڵێك شتی دی پێ بگوترێ جیاو دووریش لە(ئێش و ئازار و خەم و گریان).

بە کورتی من پێم وایە شیعری کوردی پێویستی بە خوێندنەوە هەیە، بۆ دەستنیشان کردن و لێك جیاکردنەوە و پۆلێن کردنی شیعری داهێنەرانە لەگەڵ ئەو شیعرانەی کە دێن و زوو دەمرن، بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەك دوای خۆیان جێبێڵن، دەرئەنجامی خوێندنەوەم بۆ هەردوو دیوانی (شەوانی

**تەنیایی و ناسنامەی با)ی پەرۆشی شاعیر گەیشتمە ئەوەی کە بڵێم: شیعرەکانی قۆناغ و زەمەنی نووسینی ئەو دوو دیوانە پێویستیان بە خوێندنەوەی هەمە لایەن و فراوانە، بۆ ئەوەی لەو بۆچوونە رەمەکیانە رزگارمان بێ کە بێ خوێندنەوە و تێگەیشتن، ئێکس بەسەر لایەنە هەر گرینگەکانی مێژووی شیعری قۆناغە لێکجیاکاندا دەهێنن،**

**سەرچاوەکان:**


–شەوانی تەنیایی/ سەعدوڵلا پەرۆش، چاپی دووەم 2010چاپخانەی کاروان

–ناسنامەی با/ سەعدوڵلا پەرۆش،2003 چاپخانەی رۆشنبیری/هەولێر

http://www.khammar-abdellah.art.dz/lire/livres/Le%20Temps.htm

/http://andaliby.maktoobblog.com/1455516

# شیعری (نانۆ–Nano)،

# لای هاشم سەڕاج



نانۆ(Nano) له ڕەگ و ڕیشەدا وشەیەکی گریکییە، بە مانای (قزم_کورته بالاّ) هاتووه، زاراوەی نانۆ بە مانای بەشێك له ملیار بەش دێت.. دوا بە دوای کیلۆمەتر و مەتر و سانتیمەتر و ملیمەتر، یەکەیەکی پێوانەیی بۆ پێوانه کردنی شته بچووکەکان، (دوای دۆزینەوەی ئامێری گەورەکەر=زەڕەبین) بەکارهێنرا که ئەویش (مایکرۆمەتر)بوو، لەگەڵ دۆزینەوەی نوێ که پێوانەیان زۆر له مایکرۆمەتر بچووکتربوو، یەکەیەکیتری پێوانەیی داهێنرا بەناوی (نانۆمەتر) که (یەك مەتر بەرانبەر 1000000000یەك ملیار نانۆمەترە)، بەلاّم تەکنیکی نانۆ: زانستێکه گرینگی بە مادەکان دەدات لەسەر ئاستی بەشە بچووکەکان و ئەتۆمەکان، یەکێ لەو لایەنانەی که ئەو زانسته لێی دەکۆڵێتەوە بریتییه له هەوڵدان بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ درووستکردنەوەی ماده بە شێوەیەکی دی، بۆ نموونه: ئەگەر زێڕمان هەڵوەشاندەوە بۆ ئاستی نانۆ ئەوە خاسییەتە دیارەکانی خۆی له دەست دەدات، ئەگەر پارچەیەك زێر بۆ (100) نانۆمەتر هەڵبوەشێنینەوە ڕەنگه زەردەکەی دەگۆڕێت بۆ پرتەقاڵی و ئەگەر بۆ (50) نانۆمەتر بچووکی بکەینەوە ئەوا ڕەنگەکەی دەبێتە سەوز، ئەگەر هێشتا وردتری بکەین، ئەوە گۆڕانی زیاتری بەسەر دادێ، لێرەوە زاناکان هەوڵدەدەن مادەیەکی باشتر له زێڕ، لەو ورده مادانه درووست بکەن، ئەمه جگه لەوەی که زانستی

پزیشكی پشكی سەرەكی بەركەوتووە لەو دۆزینەوەیەدا و زانایانی ئەو بوارە دەیانەوێ لەو رێگەیەوە چارەسەری ئەو جۆرە نەخۆشییانە بدۆزنەوە كە تا ئێستا مرۆڤایەتی نەیدۆزیتەوە.. لەوەش زیاتر زاناكان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی كە چاخی ئێستامان بە سەدەی نانۆ دەناسرێت، چونكە لە تەواوی بوارەكانی ژیاندا كاریگەریی خۆی دەبێ.

وەك دیارە ئەو زاراوەیە لە زانستەوە هاتۆتە نێو شیعر و لەو دواییانە ستایلێكی شیعری هاتۆتە ئاراوە كە بە شیعری نانۆ دەناسرێت و (هاشم سەڕاج)ی شاعیریش لەناو شیعری كوردیدا بەر لەهەر شاعیرێكیدی چەند ئەزموونێكی لە ژێر ئەو (تایتلە- شیعری نانۆ) و بە هەمان خاسییەتەكانی ئەو ستایلە شیعرییە بڵاوكردۆتەوە.

لە مێژووی شیعردا چەندین رێبازی شیعری بوونی هەیە، كە دواجار بەرهەمی زۆر لە شاعیران پۆلێن دەكرێن و بە هۆی خاسییەتە هاوبەشەكانیانەوە یا بەشێك لە خاسییەتە هاوبەشەكانییانەوە دەیانخەنە نێو چوارچێوەی رێبازێكی ئەدەبی، بە پێچەوانەشەوە بەرهەمی شاعیرانێك هەن كە هەموو رێبازە شیعرییەكان بە هی خۆیانیان دەزانن و هەوڵدەدەن ئەو خاسییەتانەیان لێ هەڵكڕێنن كە ئەوان لە رێبازەكەی خۆیان پەیڕەوی لێ دەكەن، وەك ((رامبۆ 1854 -

1891)) کە شیعرەکانی دەخەنە ناو چوارچێوەی ڕێبازەکانی ڕەمزی و پەرناسی وئیمپرێسیۆنیستی  و سوریالی و ..تاد

یەکەمین تایبەتمەندی تەکنیکی کە شیعری نانۆ لە زاراوەی (نانۆی زانستییەوە) وەریگرتووە، دابەشکردنی شیعرە بۆ پارچەی بچووك بچووك، کە بە قسەی شاعیری عێراقی (ئەسعەد ئەلجبوری) نابێ هەر بەشێك لە (5) وشە زیاتر بێ و ئەو شێوازە، کورتترین شێوازی شیعرنووسینە لە مێژووی شیعردا، ئەگەرچی ئەو تایبەتمەندییە تەکنیکییە لە شیعردا، بەر لە دەرکەوتنی شیعری نانۆ و لە دەرەوەی ئەو ڕێبازە لەناو شیعری جیهانی و شیعری کوردیشدا بوونی هەیە، بۆ نمونە لە شیعری گەڵاکانی سەرشۆستەی (دڵشاد عەبدوڵڵا) کۆمەڵێك نمونەی لەو جۆرە بەرچاو دەکەوێ:

(ئێوارە چاوێکە دوای تەماشاکردنێکی دوور دەنوێ.. ڕاڤە بەرد ڕاڤە بکەی نابێتە شاخ.. گەورەبوون لە دڵۆپێکەوە بڕۆی دەگەیتە دەریا..بازنە خاڵ دوورترین دیمەنی بازنەیە..)

نمونەی لەو ستایلە لە کورتبڕی کە (بەشێك لە هەموو) نەگاتە (5) وشە لای (جەلال بەرزنجی) شاعیر لە شیعری (لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ زێد) بەو شێوەیە:(مرۆڤایەتی ناوی نهێنی خوداوەندە..ڕووبار هەمیشە لەشی نەرمترمان پێ دەدات..زەریا لە تەنیاییدا وا شێت دەبێت..کات هێشتا لە سەرت وەستاوە)..ئەمە جگە لەو خاسیەتی کورتبڕییە

خاسیەتێکیتریش لەو چەند نمونەیدا هەن کە هەڵگری خاسیەتێکیتری شیعری نانۆن ئەویش پێناسەکردنی شتەکانن، وەك دیارە لە هەردوو شیعری(گەڵاکانی سەرشۆستە و لە رێگای گەڕانەوەم بۆ زێد)دا پێناسەی ئەو وشانەکراون:(ئێوارە، راڤە، گەورەبوون، بازنە، مرۆڤایەتی، زەریا، رووبار، کات..تاد).. بەڵام ئەوەی کە شیعری نانۆی هاشم سەڕاج لەو دوو شیعرە جیادەکاتەوە بریتییە لەوەی کە:

1-وەك پرۆژەیەکی تەواو بە هەموو خاسیەتەکانی نانۆ لە هەموو پارچەکاندا ئەو شیعرەی بڵاو کردۆتەوە، بە دیوێکیدی ئەو بە ئاگادارییەوە لەو رێبازە ئەو کارەی کردوە و پەیڕەوی لەو رێبازە کردووە..

2- شیعرەکەی لە ژێر ئەو ناونیشانەدا بڵاوکردۆتەوە (شیعری نانۆ) کە دەیسەلمێنێ ئەو شیعرە سەر بەو رێبازە شیعرییەوەیە.. بە پێچەوانەوە لە هەردوو شیعری (گەڵاکانی سەرشۆستە و لە رێگای گەڕانەوەم بۆ زێد)دا هەموو بڕگەکان هەڵگری هەموو خاسیەت و تایمەتمەندییەکانی شیعری نانۆ نین و لە ژێر ئەو تایتلە (شیعری نانۆ) بڵاو نەکراونەتەوە و نەیانخستۆتە چوارچێوەی رێبازێکی شیعری دیاریکراو.

(شیعری نانۆ)ی هاشم سەڕاجی شاعیر کە لە ژمارە(1296)-2012/03/31ی رۆژنامەی هەولێر بڵاوکراوەتەوە، شیعرێکی

دابەشكراوە بەسەر پارچەی بچووك بچووك كە درێژترین پارچەی شەش وشەیە:

(گەرماو شوێنگەی فەنتازیای كەف و خرۆشان و یوریایە..لالأنەوە نزایەكی سپییە چەشنی نەورەس باڵدەگرێ..)

لە پارچە بچووكەكانیدی كە بە هەموویان (65) بەش یا پەرەگرافی كورتن، بەشەكان لە (5) وشە تێپەڕ ناكەن بۆ دروستكردنی پارچەیەكی شیعری..دووەم تایبەتمەندی لە شیعری نانۆ لای هاشم سەڕاج كە پەیوەست بێ بە داهێنانە زانستییەكەی نانۆ و شیعر، بریتییە لە، لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی مادەكان و سەر لە نوێ دروستكردنەوەیان بە شێوازێكیتر و داهێنانی شتێكیتر كە دوورە لە پێناسەی زانستی وشەكان و بەرەو شیعر بردراون،(خۆڵ، قاوەی چایخانەی گەردوونە..كۆمپیوتەر پەلكەزێڕینەی ئاسۆی وەرزێكی ئەلكترۆنییە.. تاد) بێگومان لە هەر (65) پارچەدا دوو پارچەیان لای هاشم سەڕاج ناكەونە خانەی پێناسەكردن،(وەرە بە یەكەوە لە خلتەی زماندا نیشتەجێبین...ئەمڕۆ پێلاوم بە جوانترین كراسم سڕییەوە) ئەوانیدی هەموویان بریتین لە پێناسەی ئەو وشانە: ( ژیان، زۆپا، چەقۆ، مەرگ، كەوچك، جیهان، گەردوون، شەرم، گەرماو، ئیرۆتیك، ترس، كات، مرۆڤ، سەماوەر، بێدەنگیی، جوانیی،

هزر، هەڵچوون، گریان.. تاد)..وەك دیارە پێناسەکردن تایبەتمەندییێکی دیاری ئەو ڕێبازەیە لە شیعری نانۆ لای سەڕاجی شاعیر، دیارە ئەو تایبەتمەندییە لە شیعری نانۆی عەرەبی و لای شاعیرە عەرەبەکانیش بوونی هەیە، چەند نمونەیەك لە شیعری نانۆی عەرەبی کە بریتین لە پێناسەکردنی شتەکان: (عەنکەبوت بێ مۆڵەت ماڵی لە گۆشەیەکی ژوورەکەم چێدەکا... ڕێگاکان، ڕێگا کورتە لەبەردەمم، درێژە لەبەردەم مێروولەدا- سەمەر عەبدولجابر)، (برووسك ئازادم دەکا لە ترسەکانم..ریاز عەبدولواحد)، (خەوتن گۆڕێکی کراوەیە..لەبیرکردن یادگەیەکە لە دەرەوەی بازنە..رئبال الجبوری).

تایبەتمەندییەکیدی کە جێی سەرنجە لەو شیعرەدا، هەوڵدراوە هەندێ وشە بەکار بهێنرێ و پێناسەی نوێتر و جیاتری پێ بدرێ و بەرەو شیعرییەت ببردرێ کە باو نین لە شیعردا، ئەگەر بێت و لەنێوان باو و باو نەبوونی پێناسەکان پۆلێنێك بکەین ئەوا دەتوانین بەسەر دوو گروپ یا زیاتر دابەشییان بکەین:

گروپی یەکەم (باو).. مەبەست لە باو لێرەدا تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە زۆرجار ئەو وشانە لە شیعردا پێناسە کراون و بەرەو شیعر و شیعرییەت براون، بەلام بێگومان چۆنییەتی پێناسەکان لە یەکێك بۆ یەکێکیدی گۆڕاوە و دەشگۆڕێ، زۆر

جار دەشێ دنیایەکیدی بۆ پێناسەکردنی (جوانیی) بە نمونە، لە شاعیرێکی نوێ بخوێنینەوە کە هەرگیز لە رابردوودا کە بە هەزاران جار باسیکراوە بەو شێوەیە نەبووبێ.. لێرەدا مەبەست لەو پۆلێن کردنە زیاتر پەیوەندی بە زۆر باسکردنی ئەو وشانە و کەمتر باسکردیانەوە هەیە لە شیعر: (ژیان/ مەرگ/ گەردوون/ جیهان/ ترس/ مرۆڤ/ جوانیی/ مەرگ/ تەمەن/ ماچ/ بوون/ جوانیی/ رۆح/ شیعر/ گریان/ ئاگر/ بیابان/ چیا/ بەفر.. تاد)، مەبەست لە بەشەکەیدی کە بە ناباو ناوم برد، ئەویش بەو مانایە نییە کە هەرگیز بەکار نەهاتبن، بەلاّم لەو شیعرەدا زۆر زیاتر بەرچاو دەکەون و جۆرە رۆحیەتێکیدیان داوەتە ئەتمۆسفێری ئەو شیعرە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا ئاسایی وەریناگرێ و بەشێوەیەکی جیاتر لە گروپی یەکەم هەڵوەستەی لەسەر دەکات و رووبەڕووی پرسیاری دەکات، وەك وشەکانی: (زۆپا/ چەقۆ/ کەوچك/ گەرماو/ سەماوەر/ کۆمپیوتەر/ فڕۆکە/ شخارتە/ تەپڵ/ کەڵەشێر/ قاز..تاد).. من وایدەبینم تێکەڵکردنی ئەو دوو گرووپە وشەیە بۆ راگرتنی بەلاّنسی شیعرەکەیە لەنێوان سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئەو وشانەی کە زۆر پێناسەکراون، لەگەڵ ئەو وشانەی کە کەمتر لە لایەن شاعیرانەوە هەوڵی بردنیان بەرەو شیعرییەت دراوە، بێگومان ئەگەر تەنیا پێناسەی گروپی یەکەمی وشەکان کرابووا کە ئەو

وشانەن زیاتر لە ئەدەبیاتدا باسكراون یا گروپی دووەم كە كەمتر باسكراون شیعرەكە بەو شێوەی ئێستا نەدەبوو، ئەو كات خوێنەر شێوە خوێندنەوەیەكی جیاتری دەبوو لەوەی ئێستا.. وەك ئەو نمونەیەی(عبد ربه محمد سالم اسلیم) كە زۆر بە زەقی بەشەكانی كۆمپیوتەری لە شیعری نانۆ بەكار هێناوە كە دواجار بە بۆچوونی من لە ئێستاتیكا و شیعرییەتی شیعری نانۆی كەمكردۆتەوە:Enter لە رێڕەوەكانی عەشقدا دەپەڕمەوە...Delete دەردەچم...Home رەنگێكی بێ لایەن... Del قەڵەمێكی كۆچكردوو...End هەڵاتنی باهۆز.. Back Spaceئاوابوونی خۆر...+ بایەكی رووت.. Scroll Lockلە بنەوەدا غوربەت دەهاڕم..تاد).. وەك ئاماژەم پێ كرد لە شیعری نانۆی هاشم سەڕاجدا ئەو بەڵانسە راگیراوە و وەرگر شیعر دەخوێنێتەوە.

ئەنجام:

ئەو جۆرە ستایلە بەر لە دەركەوتنی شیعری نانۆ بوونی هەبووە لە شیعردا.

زاراوەی نانۆ لە زانستەوە هاتۆتە ناو شیعر، ئێستا وەك رێبازێكی شیعری لە لایەن شاعیرانەوە پەیڕەوی لێ دەكرێ.

لە شیعری كوردیدا، هاشم سەڕاجی شاعیر بەر لە هەر شاعیرێكیدی ئەو ستایلەی لە ژێر ناونیشانی شیعری نانۆ بە پەیڕەوكردنی خاسیەتەكانی ئەو شێوازە، ئەزموون كردووە.

ئەوستایلە لە شیعردا کورتترین شێوازی شیعرە، کە کورتبڕی مەرجێکە بۆ ئەوەی ببێتە شیعری نانۆ.

شیعرێکی بەش بەش کراوە.

لای هاشم سەڕاج پێناسە کردنی وشەکان لە کورتترین هەناسەدا دیارترین خاسییەتی شیعری نانۆیە.

هەوڵیداوە ئەو وشانەی کە لە شیعردا زۆر بە کار نەهاتوون بەرەو شیعریەت و شیعریان ببا.

لەنێوان ئەو وشانەی کە زیاتر بەکارهاتوون و (ئەزەلین وەك ژیان و مردن و جوانیی و عیشق و تاد) لە شیعردا لەگەڵ ئەو وشانەی کەمتر بەکار هاتوون بەلأنسێکی راگرتووە، کە ئەوەشیان شیعرەکەی نەگەیاندۆتە نامەئلوفیەتێکی زێدەڕۆ.

لەو وتارەدا زیاتر باسم لە دەرکەوتنی ئەو رێبازە و لایەنی تەکنیکی کردووە، شیعرییەت و ئاستی شیعرەکە لە رووی شیعریەت و جیهانبینی و ...تاد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و فراوان هەیە، هیوادارم کەسانی پسپۆر لەو بوارەدا کاری لەسەر بکەن.

## سەرچاوەکان:

-رۆژنامەی هەولێر، ژمارە: (1296)..2012/03/31 شیعری نانۆ/هاشم سەڕاج.

http://uqu.edu.sa/page/ar/40325-

http://www.alimbaratur.com -

- (کۆشیعری 2 ) دڵشاد عەبدوڵلا، دەزگای ئاراس 2010

-هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان، جەلال بەرزنجی، دەزگای ئاراس،2009

http://www.jehat.com/Jehaat/ar/DaftarAfkar/19-2-12--
a.htm

-قصائد النانو نصوص بين خط المعجمي وخط النحو .. عبدالمطلب عبدالله

# کارەکتەری سەرەکی نێو شیعرەکانی

# (کۆشیعری 2)ی

# دڵشاد عەبدوڵڵا



دڵشاد عەبدوڵڵا

هۆمیرۆس لە _ ئەلیازە_ دا، (1200 ساڵ پ.ز، یا لە هەندێ سەرچاوەیتر 900ساڵ پ.ز) گەمارۆدانی شاری تەروادە بە شیعر دەگێڕێتەوە، لەو داستانە شیعرییەدا، شاعیر باس لە 51 رۆژی دوایی ساڵی دەیەمی گەمارۆدانی تەروادە لە لایەن گریکەوە دەکا.

هۆمیرۆس (هەندێجار گومان لە بوونی کراوە) بۆ درووستکردنی ئەو داستانە شیعرییە و گێڕانەوە شیعرییەکەی چەند کارەکتەرێکی سەرەکیی بەکارهێناوە کە ئەوانیش بریتین لە هێلینی ژنی مینلاوس، پاریسی کوڕی بریام و ئەخیل و هیکتۆر و ئەجامۆن، لە پاڵ ئەوانەیش ئۆدیسیۆس و ئەفرۆدیت و زیۆس و هیراو ..تاد بەکاربردووە.

کەوابێ تەکنیکی ستایلی نووسینی شیعر لای هۆمیرۆس، بەشێکی تەوزیفکردنی سیمبۆلە میتۆلۆژییەکان بووە لەو داستانە شیعرییەدا، بە دیوێکیدی بۆ ئەوەی شەڕ و ئیرۆتیکی مرۆڤەکان بە شیعر بگێڕێتەوە پێویستی بە کارەکتەرو کەسایەتیتری میتۆلۆژی هەبووە کە خوداوەندەکانن..

ئەو ستایلە، کە لەشیعردا پەنابردرێتە بەر کەسایەتی مێژوویی یا میتۆلۆژی لە ئەلیازە بە تەواوی دیارە و بە کاریگەریی ئەو بەرهەمەش دواتر هەمان ستایل لای ڤێرجیل بە لاتینی و دانتێ بە ئیتاڵی و جون میلتۆز بە ئینگلیزی بە چیرۆکیتر دووبارە دەبێتەوە.

ئیدی لەوێوە تا بە ئێستا دەگا، ئەو ستایلە ئامادەییێکی بەردەوام و تەواوی لای هەموو شاعیرانی دنیا لە هەموو قۆناغە جیاکاندا هەبووە و دەشمێنێ، بەڵام ئەوەی کە لەو رووەدا شێوازی شاعیران لە یەکتر جیادەکاتەوە، چۆنییەتی و چەندییەتی پەنابردنە بەر کەسایەتیە مێژوویی یا میتۆلۆژیاکانە..

هەندێ ناو هەن لەبەر چەندیەتی بەکارهێنانی سیمبۆلە میتۆلۆژی و مێژوویەکان لەو بوارەدا ناوبانگیان دەرکردووە لەوانە: ئیلیۆت، شیللی، کیتس و.. تاد

ئەو هێڵە مێژووییەی کە لە هۆمیرۆسەوە درێژ دەبێتەوە هەر لە بازنەی ئەورووپا ناخولێتەوەو کاریگەرییەکانی بەسەر شیعری خۆرهەڵاتیش هەبووە، هەندێجار کاریگەربوون بەو ستایلە سنووری تێکستی تێپەڕاندوەو کاریگەری بەسەر ژیانی شاعیریشدا هەبووە، وەك ئەوەی کە لای شاعیری ناوداری عەرەب، عەلی ئەحمەد سەعید روودەدا و نازناوی دەکاتە (ئەدۆنیس).

لە عێراقدا بە گوێرەی چەند توێژینەوەیەك بەدر شاکر سەیاب بە یەکەم کەسەکان دادەنرێ لەو بوارە، کە رموزە ئەفسانەییەکانی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، لەوێشەوە لە دوای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، وردە وردە ئەو ستایلە لە

شیعری کوردیش بە هۆی کاریگەریی شیعری ئەورووپی و شیعری زمانانی دراوسێ زیاتر دەبێ و تا بە ئەمڕۆ دەگا.
چەندییەتی و چۆنییەتی ئەو کاریگەرییە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێك دەگۆڕێ، هەندێجار کاریگەرییەکە لای شاعیرێك تەنیا گەیشتۆتە ئەوەی هەندێ ناوی وەك (ڤینۆس و ئەفرۆدێت و زیۆس و یا کەسایەتییە مێژووییەکان دانتێ و بۆدلێر و ئەلێکساندەری گەورەو و نالی و ناپلیۆن و هیتلەر و مەم و زین و ..تاد) بەکاربێنێ، لای هەندێکیتر گەیشتۆتە ئەوەی بکرێتە ناونیشانی دیوان وەك: (گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس)ی هاشم سەڕاج و (ئۆدیسیۆس.... نێرە یان مێیە)ی عەباس عەبدوڵلا یوسف و( سیمرخی دڵشاد عەبدوڵلا)و..تاد
بە شێوەیەکی گشتی ستایلەکانی بەکارهێنانی سیمبۆلە میتۆلۆژی و کەسایەتییە مێژووییەکان لەو چەند خاڵە چڕدەبنەوە:
1-بەکارهێنانی سیمبۆلە ئەفسانییەکان، کە لە دابەزاندنی خوداوەندەکان و گیانلەبەرە میتۆژییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، بە دیوێکیدی گیانلبەرە ئەفسانەییەکان و خوداوەندەکان دەبنە کارەکتەری سەرەکیی و هەندێجاریش پەراوێزی، بۆ درووستکردنی داستان یا قەسیدەیەکی شیعری، ئەوان هەر لە چوارچێوەی ئەوە ناوەستن کە بە تەنیا سیمبۆلێکی تێپەڕبن

بۆ  بەخشینی چەند ئاماژەیەك، بەڵكو دەبنە بەژداربووی حەقیقی لە درووستكردنی داستان و قەسیدەی شیعری.

2-بەكارهێنانی سیمبۆلە میتۆلۆرژییەكان بە شێوەی موفرەد و وەك تەنیا ئاماژەیەك لە رستە شیعرییەكان، ئەو حاڵەتە لە شیعری زۆربەی شاعیرانی دنیا دەبینرێ و ئیلۆت نمونەی دیاری ئەو ستایلەیە.

3-بەكارهێنان و هانا بردن بۆ كەسایەتییە مێژوویەكان بە شێوەیەك كە (هەندێجار) شیعرنووسین دەگەیەنێتە ئاستی بە پرۆژەكردنی شیعر.. بۆ ئەوەی چیرۆكی شیعرەكە دابڕێژی پێویستیت بە زانینی بیۆگرافیاو ناسینی كارەكانی ئەو كەسایەتییە دەبێ، نمونەی ئەو جۆرە ئیشە (كە مەبەستی ئەو نووسینەی منە) لە شیعری كوردیدا لای دڵشاد عەبدوڵلاّ لە هەموو شاعیرانی كورد (بە گوێرەی زانیاری من) زیاترە.

4-خاسیەتی ئەو ستایلە ئەوەیە كە تێپەڕ ناوی یا سیفەتێكی دیاری كەسایەتییێكی مێژوویی دەخەیتە نێو رستەی شیعرییەوە.

5-رەنگە ئەگەر گەڕانی وردتر بكەین جۆرێك ستایلیتر بدۆزینەوە كە سیمبۆلێكی میتۆلۆژی بكەیتە كارەكتەری

سەرەکی دەق و لەچوارچێوەی تێکستەکەشدا ئاماژە بە کەسایەتی مێژوویی بکرێ یا بە پێچەوانەوە..

ئەوەی کە مەبەستی ئەو نووسینەی منە هەڵوەستەکردنە لەسەر خاڵی سێیەم لە (کۆشیعر2)ی دڵشاد عەبدڵڵا، بۆیەش شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا.. چونکە وەك ئاماژەم پێکرد هەم لە رووی چەندیەتی کارکردن و هەمیش لە رووی بە دیقەت کارکردن لەو بوارەدا لە پێش هەر هەموو شاعیرانی کوردە (بێگومان هەمدیس دووبارەی دەکەمەوە، لە چوارچێوەی ئەو زانیاریانەی کە من سەبارەت بە شیعری کوردییە هەمە).

ئەگەر گەڕانێکی ورد بە ناو تەواو یا زۆربەی دیوانەکانی (دڵشاد عەبدوڵڵا)دا بکەین، دەبینین ئەو چنینە (تەوزیفکردنی کەسایەتیی مێژوویی) پانتاییێکی بەرچاوی لە کۆی شیعرەکانی بۆخۆی قۆرخکردووە..

ئێستا هەوڵدەدەم لە رێگای هێنانەوەی نمونە زانیاری ئەوە بە دەستبێنین کە کێن و چین ئەو کەسایەتییە مێژووییانەی لە شیعرەکانیدا تەوزیفی کردوون و هەروەها هەوڵی ئەوەش دەدەم کە لە (کۆشیعری2)، دوای دەرهێنانی هەموو کارەکتەرە سەرەکیەکان بە شێوەیەکی گشتی چەند ئەنجامێك بدەم، چونکە قسەکردن لەسەر فەزای هەموو تێکستەکان کارێکی زەحمەتەو هی خوێندنەوەیەکی وەکو ئەوەی من نییە کە ئێستا دەیکەم، لە کۆی ئەو شیعرانەی کە کارەکتەری سەرەکیان

کەسایەتی مێژووین، من تەنیا هەڵوەستە لەسەر شیعری (گۆڕستانی گەورە) دەکەم و ئەوانیدیش تەنیا ناونیشانی شیعرەکە و ناوی کەسایەتییە سەرەکییەکان بە ریزبەندی شیعرەکانی ناو (کۆشیعری2) دەنووسم.

شیعری (گۆڕستانی گەورە)وەك نمونە:

(دڵدار)ی شاعیر کارەکتەری سەرەکی ئەو شیعرەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەست بە نووسینەوەی دایرێکتی بیۆگرافیای دڵدار ناکرێ لەو شیعرە، بەپێچەوانەوە شاعیر هەوڵیداوە دیدو دنیابینی خۆی لەرێگای دنیای شاعیرێکەوە دەرببڕێ.. ناونیشانی شیعرەکە (گۆڕستانی گەورە)یە، ئەو گۆڕستانە یەکێکە لە گۆڕستانەکانی شاری هەولێر و گۆڕی (دڵدار)ی شاعیریش بە تەنیش ئەو گۆڕستانەوە بووە.

وەك ئاماژەم پێکرد لە دەستپێکی شیعرەکەدا هیچ جۆرە دایرێکتییەك لە باسکردنی (داڵدار)دا بوونی نییە:

**بەو نیوەشەوە کەسیان نەنووستون**

**چرپە چرپیانە مردووەکان:**

**چ بایەك هەڵی کردووە**

**شاردوویەتییەوە لە خۆیدا؟**

**چ هەورێك داباریوە**

**کردوویەتی بە بارانی..تاد**

وەك دیارە فەزای چوونە ژوورەوەی شیعرەکە زیاتر فەزای گۆڕستانە، ئەو چوونە ژوورەوەیە زەمینەسازییەکە بۆ هێنانی قۆناغێکیتر کە ئەویش بریتییە لە تەرحکردنی جیهانبینییێکی تایبەتی شاعیر سەبارەت بە هەردوو دنیای مردوو و زیندووان:

**زیندوو چلۆن ڕێگە دەدا مردوو**

**لەسەر جێگەی ئەودا بنووێ؟**

**دۆشەکی لۆکە و**

**بالیف و لێفی**

**بۆنی ئەو بگرێ؟**

بەوشێویە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەوەی کە زەمینەکە تەواو سازبکا بۆ کەشفکردنی کارەکتەری سەرەکی شیعرەکە:

**بیبینی نایناسیەوە**

**تەواو پیربووە**

**ئاوازی کەوتووە کێشی لاربووە**

یا کە دەڵێ:

**هەر ئەمشەو میری شاعیران لێرەیە**

لێرەوە کارەکتەرەکە کەشف دەکات و پێمان دەڵێ کە کارەکتەری سەرەکی شیعرەکە دڵداری شاعیرە:

**ماڵێکی بۆ بنەخشێنن لە دارو پەردووی**

**ماڵی تووتنەوان**

**پەیکەرێکی بۆ بتاشن لە ئەی ڕەقیب**

ئەگەر شیعری گۆڕستانی گەورە وەك نمونەیەك وەرگرین بۆ باسكردنی دنیاو تەكنیكی زۆربەی شیعرەكانیتری دڵشاد عەبدوڵلا لە تەوزیفكردنی كەسایەتی مێژووییدا، ئەوە دەتوانم بڵێم: ئەو نەهاتوە بە تەنیا بیۆگرافایا یا لایەنێكی نێو بیۆگرافیای كەسایەتیەكەتە تەوزیف بكا، بەڵكو زۆربەی جار دارشتنی شاعیرانەو ئەتمۆسفێری پرۆسەی نووسین رێڕەوی تێمەی سەرەكی شیعرەكەی بە ئاراستەیەكیتر بردووە.. وەك دەبینین سەرەتا گۆڕستانی گەورە هەبوو، دواتر تەئەمول و وردبوونەوەو نیشاندانی دونیای زیندوو و مردووان لە روانگەی شاعیرەوە، ئینجا دڵدار..

كاك دڵشاد سەبارەت بە چۆنییەتی درووستبوونی بیرۆكە و فەزای تەكنیكی شیعری گۆڕستانی گەورە نووسیویەتی: (شیعر بە گەڕانەوە درووستنابێ، بە بینین و موعایشەكردن دەخولقێ، كە شیعری _ گۆڕستانی گەورە_م نووسی لە پێشەوە هەر تەنیا ئەو ناوەم لە خەیاڵدابوو، ئەو ناوە وەك ناونیشانێك بوو، منی بردە ناو مۆزەخانەیەكەوە، لەوێ بە رێكەوت دڵداری شاعیرم دی و دەیان دیمەنی سەیرو سەرسوڕهێنەری نیشاندام).

یا سەبارەت بە شیعری حەج، هەرچەندە كاك دڵشاد نووسیوویەتی (حەج بە تەرزێكیتر درووست بوو، یەكەمجار وشەی حەج! جا ئەو وشەیە لە كوێ دەهات؟ من كە بۆخۆم

هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەوە نەچووە وشەیەکی لەو چەشنە بێتە ناو شیعرەکانمەوە، کەچی لەناکاو ئەو وشەیە هات، چی لێبکەم؟ دەبێ کەسێك چووبێتە حەج؟ ئەو کەسە کێیە؟ لە کاتی نووسین دەبینم _نالی_یە بانگم دەکاو ..تاد) کەچی هەمان تەکنیك و ئەتمۆسفێرو چنین و داڕشتنی سترِاکتۆرو شێوازی شیعری گۆڕستانی گەورەیە، رەنگە (تەرزێکی جیاتر) تەنیا پەیوەندی بە وشەی (حەج)ەوە هەبێ، کە بۆچی دەبێ تەوەری سەرەکی بیرۆکەی نووسینی شیعرەکە (حەج)بێ و وشەیەکیتر نابێ کە راستەوخۆ هەڵقولاوی دنیای نالی بێ؟

لە شیعری (بەردی مانگ) دەستپێکی چوونەژوورەوە نەختێ جیادەبێ لە چوونەژوورەوەی شیعری (شەوێکی حەسناوا) کە لەوێش هەر (نالی) کارەکتەری سەرەکی شیعرەکەیە، (شەوێکی حەسناوا) بە

(تازە لە نووسینی شیعرێك ببوومەوە

دەمزانی شتێك پەڕیوە

دیمەنێك سڕاوەتەوە

وێنەیەك کەوتۆتە نێوقەدی رەشنووسەوە) دەستپێکات، ئەو دەستپێکردنە لە خودەوە بەرەو دنیای ئەویدی(نالی) دەڕوا، کەچی لە (بەردی مانگ) شێوەی پێکهاتنی گوتارەکە، موخاتەبەکردنی کارەکتەری سەرەکی دەقەکەیە کە ئەویش(سیامەند)ە:

دەتناسم وەك ناسینی مانگ لە لایەن تریفەوە
لەبیرمە
کە بە پشتی باپیرمەوە لە قفقاسەوە پەڕییەوە
خەونەکان سەر سفرەیان
پڕکردبوو لە میوەی خۆش.

لە خوێندنەوەی (بەردی مانگ)یش دەگەینە ئەوەی بڵێم: تەوزیفکردن بۆ ئاوێتە بوونە، لە ڕێگای سیامەندەوە شاعیر دیدو جیهانبینی خۆی دەنووسێتەوەو تا دوای چەندین پەرەگراف ئینجا دەگاتە سەر باسکردن و هێنانە نێو دنیای خۆی:

من و سیامەند هەریەکە و
بەشە بەیانی خۆمان دەبەینە شار
لەوێ بزری دەکەین لە باڕەکاندا
بزری دەکەین لە تەلیسمی ماڵی مەزەدار
نازانم بۆ بەو سبەینە زووە
سیامەند بۆتە لەپکەی شین بە حەواوە
لەبەرچاوی بەد بۆم بووە بە پەرژین
لەنەشئەگای ماناوە..

(بەردی مانگ) قەسیدەیەکی درێژ و گەشتێکی درێژە بەنێو جیهانی وردبوونەوەکان و ڕامانی شاعیرو خەج و سیامەندیش هاوکاری خولقاندنی ئەو سەفەرەن..

بەو سبەینە زووە بووەتە ئەستێرەو دەڕوا سیامەند
خەج لە کوێی؟

من لێرەدا بەو قەدەرە واز لە هێنانەوەی نمونە بۆ باسکردنی ئەتمۆسفێرو تەکنیکی شیعری لە تەوزیفکردنی کەسایەتییە مێژووییەکان یا ناوی تەوزیفکراو دەهێنم لە شیعرەکانی (کۆشیعری2)، چونکە بە بڕوای من ئەو تایتلە (تەوزیفکردنی کەسایەتییە مێژووییەکان لە شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵلا)دا، تایتلی لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەکادیمییە و شیاوی ئەتروحەیە.. من لێرەدا تەنیا دەستنیشانی ناونیشانی شیعرەکان و کارەکتەرە سەرەکییەکان دەکەم و دواتریش لەو ڕێگایەوە هەوڵدەدەم چەند ئەنجامێك بەدەست بێنم:

ناونیشانی شیعرەکان و ناوی تەوزیفکراو:

1-(گۆڕستانی گەورە) کارەکتەری سەرەکی تێیدا (دڵدار)ی شاعیرە.

2-(حەج)، کارەکتەرەکە (نالی)ی شاعیرە.

3-(شەوێکی حەسناوا) کارەکتەری سەرەکی (نالی)ییە

کاك دڵشاد خۆی لە کۆتایی شیعرەکە لە تێبینییەك نووسیویەتی: (حەسناوا) و (دارلئیحسان)و چەندین ڕستەو

دەستەواژەی شیعری لە قسیدەی مەستوورە وەرگیراوەو لەو شیعرەدا بەکارهێنراوە.

4-(بەردی مانگ) کارەکتەرەکە سیامەندە.

5-شیعری (یەکشەممەی سپی)، کارەکتەری سەرەکی تێیدا رۆکسانا و ئەسکەندەرن:

لەماڵی رۆکسانا دوو شتم ئێجگار لا جوانە
یەکێکیان ئینجانەیەکی هەیوانە..تاد..

6-(گۆمی پونگ) جەلال بەرزنجی.

7-(پرۆژەی نووسینەوەی دەستنووسێکی کۆن) کارەکتەرەکان بریتین لە ئەحمەدی خانی، مەم، زین..

حیکمەت لە مەم و زین چیبوو
لە پەنا تاوێری زاگرۆسدا؟
لە پێکەوە گرێدانی ئەو هەموو مردنە
بە گەردەنی کچێکەوە؟
سەردەمەکان دێن و دەڕۆن
کەچی تۆ دەمێنێیتەوە لە مەم و زیندا..
یا ئەو نمونە:
هەموو بایەزید بگەڕێی
دەستێك نییە پاکتر لە هی تۆ
ئەو ئاوە هەڵبگرێ دەریاکانی لێ پڕکا

دەستێك نییە بەهێزتر لە هی تۆ

مەم و زین هەڵبگرێ

تەسلیمی ئاسمانی بکا..تاد

8-(نیشتەجێی ڕووناکی) مەولەوی و عەنبەر.

9-(هەوری مەیخانەکان) خەیام..

کوا چوونە کوێ؟

کە فیتز گیرالد بە پشتی عەشقێکی خۆرهەڵاتییەوە

منی گەیاندە خۆرئاوا

بەسەر باڵی وەرگێڕانەوە پەڕیمەوە ئەوێ

چەند هێمن و دڵگیربوو کەنارەکانی..تاد

10-(مامزە کوژراوەکانی حاجری).. کارەکتەری سەکی حاجری شاعیرە.

11-(گەڵاکانی ڕۆژ) نالی، مەولانا، حافز، رامبۆ، بۆدلێر، گۆران، خانی.

12- (لە بەرزایی شوورەی چیندا) کارەکتەری سەرەکی (کین شی هوانگ)ە.

13-(حەللاج).. ((ئەبو عەبدوڵڵا حسێن مەنسوور حەللاج_ 858 - 26 مارس، 922))

14- (مۆزەی بڕۆنزی) .. کارەکتەری سەرەکی (کەرەم)ە:

یەریڤان شتێك بوو لە شێوەی منداڵیی

کەرەم دەڵێ، بەشی زۆریم لەگەڵ خۆم بردە وڵاتان

هەندێکم دا بە کرێکارەکانی هێڵی ئاسن
نێوانی ئێرەو ئەرمینیا
یان ئەو نمونەیە..

هیچ شوێنك لە یەریڤان شیرینتر نییە
بابێ من ئێزدی ئەز هیچ دین نینە، کەرەم دەیوت.

15- (شەوەکانی ئامیتا بە درێژایی بابل) ئەو شیعرە پێشکێشی (مارگرێت جورج) کراوە، سەبارەت بە مارگرێت لە سەرچاوەیەك خوێندوومەتەوە کە ئەو کچە ئاشوورییە لە بیست ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووەو زۆر لێهاتووبووە، لە ماوەیەکی کەمدا ناوبانگی دەرکردووە بەڵام دواتر بە دەستی کورد کوژراوە..لەو شیعرەدا کارەکتەری سەرەکی تێیدا (ئامیتای نبوخزنصر)ە، (شەوەکانی ئامیتا بە درێژایی بابل)قەسیدەیەکی درێژە.

16- شیعری (پەیکەر) بۆ پیربالْ مەحمودی شاعیر نووسراوە، بەڵام تەشکیلی گوتار راناوی کەسی یەکەمی تاکەو دەکرێ کارەکتەرەکە پیربالْ مەحمودبێ:

بیر لە خانوو ناکەمەوە
بۆ خۆم و بۆ خێزان
منداڵەکانم دەتوانن
لەژێر خێوەتی شیعرەکانمدا بژین

ژنەکەشم دەتوانێ تا ماوە

لە خۆشەویستیم بخواو..تاد

17-شیعری (بوونەوەرەکانی حافز"ی گۆتە") پەرەگراف پەرەگرافە، هەریەکەو ناونیشانی خۆی هەیە، بولبول، پەروانە، کەو، گوڵ..تاد، یەکێ لەو پەرەگرافانە بە ناونیشانی (گۆتە)یە، لە گۆتەدا کارەکتەری سەرەکی یۆهان ڤۆلفگەنگ فۆن گۆتە ( 1749- 1832)یە..

ئەو کاتەی ئیمپراتۆرەکان بیریان لە جەنگ دەکردەوە

گۆتە باسی بولبول و

گوڵ شەراب و حافزی دەکرد

ئەو کاتەی ئەڵمانیا شانازی

بە خۆی و بە سوپای میرەکانی و

بە کۆشکەکانی سەردەمی باروك دەکرد

گۆتە شانازی بە رۆژهەڵاتەوە دەکرد..تاد

18- شیعری (دۆنکیخۆتە) کارەکتەری سەرەکی حەزرەتی مەسیحە.

19-قەسیدەی درێژی (سۆناتای باڵندە) کە پێشکەشی (گۆرگیس وەردە) کراوە، کارەکتەری سەرەکی تێیدا (فەقێی تەیران)ە.

20-(لاواندنەوەی برۆدسکی) کارەکتەری سەرەکی (یوسف ئەلێکساندەر برۆدسکی 1940-1996)شاعیری رووسی

وەرگری خەلاّتی نۆبلّی 1987و دواتر وەکو شاعیری ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەناسرێت.

21-(دیمەنی رۆژانە) کەسایەتی لاوەکی تێدایە، واتا پەرەگرافێك حاجری و ئیبن مستەوفین، پەرەگرافێك پیرەمێردو ئەوەیتریش گیو موکریانی تێیدا تەوزیفکراوە.

22-شیعری(ئیکسیری ئەوانەی لە یادناکرێن)، ئیزابیل ئەلیندی، جومانە حەداد، نیکۆس کازانتزاکیس، فاتیمە ناعوت، شەهرەزاد.

23-(قەقنەس) فروغی فەروغزاد.. شیعرێکی کورتە.

24- (ئەی.ئێم.فۆرستەر).. ئی.ئێم.فۆرستەر 1879–1970رۆماننووس و چیرۆکنووس و وتارنووسی بەریتانی..شیعرێکی کورتە.

25-(لە خواحافیزیدا) کارەکەتەری سەرەکی تەرمی (سەلاّح محەمەد)ە.

26-(رەگی تەنیایی) لە دوو بەش پێکهاتووە، کارەکتەری سەرەکی بەشی یەکەم، مەولانا خالیدی نەقشبەندییە و بەشی دووەمیشی مایاکۆفسکی نووسەری رووسی، کازاکی نەژاد، لە سالّی 1893 لە جورجیا لە دایکبووە،جگە لە شاعیر، درامانووس و بیرمەندو وێنەکێش و کاریکاتۆریست و ئەکتەر بووە.

27-(شەوێك لای میر).. جەلادەت بەدرخان.

28-(سوڕەتی فادیمە).. (فادیمە) کە ژنە کوردێك بوو باوکی لە ساڵی 2002 لە سوید کووشتوویەتی.
29-(مردنی گۆرانیبێژ) ناونیشانی شیعرێکی درێژەو لە چەند بەشێك پێکهاتووە بۆ هەر بەشێك، ناونیشانێك دانراوە، لەو بەشەی کە ناونیشانی (لە ئالاسکاوە)یە، کارەکتەرەکە تێیدا (جەلال بەرزنجی)شاعیرە.

لە (کۆشیعری2) ئەو 29 شیعرە نزیکەی تەواوی ئەو شیعرانەن کە تێیدا بە ستایلی تەوزیفکردنی کەسایەتی مێژوویی نووسراون، من هەوڵدەدەم دوای دەرهێنانی ئەو شیعرانە لە (9) خاڵدا ئەنجامی ئەو خوێندنەویە چڕ و کورت بکەمەوە:

1-(کۆشیعری2) کتێبێکە 496 لاپەڕەیە، ئەو 28 شیعرەی کە دەرمهێناون لەبەر درێژی زۆربەیان، زیاترن لە سێ بەشی ئەو 496 لاپەڕەیە، واتا زۆربەی کارە شیعرییەکانی دڵشاد عەبدوڵلاٚ کە لەنێوانی ساڵانی 2004-2009 نووسیویەتی، بریتین لە بەکارهێنانی کەسایەتی مێژوویی، بەو پێیە دەتوانین ستایلی نووسینی شیعری ئەو قۆناغەی شاعیر بە (ستایلی تەوزیفکردنی کەسایەتییە مێژووییەکان) ناوزەد بکەین، لەو نووسینەمدا هیچ خوێندنەوەیەکم بۆ ئەو شیعرانە نەکردووە کە لە ساڵەکانی 1992-2003 نووسراون..

2- کەسایەتییە مێژووییەکان یان ئەو ناوانەی کە بوونەتە کارەکتەری شیعرەکان و بەکاری هێناون بریتین لەوانە: (دڵدار.. نالی.. سیامەند.. رۆکسانا.. ئەسکەندەر.. جەلال بەرزنجی.. ئەحمەدی خانی.. مەم.. زین.. مەولەوی.. عەنبەر.. خەیام.. حاجری.. نالی.. مەولانا.. حافز.. رامبۆ.. بۆدلێر.. گۆران.. خانی.. کین شی هوانگ.. حەللاج.. کەرەم.. ئامیتا.. پیربالڵ مەحمود.. گۆتە.. مەسیح.. فەقێی تەیران.. بڕۆدسکی.. حاجری.. ئیبن مستەوفی.. پیرەمێرد.. گیو موکریانی.. ئیزابێل ئەلیندی.. جومانە حەداد.. کازانتزاکیس.. فاتیمە.. شەهرەزاد..فروغ.. ئی.ئێم.فۆرستەر.. سەلاّح محەمەد.. مەولانا خایدی نەقشبەندی.. مایاکۆفسکی.. جەلادەت بەدرخان.. فادیمە.. جەلال بەرزنجی)..

وەك گوتمان: بەکارهێنان و هانابردن بۆ کەسایەتی مێژوویی یان هەندێ ناو کە هێشتا لە ژیاندان لە (کۆشیعری2) زیاتر لە سێ بەشی شیعرەکانی ئەو قۆناغەی دڵشاد عەبدوڵلاّی بۆخۆی قۆرخکردووە، لەناو ئەو (زیاتر لە سێ بەشەیش) لە کۆی ئەو 48 ناوەی کە من دەرمهێناون، 35یان زیاتر شاعیرو ئەدەیبن و ئەوانیتریش کە شاعیر و ئەدیب نین بە جۆرێك لەناو شیعرو ئەدەبیاتدا هەن وەك (مەم و زین، عەنبەر، سیامەند، شەهرەزاد)..کەوابێ ئەو قۆناغە لای دڵشاد عەبدوڵلاّ بریتییە لە نووسینەوەی دنیای شاعیران و تێکەڵکردنیان بە دنیای

خۆی..یا ئاوێتەبوونی هەردوو دنیای شاعیر بە شاعیرانیدی و درووستکردنی دنیایەکی هاوبەش لەنێوانیاندا.

3- لەرێگای پۆلێنکردنی ناوەکان و دەستینشانکردنی ئەو ناوانەی بەکارهاتوون وەرگر بە ئاسانی لە باکگراوندی مەعریفی و نزیکی شاعیر لە (چ دنیایەکی مەعریفی) تێدەگا..ئیمە لە رێگای کارەکانی ئەو 5 ساڵە 2004-2009 دەتوانین دەستنیشانی سەرچاوەکان و کەناڵەکانی وەرگرتنی مەعریفە بکەین لای شاعیر و لەوێشەوە بۆ هەر تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی بە خوێندنەوەی سەرچاوەکان کارەکانمان ئاسانتر دەبێ..بۆ نمونە کە مایاکۆفسکی یا برۆدسکی تەوزیفکردووە، زانینی بیۆگرافیاو ناسینی کارەکانی ئەوان تێگەیشتنمان ئاسانتر دەکا لە شیعرەکانی و رەنگە ئاستی چێژبردنیش زیاتر بکا.

4-نەتەوەو شوناسی ئەوانە چین کە تەوزیفکراون؟ وەك دەبینین ئاوێتەیەك هەیە لە نەتەوەی جیاجیا و لە شیعرەکاندا پەنابراوەتە بەر هەرکەسێك کە نزیکبێ لە دنیای ئەو وەك ئینسان، دوور لە هەموو تەحەفوزێکی نەتەوەیی، لەو رێگەیەوە وەرگر دەتوانێ تێڕوانین و جیهانبینی شاعیر سەبارەت بە نەتەوەو شوناس بخوێنێتەوە.

5-لایەنی تەکنیك و کەشی گشتی ستایلی تەوزیفکردنی کەسەکان یا کەسایەتییە مێژووییەکان یاخود هەندێ ناو کە

هێشتا له‌ ژیاندان، له‌و شیعرانه‌ لێك نزیكن، ئه‌گه‌رچی ئه‌و بۆچوونه‌ ئاوا پشتڕاست ده‌كرێته‌وه‌ كه‌ خوێندنه‌وه‌یه‌كی ورد بۆ هه‌ر ده‌قێك بكه‌ین و بیسه‌لمێنین..

6-جگه‌ له‌و شیعرانه‌ی كه‌ كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كییان تێدایه‌، له‌ كۆمه‌ڵه‌ په‌ره‌گرافی نێو ده‌قه‌كاندا و له‌ چه‌ند رستیه‌كدا به‌ شێوه‌یه‌كی خێرا هه‌مدیس ئه‌و ته‌وزیفكردنانه‌ بوونیان هه‌یه‌، ئه‌وه‌شیان ده‌كرێ وه‌ك یه‌كه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ لێكۆڵینه‌وه‌یان له‌باره‌وه‌ بكرێ.

7-(كۆشیعری2) كۆدیوانێكه‌ له‌ شیعری كوردیدا زۆرترین كاری له‌ بواری ته‌وزیفكردنی كه‌سایه‌تی مێژوویی یا كه‌سه‌كان كردووه‌، به‌ دیوێكیدی دڵشاد عه‌بدوڵلا به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ شاعیرانی كورد زۆرترین كاری له‌سه‌ر سه‌رله‌نوێ خوێندنه‌وه‌ی شاعیرانی به‌ر له‌خۆی به‌ شیعر كردووه‌.

8-ته‌وزیفكردنی سیمبۆله‌ میتۆلۆژییه‌كان له‌و قۆناغه‌دا2004-2009 زۆر كه‌م یا ده‌گمه‌نه‌ لای شاعیر، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش له‌ هه‌ندێ شیعر (سیمرخ و قه‌قنه‌س) وه‌ك ناونیشان بوونیان هه‌یه‌.

9-ئه‌و خاڵه‌یان كه‌ دوا ئه‌نجامی ئه‌و خوێندنه‌وه‌ منه‌، گرنگییه‌كی تایبه‌تی هه‌یه‌، ئه‌و له‌ هیچ كام له‌ شیعره‌كان نه‌هاتووه‌ بیۆگرافیای ئه‌وانیدی بنووسێته‌وه‌، به‌ڵكو ئه‌وانی هێناوه‌ته‌ نێو دنیای خۆیو سه‌رله‌نوێ جیهانێكی شیعری

تازەتری خولقاندووە، ئەوەیە خۆی سەبارەت بە نووسینی (سۆناتای رۆح) کە من پێم وایە هەموو شیعرەکانیتریشی بەو ستیالە نووسراون یا بەو شێوازە دارێژراون، دەڵێ: ئەوەی من کردوومە کارێکی قەقنەسانەیە، فەقێم سووتاندووە تا لە خۆڵەمێشەکەی ئەو درووست ببمەوە یا بە پێچەوانەوە خۆم سووتاندووە بۆ ئەوەی لە خۆڵەمێشم فەقێ درووستببێتەوە،بەهەردوو بارەکەی مەبەست زیندوو مانەوەیە، لەوەشدا شاعیرو قەقنەس لەیەك دەچن، هەردووکیان لە رێی سووتانیان بە زیندوویی دەمێننەوە.

سەرچاوە:
-کۆشیعری 2، دڵشاد عەبدوڵلا، دەزگای ئاراس2010
- توڤیف الرموز الأسگوریە في الشعر بين نازك والسياب
د. رباب هاشم حسين / كليه التربيه / جامعه بغداد

## بەشیعرکردنی ئەزموونەکانی ژیان

## لە دیوانی

## (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان)ی

## ئیسماعیل بەرزنجی



چەند خاسییەتێکی سەرەکی ئەو شیعرانەی کە ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانە دەنووسنەوە:

1-رەنگە ئەزموونە گشتییەکانی تاك تاکی هاولاتیانی قۆناغێکی دیاریکراوی کۆمەلگەیەك بە روالەت لە یەك بچن، بەلام یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەو ستایلە لە شیعر، (ئەو شیعرانەی کە ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانە دەنووسنەوە) ئەوەیە کە جیاوازیی و وردەکارییەکانی لەیەکنەچوونی ئەزموونی راستەقینەی ژیانی شاعیر لەو قۆناغانەدا لەگەڵ هاوئەزموونەکانی دەستنیشان دەکا.. بەو رێگەیەوەش وەرگر دەتوانێ لە زۆر لایەنی قۆناغێکی کۆمەلگە و تایبەتمەندییەکان و وردەکارییەکانی ژیانی کەسێك یا کەسانێك لەناو بارە گشتییەکە تێبگا..

2-خاسییەتێکیتری ئەو ستایلە ئەوەیە کە شیعر لە پەیوەندیدایە بە چیرۆك و ژیانی ئەوانیترەوە، رامان و روانگەی شاعیر دەچێتە نێو ژیانی ئەوانیدی و زۆرجار ژیانی کەسەکانی هاوقۆناغی دەبێتە گرێدراوی ژیانی شاعیرو لە تێکستدا بە شێوەیەکی رەخنەئامێز رەنگدەداتە.. لەو خالەدا دەکرێ جۆری رەخنەکە ئاراستەی کۆ یا تاك بکرێ، بەلام لە هەردوو حالەتدا پەیوەندییێك هەیە لەنێوان شاعیر بە کارەکتەرەکانی دەرەوەی شاعیر لەنێو شیعرەکەدا، محەمەد

ئـەلماغوت لـە شـیعرێکدا ئـاوا بـاس لـە پەیوەنـدی خـۆی بـە دەرەوەی خۆی دەکا:
یەکێتی نووسەران بڕیار لەسەر بەهرەی شاعیربوونی من ناداو
وەزارەتـی تەندرووسـتی بڕیـار لەسـەر لیاقـەی وەرزشـوانی مـن ناداو
وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیار لەسەر توانایی جوتیاربوونی من ناداو
وەزارەتی ئەوقاف بڕیار لەسەر ئیمانداری من ناداو
وەزارەتـی بـەرگری بڕیـار لەسـەر لێهـاتویی سـەربازبوونی مـن ناداو
سیستەمی هاتوچۆ بڕیار لەسـەر ڕێگـاو رووگـەی رۆیشـتنی مـن ناداو
سـەندیکای هونەرمەنـدان بڕیـار لەسـەر مەیلـەکانی مـن لـە بوارەکانیتر ناداو
دادگاکانی ئاسایشی ولأت بڕیـار لەسـەر نیشـتیمان پـەروەریی و بەکرێگیراوی من ناداو
موختاری گەڕەك بڕیار لەسەر سومعە و سلوکم نادا..
3- (بێرتۆلت برێشت - Bertolt Brecht – 1898-1956)
پێـی وابـوو کـە بینـەر گـرنگترین رەگـەزی شـانۆگەرییە، ئـەو بۆچـوونەی لـە شیعرەکانیشـیدا رەنگیداوەتـەوە کـە لای ئـەو وەرگری شیعر رەگەزێکی زۆر بنەڕەتییە لە شـیعر، بۆیـە زمـان (لەو شیعرانەی کە ئەزموونەکانی ژیـانی رۆژانـە دەنووسـنەوە)

تا ئاستی قسەی رۆژانە ئاسان دەبێت، کەوابێ خاسییەتێکیتری ئەو جۆرە شیعرە روونییە لە زمان..

من بێرتۆلت برێشت، لە دارستانی رەشەوە هاتووم
دایکم بەرەو شارەکانی هەڵگرتم کە من هێشتا لە زگیدابووم و
هەمیشە پێویستم بە سەرمای دارستانەکان دەبێ
تا رۆژی مردنم..تاد

4-دەکرێ هەموو تێمەیەك شوێنی بکرێتەوە لەو جۆرە ستایلە، هەر لە بابەتێکی زۆر تایبەتییەوە تا دەگاتە بابەتی زۆر گشتی، بەلام کەرستەی درووستکردنی شیعر لە هەموو ئەو مادە بەردەستانەن کە رۆژانە دەیانبینین و کارمان پێیان دەکەوێ و لەگەڵیان دەژین..چارلس بۆکۆفسکی نووسیویەتی:

داوەکە راکێشە دومیەکە جولە جول دەکا

پێویستە هەموومان درك بکەین
کە چەند خێرا هەموو شتێ بزر دەبێ:
پشیلە، ژن، وەزیفە
تایەی پێشەوە
قەروێڵە، دیوار، ژوور
هەموو پێداویستییەکانمان
لەناو ئەوانەدا خۆشەویستیش.

5-هەندێجار شیعر دەگاتە جۆرێك لە كۆمێدیای رەخنەگرانە و بە گاڵتە پێكردنەوە گوزارشت لە شتەكان دەكا و بە شێوەیەكی گشتیش ئەوستایلە لە رێگەی وێنەی جۆراوجۆر و بە زمانێكی سادە دەردەبڕدرێ..

6-ئەگەر بە وردی سەرنجی بەشێكی زۆر لەو شیعرانە بدەین، هەست بە بوونی چیرۆك دەكەین لە پشت هەر شیعرێك..یاخود خودی شیعرەكە چیرۆكێكمان بۆ دەگێڕێتەوە، چارلس بۆكوفسكی لە شیعری كاریزما دەڵێ:

ئەو ژنە واز لە پەیوەندیكردن بە منەوە ناهێنێ
هەتا پاش ئەوەش كە پێم گوتووە
من لەگەڵ ژنێك دەژیم كە خۆشمدەوێ.

پێم دەڵێ: هەمیشە گوێم لە دەنگگەلێك دەبێ لە هەوا
لام وایە ئەوە تۆی..تاد

7-بۆ تێگەیشتن لەو جۆرە شیعرانە وەرگر زۆرجار پێویستی بە زانیاری لەبارەی ئەو كەرستانەوە دەبێ كە بە هۆیەوە شیعرییان لێ درووستكراوە، بۆ نمونە: (لە پۆتسدام.. ئونتە دێن ئایشن)، ئەوە ناونیشانی شیعرێكی برێشتە، تۆ وەك وەرگر دەبێ زانیارییت لەبارەی ئەوە هەبێ كە پۆتسدام شارێكە

دەکەوێتــە باشــووری رۆژئــاوای بــەرلین و -ئونتــە دێــن شــتاین-نــاوی شــەقامێکی ئــەو شــارەیە..زانیارییەکانی کــە پێویســتیمان پێــدەبن لــەو ســتایلە شــیعرییە بــە شــێوەیەکی گشــتی لــەو جۆرانـــەن، بـــە پێچـــەوانەوە کـــاتێ ئـــەو ســـتایلە شـــیعرییە دەخوێنینەوە کە بە نمونـە ئـەدۆنیس دەینووسـێ پێویسـتیمان بـە بـوونی جـۆرێکیترى مەعریفـە دەبـێ لـەبارەى هونـەرى تەئویل(هیرمینوتیکا) و لـەوێوە دەبـێ توانـایی ئـەوەمان هـەبێ کـــە تەلیســـم و کۆدەکـــان بکەینـــەوە هێـــزى شـــیکردنەوەو تەفسیرکردنمان بەهێزبێ..نمونەیەکی شیعری ئەدۆنیس:

دەنگ بەربانگی ئاخاوتنە.

خۆرماڵێکی هەیە

رێی بۆ ناچێ.

رۆشنایی لەشی خۆرە

خۆر ژنێکی رووتە

تەواو پۆشتەیە.

بەڵێ، تیشکیش کڕنۆش دەبا

بەڵام بۆ تیشکێکی دیکە.

8- بەشێکی زۆری ئەو شاعیرانەی کە بەو ستایلە دەنووسن لە شوێنێك لە شوێنەکان کارەکتەرێکی بە ناوبانگی (هەر بوارێك) ئەگەر مردوو بێ، زیندووی دەکەنەوەو پیاسەکی ناو ژیانی ئەمڕۆی شاعیری پێدەکەن.. ئەو حاڵەتە لە شیعری (تارق بن زیاد)ی محەمەد ئەلماغوت و لای برێشت لە شیعری (پێڵاوی ئێمپێدوکلیس) (ئێمپێدوکلیس490 ـ430پ.ز)ی فەیلەسوفی یۆنانی تێیدا کارەکتەری شیعرەکەیە و هەروەها لای چارلس بوکۆفسکی لە شیعری (سەرەقەڵەمێك پاش خوێندنەوەی نامە غەرامییەکانی بیتهۆڤن)هەمان حاڵەت هەیە و بوکۆفسکی دەڵێ:

بیردەکەمەوە: ئەگەر لودڤیگ ئەوڕۆ زیندوبووا
سەیارەیەکی سەقف داخراوی سپۆرتی دەهاژۆشت و
شێتە غەریبەکانی تەواوی شەقامەکانی سواردەکردو
گوێمان لە موزیکێك دەبوو
کە هەرگیز پێشتر گوێمان لێی نەببوو.
لەگەڵ ئەوەشدا
هەرگیز خۆشەویستەکەی نەدەدۆزییەوە.

ئەو هەشت خاسیەتەی کە باسم کردوون تەنیا خاسیەتە سەرەکییەکانی ئەو شیعرانەن کە ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانە دەنووسنەوەو، رەنگە چەندین خاسیەتیتر هەبێ لەو ستایلە

شیعرییەدا بەڵام گەڕانی زیاتر و پانتاییەکی فراوانتری دەوێ بۆ لێکۆڵینەوەی وردتر، من لێرەدا هەوڵدەدەم دەستنیشانی ئەو 8 خاسیەتە بکەم لە دیوانی: (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان)ی ئیسماعیل بەرزنجی و بەو هۆیەشەوە جیاوازی و تایبەتمەندی و ستایلی ئەو دیوانە دیاریی بکەین..

1-(ئەزموونێکی تایبەت لەناو رووداوێکی گشتیی کۆمەڵگەدا)..

شوێنکات لە شیعری (مردن هەمیشە روخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبات)، جێژەمەنی شەڕی براکانە:

لەودیو شووشەبەندی پەنجەرە هەواییەکەوە

جوتێ کوکوختی گرینۆك

لەگەڵ دەستڕێژی براکانا

لەگەڵ هێرشی ئامۆزاکانا

لە بن تارمەکە..تاد

لەگەڵ ئەو بارە گشتییە کە شاعیر تێیدا ژیاوە وەك هەر کەسێکیتر کە لەو سەردەمە ژیاوە هەزاران چیرۆك هەیە، بەڵام وەك لە خاڵی یەکەم باسم کرد، چیرۆکی تایبەتی ژیانی شاعیر جۆرێکیترە کە لە چیرۆکی ئەوانیتر ناچێ، بارە گشتییەکە ئەوەیە کە شەڕی براکانە، بارە تایبەتیەکەش ئەوەیە:

چلەی زستان بوو کە لێمان قەوما

دوو مێینەم بە پشی خۆم دادا

لە رۆژاوای هەولێر

**دایکەکەیانم تەسلیم بە خاك کردەوەو وتم:**

**_سوپاس، ئەوەتا ئەمانەکەت.**

**وەك دیارە خەڵك هەموویان لە بارودۆخی شەڕدان(فەزا گشتییەکە وێنەیەکی گەورەی شەڕە)، کەچی لەناو ئەو فەزایە گشتییەی شەڕدا، شاعیر تووشی شەڕێکی زۆر پڕ لە برینتر و گەورەترو تراژیدیتر دەبێتەوە، ئەویش وەك دەردەکەوێ تەسلیمکردنەوەی دایکی منداڵەکانیتی بە خاك.. هەر لەو دۆخەی شەڕ، ئیدی ئەو لەناو بیرەوەری ئەو کارەساتە هەڵدەکا و هەردوو شەڕەکە بەیەکەوە دەیگەیەنێتە ئەوەی بڵێ:**

**شەوێکیان**

**لەگەڵ یەکەم تۆپدا**

**مانگ بزر بوو، ئەستێرە سەری خۆی هەڵگرت**

**تا ئەم ساتەش**

**ئەگەر بیری هەردووکیان بکەم**

**تێر سەیری زیلان و کاڵێ دەکەم**

**تا ئەم ساتەش**

**هەر لە شوقەکەدا**

**لەو پەنایەی**

**کە بەتانییەکمان لە خۆ لوولدەدا و..تاد**

**بە پێچەوانەی ئەو شیعرە، لە شیعری (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان) فەزای تەواوی شیعرەکە بارودۆخی**

گشتییە، شاعیر هاوئەزمون و هاوخەمی نەوەکەی خۆیەتی، (وەتەن بەو هەموو غوربەت و بێزاری خۆیەوە.. وەك سەرکردەیەکی تێکشکاو.. لەبەر دەرگای گیانی وێرانمان دەوەستێ).. تەواوی شیعرەکە بە (کۆ) قسە دەکاو بە کۆ بەردەوام دەبێ، (بە چواردەوری گۆڕی غەریبماندا..ژووری لاتەریکمان.. دەچینە ناو عەدەمەوە.. کوڕەکانمان.. ئەسپەکانمان.. شەرەفنامە دەخەینە ژێر پێ...تاد) لەو شیعرەدا شاعیر نەهاتووە ئەزموونێکی تایبەتی نێو ژیانی رۆژانەی تایبەتی خۆی بنووسێتەوە کە بە هۆیەوە دەتوانرا لەنێو (وەك خۆی دەڵێ: وەتەنی وێران و داتەپیو) لەو قۆناغەدا حاڵەتەکانی رۆژانەی خۆی لەنێو ئەو دارمان و تێکشکانەدا رەسم بکاو بە هۆیەوە نزیك دەبۆوە لەو ستایلە شیعرییەی کە بابەتی سەرەکی ئەو نووسینەیە..

لە دیوانی (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان)، لوتکەی ئەو خاسیەتە (ئەزموونێکی تایبەت لەناو رووداوێکی گشتیی)دا لە شیعری (رۆژێك لە هەموو رۆژەکان سەخیفتر)دا دەردەکەوێ، لەوێ رۆژێکی گەرمی (ئاوگست)ە، کە بۆ هەموو خەڵك هەر هاوینە و هەر گەرمیشەو هەمیش هەمان باری گشتیی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوورییە، بەلأم شیعرەکە باس لە دنیای شاعیر خۆیی و حاڵەتەکانی خۆی و لایەنی دەروونی

خۆیی و دنیابینی خۆی لەناو ئەو بارە گشتییە دەکا لەو ڕۆژەدا:

سەعات 2ی پاش نیوەڕۆیە

گەرما

هەر دەڵێی مەرگە

هەر دەڵێی سەدامە

هەر دەڵێی بازرگانی شەڕی ناوخۆیە

هەر دەڵێی سەلەفییەکی دەمامکدارە

لە چوار لاوە

خڵتانی ئارەقەیەکی ڕەش و شینم دەکا..

ئەوە بارە گشتییەکەیە کە بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو شوێنکاتە هەروابووە، بەڵام لە پەرەگرافەکانیتری شیعرەکەدا ئیدی باس لەوە دەکا کە (بووزاوێکی خڵتاویی ژەنگاویی فڕ دەکاو میلی رادیۆکە لەسەر ئێستگەیەکی عاجباتییە کە باسی پاقلە و نرخی دۆلار و حەمامی ژنان و کردنەوەی دوو مزگەوتی نوێ و کەباب و قۆزی دەکا و تا دەگاتە ئەوەی کە بڵێ: ئەم ژیانە یەك ڕۆژبوو، ڕۆژێك لە هەموو ڕۆژەکان سەخیفتر).

2-(پەیوەندی شاعیر بە کارەکتەرەکانی دەرەوەی خۆی بە شێوازێکی رەخنەگرانە لە شیعردا)، لە شیعری (نوێپۆشی کۆنەخواز) ئەوە بە ئاشکرا دەبینین:

سەعاتەکەی سویسرییە

قاتەکەی فڕەنسییە

ساقۆیەکەی ئینگلیزییە

قەمسەلەکەی ئەڵمانییە

مەشرووبەکەی رووسییە

پێلاوەکەی ئیتاڵییە

چرووتەکەی کوبییە

کەچی رقی لە

ژان ژینێ، رامبۆ، نالی، ئەدۆنیس، دیستۆڤسکییە.

3-(سادەیی لە زمان).. سەرجەم شیعرەکانی نێو دیوانەکە بە زمانێکی سادە نووسراون، بەلأم ئەو جۆرە ستایلە پێویستی بە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە دەبێ.. ئەو زمانە تایبەتییەی کە شاعیر رۆژانە بەکاری دەهێنێ و لەگەڵی دەژی.. پەرەگرافی (زیلان) لە شیعری دژە دیمەن بەو شێوەیە و چەندین نمونەیتری هاوشێوە لە دیوانەکەدا هەیە:

(زیلان)

_بابە؟

+ئۆباب

_بابە تەلەڤزیۆن یەعنی چی؟

+یەعنی ئەفلام کارتۆن و زوم زوم و ئەنتۆنیلا.

_جەریدە یەعنی چی؟

+یەعنی رەسم و بەبە و بەعە.

_ئەدی بابە شەڕ یەعنی چی؟

هەم لە رووی فەرهەنگی و هەمیش لە رووی سینتاكس و تەركیبەی رستە، شیعرەكە لە قسەی زۆر ئاسایی رۆژانە دروستكراوە، بەڵام وەك دەردەكەوێ شیعرێكی (بە گوێرەی چێژی من، وەك وەرگرێك) زۆر جوانی لێدرووستكراوە، من ئەو جۆرە ستایلەم لە شیعری نوێدا زۆر لا قبوڵەو چێژیشی لێدەبەم، لەگەڵ ئەوەش دەتوانرێ تێمەیتری زۆر گرنگ و جوان و سەرنجڕاكێش بەو شێوە زمانە ئاساییە كە زمانی قسەكردنی رۆژانەمانە درووست بكەین.. (بێگومان تێمەی ئەو شیعرەش لە تێمە هەرە گرنگەكانە).

4-(كەرستەی درووستكردنی شیعر سنووری بۆ نییە و هەموو كەرستەیێ دەبێتە شیعر لەو ستایلە).. شیعر لە رابردوو و تا ئێستاش بە شێوەیەكی گشتی كەرستەكانی لە سرووشتەوە وەرگرتووە، مانگ و غرووب و ئەستێرەو چیاو گوڵ و شەو و پەپوولە و رووبارو فریشتە و..تاد ئەگەر هەر لەو دیوانەشدا بەدوای ئەو قاموسەدا بگەڕێین بە دەیان و دەیان وشەی لەو جۆرەی تێدایە بەتایبەتی لەو شیعرانەی كە بەو شێوازە نەنووسراوە، با شیعری (ئەوانە) وەك نمونەیەكی خێرا وەرگرین و بزانین فەرهەنگی ئەو شیعرە چییە؟ (ئاو، ئاگر، سەرماوزە، تەبەشی پایزئاسا، روح، سەركردە دۆڕاوەكان، خوێناوی جەستە، زەنگی شەوەزەنگ، تریفە، كەوڵی مامز،

شەوێکی دەیجوور، شەهید، فیغان، حەسرەت، یاهو، شەپپوری کازیوە).. ئەو فەرهەنگە کە کەرستەی سەرەکی زمانی شیعری زۆرێك لە شیعری کوردی و بەشێك لە شیعری جیهانیشە، فەرهەنگێکی یەکجار باوەو پەیوەندی و هارمۆنییەتی نێوان ئەو دوو وشانەی کە بوونەتە وشەی مورەکەب، دیسان پەیوەندییێکی سواو باوی نێو شیعری کوردییە بە گشتی، بەڵام لە کۆمەڵێك شیعری دیوانی (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان) فەرهەنگ رێك ئەو فەرهەنگەیە کە لەو ستایلە شیعرییە (ئەو شیعرانەی ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانە دەنووسنەوە) دەیبینین.. بە گەڕانێکی خێرا دەتوانین چەندین وشە کە سەر بە فەرهەنگی ئاخاوتنی رۆژانەن لەو دیوانەدا دەربێنین: (ترپێلە، بلوزی ئیتاڵی، نەخۆشخانە، ژمارەی پێڵاو، لافیتە، بۆینباخ، تەرفیع و عەلاوە، زمانلووس، فاشیل، ساختە، شەربەتی تەمەرهیندی، کەباب و قۆزی، حەمامی ژنان، دۆلار، کۆمپیوتەر و سەیارەو..تاد).. ئەگەر بهاتبوواو تەواوی دیوانەکە بەو شێوازەو بەو فەرهەنگە نووسرابووا، ئەوا دەبووە دیوانێکی تەواو جیا لە کۆی دیوانەکانی شیعری کوردی، بەڵام لە چەندین شیعری دیوانەکە وەك شیعرەکانی (گەردۆز، تیاترۆ، پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان، ئەوانە، نەهەنگ و لەرز) هێشتا ئەو هێڵەی هێشتۆتەوە کە لەگەڵ شیعرو دیوانەکانیدی نەوەی خۆی و بەر لە خۆی

هاوئەتمۆسفێرن، دیارە وەرچەرخانێکی لەو چەشنە کە سەرلەبەری دیوانێك بەو ستایلە، بە نمونە:(ستایلی شیعری دژە دیمەن) بنووسرێ، ئەوا پێویستیمان بە موجازەفە و کێشمەکێش و گوتاری مەعریفی شیعرییەوە دەبێ بۆ بەرگریکردن و سەلماندنی شیعریبوونی ئەو ستایلە لەنێو شیعری کوردیدا، چونکە تا ئێستایش ئەوانەی ستایلی باوی شیعر دەنووسن و ئاگاداری شیعری جیهانی نین، ئەو ستایلەیان وەك شیعر قبوڵ نییە و رەنگە ناویتری لێبنێن، لەگەڵ ئەوش من پێم وایە: بەشێکی زۆری شیعری نوێی جیهانی دواتر دەکەوێتە سەر ئەو رێگایەو لەو ستایلەدا جێگیر دەبێ کە بەشێکی دیوانی (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان)ی پێ نووسراوە.

5-(کۆمێدیای رەخنەگرانە) ئەو ستایلە لە هونەردا زیاتر لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و کورتە فیلم دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەو شیعرانەی کە ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانە دەنووسنەوە بۆتە دیاردەیەك و زوو دەردەکەوێ، لە شیعری (رۆژێك لە هەموو رۆژەکان سەخیفتر) دیمەنێکی لەو جۆرەی تێدایە:

میلی رادیۆکە

لەسەر ئێستگەی حیزبێکی عاجباتییە

بێژەرەکە

باسی پاقلە، نرخی دۆلار، شەربەتی تەمەرهیندی، سەردانی حیزبە تورکمانیەکان، حەمامی ژنان،
سوودەکانی ورچی قوتبی، پاڵتۆی ئەتاتۆرك، کردنەوەی دوو مزگەوت، کەباب و قۆزی دەکات.
لە چەندین پەرەگرافی شیعرەکانی ئەو دیوانە ئەو نمونانە بەرچاو دەکەون، بەلاّم لە شیعری (پیاسەیەك لەگەڵ بورهان جاهیددا) تەجروبەکە کامل دەبێ و ئەو شیعرە رێك بەو ستایلە نووسراوە، لەو شیعرەدا شاعیر کارەکتەرێك کە هەم شاعیرەو هەمیش لە ژیاندا رووت و قووت و سەرخۆش، زیندوو دەکاتەوەو زەمینەی ئەوەی بۆ دەسازێنێ کە بە شێوەیەکی کۆمێدی سەبارەت بە باردۆخی گشتی ئەو شوێنکاتە،(هەولێری 2006/3/5)بدوێ:

لای حەمام عەسری

توشی بورهان جاهید بووم

-قوات ئۆلسەن بەبەم، ئەی مەستی بزر

+ئەهلەن گوێزم!

-ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

+باشە ئەو شارە بارێکی تێدا نەماوە؟

-ئاغا با بچین بۆ موعەلیمین!

بە لارە لار...تاد

ئەگەر تەواوی شیعرەکە بخوێنینەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین: ئەو شیعرە بە ستایلێك نووسراوە، کە رێك دەکەوێتە خانەی کۆمێدیای رەخنەگرانە بەشێوەیەك کە (وەرگری جددی شیعری نوێ) دوای خوێندنەوەی هەست بە بزەیەکی خەمناکی ناسك دەکات، یەکێك لەو خاسیەتانەی کە ئەدەبیات و هونەری پۆست مۆدێرن بەرهەمی هێناوە بریتییە لەو ستایلە، بە زمانێکی رۆژانە و فەنتازیایێکی نزیك لە واقیعی سحری رەخنەگرانە، زمینەیەك بۆ وەرگران بسازێنێ کە دوای بینین و بیستنی بەرهەمەکە لە حاڵەتی بزەیەکی ئاوێتە بە مەراقێکی سووك و خەمێکی ناسك بن.. ئەوەیان حاڵەتێکە یا بوقعەیەکە دەکەوێتە نێوان قاقاییێکی رووت و فیغان و شیوەنێکی رووت.. نە فیغان و شیوەنێکی رووتە وەك لە هونەری تراژیدی دەیبینین و نە پێکەنین و قاقاییێکی رووتە کە داهێنراوی کۆمێدیای موجەڕەدە، بەڵکو ئەو هەناسە و شوێنکاتەیە کە لەنێوان هەردوو حاڵەتەکەدایە.

6-(بەشیعرکردنی چیرۆك).. لەو شێوازەدا، گێڕانەوەو تەواوی خاسیەت و بنەماکانی چیرۆك بە زمانی شیعرو بە ئامادەیی خاسیەت و رەگەزەکانی شیعر بەدی دەکرێ، لە دیوانی (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان).. ئەو شێوازە لە شیعرەکانی (دەخیلت بم مەحمود زامدار، پیاسەیەك لەگەڵ بورهان جاهیددا، من هەمیشە لەوێوە دێم، لە دەروازەی

قەبرستانی مەعمەل ڤیڕدا، مردن هەمیشە رووخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبا)دا هەیە.. لە شیعری (دەخیلت بم مەحمود زامدار)دا، بە چەند چیرۆکێك کە دواجار هەموویان پەیوەستن بەو چیرۆك و پەیوەندییەی کە لەنێوان شاعیرو مەحمود زامداردا هەن شیعرێك هاتۆتە کایەوە، چیرۆکەکان لە وەرچەرخاندان لە تێمەیەکەوە بۆ تێمەیەکیتر.. لە کۆی ئەو شیعرانەی کە تێیدا چیرۆك کراوەتە شیعر، لەبەر درێژنەکردنەوەی ئەو نووسینە، تەنیا قسە لەسەر شیعری(دەخیلت بم مەحمود زامدار) و (من هەمیشە لەوێوە دێم)دا دەکەم:

نازانم لە بیرتە یا نا
سەرپاییزێك
تۆ لە پێشەوەی ماشێنەکە
من و گوڵە باخیش لە دواوە
ئەو رۆژە بە منیان دەگوت: (زاوا)
دوای شەش ساڵ و شەش مانگ
دیسان تۆ لە پێشەوە
بەلاّم ئەمجارەیان
بە گوڵەباخیان وت: (جوانەمەرگ) و
بە منیشیان وت: (ماڵوێران).

ئەو نمونە، پەراگرافێکی شیعرەکەیە، وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ و چیرۆکێکی سەربەخۆ دەردەکەوێ بەڵام لە فەزای گشتی شیعرەکە و لەنێو شیعرەکە وەك ئەنجام، تەنیا یەك چیرۆکە چونکە چەندین چیرۆکیتری بەو شێوەیە لە شیعرەکەدا هەن و دواجار بە هەموویان چیرۆکێکی کامل درووست دەکەن کە ئەویش دەرهاوێشتەی ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێو شاعیر و کارەکتەری سەرەکی شیعرەکەدا هەیە..بۆ نمونە:

نازانم
شەو بوو یا رۆژ
هێشتا شکڵی قەڵپی دۆلارم نەبینیبوو
نەمدەزانی بۆرسە مانای چییە
نەچووبوومە پرسگەی هیچ بەرپرسێك
تاقە یەك موکافەئەم وەرنەگرتبوو
تاکە بەخششێك
کە پێت بەخشیم قاپی عەرەق بوو
دەخیلت بم مەحمود زامدار.

چیرۆکی یەکەم وەك دیارە کە هەم لە رۆژی زاوایەتی شاعیر و هەمیش لە رۆژی کۆچی دوایی هاوسەری شاعیر (کارەکتەری سەرەکی شیعرەکە – مەحمود زامدار) لە پێشەوەی سەیارەی بووك و سەیارەی جەنازەدا بووە، چیرۆکی دووەم ئەوەیە کە

یەکەم موکافەئە کە شاعیر لە ژیانیدا وەریگرتبێ بتلێك عەرەق بووە لە زامدار.. بەو شێوەیە لە چەند چیرۆکێك شیعرێك درووستکراوە، کەچی لە شیعری (من هەمیشە لەوێوە دێم) تەنیا یەك چیرۆك هەیە، ئەویش چیرۆکی نێوان خۆیی و (سامالَ)ی جوانەمەرگ و هاوسەری شاعیرە کە کارەکتەری سەرەکی شیعرەکەیە، چیرۆکێکی یەکجار هێمن و سەرنجڕاکێشە و لە هەندێ پەرەگرافدا خوێنەر دەگەیەنێتە ترۆپکی خەمێکی ئینسانی قوولَ و ئێستەتیکی و لەو کاتەدا وەرگر بیر لە وەزیفەی شیعر دەکاتەوە کە هەمیشە و بەردەوام پرسیاری لەبارەیەوە دەکرێ و وەلاّمی دەقیقمان دەستناکەوێ:

لە شەڕێکدا سەردەکەوتین و
لە چواران دەماندۆڕاند
حەسرەتمان دەکرۆشت و
بێزاریمان هەلّدەمژی
لەناکاو بە کۆلّێك یەئسی وجودیانەوە
تێك دەئالاّین
تێکدەئالاّین و هەمیشە بە هەناسەی ساردو گەرمەوە
کوللەیەکی خۆلّەمێشیمان
بۆ (زیلان و کالێ) درووست دەکرد.

یان کە دەڵێ:

لە حەوشەکەدا
دووجار کراسی سپی لەبەر کرد
جارێکیان بۆ من و
ئەویتریش بۆ قەبر.

7-(زانیارییە سەرەتاییەکان بۆ تێگەیشتن لەو ستایلە شیعرییە).. بە گوێرەی چێژو تێگەیشتنی من لەو دیوانە، دوو لە هەرە جوانترین شیعرەکانی نێو ئەو دیوانە، هەر دوو شیعری (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا و شیعری مردن هەمیشە رووخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبات)ن..کە هەردووکیان بۆ (ساماڵ)ن، کاتێ وەرگر زانیاری لەبارەی چیرۆکی هاوسەریبوونی ساماڵ و شاعیر نەبێ و ئاگاداری کۆچی دوایی ساماڵ لە تەمەنێکی زوودا نەبێ و ساماڵ وەك ناوێکی ئاسایی و کارەکتەرێکی ئاسایی وەرگرێ لە چوارچێوەی خوێندنەوەی شیعرەکەدا، رەنگە ئەو هەڵچوون و ئاوێتەبوونە درووست نەبێ لای وەرگر و خوێندنەوەکە فۆرمێکیتر بە خۆیەوە ببینێ، ئەمە بۆ شیعری پیاسەیەك لەگەڵ بورهان جاهیدداش هەروا، لە چەندین شوێن و پەرەگرافی ئەو دیوانەدا بە نمونە: ((PMF).. یا سەمفۆنیای (کاروانە هەی

کاروانە) دەژەنن.. تیپی سەمای ریشۆڵاٚن باڵێی (هۆپ زەندان) نمایش دەکەن.. تیپی شانۆی کەروێشکان شانۆی (دیسان بارانە) تەمسیل دەکەن.. زیلان و کاڵێ.. مامۆستایەکی بۆینباخ لە ملی پۆشتە.. ئازاد شەوقی و.. تاد)) ئەمانە و چەندین ناویتری (شوێن و کەس و شت)، پێویستییان بەوەیە وەرگر زانیاری لەبارەوە هەبن، بەو هۆیەوە تێگەیشتن و نسبەتی چێژبردن روو لە زیادبوون دەکا.. بە پێچەوانەی ئەو ستایلە شیعریەی کە تەئویل تێیدا رۆڵ دەبینێ..

8-(زیندووکردنەوەی کارەکتەرێك و هێنانە نێو ژیانی ئەمرۆمان).. ئەو جۆرە شێوازە لە پەڕەگرافی (نامەنتیق) کە بۆ مستەفا پەژار تەرخانکراوەو شیعری (پیاسەیەك لەگەڵ بورهان جاهیددا) کە بورهان جاهید تێیدا زیندوکراوەتەوەو دەبردرێتە نادی موعەلیمین و پازدە چارێك عەرەق دەخواتەوە بە تەواوی بەرچاو و دیارە.. ئەو ستایلە لای فازل عەزاوی و بوکۆفسکی و سیمیك و محەمد ئەلماغوت و برێشت و سەدان شاعیریتریش هەن کە بە شێوازیتریش دەنووسن، بەلاٚم جیاوازییەکە لێرەدا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو شاعیرانەی من لێرە ناوم هێناون وا لەو کارەکتەرانە دەکەن کە هەڵسوکەوتیان پێ لەگەڵ کۆمەڵێ شتی نوێ بکەن و بیانهێننە نێو ژیانی ئێستاماندا، وەك بینیمان لەو نمونەی بوکۆفسکی کە بیتهۆڤن دەکاتە سایەقی سەیارەیەکی وەرزشیی و موزیکێك

لێدەدا کە هی سەردەمی خۆی نییە، کەچی لە ستایلیتردا، لای ئەدۆنیس بە نمونە لە شیعری (لە ستایشی ئەی تەممام)دا ئەو (هێنانە ناو ژیانی رۆژانەیەدا)بەدی ناکەین و باسی فەزاو شوێنکاتە گشتییەکە (ئەوەی پەیوەندی بە رۆچوون و رامانەوە هەیە بۆ گەردوون) دەکا کە هەمیشە لەو ستایلە شیعرییە دووبارە دەبێتەوە: چەند پارچەیەك لە یاداشتەکانی ئەبی تەممام لە گێڕانەوەی میهیاری دیمەشقی:

ئەمەش گەردوونە و دەمباو بەسەرمدا زاڵ دەبێ
روو دەکەمە شوێنێکیتر
شەو ئەسپ بێت و رۆژیش سوار

هەستەکانمان سەفەر دەکەن و خەریکن پێشم دەکەون
ئەمەش دەنگمە خەریکە لە گەرووی با دەردەچێت.

درەخت ئاخاوتنە
رۆشنایش ماوەکان دەنووسێ... تاد

بەو شێوەیە تا کۆتایی شیعرەکە بەردەوام دەبێ، ئەگەرچی باس لە (جاسم- ئەو گوندەی ئەبو تەمامی لێ لەدایکبووە)و بەغدادیش دەکات، بەڵام (ئەوکاتی) جاسم و بەغداد.. ئەگەر بەنمونە بەو ستایلە شیعریەی کە جێی باسی منە شیعرێك لە

ئێستادا بۆ ئەبو تەمام بنووسرێ، ئەوا شاعیر ئەبو تەمام پەیوەست بەو باردۆخەی ئێستای سیاسی و ئابوری ..تاد عێراق و سوریاو دەکات و گەشتێکی ناو شەقامەکانی دیمەشق و بەغدای پێدەکا..

لەو هەڵوەستەو گەڕانەمدا لە دیوانی (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان) بە دوای دۆزینەوەی ئەو شیعرانەدا گەڕام کە دەکەونە خانەی ئەو ستایلە شیعرییە، (ئەو شیعرانەی ئەزموونی ژیانی رۆژانە دەنووسنەوە)و لەو رێگەیەوەش گەیشتمە چەند ئەنجامێك لەسەر دیوانەکە بە شێوەیەکی گشتی:

1-دیوانەکە بە دوو شێواز نووسراوە.

2-شێوازی یەکەمیان بریتییە لەو شێوازەی کە بەشێکی زۆری شیعری نوێی کوردی پێنووسراوەو تا ئێستاش پێی دەنووسرێ، کە ئەویش لە شیعرەکانی (گەردۆز، تیاترۆ، حەنین دەمکوژێ، پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان، ئەوانە، پرۆڤە، هەوەس و بۆن، پیرەکان، نەهەنگ و لەرز، خۆ ماندوو کردن، لیمۆی شیرازی) بە دەردەکەوێ، ئەگەرچی زمان و وێنە لە هەموو ئەو شیعرانەشدا زمان و وێنەی ئاڵۆز نین، بەلاَم فەزای گشتی زۆر نزیکە یا درێژکراوەی ئەو ستایلەیە کە بەشێکی زۆری شیعری کوردی پێنووسراوەو پێدەنووسرێ.

3-شێوازی دووەمیان بریتییە لە شێوازی (بەشیعرکردنی ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە) کە لە شیعرەکانی (گەرما، مردن هەمیشە ڕووخسارە جوانەکان بۆخۆی دەبا، من هەمیشە لەوێم، لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا، دەخیلت بم مەحمود زامدار، ڕۆژێك لە هەموو ڕۆژەکان سەخیفتر، ڕۆژباش ئەی برادەرە پیرۆزو جوانەکەم، پێ لێنان، دەبووایە من قەرەج بام، پیاسەیەك لەگەڵ بورهان جاهیددا، خۆناساندن، -لەسەری سەرەوەش- شیعری "دژە دیمەن")..

4- ئەگەر دیوانەکە تەنیا پێکهاتبووا لەو شیعرانەی کە لە خاڵی سێیەم دەرمهێناون، دیوانێکی نامەئلوف (بە مانا پۆزەتیڤیەکەی) دەبوو لەناو دیوانەکانیتری شیعری نوێی کوردی، بێگومان هەوڵی لەو بارەوە هەیە لێرەو لەوێ بەڵام وەك دیوانی سەربەخۆ کە هەموو شیعرەکانی بەو ستایلە نووسرابوون، نەکەوتۆتە بەرچاوی من بەلایەنی کەمەوە.

5-ئەو خاسییەتە سەرەکییانەی کە لە ستایلی بە شیعرکردنی ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانەدا هەن، بە تەواوی لە دیوانی (پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان)دا هەن.

6-فەرهەنگی ئەو شیعرانەی کە لە خاڵی سێیەمدا دەرمهێناون لە مەئلوفیەتی فەرهەنگ و زمانی شیعری کوردی لایداوە، کە ئەوەشیان بە بۆچوونی من لادان و موجازەفەیەکی یەکجار بوێرانەو جوانە لە شیعری کوردیدا.

7-دواهەمین خاڵم ئەنجامێکە کە ئەویش پەیوەستە بە دووبارە بڵاوکردنەوەی شیعری نێو دیوانەکان، زۆرجار کە شیعرێکی کوردی لە دیوانێکدا بڵاو دەکرێتەوە، ئیدی ئەو شیعرە هەر لەو دیوانەدا دەمێنێتەوە، کەچی لە کولتوریتری غەیرە کوردی زۆرجار شیعرێك لە باوەشی دیوانەکەی دەردێنن و دەیخەنە نێو چەندین و چەندین دیوانیتر، بۆ نمونە: دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە بە پرس کردن بە شارەزاو راوێژکارانی بواری شیعر، هەڵبژاردەیەکی شیعری شاعیران بڵاو دەکەنەوە، بە نمونە، بە ناوی سەد جوانترین شیعری کلاسیکی ئەڵمانی، لەو حاڵەتەدا دوو شیعری گۆیتە یا هاینە لە دیوانەکانیان دەردێنن و ئیدی سەرلەنوێ بڵاودەکرێنەوە، مەبەستم لەو پێشەکییە ئەوەیە کە پێشنیارێك بۆ بەشی فەرهەنگی رۆژنامەی هەولێر و تەواوی گۆڤار و بەشە ئەدەبیەکانی رۆژنامەکان بکەم، کە زۆر ئاساییە لەبەر جوانیی هەندێ شیعر باوەکو لە دیوانەکانیشدا بڵاوکرابنەوە، جارێکیتر و سەرلەنوێ لە لاپەڕەکانی فەرهەنگی رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکان بڵاوبکرێنەوە.. شیعری (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل ڤیڕدا)ی ئیسماعیل بەرزنجی یەکێکە لەو شیعرانەی کە شیاوی جارێکیتر و چەند جارێکیتر بڵاوکردنەوەیە.

## له دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا

ئیسماعیل بەرزنجی

(بە یادی سامالّ، پێشکەشە بە عەبەسیترین برادەرم باوەزیر عەبدوللاّ)

دیسان منم
لە من زیاتر
کێ حەنین دەیکوژێت و
رۆحی گەرمی دەخاتە بەر بایەکی سارد
منم بە ئەسپایی دێم
زێوانەکە بە خەبەر دێنم
بە زمانی گولّ پێی دەلّێم:
(دێمکە ئاوەکە بێنە، با بچین گولّە ماتەکانی سەر سینگی جوانە مەرگ ئاو بدەین
با تۆز و خۆلّی سەر دەموچاوی یەنگی دنیا بشۆینەوە)
وا دێم
بە شەقاوی لەرزۆکاوی
رووەو چێورمەکەت هەنگاو دەنێم
نە خۆلّ
نە بەرد

نه پنجەگیای سەر دڵت

هیچیان وەئاگا ناهێنم

بە ماتی دەست لە کێڵەکان وەردێنم

بەناڵەیەکی حەزین دەچرپێنمە گوێت:

- کوا مەقاماتی راکشان؟

- کوا جگەرەکێشانی پێش چوونە ناو جێگا؟

- کوا رۆمانی (مرحبا ایها الحزن)؟

- کوا لەعابەکانی زیلان؟

- کوا فاتوورەی ئاو و کارەبا؟

- کوا کاسێتی(القلب یعشق کل جمیل)؟

- کوا پاکەنی سۆمەری بولگاری؟

- کوا بالیفە گەورەکەمان؟

- کوا بەتانییە دوو نەفەرییەکە؟

- کوا ئەو مەنجەڵەی تایبەت بوو بە یاپراخی گەڵامێو؟

- کوا ئەو کۆستمەی تەنیا پایزان لەبەرت دەکرد؟

- کوا شەرابی سینزانۆ؟

★★★

وا دێم

نازانم دەمناسیتەوە یان نا؟

ئێستا سەرم کوێستانی بەمۆیەو

تێی ئاڵاوە تەم

ئێستا تەبەشم

تژییە لە قۆرت و چاڵ

ئێستا دوو چاوە قاوەییەکەم

کزو کەم حوکمن

ئێستا سیخە سیخی سینگم

رۆژە رێیەك دەڕوات

بەڵام

هەمان سەرخۆش و حەشاشەکەی جارانم

دە گوێم لێ بگرە

تا بەوپەڕی حوزنەوە پێت بڵێم:

- رەشنووسی رۆمانەکەم چی بەسەرهات؟

- پانتۆڵە قەدیفە زەیتوونییەکەم چی بەسەرهات؟

- چەرخە ئیتاڵییە ستیلەکەم چی بەسەرهات؟

- رانکۆ چۆخە مەرەزیەکەم چی یەسەرهات؟

- ئەو رەسمەی لەگەڵ جەلیل قەیسیدا گرتبووم چی بەسەرهات؟

- ئەلبومی رۆژی شەکراو چی بەسەرهات؟

- بەدلەکەی عید میلادی کاڵێ چی بەسەرهات؟

- رادیۆ هەشت مەوجەکەم چی بەسەرهات؟

★★★

هەست دەکەم

کۆترە باریکەیەك

لەسەر شانی راستەم دەنیشێتەوە

دەزانم

ئەمە رۆحیانەتە شەکەتەکەی تۆیە

بە گمەیەکی پڕ لە بێزاری پێم دەڵێ:

- یەکەم چرپەی عەشقەکەت لە کوێیە؟

- ژمارەی یەکەم تەلەفۆنت لە کوێیە؟

- یەکەم نامەی کە بۆت نووسیم لە کوێیە؟

- یەکەم ئوتێل کە روومان تیچکرد لە کوێیە؟

- یەکەم جێ ژوانمان لە کوێیە؟

لەپڕ دەفڕی و دەروازەی قەبرستانم بە باڵە شکاوەکانت لێ دەگری و

بە تورەیی پێم دەڵێی:

- ئەی پیاو ئەی دڕندەی تێرنەخۆر

- ئەی دەعبای مشەخۆر

- ئەی گەورەترین درۆزنی مێژوو

- ئەی ساختەچی، کارخانەچی

- تۆ کە ئێستا لەباوەشی ژنێکی دیکە دای

- تۆ کە ئێستا بۆنی هەناسەیەکی دیکە دەکەی

- بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم

- بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردم ببینم، هەی تف لە ژیان.

سەرچاوەکان:


- پەست وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان..ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای ئاراس 2007
- برتولت بريشت.. مختارات شعريه شامله..ترجمه و تقديم: احمد حسان، منشورات الجمل، بيروت2009
- شرق عدن غرب الله، محمد الماغوگ، دار المدى2007
- ستایشی شتە روون و پەنهانەکان، ئەدۆنیس، وەرگێڕانی د.موحسین ئەحمەد عومەر، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر 2009
- الحب كلب من الجحيم.. جارلس بوكوفسكي ترجمه: سامر ابو هواش.. منشورات الجمل، بيروت 2009

**http://www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=1243**

# تایپۆگرافیای

# (تا ماتەمی گوڵ..تا خوێنی فریشتە)ی بەختیار عەلی



سەرچاوەی وشەی تۆپۆگرافی (Topografie) لە هەردوو وشەی گریکی تۆپۆس (topos) بە مانای (شوێن) و گرافۆ (grapho) بە مانای (نووسین) هاتووە.. تۆپۆگرافی لە سەردەمی ئێستامان بە مانای دەستنیشانکردنێکی وردی سەرڕووی زەمین دێ بە هەموو ڕەگەزە سرووشتی و مرۆییەکان، لە چیا و دارستان و بەنداو و دۆڵ و کانی و قەڵات و کارگە و ڕێگاکان و..تاد لەسەر نەخشە.

ئەو وشەیە لە زانستی جوگرافیاوە سودی لێ وەرگیراوە و پەڕیوەتەوە نێو ئەو خوێندنەوانەی کە بۆ شیعر دەکرێن و وەك تێمەیەك بۆ دەست نیشانکردنی شێوە و چۆنییەتی پەرشکردنی پیت و وشەکان بەناو لاپەڕەکاندا، ئەو پرۆسەی خوێندنەوەیە لە رەخنەی ئەدەبیدا ناونراوە تۆپۆگرافی دەق، یا (تۆپۆگرافیای دەق).. کەوابێ تۆپۆگرافیای دەق: بریتییە لە دەست نیشانکردنێکی وردی دابەشکردنی پیت و وشە و ڕستەکان لەناو لاپەڕەدا و پەیوەندی ئەو شێوە دابەشکردنە بە ناوەڕۆکی دەقەکە.

رەنگە هانا بردن بۆ زانستی تۆپۆگرافی لەپێناو دەست نیشانکردنی چەند لایەنێکی دەقی شیعری لە سەردەمێك کە

تەکنەلۆژیا بە گشتی و بەرنامەکانی کۆمپیوتەریش بە تایبەتی لە بواری (تایپۆگرافیا= Typography) هێشتا هێندە پێشکەوتوو نەبوون، ئەوا کارێکی درووست بووبێ، بەلاّم لە ئێستادا تایپۆگرافیا هونەرێکی تایبەتە بە چاپکردنی تێکست بە هەموو وردەکارییەکانەوە.

لە کۆندا فۆرمی شیعر و شێوەی چاپکردنیان لەسەر لاپەڕەکان لە هەموو جیهاندا لەیەك دەچن.. لەو نووسینەدا ئەو شیعرانە ئامانجی نووسینمان نابن کە لەسەر تابلۆی قوڕین دۆزراونەتەوە، چونکە قسە لەسەرکردنیان پانتاییەکی فراوانتری گەرەکە و بە شێوەیەکی گشتیش دابەشکردنەکان زیاتر لە پەخشان دەچن لەوەی لە شیعر، ئەمە و جگە لەوەی کە لە وەرگێڕانیان بۆ زمانەکانی ئێستا هەر یەکەو فۆرمێکیان پێیان بەخشیوە..داستانی گلگامێش و سروودی سروودەکانی سلێمان دوو نمونەی ئەو بابەتەن.



(گلگامێش) لەسەر تابلۆی قوڕ.




تایپۆگرافیای (سروودی سروودەکان) لەسەر کاغەز.

ئەوەی کە پەیوەندی بە چاپکردنی شیعرەوە هەبێ لەسەر کاغەز لە کۆندا بە شێوەیەکی گشتی دابەشبوونێکی ستوونیان هەیە و چەند جۆرێکن وەك بەیتێك و بۆشایی و بەیتێکیتر، یا هەموو بەیتەکان بەدوای یەکتر دادێن، یا چوراینە کە دوو بەیت بە یەکەوە و دواتر چوارینەیەکیتر و..تاد..وەك

دەردەکەوێ فۆرمی شیعر بە شێوەیەکی گشتی شێوەیەکی ستوونی هەبووە.

یەکێ لەناوە درەوشاوەکانی شیعر کە ئەو دابەشکردنەی گۆڕی و تێکیشکاند (رامبۆ 1854-1891)ی شاعیرە، کە لە پەخشانە شیعرەکانی (وەرزێك لە دۆزەخ، پاش لافاو، بۆ عەقڵ، بەربەری، صوفیەو ..تاد) بە ئاشکرا دیارە.. شێوەی دابەشکردنی چەند دێرێك لە پەخشانە شیعری (وەرزێك لە دۆزەخ)، وەرگێڕانی: کەریم دەشتی.

((من مێژووی فەرەنسام لەبەرە، دامەزرێنەری یەکەمین کاتدرال، دەتوانم بەدرۆ بچمە حەجی زەوی موقەددەسەوە؟لەناو زەینمدا چەندین ڕێگا هەیە دەچێتەوە سەر دەشتایی باڤاریا، هەروەها چەندین وێنە لە بیزەنتە و قەلاکانی ئۆرشەلیم.. تەسبیحکاری بە مەریەم، غەریبی کردن بەسەر خاچەوە، لە دڵمداو لە نێوەندی هەزاران جوانی دونیاییدا ڕادەبن.. من بەمکوڕیەوە بەسەر تاوە و گەلا هەڵپاچراوەکانەوە ڕونیشتووم، بەتەك ئەو دیوارانەوە کە خۆر خواردونیەتی، لە توانامدایە بە دەربەردەری، لە ژێر ئاسمانی ئەڵمانیادا خۆم رووت کەمەوەو بچمە ئەو گۆڕەوە)).

دوای ئەوە، فۆرمی شیعر لای فۆرمالیستەکانی رووس و پاشان لای سوریالییەکان و دادابیەکان، گۆڕانی زیاتریان بەسەر دادێ و تا بەوە دەگات کە وێنە بە وشە بکێشن و پەیوەندییێکی بەهێز درووست بکەن لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا.. ئەو پاشخانە وردە وردە لە زانستی تایپۆگرافیا پەرەی پێدرا تا گەیشتە خاڵێك، لە هەندێ شیعردا وەرگر ئەوەندەی هەڵوەستە لەسەر فۆرم دەکا، ئەوەندە لەسەر ناوەڕۆك نا، وەك لەو سێ نمونەیە دەیانبینین:

نمونەی یەکەم:



**نمونەی دووەم:**




**نمونەی سێیەم:**




له خوێندنەوەی (تا مەتەمی گوڵ.. تا خوێنی فریشتە)، ((کۆی بەرهەمە شیعرییەکان 1983-2004))ی کاك -بەختیار عەلی- دا (فۆرم و تایپۆگرافیای کتێبەکە) زانیارییەکانی سەرەتای ئەو وتارەی سەبارەت بە شیعر خستەوە یادم.. بۆیە دەمەوێ لەو نووسینەدا هەڵوەستیەکی خێرا لەسەر فۆرمی ئەو کتێبەدا

بکەم و چەند تێبینییەکیش سەبارەت بە پەیوەندی ناوەڕۆك بە فۆرمی کتێبەکەوە دەربېڕم.

کاك (حەمە سەعید حەسەن) سەبارەت بەو کتێبە نووسیویەتی: (لەو دیوانەدا کە لە 550 لاپەڕە پێك دێت، ڕووبەڕووی زۆر شت دەبیتەوە، تاقە شتێك کە بێویژدانی و زێدەڕۆیی ناکەم، ئەگەر بڵێم، تووشی نابیت، شیعرە. کێشەکە ئەوە نییە من دژی نویٚ کردنەوەی شیعر بم، کێشەکە ئەوەیە، لەو بەرهەمە ئەستوورەدا، نە هەستم بە هەبوونی پەخشانە شیعر کرد، نە هەبوونی پەخشانی ئەدەبی.)

بابەتی نوێکردنەوەی شیعر لەو کتێبەدا، کە کاك حەمە سەعید حەسەن باسی دەکات، ئەگەر پەیوەندی بەو فۆرمە پەخشانئامێزەوە هەبێت کە لە سەرلەبەری دیوانەکەدا هاوشێوەن، وەك لەسەرەتادا باسم کرد نویٚ نییە، چونکە ئەو شێوە دابەشکردنە بە کۆمەڵێك قۆناغدا تێپەڕیوە و لە زۆر قۆناغدا و لای زۆر لە شاعیرانی دنیا و تەنانەت لای کوردیش بوونی هەبووە.. بۆیە من هیچ نوێکارییەك لەو فۆرمەدا نابینم.. بۆ نمونە: دەرچوون لە فۆرمی شیعری ستوونی لای عەرەبەکان، رەخنەگرتن بوو لە فۆرمی شیعر نەك لە

شیعریەتی شیعر.. ئەوەی کە لە شێوەی (تا ماتەمی گوڵ .. تا خوێنی فریشتە)شدا دەیبینین، تەنیا نەنووسینەوەی ڕستەکانە وەك ڕستەی شیعری، بە دیوێکیدی ئەو دابەشکردنە تایپۆگرافییەی کە شیعری ئازاد هێنایە پێشەوە و ئێستا هەموو شاعیرانی دنیا لەسەری کۆکن بەو چەند جۆرە دیارەی کە هەیە لەو تێکسانەی ناو (تا ماتەمی گوڵ.. تا خوێنی فریشتە)دا بە کەمی بوونی هەیە، ئەوەی دی لە شێوەی پەخشان چاپکراوە، ئەو جۆرە چاپکردنەش نوێ نییە و پەیوەندی بە جۆرێك لە پەخشانە شیعرەوە هەیە کە رامبۆ دەستیپێکرد.. بۆ ئەو دوو ڕستەیەی کاك حەمە سەعید حەسەن کە دەڵێ:( نە هەستم بە هەبوونی پەخشانە شیعر کرد، نە هەبوونی پەخشانی ئەدەبی).. بێگومان پەخشانە شیعریش وەك هەر هونەرێکی دی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و بە هەندێ خاسیەت دەناسرێتەوە، (گێڕانەوە) جەوهەری ئەو هونەرەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لێك جیاکردنەوەی شیعر و پەخشانە شیعر لەسەردەمی ئێستاماندا لە هەندێ شوێن وا تێکەڵ دەبن کە لێك جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، بۆ نمونە: بەشێك لە رەخنەگرانی عەرەب، شیعرەکانی ئەدۆنیس

و محەمەد ئەلماغوت دەخەنە بۆتەی پەخشانە شیعر، کەچی ستایلەکانیان زۆر لێك جیایە، بە تایبەتیش لە ڕووی زمانەوە.. زمانی (تا ماتەمی گوڵ .. تا خوێنی فریشتە) هۆیەکی زۆر کاریگەرە بۆ بە پەخشان نووسینەوەی کتێبەکە لە ڕووی تایپۆگرافییەوە.. لە زۆر شوێنی کتێبەکە بەو فۆرمەی کە هەیەتی (کە ئەویش ئەنجامی ناوەڕۆکەکەیە) تەنیا داڕشتنێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، تێکستی(ئای لەو ڕۆژگارە خۆشانە.. هاوارەکانی ئەهریمەن.. گەڕانەوە)، نمونەی دیارن بۆ ئەو بۆچوونەم، بە هەر سێ تێکست 59 لاپەڕەی پڕن و شێوەیان پەخشانە، گێڕانەوە تێیاندا تەواو زاڵە، دووبارە کردنەوەی وێنە لە گۆشەیەکیدی بۆ هەمان بابەت یەکجار زۆرە.

لە خوێندنەوەی ئەو تێکستانەدا دەگەیتە ئەوەی کە تۆ داڕشتنێکی ئەدەبی دەخوێنیتەوە نەك شیعر، ئەو حاڵەتە تەنیا لای کاك (بەختیار عەلی)دا بوونی نییە، بۆ زۆرێك لە ئەدیبانی دنیاش هەر وابووە، هێزی گێڕانەوە و درێژکردنەوە بەسەر ستایلی نووسینیاندا زاڵە، بۆیە لە خاڵێك، واز لە شیعر دێنن و بەرەو ژانری دی دەپەڕنەوە، هەر بۆیەش دەبینین کە نووسەری ئەو تێکستانە کاك (بەختیار عەلی) لە نووسینی

ڕۆمان سەرکەوتووترە لەوەی لە شیعر، ئەگەرچی لە ڕۆمانیشدا گێڕانەوە زۆر درێژ دەکاتەوە.

هەر لە وتارەکەی کاک (حەمە سەعید حەسەن)دا، کە باس لە هەڵەی چاپ و ڕێنووس دەکات، دیسان پەیوەندی بە زانستی تایپۆگرافیاوە هەیە، کە لەوێش من کۆکم لەگەڵی، بەلاّم ڕەنگە لەو ڕووەدا کاک بەختیار عەلی تێیدا زۆر بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ نەبێ، چونکە ئەوەیان زیاتر کێشەی دەزگاکانی چاپ و بلاّوکردنەوە و نەبوونی ڕێنووسی هاوبەش بێ کە تا ئێستا هاوبەندیی و کۆکییەکی جێگیری لەسەر نییە.. لە ئەنجامی ئەو چەند ڕستەیەدا، ویستم زۆر بە کورتی _ بۆ ڕۆژنامە_بڵێم، کە تایپۆگرافیای (تا ماتەمی گوڵ .. تا خوێنی فریشە) بە هیچ شێوەیەك تایپۆگرافیای شیعر نییە.. کە ئەوەش هۆیەکە بۆ بێ لەززەت کردنی شیعر و تەنیا بە بینیی ئەو قەرەباڵغییە، خوێنەر هێزی خوێندنەوەی دەچێ، چونکە تۆ بە پێشینەی خوێندنەوەی شیعر (لەسەر بەرگەکە نووسراوە بەرهەمە شیعرییەکان 1983-2004) ئەو کتێبە دەگریتە دەست، کەچی شتێکی دی لەناو دەستەکانت

**دەبینیەوە کە لە زۆربەی لاپەڕەکاندا، زیاتر پەخشان دەبینیەوە نەوەك شیعر.**

**سەرچاوەکان:**


-**(تا ماتەمی گوڵ .. تا خوێنی فریشتە) بەختیار عەلی..**
**چاپخانەی رەنج**2006

-**(دیوانێکی بێ شیعر)، حەمە سەعید حەسەن، سایتی دەنگەکان**
http://www.dengekan.info/dengekan/6/11930.html

-
http://de.wikipedia.org/wiki/Topografie_(Kartografie)

# تێمە (Thema) لە دیوانی

# (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی)ی

# تەڵعەت تاهیر



شاعیر دواجار نێرەرە، خۆیی و دنیابینی خۆی لە ڕێگای (تێمە_بابەت)ێکەوە دەنووسێتەوەو دەیداتە وەرگر.. نێنەر لە شیعردا لە ڕێگای هەڵبژاردنی وشە و درووستکردنی ڕستەوە، درووستکاری گوتنە.. گوتن لە ڕێگای بابەتەوە درووست دەبێ و دەدرێتە وەرگر.. وەرگر ئەو کەسەیە کە گوتنەکە(شیعر)ەکە دەخوێنێتەوە یا دەیبیستێ..

دکتۆر عەبدولواحید مشیر دزەیی لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە هێلکارییەکی سێگۆشەییدا جوان لەو هاوکێشەیە دەدوێ، سەرەتا لە گۆشەیەکی ژێرەوە نێنەر هەیە و لە ناوەڕاستی سێگۆشەکەدا وشە دێ و لە لووتکەی سێگۆشەکە بابەت و گۆشەی خوارەوەی سێگۆشەکەش وەرگر..کەوابێ تێمە لووتکەی ئەو سێگۆشەیە کە شیعرە.

مەبەست لەو هاتنەژوورەوە کورتە ئەوەیە کە بڵێم: هەڵبژاردنی بابەت بۆ گوتن و باسکردنی دنیابینی لای شاعیر کارێکی یەکجار گرنگە کە دواتر چییەتی هەڵبژاردنی تێمەکە دەبێتە هۆیەك بۆ دەستنیشانکردنی چەندییەتی جوانیی تێکستەکە.. زۆرجار دەپرسم: بابەتەکانی شیعری کوردی بە شێوەیەکی گشتی

چین؟ شاعیرانی کورد دەیانەوێ چی بڵێن و هەوڵیانداوە چ شتێ بکەنە بابەتی شیعرەکانیان؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارانە نەك هێندە سانا نین بەڵکو ناتوانین هەر وەڵامیشیان بدەینەوە تەنیا لە دوو حاڵەتدا نەبێ..یەکەمیان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەوەیان بۆ من کارەساتێکی گەورەیە، چونکە هیچ لۆژیکبوونێك لەو خوێندنەوانەدا بەدی ناکەین کە دەگشتێنن، دووەمیان بریتییە لەوەی کە تاك تاکی شیعرەکان وەربگرین و لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکیدا کاریان لەسەر بکەین، چونکە بابەت لە (بەشێکی زۆری شیعری کوردی)دا ئارام و جێگیر نییە و هەمیشە لە گۆڕاندایەو چەندین بابەتی پەراوێزی دەبنە ئەستێرەی بچووك و بە دەوری خۆرێك کە تێمەی سەرەکییە دەخولێنەوەو هەموویان بەیەکەوە کۆمەڵەی خۆرێك یا فەزاییێك دەخولقێنن..من لەو نووسینەمدا هەوڵدەدەم لە دیوانی (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی)،دەستنیشانی بابەتەکانی بەشێکی زۆری شیعری (رۆژێك لە رۆژان دەبم بە خۆم) بکەم و لەو رێگەیەوەش هەوڵدەدەم بگەینە چەند ئەنجامێك:

شیعری (رۆژێك لە رۆژان دەبم بە خۆم)

بەر لەوەی لەسەر مەبەستی ئەو گەڕانەی خۆم کار بکەم، بە باشی دەزانم چەند تێبینییەك لەسەر ئەو شیعرە (ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبم بە خۆم) بدەم کە بۆتە جێگای مشتومڕی نێو ڕۆژنامەکان و وای بۆچوونە کە چەند دێڕێکی لە قەسیدەی (الجداریە)ی مەحمود دەروێش دەچێ یا چەند ڕستەیەکی لەو وەرگیراوە..

1-(الجداریە)ی مەحمود دەروێش قەسیدەکی(100)لاپەڕەییە، لێکچوونەکان بەو شێوەیەن: (سأصیر یوماً ما أُریدُ) لای تەڵعەت تاهیر ئاوایە: (ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە ئەو کەسەی دەمەوێ).. یا (لأُکْمِلَ رحلتي الأولی إلی المعنی) لای تەڵعەت تاهیر بەو شێوەیە (درێژە بە گەشتی یەکەمم دەدەم بەرەو مانا)..

(سأصیر یوماً شاعراً

والماءُ رهنُ بصیرتي. لُغتي مجاز للمجاز،

فلا أقول ولا أشیر)

لای تەڵعەت دەبێتە:(ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە شاعیر) (زمانم دەکەمە مەجازی مەجاز).. ئەوە کۆی ئەو لێکچوونانەیە کە لە هەردوو شیعرەکەدا هەن، لە (الجداریە) تەنیا 20 لاپەڕەی یەکەم بەو

هەناسەیە شیعرییە نووسراوە، ئیدی لەوێوە هەم تێمە و هەمیش هەناسەو موزیکی شیعرەکە دەگۆڕێت و دەبێتە فەزایەکی جیاتر لە فەزای ئەو هەناسە شیعریەو ئەو شێوازەی کە دەڵێ:

سأصيرُ يوماً فكرةً..

سأصير يوماً كرمةً..

سأصير يوماً كائراً..

سنكون يوماً ما نريدُ ..

شاعیر ئەگەر کار لەناو دەقئاوێزانی و کاریگەرنەبوون نەکا، باوەڕم وایە دەقی خاڵی لە ئێستەتیك بەرهەمدەهێنێ.. گرنگی دەقئاوێزان و سوودوەرگرتن لەوەدایە کە فەزایەکی شیعری یەکجار فراوان و جوان لەو درێژبوونەوەیە ئیبداعیە درووست بکرێ کە گومانم نییە پێش دەروێشیش گوتراوە.. دەروێش دەڵێ: ڕۆژێ دەبینە ئەوەی کە دەمانەوێ.. لە شیعری (ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم) گوتراوە: ڕۆژێ دادێ لەناو ئێمەدا خۆم دەردێنم.. یەکەمیان: بە (کۆ) قسە دەکا و دەیەوێ لەگەڵ (کەس–کەسانیتر) ببنە ئەو شتەی کە دەیانەوێ، کەچی

دووەمیان: خۆی لەناو (کۆ-ئێمە)دا دەردەهێنیٚ، ئەریٚ دەزانن چەند کیلۆمەتر تێروانینی جیاواز و جیاوازیی هەیە لەنێوانی ئەو دوو رستەیەی کە بە روالەت وا دیارە لە یەکتر دەچن؟ دیوانی مەلای جزیری سەرتاپای ئاوایە لەگەلٚ حافزی شیرازی و کەسێکیش نییە (جگە لەوانەی کە بە قوولی لە شیعر تێناگەن) بتوانیٚ نکۆلی لە داهێنەریی جزیری بکا..من لەو رۆژانەدا لە وەلامی پرسیارێکی رۆژنامەی رووبەردا ئاوا لەو حالەتە دوام بۆیە پێم باشە کۆپییەکی وەلامەکەم لێرە دابنێمەوە: (تەماشای حافزی شیرازی و جزیری بکە: (ألا یا أیها الساقی ادر کأسا و ناولها .. که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها)..ئەوە بەیتێکی حافزی شیرازییە، مەلای جزیری ئاوای لێکردووە، (ألا يا أيها الساقي أدر كأساً وناولها ..متى ما تلقَ من تهوى دعِ الدنيا وأهملها)نیو بەیتی یەکەمی وەکو خۆی نووسیوەتەوە، دکتۆر محەمەد عەبدولرەحمان لە کتێبێکی ئەکادیمی زۆر لۆژیکی و جواندا دەستنیشانی ئەو کاریگەریانەی کردووە کە شیعرەکانی شیرازی بەسەر شیعرەکانی جزیردا هەیانبووە، دەگمەن بەیتێك دەبینیەوە لای جزیری کە کاریگەری حافزی بەسەرەوە نەبووبیٚ، لەگەلٚ ئەوەش جزیری لە بەیتێکدا دەلیٚ:

ژ حافز، قوتبێ شیرازێ، مەلا فەهم ئەر بکێ رازێ

ب ئاوازێ نەی و سازێ، ب بەی بەر چەرخی پەروازێ

دکتۆر محەمەد عەبدولڕەحمان لە شەرحی ئەو بەیتە دەڵێ: جزیری لێرەدا دەیەوێ بڵێ کە من بە باشی لە حافز گەیشتووم و هەروەها داهێنەریی شاعیرانەشم هەیە و زمانی کوردیشم کردۆتە قاڵبی داڕشتنی ئەم داهێنەرییەو پێویست ناکا ئیتر بەرەو شیراز بڕۆین....بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونانە نیم کە تۆمەتی دزیی دەدەنە پاڵ شاعیران.. تەنیا لە حاڵەتێك نەبێ کە تەواوی قەسیدەیەك کۆپی بکرێ و بە ناوی یەکێکیتر بڵاوبکرێتەوە، وەکیدی کاریگەری و ئاوێتەبوون بە تێکستیتر نەك هەر ئاساییە بەڵکو زۆر پێویستیشە ئەگەرنا تێکست هەمیشە بریتییە لە حاڵەتێکی خۆڕسکی عاتیفی ئینشائامێز..) بە بڕوای من بەو ستایلە کارکردن لە شیعردا کاری شاعیری داهێنەرە..دەروێش دەڵێ: زمانم مەجازی مەجازە.. تەڵعەت تاهیر دەڵێ: زمانم دەکەمە مەجازی مەجاز.. من پێمخۆشە تەڵعەت بە ئاگادارییەوە ئەو کارەی کردبێ، چونکە وەك گوتم: بەو جۆرە کارکردن لەنێو شیعردا رێك ئەو جۆرە کارکردنەیە کە جزیری لەسەر حافز

کردوویەتی.. بێگومان (هەرکەسێك هات و گوتی شاعیرم) ئەو کارانەی پێناکرێ.

2-دەبێ ئەوانەی کە خەریکی شیعرن لەوە تێبگەن کە نەك بە تەنیا شیعر، بەڵکو هەموو کولتوری دنیا: یەك کتێبە ئێمە دێین بە ستایلی خۆمان، جارێکیتر و سەرلەنوێ ئەو کتێبە یا بەشێکی ئەو کتێبە دەنووسینەوە..

3- لە نووسینێکدا ئاماژەم بە قسەیەکی هاشم سەڕاج کردووە، بە پێویستی دەزانم لێرەدا دووبارەی بکەمەوە کە سەبارەت بە (دزی)و(دەڤئاوێزانی) نووسیویەتی:((بەر لەوەی ڕووەو جیهانی دەڤئاوێزانی هەنگاو بهاوێژم حەزدەکەم لە تەهی دڵ و دەروونەوە ڕازێ بدرکێنم و بڵێم "سەرپاکی داهێنەرە وەهم و ئێستێتیك نووسەکانی سەر ڕووی ئەم سەرزەمینە ـ دزن ـ "، بەڵام دزییەك تێکەڵ و ئاوێتە بە ئەڤین و نەشئە و جوانی، سۆفی و سەرمەستانی ئەهلی دڵ کە بەردەوام لە کونج و کولبە و خەڵوە و ژیاندا سەرقاڵی ڕامان و موتالاَن، بە بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت ئیکسیری پاژ و ڕەحیقی مۆناد و نەشئەو ئیشراقییەکانی ئەوی دی دەدزن ....تاد)) بە تەعبیرێکیتر: تۆ کە دەخوێنیتەوە ئیدی هەموو

رسته جوانەکان لە یادگەتدا تۆمار دەبن، زۆر ئاساییە لە حاڵەتێك ئەو جوانیانە ئاوێزان و تێکەڵی دەقێکی تۆ بن، بێگومان ئەو حاڵەتە بۆ ئەو کەسانە درووست دەبێ کە دەخوێننەوەو دەیانەوێ تێکستی ئێستەتیکی بەرهەمبهێنن، تەڵعەت تاهیر یەکێکە لەوانە.. مەبەست لە (دز)بوون لەو پەڕەگرافەی کاك هاشم سەڕاج ئاوێتەبوونە بە دەقیتری داهێنەرانە.

4- لە تەواوی ئەو دیوانە (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی) (جا بەهەر هۆیەك بێ) ئەو چەند رستەیە دەرهێنراوە کە لە چەند دێرێکی دەرویش دەچێ.. من گومان ناکەم کە چەندین لێکچوونیتریش لەنێوان چەند رستەیەکیتری ئەو دیوانە لەگەڵ شیعری شاعیرانیتری دنیادا هەیە، بەڵام بۆ ئەو وتارەی (رۆژنامەی رۆژنامە) نەیتوانی دەستنیشانیان بکا؟ نەك هەر ئەو وتارە بەڵکو سەدان وتاریتریش ناتوانێ دەستنیشانی دەقیقی ئەو ئاوێتەبوونەی تەڵعەت تاهیر بکا بە شاعیرانیتری دنیا، چونکە شاعیری داهێنەر دەبێتە بەشێك لە کولتوری هەموو جیهان، یا هەموو کولتوری دنیا لە زاکیرەی ئەودا کۆدەبێتەوەو لە چرکەیەك لە چرکەکاندا دەقێکیتر دێتە بەرهەم کە هەڵقولاوی رۆح و مەعریفەو هەستەکانی دەقنووسە.

5- شیعرەکانی (هەموو ساڵێ خۆشەویستم بیت) و (سروودێکی دیکەی سولەیمان) و ( لەبەردەم سێوەکەی بۆدلێردا) و (ساتێك پێش هاتنی ڤەرجیل) باشترین بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دیوانی (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی) دیوانێکە هەروا بێ تێپەڕین بە نێو تونێڵی ئاگرینی  عیشق و شیعر و مەعریفەی شیعری نەهاتۆتە بەرهەم و لەوەیش زیاتر ئاوێتەیەکە لە ڕۆحی شاعیر و شاعیرە ئێستەتیکییەکانی جیهان.. بۆیە دیوانێکی جوانە و هەروا سانا خوێنەر بەسەریدا تێناپەڕێ.

بەو چەند تێبینییە خێرایە واز لەو بابەتە دەهێنم و دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مەبەستی ئەو نووسینە کە ئەویش بریتییە لە:

تێمە لە شیعری (ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبم بە خۆم):

لە ڕێگای چەندین تێمەی سەربەخۆی خێراو تێپەڕ کە لە پەرەگرافی جیاجیاو وێنەی جیاجیادان هەوڵدراوە تێمەیەکی سەرەکیی درووست بکرێ کە ئەویش (خۆبوونە)..هەر لە تایتلەوە تا سەرەتای پەرەگرافەکان و تا قفڵی شیعرەکە تێمەی سەرەکی بەو شێوەیە دووبارەدەبێتەوە:

1-ڕۆژێ دادێ دەبم بەو کەسەی کە دەمەوێ.

2-ڕۆژێ دادێ لەناو ئێمەدا خۆم دەردێنم.

3-ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە شاعیر.

4-ڕۆژێ لە ڕۆژان دەست لە غروری زیندووان هەڵدەگرم.

5-ڕۆژێ لە ڕۆژان بەتاڵ دەبمەوە لە توندڕەوییم بۆ شوێن.

6-ڕۆژێ دادێ تەیرێك لەسەر شانم دەنیشێتەوە و دەبمە پاشا.

7-ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆم بە گرینگ دەزانم.

8-ڕۆژێ لە ڕۆژان بەلەمێك دەدزم.

9-ڕۆژێ لە ڕۆژان نابمە کەس، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە خۆم.

وەك دەردەکەوێ تێمەی سەرەکی (خۆبوونی) شاعیرە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەو بابەتانە چین کە بەهۆیانەوە شاعیر دەگەیەنێتە ئامانجێك کە ئەویش خۆبوونە؟

1-درێژە بە گەشتی یەکەمم دەدەم بەرەو مانا.

2-لەو ئاگرانە سڵ ناکەمەوە کە باز دەدەنە سەر جوانی.

3-دەخیلەی کات و شوێن دەشکێنم.

نووسینەوەی هەموو ڕستەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی کە بە هۆیانەوە بابەتی سەرەکی پێدرووست دەکرێ، ئەو نووسینەی من زۆر درێژ دەکات و ئیدی لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەك کە بۆ ڕۆژنامەیەك ئەنجامی دەدەین دەردەچێ و دەبێتە پرۆژەیەکی درێژتری پڕ لە کون و کەلەربەر و هەمەلایەنە، بۆیە وەك نمونە قسەیەك لەسەر ئەو سێ ڕستەیە دەکەم..

بۆ ئەوەی شاعیر ببێتە خۆی، درێژە بە گەشتی یەکەمی دەدا بەرەو مانا، یەکێ لەو بابەتانەی کە بۆ ئەوەی شاعیر بکات بە خۆی گەیشتنە بە(مانا).. مانا رووە ئاشکراکەی ئەوەیە کە هەموومان دەیزانین و نیمچە گشتگیرییەکیش هەیە لەسەر پێناسەکردنی، دیوەکەی تریشی ئەوەیە (ها قد خرجت من دار الفاني و سافرت الی دار المعنی) مانا لێرەدا یانی حەقیقەت و مردن..کەوابێ ئەو گەشتە بەرەو مانا لەپێناو درووستکردنی لایەنێکی خۆبوونە..ئاکام ئەوەیە: شاعیر بۆ ئەوەی ببێت بە خۆی یەکەمجار گەشت دەکا بەرەو مانا..لێرەدا مانا تێمەیەکە کە لەگەڵ چەند تێمەیەکیتر، تێمەی سەرەکی دەخولقێنن.. رستەی دووەم (لەو ئاگرانە سڵ ناکەمەوە کە بازدەدەنە سەر جوانی) تێمە تێیدا تەقدیسکردنی جوانییە، لە رستەی سێیەمدا نەهێشتنی (کات و شوێنە).. کەوابێ ئێمە سێ بابەتمان هەیە بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە بابەتێکی سەرەکی ببینین 1- گەیشتن بە (مانا). 2-تەقدیسکردنی جوانیی. 3-نەهێشتنی کات و شوێن.. لە درێژەی شیعرەکەدا بابەتیتر هەن کە ئەوان بێ هێنانەوەی رستە شیعرییەکان دەنووسمەوە، تەنیا لە حاڵەتی پێویست نەبێ..بە نمونە لە جیاتی ئەوەی ئەو نمونە بهێنمەوە کە دەڵێ: (بە روونی لە ئاڵۆزیدا دادەنیشم) من تەنیا

دەنووسم (روونیی).. کەوابێ تێمەی چوارەم لەو شیعرەدا: تەفزیلکردنی روونییە. 5-رێزگرتنی سرووشت. 6- هەوڵدان بۆ دڵشاد بوون. 7-دژبوونی غرور. 8-قبوڵکردنی یار تا سەر ئێسقان. 9-خاکەڕایی و گەیشتن بە پلەی سفر لە بوون و نەبوون (چەشنی مشتە خوێیەك لە ژیاندا دەتوێمەوە.. دەشزانم تام نادەمە جامێ ئاوی ئەو دنیایە). 10- بە گرنگ زانینی ئاوێتەکردنی دڵ و عەقڵ ( هەوڵدەدەم باوەڕ بە مەحوی بێنم .. کە قومێ عەقڵ لە دەفری مارکس بخواتەوە) 11-پەرەگرافەکە ئاوایە:

دەگۆڕێم
تێدەکۆشم نان ئینکاریم لێ نەکا.
خۆشەویستی دەسەنمەوە،
لە بەکرە جۆ بە قوربانی ژنێك دەبم،
لە ئەستەنبۆڵ لە مزگەوتی ئایاسۆفیا تۆبە دەکەم.

بابەتەکان بە تێگەیشتنی من ئاوان: ( گۆڕان، پاراستنی بژێوی، سەندنەوەی خۆشەویستی، تۆبە) وەك دیارە لە 5 رستەدا 4 تێمە هەیە، ئەگەر بە وردی سەرنجی پێکهاتەی تێمە لەو دیوانەدا بدەین، دەبینین لە شیعرەکانیتریش هەر وایە، چەند تێمەیەکی ورد درووست دەکاو بە هەموویانەوە تێمەیەکی سەرەکی کامل

درووست دەبێ..تێمەکان لە رستەی کورت کورتدان و هەوڵدراوە تەنانەت یەك وشەیەش بە خۆڕایی نەخاتە رستەکانەوە وەك ئەوەی کە لە شیعری کوردی باوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو رستە کە بە هۆیەوە وێنەیەك و تێمەیەك هەیە، ئەو وێنەو تێمەیە دەبنە هەڵگری خوێندنەوەی جیاجیا، یاخود ئەتمۆسفیرێك درووست دەکەن کە بەهۆیەوە زمینەی فرەمانایی بۆ وەرگر دەسازێنن..

زۆر مەمنونی سێو دەبم..
پیرۆزبایشی لێدەکەم
باوەڕی بە ئادەم هێنا:
نوێخوازبێ.
ئەو خاسیەتە لە کورتبڕی و خەستکردنەوەو چڕکردنەوەی وێنەو تێمە بە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دیوانە دەزانم، تۆ سەیری ئەو چەند رستەیەی بەختیار عەلی بکە لە قەسیدەی نیشتیمان، وەك لە ناونیشانەکەدا ئاشکرایە کە تێمەی سەرەکی تێیدا (نیشتیمان)ە:

(بەڵام بڵێم چی ... گەر ڕقم لەو پیاوە تەنگ ئەستور و گومڕایانە بێت، ئەو پیاوانەی

شەوی دەجار خەنجەر لە دڵی جوانی دەدەن/ ڕۆژی دە جار کچانی ئۆفیس و نێو پاس و بەر گۆگان هەڵدەمژن/ لەدوای هەموو خامۆشبوونی لەزەتێکیشەوە/ کاتێك زریزەی پانتۆڵەکانیان دادەخەن/ باسی شەڕی چینایەتی و بەرەی گەورەی سۆشیالیزم دەکەن/ خوایە چی بکەم ... ڕقم لەو کچ و کوڕ و مامۆستا گێلانەیە).

قەسیدەی نیشتیمان ڕێك بەو هەناسەیە نووسراوە کە بۆ ئەوەی باسی تێمەیەك بکاو وێنەیەك بدا بە خوێنەر، دەبێ تۆ حیکایەتێکی دوورودرێژ بخوێنیتەوەو کە بە دیارییەوە خەو دەتباتەوە.. بۆیە ئەو قەسیدەیە هێندەی لە حیکایەت دەچێ ئەوەندەش لە شیعر ناچێ..مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو نمونەیە ئەوەبوو کە تێمە لە دیوانی (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی) خاوەنی تایبەتمەندییێکی خۆیەتی کە لە کورتترین هەناسەدا ئەو ئەتمۆسفێرە دەداتە وەرگر کە خۆی ویستوویەتی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە 5 رستەدا 4 تێمەی درووستکردووە!

بگەڕێینەوە سەر تێمە بچووکەکانیتری بە هۆیانەوە تێمەی (خۆبوون)یان لە شیعری (رۆژێ لە رۆژان دەبم بە خۆم)

دروستكردووه، 12ەیەمین بابەت: ئاشتكردنەوەیە. 13-تەقدیسكردنی مرۆڤ+نووسەر. 14-روونیی+جوانیی (ئەم دنیا ئاڵۆزە.. پێویستی بە پەیداكردنی جوانییەكی روون هەیە). 15-جوانیی (مامز دەكەمە مامانی شاعیر.. دنیا جوان دەكەم). 16-نوێخوازیی. 17-خۆ بەگرنگ زانین و گاڵتە هاتن بە ژیان، لە قووڵیەوە. 18-هەژاریی. 19-گومان. 20-گلەیی لە نیشتیمان( لە نیشتیمان دەرشێینەوە تا سكمان دێشێ.. بە مێژوو پێدەكەنین).

ئەنجام بە كورتی: لە شیعری (رۆژێ لە رۆژان دەبم بە خۆم) بابەتی سەرەكی (خۆبوونە)، شاعیر 20 بابەتیتری هێناوە بۆ ئەوەی بابەتی سەرەكیی پێدرووست بكا.. كەوابێ بابەت لەو شیعرەدا 1-هەمیشە لە گۆڕاندایە..2-زۆر بە كورتیی و بە چڕی بابەتی نێو پەرەگرافەكانی وەك یەكەیەكی سەربەخۆ درووست كردووە. 3-لە هەندێ پەرەگراف ئەو یەكێتی تێمەیە نەپارێزراوە، بەڵكو لە رستەیەك بۆ رستەیەك بابەت گۆڕاوە. 4-هەموو بابەتە بچووكەكان بە دەوری بابەتی سەرەكیدا دەسوڕێنەوەو لە خزمەتی ئەودان.. لەو نووسینەمدا تەنیا شیعری (رۆژێ لە رۆژان دەبم بە

خۆم)م وەرگرتووەو هەموو تێمە بچووکەکانم دەرهێناوە کە بە هۆیانەوە تێمەی سەرەکیی درووستکراوە، لەبەر درێژ نەکردنەوەی بابەتەکەم هەوڵدەدەم تەنیا تێمەی سەرەکیی شیعرەکانیتری ئەو دیوانە دەستنیشان بکەم.

تێمەی سەرەکی لە شیعری (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی)، (ئافرەتێکە)..

پێم ناخۆشە بچیتە سەربان و تانکی ئاوەکە پڕ بکەیت
بچیتە سەر ئەزمڕ و چای خەڵووز بخۆیتەوە
لەو بەرزاییەوە خوا ببینیێ، بۆ خۆیت دەباتەوە.

ڕێك بە هەمان شێوازی شیعری ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم تێمە لەو شیعرەشدا هەمیشە لە گۆڕاندایە، جیاوازییەکەی ڕەنگە لەوەدابێ کە لە شیعری یەکەم زۆرجار لە چوارچێوەی پەرەگرافێکدا تێمەیەکی بچووك و تێپەڕی دروستکردووە کەچی لە شیعری (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی) ئەو گۆڕانکاریانە لە ڕستەیەك بۆ ڕستەیەك یا لە دوو ڕستە جارێك ڕوودەدەن:

تۆ هەبیت ئاژاوەی دنیا نامێنێ:

بەندیخانەکان دەبنە دایەنگە
تاوانبارەکان، بە دنکە شقارتە
پیکابی بچووك بۆ منداڵە هەژارەکان دروست دەکەن.
جنێوەکان لە فەرهەنگی خاڵدا دەسڕێنەوە
قەسابەکان تا ماون بۆ ئەوە دەگرین
لەبری چەقۆ گیتاریان هەڵنەگرتووە.

بەو شێوەیە، تەواوی شیعرەکە لە تێمە گۆڕینێکی بەردەوامدایە، بە هۆیەوە ئەو ئافرەتەی کە وەسفی کراوەو پێیدا هەڵگوتراوە گەیاندراوەتە ئاساتێکی باڵا و بە بەخشینی ئەو هەموو جوانییەوە لەو شیعرەدا هەندێجار خوێنەر پرسیاری ئەوەی لا دروست دەبێ، ئایا ئەو کەسە بەختەوەرە کێیە کە ئەو شیعرەی بۆ نووسراوە؟

لە شیعری (بە بۆنەی چۆلەکەیەك بەسەر شانی داهۆڵەوە) تێمەی سەرەکی تێیدا(هانە)ی کچی شاعیرە..لە ڕێگای ئەو تێمەیە هەوڵیداوە ئەو جیاوازییە قووڵەی ناشرینی و جوانیی نێوانی دنیای منداڵەکان و گەورەکان نیشانبدا، دکتۆر سەرەوەر عەبدوڵڵا لە پێشەکی ئەو دیوانە سەرەبارەت بەو شیعرە نووسیویەتی:(تێکستی – بە بۆنەی چۆلەکەیەك بەسەر شانی

داهۆڵەوە- دەنگی شیعری بە دوای ئەو سۆزە مرۆڤایەتییەدا دەگەڕێت، کە بکرێت ئەو پەیوەندییە تایبەتەی نێوان خود و منداڵەکەیەوە هەیە بکاتە ئاستێك لە ئاستەکانی رەنگدانەوەی زنجیرەیەك خەون و پەنهانییەکانی کۆمێدیای بێ خەتایی و خوایەکانی ئاکاری سرووشتی هەست و نەست و ویستی مرۆڤ).. لە شیعری (ئەگەر لە وێیت..دێم) ئەو تێمانەی کە تێمەی سەرەکی پێدرووستکراوە لە پەرەگرافەکاندا کۆکراونەتەوە، ئەو شیعرەش وەکو ئەوانیتر تێمەکانی لە گۆڕانی بەردەوامدان، بە شێوازێك دەستپێدەکات کە موخاتەبەی ئەویدی بەرانبەر دەکات، بەڵام جگە لە هەندێ ئاماژەی وەك:

لەوێیت؟
دەزانم زەحمەتە ناخت باخچە بێت و
بە پارەش میوە بکڕیت
خەیاڵت کانی بێت و
بە پارەش ئاو بکڕیت..
تێمەی سەرەکیی کە کارەکتەری سەرەکی شیعرەکەیە دیارنابێت تا کۆتایی شیعرەکە، تا ئەو شوێنەی کە دەڵێ:
گڵۆپەکان دەکوژێنینەوە:
یاری عەشق دەکەین و هەردووکمان دەدۆڕێنین

دەیکەینە شەوی ناشرینەکان و
تا بەیانی لە ئامێزی یەکتریدا دەگرییێن.
لە شیعری (سروودێکی دیکەی سولەیمان) تێمە بە دەوری عیشق و ئێستەتیکا دەخولێتەوەو کەرستەکانی دروستکردنی شیعرەکەی زیاتر لە سرووشتەوە وەرگرتووە، (چۆلەکە و پەپوولە و گوڵ و هەور و هەڵم و شەمشەمەکوێرە و گوڵەبەرۆژەو خۆرنشین و گەڵا و پایزو درک و هاوین و با و درەخت و سێو و بەهەشت..تاد).. بابەتی سەرەکی لە شیعری (تۆ و بەس..تۆ و ...تاد) یادەوەرییە.. داپیرەو باپیرە کارەکتەری سەرەکین، لە ڕێگای ئەو دوو کەسەوە ئیدی بەرەو منداڵی بەرەو ئەو زمەنە دەگەڕێتەوە کە ئیدی ئێستا رابردوون، بەڵام بەو گەڕانەوەیە ئیدی دەروازەی فەزایەکیتر بە ڕووی خوێنەر ئاوەڵا دەکا کە لەوێوە چەند حیکمەتێك سەبارەت بە دنیا دووبارەو بە ستایلی خۆی دەڵێتەوە..
لەش: پیربوون و نەخۆشی و مردن
رۆح: ئەو کاتە _با_یە کە کەنار دوورە
هەرچەندی دەکرد ورتە ورتەکانی لێ نەدەکەوتە ناو ڕەنگەوە.
بێ ئەژمار مردنی هەبوو و تەنیا یەك قەبر.
بێ ئەژمار مردنی دوعای هەبوو و تەنیا یەك قەبر.

له درێژەی شیعرەکە ئیدی تێمەکان دەگۆڕێن و باس لە (زمان و عیشق و دڵ و مانا و منداڵیی و گومان و جوانیی و ..تاد)دەکات.. شیعری (پایزی زەعیم) تێمە تێیدا دنیای زەعیمێکی رۆژهەڵاتییە، زەعیم چەقی شیعرەکەیەو دنیای زەعیم بە تێمەی بچووك کە بریتین لە سیفەت و خاسیەتەکان و ژیانی راستەقینەی زەعیم بە دەوری ئەو کارەکتەرەدا دەخولێنەوە، ئەوەی کە ئەو شیعرە لە رووی بابەتەوە هەندێك لە شیعرەکانیتری دیوانی (لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی) جیادەکاتەوە، ئەو چڕبوونەوەیە لەباس کردنی دنیای زەعیم وەك تێمەیەك و دوورنەکەوتنەوەیە لە بابەتی سەرەکی، بە پێچەوانەی شیعرەکانیتر کە لە چەند دێرێکدا بە نمونە: (تەقدیسکردنی جوانیی) یا (گەیشتن بە مانا) وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دەبنە تێمەیەك، ئەگەرچی لە کۆتاییدا ئەو بابەتە ناسەرەکیانە کارەکتەری بەژدارن لە تێمەی سەرەکی کە (خۆبوونە)، وەك لە شیعری (رۆژێ لە رۆژان دەبم بە خۆم)دیتمان، بەڵام لێرەدا هەموو بابەتە بچووکەکانیش راستەوخۆ پەیوەستن بە تێمەی سەرەکی کە زەعیمە..بەدیوێکیدی پەیوەندییێکی بە تین لە نێوانی چەقی بابەت و ئەو تێمانەدا هەن کە بەدوریدا دەسوورێنەوە..لە شیعری

(لەبەردەم سێوەکەی بۆدلێر)دا، تێمە بە گوێرەی پەرەگرافەکان دەگۆڕدرێت، بە نمونە لە پەرەگرافی یەکەم: منداڵیی و لە دووەم: فەقیری و لە سێیەم: مانا، ئەگەرچی گەر وردتر سەیری بکەین لەودیو تێمە دیارەکاندا تێمەو مانای شاراوە هەن، ڕێك وەك شیعری (ساتێك پێش هاتنی ڤەرجیل) کە هەردوو شیعر خوێندنەوەی تریان پێویستەو دەبێ درێژتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێ..لە شیعری (هەموو ساڵێ خۆشەویستم بیت) کە دوا شیعری دیوانەکەیە، بابەت شەوی سەری ساڵ و خۆشەویستییە، کەوابێ تێمەی سەرەکییەکان لەو دیوانەدا بریتین لە: خۆبوون و ئافرەتێك و (هانە)ی کچیی و عیشق و ئێستەتیکا و یادەوەرییی، لە ڕێگای داپیرەو باپیرەو دنیای زەعیمێکی ڕۆژهەڵاتی و مانا و شەوی سەری ساڵ و خۆشەویستی..ئەمە جگە لە سەدان تێمەیتر کە لاوەکین و بە هۆیانەوە ئەو تێمە سەرەکیانە درووستکراون.. ئامانجی سەرەکی من لەو نووسینە ئەوەیە کە ئیدی دەرگایەك ئاوەڵا بکەم بۆ ئەوەی زیاتر لەو ڕووەدا کار لەنێو ئەو دیوانە بکرێ و لەوێوە لە باسێکی درێژدا و لە لایەن کەسانیترەوە دەستنیشانی سەرجەم تێمە لاوەکیەکانیش بکرێ و ستایلی چۆنیەتی درووستکردنی تێمە لای تەڵعەت تاهیری شاعیر بە

بەراورد لەگەڵ شاعیرانیدی چۆنەو ئەو تێمانەی کە ئەو هەڵیبژاردوون لای شاعیرانیتر چۆن و چین و کاریگەریی هەڵبژاردنی چییەتی تێمە چییە لە چۆنیەتی و چەندییەتی نیسبەتی ئێستەتیك لە شیعردا بە شێوەیەکی گشتی و ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە لە تێمە چ کار لە جوانی و ناشرینی شیعر دەکات و هەروەها هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا هەوڵبدەین لە ڕێگای خوێندنەوەی لەو جۆرە بزانین کە بابەتەکانی شیعری کوردی چین و شاعیران دەیانەوەێ لە شیعردا باسی چیبکەن و چەندین پرسیاریتری لەو شێوە کە پێویستیان بە وەڵام هەیە.

سەرچاوە:

-کاریگەری دەروونی لە بواری راگەیاندندا.. د.عبدالواحید مشیر دزەیی..دەزگای ئاراس 2009

-لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی.. تەڵعەت تاهیر، 2011 دەزگای ئاراس.

-محمود درویش.. الجداریە

**http://mahmouddarwich.blogspot.com/2006/02/blog-post.html**

-قەسیدە نیشتیمان.. بەختیار عەلی..-**http://bachtyar-ali.com/nishtiman.php**

# شیعری (ناسینەوەی زیو)ی کەریم دەشتی



لە ساناترین لێکچواندندا دەتوانین بڵێین شیعر وەك تابلۆ وایە، ئێمەی وەرگر تابلۆیەکمان خۆشدەوێ کە لەنزیکەوە لێی دەڕوانین و لێی رادەمینێین، تابلۆیەکیتر لە دوورەوە سەرەنجمان رادەکێشێ، ئەوەیتر حەز دەکەین لە گۆشەیەکی تاریکەوە بیبینین و تابلۆیەکیتر ئەگەر لەژێر ئینارەدا بیبینی جوانیی زیاتر دەبەخشێ چونکە لە وردبینی رەخنەگرەکان و وەرگرانی ناترسێ.. تابلۆیەك جارێ خەڵکی رازی کردووە و ئەوەیتر هەمیشە و بەردەوام خەڵك رازی دەکاو ..تاد.

شیعر بەو هەموو ستایل و فۆرمانەی کە هەیەتی، جۆر و ئاست و لێکجیایی لە بەخشینی چێژدا هێناوەتە کایەوە، بە واتایەکیدی ستایل و فۆرمە جیاجیاکانی شیعر کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ستایل و فۆرمی مەعریفەی هەم پراکتیکی و هەم تیۆری شاعیر، وایانکردوە چێژی وەرگرەکان لەیەکتر جیابێ، نەك هەر ئەوەش بەڵکو چێژی خودی هەمان وەرگریش لە کاتێك بۆ کاتێکیدی بە هۆی بارە لێکجیاکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ..تاد جیادەبێ، دەکرێ ئەوڕۆ لە ئەتمۆسفێرك شیعرێك بخوێنینەوە، چێژی زۆری لێببەین و لە کاتێکیتر هەمان تێکست بە ئاستێکیتر چێژمان پێ بدا..

چێژبردنی وەرگر لە شیعردا بە شێوەیەکی گشتی بە چەند بنەمایەك و بە چەند هۆکارێکەوە پەیوەستە، یەکێ لەهەموو ئەو بنەماو هۆکارانە گرنگتر ئاستی مەعریفی و تێگەیشتنی وەرگرە لە

شیعرەکە.. لەگەڵ ئەوەش کە جۆرێك لە شیعر هیچ پەیوەندییەکی بە بوونی زانیارییەکی قووڵەوە نییە بۆ تێگەیشتن لێی، ئەو جۆرە شیعرانە کار لەنێو بزواندنی سۆز و جولاندنی هەستەکانی وەرگر دەکەن، گوتاری شیعرەکە ئاراستەی عاتیفەی وەرگر دەکرێ و لەوێوە هەم مانا سادەکەو هەم موزیکی تێکستەکەو هەمیش پەیوەندی وشەکان بە یەکترەوە جۆرێك جوانی درووست دەکەن کە دواتر لای وەرگر دەبێت بە چێژ.. نمونەی لەو بابەتە یەکجار زۆرن لە شیعری کوردی و لە شیعری جیهانیش:

عەبدوڵڵا پەشێو لە شیعری (گەورە مەبە)دەڵێ:

گەورە مەبە
کزەی جەرگم گەورە مەبە
تا من مابم
لە مناڵیت وەڕس نابم.

هاشم سەڕاج لە پەرەگرافی پێنجەمی شیعری (شەیدای شەرابی شینی لەشتم)دا دەڵێ:

شەوان
ئاسمان چەنێ جوانە

شەوان
رووخساری خودابیت
چەنێ جوانە

کەریم دەشتی لە شیعری (تۆ بۆ ئەبەد تۆ)دا دەڵێ:

دوا گەڵای ئەو درەختەش وەری
تەمەنم بەسەر چوو نەهاتی سەرووەرم
رۆژێ دێ کە منیش وەك گەڵا بوەرم

ئەمەو دەیان و سەدان نمونەی تر، هەم لە شیعری کوردی و هەمیش لە شیعری جیهانیدا پێویستی بە بوونی زانیاری زۆر نییە بۆ چێژ لێبردنی، بە پێچەوانەوە جۆرێکیتر لە شیعردا پێویستی بە بوونی زانیارییە بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکە و بەهۆی بوونی ئەو زانیارییانە نەبێ ئەوە رەنگە هیچ جوانییەکی نەمێنێ شیعرەکە..نمونەی ئەو جۆرە شیعرەش زۆرە لە شیعری جیهانیدا، لێرە من تەنیا ئاماژە بە چەند دێرێکی گوننار ئێکێلۆف دەکەم:

لەو رەحەتییەی کە فلۆرەنسییەکی تر وەسفی کردووە
کونێك بەرەو خوارەوە هەبوو. لە مێژە نە بروتوس،

کاسیوس یان لوسیفەر لەوێ دانەنیشتوون.

هەمیشە وەرگێڕانی شیعر کاریگەریی لەسەر موزیک و ریتم و سەدای بەریەککەوتن و هارمۆنییەتی نێوان وشەو رستەکان دەبێ، لەو شیعرەدا هەست بەو موزیکە ناکەین کە خوێنەر مەست بکاو ئیدی دەنگ و ئیقاع، ماناو وێنە درووست بکەن.. بەڵکو دەبێ زانیاریمان هەبێ تا تێبگەین و ئینجا لەو رێگەیەشەوە مەعنا و وێنەمان دەبێ..دەبێ لەو شیعرەدا بزانین کە ئێکێلۆف مەبەسەتی لە (فلۆرەنسییەکی تر) دانتی یە، بە هەمان شێوە دەبێ بزانین کە بروتوس و کاسیوس و لوسیفەر و ..تاد کێن و بە چ مەبەستێك بەکارهاتوون..خۆ بە پێچەوانەوە کاتێ هیچ زانیارییێکمان سەبارەت بەو ئاماژەو ناوانە نەبێ ئەوە بە هیچ شێوەیەك لە غیابی موزیك و ئیقاع و واتا و وێنە چێژی شیعری درووست نابێ..

جۆری سێیەمیشیان ئەو جۆرە شیعرانەن کە لە دوو ئاست کاری تیا کراوە، جارێکیان بۆ ئەوەی چێژی لێببەین پێویستیمان بە زانیاری هەیە سەبارەت بە وشەو دەستەواژەو ناوو چۆنییەتی کردنەوەی کۆدەکان و سیمبۆل و ..تاد کە بەهۆیەوە مەعنا و لە رێگەی ئەویش وێنە درووست دەبێ.. ئاستی دووەمیش ئەوەیە کە موزیك و ریتمی شیعرەکە تێگەیشتن درووستدەکا و دواتر لەگەڵ وێنەکانی نێو یادگەی وەرگردا پەیوەست دەبێ و لە دواجاریشدا چێژدەبەخشێ..شیعری ناسینەوی زیوی کەریم

دەشتی نمونەیەکی بەرچاوی ئەو جۆرە شیعرەیە، واتا هەم لە رووی موزیك و بەریەککەوتنی وشەو رستەکان لە لایەك و هەمیش لە رووەکەیتر کە کۆمەڵێ دەستەواژەو ناو و سیمبۆلی تێدایە بە زانینیان شیعرەکە چێژی زیاتر دەدا بە وەرگر:

## ناسینەوی زیو

ئەو رۆژە لەژێر سێبەرە هەزار رەنگەکەی قەلا بینیم،
گیانی پڕ بوو لە تەمتومان
هەمیشە دەیگوت سەختە لەناو تاشەیەك بیت
لالەکان دایانڕشتبێ
تۆ بوێریێکی لە ژن و
ترسێکی لە پیاو
تۆ چەمکێکی لە رووباری ئەنەدۆڵ و
دڵۆپەیەکی لە ورمێ
تۆ خەونێکی لە دمدم و
هەویریێکی لە رامبۆ
تۆ شەوێکی لە مۆدێرن و

سەدەیەکی لە فۆلکلۆر
بە تیغی ئەمازۆن ئاودراوی
جۆگەلەیەکی لە فۆلگا پۆشکینی
بە زرمەی شمشێر تیا کوژراو
رووبارێکی لە کێلەشین
تۆ پەڕێکی لە هەڵەموت
لاسکێکی لە یاسەمین
رۆمانێکی تەنهای لە بۆدلێرو
شارێکی بچووکی لە قوستەنتین
تۆ دۆزەخیەکی لە کتێبی دانتی و
بەهەشتێکی ونبووی لە میلتۆن
دواجار تۆ قومری سەربالی یەهودیێکی ئۆرشەلیمی
بەلام منداڵێکی نازی ئەی نازو تا
ببورە تۆ پۆڕێکی تەریوەی ناو دڵی بازی
ئەو دڵە بپارێزە برۆ
ئاوڕ لە کەس مەدەوە
کە ئاوڕت دایەوە تەڵەسمی تۆ بەتاڵ دەبێ
لێکدانەوەم سەرچیغ دەڕواو
زمانی مانەوەت لە کتێبی ئەوین لاڵ دەبێ
تۆ هەمیشە رابکە رابکە هەر رابکە
چونکە تۆ بە راکردنەوە جوانی

رابکە هەر رابکە
تکایە ئاوڕ مەدەوە
هەموو ئەوانەی ئاوڕیان دایەوە
بۆ تاوێ گەیشتنە بەهەشت
بەڵام بۆ ئەبەد هاودەمی ئاگر بوون
هەموو ئەوانەش کە بێ پەروا ئاوڕیان نەدایەوە
بۆ ئەبەد گەیشتنە دۆزەخ
بەڵام بۆ ئەبەد هاودەمی خودابوون.

ئەگەر بمانەوێ ئەو وشەو ناو و دەستەواژانە لەو شیعرەدا دەربێنین کە هەڵگری زانیارین و بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکە پێویستیمان بەوە دەبێ زانیاریمان لەبارەیانەوە هەبێ ئەوا دەبێ سەر لەبەری شیعرەکە بنووسینەوە چونکە شیعرەکە پڕە لەو وشەو ناوو دەستەواژانەی کە پێویستیان بە زانینەوە هەیە بۆ تێگەیشتن لێیان:( رووباری ئەنەدۆڵ، ورمێ، دمدم، رامبۆ، مۆدێرن، ئەمازۆن، فۆلگا، پۆشکین، کێلەشین، بۆدلێر، قوستەنتین، کتێبی دانتی، میلتۆن، ئۆرشەلیم، نازی و ..تاد).
قۆناغی یەکەم دەبێ وەرگر زانیاری سەبارەت بەو وشە و دەستەواژەو ناوانە هەبێ و بزانێ چین، بۆ نمونە: دەبێ یەکێك بزانێ دمدم چییە، دەبێ بزانێ پۆشکین و بۆدلێر و رامبۆ و دانتی کێن.. دوای ئەوە دەرئەنجامی سنعەتسازیی شاعیر بە وشەی

لێكدراو چەمكی هێندە نوێ دێتە كایەوە كە بە لای كەسێك و تەنانەت لای خودی شاعیریش ناكەونە خانەو بۆتەی یەك مەعنایيەوە، یا دەبێتە چەندین وێنەی گۆڕدراوی ناجێگیر و نابگیر.. تۆ چەمكێكی لە رووباری ئەنەدۆڵ و دڵۆپەیەكی لە ورمێ، یا شەوێكی لە مۆدێرن، یاخود رۆمانێكی تەنهای لە بۆدلێر و.. تاد، هەر رستەیەك لەو نمونانەی نووسیومن هەڵگری تەنیا مەدلولێك نین، بە پێچەوانەوە رستەگەلێكن كە بەردەوام وێنەی نوێ و واتای نوێ بەرهەمدەهێنن و دەبەخشن.

لەو حاڵەتەدا كە ئێمە زانیمان :( رووباری ئەنەدۆڵ، ورمێ، دمدم، رامبۆ، مۆدێرن، ئەمازۆن، فۆلگا، پۆشكین، كێلەشین، بۆدلێر، قوستەنتین، كتێبی دانتی، میلتۆن، ئۆرشەلیم، نازی و ..تاد) چین و كێن و هەڵگری چ جۆرە چەمكگەلێكن و لە حاڵەتی خرانە رستەوە دەبن بە چی و چی دەگەیەنن ئەوا ئێمە لەبەردەم شیعرێكی زۆر جوانی كوردیداین، لە سەرەتای شیعرەكە ئاشكرایە كە وەرگر لەبەردەم گوتارێكە كە ئاراستەی كەسێك كراوە:

ئەو رۆژە لەژێر سێبەرە هەزار رەنگەكەی قەڵا بینیم،
گیانی پڕ بوو لە تەمتومان
هەمیشە دەیگوت سەختە لەناو تاشەیەك بیت
لالەكان دایانڕشتبێ

تۆ بوێرێکی لە ژن و
ترسێکی لە پیاو..تاد

بە درێژایی و تا کۆتایی شیعرەکە ئیدی موخاتەبەی هەمان کارەکتەری دەستپێکە.. بۆیە کردنەوەی کۆدەکان و بوونی زانیاریی و تێگەیشتن لەوەی کە تۆ قومری سەرباڵی یەهودیێکی ئۆرشەلیمی و تۆ دۆزەخیەکی لە کتێبی دانتی و بەهەشتێکی وونبووی لە میلتۆن، زۆر گرنگ دەبێ لە درووستبوونی چێژ لای وەرگر.
ئاستی دووەمی ئەو شیعرە ئەوەیە کە تێیدا گرنگییەکی زۆر بە ئیقاع و موزیك دراوە، گریمان ئێمە هیچمان سەبارەت بە :( رووباری ئەنەدۆڵ، ورمێ، دمدم، رامبۆ، مۆدێرن، ئەمازۆن، فۆلگا، پۆشکین، کێلەشین، بۆدلێر، قوستەنتین، کتێبی دانتی، میلتۆن، ئۆرشەلیم، نازی و ..تاد) نەزانی، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە هەست بە تیشك و گەرمییەك دەکەی لەو پەیوەندییەی کە لە ئاستی وشەسازی لە نێوانی وشەکان و لە ئاستی رستەسازییەوە لەنێوانی رستەکانەوە روودەدەن..
رۆلان بارت گوتەنی: دەقی چێژبەخش دەقێکە کە دڵخۆشمان دەکا و بەرهەمی دەبێ، دەقێکە کە بە سیماو خاسییەتەکانی ئاسانی خوێندنەوە پەیوەست و گرێدراوە.. ئەو شیعرە ئاسان دەخوێندرێتەوەو خوێنەرانێك دڵخۆش دەکا، رەنگە ئەو قسەیەی

من لێرەدا پەیوەست بێ بەو بڕوایەی کە دەڵێ: لە بنەڕەتدا هەمیشەو بەردەوام ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، (ئەوە بۆ من چییە؟)..

بۆ من، شیعری (ناسینەوەی زیو)ی دەشتی شاعیر، یەکێکە لەو شیعرانەی کە لە هەردوو ئاستی مەعریفی و موزیکدا شیعرێکە لەناوەخۆیدا هەڵگری چێژو لەززەتێکی زۆرە و شیعرێکی ئامادەشە بۆ ئەوەی کە هەر خوێنەرێك بتوانێ چێژی لێ ببا، بە تایبەتیش ئەو وەرگرگەلەی کە توانای کردنەوەی کۆدەکان و زانیاریان سەبارەت بە ناو و دەستەواژەو سیمبۆل و لاکانیتری تەکنیك و ناوەوەی شیعرەکەوە هەیە.

سەرچاوەکان:


**1-فن الشعر، هوراس، ترجمه/الدكتور لويس عوچ1988**

**2-شیعری گەورە مەبە، عەبدوڵڵا پەشێو**

**http://www.mabast.com/vb/showthread.php?t=313**

**3- تێکست، هاشم سەڕاج2010**

**4-ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی، گوننار ئێکێلۆف، وەرگێڕانی/رزگار شێخانی، سوید 2007**

**5- درەختی درەوشانەوە، کەریم دەشتی، شیعری ناسینەوەی زیو 2011**

**6- چێژی دەق، ڕۆلان بارت، وەرگێڕانی ئیسماعیل زارعی2007**

# (هەست و نەست) نوێترین دیوانی شێرکۆ بێکەس



لەبەر چەند هۆیەك كە گرینگترینیان لە شەش خاڵدا كورت و چڕدەكەمەوە، مێژوونووسی ئەدەبیاتی كوردی و لێكۆڵەری شیعری كوردی ناتوانێ وەك وێستگەیەك تەماشای كارە شیعرییەكانی شێركۆ بێكەس نەكا، یا بەلایەنی كەمەوە ناتوانێ بەبێ هەڵوەستەكردنێكی جددی بەسەریدا تێبپەڕێ.

هۆیەكان ئەوانەن:

كارە شیعرییەكانی شێركۆ بێكەس بەوە خۆی لە تەواوی شیعری كوردی (لە سەرەتاوە تا ئێستا) جیا دەكاتەوە كە زۆرترین كاری لە بواری (بە شیعركردنی مێژوو) كردووە، مەبەست لێرە رۆشنە و بە مانای ئەوە نایە كە شاعیرانیدی لەو بوارە كاریان نەكردووە، هەر لە چامەكەی نالی _قوربانی تۆزێ رێگەتم ئەی بادی خۆش مرور_ تا بەو سەدان شیعرە دەگات كە باس لە مێژووی سیاسی كورد و رووداوە مێژووییەكانی كورد دەكەن، هەر هەموویان دەكەونە خانەی بە شیعركردنی مێژوو.. بەڵام شێركۆ بێكەس، زۆربەی رووداوە گرنگەكانی (نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو و سەرتای ئەو سەدەیە) هەر لە شۆڕش و پیشمەرگە و خەباتەوە تا ئەنفال و هەڵبجەوە و شەهیدان و بەعس و سەدام و..تاد بە بەردەوام و قۆناغ دوای قۆناغ كردۆتە شیعر، لە چوارچێوەی ئەو چاودێریی و ئاگادارییەی كە من لەو بوارەدا هەمە، شێركۆ لە پێش هەر هەموو شاعیرانی كوردە لە چەندییەتی و چۆنییەتی بەشیعركردنی مێژوو.. هەڵسەنگاندن و قسە لەسەركردنی

چۆنییەتی بەشیعرکردنی مێژوو، سەرکەتوویی و سەرنەکەوتوویی و نابالادەستیی و بالادەستیی تێیدا، زاڵبوونی ئایدۆلۆژیایێکی دیاریکراو، تێمەکانی پەیوەست بە نەتەوە، لایەنگریی لە هەڵوێست و بە سیاسەتکردنی شیعر و نووسین و پەشیمانبوونەوەی و..تاد لە لایەن شێرکۆ بێکەسەوە کاری ئەو نووسینەی من نییە..لەگەڵ ئەوەش هەموو ئەو تایتلانەی کە باسم کردن جێگای هەڵوەستە و لێکۆڵینەوە و قسە لێ کردنی جدین و دەکرێ وەکو بابەتی سەربەخۆ قسەیان لەسەر بکرێ.

ئامادەیی بەردەوامی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لەنێو ئەدەبیاتی کوردی بە درێژایی زیاتر لە 50 ساڵ (وەك خۆی لە تریفەی هەڵبەست نووسیویەتی کە یەکەمین شیعری لە 1957 لە رۆژنامەی ژین بلاوکردۆتەوە) هۆیەکیترە کە لێکۆڵەر و مێژوونووس نەتوانێ هەروا تێپەڕ باسی بکا.. لەو حاڵەتە مێژوونووسی ئەدەبیاتی کوردی یا لێکۆڵەری شیعر ئەگەر باس لەو 53 ساڵە 1957-2010 بکا، شێرکۆ وەکو شیعر هەمیشە بوونی هەبووە و بەردەوامیش بە بەرهەمی نوێ هاتۆتە پێش.

ئەو کاریگەرییەی کە شیعرەکانی شێرکۆ بەسەر نەوەکانی دوای خۆی هەیبووە نکۆڵی لێناکرێ و زۆر بەرچاویشە.

ئەو فەرهەنگ و لێکسیکۆنەی کە ئەو هێناوییەتی، بەژدارە لە درووستکردنی زمانی شیعری قۆناغێك لە شیعری کوردی..

خۆشی له ئەخیر دیوانیدا(هەست و نەست) دەیەوێ زۆر ڕاشکاوانه و برایانه ئەوە بە وەرگرانی خۆی بڵێ:

ئەوەی من له زماندا کردوومە. هەر ئەوەیە
کە مێروولە بۆ شارەکەی خۆی ئەیکات
وەختێ پاڵ بە قەوارەی شتێکی لە خۆی
گەورەترەوە ئەنێت و ناگەڕێتەوە بۆ دواوەو
هەتا ناو شارەکە ئەیبات!

حەقیقەت بۆیە دەڵێم شێرکۆ بێکەس وێستگەیەکی گرنگی شیعری کوردییە، چونکە هەر ئەو خاڵە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و جدی پڕ له کون و کەلەبەر و ڕامان هەیە.. هەموومان شاهێدین کە ئەوەی ئەو لە زمان کردوویەتی هەر ئەوەیە کە مێروولە بۆ شارەکەی خۆی دەیکا، ئەوەی ئەو کردوویەتی هەر ئەوەیە کە باخەوان بۆ باخەکەی خۆی دەیکات.. بەڵام ڕەنگە شیعری کوردی له ئێستادا پێویستی بە زمانێکیتر بێ کە ئەو باخەوانە نەتوانێ بیکا.. ئەوەی ئەو باخەوانە کردوویەتی بۆ قۆناغێك زۆر گرنگ و تەنانەت پێویستیش بوو، بەڵام ئیدی شیعری کوردی و کولتوری کوردی پێویستی بە زمانێکیترە، جیا لە زمانی خشت و ترۆپك و بنارو زنارو کاریتەو کەڤر.. جیا لە زمانی باعە باعی مەڕ و ئاوازی شمشاڵ و ئەسپی ڕامنەکراو و دارتووە سوورەکەو مێژوویێکی زامارو پاییزی وڵات و بۆنی مێخەکبەند و کەژاوەی ئێوارە و ..تاد

بەشێکی زۆر لە شاعیرانی هاوتەمەنی کە سەردەمێك شانبەشانی ئەو دەیاننووسی و کاریگەریيان هەبوو، بەردەوام نەبوون، یا کێرڤی شیعریان روو لە خوار دابەزی و لەبەر هەر هۆیەك بێ بەردەوام نەبوون، عەبدوڵلا پەشێو بە نمونە.. لێرەدا بەردەوام نەبوونی پەشێو بە مانای ئەوە نایە کە شیعرەکانی لە ئاستی شیعرەکانی بێکەس نەبوون، بە پێچەوانەوە دنیای شیعرەکانی پەشێو ئەوەیە کە دوای خۆی نەوەی شیعری درووست دەکا..

بە پێوەری مێژوویی، هەندێ لە شیعرەکانی بۆ کاتی خۆی لە ئاستی هەرەبالاو لە شوێنی هەرە پێشەوەی شیعری کوردی بوون و ئێستایش لە یادگەی وەرگردان و بۆ هەمیشەیش شیاوی لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە و دیراسەکردنن..

بە بڕوای من یەکێك کە ئەو کاریگەرییە گەورەو زەبەلاحەی بەسەر قۆناغێکی شیعری نەتەوەیەك هەبێ، ئاسان نییە بتوانرێ تێپەڕ باسی بکرێ، بەڵام ئامادەبوون و بەردەوامی و بە وێستگە بوونی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە ماناي پێرفێکت بوون و یەکئاستیی نایە لە قۆناغە جیاجیاکاندا، لە یەکەمین شیعری کە لە ساڵی 1957 لە ژین بڵاویکردۆتەوە تا (تریفەی هەڵبەست 1968) تا بە دیوانی (هەست و نەست 2010) دەگات چەندین هەڵبەز و دابەز بە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسەوە دیارە، لە هەندێ شوێن گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا و لە هەندێ قۆناغیش (نەك هەر قۆناغ بەڵکو لەناو خودی یەك دیوانیشدا) خۆی هەستی بەو

هەڵبەز و دابەزە کردووە و لە ئاستی جیا جیای شیعرەکانی تووشی رامان و گومان و دواتر دانپێدانان هاتووە، لە (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك 2007)دا دەڵێ:

باران هەموو
بارینێکی هەر جوان نییەو
هەموویشیان ناویان بارانە.
دارستان هەموو دارێکی
هەر جوان نییەو
هەمووشیان ناویان هەر دارە.
مرۆڤی خوا
باڵندەی خوا
ئاژەڵی خوایش
هەموو وەکوو یەك جوان نین و
شیعرەکانی منیش هەروا.

شێرکۆ بێکەس (وەك خۆی باسی دەکا) گومانی لە هەندێ لە شیعرەکانی خۆی هەیە کە جوان نین، وەکو ئەوەی کە باران هەموو بارینێکی جوان نییە، شیعرەکانی ئەویش ئاوا هەمووی هەر جوان نین.. گومانەکەی لە شوێنخۆیەتی و خوێنەری بە سەلیقە درکی پێ دەکا، لەناو یەك دیواندا هەندێ شیعری تەواو جوانن، ئەوانەیش کە خۆی گومانی لە جوانیان هەیە بە بۆچوونی من هەمدیس ئەوانیش هەر شیعرن، بەڵام بە لای ئەو وەکو

شیعرەکانیتر کامڵ نین و رازیشە بڵاویانبکاتەوە چونکە نایەوێ ئەگەر تەنانەت دوو رستەیشی لە شیعرێك یا پەخشانە شیعرێك جوان بێ بەلایانەوە بنێ.. (مانای ئەوە نییە هەر چییەکم نووسیووە چوونیەك بە دڵم بوون، نا... من ئەگەر دوو دێڕی جوانیشم لە پەخشانێکی خۆمدا بەدي کردبێت حەزم نەکردوە بیانشارمەوەو بزریان بکەم و چاپکردنیانم بەلاوە باشتر بووە... — هەست و نەست– ل 8)..

بەدرێژایی ئەو پەنجا ساڵە شێرکۆ بێکەس هەمیشە وجودی هەبووە وەك بەرهەمی شیعری، بە بۆچوونی هەندێك لە شاعیر و رەخنەگران (بێکەس) شاعیری موناسەباتەو پەلەپەل دەکا و خێرایە لە بڵاوکردنەوە، بۆیە تووشی ئەوە دەبێ کە شیعرەکانی هەمووی وەکو یەك (وەك خۆی دەڵێ) لە یەك ئاستی هونەریدا نەبن.. بۆیە بە خۆی دادەچێتەوە و داوا لە خۆی دەکا و نەسیحەتی خۆی دەکا کە پەلەپەل نەکا:

هیچ پەلەپەلێ لە هاتنی (خەون) و
هیچ پەلەپەلێ
لە زایین و هاتنە دنیای (شیعر) مەکە!
بۆ ئەوەی یەکەمیان شیعری لێ نەزرێ و
بۆ ئەوەی دووەمیشیان بە باڵی خەونەوە بفرێ! (هەست و نەست ل 15)

وا پێدەچێ بە گوێرەی ئەو پێوەرە تەقلیدی و باوەی کە هەیە، (شیعر منداڵی شاعیرە، یا شاعیر وەك منداڵی خۆی تەماشای شیعرەکانی خۆی دەکا) شێرکۆ بێکەسیش وەك منداڵی خۆی تەماشای پەخشان و شیعرەکانی خۆی بکا، هەر چۆنێك خوا پێیبدا ئەو رازییە و ناچارە بەخێویان بکا، یەکێکیان فریشتەیە، ئەویتر تەنیا لوت و چاوی، ئەویدی بالاّی، یەکێکیتر چوارشانەیە و یەکێك بە کەمئەندامی لەدایکدەبێ و تاد.. دەڵێ: ( من ئەگەر دوو دێڕی جوانیشم لە پەخشانێکی خۆمدا بەدي کردبێت حەزم نەکردوە بیانشارمەوەو بزریان بکەم و چاپکردنیانم بەلاوە باشتر بووە... —هەست و نەست— ل 8)..

پرسیار ئەوەیە: لەو 40 دیوانەی کە لە 1968 – 2010 بڵاویکردۆتەوە، شێرکۆ بێکەس کامە شیعری خۆی پێ جوانە و بە دڵنیاییەوە بڵاویکردوونەتەوە و کامەی پێ جوان نییە و هەروا چونکە دوو رستەی جوانی تێدایە بڵاویکردوونەتەوە؟

بەهەرحاڵ ئەوەش جورێکیدییە لە روانین، بەڵام لەو حاڵەتە بەو پێشەکییەی کە بۆ نوێترین دیوانی خۆی (هەست و نەست) نووسیویەتی، خۆی توشی کێشەیەکی گەورە کردوە، چونکە بۆ هەر رەخنەگرێك هەیە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس بێنێ و رستەیەکی لێدەربێنێ و بڵێ: لەو شیعرە تەنیا ئەو رستەیە جوانە.

دواتر پاش بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی هەمدیس داوا دەکا بە هانایەوە بچن و پێی بڵێن کە کامە شیعری جوان نییە تا بە ئەشکەنجەدان و زیندانیی کردن بیکوژێ:

تکایە گەر قەسیدەیەکم خەڵەفاو کەوتە قسەی

هەلەق و مەلەق، زوو پێم بڵێن، هەتا بیبەمە

ماڵەوەو، دەرگای ژووری لەسەر داخەم،

هەتا ئەمرێ.

(هەست و نەست ل 21)

باشتر وایە بەر لە بڵاوکردنەوە، شیعرەکانی خۆی نیشانی کەسێك یا چەند کەسێك بدا، (ئەو حاڵەتە لە مێژووی شیعردا ئاساییە، هەبووە و دەشمینێ) چونکە بە گوێرەی ئەو پەرەگرافەی خۆی، ئەو گومانی نییە کە هەندێ لە (قەسیدە)کانی خەڵەفاون و قسەی هەلەق و مەلەق دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش چاوەڕێیە بۆی دەستنیشان بکەن و پێی بڵێن کە کامە شیعری خەڵەفاوە.. ئەی ئەوە نییە دەڵێ هەندێ شیعرم تەنیا دوو دێری لێ جوانە..؟ دواتر ئەگەر نیشانی یەك دوو کەسی بدا لەو هەموو دڕدۆنگی و قەلەقیەش دەربازی دەبێ.. بە گوێرەی ئەو هەموو گومانەی بێ، ئەوا شاعیر ئەوەندە لە پرۆسەی نووسینی شیعر چێژ نابا بەقەد ئەوەی لەچاوەڕوانی بۆچوونی وەرگردا خەفەت دەچێژێ.. ئەو گومانەی تا ئاستێك بەرز دەبێتەوە کە داوا بکا لە کۆمەڵە

شیعرێکی زۆریش کە خۆشەویستەکەی سێ چوارێکیانی پێ جوانبێ ئەوا هیچیتری ناوێ لەو دنیایە:

لەو هەموو شیعرەی داومیتێ
ئەگەر سێ چوارێکیان نووسان
بە دڵتەوە
سێ چوارێکیان
ژێی دەروونتیان لەراندەوە
لەوە زیاتر ئاسوودەیی ئەبێ چی بێ؟!
لەوە زیاتر هیچم ناوێ! (هەست و نەست ل 78)

من هاورام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی خۆی کە دەڵێ هەموو شیعرەکانم لە یەك ئاستی هونەریدا نین و هەموو شیعرەکانم وەکو یەك جوان نین و خۆیشی گومانی لەوە نییە کە ئاستی هونەریی شیعرەکانی هاوئاست بن، بەڵام باوەرم وایە کە هەردووکمان باوەرمان وایە زۆربەی ئەو تێکستانەی کە شێرکۆ بێکەس بلاوی کردوونەتەوە شیعرن.. بە بینینی من، شێرکۆ بێکەس مشتێ مێروولە هەڵداتە ئاسمان، لە خوارەوە دەبن بە شیعر.. بەڵام هەر هەمان ستایلی شیعری کە 40 ساڵ بەر لە ئێستا نووسیویەتی، ئەوەتەیە خۆشی وادەڵێ: (لە راستیدا ئەم بەرهەمە ئەزموونێکی تازەو سەربەخۆ نییە، بەڵکو سەر بە هەمان رێچکەی ئەو شیعرو پەخشانانەن کە لە بەشێکی زۆری دیوانەکانیترمدا هەبوون ... هەست و نەست ل 7).

ئەو رستەیە وادەکا بێمە سەر ئەسڵی مەبەستی نووسینم ئەویش بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە من زۆرجار لە خۆمی دەکەم، ئایا شێرکۆ بێکەس (شاعیری گەورەی کەلەکەمان) نەك هەر (گەورەی شیعری ئێستا) بەڵکو بە شێوەیەکی بچووکیش بێ بەژدارە لە پرۆسەی نوێکردنەوەو گۆڕینی شیعری نوێی کوردی لە دوای ساڵی 2000 ەوە؟ ئایا بڵاوکردنەوەی نوێترین دیوانی وەکو بڵاونەکردنەوەی وانییە؟ یا بە بڵاوکردنەوەی (هەست و نەست) چ ئیزافەیەکی لەسەر شیعرەکانی خۆی نەك شیعری نوێی کوردی بە گشتی کردووە؟

ئەگەر ئەو نەشیگوتبووا: (لە راستیدا ئەم بەرهەمە ئەزموونێکی تازەو سەربەخۆ نییە، بەڵکو سەر بە هەمان رێچکەی ئەو شیعرو پەخشانانەن کە لە بەشێکی زۆری دیوانەکانیترمدا هەبوون ... هەست و نەست ل 7) هەروا بوو، چونکە دیوانە یەك لە دوای یەکەکانی بە هەمان قاڵب و کلێشە هاتوونەتە بەرهەم و دێنە بەرهەم.. شاعیری باش دوای بەرهەمهێنانی دیوانێك دەبێ چوارچێوەو قاڵبی دیوانی پێشوو بشکێنێ، بەڵام ئەو لە سەرەتاوە تا ئێستایش هەمان قاڵبی لایەو بەکاریشی دەهێنێ بۆ نووسینی دیوانێکی نوێ، بۆ ئەوەی من ئەو راستییە بسەلمێنم هەوڵدەدەم بەراوردێك لە نێوانی: کازیوە 1978 لەگەڵ هەست و نەست 2010 دا بکەم..

ئەمتۆسفێری لێکچووی شیعرەکانی نێو هەردوو دیوان بە هێنانەوەی ئەو دوو نمونە دەستپێدەکەم:

نمونەی یەکەم:

که ئاسمان گریا، فرمێسکەکانی بوون بە باڵندە.
کە دارستان گریا، تنۆکەکانی بوون بە گژوگیا.
کە چیا گریا، ئەسرینەکانی بوون بە قەڵبەزە.
کە سەحرا گریا، گریانەکانی بوون بە لم.
کە شمشاڵ گریا، فرمێسکەکانی بوون بە شیعر.
کە شیعریش گریا، دڵۆپەکانی بوون بە مورووی
ملوانکە بۆ گەردنی هەموو ژنە جوانەکانی دنیا.

نمونەی دووەم:

کە جۆگەڵەیەك تینوو ئەکەیت
دڵی رووبارێ ئەشکێنی
کە تیشکێ بەند ئەکەی
خۆر لە خۆت زیز ئەکەی
خۆ ئەگەر خۆر بریندارکەی
خوێن لە خۆت ئەکەی بە دوژمن
ئەوەی کە خوێنی رووناکیش
ئەبێتە دوژمنی
تاریکیی ئەیکوژێ..

لێکچوونەکان لە نێوان دوو دیوان کە 32 ساڵیان نێوانە:

زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی هەردوو دیوان لە رووی درێژی و کورتی تێکستەوە لەو چەشنەن، ئەمە جگە لە پەخشانەکانی ناو دیوانی هەست و نەست بێگومان پەخشانی درێژی تێدایە.

ستایل و هەناسە و ئەتمۆسفێر بە شێوەیەکی گشتی هەمان ستایل و هەناسە و ئەتمۆسفێرە.. ئەگەر تەماشای ستایل یا شێوازی نووسینی هەردوو شیعرەکە بکەین دەبینین هەمان ستایلە.

فەرهەنگ هەمان فەرهەنگە و هەموو شتەکانی لە سرووشتەوە وەرگرتووە، رووبار و دارستان و خۆر و گژوگیاو .. تاد، رەنگە فەرهەنگی ئەو دوو شیعرە بە بەراورد لەگەڵ شیعرەکانیتر کەمتر وشەی لە سرووشتەوە وەرگرتبێ.

زمانی هەردوو دیوان بەبەراورد گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە کە وەرگر هەستی پێبکا، لە (هەست و نەست)دا دەڵێ:

ئێستە مەرگم.. هەموو شەوێ جارێ، دووجار
بەسەردان دێ و شان دائەداتە سەرشانی خەونەکانم
ئێستا مەرگم سێبەرێکە هەموو رۆژێ
هەنگاوەکانم ئەژمێرێ و
ئەمپشکنێ و
ئەگەڕێ بۆ تازەترین ناونیشانم.

له (کازیوه)دا دەڵێ:

ئەو شەو بە گڕ بنووسم
ڕۆژم پڕە لە خۆڵەمێش
لە ڕۆژیـشدا
کە بەو خۆڵەمێشە نووسیم
شەوم پڕە لە سەفەری بێهودەیی
ناو خەونێکی دوورو درێژ.

ئیقاع و هەناسە و وشە و زمان هەر هەمان ئیقاع و هەناسە و وشە و زمانە، بە بۆچوونی من 32 ساڵ ماوەیەکی یەکجار زۆرە بۆ روونەدانی هیچ گۆڕانکارییەکی گەورەو ئاشکرا و دیار.. لە تەرجەمەیەکی رزگار شێخانیدا کە بۆ ئێکۆلۆفی کردووە باس لەوە دەکا کە ئەو شاعیرە هەر کاتێ دیوانێکی تازەی بڵاوکردبێتەوە ئاراستەی شیعری سویدی گۆڕیوە، بەو مانایەی دیوان دوای دیوان ستایلی خۆی گۆڕیوەو لەو گۆڕینەیشدا سەرکەوتوو بووە، بە دیوێکیدی دەتوانین بڵێین ئەو قاڵبەی کە بۆ دیوانێك بە کاریهێناوە لە دیوانێکیتردا تێیهەڵداوە..
ئەو گۆڕانە لە ستایل مەرجێکە بۆ سەلماندنی بەردەوامبوون لە داهێنانی شیعری، نەك هەر لە داهێنانی شیعری بەڵکو لە هەموو روویێك لە ژیان..لەو شەوانە کە خەریکی ئەو نووسینە بووم وا

رێککەوت بچم خواردنێك لە کۆمەڵگاکەی ئەبو شەهاب(Abushahab city) بە سەفەری بێنم، دەبووایە چەند دەقەیەك بووەستم تا خواردنەکە ئامادە دەبێ، لەو ماوەیە تەرکیزم لەسەر تابلۆکەی ئەو باڵاخانەیە کرد نووسرابوو(Fast food).. باڵاخانەکەیتر لێی نووسرابوو (Abushahab Coffee)یەکێکیتر رێستورانتی ئەبو شەهاب و ئەویدی سوپەرمارکێتی ئەبو شەهاب و..تاد

من گەڕامەوە و کەوتمەوە ناو وێنەکانی سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکان، ئەبو شەهاب کە (ئەوکات ناوی مام حەمید بوو) لەسەر عارەبانە لەفەی دەفرۆشت، بەو 25 ساڵەی کە کاری کرد، دوو رێستورانتی گەورەو کۆمەڵگەیەکی درووستکرد، ئەوەی کە سەرنجی منی لەو چیرۆکی سەرکەوتنە راکێشا ئەو (Fast food)ەبوو.. خواردنی خێرای ئیتاڵی، لبنانی، ئەمەریکی و ئاسیایی، هەر لە لەزانیا و سپاگێتی و چیکن و هامبورگر و شاورمە و دۆنەرو ..تاد هەموو خواردنێك کە لە رۆژئاوا هەیە لەو کۆمەڵگایە دەستدەکەوێ، ئەمە جگە لە هەموو خواردنێکی شەرقی.

هەموو ئەو ئاماژانە لە (لەفەفرۆشیی سەر عارەبانەوە بۆ Fast food و Abushahab Coffee)ەوە تێیانگەیاندم کە ئەو پیاوە چ گۆڕانکارییێکی گەورەی لە ژیانی خۆیدا کردووەو بەو هۆیەشەوە لە شارەکەی..

لەو کاتە من شیعرەکانی شێرکۆم کەوتەوە یادو بیرم لەو بەراورد و گۆڕانکارییانە کردەوە کە لەماوەی ئەو 32 ساڵەدا هەیە، بیرم لەو لێکچوونە کردەوە کە لەنێوانی کازیوەو هەست و نەسدا هەیەو گەیشتمە وێنەیەك کە لە 1978 شێرکۆ خاوەنی دوکانێك بووەو تا ئێستایش هەر بە هەمان شێوازی کارکردن خاوەنی ئەو دوکانەیە کە 32 ساڵ بەر لە ئێستا کاری تیاکردووە.. بەو بەڵگەیەی کە ئەوەی لە خاڵی چوارەم نووسیومە شێرکۆ بێکەس لە هەست و نەستدا دەڵێ، ئەوە هی کازیوەیەو ئەوەیش کە نووسیومە لە کازیوەدا دەڵێ، شیعرێکی ناو دیوانی هەست و نەستە و بەبێ ئەوەی خوێنەرێکی زۆر هەستی پێبکەن کە کامە شیعر هی کامە دیوانە..بەدیوێکیدی چەند شیعرێك لە کازیوە دەربێنەو بیخە ناو هەست و نەست و بە پێچەوانەشەوە، ئەوا هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێ.

ئەو قاڵبگیرییە پەیوەندی بەو عەقڵیەتە لۆکاڵییەوە هەیە، کە بێکەس نەیتوانییوە تێیپەڕێ.. تێپەڕین بەسەر لۆکاڵیبوون و بەزاندنی سنوورەکانی لۆکاڵیەت پەیوەندی بە فکرو کراوەیی لە فکرەوە هەیە، بێکەس لە چەندین شیعری (کە لە ئەورووپا نووسیویەتی) باس لەوە دەکا کە ئەو تەنیا بە جەستە لە ئەورووپا بووە، یەکێ لە کێشە گەورەکانی نووسەر و مامۆستاکانی زانکۆو شاعیرانی خۆرهەڵات لە رۆژاوا ئەوەیە کە تەنیا بە جەستە لەوێن، ئەوان هەڵگری هەمان کولتور و دنیابینی و رامانن کە لە شوێنزا

پێکییان هێناوە، بە شانازیشەوە دەنووسن کە ئەوان تەنیا بە جەستە لەوێن، عەقڵ و ڕۆح و هەموو هەست و نەستیان لای چۆنییەتی بیرکردنەوە و عەقڵییەتی کۆڵان و گەڕەکی شارەکەی خۆیانە:

لە کەژاوەی ئێوارەیەکی سپی و لە شێوەی خەونێکی
پێڵو تەڕدا ئەو خەیاڵە باڵگرتووانە بردمیانەوە
بۆ شەوێکی بەفرانباری شاری ئۆپسالا ی
سویدو ماڵی سپی کاکە مەحمود... تادەگاتە:
بە کاک مەحمودم وت:
تۆ ئەزانی ئەم بەفرەی ئێرە لە وردە شەکر ئەچێ و
بەڵام بەفری لای خۆمان کلوو کلوو وەك
ریزە پەپوولە دێنە خوارێ. کاك مەحمودیش وتی:
راستە بە هیچ جۆرێ لە بەفری کوردستان ناچێ
ئەم بەفرە بێ ڕۆحەو بەڵام بەفری لای خۆمان
پڕ بوو لە درەوشانەوەی ڕۆح و خەمە سپییە جوانەکان!
دوای هەناسە هەڵکێشانێ وتیەوە:
بڕوا بکە ئەوەتەی لێرەم خەوێکم بەم سویدەوە
نەبینیوەو لە خەویشدا هەر لەولام و لە لای سەرکارێز و
لەسەر گردەکەی یارە، ... تاد

شاعیرێك ئەگەر بڕوای وابێ بەفری ئۆپسالا بێ ڕۆحە و وەك بەفری کوردستان نییە کە پڕە لە ڕۆح، شاعیرێك ئەگەر لە

باڵكۆنی یەكێ لە شوقەكاني تەلارێكی ستۆكهۆڵم بوەستێ شیعر بۆ تفەنگ و خەنجەرو خشت و كووشتن و ..تاد بڵێ، بینینێكی تەندرووست نییە لە ئێستادا، ئەو ناتەندرووستییە لە بینین دەبێتە هۆیەك كە قاڵبگیری و بۆتەبەندی لە دیوانەكانی شاعیر بێتە ئاراوە.. لەسەرەتاوە چەند ئاماژەیەكمدا كە ئەو تەنیا دەتوانێ لەو بازنەیەدا بەردەوامبێ كە درێژكراوەی شیعرەكانی پێشووی خۆیبێ:

ناوبەناوێ ئەگەر من خۆیشم دووبارە بكەمەوە

وەك درەخت خۆم دووبارە ئەكەمەوە، كە زەوی

هەرگیز تاقەتی لێی ناچێ. ل26

نازانم بۆ دەبێ شاعیرێك كە نازناوی (شاعیری گەورەی گەلەكەمان)ە، خۆی دووبارە بكاتەوە؟ باوەكو وەك خۆی دەڵێ ئەو خۆ دووبارەكردنەوە خۆدووبارەكردنەوەیەكی لەدەرەخت چووشبێ.. بەلای منەوە لەو خۆدووبارەكردنەوەیە خوێنەری جددی دەگاتە ئەوەی كە كۆك بێ لەگەڵ بۆچوونی خودی شێركۆ بێكەس كە دەڵێ: گرنگ ئەوەیە شیعر بنووسم، هەرچۆنێك بێ دەبێ بینووسم، چونكە شیعر نەبێ ئەو دەمرێ.. شاعیر ئەو پرۆسەیە بۆ ئەوە ئەنجام دەدا چونكە بڕوای وایە كە شیعر نەبێ ئەو بە جەستەش كۆتایی دێ و دەمرێ، بەدیوێكیدی ئەو هەناسەی خۆشحاڵی و بەختەوەرییەی كە ئەو هەیەتی سەرچاوەكەی لە

شیعرەوەیە، خۆ ئەگەر شیعر نەبێ بەختیاری بوونی نییەو بەختیاریش بۆ ئەو نەبێ خۆی وجودی نامێنێ..

ڕەنگە ئەو ڕۆژەی کە شیعری
تیا ماچ نەکەم
ستران نەگرمە باوەشم و
لەگەڵ باڵندەی ڕەنگاڵەی
تابلۆیەکی جواندا نەفڕم
ئەو ڕۆژە بێ
کە تیا بمرم.. ل 129

کەوابێ ئەو دەبێ بەردەوام بنووسێ و بڵاوبکاتەوە، کە بەردەوام دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە و ئەزموونێکی نوێ تێکەڵ بە خۆی ناکا، ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، کێشەکە هەر ئەوە نییە کە بەیەك ئاست شیعر بەرهەم ناهێنێ، لەوەش نییە کە هەندێجار خۆی دووبارە دەکاتەوە(وەك خۆی دەڵێ)، کێشەکە لەوەیە کە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە خۆی لێ دووبارە دەکاتەوە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ زەوقی شیعریی جیلی نوێ ناگونجێ، یا ئەگەر بشگونجێ چێژوەرگرتنی شیعریی وەرگری گەنج بەرەو فەزای شەڕو چەك و شەڕگە و کووشتن و توندروتیژی و مەرگدۆستی دەبا، من بەس چەند نموونەیەکی دەستپێکی چەند شیعرێك دەهێنمەوە، نەك توندڕەوی و هاندان بۆ توندڕەویی و مەرگدۆستی لە کۆی شیعرەکانی دیوانەکە یا لە کۆی

**دیوانەکانی، لە دیوانی هەست و نەست دەستپێکی (رستەی یەکەم تا سێیەم)، چەندین شیعری بەو شێوەیە:**

**ئازادییان کرد بە کورسی و**

**لەسەر کورسیش تفەنگ دانیشت** ل 35

.......

**لە جادەیەکدا درەختێ**

**بەسەر ژنێکی کوژراودا** ل46

......

**لەو ساتەدا**

**لە شەڕگەدا**

**تەنها دوو سەگ ئەبینران و** ل 74

......

**لەنێوان دوو هەوری ناو ئاسۆی**

**شاخێکدا**

**شەڕێ بوو** ل79

.....

**لەسەر سووچی جادەیەکدا**

**گیتارێکم تیرۆر کرا** ل 81

....

له شەڕگەدا

بووە بەشەڕ ل83

.......

بکوژ

هاوڕێکەم

دوای کوشتنی بە چەند رۆژێ ل 84

......

له شەڕگەدا

دوو چاوی زەق ل86

........

وەختێ تەتەرەکە کوژرا ل88

.....

له شەڕگەدا

جووتێ پۆستاڵ ل89

.....

له شەڕگەدا

دەقیقەیەکە کوژراوەو لەسەر پشتیش راکشاوە ل100

....

ئەمشەو تەمومژی رقێ

پەردەی دڵی داگرتبووم ل115

...

بە کوژراوی و

بە باوەشیٚ گوڵی ژاڵەو     ل 141

...

دوێنیٚ قەڵەمێك لە شێوەی کۆترێکدا

بەدەم شەقژنەوە کوژرا.    ل 237

...

دووبارەی دەکەمەوە کە من تەنیا دێری یەکەم و دووەمی شیعرەکانم وەرگرتووە کە ئاوا دەست پێدەکەن، لەناوەڕۆك و تەنانەت لە دێری چوارەمیشدا کووشتن و شەڕگە و تیرۆرو.. تاد دەرنەهێنراوە.. بەلای منەوە وەك خوێنەرێك جێگای هەڵوەستەو رامانە کە کۆمەڵێك تێکست لە (نوێترین دیواني شێرکۆ بێکەس دا کە لە ساڵی 2010 چاپکراوە) بەو هەناسەیەوە دەستپێبکەن.. دەسپێکێك کە تەنیا لە ( Kriegsfilme ) فیلمی حەربیی دەچیٚ..! خۆدەشکریٚ ناوی ئەو جۆرە شیعرانە بنێین شیعری حەربی.

لە کازیوەدا شیعری بۆ نالی و کەمال جنبلات و نەسرین و کەمال ناصر و نازم حیکمەت و لەتیف حامد و حەسەن زیرەك و گۆرکی و خوارووی لبنان و نەجیبە و تەلزەعتەر نووسیوە، لە هەست و نەست بۆ  سەردەشت عوسمان و (پەخشان)ی بۆ مەحمودی مەلا عیززەت و مەحمود زامدار و ئەکرەم قەرەداغی و قاسملو و فوئاد سوڵتانی و رەفیق چالاك و حسێن میسری و

شەهیدانی لە سێدارەدراوی کوردستانی ئێران و محێدین زەنگەنە و حەمە جەزا نووسیوە.. بەدرێژایی ئەو 43 ساڵە و لەو 40 دیوانەی کە بڵاویکردۆتەوە شیعری بۆ مردنی دەیان و سەدان کەس گوتوە، تا وایلێهاتوە کە خەڵك تەمەننای مردن بکەن بۆ ئەوەی ئەو شیعریان بۆ بنووسێ و خۆشی شانازیی پێوە بکا..

مەزنترین خەڵاتێ شیعری من
پێی درابێ و
لەسەر سەری داینابێت و
لەگەڵ خۆیدا وەکو چاوی
کوچە بە کوچەی زمان و
شار بە شاری خۆشەویستیی
گێڕابێتی
نامەیەك بوو
کە (پ.م)ێکی زامداری ئەو شاخە
لە ساڵانی بەفرو خوێندا
بۆی ناردبووم.
تیانووسیبوو:
من تەنیا یەك خەونم هەیە
بۆم بێتە دی
لە پێناو عەشقی بەرددا بکوژرێم و
بەس بەو مەرجەی

**له ئێستاوه دڵنیابم**

**تۆ شیعرێم بۆ بنووسی.**

**تازه باوەڕناکەم شاعیر بتوانێ واز لەوە بێنێ کە ناسیاوێکی یا (یەکێك نەناسیاویش بێ بەڵام بزانرێ دواتر مەراسیمی چلەی بۆ دەکەن)بمرێ و شیعری بۆ نەنووسێ، له دیوانی دوای هەست و نەستیش گومان ناکەم کە چەندین شیعرێتر دەبینین بۆ ئەو کەسانەی دەنووسێ کە شەهید دەبن، یا جەڵتە لێیاندەدا یاخود لەبەر پیریی کۆتاییان پێدێ.. بەو شێوەیە لە ئێستاوە دەزانین کە یەکێ لە خاسییەتەکانی دیوانی دوای هەست و نەست کە لە 2011 یا تۆزێ درەنگتر بڵاوی دەکاتەوە هەمان ئەو خاسیەتەیە کە لە هەست و نەستدا هەبووە.. بەو شێوەیە یەکێ لە خاسیەتە هاوبەشەکانی کە لەنێوانی کازیوەو هەست و نەستدا هەیە بریتییە لەوەی کە شیعر بۆ خەڵك و بە تایبەتیش مردوو بنووسێ.**

**لەگەل ئەوەش شێرکۆ پێی وایە جگە لە مردوو، جگە لە ڕووداوی مێژوویی، جگە لە کارەسات و کووشتن و شەڕ، دەتوانێ هەموو شتێ بکا بە شیعر، ئەو بۆ شیعر لەدایکبوو، بۆ شیعر ژیا لەناو شیعریش دەمرێ:**

**دەست بدەمە هەرچی شتێ**

**داربێ، بەردبێ، پیاڵەی چابێ**

**پەرداخی سەرمێزەکەم بێ**

**یان تەپلەکی جگەرەکەم**

من ئەتوانم رۆحی شیعریان

بەبەرداکەم...                ل189

راست دەکا، هەر وای کردووە، بەڵام تازە ئەو ناتوانێ یا پێرانەگەیشت بتوانێ جۆرێك ئەو شتانەی کە ناوی بردوون بنووسێ کە لە ئێستادا شیعری نوێن.. من پێمخۆشبوو لە جیاتی هەست و نەست شتێکیتری پێشکەش کردبوویان جیا لەو ئەتمۆسفێرەی کە هەر بە بۆن و لە دوورەوە هەستی پێدەکەیت.. بەهەرحاڵ ئەو گوتویەتی کە ئەگەر قەسیدەیەکی خەڵەفا و تووشی قسە هەلەق و مەلەق هات خەبەری بدەینێ، من لەو نووسینە نەمگوتوە کە کامە قەسیدەی خەڵەفاوە، چونکە بە کاری ئەو نووسینەم نەزانیوە.

هەوڵی من لە دەربڕینی ئەو چەند تێبینیە تەنیا بۆ ئەوە بووە، ئاماژە بە چەند ناونیشانێك بکەم کە هەموویان شیاوی دیراسەو لێکۆڵینەوەن، شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس شیاوی ئەوەن کە لە چەندین رووەوە خوێندنەوەیان بۆ بکرێ، بە هیچ شێوەیەکیش خۆم لەگەڵ ئەو قەڵەمە نەیارانە نابینمەوە کە ئەو لە دیوانەکە بە ئێرەیی کردن تۆمەتبارو تاوانباریان دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کەسانێکی زۆر لە نەوەی نوێوە بە شانازییەوە، بەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەستیان بە خوێندنەوە کردووە:

ئەی قەڵەمە نەیارەکان!

من ئەزانم

**بۆچی ئێرەییم پێ ئەبەن؟!**
**لەبەر ئەوەی**
**هەموو ئەو کچە شیعرانە**
**ناسك.. ناسك**
**وەکو لاولاو، لە چوار لاوە**
**ئالاّونەتە خامەکەم و**
**ماچم ئەکەن..** ل 141

**وەك گوتراوە هیچ شتێك لە ژێر تیشکی خۆردا نوێ نییە، هەرئاواش هەموو شتێك لەژێر سەقفی زەمەندا کۆن دەبێ و لەناو دەچێ و دەمرێ، ئەگەر خوێندنەوە بۆ هەست و نەست بکرێ و بگوترێ شیعرەکانی ناو ئەو دیوانە وەکو شیعرەکانی ناو دیوانێکن کە سی و دوو ساڵ بەر لە ئێستا چاپکراوە بە مانای نەیاربوون نایە، بەمانای ئەوە دێ کە خۆشی درکی پێکردووە و دەزانێ ئیدی وردە وردە توانایی ئەو روو لە تەواو بوونەو ئیدی سەردەمێکی نوێ هاتووە کە گەنج بە شێوەیەك بیردەکاتەوە جیایە لە نەوعیەتی بیرکردنەوەی ئەو، گەنج جۆرە فەزایێکی تری هەیە جیا لەو فەزایەی کە ئەو گەنجایەتی خۆی تیا گوزەراندوە، بە بۆچوونی من داهێنەر ئەوەیە کە بتوانێ لە تەمەنێکی پیریشدا هەوڵبدا بەژداربێ لەو ئەتمۆسفێرەی کە گەنجان ئێستا تێیدان، بەداخەوە خۆی دان بەوە دادەنێ کە ئەو دوورە لەو ئەتمۆسفێرە:**
**ئەی پەنجەرەی باڵاخانەی رەنگاورەنگی عەقڵی نوێ**

من دوێنێم و لە پەنجەرەی کۆن و نزمی
خۆمەوەیە، سەرهەڵئەبڕم بۆ لای تۆ
تۆ ئێستاکە لە گەردوونی بێ کۆتایی زانستا
پەرجووی سەدەی ئینتەرنێتی و لە پەنجەوە
لەسەر کیبۆرد ئەجوولێیت و هەڵئەفڕیت و
جێی سەرسامی و رامانی
تا دەگاتە باسی خۆیی و دەڵێ:
وا نۆرەمە، ئیتر منیش سەربەرەو خوار، داچم و
وەك دوا تیشکی خۆرنشینی، دەم ئاسۆ
ئاوابم و، بۆ عەقڵی تۆو، بۆ بەهرەی تۆ پیرەتیم
زۆر باشترە، چۆڵی بکات، سەرشانۆ.
من باوکتم، خەوش نییە، کە نەزانی چۆن ژیام..

دوا رستەمەکانم ئەوەیە کە بڵێم: خەوشە کە نەزانین تۆ چۆن ژیای، بەڵام بێگومان زەمەن رێگا نادا کە نەوەی نوێ وەك تۆ بژیێ.. ئەگەرچی پێشمان ناخۆشبێ کە (چۆڵی بکەی سەرشانۆ) زەمەن پێت چۆل دەکا.
ئەگەر لە دیوانی دابێ هەمان ستایل و هەمان فەزای دیوانی هەست و نەست دووبارەبکەیتەوە، ئەوا ئەو کات هەر بەڕاستی دوا تیشکی خۆرنشینی دەم ئاسۆیت و ئیدی بەراستی تۆ ئاوابووی.

# (دەسکێك هۆنراوەی تاكدێری)ی

# عەباس عەبدوڵلاّ یوسف



# دەسکێك هۆنراوەی تاکدێڕی

• گۆرانیەکی بەهارانەی رۆمانسی چڕی، وردە بۆقیش کۆرسی بوون.

• من سەربوردەی خۆمم دەگێڕایەوە، گرانیت بەگژمەوە داهات و وتی: بەس بە وس بە، ئەمە سەربوردەی منە!
• لوولیتا لە پیریدا حەز لە کوڕیژگەیەکی تازە هەرزەکار دەکات.

• بەنگی لە ملا هات، جەنگی لەولا، مەستی بەنگ بوون و لەسەر پیتگۆڕکێیەك شەڕە تەماتەیان قەوماند.

• بابچین کۆنە فیلمێکی هیندی ببینین و بەدوا فرمێسکیش ماڵاوایی لێ بکەین، بۆلیوودیش خۆی لەناو فرمێسکان سەماو گۆرانی دەڵێت.

• لە نیویۆرك، رستە خڕنووکێکم بە دەمانچەیەك گۆڕییەوە.

• لە UNدا پشیلەو مشك تەبانامەی ئاشتییان مۆر کرد، پێشیان خۆشبوو بەسەرپەرشتی ئەنجلینا جۆلی بوو.

• دوامۆدیلی قژەکەی، حەوت ماری بەڕاستی لەملاو حەوتی دیکەش بەولا.

• عووووووج پەیامی خۆی دا بە گووگل.

• قاقان بەقاقای بالوول دەخەوێ و بە قووقەی دیقل بەخەبەر دێ، ئینجا بەیەکەوە خۆی و قورواق قەیماغ دەخۆن.

• مرۆڤتاش لووتیکی ناشیرینی دا بە ئێمە!
• مرۆڤ ئێستا خۆی ژەهرباره، ئەدی مار و دووپشك بەكێ وەبدەن؟!
• بەڵێ، مەڵێ، ژیان بێ مانایە، ئەمیان پەسنی نژیارە.

• دەچمە سەرگۆڕی پڕ نووری ئیمام هەسەنی بەسرایی، تکاكارم لێم قەبوول بكا بڵێم: دونیا كەلاكەو تێكڕای خەڵكەكەش سەگی هارو گڕووی سەر ئەو كەلاكەن.

• یەك مەتر لێكدوور رەق راوەستاوین، سێبەرم نازانم چی لە سێبەری وی دەكرد.

• ناشیكەمە كێشمەكێش، دەستم لە مێشكم هۆشمەنترە.

• سەبەتەم هەڵدایەوە، پاشماوەی جوجكەیەكی خوراوم لە بن بینی.

• هەر چۆنێك دەستی بقووچێنێ، لێی دەبێتە دەمانچەو یەكێكی پێ دەكوژێت.

• مرۆڤێكی سۆپەرمان (بەكوردی بێعار) بە تاكپێی خێرا غاری داو مامزێكی گرت، جا بە تاكدەستەكەی خستیە قەڵاندۆشكانەوە.

• هانارەس، هانارەس، هانارەس، لە كوێی، ناونیشانەكەتم ون كردووە؟!
• ئێستا لە هەر مارمیلۆقێك بپرسی باوكت كێیە؟ یەكسەر دەڵێ ترێلە.

• من هەر لە هەولێریش ناژیم، من هەر لەساڵی 2008یش نیم.

• سەگی من سەری بڵند کرد، بەرامبەر، سەگی خانم سەری نەوی کرد.

من بە پەلە چووم دەستی ئەو خانمەم ماچ کرد.

• وێنەیەك چاوی لێم سۆر دەکات! پەنجە و لێوی وێنەکەش گەفم لێدەکەن!

• ژن ژنە و پیاو پیاوە و لە دارستانیش نەبێ، بەیەك ناگەن.

• کات و شوێن هاوسەری یەکترن، جارێش نەمانزانیوە کامەیان نێرە و کێهەیان مێیە.

• لە بۆ خۆیان درۆیان تاپۆ کرد، نەشیانهێشت گشتە نەرمە درۆیەك بکات.

• پەپوسلێمانە، ناوی بە راستیت پەپو بەلقیسایە.

• بە بیستنی دەنگی شکاندنی دەنکە فستقێك، تەلیسمی ونگە کرایەوە و رەوە ماسییەك بەسواری پاسکلی سێتایە پێشبڕکێیان کرد.

• لە شەقامی رەشید تووشی کۆنە هاوڕێیەکی قیادەی مەرکەزی بووم، لێیتێکچوو بوو داوای ناونیشانی ع.ع. یووسفی لێکردم، منیش ناونیشانی گۆرباچۆڤم پێدا.

هەر كاتێ دەستدەكەین بە خوێندنەوەی چەند وشەیەكی دەسپێكی شیعرێك، شارەزایی خۆمان و مەعریفەی ناسینی شیعرمان چەند (لەوانەیەكمان) دەداتێ سەبارەت بە چۆنییەتی تەواوبوونی رستە یا پەرەگراف یا شیعرەكە، تێكستی هاوچەرخی داهێنەر ئەو تێكستەیە كە لە هەموو ئەو كۆتاییە دانراوانەی وەرگر لادەدات و شتێكیتر دەڵێ كە هیچ یەك لەو ئیحتیماله دانراوانە نییە.

كە دەست بە خوێندنەوەی ناونیشانی ئەو نووسینە، (دەسكێك هۆنراوەی تاكدێری)ی عەباس عەبدوڵلا یوسف دەكەی هەست بە پیشەسازییەكی شیعری دەستكردی نائیستەتكیی دەكەی و چاوەڕوان دەبی كە چەندین رستەی رووت لە شیعرییەت،(گۆرانیەكی بەهارانەی رۆمانسی چڕی) نەك هۆنراوە (وەك خۆی نووسیویەتی) بەدوای ناونیشانەكەوە بێت.

دەڵێ:

(قاقان بە قاقای بالوول دەخەوێ و بە قووقەی دیقل بەخەبەر دێ، ئینجا بەیەكەوە خۆی و قورواق قەیماغ دەخۆن).

شیعرەكانی نزار قەبانی لای زۆربەی هەرە زۆری وەرگران، بە كەسانی ساویلكە و قووڵەوە، خوێندەوار و نەخوێندەوار، بچووك و گەورە و مێ و نێر و..تاد قبوڵیانەو چێژی لێدەبەن.. من باوەڕم وایە بە پێچەوانەی شیعرەكانی نزار زۆربەی هەرە زۆری وەرگران

به کەسانی ساویلکە و قووڵەوە، خوێندەوار و نەخوێندەوار، بچووك و گەورە و نێر و مێ و..تاد ناتوانن چێژ لە (قاقان بە قاقای بالوول دەخەوێ و بە قووقەی دیقل بەخەبەر دێ، ئینجا بەیەکەوە خۆی و قورواق قەیماغ دەخۆن) یا (من سەربوردەی خۆمم دەگێڕایەوە، گرانیت بە گژمەوە داهات و وتی: بەس بە وس بە، ئەمە سەربوردەی منە!) یا (بەنگی لە ملا هات، جەنگی لەولا، مەستی بەنگ بوون و لەسەر پیتگۆڕکێیەك شەڕە تەماتەیان قەوماند) و تاد ببەن.

سادەترین و ئاسانترین پرسیار کە پێویستە جارێکیتر (لەو سەردەمە) سەبارەت بە شیعر لە خۆمانی بکەین ئەوەیە: ئەگەر شیعر جوانی نەبەخشێ و چێژنەدا و وەرگر لە دۆخێك بۆ دۆخێکی (خۆشتر) یا (قووڵتر) نەگوازێتەوە لە کوێوە بوونی زەرووره..؟ ئەگەر شیعر دەرگاکانی بیرکردنەوە و رامان لای خوێنەر نەکاتەوە یا نەیگەیەنێتە چەند ئۆرگازموزێکی دەروونی باوەکو وردیش بن، لە کوێوە بوونی زەرووره؟

ئەوەی کە لەو چەند رستەیە دەردەکەوێ، نیشانماندەدا کە نەشارەزاییێکی بالا لە تێگەیشتن بۆ پیشەگەریی لە شیعردا لای

تێکستنووس بوونی هەیە..لێرەدا تەنیا وشە بە تەك یەك لکێنراون و دانراون و ریزکراون، کە هەرگیز نەتوانراوە لە هەردوو حاڵەتی کردنەوەی دەرگاکانی رامان لای وەرگر یا چێژبەخشین سەرکەتوو بێ، بە پێچەوانەی بە نموونە گەنجێك کە لە دێرێك دەتوانێ ئەو کارە بکا..

کارزان رەحمان دەڵێ:

(کە مرۆڤ دەخنکێ.. ئەی ئاو چەند دڵڕەقی، چەند دڵڕەقی) یا (بریا وەك تەبەقەیەك هێلکە بە تەنیا ژیابام)..

عەباس دەڵێ:

(قاقان بە قاقای بالوول دەخەوێ و بە قووقەی دیقل بەخەبەر دێ، ئینجا بەیەکەوە خۆی و قورواق قەیماغ دەخۆن) یا (من سەربوردەی خۆمم دەگێڕایەوە، گرانیت بە گژمەوە داهات و وتی: بەس بە وس بە، ئەمە سەربوردەی منە!)

بەراوردکردنی ئەو شێوازی پیشەسازییە (بۆیە دەڵێم پیشەسازیی، چونکە ئەو دێرانە تەواو خاڵین لە هەموو ئەو خاسییەت و

ڕەگەزانەی کە شیعر پێك دەهێنن) لە درووستکردنی شیعر لەو دوو نمونەی هێنامەوە، لای کارزان و عەباس بۆ خوێنەر جێدێڵم.

چۆنییەتی گوتن کە لە کۆمەڵێك تاکدێری هەوڵدراوە بە شێوازێك بێ، سوود لە دیاردە بەرچاوەکانی جیهان وەربگیرێ، زۆر ڕەمەکی کاری لەسەر کراوە، مەبەستمە بڵێم، نەتوانراوە هیچ بەهایەك بۆچییەتی گوتن دابنرێ.. بەدیوێکیدی دەتوانم بڵێم: هەوڵیداوە بە سود وەرگرتن لە هەندێ ناو بە سیفەتەکانیانەوە بە نمونە بۆلیۆۆد، ئەنجلینا جولی، لۆلیتا، لەیەك دێردا هۆنراوەکمان پێبدا وەك خۆی دەڵێ، بەڵام بە داخەوە نەیتوانیوە لەو دێرانە واتایەك یا حیکمەتێکی سوریالی یا وێنەیەکی بێمەعنای ئێستەتیکی یا هەر شتێکیتر بدا کە شیعربێ یا بە شیعر بچێ، لێرەدا دەبێ ئەوە لێکجیا بکەینەوە کە هەندێجار تێکستی داهێنەرانە پێش زەمەنی خۆی دەکەوێ و زوو هەزم ناکرێ لای خوێنەر لەگەڵ ئەوەی کە تێکستێك بە هیچ شێوەیەك شیعر نییە و هیچ زەمەنێکیش نایکاتە شیعر.

(لوولیتا لە پیریدا حەز لە کوڕێژگەیەکی تازە هەرزەکار دەکات).

لۆلیتا بە ناوبانگترین رۆمانی ڤلادیمێر نابۆکۆڤە باس لە پیاوێك دەکا کە کچانی 13-14 ساڵی خۆشدەوێ و عاشقی لۆلیتای منداڵ دەبێ.. لەو دێرەدا هاوکێشەکە پێچەوانە کراوەتەوە و لۆلیتا لە پیریدا (کوڕیژگەیەکی)خۆشدەوێ.. پرسیاری من ئەوەیە شیعرییەت و فەزای شیعری و سەرنجڕاکێشی و هیلاکیی لە درووستکردنی شیعر و جوانیی ئەو شیعرە لە کوێیە..؟ حیکمەت و کاریگەریی چییە لە کردنەوەی زەینی وەرگر؟؟؟ لە کوێوە وەرگر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر دەگوازێتەوە؟؟؟ ئەگەر ئەوە حیسابی داهێنانی بۆ بکرێ ئەوە هیچ کەسێك نامێنێ لە دنیادا کە داهێنەر نەبێ، چونکە هەر کەسێك کە خوێندەوارییێکی سەرەتایشی هەبێ دەتوانێ رۆمانێك بخوێنێتەوە بە نمونە بڵێ: (لە کۆتاییدا سۆنیا پێی راسکۆلنیکۆفی ماچ کرد) یا (سانتیاگۆ لە تەنجە بە شووشەواتفرۆشەکەی گوت: لە بری نانخواردن من رێکلامت بۆ دەکەم)..(لەو دوو نمونە، من بە ئەنقەست وێنەکانم گۆڕیوە)... تاد بۆیە ئەو رستەیە جگە لە رستەیەکی زۆر زۆر ئاسایی هیچ شتێکیتر نییە کە پەیوەندی بە شیعرەوە هەبێ.

(با بچین کۆنە فیلمێکی هیندی ببینین و بە دوا فرمێسکیش ماڵاوایی لێ بکەین، بۆلیۆدیش خۆی لەناو فرمێسکان سەما و گۆرانی دەڵێت).. (بۆلیۆدیش خۆی لەناو فرمێسکان سەما و گۆرانی دەڵێت) ئەوە مەعنای چییە؟؟؟ مەبەستم لە مەعنا، بەها ئێستێتیکیەکەیەتی؟؟؟ خۆشیی و جوانییەکەی لە کوێوەیە؟؟؟

(لە UN پشیلەو مشك تەبانامەی ئاشتییان مۆرکرد، پێشیان خۆشبوو بەسەرپەرشتی ئەنجیلا جولی بوو) پرسیار ئەوەیە ئەو رستەیە، کە ((رەنگە ماندبوونێکی یەکجار زۆری بوێ تا بتوانرێ بنووسرێ!!!)) چی دەبەخشێ؟؟؟ حیکمەت؟؟؟ فەلسەفە؟؟؟ ئێستەتیك؟؟؟ وێنە؟؟؟ شیعر؟؟؟ شیعریەت؟؟؟ بێمەعنایەکی جوان؟؟؟

بە کورتی ئەوەی کە من لە خوێندنەوەی ئەو دێرانە دەیبینم بریتین لە:

1- ویستوویەتی بە زمانێکیدی و ستایلێکیدی هەوڵێك بدا، بەڵام ئەو هەوڵە تەنیا هەوڵێکە و لە بۆتەو چوارچێوەیەکي لۆکاڵی خۆیدا بە بێ وەرگر دەمێنێتەوە.. بە سانایی چونکە پێیوە دیارە زۆر لە

خۆكراوە تا ئەو تێكستە نووسراوە، تێكستێكە وەكو ئەوە وايە چەند فەردەيەك پووش و پەڵاش بخەيتە سەر يەك و بتەوێ ئاگرى پێبكەيتەوە، بەڵام گڕناگرێ و لوت و چاوت پڕ دەكا لە دووكەڵ..

2- كاركردن بۆ دروستكردنى لادان، هێندە زێدەڕۆيى تيا كراوە، تا ئاستى ناشرين بوون،(بەبيستنى دەنگى شكاندنى دەنكە فستقێك، تەليسمى ونگە كرايەوە و رەوە ماسييەك بە سوارى پايسكلى سێتايە پێشبڕكێيان كرد) يا (مرۆڤێكى سوپەرمان – بە كوردى بێعار- بە تاكپێى خێرا غارى داو مامزێكى گرت، جا بە تاكدەستەكەى خستيە قەڵاندۆشكانەوە).. ئەگەر واماندانا كە ئەو وشەيەى كۆتايى (قەڵاندۆشكان)يا (كوڕێژگە) يا (كێهەيان) يا (بێعار)و ..تاد بە ئەنقەست هێنابێ و پێى وابێ كە بەو وشە لۆكاڵييانە شيعر سنوورى لۆكالييەتى جوگرافيا دەبەزێنێ كارێكى نادرووستەو تێنەگەيشتنێك لە ئارا دايە.. ئەوە بە تەنيا هێنان و دانانى وشەو زاراوەى لۆكاڵ نييە كە وا لە شيعر دەكا ئەو سنوورى لۆكاڵييەتە ببيەزێنێ، بەڵكو چەندين هاوكێشە لە ئارادان كە دەبێ هەموويان لەناو تێكستێكدا پراكتيك كرابن بۆ ئەوەى شيعر بگاتە ئەو ئاستە، بەڵام لە ئاسانترين دەربڕيندا سەبارەت بە هێنانى

وشەی ناوچەیی ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین، ئەوەندەی ئەو ئاگرە گرنگە کە لە ئەنجامی بەریەك کەوتنی وشە بە وشە درووست دەبێ ئەوا ئەوەندە ناوچەیی و یا ستاندەربوون گرنگ نییە لە شیعردا.. شاعیر دەتوانێ لە هەموو وشەیەك شیعر درووست بکا ئەگەر خاسیەتەکانی شاعیربوونی هەبێ.. نالی چەندین وشەی وەك زاناندمان، هەورین و تاد بۆ یەکەمجار بەکارهێناوە کە بۆ سەردەمی ئەو یەکەمین کەسێکە کە ئەو وشانەی لەنێو شیعر بەکارهێناوە، بەڵام لە هێنانی ئەو وشانە بۆ ناو شیعر گرنگتر چۆنییەتی بەکارهێنانییەتی:

ئاسمان هەورین دەبێ، ئێـــــمەش بە غـەمگینی دەڵێین:
ئەی خودا چ بکەین لەژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو!؟

3- چۆنییەتی بەکارهێنان و سود وەرگرتن لە گیانلەبەران، مشك و پشیلە، جوجکە، مار و دووپشك و تاد، لێرەدا من بۆق بە نمونە دەهێنمەوە لەو تێکستە و لای نووسەرانیدی ..(گۆرانیەکی بەهارانەی رۆمانسی چڕی، وردە بۆقیش کۆرسی بوون) زۆر ئاسایی هەندێ وشە ریزکراون و ناونراون هۆنراوە، وردە بۆقیش کۆرسی بوون، وێنەو گوزارشتێکی زۆر ئاساییترە لە ئاسایی.. با بەراوردێکی خێرا لەنێوان دوو رستەیتر بکەین کە بۆقی

تیا بەکار هاتووە بە مەبەستی گوتنی شتێك، (گەنجەکان بۆ گاڵتە بەرد لە بۆقەکان دەگرن، بۆقەکان بە جددی دەمرن..ئێریش فرید) یا ( لەتوانای بۆقێکدایە بۆ چەند ساتێك جوانی مانگ لەناو دەراوێك لەناو ببا).. لێرەدا توانای شاعیرانە لە بەکارهێنان و چۆنییەتی و چییەتی گوتن بە تەواوی لەنێوانی تاکدێری و هەردوو شیعرەکە دیار و رۆشەنە.

4- لەو نووسینە تاکدێرییانەدا تەنیا پیشەسازیی و مەعریفەی درووستکردنی تێکست رۆڵی گێڕاوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ترووسەکە و برووسکەیەکی جوانی لێ نابینرێ.

هەر چۆنێك بێ ئەو چەند رستەیەی کە نووسیوومن گوزارشت لە بۆچوونی شەخسی من دەکات سەبارەت بەو تێکستە، هیوادارم وەکو بۆچوونی وەرگرێك وەربگیرێت، کە هەموو تێکستێکی جوانی خۆشدەوێت بەبێ گەڕانەوە بۆ تێکست نووس.

# تەکنیك لە شیعری (پۆرترێت)ی کەریم دەشتی



## پۆرتریێت

دۆستەکانم باوەشە گەڵاییێکی جوان بوون
لەنێو مەرکانەکانی بوون
سپێدەیەك بایێ لە باکووری ئاگرەوە
ئاگرێ لە تەنووری رقەوە هەڵگیرسابوو
زریانێ لە زەمهەریرەوە هات
زەمهەریرێ لە بەفرا داییسابوو
هەموویانی خستە ناو لەپی خۆیەوە
هەر یەکەی لە کەنارێ فڕێدا
...
دۆستەکانم کۆمەڵە گەنجێکی جوان بوون
ئێوارەیەك لەشکری پیری هات
سەری هەموویانی سپی کرد
ددانی هەموویانی وەراند
یادەوەریی هەموویانی کوشت
هەر یەکەی بەرەو گۆڕێ بەڕێ کرد
....
دۆستەکانم کۆمەڵە عاشقێکی گەرم بوون

نیوەڕۆییێ تای ئەشقێکی ئەبەدی

هەموویانی بووراندەوە

هەندێکی دایە خۆکوشتن

هەندێکی دایە دەست شێتی

هەندێکیشی کرد بە دێوانە لە دەشتاییەکانی قەدەردا

بەرهەڵای کردن

دۆستەکانم هەموویان بەم حاڵەوە یەك یەك مردن

...

دۆستەکانم کۆمەڵە شاعیرێکی شێت بوون

جگە لە خەیاڵ هیچیتریان نەدەزانی

ئێوارەیەکیان کتێبێ خۆی هاوێشتە ناو زەینیان

ماڵی لەبیر بردنەوە، قەڵەمی لێ وشك کردن

سەریان بوو بە پێ

پێیان بوو بە سەر

ئێستا هەموو شتەکان بە بەرەواژی دەنووسنەوە.

....

دۆستەکانم کۆمەڵە خەونێکی خۆش بوون

خەونی سەفەر بۆ ئەوبەری دەریایان

خەونی دروستکردنی شەقامەکان

خەونی بنیاتنانی دەوڵەت

خەونی چاپکردنی کتێبێکی جوان

**سپێدەیەک ئافات هات هەمووی کردن بە دروشم**

**ئیدی بە ئاگا هاتن، بەڵام فزەیان لێوە نەهات**

...

**دۆستەکانم کۆمەڵە مانگێکی بە شەوق بوون**

**بەسەر کانیاوەکان هەڵدەهاتن.. دنیا بەوانەوە جوان بوو**

**شەوێ دووکەڵێکی ڕەش سواخی دان**

**بەدیار نەکەوتنەوە**

**ئێستاش هەموو ئێوارەیەک دەچینەوە سەر گردەکان**

**ئێ بەڵکو تیشکێ دەرکەوێ لە سیمایان**

...

**دۆستەکانم کۆمەڵە دزێکی ناقوولاّ بوون**

**سپێدەیەک شای دزان هات**

**هەرچییەک کۆیان کردبووەوە هەمووی لوولدان**

**ئێستا هەندێکیان بوونەتە ڕێگر**

**ڕێی نێوان شارەو شار دەبڕن**

**هەندێ گەدا.. شەقامەکانیان گرتووە**

**هەندێ جەردە ویژدان لە ناخیان مردووە**

...

**دۆستەکانم کۆمەڵە شمشێربازێکی سیحراوی بوون**

**دەنگی نەعرەتە و بریسکەی شمشێرەکانیان**

**وڵاتیان دەهێنایە جۆش**

ئێوارەیەکیان شمشێربازێکی بیانی سادە
هات سیحری هەموویانی بەتاڵ کردەوە
ڕەنجی گشتیانی بە با دا
...
دۆستەکانم کۆمەڵە ئەشقیایێکی زۆر بوون
بەنێو کێوەکان وەربووبوون
شەوێکیان دوای شەڕێکی سەخت
هەموویان یەک یەک ئاوابوون
بۆ ئەبەد نەگەڕانەوە
......
دۆستەکانم وەك تاوێ بارانی تووڕە
خۆیان دەکرد بە جۆگەلە و کانیاوەکان
دنیایان پڕ لە ئاو دەکرد
ئاوێك بخوور و بوخارا
لەناو پەردەی هەزاران جام
سپێدەیەك ڕەشەبایێك هەمووی بردنەوە دارستان
لەو ڕۆژەوە منیش تەنهام.

تێمەی سەرەکی ئەو شیعرە بریتییە لەو هەستە فەلسەفییەی کە هەر مرۆڤێك لە شوێنزەمەنی جیا جیا و بۆ هەمیشەیی هەستی پێدەکا.. بەیەکەوە ژیان و دواتر پەرتەوازە و پەرشبوون و لە کۆتایش لێکترازان و ونبوونێکی تاهەتایی لەژێر ئەو سەقفەی کە ناوی زەمەنە.. بەشێوەیەکیتر ئەو تێکستە ڕەسمی دوو قۆناغی حەقیقی دەکا لە تەمەنی هەموو مرۆڤایەتی، ئەو تەمەنەی مرۆڤ هێشتا جوانە و لەززەت لە پێکەوە ژیان و هۆگربوون بەیەکتریەوە دەبا، لەگەڵ تەمەنێك کە ئیدی هەموو دۆستەکان با لوولیان دەدا و هەر یەکەو بەرەو کەنارێك هەڵدەدا.

حەقیقەتێکی نەگۆڕ و جێگیر لە هاوکێشەکانی شێواز و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی تەمەن بوونی هەیە، خۆ ئەگەر _با_ یەکیش لە باکووری ئاگرەوە هەڵنەکا و ئاگرێ لە تەنووری ڕقەوەش هەڵنەگیرسێ ئاوا هەر زریانێ لە زەمهەریرەوە دێ.. خۆ ئەگەر شای دزانیش نێ ئەوا هەر سپێدەیێ دوای شەڕێکی سەخت دۆستەکان یەك یەك ئاوا دەبن، گرنگ ئەوەیە دەبێ هۆکارێك هەبێ بۆ لێکترازانێکی ئەبەدی.. لێرەدا و لای هەر کەسێکیتر ئاخیرەت دیارە، بەڵام چۆنییەتی گوزارشت کردن لای شاعیر جۆرێکیترە.. من لەو خوێندنەوە خێرایە واز لە هەڵوەستەکردن

لەسەر فکر و فەلسەفەی تێمەی تێکستەکە دەهێنم و هەوڵدەدەم هەڵوەستیەك لەسەر ستراکتور و لایەنی تەکنیکی ئەو تێکستە بکەم و بزانین چۆن و بە چ شێوازێك ئەو تێکستە دروستکراوە..؟

هەموو شیعرەکە بریتییە لە دە کۆپلە یا پەڕەگراف، هەر پەرگرافەی خاوەنی سەربەخۆیێکی خۆیەتی، واتا دەکرێ ئەو پەرەگرافانە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ لە شوێنی جیا جیا و دوور لە یەکتر بڵاو بکرێنەوە، چونکە بە تەنیاش هەڵگری هەمان مەبەست و مەعنان کە کۆی تێکستەکە دەیداتە وەرگر.. هەر بۆ نمونە، لە دیوانی (کتێبی نەی) کەریم دەشتی شیعرێکی تێدایە کە بە باوەڕی من ئەگەر لەناو ئەو شیعرەدا بووایە نەك هەر ئاسایی بوو، بەڵکو تەواوکەر یا بەشێکە لە شیعری پۆرترێت:

سروتی برادەران

برادەرەکانم هەمووی یەك ژوور بوون
لە یەك کانی نوورا ئاویان دەخواردەوە
لە رووبارێ خۆیان دەشوشت
یەك کتابیان دەخوێندەوە

لە یەك مانگدا شەوقیان دەچنی
ئێستاکە هەندێکیان لە باکوور هەندێکیان لە باشوور
هەندێکیان لە خۆرهەڵات
هەندێکیان خۆرئاوا
برادەرەکانم جارێکیدی کۆنابنەوە.. کتێبی نەی ل 66

هەمان تێمە و هەمان ستایل و هەمان زمان و هەمان دەستپێك و هەمان کۆتایی، کەچی توانراوە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ و لە کتێبێکی جیاتر بڵاو بکرێتەوە و هەڵگری ئێستەتیك و فەزایەکی تایبەت بە خۆی بێ.

هەر دە کۆپلەی شیعری پۆرترێت، هەمان بابەت دووبارە دەکەنەوە کە ئەویش زەمەنێك دۆستەکان جوان بوون و دواتر بە هەر هۆکارێك بووبێ لەیەکتر جیابوونەتەوە.. (ئاگرێ لە تەنووری رقەوە هەڵگیرسابوو).. ( لەشکری پیری)..(ئەشقێکی ئەبەدی)..(کتێبێ خۆی هاوێشتە ناو زەینیان)..(ئافات هات هەمووی کردن بە دروشم).. ( دووکەڵێکی رەش سواخی دان)..(سپێدەیەك شای دزان هات).. تاد هەمەمو ئەوانە هۆکاری لێکجابوونەوەی دۆستەکانن.. بەڵام ئەنجام، لێکجیابوونەوەیە بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمانکردن..

ئەوەی کە ئەو تێکستەی لە رووی تەکنیکیەوە جوان کردووە هۆکارە جیا جیانەکانە لە پەرەگرافە سەربەخۆکان و وایکردوە هەرکۆپلەیەك خاوەنی فەزایەکی سەربەخۆبێ و لە کۆتایش بە هەموو تێکستەکە فەزایەکی گەورەتر و سەربەخۆ درووستدەکا.. مەبەستمە بڵێم: ئەگەر هەر کۆپلەیەك بریتیبێ لە ئەستێرەیەك ئەوا کۆی تێکستەکە کۆمەڵەیەکی خۆرە..

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە هەر کۆپلەیەك دەبینین سەرەتا دۆستەکان جوان بوون.. دواتر هۆکاری جیابوونەوە دێ و لە ئەخیری کۆپلەکەش جیابوونەوەیە..

بەم شێوەیە:

(دۆستەکان جوان بوون
هۆکارێکی جیای جیابوونەوە
جیابوونەوە)
...

(دۆستەکان جوان بوون
هۆکارێکی جیای جیابوونەوە
جیابوونەوە) ... تاد

با بە پراکتیك ئەوە بسەلمێنین:

(دۆستەکانم باوەشە گەڵایێکی جوان بوون).. (دۆستەکانم کۆمەڵە گەنجێکی جوان بوون)..(دۆستەکانم کۆمەڵە عاشقێکی گەرم بوون)..(دۆستەکانم کۆمەڵە شاعیرێکی شێت بوون)..(دۆستەکانم کۆمەڵە خەونێکی خۆش بوون)..(دۆستەکانم کۆمەڵە مانگێکی بە شەوق بوون)..(دۆستەکانم کۆمەڵە دزێکی ناقووڵا بوون)..(دۆستەکانم کۆمەڵە شمشێربازێکی سیحراوی بوون)..(دۆستەکانم کۆمەڵە ئەشقیایێکی زۆر بوون).. (دۆستەکانم وەك تاوێ بارانی تووڕە خۆیان دەکرد بە جۆگەلە و کانیاوەکان).

دەبێ بپرسین: چی وایکردووە کە کۆپلەکان ببنە تەواوکەری یەکتری و بە هەموویان ئەو فەزایە درووست بکەن کە لە کۆتاییدا تێکستەکە ببێتە جەستەیەکی تەواو..؟

لە هەر دە پەرەگرافدا یەکەمین وشە (دۆستەکانم)ەو فعلی رستەکانیش کە کەوتۆتە کۆتایی رستەکان (بوون)ە جگە لە کاری رستەی دەستپێکی پەرەگرافی دەیەم.. ئەو دووبارەکردنەوەیە پەیوەندی نێوان پەرەگراف و پەرەگرافێکیتری وا لێکردووە کە بە تەواوکەری یەکتری دابنرێن، ئەوە جگە لە درووستکردنی ئەو

پەیوەندییە موزیکیەی کە لەنێوان کۆپلەیەك و کۆپلەیەکیتردا هەیە.. بەدیویێکیدی ئەگەر بمانەوێ رەسمی رستەی یەکەمی کۆپلەکان بکێشین ئاوای بەسەر دێ:

(دۆستەکانم........ بوون)..(دۆستەکانم................بوون)..

(دۆستەکانم........بوون).. ( دۆستەکانم................بوون)..

بە تێگەیشتنی من ئەو هێلکارییە لە دارشتن و دەستپێکردنی بناغە و دواتر ئیتاژ بە ئیتاژی ئەو بینایە دە نهۆمییە هەستێکی هەندەسی لەدواوەیە.. وا دەکا وەرگر لە بەرانبەر ستراکتۆرێکی بنیاتنراو بە هەستێکی ئەندازیاری بوەستێ و وەك تەماشاکردنی بالآخانەیەکی شووشەیی چوارگۆشە ئاوا ئەو شیعرە ببینێ..

ئەگەر رستەکانی دەسپێکی هەر کۆپلەیەکمان بە بناغەی هەر ئیتاژ (تابق)ێك و کۆتایەکەشی کە لێجیابوونەوەیە بە سەقفی ئیتاژەکە دانا، ئەوە (هۆکارەکانی لێکجیابوونەوە) ناوەڕۆکی ئەو ئیتاژانەن.. با بزاین دوای جوانی دۆستەکان لە سەردەمێك چی دێتە پێش و چ هۆکارێ هەیە بەرەو نەمانیان دەبا: ( ئاگرێ لە تەنووری رقەوە هەڵگیرسابوو)..(ئێوارەیەك لەشکری پیری هات)..( ئەشقێکی ئەبەدی).. (کتێبێ خۆی هاوێشتە ناو

زەینیان).. (سپێدەیەك ئافات هات هەمووی کردن بە دروشم).. (شەوێ دووکەڵێکی رەش سواخی دان)..(سپێدەیەك شای دزان هات)..(ئێوارەیەکیان شمشێربازێکی بیانی سادە هات).. (شەوێکیان دوای شەڕێکی سەخت)..( سپێدەیەك رەشەبایێك هەمووی بردنەوە دارستان)..

ئەوانە هەموویان بەیەکەوە ئەو هۆکارانەن کە مرۆڤایەتی لە روانگەی شاعیرەوە لە قۆناغی جوانییەوە دەگوازنەوە بۆ قۆناغێکیتر کە بریتییە لە پەرەتەوازە و پەرتبوون و فەنا و سڕانەویەکی ئەبەدی.. لە کۆپلەی یەکەم هێزێك بۆ پەرتەوازەکردن و قۆناغ گۆڕین لە ئارادایە کە رەنگە لەودیو ئیرادەی دۆستەکان بێ و ئەوە ئاگری قەدەر و رق و جەنگە کە لە باکووری ئاگرەوە دێ و زریانێ لە زەمهەریرەوە دێت و پەرتەوازەیان دەکات.. لە کۆپلەی دووەم ئیدی ئەوە زەمەنە و هەموو شتەکان بەرەو پیری دەبا و شاڵاو دەهێنێ و کۆتایی بە هەموو شتەکان دەهێنێ و.. تاد

وەك گوتمان: سەرەتا دۆستەکان هەم دۆست بوون و هەمیش جوان بوون، ئیدی هۆکار دێ بۆ رووەو فەنا راماڵین و حاڵەتی

سێیەمیش کە ئەنجامە بەوشێوەیە: (هەر یەکەی لە کەنارێ فڕێدا)..( هەر یەکەی بەرەو گۆڕێ بەڕێ کرد)..( دۆستەکانم هەموویان بەم حاڵەوە یەك یەك مردن)..( ئێستا هەموو شتەکان بە بەرەواژی دەنووسنەوە)..( ئیدی بە ئاگا هاتن، بەڵام فزرەیان لێوە نەهات)..( ئێستاش هەموو ئێوارەیەك دەچینەوە سەر گردەکان.. ئێ بەڵکو تیشکێ دەرکەوێ لە سیمایان)..( ئێستا هەندێکیان بوونەتە ڕێگر.. هەندێ گەدا.. هەندێ جەردە ویژدان لە ناخیان مردووە)..( سیحری هەموویانی بەتاڵ کردەوە.. ڕەنجی گشتیانی بە با دا)..( هەموویان یەك یەك ئاوابوون.. بۆ ئەبەد نەگەڕانەوە)..( سپێدەیەك ڕەشەبایێك هەمووی بردنەوە دارستان..لەو ڕۆژەوە منیش تەنهام).

ئەگەر وردبین بین لە بینینی ڕیزبەندی چۆنیەتی پەرشبوون و لەناوچوونی دۆستەکان ئەوا نارێکوپێکیەك لە دراماکە دەبینین.. لە کۆپلەی یەکەم: هەر یەکەو بەرەو کەنارێك تێهەڵدەدرێ، هی دووەم: تەواو دەبێ و بەرەو گۆڕ بەڕێ دەکرێن، سێیەم دیسان یەك یەك دەمرن، لە چوارەم: زیندوون بەڵام ئێوارەیەکیان شمشێربازێکی بیانی سادە دێ و سیحری هەموویان بەتاڵ دەکاتەوە.. بەم شێوەیە جارێك دەچنەوە سەر گردەکان بۆ ئەوەی

تیشکێ دەرکەوێ لە سیمایان، جارێ بوونەتە ڕێگر، دواتر یەك یەك ئاوا دەبنەوەو.. تاد

مەبەستمە بڵێم: ئەگەر ریزبەندییەکی ڕێکپۆش لە چۆنییەتی پەرشبوون و لێکجابوونەوە و مردن لە دێرەکانی کۆتایی بکرابووایە، ئەوا فەزای گشتی دەقەکە زۆر پتەوتردەبوو.. بە نمونە: ئەگەر دۆستەکان لە کۆپلەی یەکەم: فرزەیان لێوە نەهاتبوا، دواتر بە دوای تیشك گەڕابووان، دواتر سیحریان بەتاڵ کرابووایەوە و ئینجا هەر یەکەو بەرەو کەنارێ بەرێکرابووان و شتەکانیان بە بەرەواژی نووسیبووایەوەو ببوانە ڕێگرو ئینجا یەك یەك بمردبووان و هەرکەیەکان بەرەو گۆڕێ چووبوا و خۆیشی لە ئەخیری دا تەنیا بمابووایەوە...

لەو حاڵەتەدا کۆپلەکان بۆ خۆیان دەبوونە یەکەیەکی سەربەخۆی تەواو وەك ئەوەی کە ئێستایش بەو شێوەیە وان، بەڵام ئەتمۆسفێری گشتی و پەیوەندی کۆپلەکان بەیەکەوە شێوەیەکی درامی بە خۆیەوە دەبینی و زۆر پتەوتر دەبوو لەوەی ئێستا.

کەوابێ ستراکتۆر و لایەنی تەکنیکی شیعری پۆرتریت یەکێکە لەو شیعرانەی کە جێگای سەرنجە، پەیوەندییەکی زۆر پتەو هەیە

لەنێوانی دەستپێکی رستەی یەکەمی هەر کۆپلەیەك، کە ئەوەش موزیکی تێکستەکەو فەزای تێکستەکە لە پەرەگرافێکەوە بۆ پەرەگرافێکیدی بە توندی بەیەکەوە گرێدەدا..(بوون)ی کۆتایی هەموو رستەکانی دەستپێکی هەر پەرەگرافێکیش بە هەمان شێوە.. هاتنی هۆکارەکانی جیابوونەوە لەناوەڕاستی هەر پەرەگرافێك هەمدیس بە شێوەیەکی تەواو ئەندازیارانە هاتۆتە ئافەریدە، کۆتاییەکانیش لە رووی ئێستاتیکاو لایەنی شیعری و تێمەوە جێگای رامان و هەڵوەستەو خوێندنەوەن.. کەچی بە تێگەیشتنی من وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا ئەگەر ریزبەندییەکە شێوەیەکی درامی هەبووایە، لایەنی تەکنیك و ستراکتور لەو تێکستە لە لوتکە دەبوو.

بە کورتی: ئەو شیعرە یەکێکە لەو شیعرە سەرنجڕاکێشانەی کە دەکرێ نەك تەنیا لە رووی تەکنیك و ستراکتۆرەوە بیخوێنیەوە بەڵکو دەکرێ لە چەندین رووی ترەوە بە تایبەتی لایەنە تەئەمولی و تێمە ئەزەلیەکەی خوێندنەوەی بۆ بکەی، چونکە هەڵگری حەقیقەتێکی خەمباری هێمنە و بە زمانێکی رۆشەن و هێور باسی گوتراوێك دەکا، کە لێرەدا بەسەماتی رۆح و هەناسەی کاك دەشتی شاعیری پێوە دیارە و موڵکی خۆیەتی..

ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ هەندێ تێمەی ئەزەلی و بوونی خوێندنەوەیەکی تایبەتی و تێڕوانینی لە روانگەیەکی زۆر تایبەتییەوە جێگای هەڵوەستە و خوێندنەوەو لێوردبوونەوەی زیاترە.. هەروەها دەکرێ لە خوێندنەوەی هۆکارەکانی لێکجیابوونەوە قۆناغێکی مێژووی بوقعەیەکی جوگرافی لێهەڵکرێینن:

دۆستەکانم کۆمەڵە خەونێکی خۆش بوون
خەونی سەفەر بۆ ئەوبەری دەریایان
خەونی دروستکردنی شەقامەکان
خەونی بنیاتنانی دەوڵەت
خەونی چاپکردنی کتێبێکی جوان
سپێدەیەك ئافات هات هەمووی کردن بە دروشم
ئیدی بە ئاگا هاتن، بەڵام فزەیان لێوە نەهات.

لەو پەرەگرافە کۆمەڵێ ئاماژە هەن، کە مێژووی سەردەمێکیان لە خۆیان هەڵگرتووە و حەقیقەتی تێڕوانین و واقیعی دۆستەکان و هۆکاری لێکجیابوونەوە و ئەنجامی دۆستایەتیش دەداتە خوێنەر.. بەمشێوەیە هەر پەرگرافێك هەڵگری کۆمەڵێك مەعنا و بە هەمووشیان واتا فەزایی گشتی دەقەکە هەڵگری واتاکانی جوانیی

بەیەکەوە ژیان و هۆکارەکانی جیابوونەوەو دابڕانێکی تاهەتایین.. ئەوەی ماوە بیڵێم، پۆرترێت یەك لەو شیعرانەیە کە دەکرێ زۆر زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و خوێندنەوەی زیاتری بۆبکرێ.

سەرچاوە:

بوجی بەڵەك، کەریم دەشتی، 2006 سلێمانی،
چاپخانەی حەمدی
کتێبی نەی، کەریم دەشتی،2009هەولێر،چاپخانەی موکریان

# زمانی ئاسان..

# نووسینی شیعر بە کەمترین خەرجیی..



بەڕۆژ ئاکرەیی

## پێشەکی

ئەو پڕۆژەی گۆڤاری ویران بە پڕۆژەیکی باش دەزانم لەبەر دوو هۆ:

ناردنی شیعر بۆ کەسێك کە لە بوارەکانی ئەدەبیاتدا کار دەکات، بە بێ ئەوەی بزانێت شیعری کێ دەخوێنێتەوەو بۆچوون سەبارەت بە شیعری کێ دەدات کارێکی گرنگە، چونکە لە هەموو حاڵەتێك ئەوەی کە رەئی دەدات، دەبێ یەکڕاست هەڵسوکەوت لەگەڵ تێکستەکەدا بکات و هیچ کاریگەریێکی عاتیفی و برادەرایەتی و ...تاد لەسەر نامێنێ.. بەو شێوەیە تۆ لەبەردەم تێکستێکدایت کە تەنیا ماددەیەکە دەبێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەیت بەبێ گەڕانەوە بۆ ژیان و حاڵەتی دەروونی و ..تاد شاعیر.

ئەو پڕۆژەیە وا دەکات کە تەرح و لەبەر یەك دەرهێنان و ناسینیی شیعریی گرنگی زیاتری پێبدرێت و بە هۆیەوە گەرمو گوڕیێك بۆ شیعر بگەڕێتەوە، کە ئێستا بە شێوەیەکی گشتیی پشتی لێ کراوە.

لەو پڕۆژەیەدا دوو تێکست گەیشتوونەتە دەست من تا خوێندنەوەیان بۆ بکەم، هەردوو شیعرەکە بێ ناوونیشان و بێ ناوی شاعیرن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو ئەوەیە: تێبینییەك لەگەڵ ئەو دوو تێکستە نووسرابوو کە دەبێ لە 1-5 لاپەڕە لەسەر ئەو شیعرانە بنووسم کە ئەوەش کەموکوڕییێك دەخاتە نێو پڕۆژەکە، چونکە خوێندنەوەی جددی دوو تێکست، باوەڕ دەکەم زۆر لەوە زیاتری گەرەك بێ، هەر چۆنێك بێ من هەوڵدەدەم بە کورتترین هەناسە زۆرترین شت بڵێم و هیوای بەردەوامیش بۆ ئەو پرۆژەیە.

شیعری یەکەم:

زمانی ئاسان، هەوڵدان بۆ دەرچوون لە باو

دوای کەمبوونی رۆڵی عەبدوڵلا پەشێو لە کاریگەریی بەسەر شیعری کوردیدا و بەردەوامبوونی شێرکۆ بێ کەس بەو هەموو دەسەڵاتە زمانییەی کە هەیەتی،(بێگومان بە کاریگەری شاعیرەکانی بەر لە خۆی)، شیعری کوردی تا ئێستاش خاوەن فەزاییێکی سرووشتدۆستە لە زمانی گوزارشتکردندا.

ئەوەی لەو شیعرە بەدی دەکرێ، هەوڵێك هەیە بۆ دەرچوون لە زمان و فەرهەنگی شاخ و پێدەشت و زنار و کەوێڵ و قەقنەس و کەڤر و کێو و ..تاد کە بە بۆچوونی من هەوڵێکی باشە.

ئەو بۆچوونە بەو مانایە دێ کە زمانی شار لەو شیعرەدا جێگای زمانی گوند و سرووشتی گرتۆتەوە کە خاڵێکی زۆر پۆزەتیڤی شیعرەکەیە، ئەگەرچی مەدخەلی شیعرەکە هێشتا بۆنی ئەو ستایلە باوەی لێدێ کە زۆربەی زۆری شاعیرەکان پەیڕەوی لێدەکەن:

کە پەرەدەم لادا و چۆلەکەیەك لە بەفردا چاومی تەڕکرد

هارمۆنییەت و هاوڕێیەتیی نێوان (چۆلەکەیەك لە بەفردا) هارمۆنییەت و هاوڕێیەتییێکی باوی تەقلیدی شیعری باوی کوردییە، مەئلوفییەتێکی رۆشەن و دەستکردی نائێستەتیکییە.

بەڵام ئەو دوو دێرەی کە بە دوای ئەو دا دێن، هەرچەندە زۆر ئاسانن بەڵام پڕن لە جوانیی و بەشێك لە جوانییەکەی خۆیان دەبەخشنە ئەو دێرەی پێشووتر:
کە پەرەدەم لادا و چۆلەکەیەك لە بەفردا چاومی تەڕکرد
تاقەشتێك تەنیا تۆ بوویت
کە من بیرم لێی کردەوە

بێگومان دوای ئەو کۆپلەیە (فاسیلەیەك) هەیە، ئەو بۆشاییە کە ئەو کۆپلەو کۆپلەی دوای خۆی لە یەکتر جیادەکاتەوە بە بۆچوونی من کارێکی یەکجار پێویستە بۆ (خوێنەر–وەرگر)، ئەوەش لاساییکردنەوەیەکی شیعری ئەورووپییە، کە لێرەدا شاعیر سودی لێ وەرگرتووە کارێکی زۆر وردبینانەیە لە شیعری نوێدا.

لە کۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا بە هەمان زمانی کۆپلەی یەکەم بەردەوام دەبێت:

کە لەشی خۆم کردە کۆڵ و
کووچە و شەقام و شارەکانم پێ تاریك کرد
تاقەشتێك تەنیا تۆ بوویت
کە من بیرم لێی کردەوە

بەڵام جیاوازی ئەو کۆپلەیە لەگەڵ کۆپلەی پێشوو لەوەدایە کە ئەوەیان زۆر کامڵترە و هیچ لەنگییەکی تێدا نییە، مەبەست لە لەنگیی، لەنگیی زمانە، زمانێکی ئاسان، دەربڕینێکی ئێستەتیکی و جێگای رامان..

دوای ئەو کۆپلەیە کۆپلەیەکیتر دێت کە بە بۆچوونی من، نزیکترین کۆپلەیە لە شیعری نوێی ئۆیرۆ– ئەمەریکی، لەوێ

زمان هێندە سانا دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستی سادەیی، سادەییش ئەوپەڕی گەیشتنە بە داهێنانی شیعریی:

کە گوتم: چاوانی؟
گوتی: ئەز باشم لێ ناخازم ب تەڕا بپەیڤم.هێیدۆ!
تاقەشتێك تەنیا تۆ بوویت
کە من بیرم لێی کردەوە

ئەگەر بهاتبووایە دەسەڵاتیی شاعیر لە سەرلەبەری شیعرەکەدا بەسەر ئەو ستایل و گەیشتن بە سادەییە بگەیشتبووا، ئەوا دەکرا بڵێین: ئەو تێکستێکە، لەو جۆرە تێکستیانەیە کە ئێستای شیعری نوێی جیهانیی پێدەنووسرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە کردنەوەی:

تاقەشتێك تەنیا تۆ بوویت
کە من بیرم لێی کردەوە

لە هەموو کۆپلەکاندا دیسان بە یەکێ لەو خاسییەتانە دادەنرێ کە شیعری ئەورووپی ئێستای پێدەنووسرێ، هەروەها بە کارهێنانی دوو رستەی سویدی لەنێو کۆپلەی چوارەمدا بەکارێکی شیاو و ئاسایی دەزانرێ و رەنگە نسبەتی ئێستەتیك لە شیعرەکە زیاتر بکا، بەڵام بەداخەوە بە کارهێنانی گوو، یا کۆپلەی کۆتایی شیعرەکە ئێستێتیکیەتی شیعرەکەی هێندە دابەزاندووە ئەگەر

نەبووایە زۆر باشتر بوو، ڕەنگە شاعیر موبەڕیڕی هەبێ بۆ ئەو جۆر بە کارهێنانە، بەڵام بۆ هەمیشەیی توڕەبوونی دایرێکت و هەڵچوونی دایرێکت لە شیعردا جێگای نابێتەوە، چونکە جگە لە جوانیی شیعر هیچ شتێکیتر نییە.

بە کورتیی دەتوانم سەرنجەکانم سەبارەت بەو شیعرە لەو 5 خاڵەدا کۆبکەمەوە:

زمانیی شیعرەکە زمانێکی باو نییە، واتە: دەرچووە لەو فەرهەنگ و کولتوورەی کە ئێستای شیعری کوردی پێدەنووسن.

کۆپلەی کۆتایی شیعرەکە، هیچ جوانییەکی تێدا نییە، چونکە شیعر جێگای ئەو جۆرە هەڵچوونە نائێستێتیکیەی لێنابێتەوە.. ئەو بۆچوونەشمان بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە رامان و خوێندنەوەی ئێمەوە نییە بۆ وڵات و نیشتیمان و ..تاد چونکە ئێمە پاسەوانی وڵات نین تا دەمکوتی حاڵەتە دەروونییەکانی کەسانیتر بکەین.

دانانی فاسیلە لەنێوانی کۆپلەکان، تێکەڵبوونە بە ستایلی نوێی شیعری ئەورووپی.

دووبارەکردنەوەی دوو دێڕەکانی کۆتایی هەر کۆپلەیەك کارێکی ئێستەتیکی و فێنکیی دانە بە ڕۆحیی وەرگر.

جگە لە دێری یەکەم، هاوڕێیەتییێکی جوان لە نێوانی وشەکاندا هەیە، واتە، پەیوەندیی وشە بە وشەکانیی دەورووبەری.

شیعری دووەم:

نووسینی شیعر بە کەمترین خەرجیی:

یەکێ لە خاسییەتەکاني شیعری نوێی ئەورووپی، ئیقتیسادی کردنە لە وشە، بە واتایەکیتر زۆرترین شت گوتن بە کەمترین کەرستە، ئەو شیعرە بە هەمان ڕۆحییەت و بیرکردنەوە نووسراوە.. بوونی حاڵەتێك لای (من) و وەرچەرخاندنی بۆ (تۆ یا ئەو) کاری سەرەکیی ئەو شیعرەیە.

هەموو شیعرەکە لە بەکارهێنانیی چەند وشەیەك تێپەڕ ناکا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە ویستوویەتیی بیڵێ گوتوویەتی..

خۆم لە دەستەکانیی خۆم ناوە تۆ وەرم ناگریت لە دنیای
شەو و شەوی دنیای هەستێك کە دەبێتە دەست و
هەڵمدەگرێ و دەمخاتە دەستی خۆمەوە
بۆ تۆ وەرمناگرت؟
لە تەنیایم تەنیا ناکەیت
تەنیایی خۆت لە تەنیاییم تەنیا ناکەیت.

خۆت لە دەستەکانیی خۆت نانێیت تا وەرتبگرم لە دنیای
شەو و شەوی دنیای هەستێك کە دەبێتە دەست و
هەڵمدەگرێ و دەتخاتە دەستی خۆتەوە
من وەرتناگرم؟
لە تەنیایت تەنیا ناکەم
تەنیایی خۆم لە تەنیاییت تەنیا ناکەم.

دوو تەنیا
هەرگیز تەنیان
هەمیشە نین

تۆ پێمدەڵێیت
بڕوا ناکەم!

ئەگەر تەماشایەکی وردی ئەو تێکستە بکەین دەبینین بۆ نووسینی کۆپلەی دووەم تەنیا پێویستیمان بە کۆپی پێستێك دەبێ، لەگەڵ گۆڕینی راناوی یەکەمی تاك بۆ دووەمی تاك، واتە لە منەوە بۆ تۆ، بە بۆچوونی من ئەوەیان گەمەیەکی جوانیی شیعرییە، کە زۆر لە شاعیرانی ئەورووپا بەو ستایلە کاریان کردووە، گەمەکردن بە وشەکان فەزاییێکی جوانی درووستکردووە لەو شیعرەدا، ئەوەی کە جێگای سەرنجی منە رستەی یەکەمی کۆپلەی یەکەم و دووەم رستەی درێژن، کە ئەوەش واتە (رستەی درێژ) نە باوی ماوەو نە وا دەکا خوێنەر بتوانێ چێژی لێببا، ئەگەرچی لە کۆپلەی سێیەم و چوارەم هەوڵدراوە تەعویزی ئەو حاڵەتیی درێژیی رستەیەکەمی هەردوو کۆپلەکانی یەکەم و دووەم بکاتەوە و هاوسەنگییەکە رابگرێ:

دوو تەنیا

هەرگیز تەنیان

هەمیشە نین

تۆ پێمدەڵێیت

بڕوا ناکەم!

بەو دوو کۆپلەیە هاوسەنگیی درێژی رستەی کۆپلەکانی پێشوو ڕاگیراوە، کە ئەوەش جۆرە چێژێکیتر بە خوێنەر دەدات، وەکو ئەوە وایە لە هیلاکییەکی زۆرەوە بگەیتە کەنارێکی ئارام و لەوێوە لە هیلاکییەکانیی پێشووی خۆت بڕوانیت یا بیری لێبکەیتەوە.

ئەنجام:

خاوەنی ئەو شیعرانە هەر شاعیرێك بێت ئەوا کەسێکە لە هەوڵی نووسینیی شیعری نوێ دایە، نوێ بەو مانایەی کە هەوڵیداوە خۆی لە شیعری باوی ئێستای کوردی رزگار بکات، بە زمانێك کە پێیوە دیارە سوودی لە شیعری ئێستای ئەورووپی وەرگرتووە، تێکستەکان شاهێدی ئەوە دەدەن کە زمان تێیدا زمانی شارە، زمانی شیعری ئێستای دنیایە، هەروەها لە گەمەی ئێستەتیکی زمان و کەم بەکارهێنانی وشە و خۆ دەربازکردن لە درێژدادڕیی

و فەرهەنگی باو کاری کردووە، کە ئەوەشیان حاڵەتێکی زۆر پۆزەتیڤە.

هەوڵدان بۆ گێڕانەوە لە شیعردا بە تایبەتیی لە شیعری یەکەمدا کاری لێکراوە، واتە: درووستکردنی درامایێکی کورت لە پێناوی ئەنجامێك، ئەوەش دیسان خاسییەتێکی شیعری نوێیە..

کەوابێ ئێمە لەبەردەم دوو تێکست و دوو ستایلی نوێی شیعریدایین سەبارەت بە شیعری کوردی، بۆیە دەڵێم شیعری کوردی چونکە ئەوانەی ئاگاداری شیعری ئەورۆی ئۆیرۆ-ئەمەریکی بن، دەزانن کە شیعر لە مێژە بەو ستایلە دەنووسرێت و کاری لەسەر دەکرێت.

# مەرگ و ژیان لە (شالیس)دا



هاشم سەڕاج

(له جیاتی پاشه‌کی)

هەروەها ئەو شتانەیش
که من دژ به ژیان نووسیومن
بۆ ژیان نووسراون.

هەروەها ئەو شتانەیش
که من بۆ مردن نووسیومن
دژ به مردن نووسراون .

(ئێریش فرید)

یەکێ لەو کایە فیکری و مەعریفیانەی که وەکو تێمەیەکی توند و پۆلاین و پتەو لەنێو دیوانی شیعری (شالیس)ی هاشم سەراجدا کاری لەسەر کراوە، بریتییە لە ئەتمۆسفێر و قۆناغەکانی هەستکردن به مەرگ و ناشرینی مەرگ و ترس لە مەرگ و رووبەڕووبوونەوەی مەرگ..

لەو دیوانە شیعرییەدا بەو شێوەی خوارەوە و به پێی قۆناغی لێکجیاوە گوزارشت لەو چوار حاڵەتە کراوە:

بیر هێنانەوەی بەردەوامی هەست کردن بە مەرگ لە بڕگەکاندا، ڕەنگە لە پێناوی سەلماندنی هەست کردنێکی بەردەوامی وەرگربێ بە مەرگ.. بێگومان لە بنەڕەتدا ئەو هەست کردنە بە مەرگێکی ئامادە، هەستکردنی خودی شاعیرە بەو هەستە نەك خوێنەر و وەرگر، بەڵام ئێستا تێکستەکە هی وەرگر و خوێنەرە.

گەیشتن بە باوەڕێکی نەگۆڕ سەبارەت بە ناشرینی مەرگ و جیهانی تراژیدیائامێز و پڕ لە نیگەرانی و ناشرینی لەناوچوون.

ترس لە مەرگ.

ڕووبەڕووبوونەوەو دژایەتی کردنی مەرگ و ئیش کردن لەناو پرێنسیپێکی نزیك لەو پرێنسیپەی کە دەڵێ:(من لێرەم کەوابێ مەرگ لێرە نییە، کە مەرگ دێ من لێرە نیم.)

ڕۆشەنە لێکجیاکردنەوەو پۆلێنکردنێکی وردبینانە بۆ ئەو چوار خاڵە لەنێو بڕگەکانی (شالیس)دا کارێکی نەك هەر بە تەنیا سانا نییە، بەڵکو لەبەر شێوازی شیعر و خاسیەتەکانی شیعر و بنەماکانی مەعریفە و حاڵەتە گۆڕدراوە سایکۆلۆژییەکانی شاعیر دەگەیتە حاڵەتێك لە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوون لە لایەك، هەروەها

لەنێو شوێنزەمەنی هیچ یەك لە بڕگەكاندا كارێكی ئەنقەست و عەقلانی رووت نابینیتەوە لە لایەكی تر.

لە زۆری بڕگەكاندا ئەو حاڵەتی تێكەڵبوونی هەستكردن بە مەرگێكی ئامادە و ناشرینی مەرگ و ترس لە مەرگ و رووبەڕووبوونەوەو دژایەتی كردنی مەرگە دەردەكەوێ:

(بڕگەی 74)

كەواتە
لە ناشوێن بژی لە ناشوێن سەما بكە
لە ناشوێن ماهووتی مۆسیقای گیانت
بپرووكێنە
نارنجیترین وەهمێكی پرتەقاڵییە
زیندەگی ئەی یار.

لەو دوو دێڕەدا کە دەڵێ: ((لە ناشوێن بژی لە ناشوێن سەما بکە......... نارنجیترین وەهمێکی پرتەقاڵییە زیندەگی ئەی یار)). لێرەدا ئێمە ئاوێتەیەکمان لە (هەست کردن بە مەرگ و ترس لە مەرگ و رووبەڕووبوونەوەی مەرگ) دەکەوێتە بەرچاو، زیندەگی وەهمێکی نارنجی پرتەقاڵەییە، کەوابێ شایەنی ئەوەیە تا ئاستی قووڵاییەکانی رۆح بۆنی ئەو پرتەقاڵییەتەی زیندەگی بکەین و تامی بکەین چێژی لێبکەین، لەو شوێنەدا بە تامکردن و بۆنکردنی جوانییەکانی ژیان رووبەڕووی جیهانێك دەبینەوە کە وەهمە..گەر ژیانیش وەهم بێت ئەوە ترسی لەناوچوونێکی ئەبەدی هەست پێدەکەین و هەستیش بە حزووری بەردەوامی مەرگ دەکەین.

دەکرێ نمونەی زۆر زیاتری ئەو بڕگانە بدەین لەو رووەدا، کە هەر چوار خاڵاکانی سەرەوە بە کردەیەکی کیمایی ئێستەتیکی ئاوێتەی یەکتری دەکات.. بەڵام با لە سەرەتادا ئەو هەستکردنە بە مەرگ کەشف بکەین کە زۆر شوێنی جەستەی ئەو تێکستەی داگیرکردووەو وا دەکات تاو نا تاوێ وەرگر واگا بێنێتەوەو پێیبڵێت، هەست بە لەناوچوون و فەنا و نەمانێکی تاهەتایی بکە:

((143))

**من و تۆ مانەندی پیت و وشە**

**سپێدەیەك لە سەماكانی**

[با]**دا گوم دەبین.**

((145))

**دواین جار لە كولبەی دڵەوە**

**برۆمان لێ هەڵدەتەكێنێ**

**مەرگ.**

((151))

[بادە] **دەیگوت: رۆژێ دادێ**

**شەرابی ئەجەل دەنۆشم و هاژەی**

**دێ رووباری .............تاد**

((171))

[بادە] **دەیگوت:**

**مەرگ میوانێكی رەزا قورسە و ناوادە دێ و**

**سەیرانگاكانی حەز و لەززەت تێكدەدا و .......تاد**

مەبەست لە هەستکردن بە ئامادەگی و حزووری هەمیشەیی مەرگ ئەوە نییە کە کەسانیتر ئەو هەستەیان نەبێ، بەڵام جیاوازی دید و جیهانبینی و مەعریفەی مرۆڤەکان لەوە دایە کە ئەو هەستە و هەستکردن بە ئامادەگی ئەو هەستە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر و لە شوێنزەمەنێکەوە بۆ شوێنزەمەنێکیتر هەمیشە لە گۆڕان دایە..ئەو هەستە پڕ لە نیگەرانی و خەفەتدۆستە ئامادەییەکی هەمیشەیی هەیە لە گەلێك لە بڕگەکانی ناو شالیسدا، بەدەم خوێندنەوەی بڕگەکان دەگەیتە ئەو حاڵەتەی کە چەند دەقەیەك جارێ لە دنیایەك دەگوازرێیتەوە بەرەو جیهانێکیتر کە پێی دەڵێین: ((هەست کردن بە ئامادەگی و هاتنی لەناکاوی مەرگ)).

دوای ئەو هەستە لە هەندێ بڕگەیتردا لەگەڵ سەڕاجی شاعیردا سەفەر دەکەیت بەنێو ئەتمۆسفێرێکیتر کە ئەویش هەوڵدانە بۆ نیشاندانی ((ناشرینی مەرگ))، حیجاب و ماسکە ڕەنگاوڕەنگەکان لە رووخساری مەرگ هەڵدەماڵێ و حەقیقەتی ئەو تاریکییە ناشرینە دەردەخا و دەڵێ:

((45))

ئەی میهر دەرگاکانی شیعرم لێ گاڵە مەدە

[هەرچی ئاوا بێ خۆشم ناوێ]

بێگومان مەرگ ئاوابوونە و مەرگ گەیشتنە بە تاریکی، تاریکییێک کە تا ئەوپەڕی هەر بە تاریکی دەمێنێتەوە، مانەوەی تاریکیش تا هەتاهەتایە ناشرینییە، کەوابێ مەرگ ناشرینە، مەرگ لە هەمان کاتدا تاریکیی و ناشرینیشە، مەرگ ئەو لافاوە تاریك و لە ناکاو و کوشندەیە کە بەرەو تاریکیی و ناشرینییێکی ئەبەدی راپێچمان دەکات:

((29))

دوێشەو [بادە] بە خەندەوە دەیگۆ:

من بەر لە تۆ شەرابی ئەجەل دەچێژم

لەو ساوە خەفەتێکی نادیاری ئەزەلی

دایگرتووم و بەردەوام بیر لەو

کرمە شووشەییانە دەکەمەوە

چۆنچۆنی خۆ لە لەتە خۆر و

کریستاڵانە دەئاڵێنن.

کاتێ کرمی شووشەیی خۆیان لە درەوشانەوەو رووناکی و کریستاڵ و ئێستەتیك دەئاڵێنن، دوندی تاوەری ناشرینی و سیما و خاسیەتە بەدەکانی مەرگمان دەخەنە بەرچاو، کەوابێ مەرگ تا حەددی ئێسقان بۆ بوونەوەرەکان ناشرینە.

دوای هەستکردن بە مەرگ و گەیشتن بە باوەڕێکی رەها کە ژیان جوانترە لە مەرگ، (( ژیان چەنێ خۆشترە لە مەرگ ئەی خودا... ـ شالیس ـ)) یاخود خودی مەرگ جگە لە مەرگ و تاریکیی هیچیتر نییە، دەکرێ ئێستا لەسەر چەند نمونەیەکیتری خاڵی سێیەم بووەستین کە ئەویش (ترسە لە مەرگ).

لە شالیسدا ئەو حاڵەتە دەدۆزیتەو، رەنگە لە بنەڕەتدا ترس لە مەرگ بە مانای تەواوی ترس نەبێ لە خودی مەرگ، بەڵکو ترسە لە پیربوون و لەدەستدانی جوانیی و چێژ و خۆشی و لەززەتەکانی ژیان و گەرمییەکانی جەستە، کە مردن دێ سوڕی خوێن دەوەستێ، جەستە سارد دەبێ و دەبێتە خۆراکی میکرۆب و بوونەوەرەکانیدی، ترس لە ناشرینی و مەرگ مرۆڤ دەگەیەنێتە حاڵەتی خۆکووشتن، ئەگەر وانەبووایە تەنانەت کەسێکیش چییە لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمەدا باوەڕی بە خۆکووشتن نەدەبوو، بەڵام

کاتێ هیچت نەبوو بۆ ئەوەی لە دەستی بدەیت، ئەوەی کە هەتە تەنیا ناشرینییە و هەستکردنە بە ترسی هاتنی مەرگ و ناشرینی، دەگەیتە ئەو حاڵەتەی کە تەنیا لە تاریکیەکەوە دەچیتە نێو تاریکیەکیتر و هیچیتر..

ترسی (شالیس) ترسێکە لە مەرگ نەك لەبەر خودی مەرگ، بەڵکو ترسێکە لە مەرگ کە بکوژ و کوشندەی جوانییەکانە، مەرگ کە دێ بەر لە هەر شتێکیتر جوانیی دەکوژێ، بۆیە سەڕاجی شاعیر دەڵێ:

((133))
وتم[بادە]
لەش بە جووڵە جواندەبێت
رۆح بە مۆسیقای لەززەتدار
بەلاٌم مەرگ لە دەستدانی
جووڵە نازپەروەرەکانی دڵە.

((55))

لەم لاقرتێ گوڵمەز و گاڵتەجارییەی

بوونەدا ئەی یار ئەی عیشوەگەریترین یار

هەستێکی ترسناکی نیگەران نیگەران

دامدەگرێ دا دا دا

بیر لە فیراقی هەمیشەییت

دەکەمەوە ه ە م ي ش ە ی ت.

((101))

تازە لەم سەرابستان و شەرابستانەدا

چیدەکەین؟

ژیان نانجیترین وەهمێکە

لە کریستاڵەکانی عیشق و

رەونەقەکانی نەشئە و شەیدایی

پاشان لە چرکەساتێکی هەڵایساودا

دەسبەرداری دەبین.

((12))

بەمشێوەیە بەردەوام چرکە خۆشەکانی

ژیان

لە دەستدەدەین.

ئێمەیش بەو شێوە دەبینین کە ترس لە تێپەڕینی زەمەن و ترس لە مەرگی ئێستەتیك و نەمانی سەفادا ترسە لە مەرگ، ترسێك کە لە شالیسدا دەگاتە حاڵەتێك لە نیگەرانی و فرمێسك و هاوار هاوارێکی بێدەنگ و نزم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ هەروا بە سانایی تەسلیمی دەرئەنجامی ئەو ترسە بێ کە مەرگە..

سەڕاجی شاعیر هەوڵدەدا چوونەدەرەوەیەك یا گۆشەیەك یا مەخەر و مەیدانێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو رووبەڕووبوونە و دژایەتی کردنە، هەوڵیداوە یا باوەڕی ئاوایە کە هەندێ شت هەن دەتوانن تا ئاستێك لە ئاستەکان دڵنەوایی مرۆڤەکان بدەنەوە لەو شەڕە کۆتایی دیارە.. یەك لەو شتانەی کەوا دەتوانێ دەسەڵاتی ناکۆتا و بێسنووری مەرگ نەهێڵێ لە قاقادان و گاڵتەکردنە بەمەرگ.. حیلکە حیلك و لە قاقادان تا ئاستی ئێشانی زگ دژ بە مەرگ، لەناوبردنی مەرگە و بانگەشتەکردنی دۆڕانی مەرگە، لە ژیان پێبکەنە و عەشق بکە، لە ژیاندا سەفادۆستبە و پێبکەنە، لە ژیاندا نەهێڵی تاریکیی جێ بە رووناکی لەق بکا، لە ژیاندا لەبەردەم پێی جوانییدا کڕنۆش ببە و پێیەکانی ماچ بکە، لە ژیاندا دەستی خۆشەویستیی بگرە و تا ئاستی نەمانی هێزی دڵ ماچی بکە و لە قاقادە:

((59))

**دەبێ لەم جیهانە جوانەدا هەر**

**پ ێ ب ك ە ن م پ ێ پ ێ**

**بێگوما پێکەنین لە گریان و رووناکی لە تاریکیی و عەشق لە رق و سەفا لە شین و راستگۆیی لە درۆ و بەختەوەری لە بەدبەختی جوانترە، سەڕاج دەیەوێ بە (قاقاکانی جوانیی) دژی ئەو گریانە هەمیشەییە بوەستێ کە پێی دەڵێن: مەرگ.**

**ئەگەر کەرستەکانی دژایەتی کردنی مەرگ قاقا و پێکەنین و سەفاو راستگۆیی و جوانی و رووناکی بێت، ئەوا جیهانێك هەیە سپی و بێگەرد کە شوێنی هەموو ئەو کەرستانەی لێ دەبێتەوە ئەویش نووسینە.. نووسین بەلای سەڕاج حاڵەتێکە لە لەززەت و ئەشکەنجە، بەڵام بەو لەززەت و ئەشکەنجەیە دژی مەرگ دەوەستێ و هەوڵی لەنێو بردن و لەناوچوونی لەناوچوون و مەرگ دەدات:**

((176))

دەبا بنووسین تا رووخساری

مەرگ دەرنەکەوتووە

ئەی خۆم

نووسین لەززەتاویترین و

ئەشکەنجاویترین سزای قەدەرە.

کەوابێ درووستبوونی ئەو چوار قۆناغە لە (شالیس)دا وەکو تێمەیەکی دیار و رۆشەن تەنیا لە پێناوی لەدەست نەدانی جوانی و عیشق و قاقا و پێکەنینەکانی ژیانە، بۆیە دەگاتە حاڵەتێك کە زۆر راشکاوانە و بە زمانێکی ئاسایی و رۆشەن هاوار بکا و بڵێ: ژیان لە مەرگ خۆشترە و ژیان لە مەرگ لەززەتبەخشترە.

## 2

## ژیان لە شالیسدا

دەکرێ بۆ خوێندنەوەی دەقێکی تازەی شیعری کار لەسەر میتۆدێکی رەخنەیی دیاریکراودا بکرێ، هەروەها دروستیشە کۆمەڵێ میتۆدی رەخنەیی ئاوێتە بکرێت بۆ خوێندنەوەو کارکردن لەسەر تێکستێکی شیعری، واتا مەرج نییە بۆ خوێندنەوەی تێکستێکی شیعری، خۆمان بە میتۆدێکی دیاریکراو ببەستینەوە، د.محەمەد بەکر لە کتێبی پەخشانە شیعری کوردیدا دەڵێ: ((هەموو رێبازە رەخنەییە کۆن "تازە – کۆنەکان"لەژێر ئەم ناونیشانەدا کۆدەکرێنەوە"کەسایەتیی، مێژووی ژیانی، بیروباوەڕی، رەفتاری رۆژانەی"دەکرێتە کلیلی تێگەیشتن لە دەقەکەیی و دەق و پەیامگر لە سێبەری ئەودا رادەگیرێن، رەخنەی مێژوویی، دەروونناسی و ئایدلۆژی، نمونەی ئەو رێڕەوەن کە لەدەرەوەی ئەدەبەوە لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵنەوە.))..هەروەها لە پەرەگرافێکیتری هەمان سەرچاوەدا، د.محەمەد بەکر دەڵێ: ((تەنیا رستەیەکیش لە کاری ئەدەبیدا

ڕەنگدانەوەی سۆزی نووسەر نییە، بەڵکو "زمان"بە گوێرەی بۆچوونێکی رۆلان پارت لە کارە ئەدەبییەکانەوە دەدوێ))..

بە بۆچوونی من خۆ بەستنەوە بە بیرو باوەڕێکی دیاریکراو و پێشوەختە لە خوێندنەوەدا کارێکی تەواو تەندروست نییە، چونکە ڕەنگە (دەق)ی شیعری هەڵگری کۆمەڵێك حاڵەتی دژ بەیەك بێت، یا تەباو دژ بەیەك، یاخود هیچ پەیوەندییێك لە نێوانی ئەتمۆسفێرە لێکجیاکانی نێو جیهانێکی تەواو لێکجیا بێت.. ئێمە لێرەدا دەتوانین چەندین خوێندنەوەی ڕەنگاوڕەنگ و جۆر بە جۆرمان هەبێ بۆ شالیس، چونکە پڕە لە وەرچەرخان لە هەموو ڕووەکاندا، خۆ دەکرێ ڕاست بێ کە ئێمە لە دەرەوەی دەقەوەش واتا لە ژیانی خودی شاعیرەوە هەنگاو بنێین بۆ خوێندنەوەی چەند بڕگەیەکی ئەو تێکستەی کە هەڵگری دنیایێ تابلۆی گۆڕدراو ناجێگیرە، دەشکرێ دروست و ڕاست بێ کە ئێمە لە دەرەوەی ژیانی شاعیرەوە کار لەنێو ئەو تێکستەدا بکەین، ئەوەی من لێرەدا هەوڵی خوێندنەوەی بۆ دەدەم ئەو بڕگانەن کە بە ئاشکرا پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی شاعیرەوە.

ڕەنگە گەر ئەو ناونیشانەی سەرەوەم بکردایە ((ژیانی ڕۆژانە لە شالیسدا) درووستربووایە، چونکە لە خوێندنەوەی ئەو دیوانەدا تۆ ژیانی ڕۆژانە و هەندێ هەڵوێستی ڕۆژانە و پۆتریێت و تابلۆی ئێستەتیکی نێو ژیانی ڕۆژانەت دەکەونە بەرچاو .. یەکێ لەو تەوژمە جوان و دڵرفێنەرانەی کە ئێستای شیعری (( ئۆیرۆ — ئەمریکایی )) گرتۆتەوە ، شێوازی نوسینەوەی پۆتریێت و تابلۆکانی ژیانی ڕۆژانەی شاعیرە ، سەڕاجی شاعیر لە هەندێ بڕگەی ئەو دیوانەدا ئەو کارەی ئەنجامداوە ، کە بە بۆچوونی تایبەتی من جوانترین و چێژبەخشیترین بڕگەکانی ئەو دیوانەن .. لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو بڕگانەدا تۆ لایەنێکی مێژووی ژیان و چەندین پەنهانی ژیانی شاعیرو ئەو چاخە دەزانیت و چێژی لێوەردەگیرێت، تۆ دەزانیت لە بەیانیەکدا سەڕاج کۆمەڵێ فۆلسکاب دەهێنێ و بە وشەو ڕستەی پڕ لە هەناسەو ڕۆح دەیانڕازێنێتەوەو تا شەکەت دەبێ لاپەڕە سپیەکان ڕەشنووس دەکا، زەمەن دەڕواو ئەویش هەر خەریکی پەرشکردنی ڕۆحی وشەکانە بەسەر لاپەڕە سپییەکان، دواتر دەمەو خۆرکەوتن شەپۆلی ژانە سەر و هیلاکی تەوژم دێنن و ئیدی ئۆقرە ناگرێ و دێتە دەرەوە، کە وردە وردە هەنگاو دەنێ، دەزانێ چاوێلکەو مۆبایلەکەی لە یاد کردوە ، ئینجا تەئەمول بۆ خودا و زەمین دەکا و لە مرۆڤ و بونەوەرەکانی سەر ئەو شەقام و ئەو کۆڵان و ئەم شەقام و ئەم کۆڵانیتر دەڕوانێ:

((24))

ئێمرۆ ئەوەندە پڕشنگی جوانیم
ئاوێزانی تەرزەی وشە کرد
شەکەت و مات و خامۆش و سەرگەردان
بێ چاویلکە و مۆبایل بە
خیابانەکان کەوتم و
سەرمەست و شێت و شەیدا
هێدی هێدی هێدی هێدی
لە ڕووخساری بونەوەرەکانی خودا
ڕامام ڕا !

تۆ لە خوێندنەوەی هەندێ لەو بڕگانەی کە باسی پۆرترێتەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکات، دەزانی سەرڕاجی شاعیر لە بەرامبەر مرۆڤی ڤالآ و دروشمپەرستدا سەرەتا دۆشدا دەمێنێ و دواتر لە ناخەوە دەشڵەژێ و دەرئەنجامی ئەو هەموو لێکدانەوە ماتماتیکیەی کە سەرچاوەکەی لە سۆز و مەعریفە و جیهانبینیەکانە دەگاتە باوەڕێك کە دەبێ لە قاقای پێکەنین بدا:

**له بەدترین شەوی شەرابنۆشیدا**
**بەرامبەر دارڕزاوترین پەیکەرێکی**
**ڤالای دروشمپەرستا وەستام و**
**له قاقامدا قا قا قا!**

**له شەوێکی ئەوپەڕی مەستی و شەرابنۆشیدا لەو حەشامات و تێکقژقژان و ئاوێتە بوونی جوانی و ناشرینیەدا هەڵوەستەیەك دەکا و تابلۆی ژیانی ئەو مرۆڤانەی دێتە بەر چاو کە بەدەم مەستییەوە ژیان و لاپەڕەکانی ژیان بەڕێدەکەن و دەڵێ:**

**سەیری کامەیان بکەین**
**گروهێکن**
**حەشاماتێکی بێشومار**
**هەموو**
**پێکڕا بە لادادێن و**
**هەموو پێکڕا لەتردەدەن!**

هەندێجاریش تێدەگەی کە سەڕاج جار نا جارێ بەرامبەر بە کاڵفام و ڤالا و بێ بەهرەدا چەند وێڵ و سەرگەردانانە هەڵدەچێ و بێزار و بێزارانە دەیان داتە بەر باهۆزی تووڕەیی خۆی:

ئەی کاڵفامترین ئەهریمەنی گومڕا و سەرەڕۆ
دەبوا
عەتری ئەو دورجی لوولووی جەنەتە
بپەرستی و کڕنووش بەری بۆ
کریستاڵەکانی
نەخشی قودرەت!
تۆ ئەی ڤالاترین هیچ و هیچترین ڤالا!
خۆزیا نەمناسیبای
شەوگەردی سەر دیوارە وێرانەکانی
گۆڕستانەکان لە بوونت جوانترە
ئاخر چلۆن
لە چرکەساتێکی نەهامەتی و
غەفڵەتگەرییدا
هێلینی عیشقیترین و
دەلالیترین شالوورێکی جیلوەکەری
شەوارەی ڕۆژگار دەشێوێنی؟

ئەوەی من لێرەدا کردوومە تەنیا خوێندنەوەی هەردوو لایەنی مەرگ و ژیانی رۆژانەیە لە شالیسدا، بێگومان دەتوانرێ لەسەر ئەو دەقە قسەی زۆر زۆر زیاتر بکرێ لە کۆمەڵێ لایەنی لێکجیاوە، بە نموونە: زمان لە شالیسدا، دەقئاوێزانی لە شالیسدا، ئێستەتیک لە شالیسدا، مەعریفە لە شالیسدا، جیهانبینی لە شالیسدا، بونیاد و پێکهاتەی رووخساری شالیس و... تاد، بە کورتی شالیس پێویستی خوێندنەوەی زیاترە، ئومێد دەکەم پسپۆرانی ئەو بوارە لە من زیاتر بتوانن رۆچنە نێو هەموو پەنهان و جوانییە شارەوەکانی نێو شالیس.

* شالیس دیوانێکی هاشم سەڕاجی شاعیرە، لە ساڵی 2007 لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

# 44 پێناسە بۆ دوورە وڵاتی و

# هۆیەکانی گەڕانەوە بۆ شوێنزا



فەرهاد پیربال

**گەڕانەوە بۆ شوێن و پەیوەندی شوێن بە ڕۆحی مرۆڤ لە دەقی (44 پێناسە بۆ دوورە ولاتی) فەرهاد پیربالْ..**

**1 ـ پەیوەندی مرۆڤ بە شتەکانی نێو شوێنزا.**

**2 ـ پەراوێزیبوونی مرۆڤ کاتێ کە لە ولات دادەبڕێ.**

**3 ـ نامۆبوون.**

**4 ـ ڕیسوا بوون و ڕەشبینی و بێئومێدی.**

**5 ـ گەیشت بە حەقیقەتی نەدۆزینەوەی بەختەوەری و گەڕانەوە.**

{1}

## پەیوەندی مرۆڤ بە شتەكانی نێو شوێنزا

لە زۆربەی زۆری شیعر و ئەزموونەكانی نێو ( پێنج كتێب و نیو ) دا، ئەوانەی كە لە ئەوروپا نووسراون ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەتەن، واتە: جەخت لەسەر ئەو پەیوەندیە دەكەنەوە كە لە نێوانی ڕۆحی منی دەقنووس و شوێنزادا هەیە .. باس لە خەون دیتن دەكەن بە شوێنێك كە تێیدا كۆمەڵێ شتی پەیوەست بە ڕۆحی شاعیری لە ئامێز گرتوون .. دیارە لێرەوە بۆمان دەردەكەوێ كە ئەو گرینگیەی لە شوێندا هەیە هێندە بە خاكەوە پەیوەست نیە بە قەد ئەوەی كە بە شتەكانی ناو خاكەوە پەیوەستە ، بە نموونە : دایك لە شوێنێكدا دەژی و منداڵەكەی لە شوێنێكی تر دەگوزەرێنێ و غەریبی دەكا ، كەوابێ لێك جیاكردنەوەی دایك بە شوێن كارێكی سانا نییە چونكە دایكیش بە كۆمەڵێ شتی ئەو شوێنەوە پەیوەستە ، وەكو زنجیریەكی توند و تۆڵی دانەپچڕاو وایە .. ڕەنگە لە بنەڕەتدا غەریبی كردنی شوێنزا بە مانای غەریبیكردنی شتەكانی ناو شوێنزابێ نەك خودی شوێنەكە خۆی ، بەڵام پەیوەندییەكی جیانەكراوەش لە نێوانی شوێن و شتەكانی ناو شوێندا هەیە .. ئەوەیە د.فەرهاد لە پێناسەكانیدا دەڵێ : (( نیوە شەوان ، لە گەرمەی خەو ڕاچڵەكیت و بۆ دایكت بگری . )) .. (( غەریبی كردنی دراوسێكەتان .)) .. (( حەزبكەی سەرتاپای خزم و كەس و كاری كوردستانت بۆ

بگوازنەوە بۆ نزیك ماڵەكەت لە گەڕەكی ئۆكسفۆرد لە لەنـدەن . )) .. (( تـــەنیایي ، تـــەنیایي ، تـــەنیایي .. )) .. (( نەخۆشـــی بەردەوامی بەردەوام بەردەوامی نووسینی نامە )) .. (( خۆزگەی ئەوەت بـیّ نـەورۆز زوو دابێـت، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ كوردەكـان كۆببیتەوە .)) .. (( لـە ناوەڕاسـتی مەیـدانی ڤێسـتە پـۆرت ، لـە كۆپنهاگن ، سەعات دووانـزەو نیـوی شـەو بـە سەرخۆشـی ، بـە كـوردی هـاوار بكـەیت ـ ئـای چـەندم خۆشـدەوێیت ـ )) .. (( هەژدە مانگ بە كـوردی قسـە نەكـەیت و لـە داخـی دەردی بـیّ وڵاتی لە ئەورووپا ، وەك شەریف پاشا ، داخی دڵی خۆت بە كـچ و ژنە ئەورووپیەكان هەڵبڕێژیت .)) .. (( غەریبی كردنی عەفیفە ئەسـكەندەر و ڕەسـول گـەردی و جاربـەجایش " حمدیـە سـالح و بناتها " )) .. (( حەشیشەكێشان و خـۆ تەسـلیم كردنـی تـەنویمی موگناتیسی : بەس بۆ ئەوەی تەنیا جارێـك "ژوورەكـەی خـۆت " ببینیتەوە )) .. هەموو ئـەو وشـەو ناوانـەی كـە هـێڵم بـە ژێـردا كێشاوم شتەكانی ناو شوێنن یاخود خودی شوێنەكەن كە هـەموو پانتاییـەكانی ڕۆح و زاكیرەی شاعیریان داگیركـردووە ، دایـك ، دراوسیّ ، خزم و كـەس و كـاری كوردسـتان ، نووسـینی نامـە ، تەنیایي ، زمانی كوردی و كورد و ڕەسول گەردی و .. تاد

لێرەوە لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو ڕستانە دەگەینە ئاكامێـك كـە پەیوەندییێكی یەكجار بـەهێز لـە نێـوانی شـاعیر و شـتەكانی نێـو شــوێندا بــەدی دەكــریّ ، كــە بــۆ دواجــاریش پەیوەندیەكــە

گرێبەستێکی ڕۆحی لە نێـوانی شـاعیر و شـوێندا لێدەکەوێتـەوە، وەکو ئەوەی کە لە دەستپێکدا ئاماژەمان پێدا .. بۆیـە من پێم وایـە ئەو هۆکارە یـەکێکە لە خاڵە بەهێزەکان  کە مرۆڤ نـەتوانێ درێـژە بە پەناهەندەیی و ئاوارەیی و دەربەدەری بدا و بیـەوێ بتـوانێ بـە سانایی دیـوارێکی بەرز یـاخود نەویـش  لە نێوانی خۆی و شـوێنزا و شتەکانی نێو شوێنزا دانێ.

{2}

## پەراوێزیبوونی (مرۆڤ ) کاتێ کە لە وڵات دادەبڕێ .

بۆچی مرۆڤ کاتێ لە وڵات و شوێنزا یا هەموو ئەو شتانەی کە لـە نێو شوێنزا و وڵاتدا هـەن دادەبـڕێ، ڕووبـەڕووی پـەراوێزیبوون دەبێتـەوە؟ لـە دووەمـین پێناسـە و هەنـدێ لـە پێناسەکانیـتریشـدا وەڵامـی ئـەو پرسـیارەمان دەسـت دەکـەوێ .. (( گاسـتینێکی قەرەباڵغ ، منداڵێکی نۆ ساڵانەی لێ بێتە ژوورێ کە لە زمانی هیـچ کەسێك و هیـچ شتێکی ئەوێ تێنەگا .)) .. (( جورئـەتی ئـەوەت نەبێ تەماشای ناو چاوی هەرزەکارێکی تووڕەهاتی ئەڵمانی بکـەیت .!)) .. (( لە کۆپنهاگن، بە کەترە ژنێکی پیری ناشرینی لـە مێـرد دابڕاوی پۆلەندی بڵێی : ((پێخۆشحاڵم بە ناسـینیت )) .. (( لـە ستۆکهۆڵم سواری شەمەندەفەر بیت ، بە دوای کچـە قـەرەجێکی سـەماکەری سـێرك بچـیتە هـەنگاریا "گەلەسـیۆز"، لـەوێ ناونیشـانەکەی نەدۆزیتـەوەو بگریـت . )) .. (( لـە سـتۆکهۆڵم سواری شەمەندەفەر بیت ، بە دوای کچە قەرەجێکی سـەماکەری سـێرك بچـیتە هـەنگاریا "گەلەسـیۆز"، لـەوێ ناونیشـانەکەی نەدۆزیتەوەو بگریت.)) ((منداڵێك بیـت و هەسـت بکـەی لـەناو حەشاماتێکی گەورەدا لە دایکـت دابڕاویـت . )) .. پیرەژنێکـی بە ڕەسەن جوولەکەی پورتوگالی ، لە پاریس ، بـەزەیي بـە حاڵتـدا

بێتەوەو پێت بڵێ : " تۆ بۆچی ناگەڕێیتەوە وڵاتـی خـۆت ؟ )) ..
(( سێزدە چەقۆ لە ژنێکی دانیمارکی بدەیت لەبەر ئـەوەی لێـت جودا دەبێتەوەو پشت لە ـ گرێ چینییەکەت ـ دەکا . )) هەموو ئـەو ڕسـتانە هـەڵقوڵاوی حاڵـەتێك یـان چـەندین حاڵـەتی ڕۆحـی پەناهەندەیەکن کە هەست بە پەراوێزیبوونی خۆی دەکا ، تـۆ کـە سەرەتا پێدەنێیتە نێو بوقعەیەکی تری جیا لەو پارچە خاکـەی کـە تۆ تێیدا ژیاوی ، زمانی ئەو شوێنە نازانی ، کولتوری ئـەو شـوێنە بە تۆ نامۆیە ، کەسەکان و سیستەمی ژیانیان جیایە ، کەوابێ تـۆ ئەگەر پیریش بیت ، هێشتا پێدەنێیتە نیو جوگرافیایێـك کـە تـۆ تێیدا منداڵی ، سەرەتا دەبێ وەکو منداڵێك هەڵسوکەوت بکەی ، بە زمانی هێما و بە دەست و بە بزاوتن قسە بکـەی ، دەبـێ لەبـەر منـداڵێك بپاڕێیتـەوە تەرجەمـەت بـۆ بکـا ، زمـان و هارمۆنیـەت دروست کردن لەگەڵ کلتوری ئەو وڵاتەی کە تۆ بە پەناهەنـدەیی تێیدا دەژی کلیلی کردنەوەی دەرگای دەرچوونە لە منداڵیـەتی ، بێگومان ئاوێتەبوون بە ڕۆشـەنبیری و ترادتسـیۆن و عەقڵیـەت و فێربوونی زمانێکی زۆر جیا و ... هتد کارێکی هەروا سانا نییە ، (( تورکەکانی ئەڵمانیا دەڵێن : ڕاهاتن بەو شتانەو فێربوونی زمانی ئەڵمانی تەنیا بیست ساڵی یەکەمی زەحمەتە . )) ... کەوابێ من لە پرۆسەی هەزمکردن و فێربوونی ئـەو شـتانە لـە قۆنـاغێکم تـەواو وەکو قۆناغی منـداڵی وایـە .. بەتەمـەن گـەورە و بـە کولتـوور و ڕۆشەنبیریش بچووك ، باوەکو لە ڕاستیدا کامڵیش بیـت ، بـەڵام

مرۆڤ کە نەیتوانی لە ڕێگای زمانەوە شتەکان بگەیەنێ ئەوا ئەو کات لەنێو کۆمەڵ و کۆمەڵگادا هەمیشە دەبێت بە بەشێك لە پەراوێز .. تۆ جارێکیتریش پەراوێز دەکرێی کە هەست بەوە دەکەن تۆ بە زۆر خۆت دەکەیتە میوان لە ماڵێکی تر .. بێگومان ئێمە لێرەدا باس لە ئاستی عەقڵیەتی شەقام دەکەین ، هەموو ئەڵمانیێکی ڕەسەن پێی وایە ئەڵمانیا ماڵی ئەوانە و پەناهەندەیش میوانی ڕەزاگران (( سەرڕەش )) .. بۆیە تۆ ناوێری و ناشتوانی (( لە ناو چاوانی ئەڵمانیێکی تورەهات بڕوانی )) .. زۆر جار کە باس لە وڵاتانی تر دەکرێ ، لێرە یەکڕاست بیریان بۆ بارینی ژن و ڕژانی ژن و کۆکردنەوەی ژن لەسەر شەقامەکان دەچێ ، بە گوێرەی دیتن و گەڕان و ئەزموونی ژیانی خۆم کە نۆ ساڵی خایاند لە ئەورووپا ، من دەمدیت بەشی زۆری ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەبوون ، لە نێوانی ئافرەتی پەناهەندە و پیاوی پەناهەندەدا هەبوون ، واتە : تۆ کوردی لە فەرەنسا دەژیت ، دۆستێکی میسریت هەیە ، یا ڕووس ، یا ئەلبانی و سریلانکی .. کەمجار ڕێك دەکەوێ تۆ پەناهەندەبیت و هاوڵاتییێکی ئافرەتی ئەو وڵاتە تا کۆتایي بە عەقڵیەت و بە ژیان بە چۆنیەتی گوزەراندنی تۆ ڕازی بێت ! ئەو جارانەیش کە قبوڵی ئەو پەیوەندیە دەکرێ بێگومان دەبێ جیاوازییێکی یەکجار زۆر هەبێ لە ڕووی جوانی و تەمەن و باری ئابووری و ئاستی ڕۆشەنبیری ، لە نێوانی ئافرەتی خاوەن وڵات و پیاوی پەناهەندە ، واتە : بۆ

ئەوەی منێکـی کـورد ئـافرەتێکی ئـەڵمان (( بێگومـان ئەگـەر لـە ئەڵمانیا بژیـن )) ڕازی بکـەم کـە لەگـەڵم بـژی ، دەبـێ زۆر لـەو جوانتر بم ، تەمەنم بچووکتر بێ ، ئازادی تەواوی هەتا هەندێجار لە ڕووی پەیوەندی ئیرۆتیکیەوەش بەکەسانیترەوە هەبێ .. بە کورتی دەبێ (ئەو) کێشەی ئەوەی هەبێ کە ئەڵمانی بە دەست ناکەوێ ، ( ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیي قسە دەکـەین ) .. بۆیـە لـە ئـەزموونی ئـەو شـیعرە بـە ئاشـکرا تیشـك دەخرێتـە سـەر ئـەو مەسەلەیەو "ڕادەگەیەنێ کە پەناهەنـدە ، مرۆڤـی پـەڕاوێزە "(( لـە ستۆکهۆڵم سواری شەمەندەفەر بیت ، بە دوای کچـە قـەرەجێکی سـەماکەری سـێرك بچـیتە هـەنگاریا "گەلەسـیۆز"، لـەوێ ناونیشانەکەی نەدۆزیتەوەو بگریت . )) .. ((لـە کۆپنهـاگن ، بـە کەترە ژنێکی پیری ناشرینی لە مێرد دابـڕاوی پۆلەنـدی بڵێـی : ـ پێخۆشحاڵم بە ناسینیت ـ )) ..

کـاتێ کـە مـرۆڤ هەسـت بـە پـەراوێزبوونی خـۆی دەکـا ، هـیچ ڕێگایێکی تری لەبەردەم نامینێ ئەوە نەبێ کـە تووشـی نـامۆبوون دەبێ .

{3}

## مرۆڤی دابڕاو لە وڵات هەست بە نامۆبوون دەکا

کـاتێ مـن لـە پـەڕاوێز دابم ، نـامۆش دەبم ، دکتـۆر لـە هەنـدێ پێناسەیتردا دەڵێ : (( پیربوون .)) .. (( لە ئێرانـەوە هـەر بـە پـێ ڕابکەیت هەتا دەگەیتە چین )) .. (( نیوەشەوێك باوەش کردن بە درەختێکی تەنیای سەرشەقام . )) .. (( دڵ لە دڵ دانی ئێوارانی یەکشەموان : ئایـا بچـی بـە تـەنیا لـە بارێـك دانیشـیت ؟ )) .. ((دۆزەخ .)) .. کاتێ مۆرڤ هەست بـە دڕدۆنگـی و نـەمانی هـیچ درزك دەکـا کـە تێیـدا نـەختێ ئـارامیێ و هەناسـەی بەختـەوەری هەڵمـژێ ، لـە ڕووی سـایکۆلۆجیەوە ئـیفلاس دەکـا ، تووشـی هـەزارەها بیرکردنـەوە دەبـێ سـەبارەت بـە کەمبـەهایي مـرۆڤ و بێبەهایي ژیان ئیدی لێرەوە درامایەکـە دەسـت پێـدەکا و دەبـێ هەنگاوەکانی ڕێك بخا ، یـا ڕوو لـە مـەرگ ، یـاخود دۆزینـەوەی کەلێنێك ئەگەر وجـودی هـەبێ !؟ لـە نـامۆبوون هەسـتکردن بـە ڕیسـوا بـوون و دواتـر ڕەشـبینی و لـە کۆتایشـدا بێئومێـد لـە دایکدەبێ ، بێگومان بێئومێدیش بیرۆکەی خۆکوشتن دێنێتە پێش ..

{4}

## ڕیسوابوون و ڕەشبینی و بێئومێدی و بیرۆکەی خۆکووشتن

(( زەبـوونی و چاوشـۆڕی و هەسـت بـە کـەمی کـردن .)) .. (( قەمسەڵەی دەستی دووەمی دزراوی دەست پەناهەندە لبنانیەکان ، بە نرخێکی نیوە قیمەت بکـڕی .)).. (( زەبـوونیێکی زەبـوون ، چاوشۆڕیێکی چاوشۆڕ ، هەست بە کەمی کردنێکی کـەم . )) .. (( بە تاقی تەنیا بە دڵێکی پڕ لە هەستی غەریبی و تەنیاییـەوە ، بـێ پارەو پوول ، لە " کامپۆ سانتا مارگریتا " حەز بکەی بگریـت . )) ..(( بەرازی ڕەش )) .. (( خۆت فڕێبدەیتە ژێر شـەمەندەفەرێکی ناو توولەبانە ستۆکهۆلم و هیـچیشت لێ نێ . )) .. (( لە لەندەن لە قاتی یازدەهەمی ئاپرتمانێکەوە خۆت تورڕ هەڵبدەیتـە خـوارەوە . )) ..

وەك دەبینین درامایەکە لێرەدا بـەرەو کۆتـایي دەچـێ ، دەیـەوێ خۆی بکوژێ ، چـونکە ، لـە سـەرەتادا کاریگـەری ئـەو شـتانەی بەسەریەوە کە لە نێو شوێزادا هـەن و نـاتوانێ لێیـان دابپچـڕێ ، دواترهەســت بــە پــەڕاوێزیبوونی خــۆی دەکــاو هەســت دەکــا گەیشتۆتە حاڵەتی نامۆبوون و ڕیسوابوون و ڕەشبینی و بێئومێدی و ، لە کۆتایشدا هەوڵدەدا خۆی بکوژێ . ئیـدی دەزانـێ بڕینـی

سنووره‌كانی هه‌موو دنیاش هیچ سوودێكی نییه بۆ ئه‌وه‌ی له په‌ناهه‌نده‌ییدا ئارامی و به‌خته‌وه‌ری بدۆزێته‌وه ، پێویست ناكا ئیدی مرۆڤ وه‌كو باڵنده‌یه‌كی (( خۆ له خۆ گۆڕ )) به دوای وشه‌یه‌كدا بگه‌ڕێ و بێگومانیش بێ له‌وه‌ی كه نایدۆزێته‌وه .. چونكه په‌ناهه‌ندیی ڕێك هه‌موو ئه‌و شتانه‌و زیاتریشه كه د.فه‌رهاد له شیعیری 44 پێناسه بۆ دووره وڵاتیدا پێناسه‌ی كردووه .

{5}

## گەیشتنی مرۆڤ بە حەقیقەتی نەدۆزینەوەی شادمانی لە مەنفادا و بڕیاری گەڕانەوە.

بە کورتی لە ژێر ڕۆشنایي ئەو شیعرەو لە ژێر ڕۆشنایي ئەزمون و هەموو ئەو حاڵەتە نامۆیانەی کە مرۆڤ بە خۆڕسکی لەگەڵیدا هاتووەو هەموو ئەو شتانەیش کە ژینگە و زاکیرە و شوێنزا بە مرۆڤی دەبەخشێ ، پەیوەندییەکی جددی و ڕەگاژۆو کڕۆکك ڕۆچوو لە نێوانی مرۆڤ و خاك یا شتەکانی سەر خاکێکی دیاریکراو درووست دەبێ ، بۆیە مەحاڵە بۆ مرۆڤێك بتوانێ لە دووری ئەو شوێنزایەدا بەختەوەرییەکی کامڵ بدۆزێتەوە ، یاخود بەلایەنی کەم لەسەرەمەرگ و ئاوزینگیشدابێ هێشتاچاوێکی هەر لەسەر ئەو شوێنەیە کە تێیدا لە دایکبووە ، بۆیە زۆر جار دەبینین لە زۆربەی شوێن و کولتووره جیاجیاکانی هەموو نەتەوە لێکجیاکانیش کەسەکان لە کاتی مەرگدا دەگەڕێننەوە ئەو شوێنەی کە تێیدا لە دایکبووە .. ! چونکە ئارامترین مەنزڵگا و ماڵ وخاك ئەو خاکەیە کە تۆی لە ناخی خۆی فڕێداوەتە سەرزەمین و هەر ئەویشە کە حەزدەکا بەرەو ناخی خۆی لوولماندا و هەڵمان لووشی .

# چەند خاسییەتێکی مەعریفیبوونی شیعر



هاشم سەڕاج

## (هەوڵدانێك بۆ پراكتیزەكردنی ئەو تێمەیە، لە ڕێگای خوێندنەوەیەكی خێرای _گۆرستانی ئەپیكۆرۆس _ی هاشم سەڕاج)

### كورتە پێشبەندێك بۆ ئاوێنە بنەوشەییەكانی (گۆڕستانی ئەپیكۆرۆس)ی سەراج و خوێندنەوەكەی زانا خەلیل

ئێوارەی 1999.5.5 كاتێك كە كۆڕە شیعری دوو قۆڵی هاشم سەراج و زانا خەلیل كۆتای هات لە نێو جەماوەرێكی عەشقە شیعر لە هۆڵی تاوەر ، هەردوو شاعیر هەردوو تەسبیحی تێكئالاوی نێو دەستەكانیان هەڵپچڕاند و سەراجی بەرز بە ئاسمانی هۆڵەكەی پرژاند و بەسەر عەشقە سیعرانی بارێژە كرد ، ڕەنگە هەردوو شاعیری نەوە جیا گوزارشتیان لەوە دابێتەوە كەوا ئەم مشتە دەنكە تەسبیحانە عەشقی ئەوان بووبێت لە سۆنگەی ڕۆشناییەوە تاوێ لە ئارامی فەیرووزە باران بدەن بەم خەڵكە تینووە لەم قاتوو نەهاتەی شیعردا ، یانیش ڕەنگە ئەم گۆڵمە مەرجانە و هەڵدانی كردنەوەی پریاسكەی پڕ وردە كلیلی شیعر بووبێت بۆ ئەوانەی ئەوان لە دوورو نزیكەوە دەخوێنەوە و دەیانەوێت پێیان بڵێن جیاوازی چەندە لە نێوانی مشە فەیرووزەیەك و مشتە شیشۆقێك ، جیاوازی چەندە نێوان پەپولەیەكی سۆفی و بورغووی تانكێك . یانەخۆد ڕەنگە

هەڵپچڕاندنی ئەم دوو تەسبیحە و هوڵدانیان گازی دوو بریندار بوو بێت بۆ ترەکینەوە لە شیرازەی سەقەتی گەڵە کۆمەکی نێوان دوو ڕەنگ ، دوو بەرداش ، دوو زنجیرەی نا سرووشتی و نابەر دڵ و لەویشەوە پەیڤاندنی ئەو حەقیقەتەی هیچ جیاوازییە لە نێوان جەوهەری کرێتی زوخال و خەلووز ، هیچ جیاوازیەك نێوان بۆگەن بوونی خەرەندو ڕەهەند نییە ڕەنگی سپی و بنەوشەیی و هەناری و ڕەنگی تژی سۆزی ئاویش هەیە ..

ئەوەی لێرەدا لە ڕێسای ئەم نوسینە گرنگترە لەلام گەورەیی و توندی تێکئالقانی ڕۆحی دوو شاعیرە دوو شاعیری نەوەجودا و ئەزموون جودا بەڵام هاوبەش لە خەون و هاوبەش لە چەکەرەبوونی ڤیانی شیعر و هاوبەش لە تلانەوە بۆ ئەزموون و تێگەیشتن ، ئەزموون و تێگەیشتنی شیعری ئەم خاڵە گرنگ و سەرەکییەی (زانا)ی شاعیر بەرەو زاینی شیعری و زانین لە شیعر بەرجەستەکردن دەبا بەو خوێندنەوە سازەی خۆی کە رووی لە ( ڤۆڕستانی ئەپیکۆرۆس ) دەکات ..

چەند جوانە پەیڤینی شاعیر لە خوێندنەوەی شاعیرێکدا ، ڕەبەنە شاعیری نەخوێندەوار و لە نەخوێندنەوەی شاعیرێکی دیکەدا ، لەم ڤوتارە بچوکەوە : دەکرێت بڵێین بەر خوێندنەوەی شاعیر لە لایەن شاعیرێکی دیکەدا ناساندنی حەقیقەتی ڕۆحێکە بەو چاو و گوێ و بۆن و هەست و نەستانەی خولیای دەقی جوانن ، چونکە دەکرێت شاعیر باشتر لە ڕۆحی شاعیرێکی دیکە نزیك ببێتەوە و

پەی بە پەنهانیەکانی ببات .. ڕەنگە لەگەڵ هەندێ وردە ڕای ( زانا ) ی شاعیر تۆزێ لاتەریببم لەم خوێندنەوەیەیدا ـ ئەمەش شتێکی ئاساییە ـ بەڵام من دەستخۆشی لێ دەکەم بۆ بوێرییەکی شاعیرێکی ئەزموون قورسی هونەری وەك هاشم سەراج بخوێنێتەوە و لە کۆمەڵێك تێبینی و ئەنجامی سەرنج ڕاکێش بۆ گفتوگۆ نزیك ببێتەوە . ئەمەو لە هەمان کاتدا ڕەنگە لە چەند شتێ ـ ئەگەر چی کەمیش بێت ـ لاتەریببم لەگەڵ تەماشای ئەزموونی ( هاشم سەراج ) ، بەڵام ئەزموونی ئەم شاعیرە هی شاعیرە .. بگرە ئەزموونێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و خوێندنەوەی زیندوو هەیە .. هیوادارم ئەم خوێندنەوە جوانەی زانای شاعیر سەرەتایەك بێت بۆ جارێکی دیکەی پێداچوونەوە بە گرنگی خوێندنەوەی شاعیر لە لایەن شاعیر .. خۆزگە شاعیرەکانمان لەم هەتوانە نزیك دەبوون . ئێستاش با لێگەرێین با زانای شاعیر خۆی بدوێ ..

د.سەروەر عەبدوڵڵا
بەرلین 2001.07.21

## 1

له دەستپێكدا ناچار دەبین له دەروازەی پێناسەیەكی كورتی مەعریفەی شیعر هەنگاوەكانمان بۆ ئەو چەند سەرنجە خێرایە بهاوێژین .. بە بۆچونیمن مەعریفەی شیعر بریتیە لە تەقاندنەوەو تەرجەمەكردنی هەموو ئەو رۆشەنبیری و ئەزموون و ئازمایشە خودیانە ، بۆ گەمە فەنتازییەكانی رەوانبێژی و ڕۆچوون بۆ حاڵەتە سایكۆلۆژییە خودیەكان و بەخشین و هەوڵدانی هەموو گوتارە نهێنیەكانی رۆح بۆ شیعر .

دیارە ئەوەش دەبێ بە شێوەو شێوازێك رەنگبداتەوە كە رەهابین لە رەتكردنەوەی بە پرۆسەكردن و بە پلانكردنی داڕشتنی تێمەییەكی دیاری مەعریفی بۆ شیعرو وەرگێڕانی روداوی نێو مەزهەبە ئاسماناوییەكان .. میتۆلۆژیا .. فەلسەفەیەكی دیاریكراوی سۆسیۆلۆژی .. ئایدۆلۆژی .. هتد بۆ شیعر بە فۆرمێكی راستەوخۆو كۆپیكردن و تواندنەوەیان لە بۆتەی شیعرێكدا .. بە ڕای من هەموو جوانیەكانی شیعر تێكدەشكێنێ و رۆحی ( كاستالیا ) دەتۆرێنێ و ئێستەتیك و خوداوەندەكەشی هەپرون بە هەپرون دەكا ..

دوای لێڵكردنی گوتراوێكی مەعریفی ـ زانستی سەر لە نۆژەن دارشتنەوەی هیچ خزمەتێك بە جوانی و شیعر ناگەینێ .. ( چونكە شاعیر بۆ ئەوە دەنوسێ كە گوزارشتی پەنهانیەكانی رۆح

بکــاو وەرگێــری عاتیفــەو نهێنیــەکانی دڵ و دەروون و حاڵتــە خودیەکانی بێ ، نەك سەردی گوتراوو حیکایەتی مەقولکان بکا) لە گۆڕستانی ئەبیکۆرۆس ، ئاکام و ئـەنجامی مەعریفەیـەکی قـوڵی مەست و دوور لە ژێر دەسەڵاتی هزرو لۆژیك لـە بەردەسـتدایە .
ئەگەر چی سەراجی شاعیریش بە دەگمەن و لـە چـەند شـوێنێکی کەم توشی ئەو حاڵەتەی تواندنەوەیە دێرێکتە هاتووە ، بـەڵام زوو کاراوە بە دەسەڵاتە نەسـتە مەعریفیەکـەی زاڵبـێ و وەرگۆڕانێـك بخوڵقێنێ .. بۆ نمونە لە بۆ هیـمەت دەڵێ :

قاپە جنێك شیرازەی کۆنەخوازی لە خشتە دەبا

نەخشی کەڕەکیفە هەڵێناوی منی باڵا ،

هەڵدەوەشێنێتەوە "

دوان لـە کحـول و ئاوەڵناوەکـانی جـوانترین تێمەیەکـە ، بـەڵام کاتێك کە زاراوەیەك یا چەند زاراوەیـەکی ـزانستی دەسـتکرد ـ ی تیا دەئاخنرێ ، لە لەززەتی شیعری دەدرێ ، دیارە وەك زووتر گوتمان هەوڵدان بۆ تواندنەوە و کۆپیکردنی تیۆرێکی دیـاریکراو وەکو ئەو نمونەی ئێستە ـ تیۆری دابەشکردنی کۆئەندامی دەروون لای فرۆید ـ بۆ شیعر ، ناکەوێتە چوارچـێوەی ئێسـتەتیك ، خـۆ ئەگـەر شـیعر پـڕ نـەبێ لـە یـاقوت و گەوهـەری جـوانی ئـەوا مەعریفیش نابێ ، چونکە یەکەمین خـاڵی مـەعریفی بـوونی شـیع ئێستاتیکایـە .

## 2

ئەوەنـدەی مـن لـە نزیکـەوە روانیـبم " کەسـایـەتی نێـو میتۆلۆژیـای گریگیـەکان .. ناوی کەسایـەتی نێو ڕۆمانەکان .. نێو مەزهەبە ئاینیـەکان .. یان نـاوی گـەورە بـە شـێوەیەکی گشـتی " بۆتـە دیاردەیــەك لـە شـیعری کـوردی .. کـە بێگومـان ئـەوەش حاڵەتێکی نێگەتیڤ دەخولقێنێ لە هەڵدانی جوانیەکان و بە هـیچ شێوەیەکیش بەشێك نییە لە مەعریفـە کردنـی شـیعر ، سـەراجی شاعیر لە چەند دێرێك کەتۆتە ئەو چوارچێوە دیـارە ..

به جەنتا "دیلز" یەکی تژی
له لاپەڕە نەفرەتلێکراوەکانی ـ رامبۆ ـ
حرووفە بەدەکانی ـ بودلێر ـ و
قەلە رەشەکانی ـ پۆ ـ و .. هتد

ڕۆشنە لایمن شاعیرێکی ڕۆشەنبیری وەکو سەڕاج نایـەوێ بە چەند ناوێك چێرگەی خوێنەر چەواشە بکات ، بەڵکو عەشقێکی مـەزن بۆ گروپێ شت لە نـاوەی دەق حەشـاردراوە ، بـەڵام ئایـا هـەموو خوێنەرێك توانای ڕۆچوونە نێو ناوەوەی تێکستی هەیە ؟
بۆیــە بــە بۆچــوونی مــن ـ نــاو ـ یــش دەکەوێتــە نێــو بۆتــەی گوتنەوەیەکی راستەوخۆی گوتراو ، خاڵی دەبێ لە جوانیەکان .

## 3

لـه خوێندنەوەیـەکی قـوڵی " گۆرسـتانی ئـەبیکۆرۆس " دەگەیتە ئـەنجامێك کـە هـەڵقولاوی پـۆل پـۆلی رامـان و روئیـای خـودی شـاعیر ، لـە پەنجـەرەکانی رۆح و دیـدگای دڵێکـەوە ، ئاوێتـەوە بـە مەعریفـەی ئـاوەزێکی عاقـڵ ، بـە نـازوونووزو لازاندنەوەیەکەوە شتە جوانەکان لەسـەر خـۆ و بـە هەڵچـونێکەوە هەڵدەدا

کێ دەڵێ :

سەحەرێك لە هیکڕا

ئێوارەیەك لە ناکاو

خێوەەتی وجودت تێکنانێت

بێ چپە

ماڵئاوا ئەی خودە جوانەکان

ئەی خودە

دژوون و بەدەکان

چەند جوان و سەفابەخش و لەززەتبەخشە ئـەو خانـەقای تەئەمولـە گومان لە یـەقین ئافەریـدە دەکا .. لەبەر گەورەیی عەشقێکی نادیار لۆژیك پڕ دەکا لە گومان و پرسیار !

خولقاندنی حاڵەتێکی خەفەتئامێزو بەخشینی ئاکامێکی تراژیدی بەو شێوازە سیحراوییەی گوزارشت ، ڕەنگدانەوەی تەقینەوەی مەعریفیە لە شیعر .

مەبەستمە بڵێم : هەڵدانی گوتارێك کە دەرئەنجامی ڕامانی قوڵی خودی شاعیر بێ و بەفرۆم و تەرکیبیەکی لەو شێوازە ، ئێستاتیکترو لەززەتبەخشتر دەبێ ،

لەوەی کە تەرجەمەی گوتارێکی گوتراو بێ .

تێرامێ .. بەر لەوەی تەلیسمی
ئەو گڕو ئافاتە لە کیس چێ
قەیماغی گەردەن و ئاڵتونی
ئەو قژە بنۆشە ..

خۆ ئەگەر نمونەی لەو شێوەیە بنوسینەوە ئەوا دەبێ بەشی هەرە زۆری دیوانەکە بنوسینەوە ، چونکە زۆربەی هەڵدانەکانی سەراجی شاعیر ڕۆچوونی یاقووتینی خەتەرناك و پرسیاری بە زوننار داپۆشراون دەخەنە هەڵوێستێکی پڕ لە ڕامان و ڕۆچوون ..

1. ( نە مەرگ مولکی ئێمەیەو نە جودیش )

(ئێمە شایستەی تاقە جەنتایێکین و روبار ڕاپێچمان کات).

(کەس لە نهێنیە بێچارە نووسەکانی گەردون نگا).

(کەس لەو چارەنووسە نادیارانە ناگا).

**مەرگ لە جەنتای ئافرەتە بەدبەختەکاندا**
**لە دایک نەبووبین و**
**چاروگەی زەمەنی بێهودەیی گەمارۆی**
**گیانی نەدابین )**
**( ئێمە لەجەنتایێکی نامۆ لە دایک بووین**
**جانت ئەی ڤینۆسیترین چرکەساتی قەلسیم )**

## 4

چڕکردنەوەی حاڵەتەکانی نێو ئاین .. ئەفسانەو داستان .. ڕۆمان و چیرۆك و حیکایەت .. هتد بە شێوازێك کە شیعرییەت تێیدا زاڵ و باڵا دەسبێ و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پڕۆسەیەکی تواندنەوە بخولقێ کە خوێنەر هەستبکا خوودی شاعیر خۆی لە نێو ئەو زەمەنی ڕوداوەدا هەڵدەکاو بە شێکی زیندوی نێو ڕوداوەکانە ،

لایەنێکیتری مەعریفە بوونی شیعر بانگەشتە دەکا ..

( سێو فریوی نەدابایەن
پێویستمان بە لالانەوە نەدەبوو
ئاگریش بە جوڵەی نەدەخستین )

زناککردن و فریودان و سەر لە نۆژەن گوناهبارکردنەوەی سێو و ئافەریدەکردنی هارمۆنیەتێك لە نێوانی خود و میتۆلۆژیا ، یا تەرجەمە کردنی خود بۆ میتۆلۆژیا بەو شێوازە شیعریەی کە خوێنەر هەست بکا شاعیر گوناهی کردووە یاخود خود بە ئادەم و حەواکردن کە پێچەوانەکەشی ڕاستە ، هەڵدانی لایەنێکی تری مەعریفەیە لە شیعر .

دیارە ئەو شێوازی نووسین و ئەفراندنە پەیوەندییەکی ڕەگاژۆی بە سەرکەوتوویی پێکهاتەیەکی شیعریەوە هەیە .

## 5

یەکێ لە کارە هەرە دیارەکانی " گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس " گەمەی ڕەوانبێژی یا هەڵدانی مۆرفیمەکان و خولقاندنی سیلسیلەیەکی زێڕین لە ڕەنگاڵەیترین وشەی نێو فەرهەنگ و لێکسیکۆنی کوردییە ، ئەو بەخشینی کەرنەڤاڵی پیت و مۆرفیمانەیش دال و سیمبۆلی ڕەنگاوڕەنگی ئاتەشین و "غەواس"ی دەوێ مەدلول نێچیر بکا .. بە بۆچوونی من ئەو شێوازی هێنانە کایەوەی کەرنەڤاڵی پیتەکان گرینگیەکی ئەوەندە لە گوتار و واتا پەروەردەیي و ڕووتەکانیدا نییە (( بە شێوەیەکی گشتی )) بە قەد ئەوەی لە ڕەهەندو مانا قووڵەکانی ئێستەتیك دایە .

" زازاکان زیباترین زریزەی زەمهەرین
بە زریزەی زایزۆنەکانی زینابی زەمەق و
زەبەق و و زەری و زەیتون و زەنگاڵ بەیبون و
هەڵاڵە و یاسەمینەکانی
ڕەندبوون ڕەندبوونمانکە ئەی خودا "

دەبێ " ز " دالیك بێ و مەدلوولەکەی شتێك بێ .. ڕەنگە " ز" بە مانای ڕەنگی زەرد بێ ، یان لای خوێنەرێکی تر " ز " ئەو مانایە بێ کە خۆی دەرکی پێدەکا .. بەڵام ئەوەی من بۆی بچم "

ز " له ڕەنگ نزیکه وەکو خۆشی له " زایزۆنی دووەمی زناك " دا دەڵێ " ز " ( ڕەنگی پایزی غوربەته ) . وەك گوتم : لەو گەمەیە ئێستاتیکیەدا گرینگ نیه ئێمه بگەینه مانایەك کە هەمان مانای مەبەستی شاعیر بێ ، ئەوەی لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ شاعیر چەند بالادەسته له ئافەریدەکردنی جوانی ؟

6

ـ خاڵیتری پەیوەست بە ڕەوانبێژی ـ ئەگەر نمونە بێنینەوە زۆر لایەنیتری بەلاغی بەلام بە فۆرمێکی نوێژەن دەبێژی هاشم سەراج لەگەمەی مۆرفیمەکاندا ، دەڵێ :

ئەنجامدەین / گەمانە دۆزەخاوییە مەلعونەکان

بچۆڕێنین / شەونمی ، بازەکان ، نازەکان ، سازەکان ، رازەکان ، ئێمە بەو سەربەستیە شەککەراوییە عەباسیەوییەوە جوانین ، ئەی جوانترین سۆلینەی فیتنەباز ، خۆ بزڤڕینە ، خۆ ئەگەر بە وردی چاوێ بە مێژووی شیعرێماندا بخشێنین گەلێ نمونەی لەو باریەوە دەکەوێتە بەرچاو بۆ نمونە نالی دەڵێ :

سیلاحی پەرچەمی پڕ خەم ئەگەر تارە و ئەگەر مارە :

ئەلا ئەی نازەنین ئاهو بە ئاهو

دڵی صەیادی خۆت هێنایە لەرزە

لە قەسیدەیەکی تر

چ نورێکە لە حوجرەی ڕەوچە دا وا قائیمە قوببەی

قەوامی عەرش و فەرشی و قەلبی ئینس و قەلبی جانە

لە نێوانی تارو مارو هەودا و مەودا و ئاهو و باهو و عەرش فەرشی دا ـ جیناسی لاحیق ـ هەیە ، وەکو ئەوەی کە لە بازەکان و نازەکان و سازەکان و رازەکان و زەبەق و زەمەق یشدا هەیە ..
مەبەستی ئەو لێکچواندنەمان چییە ؟ ئەو بەراوردکردنە دەمانگەیەنێتە ئەوەی پێناسەیەکی داهێنان بکەین .. داهێنان لە شیعردا بریتیە لە هێنانە کایەوەی ( گوتار ـ کردار ) یێکی نەگوتراو یان کارکردن لە ( گوتراو ـ کراو ) دا بە فۆرمێکی مۆدێرن کە لەمەو پێش ئەنجام نەدرابێ . خۆ ئەگەر هەڵسەنگاندنەکەمان لەسەر بەشی یەکەمی پێناسێك بێ کە (داهێنان هێنانە کایەوەی گوتارێکی نەگوتراو بێ ) ئەوا لە شیعری کوردی بە بۆچوونیمن تەنها بابە تاهیری هەمادانی و نالی و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و دواتر چەند ناوێکی کەم نەبێ کەسێکی تر شاعیری داهێنەر نین .. بەڵام ئیشکردن لە گوتراودا دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین : سەراجی شاعیر درێژە پێدەری گوتراوێکە بەڵام بە هەست و نەست و مەعریفە و عەقڵێکی نۆژەن شوێن پەنجەشی دیارە لە بەدیارکردنی ئەو درێژەپێدانی مۆدێرنیزم کردنە .
رۆشنە نیشە بە " جیناس " کردنی زریزە و کەرنەقاڵی مۆرفیمەکان زیبان بۆ ئەتمۆسفێری دەقە پەلکە زێرناوییەکان و هەموو شاعیرێکیش ناتوانێ تەرجەمەی پەنهان و مراق و زەڵەو زەنای رۆح بەو شێوازە بکا .

ـ جێگۆڕکێ کردنی وشە لە تەرکیبەی رستەیکدا ـ لە " گۆرستانی ئەبیکۆرۆس " حاڵەتێکی سەرنج ڕاکێش و نۆژەنیشـە لـە شـیعری کوردی .. تا ئەو چرکەیەی زەمەنی ئێمە مـن ئـەو شـێوازەم هـەر بەتەنها لە هاشم سەراج و ـ فەرهاد پیربال ـ وە ، بینیوە .
لە ئەتمۆسفێری دەقێکدا ، ئەو چەند رستەیە گەمە پێکـراوە وەکـو مۆمێکی جوانی سەرمێزێکی کحول وایە لەبـەر دیـدو چـێژگەی خوێنەری وریا ..

1- ( سۆلین کەساس و زرنگە )
( سۆلین کەساسە بەڵام زرنگە )
( سۆلین لەگەڵ ئەوەی کەساسە بەڵام زرنگیشە )
2- ( باز پیرۆزە و ترسناکە )
( باز پیرۆزە بەڵام ترسناکە )
3- ( هەموو سۆلینەکان پاکیزەن شوویان نەکردووە )
( شوویان نەکردووە ، سۆلینە پاکیزەکان )
( پاکیزە سۆلینەکان ، شوویان نەکردووە )
( سۆلین نەزۆکترین پاکیزەیە ، شووی نەکردوە 9
4- ( باز فڕندەیەکی جوانە ترسناکیشە )

( باز ترسناکترین فڕندەیەکی جوانە )
5- ( خومار بە خەندانەوە گەلێ جوانە )
( بە خەندانەوە خومار گەلێ جوانە )
گەلێ جوانە خومار بە خەندانەوە )

بێگومان هەریەك لەو چەند رستەیە هەڵگری گوتارێکی تایبەتین ، کە من باسکردن و شیکردنەوەیان بە ئەرکی خۆم نازانم .. ئەوەی کە بەلای منەوە گرینگ بێ پرسیارێکە ، بۆ جێگۆرینی مۆرفیمەکان وشەو ناوەکان ؟
بەر لە هەر شتێ دەبێ بزانین لێرە تەواو لە هەڵوێستێکداین کە پێچەوانەی خاڵی پێنجەمە ، واتە گەیاندنی گوتار کارکتەری سەرەکیە . لە ئەنجامی گەورەیی گوتار و جەختکردنەوەی هەڵدانی مانا و یەقین کردنی خود لە گەیاندنی مەدلوول یان بە شێوەیەکی تر ( کەسبکردنی چاوورۆحی خوێنەر ) ئەو سیستەمی جێگۆرکێیە هاتۆتە بوون .
تەلەبەند کردنی چاو و رۆح و تەرکیزەی خوێنەر لە بۆتەیەکدا کە دەبێ ناچار بین بزانین ( سۆلین کەساس و رەنگە ) ( هەموو سۆلینەکان پاکیزەن شوویان نەکردووە ) ( باز پیرۆز و ترسناکیشە ) ( خومار بە خەندانەوە گەلێ جوانە ) ( باز پیرۆزە بەڵام ترسناکیشە ) دەرئەنجامی ئەو جێگۆرکێ و دووبارەبوونەوە ئاکامێك دەستەمۆ دەبێ .. کە ناچار بووین بیزانین . دیارە ئەو

حاڵەتەش لای هاشم سەراجی ساعیر دوورە لە پرۆسە ، بەڵکو لەحزەیەکی شیعری ئەو بڕیاری جێگۆرکێیە ئێستاتیکیەی داوەکە ئەوەش لایەنێکی تری مەعریفە بوونی شیعر ڕادەگەینێ .

## 8

ـ دووبارەکردنەوەی وشە .. لایەنێکیتری دیاری نێو دیوانەکەیە .. کە رەنگە لە جێی هاوار و گمەگم و سیمفۆنیای قورگێکی موشتاق بێ ، رۆشنە ئەوەش چرکەیەکی سۆفیزمی نێو خەڵوەتگای مۆرفیم و میحرابی شیعرە .. کە کاریزو سەرچاوەشی رۆحێکی مەستە ..

لە کاتێکدا ئەو دووبارە بوونەوەیە دێتە بوون کە عاتیفە لە دوا ناوەندەکانی مەحەببەت و جوانیدابێت ..

1. ( سوژدە بۆ عەشقێ دەبەین ئاوە ئاو ئاو ئاو ئاو .. )
2. ( هێلینەکانی پرچ پرچ پرچ پرچ پرچ پرچ لە بەردەم تاڵتیشکێکی وەنەوشەیدا )
3. مەرجانیترین ئاگرە لەزەتدارەکانی عیشق عیشق عیشق عیشق عیشق )
4. ( دووش دووش دووش دووش دووش بریندارترن شەباقەی زەحمی سەیروورەیەو )
5. ( ئاوازە رۆحانیەکانیش بەو خەسڵەتی کزی و بەرباری کزی و مەدلوولییەوە دادمان نادەن داد داد داد داد )

بە بۆچوونیمن دووبارەکردنەوە واتە دەستەمۆکردن و بەرجەستەکردنی ئۆرگازمۆز بۆ رۆح .. پاککردنەوەی دەروون لە

دەهـــــر و ژینـــــەژان و ســـــارێژکردنی زامـــــەکانی دڵ و بەرەنگاربوونـەوەی بـاهۆزو خـەزانی عـومر .. شـاعیر بـۆ ئەمـەی هەموو ئەو حاڵەتانـە بەرجەسـتەکا بـە دووبارەکردنـەوە هاوارێـك نێچیر دەکاو ئێمـەیش رۆچـینە نـاخی نـاوەوەی مانـا قوڵـەکان و تێبگەین دووبارەکردنەوە واتە نزاو دوعا و نوێژ بۆ زیبا .

9

ـ سەرکێشـی رۆح و ڕەهـاترین ئـازادی هەڵـدان ـ یەکێکـە لـە دیاردەکانی شیعری سەڕاج .. خوێندنەوەیەکی وردو لەسەرخۆی شیعرەکان دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بە جورئەتەوە بڕیاربدەین کـە هیچ ڕێسایەکی ڕەها نیە بۆ شیعر ..
شیعرەکانی نێـو ئـەو دیوانـە ( چـەند دەقێکـی حـەفتاکان نـەبێ ) بانگەشتەی ئـەوە دەکـەن کـە یاسـا دارشـتنی شـیعری و ژیـان و گوزەران لە ئیلتیزامدا واتە ـ مەرگ ـ بۆیە شیعرەکان بە هەوەس و ئـارەزوییێکی بێسـنوور لـە وەرگـۆڕانی بـەردەوام و تێکـەڵکردنی چەند تێمەیەکی لێکجیاو چەند عەشقێکی لێکجیاو تێکشکاندنی سیلسیلەو یەکێتی گوتار و بابەت و گوێنەدانە کـێش و سـەرواو .. هتـد ئەوانـەی کـە باسـکران هـەر یـەك بـۆ خـۆی تێمەیـەکی سەربەخۆیە و لەسەر نووسین و نمونە هێنانـەوەیان گـەلێگ زۆرتـر هەڵدەگرێ لەو چەند تێمەیەی ئێمە .

ئەوەی کە شیعرەکانی نێو ئەو دیوانە و ئیلتیزامی پێوەکردووە بێئیلتیزامیە لە لایێك و ڕەزمی ناوەوەشە لە لایێکی تر ، ئیقاع لە زۆرترین شوێندا بە هارمۆنیەتێکی جوانەوە لەگەڵ ڕەوتی ڕاکردنی ڕۆحدا هەڵدەکا .. کە بێگومان ئەوەشیان پەیوەندی بە ڕۆح و پێکهاتەکەی ناوەوەی سەڕاجی شاعیرەوە هەیە .

## 10

ئەو خالانەی پێشوو چەند سەرنجێکی خێرابوون لەسەر ( گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس ) ی هاشم سەڕاجی شاعیر و تەرحێکی پێناسەکردنی مەعریفە بوو لە شیعر ، ئاشکرایە ئەو دیوانە شیعریە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە من لێرەدا بە چەند دێرێکی خێرا هەندێ سەرنج لەسەر چەند لایەنێکی کەمی دیوانەکە بنووسم ، چونکە (گۆڕستان .. ) پڕە لە ڕامان و وردبوونەوەی قوڵ لە حاڵەتە خودییەکان و مەودای نێوانی سنووری ئاسمان و زەمین ، هەر چۆنێك بێ هەڵوەستەکردن دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین : گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس لەدایکبووی نێو ڕەحمی مەعریفەیە و ، مەست و نەست و ئێستەتیك سوڵتانی سەڵتەنەتی فۆنیم و مۆرفیمەکانین .

# گێڕانەوە لە شیعری (خەتای جوانی بوو)ی

## جەلال بەرزنجی



## (خەتای جوانی بوو)

چووینە سەر زەریای ئەتڵەسی
بۆ ئەوەی،
لە ڕێگەی ئاو،
لەگەڵ زەوی تێکەڵ بە ئاسمان بینەوە.
لە هەندێك شوێن
درەخت،
چیایان داپۆشیبوو،
وا بزانم ئەو درەختانە،
بە تەواوی هی خوا بوون.
لە ڕێگادا،
ناوە ناوە ڕەوە مامز و گیانداری کێوی،
دەهاتنە سەر گۆمەکانی نزیك ڕێگا
بۆ ئاو خواردنەوە.
هەتا لە ڕێگا دەپەڕینەوە
ئۆتۆمبێلەکان دەسەنگرانەوە دەکرد
یان دەوەستان
یەکەمین جار بوو
گیاندار ببینم لە مرۆڤ نەترسن!

لەگەڵ مرۆڤ تێکەڵ بە ئەرز و ئاسمان بنەوە.
لە ڕێگا،
لەبەر چڕی دارستانەکانی ڕۆژئاوا
خۆرئاوابوونم نەبینی،
لە ڕێگا،
وەك چۆن جاران لە هەولێرەوە دەچووینە سلێمانی،
لای کەپرە بچووکەکانی دەم ڕێگا،
رامان دەگرت،
ترێ و هەناری تازە بکڕین،
لە ڕێگا لە نزیك بانف
لاماندا و سەبەتەیەك سترۆبەریمان کڕی.
لە ڕێگا.
لە شوێنێك خۆشکرابوو بۆ (کەمپکردن)
لامان دا،
خێوەتمان هەڵدا،
ئاگرمان کردەوە.
مریشکمان برژاند،
دوای بیست و حەوت ساڵ
شەوێکی تر
چیا شوورەم بوو.
لە تابلۆیەکی نزیك خیوەتەکەمان نووسرابوو

"ڕەنگە ورچ شەو بێن بۆ شت خواردن"
لە منداڵییەوە،
دایکم فێری کردبووم
لە گیانداران بترسم،
دەزانم لە مشك بە تواناترم
نازانم بۆ لێشی دەترسم!
لە ترسی هاتنی ورچ.
شەو بە ترسەوە خەوتم.
بەیانی زوو هەڵسام،
هێشتا تەمی ناسکی مەیلەو شینی ناو درەختەکان
لە قەدی چیا ون نەبووبوو.
دڵم خۆشبوو
لەناو سرووشت بووم
ئاگرێکم کردەوە
دووکەڵەکەی تێکەڵ بە شینایی ئاسمان بوو.
ئاگر کردنەوە بە دار
لە چۆلییان
هەر دەتگوت چوونەوەیە بۆ ماڵ.
بەیانییەکەی،
قاوەم لێنا،
هێلکەوڕوون و پەنیرمان بە نانی تۆست کراو خوارد

سواری قەمارە (ئۆڵدزمۆبیلە دوو هەزارەکەمان) بووینەوە
دیسان وەکو باڵندە،
زۆر بە ئازایی ڕێگاکەی دەبڕی .
لەبەر سەیرکردنی جوانی دەوروبەرم
ناوە ناوە سووکانیم لە دەست دەڕۆیشت
ژنەکەم گوتی:
"بیست و پێنج ساڵە،
هێشتا نەبوویتە شوفێر"؟
منیش دەمگوت:
ئەمجارەیان خەتای من نییە
هۆی ئەو هەموو جوانییەی خودایە
لەو دەڤەرە.
بەیانی بوو،
گەیشتینە ڤانکۆڤەر،
سەرشەپۆلەکانی زەریای ئەتڵەسی،
پڕی کەشتی و نەورەس بوون،
جاری یەکەم بوو
بەڕاستی لە ڕۆخی زەریابم،
زۆر خۆشبوو
هەر دەتگوت شیعر نووسینە.
ڤانکۆڤەر،

دڵێکی نەرم بوو لەناو چیایەکی رەق،
ڤانکۆڤەر
جلێکی لەبەردا بوو
لە رەنگی هەموو ورەزەکان
ڤانکۆڤەر رووی لە خۆراوابوو
لە پشتەوەی ئاسۆ دیاربوو
جوانی لەوێندەر
زۆر بەرێزەوە
پێشوازی لە خۆشەویستانی دەکرد
ڤانکۆڤەر
شەو و رۆژ نەدەخەوت
بێ خەوی پێوە دیار نەبوو
جوانی دروست دەکرد
منیش وردە وردە
خۆمم لەناویدا ون دەکرد..

بە لای ڕەخنەگری ئەمەریکی (کلینس برۆکس Cleanth Brooks 1906 –1994) هەموو شیعرێك درامایەکی بچووکە، لێرەدا مەبەستی لە دراما گێڕانەوەیە، (پۆل ریکۆر)ی فەیلەسوف و زانای زمانەوانی فڕەنسی (1913–2005) دەگاتە ئەوەی کە سەبارەت بە گێڕانەوە بڵێ: ژیان گێڕانەوەیە.

پەیوەندی لەنێوان شیعر و گێڕانەوە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شیعرە داستانییەکانی گریگ و شانۆگەرییە شیعرییەکانی گریکییەکان.. ئەو پەیوەندییە بە درێژایی چاخەکان بەردەوام بووە تا بە ئێستا دەگات.

سەرەتاییترین دەستنیشانکردن بۆ هونەری گێڕانەوە بریتییە لەوەی کە دەبێ لە تێکستدا (زەمان و شوێن و کارەکتەر و کار و کردار و مۆنۆلۆگ و دیالۆگ) یا بەشێکی لەوانە تێدابێ.. ئەو خاسییەتانە لە شیعرەکانی کۆمەڵێك شاعیری دیاری دنیا بەرچاو دەکەون، وەك لە قەسیدەی (فتح عموریە)ی ئەبو تمام و شیعری (Erlkönig=کە لە ئەفسانەکانی ئەسکەندەنافیاو جێرمەنی کۆن بە مانای رۆحی شەیتان هاتووە)ی (یوهەنس ڤۆلڤ گەنگ فۆن گۆیتە) و قەسیدەی شەوێك لە مانگی دیسێمبەری ئەلفرید دی موسیە (1810–1857)..

هەر یەك لەو قەسیدانە هەڵگری کۆمەڵێك خاسیەتن کە دواجار دەکەونە خانەی تێکەڵبوونی هونەری گێڕانەوە لەگەڵ شیعر، لە (فتح عموریە) ئەبو تەمام چیرۆکی سەرکەوتنی خەلیفەی

عەباسییەکان موعتەسم لە گرتنی عەموریەی شوێنزای ئیمپراتۆری ڕۆمانی(تیوفل) دەگێڕێتەوە و لە(Erlkönig) گۆیتە چیرۆکی منداڵێك و باوکێك دەگێڕێتەوە کە لە شەوێکی ساردا بەناو دارستانێکدا تێدەپەڕن و منداڵەکە تووشی ئەوهام دەبێت و ڕۆحی شەیتان دەبینێ و باوکەش هەمیشە لە هەوڵدایە کە شێوەیەکی سرووشتی بداتە ئەو ڕووداوانەی کە منداڵەکەی دەترسێنێ و لە قەسیدەی شەوێك لە مانگی دێسێمبەریش چیرۆکی منداڵێکی هەژاری ڕەشپۆش دەگێڕێتەوە کە لە زۆر شوێنکاتی ژیان لەبەر دیدی شاعیر دایە..

ئاوێتەبوونی هەردوو هونەری گێڕانەوە و شیعر، یا گێڕانەوە لە شیعردا، لە شیعری کلاسیکی و نوێی کوردیشدا نمونەی زۆرە، بۆ نمونە لە (جۆلانە)ی (هێمن)دا زۆر بە ئاسانی بەشێك لەو خاسیەتانە دەبینینەوە کە لە هونەری گێڕانەوەدا هەن:

چوومە لای دکتۆر گوتی:

نەخۆشی دەردەکەت سەختە

گوتم: تۆ پێت وایە دەمرم؟

بەداخەوە گوتی: وەختە....تاد

بەڵام ئەوەی کە مەبەستی ئەو وتارەی منە بریتییە لە شیعری (خەتای جوانی بوو)ی جەلال بەرزنجي.. لەو شیعرەدا هونەری گێڕانەوە تەواو دیارە یاخود شیعرەکە گێڕانەوەیەکی تەواوە..

من لێرەدا هەوڵدەدەم لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی خێرا چەند بۆچوونێك سەبارەت بەو شیعرە دەربڕم، لە دەسپێکدا ئەگەر لە پرسیاری ئەوە دەستپێبکەین بابەتی سەرەکی یا چیرۆکی سەرەکی شیعرەکە چییە و خاسیەتەکانی گێڕانەوەش چین لەو شیعرەدا؟ ئەوا زۆر بە سانایی هەر وەرگرێك دەتوانێ بڵێ کە بابەت و چیرۆکی سەرەکی شیعرەکە بریتییە لە سەفەرێك بەرەو زەریای ئەتڵەسی و بە دیاریکراویش شاری (ڤانکۆڤەر) لە کەندا.. تەواوی شیعرەکە باس لەو گەشتە دەکات بە شێوازێکی چیرۆکئامێز و لە هەندێ پەرەگرافیش بیرەوریی و بیرکردنەوەی شاعیرانە لەناو چیرۆکە شیعرییەکە دەردەکەون..

کەوابێ کارو کرداری سەرەکی/ گەشتە بەرەو ڤانکۆڤەر..

کارەکتەری سەرەکی/ شاعیر خۆیەتی و چەندین کارەکتەری لاوەکیش/ وەك ژنەکەیی و دایکی شاعیر..

شوێنی سەرەکی/ ئەو ڕێگایەیە کە بەرەو کەناری زەریای ئەتڵەسی و ڤانکۆڤەر دەچێ، هەروەها شوێنی لاوەکی/ بانف و ڕێگای نێوان هەولێر و سلێمانی..

زەمەن/ دوای ساڵی دوو هەزارە(سواری قەمەرە ئۆڵدزمۆبیلە دووهەزارەکەمان بووینەوە)..یا کە دەڵێ: بەیانی بوو.. دیالۆگ/ ژنەکەم گوتی: بیست و پێنج ساڵە هێشتا نەبوویتە شوفێر..؟ منیش دەمگوت: ئەمجارەیان خەتای من نییە، هۆی ئەو هەموو جوانییەی خودایە لەو دەڤەرە..

ئەنجام ئەوەیە هەموو ئەو خاسییەتانەی کە لە هونەری گێڕانەوەدا هەن (زەمان و شوێن و کارەکتەر و کار و کردار و دیالۆگ) لەو شیعرەدا هەن، ئەوە جگە لەوەی کە لە گێڕانەوەدا بە شێوەیەکی گشتی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە ئەگەرچی زۆرجار کۆتایی دەبێتە سەرەتا و شوێنکات وەك تۆڕێك بەناو یەکتردا دێن و دەچن و هیچ ریزبەندییێکی تەقلیدی لە گێڕانەوەکەدا بەدی ناکرێت، بەڵام لەو شیعرەدا بە شێوەیەکی ریزبەند سەرەتا هاتووە و ئینجا ناوەڕاست و دواجاریش کۆتایی، لەگەڵ ئەوەشدا کەمجار دەبینین لە شیعردا ریزبەندی بەو شێوەیە رێکخراوەییە لە رووداو و چیرۆکدا هەبێ (کە ئەوەیان بەلای من حاڵەتێکی ئاسییە و لەو شیعرەدا جوانی داوەتە چیرۆکی شیعرەکە).. کەوابێ ئێمە تێکستێك دەخوێنینەوە کە ئاوێتەیەکە لەنێوان هونەری گێڕانەوە و شیعر.

پرسیاری دووەم ئەوەیە: بۆ ئەو تەکنیکە (گێڕانەوە) بەکار هاتووە لە نووسینی ئەو شیعرەدا؟

من وای دەبینم کە ئەو تەکنیکە لەبەر چوار هۆ بە کارهێنراوە:

1–ئامانج تێیدا گەیاندنی هەواڵی بە یەکەوە لکێندراوە کە دواجار لە چوارچێوەی شیعرێکی چیرۆکئامێز، جۆرێك لە مەعریفە دەگەیەنێ، ئەو زانیارییانەش هەڵگری پەیام یا پەیام گەلێکن کە نێرەر دەیەوێ بیداتە وەرگر.

2–لەو شیعرەدا هەندێ پەرەگرافی تێدایە کە وێنەگرتنێکی هونەریی واقیعە لە ڕێگای گێڕانەوە.

3–زیندووکردنەوەی بیرەوەری و باسکردنی بیرەوەرییەکان، لە ڕێگای هونەری گێڕانەوە، ئاسانتر و جوانتر دەگاتە وەرگر بە بەراورد لەگەڵ ئەو ستایلە شیعرییەی زیاتر تەئویلییە، زیندووکردنەوەی بیرەوەری و باسکردنی بیرەوەرییەکان، لە ڕێگای هونەری گێڕانەوە، چەند پەرەگرافێکی لە شیعرەکە بۆ خۆی تەرخانکردووە.

4–سادەیی لە زمانی گێڕانەوە لەو شیعرە، دەرفەتێکی ڕەخساندوە کە ڕستە و دیمەنی ڕۆژانە بە زمانێکی سادەی جوان بگەیەنێتە ئاستی شیعرییەت.

1–ئەو ڕستانەی کە هەواڵن و چیرۆك درووست دەکەن:

بە درێژایی شیعرەکە هەواڵ دوای هەواڵ دەکەوێتە بەرچاو کە بە شێوەیەکی چیرۆکئامێز بە یەکەوە لکێندراون.. (چووینە سەر زەریای ئەتڵەسی.. لە ڕێگادا ناوە ناوە ڕەوە مامز و گیانداری کێوی دەهاتنە نزیك ڕێگا.. یەکەمینجاربوو گیاندار ببینم لە مرۆڤ نەترسن.. لەبەر چڕی دارستانەکانی ڕۆژئاوا خۆرئاوابوونم نەبینی.. خێوەتمان هەڵدا.. ئاگرمان کردەوە.. مریشکمان برژاند، لە شوێنێك خۆشکرابوو بۆ کەمپکردن لاماندا..شەو بە ترسەوە خەوتم.. بەیانی زوو هەڵسام.. دڵم خۆش بوو.. لەناو سرووشت بووم..تاد) وەك دیارە زنجیرەك هەواڵی بە یەکەوە لکێندراو

دەبینین کە بەهۆیەوە چیرۆکێك درووست دەبێ، بێگومان پۆلێن کردنی ئەو رستە هەواڵیانە بەسەر هەواڵی رووت و لێکدانەوەی هەواڵ و هەڵسەنگاندنی هەواڵ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەوێ، بەڵام چونکە ئەو رستە هەواڵیانە بۆ درووستکردنی چیرۆکێکی شیعری هاتونەتە ئاراوە، دواجار بەلای وەرگرەوە لە ئاستی هەڵسەنگاندندا جۆرێك پەیوەندی (ئەوەی کە پەیوەندی بە چێژ و جوانییەوە هەیە) دێتە کایەوە، بەلای منەوە وەك وەرگرێك ئەو رستە هەواڵیانە خۆشحاڵییەك و جوانییەك دەبەخشن لە کاتی وەرگرتنیاندا.

2-وێنەی هونەریی واقیع لەنێوان بەشەکانی چیرۆکەکە:

حاڵەتی دووەم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی هونەری وێنەی دیمەکانی کێشاوە، کە بە هۆیەوە هێزێك دەداتە ستایلی گێڕانەوەکە و دواجار لەنێوانی گێڕانەوە و وێنەکاندا جۆرێك لە ئێستەتیك و شیعرییەت دەداتە ستراکتۆری شیعرەکە بە شێوەیەکی گشتی:

(درەخت چیایان داپۆشیبوو..ئاگرێکم کردەوە دووکەڵەکەی تێکەڵ بە شینایی ئاسمان بوو.. هێشتا تەمی ناسکی مەیلەو شینی ناو درەختەکان لە قەدی چیا ون نەببوو.. سەر شەپۆلەکانی زەریای ئەتڵەسی پڕی کەشتی و نەورەس بوون و ...تاد) لێکۆڵینەوە لە وێنەکانی ئەو شیعرە و پۆلێن کردندیان کە ئایا رەگێکی ئەفسانەیی یا واقیعی یا هونەری یا زاتییان هەیە، یاخود وەزیفەی ئەو وێنانە خزمەتکردنێکردنی تێکەستەکەن لە رووی

ئێستەتیك و لایەنی هونەری دەقەکەوە یا بۆ مەرامێکیتر بەکار هاتوون، ئەوانە هەمووی لێکۆڵینەوەی تایبەتیان پێویستە.
بێگومان لە لای بەشێك لە ڕەخنەگران ئەوانەی کە (ستایلی تەئویلییان لە شیعردا پێ جوانترە) ئەو وێنانەی کە لەو شیعرەدا بە کارهاتوون دەکەونە خانەی وێنەی وەسفی، وەسفیش زیاتر پەیوەندی بە پەخشانەوە هەیە و چڕکردنەوەش لە شیعردا پەرتەوازە دەکات، بەڵام لە ستایلێکی شیعری نوێی ئێستای دنیا ئەو وێنانە زیاتر پەیوەندییان بە میکس کردنی بەش بەشی چیرۆکەکانی نێو شیعرێکدا هەیە، کە بە هۆیەوە دەبنە جومگەکانی جەستە و ستراکتۆری تێکستەکە..ئەو وێنانەی کە حەڵقەی نێوان بەش و بە شێکیدن لە شیعری خەتای جوانی بوو، بە بۆچوونی من زەرورەتی فەزای گشتی ئەو شیعرە درووستی کردون، کەمکردنەوەیان لەو شیعرەدا دەبێتە هۆی لاری و رووخانی ئەو هەیکەلە کە شیعرەکەیە.
3–زیندووکردنەوەی بیرەوەری و باسکردنی بیرەوەرییەکان، لە ڕێگای هونەری گێڕانەوە:
لە ڕێگا،
وەك چۆن جاران لە هەولێرەوە دەچووینە سلێمانی،
لای کەپرە بچووکەکانی دەم ڕێگا،
رامان دەگرت،
ترێ و هەناری تازە بکڕین،

له ڕێگا له نزیك بانف
لاماندا و سەبەتەیەك سترۆبەریمان کڕی.

ئەگەر ستایلی نووسینی ئەو شیعرە بەو تەکنیکە(گێڕانەوە) نەبووایە، پێم وایە زۆر زەحمەت دەبوو بەو پەرەگرافە بتوانرێ ئەو پەیوەندییە درووست بکرێ لەنێوان ئێستا و رابردوو، گێڕانەوە هەل و دەرفەتێکی ڕەخساندووە کە ئاسانتر شاعیر بتوانێ ئەو لێکچواندنە دروست بکا لەنێوانی ئەو دوو ڕێگایە.. شوێن کردنەوەی هونەری گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان لە شیعردا بە شێوەیەکی درەوشاوە کارێکی ئاسان نییە، دەبێ لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ڕەگەز و خاسییەت بێ، لەوانەش گرینگتر دەبێ زەمینەیەك سازبکرێ و دەرفەتێك هەبێ کە گێڕانەوەی بیرەوەیەکە لە شوێنی خۆیدابێ.. وەك لەو پەرەگرافە دەیبینین کە ڕووداوەکە هەمان ڕووداو و وێنەکە هەمان وێنەیە کە ئەویش لە ڕێ ڕاگرتن و کڕینی میوەیە، تەنیا جۆری میوەکان گۆڕاوە کە ئەوەشیان جوانی زیاتری داوە بە بەراوردکردنەکە بۆ ئەوەی بە وەرگر بڵێ: ئێرە ئەگەرچی شوێن و ڕێگایەکە لە هەمان شوێن و ڕێگاکەی ناو یادگە دەچێ بەڵام لە وردەکاریدا جیاوازیشە.

4-سادەیی زمانی گێڕانەوە لەو شیعرەدا:

فەرهەنگ و زمانی شیعر لەو شیعرەدا ئاسان بۆ ئاسانە، وەك دەبینین وشەکانی ئەو شیعرە لە هەمان ئەو فەرهەنگە وەرگیراون کە ڕۆژانە قسەی پێدەکەین و لایەنی تێگەیشتنیشمان بۆی

پێویستی بە گەڕانەوە نییە بۆ فەرهەنگ و زنانیاری زۆر.. ئەو (3 وشە)یەش کە کوردی نین، (بانف: هاوینە هەوارێکی نێونەتەوەییە لە ئەلبیرتا، لە کەندا.. سترۆبەری: جۆرە میوەیەکە وەکو شاتووە.. تۆست: جۆرە نانێکە سوور دەکرێتەوە، بە زۆری بەیانیان دەخوێت)لە لایەن شاعیرەوە لە کۆتایی شیعرەکە روونکراوەتەوەتە و واتاکەیان نووسراوە.. لەگەڵ ئەوەش کە بە زمانێکی ئاسان چیرۆکێکی لە شیعرێکدا بۆ گێڕاوینەتەوە، ئەوا پەرەگراف دوای پەرەگراف زەمینەی سازاندوە تا لە شوێنێك شەرابی شیعرەکە بداتە وەرگر کە شیعرییەتە، وەك لەو نمونانە دەیبینین.

جاری یەکەم بوو
بەڕاستی لە رۆخی زەریابم،
زۆر خۆشبوو
هەر دەتگوت شیعر نووسینە.

***

ئاگر کردنەوە بە دار
لە چۆلییان
هەر دەتگوت چوونەوەیە بۆ ماڵ.

***

دەزانم لە مشك بە تواناترم

نازانم بۆ لێشی دەترسم!

ئەنجام:

1- شێوازی میکس کردنی هەردوو هونەری گێڕانەوە و شیعر لە کۆنەوە هەبووە و تا ئێستاش بەردەوام هەیە، ئەو شیعرە دەکەوێـتە ناو چوارچێوەی ئەو جۆرە شێوازە.

2- هەموو خاسییەت و رەگەزەکانی گێڕانەوە لەو شیعرەدا هەن.

3- چیرۆکی شیعرەکە گەشتێکە.

4- وێنە لەو شیعرەدا وەك بازنەیەك رستە خەبەرییـەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە کە بەهۆیەوە چیرۆکێکی تەواو درووست دەبێ.

5- لە چیرۆکەکە (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) بە شێوەیەکی ریزبەند و رێکخراو هەن وەك ئەوەی لە حیکات و رۆمانە کۆنەکاندا هەن.

6- بەشێکی وێنەکان وێنەی واقعین و دەکەونە خانەی فۆتۆی سرووشتی.

7- زمانی شیعرەکە ئاسان بۆ ئاسانە.

8- شیعرێکە بە زمانی ئاسان شیعریەتی دروستکردوە.

9- (بە بۆچوونی من) شاعیر لەو شیعرەدا تەواو سەرکەتووە لە تەکنیکی گێڕانەوە و تواندنەوەی گێڕانەوە لەو شیعرەدا.

# چوارشەممەیەك دەمكوژێ



بێكەس حەمەد قادر

-1-

تێکستی بەرهەمهێنراو و پەیوەندی بە خودی بەرهەمهێنەر مەرج نییە هەموو جارێك راستبێ، کە گرێبەستێك لەنێواني تێکستي بەرهەمهێنراو و کەسي بەرهەمهێنەردا هەبێ.. هەروەها هەموو جارێکیش هەڵە نییە کە پەیوەندییەکي رەگاژۆیي و گرێبەندێك لە چەند روویێکەوە لەنێوان تێکست و بەرهەمهێنەردا هەبێ..

بەر لەوەي تیشك بخەینە سەر ئەتمۆسفێري گشتي ئەو تێکستانەي کەوا "بێکەس حەمەد قادر"ي شاعیر لە ماوەي دە ساڵدا بەرهەمي هێناون، من زۆریي بەرهەمە شیعرییەکاني "ئەو"م هاتە بەر نیگا.. دیارە لێرەدا هەڵە نیە کە بڵێین: "عەشق، داوی بەهێزي نێواني تێکست و تێکست نووسە".. یان دەتوانین بڵێین: " بەرهەمهێناني شیعریي، بەو نەزیفیەوە، پەیوەستە بە عەشقي شاعیر بۆ شیعر"

بێگومان زۆري بەرهەم پێوەرو تێمپراتۆر نییە، بۆ زیندوویي و گەرمیي دەق و بە پێچەوانەوەشەوە، بەڵام میزانێکي تەواوە بۆ کێشاني بەهرەو دانەبڕان لەو خۆشەویستیەي کە شاعیر بۆ شیعر هەیەتي.. بۆیە بەر لە کردنەوەي دەروازەي "چوارشەممەیەك دەمکوژێ" و چوونە نێو ئەتمۆسفێرە گشتییەکەي، دەمەوێ بە سانایي بڵێم: "بێکەس رۆحي خۆي داوەتە شیعر، هەر بۆیەش ئەو دەساڵە بەبێ دابڕان بەردەوامە".

-2-

## کردنەوەي کتێبی خود

مرۆڤ تێکستێکي داخراوە، ئەو "من"ەی کە بە تەواوی بۆ کردنەوەی خۆی کاردەکا، بەشێوەیەك لە شێوەکان دەیەوێ لە کەنارەکانی داهێنان نزیك بکەوێتەوە.. ئەوەیش کە ناتوانێ لە تەمەندا خۆي بخوێنێنەوەو لە دەرەوەي خۆیي و کردنەوەي رۆح و هەست و دڵەکاني دەرەوەدا کاردەکا، کەسێکي براوە نییە لە داهێنان..

بۆ هەمیشەیي "من" لە "من"ێکي تر جیاترە، ئەگەرچي ئەو جیاوازییە رێژییەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێ، بەڵام لە کۆتاییدا تۆ بە تەنیا خۆت دەمێنێتەوەو ئەویدیش خۆي.. "من"ي کوردي منێکي ترادتسیۆن دۆستە، لەنێو بازنەکاني عەقڵي خۆڕسکدا کاردەکاو لەدەربڕین و نووسینەوەي هەستي دەستکرد دەبێت..

ئەو تێکستانەي کە بەزیندوویي دەمێننەوە، تێکستانێکن کە "من"ي بوێرو جددي بەرهەمي هێناون، ئەو "من"ەي بوێرانە بەرهەمیان هێناون کە لەنێو کایەکاني رۆح و هەست و دڵي خۆیاندا کاردەکەن و دەست لە شتە پیرۆزو حەرامەکان دەدەن، لە "چوارشەممەیەك دەمکوژێ"دا بە ئاشکرا درك بە کردنەوەي کتێبي شاعیر دەکرێ، لەو دیوانەدا، بە تایبەتیش لە شیعرەکاني کە بۆ

"گوڵي من" نووسراون، هەست بەوە دەكريٚ بيٚكەسي شاعير، بويٚرانە بەنيٚو ئاگرەكاني ترادتسيۆن و شەرم و بازنەكاني حەياو عەقڵدۆستيٚكي تەزووريدا تيٚدەپەڕيٚ و بە سەرخۆشييەكي رەها، جگە لە هەستەكاني خۆي بە بويٚريەكەوە حيساب بۆ هيچ شتيٚكي تر ناكا..

رۆشنە بۆ نووسينەوەي خود و هەستەكاني خودو جيهانبيني خود، پيٚويستمان بە گەشەو رۆشنبيري و تەكنيك و شيٚوازو بەهرەو كۆمەڵيٚ شتي تر دەبيٚ "كە من نامەويٚ ليٚرە باسيان بكەم"، بەلاَم ئەوەي كە دەبيٚتە جيٚگاي تيشك خستنە سەر ئەوەيە كە "بيٚكەسي شاعير" بويٚرە، لەو ديوانەيدا بۆ كردنەوەي تيٚكستي ئەزموون و هەست و رۆحي خۆي، كە ئەوەش لايەنيٚكي تەواو پۆزەتيڤە بۆ نووسەر، جا لە هەر شويٚنكاتيٚكي ئەو دنيايەدا بگوزەريٚنيٚ. تۆ كيٚي؟ لە كويٚ لە دايكبووي؟ ئازمايش و ئەزمووني تۆ چين؟ دۆڕاوي لە عەشق يا بە پيٚچەوانەوە؟ دەخوازي ئيگۆئيستيٚكي ئيستەتيكي بيت؟ يا كەسيٚكي خەباتكارو لەپيٚناوي ولاَتدا تيٚبكۆشي؟ بڕوات بە تاكە خودايەك هەيە؟ يا خاوەني كۆمەڵيٚ خوداوەنديت؟ هەموو ئەو پرسيارانەو هەزارانيدي راستەوخۆو نا راستەوخۆ كاريگەريان دەبيٚ لەسەر پيٚكهيٚناني هەيكەلي ناوەوەي خوديٚك كە ئەوەشيان بەشيٚوەيەكي هەستيارانە بيٚ ياخود لە بيٚهۆشيدا رەنگدەدەنەوە لەنيٚو تيٚكستدا.. لە تيٚكستە شيعريەكاني كاك بيٚكەسي شاعيردا بە گويٚرەي جيهانبيني خۆي و پيٚكهاتە

شیعریەکەي خۆي و دوور لە کاریگەریەکاني ناوەوەي یەکێکیتر کتێبي ژیان و نهێنیە تایبەتیەکاني خۆي دەنووسێتەوە، لەو دیوانەدا هەست بەوە دەکريێ شاعیر خۆي دەنووسێتەوە، لەو دیوانەدا هەست بەوە دەکريێ شاعیر خۆیەتي کە وەڵآمي ئەو پرسیارانەي سەرەوە دەداتەوە نەك جیهانبیني و مەعریفەو رۆحي یەکێکیتر.

بێگویێدانە خوێنەري دووەمي دەق و ترادیتسۆن "ئەو" رستەکاني خۆی هەڵدەدا "منت دۆڕاند لەپێناو هەناسەیەکي سارد

کێ هەیە وەك من نازت هەڵگریێ"

"سەفەرێك هەڵدەبژێري

کە هەموو شتێك دەبەیتەوە

تەنها خۆت نەبيێ"

یەکێ لەجوانترین نموونەي ئەو جۆرە شیعرانە، شیعري "لە دوێنێتدا، ئومێدي بۆ سبەي"ە..

بە کورتی دەمەويێ لەو بەشەدا بڵێم: "یەکێ لە رەگەزە سەرەکیەکاني تێکستي زیندوو، چاونەترسیە، گوێنەدانە بە بازنەو رێسا کۆن و باوەکاني ناوەوەي، هەروەها ئاشکراکردن و هەڵداني نهێنیە پەنگخواردووەکاني رۆح و ناخە، دیارە بێکەسي شاعیر یا تێکستەکاني بێکەسي شاعیر لێي بێبەش نین".

-3-

## وێنە ـ شەفافیەت

یەکێ لە خاسیەتە بەرچاوەکانی شیعری هەشتاکان، گۆڕینی وێنەکانە بەشێوەیەکی خێرا لەنێو فیلمی تێکسیێکدا.. وێنەکان زوو زوو وەردەچەرخێن و تەرکیز بە زۆری لەسەر ریتمی شیعرەکەیەو دەبێ خوێنەر لەگەڵ ئیقاع بڕوا، تا دەگاتە وێنەیەك کە برووسکە ئاسا چێژێکی گەرمی پێدەبەخشێ.. تێکستەکانی نێو دیوانی "چوارشەممەیەك دەمکوژێ" پڕن، لێوان لێون لەو وێنەو رستە خێرایانە کە وەك برووسکە دێن و شوێنێك لە یادگەدا تۆمار دەکەن و تێدەپەڕن..

بەلآم ئەوەي کە خۆشبەختانە تێکستەکانی ئەو دیوانە لە تێکستی هەشتاکان جیادەکاتەوە، یا وێنەکانی نێو ئەو تێکستانە لەوێنەکانی نێو شیعري هەشتاکان جیادەکاتەوە "شەفافیەتە لەدروستکردنی وێنەدا" لە کاتي رۆشنبوونەوەي وێنە شیعریەکاندا "واتا" خۆي رادەپڕووسکێنێ و لەنێو جەستەي دەقە ئیقاعیەکەدا دەردەچێ و چێژێکي نامۆ دەداتە ئەو کەسانەي کە چێژ لەو جۆرە وێنانە وەردەگرن.. هەندێ لە وێنەکاني نێو ئەو دیوانەدا لە ریستەیەك تێپەڕ ناکەن و ئەوانیدیش لەچەند رستەیەك:

"سەیري چراي بەرماڵتان بکە
رەنگي کامەمان زەردترە؟"

"خوناوي سەر گوڵەكان بوونەوە هەڵم"

"شەو دورگەيەكە پڕە لە نهێني و لەززەت"

"وەرە لەنێو قوولآيي ئاسمان

خۆت راچڵەكێنەو باسي سۆزم بۆ بكە"

"با لەسەر پەلكە زێڕينە راكشێين"

"گەلێ جاران رەنگي ترێ دەدەي

گەرەكمە جواني رەنگەكەت بكەم بە شەراب"

گەر بێت و خوێندنەوەيەكي جددي بۆ وێنە لەو ديوانەدا بكەين، بێگومان پێويستمان بە نووسينێكي تايبەت دەبێ، چونكە قورسايي يەكەمي ئەو ديوانە بە بۆچووني من دراوەتە وێنەي پچڕپچڕي شيعري.. يەكێ لە ديارترين حاڵەتي وێنەكانيش ئەوەيە كە زوو زوو لەوەرچەرخاندان و گۆڕانێكي بەردەواميان پێوە ديارە.. هەر بۆيە چڕكردنەوەو كۆمكردني يەكێتي واتاو يەكێتي بابەت گەلێ جار لە جەستەي دەقە بچووكەكاني نێو ئەو تێكستە گەورەيەدا كە "خودي ديوانەكە خۆيەتي" ديار ناكەوێ.

بە كورتي ئەوەي لێرەدا ويستم هەڵوەستەي لەسەر بكەم ئەوەيە:

"ديوانێكە پڕە لە وێنەي گۆڕدراوي جۆراوجۆر، كە هەندێ لەو وێنە فۆتۆگرافيي و بزۆزانە خوێنەر تووشي هەڵوەستەو لەززەت چەشتن دەكەن".

-4-

## تێمە ـ هەڵزان و وەرچەخان

یەك تێمەیی كارەساتێكە كە شاعیران تووشي بازنەگیري دەكا.. وا لە شاعیر دەكا بە لێواري بازنەیەكدا بۆ هەمیشەیي خول بخواو نەتوانێ هەنگاو بەرەو روئیاو تێرامان بۆ حاڵەتەكاني چاخ ببا.. دیارە دووبارە بوونەوەي تێمەیەك لاي شاعیرێكي دیاریكراو لە دیوانێكدا، خوێنەر دەگەیەنێتە بنبەستێكي راستەقینە كە بەهیچ شێوەو شێوازێك ناتوانێ چێژي جیاجیا لە دیوانێكي دەستنیشانكراودا ببینێ، بەداخەوە كاركردن لەنێو تەنها تێمەیەكدا لاي زۆر لەشاعیراني هەشتاكاندا بۆتە دیاردە، بەڵام خۆشبەختانە لە دیواني "چوارشەممەیەك دەمكوژێ" هەست بەو حاڵەتي وەرچەرخاني تێمەیە دەكرێ كە پێویستە لە بنەڕەتدا لەهەر دیوانێكدا بكرێ.. لەسەرەتاو دەستپێكي ئەو دیوانەدا، شەڕو ئاڵۆزكاویەكاني رۆحي مرۆڤ لەبەر جەنگێكي بێ بەهاو حاڵەتە نێگەتیڤەكاني جەنگ كە كار لە وێرانكردني ئێستەتیك دەكەن، تا شیعرەكاني دواي ساڵي 1997 بەشتێكي بەرچاو پانتایي شیعرەكاني داگیركردووە.. دواتر حاڵەتي نامۆبووني دواي جەنگ و كاریگەریە جێماوەكاني دەبێتە تێمەیەك و گومان لە شتەكان دروست دەكاو ئیش لەنێو زاكیرەیەك دەكا كە منداڵي تێیدا سوڵتانەو تا لە كۆتاییەكاني دیوانەكە دەگاتە ئەوەي خۆیي و

عیشقێکي راستەقینەو جوانیەکان بنووسێتەوە.. ئەوە جگە لە گەلێك بابەتي تري پەراوێزي کە هەر یەکەو بەشێکیان لە تێکستێکدا یا لەنێو چەند تێکستدا بەرکەوتووە.. گەر بێت و تێڕوانینمان بۆ ئەو بەشە کورت بکەینەوە، دەبێ بڵێین: "هەڵزنانێکي وردو هێور هەیە لە تێمە، لەو دیوانەدا، کە ئەوەشیان پێویستە لە هەموو دیوانێکدا هەبێ، خۆ گۆڕیني تێمەش لەدیوانێکدا یەکێکە لەو حاڵەت و خاسیەتانەي کە زیندەگیي و هەناسە دەدەن بە دیوان".

## -5-

### بەهرە ـ نامەئلوفیەت

لەکۆن و ئێستاو لەداهاتووشدا، پێکهاتەي ناوەوەي کەسي بەرهەمێن "شاعیر" بە هەرە سەرەکیترین رەگەزي شیعري دەژمێردرێ. قسەکردن لەسەر بەهرە وەکو ئەوە وایە قسە لەسەر خودا بکەي، هەزارەها پێناسي بۆ کراوەو هیچ پێناسەیەکیشي بۆ ناکرێ!

بەهەر حاڵ ئەو شتەي کە ناوي نراوە بەهرە، حاڵەتێکي نائاسایيەو بە خۆڕسکي لەناو مرۆڤدا چەکەرە دەکاو لەکاتێکدا بێ ئەوەي پرس بە کەسي بەهرەدار بکا، وەکو بورکان سوور هەڵدەگەڕێ و دەتەقێتەوە.. تەقینەوەي بورکان رێڕەوێکي تایبەتي نییە، بەڵکو بەهەمو لاکاندا پەرش دەبێ و جۆرێك لە نامەئلوفیەت دێنێتە کایەوە.. کەوابێ بۆ شاعیر زەحمەتترین شت ئەوەیە کە بڕیار بدا، بە چ رێڕەو و رەوتێکدا هەنگاوەکاني سەد دەر سەد دەهاوێژێ.. بەڵگەم بۆ ئەو قسانە لێکچووني هەندێ لە شیعرەکاني شاعیرێکي سوریالیست و کلاسیزم، یا رۆمانسي و ئەبستراکت، یا دادایي و پۆست مۆدێرنە.. زۆرجار جۆرێك لە لێکچووني تەواو لەنێواني شیعرێکي مۆدێرني ئەوروپي و شیعرێکي کلاسیکي کوردي دەبیني، یاخود بە پێچەوانەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا جارە جارە کارکردن بەیەك ستایل جۆرێك لە تایبەتمەندیەتي دێنێتە کایەوە..

کە ئەوەشیان دواتر ناوي گروپێکي تایبەت یا ڕێبازێکي ئەدەبي تایبەتي بەسەردا دەبڕدرێ.

بێکەسي شاعیر بە پەرشي ڕۆیشتیە، هەندێ جار جۆرێك لە نامەئلوفیەتێکي جواني دروستکردوە "ڕووبارێکي وشك و چیایێکي ڕووت" بە بۆچووني من دروستکردني ئەو نامەئلوفیەتە لەنێواني "ڕووبارو وشکیەتي" وێنەیەکي تا بڵێي چێژبەخشي ئەورووپیانەمان پێدەبەخشێ، من بەو دوو وشەیە کۆپلە شیعرێکي شاعیري نەمساوي "ئێریش فرید"م دێتەوە یاد کە دەڵێ: لەژێر گۆچان و بەردەکاندا

بەسەر دەریایەکي وشکدا
لەنێوان پێکەنین و گریاندا
لێرەوە بۆ ئەوێ .. تاد.

بەڵام چونکە هیچ مەرامێك لەدواي ئەو دێڕە شیعرەي کاك بێکەسي شاعیردا. نییە، هەوڵي نەداوە بە بەردەوامي ئەو نامەئلوفیەتە بخوڵقێنێ، هەر لەبەشي دووەمي ئەو ڕستەیەدا نامەئلوفیەت وەردەچەرخێنێتەوە بۆ حاڵەتێکي مەئلوفي ئاسایي "ڕووبارێکي وشك و چیایەکي ڕووت"، لام وایە ئەگەر لەجێي چیاي ڕووت، "ئەستێرەي تاریك، یا چیاي نەرم.. تاد" دانابووایە ڕستەکە بەرەو "جوانترین" دەچوو.

ئەگەر نموونەي ئەو جۆرە حاڵەتانە بێنینەوە بێگومان زۆرن..

"نوقمي ڕووبارەکان بووم، ئەو ڕووبارانەي

سەرەتایان لێرە دەست پێدەکاو

کۆتایشیان لەوێ

ئاویان لێرەو خنکانیان لەوێ"

لە هەندێ شوێنیتردا، نامەئلوفیەتێکي سوریالیانەی خوڵقاندووە کە ئەوانیش جێگای باسن و جوانیەکیان داوە بە دیوانەکە "دزان.. شەوگەڕان لە کوني کلیلەوە وەژوور دەکەون"

"باراني سەر بەکلاَو بەڕك دایکرد

مەمکي جۆگەلەکاني پڕ شیر کرد"

"ناتوانم تێر لە رەشبەڵەکي مردووەکان رامێنێم".. تاد

بە کورتي ویستم لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە "بەهرە" بورکانەو بە هەموو لاکان وا بەبێ پرۆگرام و بڕیارو ژمێریاری پەرش و پەخشان دەبێ، دیارە بێکەسي شاعیریش بەشێکي باشي لێبەرکەوتووە.

-6-

میتۆلۆژیاو حیکمەت

کارکردن لەنێو میتۆلۆژیاو هێنانە نێو شیعرو خواستني کارێکي لەمێژینەیەو زۆرێك لە شیعران کاریان تێدا کردووە، لەدیواني "چوارشەممەیەك دەمکوژێ"ش لەو بوارەدا کارکراوە.. کۆمەڵێ ئەفسانەو چیرۆکي ئاییني و تاد خواستراوە بۆ مەرامێك، یاخود بۆ جوانترکردني دەقەکە کە ئەوەشیان هەر مەرام و مەراقي

خودی شاعیر دەپێكيَ.. لەزۆر لەشیعرەكاندا پەنابراوەتەوە بەر ئادەم و حەواو نوح و .. تاد.

"مرۆڤ وەك رەوە كۆترێك

هاتنەوە ناو زەمین"

لەگەڵ خواستني میتۆلۆژیاو سەر لەنۆژەن دارِشتنەوەي، جۆرێك لە هەڵداني قسەي حیكمەت ئامێز دەرك پێدەكريَ؟ بەشێكي زۆر لەئێستەتیك و رۆحیان تێدایە.. دیارە چەكەرەكردن و چرۆكردني ئەو حاڵەتانەیش بە ئازمایش خودي شاعیرەوە پەیوەستە..

"گریاني عاشق چ گۆرانێكي كۆنە؟" "تەمەن دەرِوات، یادگار دەمێنێت" دیارە لێرەدا روانینێكي فەلسەفیانەش بەدي دەكريَ وەكو ئەوەي كە لە زۆر شوێنیتري ئەو دیوانەدا، رستەي جیاجیاي فەلسەفي هەڵدەدريَ كە هەڵقوولاَوي فەلسەفەو دنیابیني خودي شاعیرن..

-7-

هەناسە چیرۆك ئامێزەكان

یەكيَ لە خاسیەتەكاني تري تێكستەكاني نێو ئەو دیوانە، یاخود بەشێكي تێكستەكاني ئەو دیوانە "سەردەم".. بەتایبەتیش لە دەستپێكي شیعرەكەدا.. لێرەدا شاعیر هەوڵدەدا لەرێگاي هەڵكردنەوەي فیلمي زاكیرەدا، یا لەرێگەي خوڵقاندني

هەناسەیەكي چیرۆك ئامێزدا، پانتاییێ بۆ خۆشكردني زەمینەیەك بهێڵتەوە كە خوێنەر بۆ نێو دنیاي تێكستەكە بەكێش بكا..

"ئێوارانێك

سووراییي خۆرئاوابوون دەگەڵ

پانتاییي خۆێنیني ئەم دەڤەرە خەریكي تێكەڵبوون بوو

... تا"

زۆر جاران دەستپێكي ئاوا، شێوەیەك لە دراما دێنێتە ئاراوە كەوا لە خوێنەر دەكا بەدواي هەڵزنان و دابەزیني ئەو حاڵەتە دراماتیكیەدا بگەڕێ.. ئەوەش لایەنێكي تري پۆزەتیڤە لەو دیوانەدا.

-8-

تێكستێكي بچووك

كورتكراوەي تێكستي گەورە "دیوان"

زۆرجار كە دیوانێكي كوردي لە (A - Z) دەخوێنیتەوە، هەست دەكەي تۆ تێكستێكي درێژكراوە دەخوێنێتەوە.. یاخود كە تێكستێكي كورتي نێو دیوانێك دەخوێنیتەوە، هەست دەكەي ئیدي پێویست بە تێكستەكاني تري ئەو دیوانە نییە، چونكە بە یەك شێوازو بە یەك لێكسیكۆن و یەك بابەت و یەك فەرهەنگ و یەك رۆح و یەك دڵ نووسراوە.. بەداخەوە لەو دیوانەدا بە سستي كار بۆ ئەو حاڵەتەكراوە، ئەگەرچي لەشیعرەكاني كۆتاییي دیوانەكەدا، هەوڵ دراوە، شیعرەكان چڕترو كورتتربن و لەزۆر

واتايي و وێنە پچڕ پچڕەکانەوە خۆي دەرباز بکا "کە سیماي هەرە سەرەکي شیعري هەشتاکانە" بەڵآم لەگەڵ ئەوەشدا هەستکردن بە وەرچەرخان لەشێوازدا بە سستي پرۆسیسەکراوە.. بۆیە لێرەدا دەمەوێ ئەو دەساڵەي شیعري "بێکەس حەمەد قادر" بەتەنها قۆناغێکي شیعري خۆي ناو بنێم و هیواخوازم، دواي بلآوبوونەوەي ئەو دیوانە ئیدي، قۆناغێکي نوێي شاعیر دەست پێبکا، کە لەو دیوانەي نەچێ.. بێگومان ئەو دیوانە دەبێتە یەکێ لە دیوانە بەرچاوەکاني نەوەي دواي نۆهەتەکان و پێویستي بە خوێندنەوەیەکي جددي دەبێ..

-9-

کۆتایي

دیوانێکي جوان، هەروا بەخۆڕایي نایێتە نووسین، بێگومان شەونخونیي و شەوێن و هیلاکیي و خەوني ویستووە، من لێرەدا دەستخۆشیەکي گەرم لە براي شاعیرم کاك "بێکەس حەمەد قادر" دەکەم و دەرگا بۆ خوێنەر خۆي ئاوالآ دەکەم، کە خۆي بڕواتە نێو ئەتمۆسفێري دەقەکان و خوێندنەوە جددیەکاني خۆي بکا..

من لێرەداو لەو بەشانەي سەرەوە هەوڵمداوە تەنیا لە گشتییەتي بابەتەکان بدوێم، بێگومان گەر بێت و ڕۆچین و بەدواي وردەکارییەکاني نێو ئەو دیوانەدا بگەڕێین، پێویستمان بە هەڵوەستەي زیاتر و خوێنەوەي وردبینیانەترو زیاتر دەبێ، جا

هەڵكراندني نهێني و ئێستەتيكي شاراوەو..تاد بۆ ئێوە دەمێنێتەوە، ئەي خوێنەري لەززەتمەند.

# شیعرییەت و

# شیعرییەت لە (دوا وەسوەسەی کریست)ی کازانتزاکیدا

ڕەنگە نەتوانین وەك چۆن پێناسەی شیعر دەکەین ئاوا پێناسەی شیعرییەت بکەین ، چونکە هەر هیچ نەبێ هەندێ ڕێساو یاسا ، باوەکو بگۆڕو ناجێگیریش بن بە پێی قۆناغە لێکجیاکان بۆ شیعر بوونی هەیە ، مەبەست ئەوەیە کە بڵێین: دەکرێ پێناسەی جیا جیا بۆ شیعر بکەین ئەگەرچیش ئەو پێناسانە هیچیان جێگیر نین بۆ شیعر نەك تەنیا لە شاعیرێك بۆ شاعیرێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی ترو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ، بەڵکو لە ئەزموونە لێکجیاکانی خودی تەنانەت یەك شاعیریش .. ئاساییە گەر ئێمە بڵێین : شیعر بریتییە لە نووسینەوەی ڕۆح و بریتییە لە تەرجەمەکردنی هەڵچوون و هێوریي و هەموو حاڵەتەکانی تری ڕۆحێك بۆ سەر ڕووپەڕ .. دەکرێ بڵێین : شیعر قسەی خوداکانە، ئاشکراکردنی پاس وۆردی ئێستەتیکیەتی خوداکانە و شاعیر بۆ خۆیي و بۆ خەڵکی دەیگێڕێتەوە ..خۆ دەشکرێ بڵێین : شیعر سنعەتێکی خواییە ، وەك چۆن ئەندازیارێك بە ناوی ئیڤڵ ، بورجی ئیڤڵ درووست دەکا هەر ئاوایش شاعیر لە خوداوە فێری سنعەتێك دەبێ کە بورجێکی شیعری درووست بکا ... دەتوانین هەزاران شتیتری لەو بابەتانە بڵێین کە دەکرێ لای هەندێ کەس پێناسەی تەواوی شیعر بن و لای هەندێکي تریان پەیوەندیشی بە پێناسەیەکی نزیك لە شیعرەوەیش نەبێ ، بەڵام پێناسەکردنی شیعرییەت ئاوا سانا نییە ، ئێمە بۆ ئەوەی شیعرییەت پێناسە بکەین دەبێ لە نێو نمونەکاندا

کار بکەین و لە نێو نمونەکاندا پەنجە بۆ ئەو شوێنە درێژ بکەین کە شیعرییەت بە کەسێك یا وەرگرێك دەبەخشێ .. دیارە بەر لە هەر شتێ شیعرییەتیش وەکو شیعر پێناسەکردنی لێکجیای دەبێ بە پێی زەمەن و قۆناغ و حاڵەتی کەسەکان ، بەڵام ئەوەی کە شیعر و شیعرییەت لە پێناسەکردن جیا دەکاتەوە ئەو پەیوەندییە ڕەهایەیە کە شیعرییەت لەگەڵ وەرگردا هەیەتی .. ئەگەر ئێمە لە شیعر بڕوانین و بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندنەوەیەکی جددی بۆ بکەین ڕەنگە بمانگەیەنێتە ئاستێك لە دەرئەنجامی هاوبەش ، بەڵام شیعریەت هەمیشە دنیایێ ئیشراق و کۆمەڵێ تیشك و سەرزەمینێ برووسکەی ونە ، وەرگر بە پێی ئەو حاڵەت و زەوق باکگراوەندەی کە هەیەتی لە تێکست و وێنە و لەقتە و تابلۆ و .. تاد دەیدۆزێتەوە ..

گوتمان: هەندێ پێوەر هەیە ، دەتوانین بە هۆیەوە تێکستێکی شیعری بخوێنینەوە ، دەتوانین بە هۆی ئەو پێوەرانەوە ئاستە جیا جیاکانی شیعرێك و شیعرێکی تر دیاری بکەین ، بەڵام جگە لە چێژی وەرگر هیچ پێوەر و پێوانەیەکیترمان نییە کە لە ڕێگایەوە شیعرییەتی پێ نەك بە تەنیا هەڵسەنگێنین بەڵکو بشیدۆزینەوە .. چونکە شیعرییەت تەواو وەکو ڕۆح وایە لە نێو تێکست و هەموو ژانرە جیاکانی تری ئەدەب و هونەر ..

بەر لەوەی بچینە نێو ئەو نمونانەی کە لە دوا وەسوەسەی کریستدا قسەی لەسەر دەکەین ، دەبێ بڵێین : شیعرییەت خۆرە ،

سەنتەری ئەدەب و هونەرە و ، پێوەرێکی تا هەتاییە بۆ ژیان و مردوویی تێکست و هەموو بەرهەمێکی هونەری .. بوونی شیعرییەت لەنێو بەرهەمە هونەرییەکان بوونی ڕۆحە لە نێویاندا ، چونکە هونەر بەشێوەیەکی گشتی جگە لە جەستەیەکی مردوو هیچ شتێکی تر نییە .. شیعرییەت ئەو چرکەیە کە لە بینین یا بیستن یا هەست پێکردن دەبێتە برووسکەیەك و دەچێتە نێو ڕۆحی وەرگر .. دەکرێ شیعرییەت بە بێ جیاوازی لە هەموو شتەکانی دنیادا هەبێ ، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە شیعرییەت لە نێو زماندا هەیە ، بەڵام دەشکرێ زمان نەتوانێ شیعرییەت بەرهەم بهێنێ ، من لەگەڵ ئەوەم کە کامێرا دەتوانێ شیعرییەت بەرهەم بهێنێ بەڵام دەشکرێ کامێرایەك نەتوانێ شیعرییەت درووست بکا .. ئەو بۆچوونەم بۆ فڵچە و قەڵەم و کیبۆرد و کامێرای فۆتۆش هەروایە .. کەوابێ دروستکردنی شیعرییەت لە شیعردا و دروستکردنی شیعرییەت لە ڕۆمان و هونەریش بە شێوەیەکی گشتی سنعەتێکی خودایییە و بە گەشەسەندن و باکگراوەندی زانیاری و .. تاد پەیوەستە .. بۆچی هەموو ئەوانەی فیلمسازن ناتوانن وەکو یەك فیلمێك بەرهەم بێنن کە پڕ بێ لە شیعرییەت ، یاخود لە خودی فیلمێکدا چەند دیمەنێکی کەم دەبینی کە شیعرییەتی لە هەموو دیمەنەکانی تری ئەو فیلمە زیاتر تێدایە ، بە نموونە لە فیلمی تایتانیك ئەو کاتەی کە کەشتییەکە خەریکە غەرق دەبێ ، کۆمەڵە مۆسیقارەکە لە نیگەرانییێکی پڕ لە پرسیاردا

دەژین ، بە چاوەکانیان نیشانی وەرگر دەدەن کە ئەوان لە نێوانی هەوڵی خۆدەربازکردن و عەشقی مۆسیقا دان ، خۆ کە بڕیاری یەکجاری دەدەن و دەست دەکەنە کەمانچەکانیانەوە ئەوا دیمەنەکە دەگاتە دوا ترۆپك و دوندی شیعرییەت ، بە بۆچوونی من شیعرییەت لێرەدایە ، لەو دیمەنە دایە کە لە یەك چاوترووکاندا هەزارەها دەرگا بە ڕووی بینەر ئاوەڵا دەکا و وا دەکا تۆ بیر لە عەشقێکی ئەبەدی و ڕاستەقینە بکەیتەوە ..

یا ئەگەر لەو مۆتیڤەی هونەرمەندی بە توانا کاك ( قەرەنی جەمیل ) بڕوانین و ، ئاماژە بە شیعرییەت بکەین لە نێو مۆتیڤێکدا کە ڕەنگە لە چەند خولەکێکی کەمدا درووستی کردبێ:



پرسیارێ درووست دەبێ ئەویش ئەوەیە کوانێ شیعرییەت لەو وێنەیەدا : بێگومان ناتوانین وەڵامدانەوەیەکی ماتماتیکی ڕەهامان هەبێ بۆ ئەو پرسیارە ، چونکە وەکو گوتم شیعرییەت هێندەی بە چێژی وەرگرەوە پەیوەستە ئەوەندە بە هاوکێشە زانستیەکان و رامان و شیکارکردنە ئەکادیمیەکانەوە پەیوەست نییە .. ڕەنگە یەکێك لە گۆشە و سوچێکی ئەو وێنەیەدا بڕێك لە شیعرییەت بدۆزێتەوە ، ڕەنگە یەکێکیتر شیعرییەت لەو وێنەیەدا هەر نەدۆزێتەوە ، ڕەنگە یەکێکیتر شیعرییەت لە ئەتمۆسفێری گشتی وێنەکەدا بدۆزێتەوە ، من لۆ خۆم دوو جار شیعرییەت لەو وێنەیەدا هەڵوەستەم پێدەکا و رامدەگرێ ، جارێکیان ئەو هێڵە ئاساییانەی کە بە ژێر بەلەمەکە داهاتووە چونکە من لە نێو ئەو خەتانەی کە یەکێك بە – ئاو – ی لە قەڵم دەدا ڕۆحێکی هێوری پڕ لە تەئەمول دەبینم ، هەست بە حەسانەوەی ڕۆحانی ڕۆحی وێنەکێشەکە دەکەم .. جاری دووەم لە کۆتایي بەلەمەکەو دەسپێکی ملی مارەکە دەیدۆزمەوە ، ئێمە بێ ئەوەی ئاگامان لێبێ لە تەماشاکردنی ئەو وێنەیەدا چاوەڕوانی مارێك ناکەین، بەڵکو چاوەڕوانی کۆتاییێکی ئاسایی دەکەین، بەڵام کاتێ نامەئلوفیەتێك لە ئەتمۆسفێری گشتی وێنەکە دەردەکەوێ، یەکراست کۆمەڵە دەرگاییێکی تر بۆ بیرکردنەوەو ڕامان دەکرێتەوە ..

دەکرێ ئێمە ئەو وێنەیە بکەینە وشە بۆ ئەوەی تەرکیزی وردتر بکەین لەسەر ئەو شوێنەی کە شیعرییەتمان نیشان دەدا .. ئەگەر

ژێر ئەو بەلەمە ئاوێکی ئاسایي بووایە و کۆپیێکی تەواوی دەریا بووایە و کۆتایي بەلەمەکەش کۆتاییێك بووایە لە دارێکی ئاسایي ، ئەوا ئەو کات دەبووایە ئاوا ئەو وێنەیەمان بە وشە بنووسیبووایەوە (( بەلەمێك لەسەر ئاوێکدا وەستاوە )) .. بەڵام ئێستا کە ئەو وێنەیە بەو شێوەیەی لەبەر دەستماندایە و بە وشە دەینووسینەوە ، وەکو ئەوەی کە من تێیدەگەم ئاوایە ((بەلەمێك کە کۆتاییەکەی مارە ، لەسەر هێوریي پڕ لە تەئەمول و حەسانەوەی ڕۆحانی ڕۆحی نیگارکێشێ بەرێوەیە)) ..

کەوابێ شیعرییەت ڕۆحێکی پەرش و بڵاو و پارچە پارچە بووی تەقێندراوەیە بەسەر جەستەی تابلۆیێ یا شیعرێ یاخود گۆرانییێك .. گۆرانیش بە هەمان شێوە هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزی دان و ونکردنی شیعرییەت دایە ، گەر وردبینەوە زۆرجار پارچەیەك لە پارچەکانی گۆرانییێك یاخود باشتر بڵێین چرکەیەك لە چرکەکانی گۆرانییێك کە هەمان ئاواز و هەمان شیعر و هەمان ئەدا و هەمان دەنگ و هەمان موزیکیشە لە هەموو گۆرانییێکە چێژبەخش و لەززەتدارترە و دەتگەیەنێتە دوا ترۆپکی ئاسمانی ئاژاشکە و هێوری و گەیشتن بە ڕۆحی گەردوون ..

ئەگەر وازمان لە وێنەی فۆتۆ و دیمەنێکی سینەمایي و چرکەیەك لە چرکەکانی گۆرانی و تابلۆ و مۆتیڤێك هێناو هاتین لە نێو زماندا لە شیعرییەت دواین ، ئەوا دەبێ باس لە چەندین نمونەی شیعری و چیرۆك و .. تاد بکەین ، بەڵام من تەنیا بە هێنانەوەی

چەند نمونەیەك لە دوا وەسوەسەی کریستی کازانتزاکیس واز دەهێنم کە کاك کەریم دەشتی لە فارسیەوە کردوویە بە کوردی ..

گومانی تێدا نییە کە لە تێکستدا زمان وێنە درووست دەکا ، چونکە تێکست دەرهاوێشتەی زمانە ، تێکست لە زمان لە دایکدەبێ ، کەوابێ هەموو ئەو شتانەی کە لە چوارچێوەی تێکستێکدا هەن بەرهەمی زمانن ، وێنەیش لە تێکستدا درووست دەبێ ، من پێم وایە بەشی زۆری (( شیعریەت )) لەناو وێنەکانی تێکستدان .. بە لایەنی کەم لە ڕۆمانی دوا وەسەوەسەی کریستدا .. دەکرێ شیعریەت لە نێو کۆمەڵە شتێکی تریش بدۆزینەوە ، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە هێندەی وێنە ئەدەبیەکان زەمینە خۆشدەکەن بۆ تریشقانەوەی هەوری شیعریەت هیچ شتێکیتر ئاوا ناتوانێ زەمینە خۆشبکا .. (( هەموو عەسران مەجدەلیە ئاوی گەرم دەکرد و پێیە موقەدەسەکانی ئەوی دەشووشت ، پاشان بە پەخشانکردنی قژی خۆی ئەوی وشك دەکردەوە ، ئەو دەحەسایەوە ، بزەی دەهاتێ و .... – دوا وەسوەسە – ))

هەموو عەسران مەجدەلیە پێیە موقەدەسەکانی مەسیحی دەشووشت ، ئەوەی سەرەوە کە لە نێو کەوانەم داناوە وێنەیە ، وێنەیەکی تەواو ، بەڵام کوانێ شیعریەت لەو وێنەیەدا ؟ گریمان کازانتزاکیس بینووسیبووایە : (( هەموو عەسران مەجدەلیە ئاوی گەرم دەکرد و پێیەکانی ئەوی دەشووشت ، پاشان بە پەڕۆکێك

وشكي دەكردەوە ، ئەو دەحەسايەوە ....)) ئەوەشيان هەر وێنەيە ، من هەست دەكەم و چێژی من دەڵێ : ئەو نمونەی دووەم ڤالا و خاڵيي و ڕووتە لە شيعرييەت ، چونكە گەڕاين بە دوای دۆزينەوەی شيعريەت و دواتر كووشتمان .. كەوابێ شيعرييەت لەو چركەدايە كە مەجدەليە قژی خاوی خۆی پەخشان دەكاو لە خۆشەويستيدا پێيە موقەدەسەكانی مەسيح وشك دەكاتەوە ، دەكرێ و ئاساييشە كە ژنێ پێی مێردەكەی بشوا و وشكيشی بكاتەوە لە ترساندا ، يا لەبەر هەر هۆيەكی تر ، بەڵام كاتێ كە پرچی پەخشان دەكا و پێيە موقەدەسەكانی وشك دەكاتەوە ، ئەوا ئەوپەڕی مەستيەتيە لە عەشق و گەيشتنە بە جيهانی خودا و ئێستەتيكێكی بێسنوور ، لەوێوە شيعرييەت دەبێتە ئيشراقێكی خودايي و بێپرس دەچێتە نێو ڕۆحی خوێنەرو وەرگرێكی دانا و هۆشيار .. بۆيە دەكرێ وێنەكانيش شيعرييەت درووست بكەن و دەشكرێ بەتاڵ بن لە شيعرييەت .. بەڵام ئەگەر بە وردی دوا وەسوەسە بخوێنيتەوە پڕاوپڕ و لێوانلێوە لە شيعرييەت .. (( كريست دەستی بەرزكردەوە : خوشكانم ئەی پاكيزەكان ، دەزانن ئاسمان لە چی دەچێ ؟ وەكو جەژنی زەماوەند وايە ، خودا زاوايە و ڕۆحی مرۆڤيش بووك ، لە ئاسماندا جەژنی زەماوەند بەرپا دەبێ و تەواوی مرۆڤەكان داوەت دەكرێن ، برايانم لێم ببورن بەڵام خوداوەند بەمجۆرە قسە لەگەڵ من دەكا ....... تاد . دوا وەسوەسە ))

ئاشكرایە لە ئاسمان زەماوەندە ، خودا زاوایــە و ڕۆحــی مـرۆڤیش بووك .. دیسان وێنەیەك و دیسان شیعرییەت لە زاوایەتی خـودا و بووكێنی ڕۆحی مرۆڤ و زەماوەندی ئاسماندایە ..
ئەگەر بێت و لە شێوەیەکی تری گەڕان بـە دوای شـیعرییەت دا بگەڕێین ، ئەوا شیعریەت لە نێو حیکمەتدا دەدۆزینەوە ، یـاخود لەو جۆرە گوزارشتانەی کە پـڕن لـە نامەئلوفیـەت .. یـاخود لـەو جـۆرە دەربڕینــە ناچـاوەڕوانکراوانەی کــە هــەرگیز چـاوەڕوانی کردنیان نیت .. یاخود لەو شتانەی کە تەنیان و لەوچوویان نییە و دەرگاکانی وێنەی ترت بۆ ئاوەڵا دەکەن.. (( ڕۆژێ دێ پێشتر ئەو ڕۆژە گەیشتووە کـە مـرۆڤ نـە لـەم کێـوەو نــە لـە ئۆرشـەلیم ستایشی خودا ناکا ، خودا ڕۆحە ، ڕۆحیش دەبێ تەنها لە ڕۆحدا ستایش بکرێ .... دوا وەسوەسە ))
کە دەگەینە وەڵامی ئایە خودا لە کوێ ستایش دەکرێ ، مادەم نە لە ئۆرشەلیم نە لەو کێوەدا ستایش ناکرێ ، برووسکەی ناکۆتاي شیعرییەت دەستپێدەکا و دەبێتە پاژێ لە ئاگر و لە نێـو یادگـەی وەرگردا هەر بە هەڵکراوەیي دەمینێتەوە .. ئەگەر بێت و بە دوای شیعرییەت و وێنــە پـڕ لــە شـیعرییەتەکانی نێـو دوا وەسوەسـەی کریستدا بگەڕێین ، بێگومان دەبـێ دەیاهـا نمونـەی جۆراو جۆر بهێنینەوە ، بۆیە مـن لێـرە بـە هێنانـەوەی چـەند نمونەیـەکیتر واز دەهێنم : (( بەڵام بۆ کوێ ؟ خودا لـە هـەموو لایـەکدا هەیـە ... دوا وەسوەسـە )) .. (( کـوڕی مەریـەم ئێمـە برسـیمانە ، بـەڵام

نانمان له تۆ ناویٚ ، تۆش وەکو ئێمە هەژاری ، دەمت بکەوەو وشەیەکی خۆشەویست ئامێزمان بۆ بڵێ و ئێمە تێر دەبین ... دوا وەسوەسە )) .. (( مەولای من ناوی ڕاستیي خودا چییە ؟ وەڵامی دایەوە : ئەشق ... دوا وەسوەسە )) .. (( کیژۆڵە پرسی : ئەی پیاوی خودا ڕێی راستی کامەیە ؟ – ئەشق –. )) هەموو ئەو وشانەی کە هێڵم بە ژێریاندا هێناوە، تۆفان و ئاگر و بومەلەرزەن ، لە زاکیرەی مرۆڤەکاندا حەفر دەبن ، هەر دێڕ و وشە و وێنەو دیمەنێکی ئێستاتیکیش کە مرۆڤەکان بجولێنێ و ڕایانهەژێنێ و بەرەو تەئەمول و ڕەهەندە لێکجیاکان و بیرکردنەوەی جددی و عەشقیان ببا پێی دەڵێن : شیعرییەت .. کەوابێ شیعرییەت بریتییە لەو سیحرە سێنترالیزمیەی کە قۆرخی هەموو پانتاییەکانی ئەدەب و هونەرو هەموو وەرگرەکانی ئەدەب و هونەریش دەکا و لەوێوە ئێمە دەتوانین لە تام و چێژی ژیان و شیعر و عەشق تێبگەین .

# چەند دیدارێکی ئەدەبی

# (هەڵبژاردن و تەرکیب و لادان) سێ بنەمان کە لە تێکستی شیعریدا دەبنە هۆی ناسینەوەی شێواز

سازدانی: مەریوان مەسعود

**_شیعری کوردی هاوچەرخ (مەبەست لە شیعری دوای راپەڕینە)، بۆتە خاوەن ستایلی خۆی‌و زمانێکی تایبەت، واتە تا چەند شیعری هاوچەرخی کوردی هەڵگری سیماو خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی؟**

– (دی بوفون 1707 –1788) پێی وایە شێواز واتا کەسەکە خۆی.. (سینیك) گوتویەتی: شێواز وێنەی رۆحە، ئەو دوو پێناسەیەی (شێواز) لەو رستەیەی ئەفلاتون نزیکە کە دەڵێ:(تەبعی

هەر کەسێك چۆن بێ، ئەوە شێوازەکەیەتی).. شێواز لە چوارچێوەی تێکستی شیعریدا بریتییە لەو ئەدگارانەی کە بە هۆی سیستەمی تایبەتییەوە دێتە بوون و دواتر وەك ئەنجام، وەرگر لە ڕێگای ئەو سیستەمەوە کە هەڵگری خاسیەت و ئەدگاری جیا و تایبەتە دەناسرێتەوە..

ڕێگایەك کە نووسەر لە پرۆسەی نووسین بۆ گوزارشت کردن لە خۆی پەیڕەوی دەکا جا ئەمە لەهەموو لایەنەکانی هەڵبژاردنی وشە و چۆنییەتی درووستکردنی ڕستە و چییەتی تێمە و.. تاد پێی دەگوترێ شێوازگەری..بە دیوێکیدی (هەڵبژاردن و تەرکیب و لادان) سێ بنەمان کە لە تێکستی شیعریدا دەبنە هۆی ناسینەوەی شێواز، ئەو مەنهەج و ڕێگایە کە بە هۆیەوە شێوازی پێدەناسرێتەوە شێوازگەرییە، شێوازگەری وەك زانستێك لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە لایەن فریدناند دی سۆسێر (1875–1913)ی داهێنەری زانستی زمانەوانی نوێ بۆ یەکەمجار بە کارهاتووە.

ئەو پێشەکییە کورتەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم: (شیعری دوای ڕاپەڕین) ئەگەر تەنیا یەك کەسیش نووسیبێتی هێشتا سەدان

لێکۆڵینەوەی زانستی گەرەکە بۆ ناسینەوەی ئەدگار و خاسییەتەکانی، چونکە وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد شێواز خودی کەسەکەیە، (کەسێك) مادەیەکە لە گۆڕاندایە، کەوابێ ستایلی ئەو کەسە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیدی رەنگە بگۆڕێ..بێگومان ئەو لێکجیاییە لە شاعیرێك بۆ شاعیرێکیدی ساناتر دیار دەکەوێ، ئەمە و جگە لەوەی کە (شیعری دوای راپەڕین) لە لایەن کەس یان چەند کەسێك قۆرخ نەکراوە، بەڵکو ئەوانەی کە لە شەستەکانی سەدەی رابردووش بە نمونە (شێرکۆ بێکەس) شیعریان بەرهەمهێناوە تا ئێستاش بەشدارن لە درووستکردن و پێکهێنانی ستراکتور و نەخشەی شیعری دوای راپەڕین..ئەگەر مەبەست (لە شیعری دوای راپەڕین)یش بەرهەمی ئەو شاعیرانە بێ کە دوای راپەڕین دەستیان بە نووسینی شیعر کردووە، ئەوا من پێم وایە، بۆ ئەوەی قسەکردن و خوێندنەوەمان کەمێك زانستی بێ، دەبێ خوێندنەوە بۆ تاك تاکی بەرهەمەکانی دوای راپەڕین بکەین و لەوێوە دەگەینە ئەوەی کە ئایا خاسیەتی هاوبەش لە زمان، لە تێمە، لە تەکنیکدا چین لەنێوان شاعیرانی دوای راپەڕین، لە ئەنجامی گەیشتن بە خاڵە هاوبەشەکان ئینجا دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین.. رەنگە تاکە خاسیەتی

هاوبەش (ئەوەی من درکی پێبکەم) لە شیعری دوای راپەڕیندا بە بەراورد لەگەڵ شاعیران لە نەوەکانی پێشوو، بە نمونە، (ئەوانەی لە سەردەمی سەدام شیعریان دەنووسی) ئەوەبێ کە (ئازادتر لەناو زمانی شیعردا کاربکەن)، بەر لە راپەڕین رەنگە لەبەر بارە سیاسیەکەی ئەو کاتە نەتوانرابێ هەموو شتەکان بە زمانێکی شەفاف بنووسرێ و بگوترێ، ئەمە دوای راپەڕین جۆرێکیترە، هەروەها شاعیرانی دوای راپەڕین (ئەوانەی دوای راپەڕین دەستیان داوەتە نووسین) هەوڵدەدەن هەندێجار (وردەکارییەکانی ژیانی شەخسیی خۆیان بکەن بە شیعر) کە ئەوەیان من بۆ خۆم بە شێوەیەکی بەرچاو و باو لە شاعیرانی بەر لە راپەڕین نەمبینیوە، رەنگە (شیعری=شیعرەکانی)، شاعیرێك یا چەند شاعیرێکی بەر لە راپەڕینیش هەبێ کە ئەو دوو خاسیەتەی تێدابێ، بەڵام ئەگەر بە رێژە تەماشا بکەین، ئەوا لە دوای راپەڕین ئەو دوو خاسیەتە زۆرترە.. بە کورتی من پێم وایە دەکەوینە هەڵەوە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە لەسەر شیعر بکەین، چونکە ئەوانەی بەر لە راپەڕین نووسیویانە لەناو خۆیاندا و ئەوانەیش کە دوای راپەڕین کاری ئەدەبییان بەرهەمهێناوە هەم لەناو خۆیان و هەمیش لەگەڵ شاعیرانی بەر لە راپەڕین لێکجیان، ئەگەر لێکچوونیش لە

روویێکەوە لەنێوان ئەو تێکست لەگەڵ ئەویدی و ئەو شیعر لەگەڵ ئەویدی هەبێ ئەوا دەبێ لە خوێندنەوەی پراکتیکیدا بیسەلمێنین، بە نمونە: کاریگەریی عەبدوڵلا پەشێو و شێرکۆ بێکەس لە ستایلدا بەسەر چەندین شاعیر رۆشن و بەرچاوە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە پێویستمان بە دۆکومێنت و دەستنیشان کردن هەیە، دواتر هاوخاسییەتی لە ستایلی شیعردا زیاتر لە (گرووپی خاوەن پرۆژەی فکری) دەردەکەوێ، کە ئەوەشیان لەناو ئەدەبی کوردیدا کەمە لە لایەك و لە لایەکیتریشەوە ئەو شاعیرانە درووستی دەکەن کە دەبنە وێستگەی شیعری و ئیدی شاعیرانی دوای ئەوان دێن و لاساییان دەکەنەوە، کە ئەوەشیان دوای پەشێو و شێرکۆ هێشتا دەرنەکەوتووە.

**_-ئایا شیعری هاوچەرخی کوردی توانیویەتی لەژێر کاریگەری شیعری هەشتاکان دەربچێت‌و ببێتە خاوەن مۆدێلێکی تایبەت بەخۆی؟ ئایا توانیوێتی تەجاوزی فۆرمی هەشتاکان بکات؟**

–سەرەتا دەبێ بپرسین شیعری هاوچەرخ چییە؟ شاعیرانی هەشتاکان کێن؟ بەرهەمەکانیان (لە هەموو رووەکانەوە) چین؟ لێکچوون و جیاوازییەکانیان لە کوێوەیە؟ کاریگەرییەکانیان

چین و کارلێکراوەکان کێن و لە چ ڕوویێکەوە کار لە بەرهەمەکانیان کراوە؟

لە سەدەی 16 بە کاریگەری وشەی (sýnchronos)ی گریکی وشەی (Zeitgenosse) هاتە نێو ئەدەبیاتی ئەڵمانی، وشەی (Zeitgenosse) بە کەسێك دەگوترێ کە ئێستا لەگەڵ کەسەکانیتر لە ژیاندایە، شاعیری هاوچەرخ و شیعری هاوچەرخ ئەو شاعیر و شیعرانەن کە هاوزەمەنی خوێنەرانی زیندوون، کەوابێ (شاعیرانی هەشتاکان) شاعیرانی هاوچەرخن، بەو پێناسەیەش بێ شیعرەکانیشیان شیعری هاوچەرخن..لە پێناسەیتردا بۆ وشەی هاوچەرخ بەوانەیش گوتراوە هاوچەرخ کە ئێستا بە جەستە مردوونە، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ زیندوانی ئێستا گوزەراون و ژیاون، ئەنوەر مەسیفی بە نمونە.. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە شاعیرانی هەشتاکان کێن؟ ئەوا ئەگەر (10)ساڵ بکەینە ماوەیەکی زەمەنی بۆ دەستنیشانکردنی قۆناغێکی شیعری، ئەوا دەبێ لە 1980–1990 وەرگرین و دەبێ بزانین ئەو بەرهەمانە چین کە لە ماوەی ئەو دە ساڵە بڵاوکراونەتەوە، لە 1980–1990 ئەگەر تەنیا هەولێر بە نمونە وەرگرین، دەبینین (عەبدوڵڵا پەشێو، سەعدوڵڵا پەرۆش،

عەبدولخالق سەرسام، فەرید زامدار، جەوهەر کرمانج، نەوزاد ڕەفعەت و..تاد) بەر لە 1980 بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە و لە هەشتایەکانیشدا بەردەوامبوون، بەشێك لەو ناوانە بەرهەمەکانیان لەنێوان ساڵآنی 1980–1990 زیاترە لە 1970–1980 (نەوزاد ڕەفعەت بە نمونە)..دوای ئەوانە لە هەشتاکان کۆمەڵە شاعیرێکیتر کە ئەوانیش تاك و تەرا شیعریان لە حەفتایەکان بڵاوکردۆتەوە و لە هەشتاکان چەند شیعر یا کۆمەڵە شیعرێکیان بڵاوکردۆتەوە بەڵام دوای ڕاپەڕین ئیدی تەجروبەکانیان بە تەواوی پێدەگات و بەرهەمەکانیان بە ڕێژەیەکی زۆر بڵاودەکەنەوە..هاشم سەڕاج تەنیا دیوانی دووکەڵ و چەند شیعرێکی بڵاوکردبۆوە لە 1980–1990، کەریم دەشتی دوو دیوان و دڵشاد عەبدوڵلا چەند بەرهەمێکی کەمی لە هەشتاکان بڵاوکردۆتەوە بەڵام دەتوانین بڵێن: زۆرترین بەرهەمەکانی لە دوای ڕاپەڕین بڵاوکردۆتەوە و ئەنوەر مەسیفی دوو دیوان و عەباس عەبدوڵلا یوسف دوو دیوان و ئیسماعیل بەرزنجی یەك دیوان ئەویش دوای ڕاپەڕین و..تاد کەوابێ ناونانی نەوەیەك بە نەوەی هەشتاکان ناونانێکی دەقیق نییە، نەك هەر تەنیا دەقیق نییە بەڵکو هەڵەشە، وەك بینیمان هەشتاکان سەرەتای نووسینی ئەوانە، بەڵام

نووسین پرۆسەیەکی دووورودرێژە و ئەزموونی ئەوان لە دوای ڕاپەڕین گەشەی کردوە و وەك دیارە سێ بەشی زیاتری بەرهەمەکانی ئەوانەی کە بە شاعیری هەشتاکان ناوزەد کراون، لە دوای ڕاپەڕین نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە و تا ئێستاش بەردەوامن..کەوابێ دەتوانین بڵێین: ئەوانەی کە بە نەوەی هەشتاکان ناویان دێ هەشتاکان تەنیا دەسپێکێکە بۆ نووسینی ئەوان و زیاتر نا.. بۆ وەڵامی ئەوەی کە ئایا شیعری ئێستا توانیویەتی لەژێر کاریگەرییەکانی فۆرمی شیعری هەشتاکان دەربچێ؟ شیعری هەشتاکانی کوردی (ئەو شیعرانەی لە 1980-1990نووسراون) بە گشتی و لە هەولێر بە تایبەتی خاوەنی یەك فۆرم نییە، تا یەك جۆر کاریگەرییان بەسەر ئەو شیعرانەدا هەبێ کە لە دوای 2000ەوە نووسراون، ستایلی بەرهەمهێنانی شیعر لای هاشم سەڕاج لە کەریم دەشتی و لای کەریم دەشتی لەگەڵ دڵشاد عەبدوڵلا و ئەو لەگەڵ ئەنوەر مەسیفی و مەسیفی لەگەڵ محەمەد باوەکر و موحسین ئاوارە و مەوجود سامان و..تاد لێکجیان، بۆیە ئەو جیاوازییە لە ستایلی ئەوان نەبۆتە هۆیەك کە ڕەوتێکی کاریگەریی بەرچاو بە یەك جۆر لە یەك ڕوودا درووست بکا.. کاریگەرییەکان پەرش و بڵاو و هەمەچەشن،

ڕەنگە شاعیرێك كە دوای دوو هەزار دەستی بە نووسین كردووە بە یەك لە لایەنەكانی شیعرەكانی (X) بە نمونە كاریگەربێ.. بۆ سەلماندنی كاریگەرییەكان پێویستمان بە لێكۆڵینەوە و خوێندنەوەی پراكتیكی دەبێ.

بۆ مەسەلەی لێكچوون ئەوەی من دركی پێبكەم ڕەنگە ئەوە بێ كە كۆی بەرهەمەكانی ئەو شاعیرانەی لە هەشتاكانەوە دەستیان بە نووسین كردیە، فەرهەنگێكیان بۆ زمانی شیعری دانابێ كە سەرچاوەكەی لە سرووشتەوەیە..ئەو فەرهەنگە كاریگەریی بەسەر شیعری زۆر لەو شاعیرانە هەبووە كە دوای نەوەدەكان دەستیان بە نووسین كردووە.. بەڵام خۆشبەختانە ئەو شیعرانەی كە من لەم دواییانە دەیانبینم هەوڵیانداوە لەو زمانە دەربچن كە بە بۆچوونی من زمانێكە گەیشتۆتە سوان..بێگومان دەبێ ئەوەش لە بیر نەكەین كە ئەوانەی لە هەشتاكاندا دەیاننووسی ئێستا دەرویان هەیە لە گۆڕینی ئەو فەرهەنگە و تێشیدا بەشدارن.

**_شیعری هاوچەرخی کوردی لەرووی زمانەوە زۆرجار دەخرێتە بەر رەخنەو گوایە لەژێر ناوی تێکشاندنی زمانەوە -_رەچاوی پرەنسیپە زمانەوانییەکانی زمانی کوردی ناکات و لەهەمانکاتدا نەیتوانیوە هەڵگری وێنەو ئیستاتیکای خۆی بێت؟**

– شیعر دواجار لە رێگای زمانەوە دەردەبڕدرێ، بەڵام زمانێك جیا لە زمانی هەموو گوتارێکیتر، بە تایبەتیش زمانی زانست و عەقڵ، پۆل ڤالیری پێی وایە: شیعر زمانێکە لەناو زمان.. بەڵام زمانێك کە هەرگیز بە یەکجاری ناکەوێتە ژێر باری ئەو سیستەمانەی کە رێزمانی زمانێك دایانرشتووە، بەشێکی گرنگی شیعر کە بە هۆیەوە ئێستێتیك و شیعرییەت درووست دەبێ، بریتییە لە هونەری ئەداکردنی دەنگ و وشە و رێکخستنی ئەو دەنگ و وشانە.. رێکخستنی دەنگ و وشە و رستە ئەگەر لە چوارچێوەی سیستەمی رێزمانی زماندابێ پەخشانی ئاسایی درووست دەبێ، بۆیە یاکۆبسن زمانی شیعری بە هێرشێکی رێکخراو و ئاگایانە دادەنێ بۆ سەر زمانی رۆژانە.

من وا لەو پرسیارەی بەڕێزتان تێدەگەم کە لێرەدا مەبەست لە (پرەنسیپە زمانەوانییەکانی زمانی کوردی) ڕێزمانی کوردی بێ، قسەیەکی ئەدۆنیس هەیە لەو ڕووەدا دەڵێ: جوانی زمانی شیعر بۆ سیستەمی بەیەکەوە بەستنەوەی وشەکان و پەیوەندی وشەکان بەیەکەوە دەگەڕێتەوە، ڕێزمان هیچ کاریگەرییێک لەو ڕووەدا نابینێ بەڵکو هەڵچوون و ئەزموون لە درووستکردنی ئەو پەیوەندییە دەور دەبینێ.. پەخشانی ئاسایی لە پەیوەندییێکی بەتیندایە لەگەڵ ئەو سیستەمانەی کە ڕێزمانی هەر زمانێك دایناوە، کەچی شیعر بەوە جیادەکرێتەوە وەك جان کوهین باسی دەکا کە زۆرترین کار لەناو یاخیبوون و لادان دەکا و ئەو لادان و یاخیبوونەش بە مەرجێکی سەرەکی دادەنێ بۆ بە شیعر بوونی تێکست و لەوەش زیاتر پێی وایە لادان جەوهەری شیعرە..لادان لە شیعردا بریتییە لە خۆنەبەستنەوە بە سیستەمە ڕێزمانییەکانی زمان و دەرچوون لە پەیوەندی سواوی نێوان وشەکان و گوێ نەدانە بە یاسا سینتاکسیەکانی زمانی ڕێزمان.

کەوابێ زمانی شیعر زمانێکی جیاترە لە زمانی ڕێزمان و پەخشانی ئاسایی، بەڵام بەشێکی شاعیرانمان بەشێوەیەکیتر لەو بابەتە تێگەیشتوون یا لە تێکستەکانیان زێدەڕۆییان لەو ڕووەدا

کردووە کە لە ئەنجامدا تێکستەکانیان کەوتۆتە خانەی (موبالەغەی درۆزنانە) نەك (لادانی ئێستەتیکی).

**_-ئایا دەتوانین بڵێین دۆخی شیعری هاوچەرخ، تەعبیر لەدۆخی رۆحی کوردیش دەکات، واتە وەکو ئاوێنەیەك رەنگدانەوەی هەمان ئەو ئاڵوزیەیە کە لەژیانی واقعی کۆمەڵگای ئێمەدا دەگوزەرێ؟**

-بەشێکی زۆر لە شیعری کوردی، شاعیری کوردی نووسیوەتەوە، شاعیری کوردیش بەشێکە لەو واقیعە سیایی و کۆمەلایەتی و ئابوریـیەی کوردستان، گومانی تێدا نییە کە لە ئایندەدا لێکۆڵینەوەی جددی دەتوانێ دۆخی کورد لە رێگای ستایلێکی شیعری کوردییەوە شیبکاتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکا..بێگومان ناسەقامگیری بارودۆخ، ئاڵۆزیی بەرهەم دەهێنێ، بەرش و بلاوی و لە یەکجیانەکردنەوە بەرهەم دەهێنێ، بەلام ئەوەی کە پەیوەندی بە شیعری نوێی کوردییەوە هەبێ، من گەشبینم کە خەریکە قۆناغی ئاڵۆزیی نائێستەتیکی جێدەهێڵێ و خەریکە پێ دەنێتە ناو قۆناغێکیتر کە ئەویش قۆناغی گەڕانە بە

**دوای دۆزینەوەی شەفافیەتی ئێستەتیکی، یا جۆرێك لە شەفافیەت کە هەڵگری زۆربەی خاسیەتەکانی شیعری نوێی داهێنەرانەیە.**

# نووسەری داهێنەر درێژکراوەی کولتوری بەر لە خۆیی و سەردەمی خۆیەتی

سازدانی: رابەر فاریق

**-لە کتێبی (کتێبی شێوازەکان)دا بەرەوڕووی جۆرێك لە سادەیی دەبینەوە کە ئەم شێوازە لە نووسینی شیعری ئێمەدا دەگمەنە، هاوکات مۆسقای شیعرەکانیشت پتر ناوەکیین نەك دەرەکیی، واتە: لەنێو قوولاییی دەقەکاندان، نەك وەکوو ئەوەی کە کەسانی دی کاریان لەسەر مۆسیقای دەق کردووە، بێجگە لەمانەیش، هەموو دەقەکان ئیش لەسەر تەنها شێوازێك دەکەن، کەچی ناوی کتێبەکەت (کتێبی شێوازەکان)ە، ئەم ناو-ەیش دەلالەت پتر لە شێوازێك دەکا، هۆکاری ئەمە بۆچیی دەگەڕێتەوە؟**

گەیشتن بە پرۆسەیەکی نوێ و دەگمەن وەکو خۆت لە پرسیارەکە ئاماژەت پێکردووە کارێکی سانا نییە، بەڵکو جێهێشتنی هەموو ئاڵۆزییەکانە و دەرچوونیشە لەنێو بازنەکانی

ئاڵۆزیی، ئەگەر ئاڵۆزیی بە تونێلێك دابنێین بۆ گەیشتن بە نوێ و شەفافیەت لە ستایلدا ئەوا ڕەنگە من ئەو تونێلەم بڕیبێ، لە چەند دیوانێکی وەکو فیردەوسی بەفرەکان و سەفەرەکانی ئۆرشەلیم و سەفای تەم دا، لەسەر ئیقاعی دەرەوە و سنعەتسازی وشە و ڕەوانبیژی کۆن و لێکسیکۆن و فەرهەنگ و حاڵەتە ئاوتۆماتیکیەکان و گەمەکانی ڕستەسازی و گوێنەدان بە سیمانتیك و ئیش کردن لەنێو مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ...تاد کارم کردووە، بەڵام ئەو سەردەمێکی شیعریبوو، ئەوەش بەو واتایە نییە کە شیعر تەنیا بۆ سەردەمێك و چاخێك دەنووسرێ وەکو ئەوەی مۆدێل بێ.

نوێ درێژکراوەی کۆنە، نوێ داهێنراوی خۆڕسکیانە نییە، لە شیعردا وەرچەرخان هەیە، رامبۆ زەوقی شیعری کۆن و باوی بە ئاراستەیەکیتر برد، ئیلیۆت بە هەمان شێوە، بەڵام دوای ئیلیۆتیش لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی بیست و لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر دەستی نەسلێکی نوێ ئەو زەوقەی کە ئیلیۆت درووستی کردبوو بە ئاراستەیەکیتر بردرا، داداییەکان و سورپالییەکان و دواتر گروپی 47ی ئەڵمانی و ....تاد نمونەی دیاری ئەو قسەیەن.

ئێستای شیعری نوێ بەو ڕێڕەوەدا دەڕوا کە نەسلی شاعیرانی دوای جەنگ هێناویانەتە پێش لە گۆڕینی ئەو زمانەی کە ئیلیۆت پێیدەنووسی، لە گرینگی نەدان بە ئەفسانە و هەموو ئەو

ئاڵۆزیانەی کە لە چاخی ئەمڕۆدا خوێنەر تووشی سەرئێشە دەکەن.

تێکستی سادە و تێکستی شەفافی ئێستەتیکئامێز و هەڵگری رۆئیا باشتر و رێکتر دەگاتە زمانەکانیتر، بە پێچەوانەی ئەو شیعرانەی کە لەناو لێکسیکۆن و فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیا و فۆنۆلۆژیا کاردەکات... لەگەڵ ئەوەشدا تێکستی سادە و تێکستی شەفافی ئێستەتیکئامێز و هەڵگری رۆئیا هەمان چێژە لە هەموو زمانەکانیتردا، بە پێچەوانەی شیعری ئاڵۆز کە تەنانەت ناتوانرێ تەرجەمەی نزیکترین زمان بکرێ خۆ ئەگەر بشکرێ ئەوا زۆربەی تایبەتمەندی و خاسیەت و جوانییەکانی خۆی (ئەگەر هەیبێ) لە دەستدەدا.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکە، هیوادارم وابێ کە بە یەك ستایل بخوێندرێتەوە، چونکە یەکێ لە کێشەکانی ئەو دیوانە ئەوەیە لەسەر چەند ستایلێك کارکراوە، ئەوە یەکێ لەو تێبینیانەیە کە د.سەروەر عەبدوڵلا لەسەر ئەو دیوانەی هەیە، منیش تا حەددێك باوەڕم پێی هەیە.

لێرەدا پێویستە بپرسین، شێواز چییە: شێواز ئەو رێگایەیە کە سلوکی مرۆۋ دەردەخات لە گوزارشت کردنی ئەو بیرۆکانەی کە لە زەینی مرۆڤدا هەیە.. پێناسەکردنی شێواز لای جان کوهن هێندە جیا نییە لە پێناسەکەی شارل برۆنو کە دەڵێ: هەموو شتێکی نائاساییی کە لەگەڵ پێوەرە گشتییەکان یەك ناگرێتەوە

پێیی دەگوترێ شێواز، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە شێواز بریتییە لە لادان، بەو شێوەیە ئەو شتە دیاریی ناکەین کە تێیدایە، بەڵکو ئەو شتە دەستنیشان دەکەین کە تێیدا نییە.
من لە هەر دوو دیوانی دیالۆگی لاڵێك و کتێبی شێوازەکان بە ئاشکرا لەسەر لادان کارم کردووە، بەڵام لادانێك کە ئیمتیداد و درێژکراوەی شتە جوانەکانی ئەو تێکستانەن کە من ناسیومن، بە واتایێکیدی من تەنیا خۆمم نووسیوەتەوە، بێگومان خۆشم بەشێکم لەو کولتورەی کە پێیگەیشتووم و سوودم لێیوەرگرتووە.

**-هەر لە کتێبی (کتێبی شێوازەکان)دا تا ئاستێك سوودت وەرگرتووە لە شێوازی نووسینی شیعری (ئێریش فرید) کە خۆیشت چەند دەقێکی ئەو شاعیرەت وەرگێڕاوە و لە ژمارە (126)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بلاّوت کردووەتەوە، سوودەکەیش لەم ڕووەوەیە کە هەردووکتان ئیش لەسەر (شتە دژەکان) دەکەن، کەچی ئاماژەت نەکردووە بە ئەم (سوود)وەرگرتنە، بۆچی؟ کەنگێ دەتوانین سوود لە شاعیرێك وەربگرین، بەبێ ئەوەی خوێنەر لە سەروەختی خوێندنەوەی دەقی ئێمەدا دەقەکەی دیکەی بیربکەوێتەوە؟**

– ئەگەر نووسەر خاڵیبکەی لە سوود وەرگرتن جا ئەو سوود – وەرگرتنە لە هەر ڕوویێك بێ ئەوا کەسێکی بەتاڵ دەمێنێتەوە، هەموو نووسەرێکی داهێنەر درێژکراوەی کولتوری بەر لە خۆیی و سەردەمی خۆیەتی، تۆ لەنێو پرۆسەیەکی زانستیی ڕەهادا کارناکەی، تۆ ئەدیسۆن نیت کارەبا بدۆزیتەوە یا ئاینشتاین کەشفی ئەتۆم بکەیت، نووسەر لەنێو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کاردەکات، کە ئەوەش پرۆسەیەکی گشتگیری کارلێکەر و کارلێکراو و ئاوێتەبوونی گەرەکە، نووسینی شیعر کارێکی سانا نییە، بۆ ئەوەی شاعیربیت پێویستیت جگە لە بەهرە و عیشق بە زانینە، زانینێکی گشتگیر و تێر لە هەموو ڕووەکانەوە، بۆ ئەوەی شاعیر بیت پێویستیت بە زانینی ڕووگە فیکری و فەلسەفییەکانی ژیان و دەیان و دەیان تێگەیشتنە لە خۆت و دەورووبەر و ژیانیش.

بۆیە نەك ئاساییە کە نووسەر سوود وەرگرێ، بەڵکو نائاساییە کە نووسەر نەتوانێ سوود وەرگرێ، چونکە نووسەری بێئاگا و نووسەری دابڕاو لە کولتوری بەر لە خۆیی و سەردەمی خۆی کەسێکی خۆڕسکی خاڵی و بەتاڵ دەمێنێتەوە و بەرهەمیشی هەر لەو ئاستەدا دەبێ.

**-کتێبی (زایۆنی سێیەمی زناك) قەسیدەیەکی درێژە کە تۆ و (هاشم سەراج) بە هاوبەشیی نووسیوتانە. ئەوەی خوێنەری ئێوە بێ هەست دەکا کە (شێواز و زمان)ی هاشم سەراج بەسەر دەقەکەدا زاڵە، ئەمەیش لە هەموو دەقێکی هاوبەشییدا هەر دەردەکەوێ، واتە زاڵبوونی یەکێك بەسەر ئەویدیکەدا. تۆ هەستت بەم خاڵە کردووە؟ هێی لەمەیش ئەم زاڵبوونە زیانی هەیە؟**

– هەرگیز ناتوانم لەو گرنگی و کاریگەریانە کەم بکەمەوە کە برای شاعیر هاشم سەڕاج لە قۆناغێکدا بەسەر فراوانکردنی زەینیی شیعریی مندا هەیبووە، وەك لە پێشتریش باسم کرد ئێمە درێژکراوەی کولتووری لێکجیاین، هاشم سەڕاج لە سەرەتای دەسپێکردنم لە نووسیندا، لە ناسینیی شیعری جیهانیی، ئەو مەدخەلە راستەی نیشانیی من دا کە پێویست بوو من لەوێوە دەست پێبکەم...

بەڵام سەبارەت بە زایزۆن دەبێ ئەوە بڵێم کە زایزۆنی سێیەمی زناك قەسیدەیەکی درێژ نییە، بەڵکو لێڕامان و تێڕوانینە بۆ دنیا و شتەکانی ناوی، وردکردنەوەی کۆمەڵێ تێمەی هەڵوارسراون و شیکردنەوەیانە( بێگومان لە قۆناغێکی خوێندنەوە و رامانی ئێمە بۆ دنیا و بۆ ژیان و بۆ مەرگ).

زمان لەویَ لـەژێر کاریگـەری کـاك هاشـم دایـە یـان بەیەکـەوە زمانێکی نوێمان خولقاندووە ئەوە لایمن زۆر گرنگ نییە، چـونکە لە زایزۆن بە رۆحییەت و روئیا و زەینی ئاوێتە کارمان کردووە، زمان هەمان زمانە یاخود زۆر زۆر لێکنزیکە، ئـەوەش بـەو واتایـە دێ کە لەنێوانی زمانی تایبەتیی ئـەو و زمـانی مـن زمـانی سـێیەم هەیە کە نە بەتەواوی زمانی ئەوەو نە بە تەواوی زمانی منە، بـەڵکو زمـانێکی هاوبەشـە لـەدەرەوەی زمـانی مجـەڕەدی مـن و زمـانی تایبەتیی ئەو.

**-پێتوایە نووسینی (دەقی هاوبەشی)ی داهێنانی لێ بکەوێتەوە؟ ئەم پرسیارەیشم بۆیە کرد، چونکە بێجگە لە (زایۆنی سێیەمی زناك)، ئەوەی من بزانم بەشداریت کردووە لە نووسینی دەقی (پیاڵە)یشـدا کـە لـە ژمـارە (121)ی گۆڤـاری (ڕامـان)دا بلاّوکراوەتـەوە، ئـەو کەشـە چۆن خـەڵق دەبـێ کـە کۆمـەڵێك شاعیر بڕیار دەدەن لە یەککاتدا دەقێك بنووسن؟**

– ئـەزموونێك بـوو، چرکەسـاتێکی خۆشـیی و چرکەسـاتێکی چێژبەخش خولقاندی، ئەو جۆرە شیعرانە کە لە دوو کەس زیـاتر بەشـداری دەکـا لـە نووسـینی، هـەر لـە نووسـینی یادگارییـەکی دەستەجەمعی دەچـێ، داهێنـانی لێدەکەوێتـەوە یـا لێیناکەوێتـەوە

ئەوا تێکست بڕیار دەدا، بەڵام من پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی نەخێر، چونکە نووسینی تێکستی داهێنەرانە کاری تەنیا کەسێکە، کارێکی تەواو ئیندیڤدوێلانەیە، بۆیە ئەگەر بۆ کاتێکیش زەین و بیرکردنەوەو تێڕوانینی دوو نووسەر وەکو یەك یا لێك نزیك بێ ئەوا لەگەڵ گۆڕاندا ئەوانیش دەگۆڕێن، بێگومان ژیانیش هەمیشە لە گۆڕاندایە بۆیە ئەو کارە دەستەجەمعیانە لە نووسینی تێکستدا سەرکەوتوو نابێ.

**-تۆ یەکەم کەس بووی کە (مۆبایلە شیعر)ت گواستەوە بۆ نێو شیعری کوردی، ئەم کتێبەت پێشوازییەکی باشیشی لێکرا لە لایەن خوێنەرانەوە، کەچی بێدەنگ بووی لە دوای بڵاوبوونەوەیدا، واتە: هیچی دی نەگەڕایتەوە کن ئەو تەرزە شیعرە، هۆکار ئەوەیە کە ئەوی هەستا ئەمەی لە تۆ و وەرگرت بە شێوەیەکی خراپ بەکاریان هێنا، یان دەرهاویشتەی ئەوەیە کە نەتویست پتر بگەڕێیتەوە کنی لە بەر هەبوونی پرۆژەی دیکە؟**

– لە شوێنی دی باسی چۆنییەتی درووستبوونی مۆبایلە شیعرم بە درێژی کردووە، بەڵێ پێشوازیێکی زۆری لێکرا، ئەوەبوو دوای ئەو کتێبەی من، بە دەیان کتێبیدی بە هەمان ناو دەرچوو، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو بە ئاراستەیەکیتر روێندرا کە دوور لە داهێنان

و جوانیی بێ، ئێستا مۆبایله شیعر وەکو چەمك لای بەشێك لە نووسەران هەڵگری چەمکێکی موراهیقانە و کارێکی منداڵکارانەیە، بەداخەوە ئەوەی من کردم بۆ ئەوە بوو زمانی نامە و ئێس ئێم ئێس بگۆڕم، له زمانێکی موجەڕەدی جادەییەوە بەرەو زمانێکی شیعری نزیك له زمانی خەڵك، بە واتایێکیدی زمانی ئاسایی خەڵك به ئاوێتەکردنی شیعرییەتەوە، من لەو کتێبەدا کارم بۆ گۆڕینی زمان کرد وەك ئەوەی کە ئێستا کار لەناو زمانی شیعریم دەکەم، له قورسیەوە بەرەو ئاسانیی و سادەیی، سادە و ئاسان نووسین گرانترە له ئاڵۆز و شاراوە نووسین، کاری هەموو کەسێك نییە بتوانێ سادە بنووسێ، سادەنووسین دوای بڕینی نووسینی ئاڵۆز و گران دێت، دواتر ئەوە پەیوەندی بە زانین و بەهرەو و عیشق و رۆحەوە هەیە، رۆح دەبێ هەموو ئەو قۆناغانەی بڕیبێ، دەبێ له گرانییەوە پەڕیبێتەوە ناو ئاسانیی و لە ئاسانیشەوە بەرەو سادەیی، چونکە جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوانی ئاسانیی و سادەیی، ئاسانیی وێستگەیەکە بەر له سادەیی، سادەیی بەرز راگرتن و بێئەهەمیەتکردنی شتەکانە، سادەیی واتا بەرز راگرتن و بێئەهەمیەتکردنی شتەکان لەنێوانی عەقڵ و دڵدا، لەنێوانی عەقڵ و بێعەقڵییێکی دوای بڕینی عەقڵانییەت.

**-دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (مۆبایلە شیعر) حەمە سەعید حەسەن ستوونێکی ڕەخنەییی لەسەر نووسی و تۆیش لە**

**هەمان ڕۆژنامەدا وەڵامیت دایەوە، ئەو ڕەخنەگرە نووسیبووی من یەکەم کەسم کە (مۆبایلە شیعر)م نووسیوە، پێتوایە ئەمە جۆرێك لە مۆنۆپۆلکردن نەبێ؟ بەو واتایەی کە هیچ تەرزە نووسینێك موڵکی کەس نییە، هێی لەمەیش، لەم دواییانە باسی (هایکۆ) هاتووەتە گۆڕێ، کەچی کەس نەیگوت موڵکی منە. سەرنجت لەسەر ئەم (موڵکایەتی)یە چۆن دەردەبڕی؟**

- لە شوێنی خۆی بە ڕێزەوە وەڵامی کاك (حەمە سەعید حەسەن)م دایەوە، پێم وانییە کاك حەمە سەعید ( بە بزەیەکەوە) کەسێکی مۆنۆپۆلکار بێ، چونکە هیچ نووسینێکی ئەوم نەخوێندۆتەوە کە بۆن و تامی مۆنۆپۆلکردنی لێبێ، بێگومان زۆر موتابعەی نووسینە ئەدەبییەکانی دەکەم، کەسێکی سەرکەوتووە لەو بوارەدا، من ڕێزێکی زۆرم بۆی هەیە، لەگەڵ ئەو تێبینیانەیش کە هەندێجار سەبارەت بە نووسینە ڕەخنییەکانی هەمە...

بۆ ئەوانەی کە ئاگاداری شیعرن هایکۆ هونەرێکی شیعری نوێ نییە، جۆرە شیعرێکی یابانییە لە سەدەی هەشتەمی زاینی سەری هەڵداوە، لە حەڤدە برگە پێك دێت، 5-7-5 لە سێ دێردا، بە زمانێکی سادە دەنووسرێ، بە شێوەیەکی گشتی هایکۆ لە سەدەی 17 بە فراوانی لەسەر دەستی (باشۆ) بڵاوبۆوە، کە مامۆستای یەکەمی ئەو هونەرە بوو بە بێ رکابەر، بۆسۆن

1716-1783 ی زاینی و ماسا ئۆکاشیکی 1867-1902ی زاینی بە ڕێبەرانی ئەو هونەرە دادەنرێن.

**-لەو دیمانەیەدا کە (د. سەروەر عەبدوڵڵا) لەگەڵتدا کردوویەتی و لە ژمارە (106)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکراوەتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتووتە: (لە کاتێدا دەستم بە نووسینی شیعر کرد کە نەمدەزانی شیعر چییە!، بەڵام لە کاتێکدا ناتوانم دەست لە نووسینی شیعر هەڵبگرم کە دەزانم شیعر چییە؟)، جوانە، بەڵام کە ئێستە لە شیعر تێدەگەی، چۆن باس لە جوداوازیی ئەم دوو سەروەختانە و ماهیەتی شیعر دەکەی؟**

– بەو تێگەیشتنەی کە کورد سەبارەت بە شیعر هەیەتی، ئێمە هەرگیز ناتوانین نەك داهێنان لە ئاستی دنیادا بەڵکو لەنێو چوارچێوەی جوگرافیای خۆشماندا بکەین...
شیعر نووسین کارێکی ئاسان نییە وەك هەموو ئەوانەی کە بەشێوەیەکی خۆڕسك دەست پێدەکەن و وشەی پڕ لە ئاخ و ئۆف ریز دەکەن، سێ ڕەکیزە یا ستوونی توند هەیە هەر کەسێ کە نەیبێ ناتوانێ شیعری جوان بنووسێ و بەردەوامبێ، (بەهرە–عیشق–زانین).. لەشوێنیدی بە درێژی لە لێکدانەوەو

شیکردنەوەی ئەو چەمکانە دواوم و حەز ناکەم لێرە دووبارەی بکەمەوە، بەڵام هەر بۆ نمونە ئەگەر زانین وەرگرین، زانینی شیعری بریتییە لە:

1- ئاگاداربوون لە مێژووی شیعری زمانی خۆت لە دەستپێکەوە تا ئێستا.
2- ئاگاداربوون لە مێژووی شیعری جیهانی.
3- ئاگاداربوون لە وەرچەرخانی شیعر لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکیدی و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیدی... زانینی خاسییەت و تایبەندییەکانی شیعر لەو زەمەن و قۆناغانەدا.
4- ئاگاداربوون لە مەزاهیبە ئەدەبییەکان.
5- ئاداگاداربوون لە رووگە فیکری و فەلسەفییەکان.
6- ئاگاداربوون لە میتۆدە رەخنیی و زانستەکانی زمان.
7- ئاگاداربوون لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی.
8- سەرباری هەموو ئەو شتانە لایەنێکیتری گرنگ هەیە کە هێندەی هەموو ئەو خاڵانەی پێشتر گرنگی هەیە بۆ ئەو زانین و زانیارییە کە ئەویش رۆشنبیری چاوە، یا ئەزموونی دیتنە، دیتن بۆ نووسینیی شیعر گرنگییەکی زۆری هەیە، نەك هەر بۆ شیعر بەڵکو بۆ ژیان.

ئـەوە بـە شـێوەیەکی گشـتی لەسـەر زانینـی شـیعری، بـەهرەو عەشیقیش قسەی زۆر هەڵدەگرن، کەوابێ زانینی ریزکردنی وشە بـە تـەنیا بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی بتـوانی تێکسـتێکی داهێنەرانـە بنووسیت...

ئەو خاڵانەی کە باسمکردن پرۆسەیەکی دوور و درێژی گەرەکـە، ئەوانە بە تەنیا کاری چەند رۆژێك نین، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە پێـی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەر ئەو هونـەر و زانسـتانەیش دێـت کـەوابێ دەبـێ بـەردەوام لـەنێو ئـەو پرۆسـەیەدا خـەریکی خـۆ نوێکردنەوەو موتابەعەی بەردەوام دابین، بۆیـە بـوونی عیشـق بـۆ شیعر تووشی ئیدمانت دەکا، ئیدمانێك کـە نـەتوانی تەنانـەت بـۆ چرکەسـاتێکیش چییە بـێ شـیعر هەڵبکـەیت، خـۆ ئەگـەر ئـەو شتانەیش کە باسمانکرد نەمان، ئـەوا باشـترە دەسـت لـە نووسـینی شیعر هەڵبگرین و ماڵئاوایی لێبکەین.

**-دەمێکە دەبینین شیعر و قسەی ئاسایی تێکچرژانێکی ڕیشەییان بەخۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموونکراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە –ئەم حاڵەتە لە کتێبی شیعریی "گومان مەکە خۆشمدەوێی" تۆیشدا دەرکەوتووە-، ئەم جۆرەی تێکەڵاوبوونی (شیعر و قسە) تا چ ئاستێك لە**

**خزمەتی ئێستێتیکای دەقدا بووە؟ لە بارەی سوود وەرگرتنەکەیش هەمان پرسیارت ئاراستە دەکەم.**

– گومان مەکە خۆشمدەوێی لیرکە، کۆمەڵە شیعرێکن کە بە کێش و قافیە بۆ گۆرانی نووسراون، شیعری گۆرانی وەك هونەرێکی شیعری بەرز جیاوازیی هەیە لەگەڵ شیعری نوێ و خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەگەرچی شیعری گۆرانی دەشتوانرێ بەبێ کێش و قافیە بنووسرێ بەڵام بە داخەوە موزیکی کوردی ئەوەندە هەژارە کە تەنانەت توانای هەڵبەز و دابەزێکیشی تێدانییە لە چوارچێوەی میلۆدییێکدا، سەبارەت بە زمانی گومان مەکە خۆشمدەوێی زمانێکی ئاسانە، دیارە یەکێ لە خاسییەتەکانی زمانی شیعری گۆرانیش ئەو ئاسانییەیە لە هەڵبژاردنی وشە و رستە و وێنەدا کە دەرئەنجام فەزاییێکی ناسکی لێبکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لیرك لایەن ئەزموونێکی خێرا و تێپەڕە، بە کاری خۆمی نازانم بێگومان کەسانی سەرکەوتوومان هەن کە لەو بوارەدا کاردەکەن.

**-نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتاندا گەیشتوویتە کوێ؟**

– هەوڵی خوێندنەوەو موتابعەکردنی زیاتر دەدەم، دەژیم، ڕۆمان نووسین چێژم پێدەدا، ئەو کاتانەی خەریکی نووسین دەبم هەست دەکەم لە سەفەرێکدام لەگەڵ خۆم و لەگەڵ ناخی خۆم، شتەکان بە قورسی وەرناگرم، زۆر لە خۆم ناکەم بنووسم، ئەگەر تاقەتم نەبێ یەك وشەش نانووسم، پێویستیش نییە بە زۆر بنووسم، یان هەر بشنووسم، کە (دەشنووسم بۆ خۆم و دنیای خۆم و لەززەتی خۆم دەنووسم بەڵام بێگومان بۆ خوێنەری بڵاودەکەمەوە).

کە دەنووسم دەبێ جیاواز بنووسم، جیاواز لە نووسەرانیدی، جیاواز لە نووسینەکانی پێشووتری خۆم، گەیشتووم بە سادەیی، سادەییێك تا ئاستی قسەکانی ڕۆژانەی خۆم، بەڵام بە ستراکتۆرێکی ئەندازیارانە...

بینایەی تێکستی شیعری لای من هەمان ئەو بینایەیە کە عەقڵییەتی ئەندازیاری پۆست مۆدێرن لە ئەورووپادا بەرهەمی دەهێنێ، حەز لە ئاڵۆزیی و سەرلێشێواندنی خۆم ناکەم، ئەو شتە یان شتانە لە تێکستێکی کورتی شیعریدا (دەگەیەنم) کە ئەتمۆسفێر و لەحزەیەکی شیعری داوای گەیاندنم لێدەکات.

نێرەر ئەگەر نەتوانێ لە رستەیەکی کورت و چڕ و شەفافدا فکر و وێنە و جوانیی و داهێنان بگەیەنێ ئەوا هەرگیز ناتوانێ لە سەدان

رستەشدا ئەوە لۆ بۆنێردراو بنێرێ کە دەیەوێ بینرێ، بنیادی شاراوەی تێکست وەك ئەوەی کە بەشێکی نووسران تێیگەیشتوون بە تەنیا راکردنە بەرەو خۆ حەشاردان و لە لایەکیتریش سەرلێشواندنی بۆنێردراوە لە تواناکان و داهێنانی نووسەر.

**-ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟**

– چەمکی مۆدێردن لە دەسپێکدا بە مانای دابڕانی ئیندڤدویێلی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ترادتسیۆن هاتووە، دواتر دەبێتە پرۆسەیەکی گشتگیر و هەموو لایەنەکانیتری هونەر و بیناسازی و پیشەسازی و ...تاد دەگرێتەوە.
بێگومان ئەو ئەنجامە دەرهاوێشەی کارکردنی بێوچانی فەیلەسوفان و بیرمەندان و رۆشەنبیرانە لە قۆناغە لێکجیانی سێ تا چوار سەدەی بەر لە ئێستا.
کۆمەڵگەی کوردی نەگەیشتۆتە هیچ قۆناغێك یا هیچ قۆناغێکی مێژوویی سیستەمکراوی بە خۆییەوە نەبینیوە، مۆدێرنەتە سیستەمی رێکخستنی ژیانە لە قۆناغێکی مێژووی کۆمەڵگەدا...

ئەگەر کورد هێشتا لە قۆناغێکی دادایدا(وەك سیستەمی بەڕێوەبردن) ژیان ببا بەڕێوە، ئەوە رۆشەنبیران لە کوێوە دەتوانن بە کەرستەکانی مۆدێرنە قەیرانەکان بخوێننەوە؟
مەسەلەکە ئاوا نییە، ئەوە کاری کاریگەرییەکانی فەیلەسوفان و بیرمەندانە لەسەر پۆلەتیکاران و سیستەمی سیاسی، فکر دەکرێ بە دەستوور و سیستەم و یاساش کڵێشەی و سنووری بۆ دادەنێ.
کاریگەری رۆشنبیرانی ئێمە یەکجار کەمە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە، بۆیە من هیچ گوتارێکی جددی نابینم بەلایەنی کەم لە قۆناغی ئێستای کوردستان.

**-لە دنیای (ڕۆشنبیر)انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێك گرووپ ئامادەییيان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژە دان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێك و کەسێك وەکوو (ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟**

– باوەڕناکەم کورد رۆشنبیری (گەورە)ی هەبێ، دواتر (گەورە و بچووك) لە رۆشنبیریدا وجودی نییە، تێکست و تەرح و میتۆد و تیۆر و روئیا و ....تاد هەیە، کە دەکرێ هەریەکە و بە پێوەری تایبەتی ئەکادیمی هەڵبسەنگێنرێ.

نووسەری کوردی تا ئێستا لە ئاستیی نووسینی کوردی کار دەکات، ئەو گروپانەی کە کەسێك بە رۆشنبیری گەورەی کورد بە بۆنێردراوی بەدبەختیی کوردی دەفرۆشن وەکو ئەوە وایە هەموویان کۆك بن لەسەر ئەوەی سەرۆك عەشیرەتێك بۆ رۆشنبیری کوردی دانێن، ئەو جۆرە گوتارانە بەرهەمی عەقڵیەتێکی رووکەشن.

رۆشنبیریی سەرۆك و گەرورە و ئاغای نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی گشتگیرە و هەموویان بەیەکەوە تێیدا بەشدارن، هەر یەکە و خاوەنی دنیای خۆیەتی و ئیمتیدادی بەر لە خۆیەتی و دەبێتە بەشداربوویێك لەو پرۆسەی کە هەموو نووسەرێك لە هەر شوێنێکی دنیادا بێ تێیدا بەشدارە.

لەگەڵ ئەوەشدا عومری هەموو ئەو گوتارانە زۆر کورتە کە دەڵێ: ( چا بوو نەمردم ئەو تێکستەم خوێندووە) یا بە پێچەوانەوە کۆمەڵێك بە زۆر خۆیان کۆك دەکەن تا لەقەبی شاعیری گەورەو رۆمانووسی گەورە بە کەسێك یان لەناو خۆیان بە یەکتری بدەن.

تێکستی ئیبداعی پێویستی بە پیاداهەڵدان و ستایش و گەورەکردن نییە، بەڵکو شوناس و ناسنامەکەی لەناوە خۆیدایە، دان براون و پاولۆ کۆیلۆ و پاموك و فێرمین و گاردەر و دەیان و دەیانیتریش بێپرسی هیچ کەسێك سنوورەکان دەبڕن و دەچنە ناو ماڵەکان، من پێم وایە تێکست خۆی قسە دەکا، خوێندنەوەی تێکست گرنگە، ئیشکردن لەسەر تێکست گرنگە، بەڵام قسەی

گەورەی بێبنەما نە دەتوانێ تێکست گەورە و نەدەتوانێ تێکست بچووکیش بکاتەوە.

**-دەق دەتوانێ ئەڵتەرناتیڤ بێ لە بەرانبەر نامۆیی و بێزاری کە دەقنووس دەستی بۆ ببا؟**

– رەنگە بۆ ئەزموونی من شتێکی سەیر بێ کە دەڵێن: نووسینی دەق لە بێزاری و نامۆیی و غەبارییەوە دێ، بە پێچەوانەوە کە من بێهز و بێزار بم تەنانەت ناتوانم یەك وشەش بنووسم.
نووسین لایمن بەشێکی ژیانە، ئەتمۆسفێری پرۆسەی نووسینیش بەشێکە لە ژیانی من، نووسین دەبێ بەشێکی ژیان لە جوان و خۆشییەوە بەرەو جوانتر و خوشتر ببا، دەبێ لە جوانتر و خۆشتریش بەرەو جوانترین و خۆشترین ببا، من بۆ جوانتر و شیرینترکردنی بەشێکی ژیانی خۆم دەنووسم، کە دەڵێم بەشێکی ژیان بەو واتایە دێ کە نووسین بۆ من هەموو ژیان نییە، بەڵکو بەشێکە لە ژیان.
من رێك دژی ئەو بۆچوونەم کە نووسین لە پێناوی مانەوە مومارسە دەکرێ، یا ململانێیە لەگەڵ مەرگ، ئەوە گوتارێکی بێ مەعنایە، چونکە بە مردنی بایلۆجی نووسەر هەموو شتەکان کۆتاییان پێدێ و گەردوونیش لەنێو دەچێ.

کەوابێ نووسین و پرۆسەی ئەنجامدانی نووسینی تێکست بۆ ژیانە نەك دژایەتی کردنی مەرگ و ڕاگرتنی مەرگ بە درۆ، ڕاگرتنی مەرگ کاری زاناکانە، ئەوەندەی من بیستبم و خوێندبمەوە ئەوە بە فیعلی خەریکن، بەهەر حاڵ ئەوە کارێکی زانستیی ڕەهایە، پێویست بە وروژاندنی ناکا.

بە کورتی لایمن نووسین بەدیلێك نییە بۆ ڕەواندنەوەی خەم و خەفەت و شتی کاریکاتۆری و کۆمێدی لەو بابەتە، من نانووسم ئەگەر خۆشحاڵ و بەختەوەر نەبم... نانووسم ئەگەر برسیم بێ...نانووسم ئەگەر تینووی شەراب بم و نەمبێ... بێگومان ڕەنگە ئەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر بگۆڕدرێ، بەڵام من وام.

## -چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– کاری تێکستی شیعری گۆڕینی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە، ڕەنگە گۆڕینی زمان و ستایل و ...تاد لە کۆتاییدا بە شێوەیەك لە شێوەکان لەو بوارانە ڕەنگبداتەوە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی دایرکت لەنێوانی تێکستی شیعر و گۆڕینی واقیع لە ئارادانییە...

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد گۆڕینی واقیع پەیوەندی بە بیر و هــزری فەیلەســوفان و بیرمەندانــەوە هەیــە، بــە مــەرجێك پۆلەتیککاران و یاساناسان بکەونە ژێر ئەو کاریگەرییانە، نەك خەیاڵ و فەنتازیای شاعیران.

شاعیران خەریکی خۆیان و ناوەوەی خۆیانن، ئەوە دەنووسن کە دەرکی پێدەکەن و دەیبستن و دەیبینن و لە روانگەیەکی ئیندیڤدویێلی مجەرەدەوە گوزاشتی لێدەکەن.

هەموو ئەو تێکستانەیش کە بۆ موناسەبات و گۆڕینی واقیع نووسراون تێکستی ناداهێنەرانەن و لەگەڵ گۆڕانی واقیع کۆتاییان پێهاتووە، لەسەرووی هەموو شاعیرانیش هەندێ شیعری هەردوو شاعیرانمان شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێون، جاروابووە بە دوای دەرهێنان و لێکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرانەدا گەڕاون لەنێو دیوانەکانیان، بە بۆچوونی من شاعیری داهێنەر هەرگیز نابێ تووشی ئەو هەڵە گەورانە بێ.

**-یەکێك لە تێڕوانینەکانی (دێرك والکۆت) وەهایە: (ئەدەب دەمی زامێك هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵیدەداتەوە). ئێمەیش دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردیی قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکان؟**

– من بە پرسیارێکی کورت وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە، ئایا کورد چەند رەخنەگری حەقیقی شیعری هەیە؟ تا قووڵتر بچنە نێو پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکان؟ با هەر یەك لە ئێمە بیر بکەینەوە و ناوی چەند رەخنەگرێك بینینەوە یادمان و ئینجا لە کارەکانیان رابمینێین و هەڵوەستە لەسەر کارەکانیان بکەین، ناوی زۆر هەن لەو بوارەدا کاردەکەن، بەڵام بەشی زۆریان ئینتیباع دەنووسنەوە، ئەکادیمیەکانیش لەگەڵ ریزم بەشێکی زۆریان خاوەنی زەینی داخراون، موتابەعەی بەردەوامیان نییە، کە دکتۆراکەیان وەرگرت ئیدی کتێبێك ناخوێنێتەوە، ئەو قسانەی من بە شێوەیەکی گشتییە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێك بەڵام زۆر بە کەمی هەن کە کاری باشیان ئەنجامداوەو چاوەڕێی ئیشی باشتریشیان لێدەکرێ...

**-لە ئێستەدا هونەر و ئەدەب دابەشکراون بە سەر دوو جۆر: (هونەری بازاڕی) و (هونەری نوخبە)، ئەمە بۆ ئەدەب-یش بە هەمان شێوەیە، تا چەند لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنە هاوڕای، هاوکات بۆچی؟ لەو میانەدا نووسەری ڕاستەقینە چۆن دەتوانێ پردێك دروست بکا بۆ بە یەکتر گەیشتنی خۆی و خوێنەرانی، هاوکات ڕەخساندنی کەشێکی وتووێژیی نەك (دەروێشایەتی) و (ڕق بەخشینەوە)؟**

– کێشەیەکی دوو سەرە هەیە لە نەتوانینی درووستکردنی ئەو پردەی کە دەبێ لەنێوانی وەرگر و نێرەر دا هەبێ، گوناح نە بە تەنیا لە نووسەرە و نە بە تەنیا لە خوێنەریش.

ئەو ماوانەی دوایی کە تەرجەمەی هەندێ رۆمانی جیهانیی کراوە، کەسانێکی زۆر روویان کردۆتە خوێندنەوە، کەچی رۆمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی نەیتوانیبوو ئەو کارە بکا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تێکستی کوردی جوان هەن کە خوێنەری کوردی پشت گوێی خستوون.

بە شێوەیەکی گشتی زمانی ئەدەبیاتی ئەورۆی کوردی زمانێکی سەقەتە کە بڕیارێکی پێشینەی بۆ خوێنەری کوردی درووستکردووە لە نەتوانینی خوێندنەوەیدا.

کێشەی خوێنەری کوردیش ئەوەیە کە بە خوێندنەوەو لێکجیاکردنەوە رانەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا رێنوێنیکاری نییە،

ڕەخنەگری وامان نییە کە رووگەی خوێنەر بگۆڕێ بە تەنزیرات و کاریگەرییە فکرییەکانی.

ئەوەی کە هەیە ڕێکلامە، نووسەری کوردی لە قۆناغی ڕێکلامکردنێکی رووتدا دەژی، گرووپێك دێ ڕێکلام بۆ نووسەرێك دەکا، وەزارەتێك دێ ڕێکلام بۆ نووسەرێك دەکا، لەوێوە سەرنجی خوێنەران بۆ لای ئەو نووسەرە دەچێ، بەڵام هەموو ئەو کارانە نەفەسی زۆر نادەن، هەر دوای تەواوبوونی کارە ڕێکلامییەکە تەمەنی تێکستەکەش کۆتایی پێدێ. تێکستی داهێنەرانە لەنێو رۆشەنبیری کوردیدا درەنگ دەردەکەوێ، رەنگە ئەوەش حاڵەتێکی زۆر ئاسایی بێ لەو قۆناغەی ئێمەدا، چونکە تا ئێستا ئاستی بەشێکی زۆری نووسەرانمان و خوێنەرانمان لە ئاستی نووسینەکانی سایتەکاندابن.

# رۆژنامەی رووبەر

**رووبەری داهێنان: هەمیشە کە باسی شیعر دەکرێت، یەکسەر زادەی خەیاڵمان بۆ عیشقیش دەچێت، ئایا بە لای(زانا خەلیل)ەوە ئەو نهێنییە چییە کە عەشق، شیعر بە خۆیەوە پەیوەست دەکات؟**

– رەنگە ئەو پەیوەندییەی نێوانی عیشق و شیعر لەوێوەبێ کە هەردووکیان دوو هونەرن زۆرترین شیعرەییەتیان تێدایە.. شیعرییەت لە عیشق بریتییە لە ئاست و رادەو چۆنییەتی پەیوەست بوونی عاشق بە (شت یا کەس)ەکان..شاعیري عاشق بەر لەوەی عیشقی بۆ شتێکیتر، بە نمونە: جەستە یا عیشقی بۆ نەتەوەو عیشقی بۆ فکرێکی دیاریکراوی بۆتەبەندو..تاد هەبێ، عیشقی بۆ شیعر هەیە.. ئینجا لەو رێگەیەوە (رێگای تێکست)عاشقبوونی بە شت یا کەسەکان رەنگدەداتەوە.. لای سۆفییەکان تێکەڵبوون بە رۆحی گەردوون دیاردەیەکە، لای نزار

قەبانی ژن و لای حاجی قادری کۆیی نیشتیمان و ..تاد بەڵام لە هەموو حاڵەت و چاخەکان، (عیشق) و (شیعر) چەندین خاسییەتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوەو لەوێوە ئیدی ئەو لێکچوونە لە خاسیەت وایان لێدەکات کە هەندێجار تەنیا پەردەیەکی تەنك لەنێوانیاندا بمێنێ..

بە لای منەوە جگە لە بەهرەو مەعریفە کە دوو ستوونی سەرەکیی داهێنەری تێکستی داهێنەرانەن عیشقیش وەك ئەو دوو ستوونە رەکیزەیەکی گرنگەو سێگۆشەکە ئەو وشەیە تەواوی دەکا..بۆیە مومکین نییە شاعیرێك کە عاشق نەبێ بتوانێ بەردەوامبێ نەك لە داهێنان بەڵکو لە بەرهەمێنامی تێکستی لاوازیش، ئەگەرچی لەپاڵ مەعریفە و بەهرە، ئەو ئاست و نسبەتی عاشقبوونەیە کە دەبێتە هۆی درووستبوونی ئیبداع و تێکستی لاواز، بە دیویێکیدی نسیبە و رادەی عاشقبوون بۆ هەمیشەیی کار لە کوالێتی و چۆنییەتی شیعری داهێنەرانە دەکا.

**رووبەری داهێنان: ئەگەر رەگەزی مرۆڤ زادەی ئاوێزانی یەکتر نەبووایە، شاعیر دەیتوانی بەو هەستە قووڵە شیعری پڕ لە عیشق بنووسێت؟**

- (مرۆڤ زادەی ئاوێزانی یەکتر) ئەگەر مەبەست لێی ئەو پەیوەندییەبێ کە لەنێوانی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەوە لە ئەخیریدا مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لە شیعری سۆفیگەریدا ئەو عیشقە شێوەو جۆرێکیتری هەیە و شیعری زۆر گرینگیش بە پاڵنەری ئەو عیشقە نووسراوە.. بەڵام من بۆ خۆم دەنووسم و دەوروبەریشم وجودیان لەناو شیعرەکانمدا هەیە.. بۆ ئەو شتانەی کە بینیومن و هەستم پێیان کردووە و دەیانبینم و هەستیان پێدەکەم دەنووسم.. بۆیە دەکرێ هەم لە ئاوێزان بوون بە مرۆڤەکان و هەمیش لە ئاوێزان بوون بە نەبینراوەکان شیعری جوان بەرهەمبهێنرێ.

**رووبەری داهێنان: هێشتا لەناو ژنە شاعیر و شاعیری پیاوی کورددا، دیاردەیەکی زۆر بڵاو هەیە کە ژنان لە شیعردا هێندەی لاسایی شیعر و هەستی پیاوانە دەکەنەوە، هێندەی دەرخەری خەیاڵی شاعیرانەی خۆیان نین، ئایا تۆ لەمبارەیەوە چ قسەیەکت هەیە؟**

- بەشی زۆری (ناڵێم هەمووی) ئەو ژنانەی کە شیعری کوردی دەنووسن لەسەرەتادا مێردەکانیان زەمینەیان بۆ دەسازێنن یا بە زۆر شیعرییان پێدەنووسن، لە شوێنێك و لە خاڵێك کە دەیانەوێ ببن بە خۆیان (زۆربەی شاعیرە پیاوەکانیشمان هێشتا خۆیان نین و ناشتوان خۆیان بە جورئەتەوە بنووسنەوە) یا تەڵاق دەدرێن یا دەبێ کۆنترۆڵی خۆیان و تێکستەکانیان بکەن و بچنەوە دۆخی بەر لە خۆبوون، یاخود ئیدی وایان لێدەکەن کە واز لە شیعر بێنن.. بەشێکی زۆری ئەوانەیش کە بە کچێنی خۆیان دەنووسنەوە رەنگە تووشی ئەو حاڵەتی (خۆنەبوون)ە بێن دوای شووکردنیان..

خۆنەبوون لە شیعردا یەعنی ئینشا نووسین..خۆنەبوون و سنووردانان بۆ خۆبوون لە شیعردا فێڵێکی رووکەشانەیە شاعیران بە خەیاڵی خۆیان پێیان وایە دەتوانن لە خوێنەری بکەن، بەڵام بە بڕوای من تەمەنی ئەو فێڵە زۆر کورتە لە لایەك و دواتر رێژەی جیاوازبوون لەنێوان شاعیرێك و شاعیرێکیتر ناهێڵێ لە لایەکیترەوە..کەوابێ تۆ تۆ نیت و تۆ ئەویدی، بەڵام دەبێ شاعیر خۆی بێ بۆ ئەوەی دیدو جیهانبینی و چیرۆکی جیاتری هەبێ.

**رووبەری داهێنان: لەنێوان مامەڵەکردنی تێکستەکان لەگەڵ جەستە و رۆح فسەیەکی زۆر دەکرێت، ئایا شیعری شاعیرانی کورد بە دروست مامەڵەی زیاتر لەگەڵ رۆح یا جەستە دەکات؟**

- بە بڕوای من هەموو ئەو شتانە تەواوکەری یەکترن لە درووستکردنی ستایلی ستڕاکتۆر یا شیعرێك وەك نەتیجە و ئاکام.. رەنگە زۆرتر گرینگیدان بە رۆح لە شیعری کوردی زیاتر مەبەستت ئەوەبێ کە شیعری کوردی بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە ئاسمان و ئەستێرەو مانگ و گوڵ و مردن و گریان و قەبرستان و ئەی خودا و خۆشەویستییێکی خەیاڵی و عیشق مەجازو..تاد دەدوێ و کەرستەی زمانی بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد لەو چوارچێوەیەدا دەسووڕێتەوە.. خۆی دەکرێ بەهەر کەرستەیەك شیعری جوان بێتە بەرهەم، بەڵام ئەوەی کە لە شیعری کوردیدا روویداوەو روودەدات پەیوەندی بە لاسایکردنەوەیەکی دەستکردو زۆرلەخۆکردنەوە هەیە.. موستەحیلە من بتوانم بە کەرستەو شێوازی نالی شیعرێکی لە شیعرەکانی (نالی) جوانتر بەرهەم بهێنم.. بۆیە من لەمێژە ناتوانم بەهیچ شێوەیەك لە شیعرەکانمدا ئەو فەرهەنگ و لێکسیکۆنەی شاعیرانی کوردی بەر لە خۆمان و تەنانەت زۆر لە شاعیرانی جیهانیش بەکاربهێنم..

دەرئەنجامی ئەوەندە دووبارەبوونەوەی ئەو فەرهەنگەی کە لای ئێوە بە (مامەڵەکردن لەگەڵ رۆح) ناوزەندکراوە، شاعیرێك سوێندی خواردبوو کە تاهەتایە وشەی مانگ لە شیعرەکانیدا بەکار نەهێنێ.

**رووبەری داهێنان: ئایا زانا خەلیل چ جیاوازییەك لەنێوان هەستی شیعری لە تێکستەکانی ژن و پیاواندا دەبینێت؟**

– (جیاوازیی چییە لەنێوان هەستی شیعری لە تێکستەکانی ژن و پیاواندا) بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە و هەندێ پرسیاریتری لەو چەشنە بدەینەوە دەبێ هەموو شیعری کوردی بە کاملی بخوێنینەوە، بەشێکی زۆری پرسیارەکانی بەرێزتان پرسیاری گشتین، بۆیە گومان ناکەم کە دەقیق نابین لە وەڵامدانەوە، لەگەڵ ئەوەش هەوڵدەدەم لە رێگای بینین و ئەو زانیاری و ئەزموونە کەمەی کە من لەو بوارانەدا هەمە بە شێوەیەکی گشتی و بە گوێرەی ئەزموونی خۆم وەڵامتان بدەمەوە، شیعری شاعیرانی ژن لێکجیان و تەنانەت خودی یەك شاعیری ژنیش هەست و ستایلی رەنگە جیاوازبێ لەگەڵ شیعرێکیتری یا دیوانێکی لەگەڵ

دیوانێکیتری، ئەمە بۆ شاعیرانی پیاویش هەروایە.. بەڵام لای من هاوکێشەکە بەو شێوەیە نییە کە شیعری گەنج و پیر (مەبەستم تەمەنە) لەگەڵ شیعری ئافرەت و شیعری پیاو و موخەنەس و چوزانم لەیەکترجیابن، شیعرەکانی منداڵێکی وەك رامبۆ هەموو شاعیرو رەخنەگرە گەنج و پیرەکانی دنیای خەریککرد، ئەوەی کە شاعیران و تەمەن و مێیاتی و نێراتی و..تاد شاعیران لەیەکتر جیادەکاتەوە ئەو ئاست و رێژە جوانییەیە کە لە خودی شیعرەکاندا هەن.. من شانازی بە پیاوبوونی خۆمەوە دەکەم لە شیعرەکانم، رۆژێك لە رۆژان بیر لەوە ناکەمەوە داوای ئازادی و ماف بۆ ژنان بکەم لە شیعردا، ئەوە کاری شاعیرێکی ژنە کە ماف و ئازادی نییە، ئەو دەبێ ئەو کارە بکا.. بەڵام ئاساییشە تەقدیسی ئافرەتان بکەین چونکە یەکێك لە ژنەکان لە رێگای جوانییەکانیەوە لە توانای دایە هەموو ژنەکانیتری دونیاش لەگەڵ خۆی لەبەرچاوی شاعیرێك جوانتر دەکا..ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەت، من وایدەبینم دەبێ شاعیران خۆیان بن، خۆ ئەگەر ژنێکی شاعیر خۆیبوو ئیدی وەك ئینسان و وەك ئافرەت دەنووسێ، لەو حاڵەتەشدا هەستەکانمان بۆ دەردەکەوێ کە ژنێك لە شیعرەکەیدا ئیحساسی چەند ژنانەو پیاوێکیش کە پیاوانە

دەنووسێ لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ کە چەند بە هەستێکی پیاوانە نووسیویەتی.

**رووبەری داهێنان: لەسەر نقومبوون لە رەشبینی و بێهیوایی، قسەی ئەوە دەکرێت کە نابێت هەرگیز شاعیر تووشی ئەم دۆخە بێت، ئایا بەڕاست لە بارێکی ئاوادا چ جۆرە تێکستێک بەرهەم دێت؟**

-بەڵام کافکا و ئەلبێر کامۆ دوو دونیای جوانیان بەو ستایلە درووستکردوە، کێشەکە ئەوەیە کێ دەتوانێ چ فکرو جیهانبینییێك بکاتە ئەدەبیات؟ ئەدەبیات و شیعری جوان لە هەموو شتێك درووستدەکرێ، بەو مەرجەی کە مەرجەکانی تێکستی داهێنەرانە لەو ئەدەبیاتە بە شیعریشەوە هەبێ.. ئیلیۆت لە ویرانە خاك تەواو رەشبین و بێهیوایە کەچی هەر کەسێك رۆڵی ئەو قەسیدەیە دەزانێ لە کاریگەریی بەسەر شیعری جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی.. رەنگە بە دەرهێنانی کاریگەری و سڕینەوەی رۆڵی نیتچشە، هیچ رەخنەگرێکی مێژووی ئەدەبیاتی نوێی ئەورووپی نەتوانێ دەقیق بێت لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبیاتی نوێی ئەورووپی کەچی دەبینین بەرهەمەکانی ئەو ئەوپەڕی

ڕەشبینین.. لە دوای جەنگی جیهانی دووەم گرووپی 47ی ئەڵمانی لە ڕەشبینیی و بێهواییەوە ئەو گروپەیان دامەزراندو بەر لەوانیش دادایی و سوریالییەکان و ..تاد، بەڵام هەرگیز ئەوە بەو مەعانایە نایێ کە ئێمە بێین و لاسایی ئەو گروپ و ناوانە بکەینەوەو چونکە ڕەشبینیی و بێئومێدی ئەدەبیاتی گەورەی خولقاندوە ئێمەش دەبێ بەو شێوەیە بنووسین و ئیدی ئەدەبیاتی گەورە بەرهەم دەهێنین.. بێهوایی و ڕەشبینیی ئەوان هۆکاری دیاری خۆی هەیە، ڕەنگە هەر شاعیرێك و ئەدەبیێك لەهەر کوێییەکی دنیا، قەدەرێك لەو بێهیوایی و ڕەشبینییەی هەبێ، بەڵام لای هەر یەکێك فۆرم و جۆرێکیتری هەیە، من بۆخۆم ڕکم لە ئەدەبیاتی دەستکردی بە زۆر درووستکراوە، ناکرێ و ناشێ من خۆم بخەمە شوێنی لۆرکا، شاعیرێکی بەژداربووی جەنگ و شاعیرێك کە بەدەست جەنگی ناوخۆی ئیسپانییەوە تلایتەوەو دواتر گوللەباران دەکرێ و دەکوژرێ و تەرمەکەشی نادۆزرێتەوە..ئەو لە پێش مردنی نووسیوویەتی: زانیم کە کوژراوم، لە کافێتریاو گۆڕستان و کڵێسەکان بەدوای تەرمی مندا گەڕان، ناو بەرمیل و مەخزنەکان گەڕان و سێ تەرمیان دزی و ددانە زێڕەکانیان لێکردنەوە، بەڵام هەرگیز منیان نەدۆزییەوە..

ژیان و رووداوەکانی ژیانی لۆرکا جییایە لە هەر شاعیرێکیتر.. بۆیە دەکرێ لەهەموو شت و رووداو و جوانییەکان، ئەدەبیاتی جوان بەرهەمبهێنین.

**روبەری داهێنان: زادەی هەوێنی شیعرەکانت لە چییە دێنە بەرهەم و تا چەند لە کاتی نووسینی تێکستێکدا قەڵەم و پەنجەکانت و سۆز و هەست و چێژەکانت ئاوێتەی یەکتر دەبن؟**

-لە هەموو شتێك..مەبەستم لە هەموو شتێك ئەو شتانەن کە سەرنجم رادەکێشن و توانای ئەوەشم بەسەر دادەشکێ کە بەرەو جوانییان ببەم.. بەلای منەوە بەشێك لە کاری شیعر ئەوەیە کە شتەکان بەرەو جوانیی ببا.. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە ئایا چێژ دەبینم لە کاتی نووسیندا..؟ من بە جددی ئەوە دەڵێم: ئەگەر ئەو چێژە نەمینێ کە لە کاتی نووسیندا وەریدەگرم ئیدی نانووسم.. تەنانەت یەك وشەیەش نانووسم.. راستە لە کاتی بڵاوبوونەوەی نووسینەکانم و چێژلێبردنی وەرگر لە نووسینەکانم چێژ هەیە، بەڵام ئەوە دواجار چێژبردنی نووسەرە لە پرۆسەی نووسین کە وادەکا ئەو بەیەکگەیشتنە لە نێوان هەردوو

چێژی وەرگرو  نووسەردا بخولقێ.. بە دیویێکیتر دەتوانم بڵێم: ئەو فەزایەی کە تێیدا دەنووسم ڕێك ئەو ئەتمۆسفێرەیە کە من ناتوانم لە حاڵەتی ئاساییدا هەمبێ.

**رووبەری داهێنان:هەمیشە دەگوترێت قووڵبونەوەی شاعیر و شەرنجی وردی لە نووسیندا دواجار تێکستێکی مانادار بەرهەم دێنێت، ئایا لەمبارەیەوە چ سەرنجێکت هەیە؟**

-نەك بە تەنیا لە نووسین، باوەڕ دەکەم لە هەموو شتێك رووکەشیی تەنیا رووکەشیی بەرهەمدەهێنێ، بەپێچەوانەشەوە، قووڵبوونەوە فکرو ماناو ئێستەتیك بەرهەندەهێنێ..

**رووبەری داهێنان:چەند ساڵێك بوو پرسگەلێك دەورووژێندرا کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا مرۆڤ رووە و رۆبۆا بوون دەبات و لە هەستە جوانەکانی دادەماڵێت، ئایا ئەم روانکانەی پێشوو چۆن راڤە دەکەی و لە ئێستا چۆنن؟**

-تەکنەلۆژیا کۆمەڵێك شتی گۆڕیوەو شتگەلێکیتریش دەگۆڕێ جا ئەمە بە پۆزەتیف یا نێگەتیڤ، بەنمونە: بە شێوەیەکی گشتی کاری لەسەر کەمترکردنەوەی خوێندنەوەی کتێب کردووە،

لایەنێکی ئیجابیش ئەگەر وەك نموونەیەکی سادە وەرگرین، وایکردووە هەموو زانیارییەکانی جیهانت بە یەك کلیك پێ بگا.. هەموو دنیا بە کلیکێك دێتە پێش چاوت.. بەڵام بۆ مەسەلەی سۆز بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە نەك ئامێرەکان، خۆ دواجار ئەوە مرۆڤەکانن ئامێرەکان دروست دەکەن و کاریشی لەسەر دەکەن، بۆیە مەعریفە و توانستی کەسەکان ئەوە دیاری دەکا کە دەبێ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بکرێ کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەسەر دنیای داهێناوە.. من وای بۆ دەچم، کەسەکان کە خەریکی بەرهەمهێنانی تێکستی ئەدەبین ئەگەر زۆر جددی نەبن ئەو کاریگەرییە بەرەو رووکەشییان دەبا، چونکە کاریگەریی تەکنەلۆژیا پەیوەندی بە ئیدمان و نەهێشتنی کاتەوە هەیە.. کات نەبێ ئەو عیشقەش نامێنێ کە هۆکاری بەرهەمهێنانی تێکستی جوانە.

**رووبەری داهێنان: لەسەر بەشێك لە شاعیران قسەی ئەوە دەكرێت كە قووڵبوونەوەیان لە فەلسەفەكتنی ژیان و بیركردنەوەدا نییە، ئایا بەلای بەلای شاعیرێكی بە ئەزموونی وەك تۆوە ئەم بابەتە چۆن لێكدانەوەی بۆ دەكرێت؟**

-ئێمە تا لە ژیانین هەر كارێك كە ئەنجامی دەدەین لە پێناو ژیانە، هەتا بەشێكی زۆریش لەوانەی كە باوەڕێكی بەهێزیشیان بە ژیانێكیتر هەیە، یا خۆیان وا نیشان دەدەن كە باوەڕێكی بەهێزییان بە ژیانێكیتر هەیە، لە كاری رۆژانەیاندا بۆ ژیان هەوڵدەدەن.. لەگەڵ ئەوەش كە ئاین بە گشتی و بە تایبەتیش ئیسلام پێی وایە كە تەنیا واتایەك بۆ ژیانی ئێمە هەبێ بریتییە لە سوڕانەوە بە دەوری وشەیەك كە ئەویش خودایە.. بە واتایەكیتر ئەو ژیانەی ئێمە لەسەر باتڵ درووستكراوەو هەموو ئەو كارانەی كە دەیكەین كاری بێهودەیە: {اعلموا أنما الحياة الدنيا لعب ولهو وزينة وتفاخر بينكم وتكاثر في الأموال والأولد كمثل غيث أعجب الكفار نباته ثم يهيج فتراه مصفرا ثم يكون حطاما وفي الآخرة عذاب شديد ومغفرة من الله ورضوان وما الحياة الدنيا الا متاع الغرور}.. حەقیقەتێكی قووڵ لەو ئایەتە بەدیدەكرێ، خۆ هەرواشە تا مردن هەبێ هەموو ئەو كارانەی كە مرۆڤ ئەنجامی دەدابێهودەو (لعب ولهو) ە، یەك چركەیەو تەواو.

لەگەڵ ئەوەش تێڕوانینێکیتر هەیە کە سەرچاوەکەی لای ئەپیکۆڕە و پێی وایە (مادەم من لێرەم ئیدی مردن نییە و کە مردن هەبوو ئیدی من لێرەنیم)، ئەو فەلسەفەی ژیاندۆستییە درێژدەبێتەوە تا لای زۆر لە شاعیرانیتری ئەورووپی، لە کن شاعیرێکی وەکو ئێریش فرید ئەو ژیاندۆستییە لە شیعرێکدا ئاوا ڕەنگ دەداتەوە کە دەڵێ:

هەروەها ئەو شتانەیش
کە من دژ بە ژیان نووسیومن
بۆ ژیان نووسراون.

هەروەها ئەو شتانەیش
کە من بۆ مردن نووسیومن
دژ بە مردن نووسراون.

پێکهاتەو غەریزەیەکی بە تینی خۆڕسك لای مرۆڤ هەیە بۆ موتەعلیق بوون بە ژیان، تۆ تەماشای منداڵێك بکە کە لە هیچ شتێك نازانێ و تەنانەت پێش فێربوونی زمانیش (ترس)ی هەیە و پابەندە بە ژیان..هەر سەبارەت بە پەیوەست و پابەندبوون بە ژیان حەزدەکەم چیرۆکێك بگێڕمەوە، نووسەرێك کە برادەرێکی زۆر نزیکمان بوو، مرد.. لە کاتی ناشتن و بەدەم گوێ گرتن لە هاوارو فیغانی ژنان کاك سەعدوڵلا پەرۆش کە ئەودەم سەرۆکی لقی

هەولێری یەکێتی نووسەران بوو گوتی: ئێستا هەموومان بیر لەوە دەکەینەوە کە دەبێ نیوەڕۆ لە ماڵ چ خواردنێکمان بۆ ئامادەکرابێ، راستیدەکرد و راستیشە کە ئاوایە.. دوو دەقە دواتر یەکێکم دیت خۆی دابووە گۆشەیەك و بە مۆبایل باسی کڕین و فرۆشتنی عەردی دەکرد..مرۆڤ غەریزەیەکی بەهێزو خۆڕسکی تێدایە بۆ پەیوەستبوون و درێژەدان بە ژیان، بۆیە ئەگەر بە وردی بڕوانین و قووڵبینەوە دەبێ بەڕاستی لە پێناو ژیان بنووسین و هەوڵبدەین بە هەشت لێرە درووستبکەین، من لە شیعرێکدا ئاوا تەعبیرم لەو وەزعە کردووە:

(بەهەشت)

کەنار دەریا و ئەسپ و
دارستان و رووباری زۆرمان هەیە..
باڵندە و شاخ و باخ و تاڤگە و سەما و سێومان هەیە..
خۆر و مانگ و مامز و ئۆقیانۆس و کەشتیمان هەیە..
لێرە لە تەنیشت بیابانی نێرگز، کوخی شەرابمان هەیە..
لێرە لە تەنیشت دارستانی شیعر و شەراب
بە ملیۆنەها حۆریمان هەیە..

بۆچی بەهەشتێ لێرە نەخولقێنین؟

تێڕوانینی قووڵ بۆ ژیان و ژیان لە پێناو ژیان لە تێکستدا سەرنجی من زیاتر رادەکێشێ لەوەی خۆمان لەناو ئاڵۆزییەکانی میتافیزک بە سەرلێشێواوی ببینینەوە..

**رووبەری داهێنان: بەدەر لە شیعر زانا خەلیل دەسڕەنگینە لە نووسینی ئەدبی و وەرگێڕان و رەخنە و رۆمان و ..هتد، ئایا ئەمە تا چەند قووڵبوونەوەی زیاتری بۆ نووسینی تێکست پێ بەخشیوی؟**

–لە راستیدا من بە تەنیا هەڵبژاردەیەکی شیعری رۆزا ئاوسلێندەر و هەڵبژاردەیەکی شیعرەکانی ئێریش فرید و چەند شیعرو وتارێکیترم وەرگێڕاوە، بەو مەعنایەی دەستڕەنگین لە وەرگێڕان من دەستڕەنگین نیم و وەرگێڕانیشم بە کاری خۆم نەزانیوە، بۆ رەخنە و وتار و رۆمانیش من تەنیا لە هەوڵداندام، ئەو هەوڵانەم کە لە بواری خوێندنەوەی شیعر و وەرگێڕان و..تاد داومن بێگومان کاریگەریی دەبی بەسەر کوالێتی شیعرەکانم.. وتارنووسین و خوێندنەوەی شیعری بە مانا کۆنەکەی (رەخنە) کاریگەریی تەواوی هەیە بۆ هەڵکۆڵینی زانیاری لە زاکیرەی شاعیر.. شتگەلێك کە تێپەڕ دەخوێندرێتەوەو هیچی لەبارەوە نانووسرێ

ڕەشبوونەوەی لە یادگەی شاعیر ئاسانترە، دوای ماوەیەك لە خوێندنەوە (بەتایبەتیش لای من ڕۆمان) وەك ئەوە وایە کە من نەمخوێندبێتەوە.. من بۆ خۆم وام ڕەنگە لە ڕۆمانێکی 500 لاپەڕەیی دوای ماوەیەك تەنیا چەند دیمەن و چەند ڕستەیەکم لەبیر بمێنێ..بۆیە نووسین لە بواریتری ئەدەبیدا زانیارییەکان بە دۆکومێنت دەکا و بەو هۆیەشەوە کاریگەری تەواوی دەبێ لە دەوڵەمەندکردن و قووڵکردنەوەی ئەزموون.

**ڕووبەری داهێنان: لەسەر سود وەرگرتنی شاعیران لە بیرۆکە، بیرکردنەوە و ڕامان قسە دەکرێت، ئایا بەڕاست شاعیر لە چیدا کاریگەربێت بە شیعری شاعیرێکی تر ئاساییە و لە چیشدا نائاساییە؟**

-جگە لە کۆپی کردن لە هەموو حاڵەتەکان کاریگەربوون ئاساییە..تۆ تەماشای حافزی شیرازی و جزیری بکە: (ألا یا أیها الساقی ادر کأسا و ناولها .. کە عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها)..ئەوە بەیتێکی حافزی شیرازییە، مەلای جزیری ئاوای لێکردووە، (ألا يا أيها الساقي أدر كأساً وناولها ..متى ما تلقَ من تهوى دعِ الدنيا وأهملها)نیو بەیتی یەکەمی وەکو خۆی نووسیوەتەوە، دکتۆر محەمەد عەبدولڕەحمان لە کتێبێکی ئەکادیمی

زۆر لۆژیکی و جواندا دەستنیشانی ئەو کاریگەریانەی کردووە کە شیعرەکانی شیرازی بەسەر شیعرەکانی جزیردا هەیانبووە، دەگمەن بەیتێك دەبینیەوە لای جزیری کە کاریگەری حافزی بەسەرەوە نەبووبێ، لەگەڵ ئەوەش جزیری لە بەیتێکدا دەڵێ:

ژ حافز، قوتبێ شیرازێ، مەلا فەهم ئەر بکێ رازێ

ب ئاوازێ نەی و سازێ، ب بەی بەر چەرخی پەروازێ

دکتۆر محەمەد عەبدولڕەحمان لە شەرحی ئەو بەیتە دەڵێ: جزیری لێرەدا دەیەوێ بڵێ کە من بە باشی لە حافز گەیشتووم و هەروەها داهێنەریی شاعیرانەشم هەیە و زمانی کوردیشم کردۆتە قاڵبی داڕشتنی ئەم داهێنەرییەو پێویست ناکا ئیتر بەرەو شیراز بڕۆین.. من لێرەدا قسەی شاعیرێکم دێتەوە یاد کە دەڵێ: هەموو کولتوری بەشەرییەت یەك کتێبە، ئێمە دێین و جارێکیتر بە ستایلی خۆمان ئەو کتێبە یا بەشێك لەو کتێبە دەنووسینەوە..بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونانە نیم کە تۆمەتی دزیی و چوزانم دەدەنە پاڵ شاعیران.. تەنیا لە حاڵەتێك نەبێ کە تەواوی قەسیدەیەك کۆپی بکرێ و بە ناوی یەکێکیتر بڵاوبکرێتەوە، وەکیدی کاریگەری و ئاوێتەبوون بە تێسکتیتر نەك هەر ئاساییە بەڵکو زۆر

پێویستیشه ئەگەرنا تێکست هەمیشه بریتییه له حاڵەتێکی خۆڕسکی عاتیفی ئینشائامێز..

**رووبەری داهێنان: له دیمانەیەکدا راشکاوانه دەڵێی، شاعیر ئەنیشتاین نییه کەشفی ئەتۆم بکا، ئان ئەدیسۆن نییه کارەبا بدۆزێتەوە، پێتوایه نووسەر لەنێو زانسته مرۆڤایەتییەکاندا کاردەکات و بەم هۆیەشەوە کارلێکەر و کارلێکراو و ئاوێته بوون درووست دەبێ، ئایا ئێستاش لەسەر هەمان بیر و رای؟**

-رەنگه پەیوەندی بەهێز هەبێ لەنێوانی ماتماتیك و شیعر یا شیعرو هەندەسه و کۆمەڵێك زانستیتریش، بەڵام ئەدەبیات له ناوەوەی ئینسان و له ئینسان دەدوێ بەهەموو حاڵەتەکانییەوە، کەوابێ سەد دەر سەد ماتماتیکیبوونی ئەدەبیات به گشتی و شیعر به تایبەتی وجودی نییه.. له لایەکیترەوە وەك له پێشتر باسم کرد ئەوەی ئێمه دەینووسین و ئەنجامی دەدەین درێژەپێدانی ئەو رێگایه دووورودرێژەیه که ئەدەبیانی پێش ئێمه هەم له ئاستی

جیهانی و هەمیش لەسەر ئاستی لۆکاڵ هێناویانە، بۆیە هیچ تێکستێکی داهێنەرانە خاڵی نابێ لە کارلێکردن و کاریگەربوون.

**رووبەری داهێنان: لەسەر نووسینی دەقی هاوبەش، رەحنەیەکی زۆر هەیە، کە دواجار دیار نییە کامە بەشی دەقەکە هی کامە شاعیرە و کامەشیان هی شاعیرەکەی ترە، ئایا تۆ پێت ئاساییە لە دەقێکی جواندا پتر لە شاعیرێك هەبێ؟**

– هەر تێکستێك کە شیاوی خوێندنەوەی جددی بێ خۆی لە خۆیدا هەڵگری خوێندنەوەی جیا جیا دەبێ، کێشەی دەقی کۆنووس ئەوە نییە کە کامە بەش هی کامە شاعیرە، چونکە ئاماژەیەکی قووڵ لەو رووەدا هەیە کە ئەوان خوێن و رۆحیان ئاوێتەی یەکترکردووە لە ژیان و لەوێشەوە بە وشە گوزارشت لەو تێکەڵبوونە رۆحییە دەکرێ، بەڵام بە بۆچوونی من لە کۆتایی رێگاکەدا هەر کەسەو بەرەو دنیای خۆی دەچێ و ئیدی من دەبمەوە بە من و ئەویدیش بە ئەویدی، ئەگەرچی لەوێش لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقی کۆنووس هەر خۆمان بووین، بەڵام نزیکییێکی لە رادەبەر لە رامان و روانین سەبارەت بە شیعرو

ئەدەبیات و دنیا بە شێوەیەكی گشتی لای ئێمە بوونی هەبوو.. ئێمە لەگەڵ شاعیر و خوێنەرو نووسەری جددی كاك هاشم سەڕاج ئەزموونێكمان پێشكێش كرد، ئیدی ئەو ئەزموونە دەكرێ خوێندنەوەی جیا جیای بۆ بكرێ، من ئەو ئەزموونەم خۆشدەوێ، ئەگەرچی ستایل و رامانیشم بۆ شیعر و ئەدەبیات ئێستا جۆرێكیتربێ..بەڵام بە شانازییەو ئەو ئەزموونەی (زناك) و دەقی كۆنووسیش وەك بەشێكی ئەو دنیابینییەی ئێمە شوێنێكی دیارو بەرچاوی لە ئەزموونی شیعری و ئەدەبی مندا هەیە..ئەو كات و ئێستایش من، جددییەت و عیشقی كاك هاشم سەڕاجم بۆ شیعرو ئەدەبیات خۆشدەوێ.

**رووبەری داهێنان: لەسەر شێوازی ئەو دەقانەی دەبنە داهێنان، پرسیاری جددی دەكرێت، ئایا درێژی و كورتی شیعر لەگەڵ داهێنان ئاوێتەی یەكتری دەبن، یان بەهەر جۆرێك بێت تێكست هەر تێكستە؟**

-بێگومان دەقی داهێنەرانە بە كورتیی و درێژیی هەڵناسەنگێندرێ، بەڵكو پێوەرگەلێكیتر هەن كە دەستنیشانی داهێنەریی یا پێچەوانەكەی دەكەن.. بەڵام من پێم وایە وەك لە

پێشتر ئاماژەم پێکرد تەکنەلۆژیا و ریتمی چاخ و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ژیانی مرۆڤدا هاتوون لە هەموو لایەنەکانەوە وایکردووە، تێکستی درێژ جارێکیتر جێگای هەڵوەستە و قسە لەسەرکردن بێ، رەنگە (تۆڵستۆی 1828-1910) ئێستاو لەو سەردەمە، خوێندنەوەی لای خوێنەری ئاسایی جۆرێکیتربێ لەگەڵ خوێنەرانی 150ساڵ پێش ئێستا..چونکە زیادبوونی کەناڵەکانی وەرگرتنی مەعریفە زۆر زیادی کردووە و رەنگە روو لە زیابوونیش بێ.. بۆیە من تا پێم بکرێ کورت دەنووسم.

## سازدانی: ڕابەر فاریق

پرسیار: ئایا رۆماننووسین گەڕانە بە دوای واقیعێکی نادیاردا، یان هەوڵێکە بۆ کەشفکردنی واقیعێکی جودا، لەو واقیعەی نووسەر تێیدا دەژی؟

_ بە گوێرەی ئەو پۆلێن و دابەشکردنە زانستیانەی کە بۆ جنس و جۆرەکانی رۆمان هەن، لە هەموو حاڵەتەکاندا رۆمان بە جۆرێك لە جۆرەکان سەر بە واقیعە، تا ئەو رۆمانانەیش کە دەکەونە خانەو بۆتەی رۆمانی خەیاڵی زانستی یا رۆمانی فەنتازی وەك ئەوەی کە لە (ئاڤاتار) دیتمان، بەڵام پۆلێنکردنی رۆمان بەسەر جۆری واقعیبوونی، ئەوە پێویستی بە خوێندنەوەی وردی خودی رۆمانەکەوە هەیە تا دەستنیشانی رەگەزەکەی بکرێ... رۆمانەکانی بەلزاك 1799 – 1850و رۆمانەکانی شارل دیکنز 1812 – 1850و تۆلستۆی 1828 – 1910 و دیستۆیفسکی و ئێرنست هێمنگوای رۆمانی ریالیستین، بەڵام خراونەتە نێو رێبازی رۆمانی ریالیستی رەخنەگرانە..ئەمیل زۆلا 1840 – 1920 و فلۆبیر 1821– 1880بە هەمان شێوە رۆمانی واقیعین، بەڵام ریالیستی سرووشتی، ماکسیم گۆرکیش هەر رۆمانەکانی

واقیعین بەڵام ریالیستی سۆسیالیستی و رۆمانەکانی گابریل گارسیا مارکیزیش ریالیستین بەڵام ئەوان دەکەونە خانەی ریالیستی سیحری و ..تاد

ئەو پۆلێنکردنە حەتمەن لەسەر بنەمای زانستی و ئەکادیمی رەخنەییەوە کراون، زۆرترین خاسییەت و رەگەزی لێکچوو لەنێوان چیرۆك و گێڕانەوەی رۆمانەکانی بە نمونە بەلزاك و دیستۆیفسکی دا بریتییە لە گرینگیدان بە رەخنەگرتن لە کۆمەڵگاو کێشەکانیان.. کۆنستراتسیۆن لەسەر تاوان و شەڕ لە کۆمەڵگا.. مەیلبوون بۆ رەشبینی و تەماشاکردنی شەڕ بە رەگەزێکی رەسەن لە سرووشت و ژیانی مرۆڤایەتی.. هەوڵدان بۆ کەشفکردنی حەقیقەتی سرووشت و نووسینی ئەو جۆرە چیرۆکانەی کە بەهۆیەوە دەتوانن بیرو جیهانبینییەکانیان بۆ وەرگر بنێرن.. بەڵام هەریەکێك لەو ناوانەی ئاماژەمان پێکردن بە ستایل و زمان و فۆرمێك نووسیویانە کە جیاترە لەویتریان.

من واقیعی شاراوەم کردۆتە رۆمان، هەوڵمداوە کەشفی واقیعێك بکەم و کردووشمە، بەڵام جودایە یا جودا نییە، ئەوە لەو رووەدا وەرگر دەتوانێ قسەی هەبێ، بۆ من رۆمان نووسین لەو لایەنەوە وەکو ئەوە وایە کە بمەوێ نهێنییەکانی ژیان و واقیع تەنیا بۆ خۆم بەو شێوەیەی کە من دەمەوێ بگێڕمەوە.. من لە رۆمانەکانم تەسەورات و چۆنییەتی دیتنی واقع لە لایەن خۆمەوە، بۆ خۆم

دەگێڕمەوە، گومانم نییە کە دیتنی من جیایە لە دیتنی هەر یەکێکیتر.

پرسیار: تەکنیکی نامەنووسین لە رۆماندا، دەمێکە بە کار بردراوە، وەك لە رۆمانی(ژانەکانی ڤارتەر)ی (گۆتێ)دا دەیبینین، تۆیش لە رۆمانی (ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا)دا، پەنات بۆ ئەم جۆرە تەکنیکە بردووە.. لە رێی ئەم جۆرە تەکنیکەوە، تا چەند دەتوانرێ گۆشە نیگای کارەکتەرەکان روون بکرێنەوە؟

_ بەر لە (ژانەکانی ڤێرتەری گەنج)ی گۆیتە، سەرەتای مێژووی رۆماننامە یا (Briefroman) دەگەڕێتەوە بۆ نامەکانی (پترۆس ئەبیلاردPetrus Abaelardus 1079–1142 )و (هیلۆس =هیلواز Heloïse، 1101 – 1162)ی قوتابیی و خۆشەویستی.. ئەبیلارد فەیلەسوفێکی فەڕەنسیە و بەوە بەناوبانگە کە رۆڵی گرنگی هەبووە لە درووستکردنی زانکۆی پاریس و نوێنەرایەتی ئاداب و رەوشتی سەردەمی خۆی بووە و خۆشەویستییەکەشی لەگەڵ هیلۆسی قوتابی خۆی نمونەیەکی باڵای عیشقە لە مێژووی فەڕەنسادا، ئەبیلارد و هیلۆس بەهۆی باری کۆمەڵایەتی لە یەکتر دادەبڕێن و چەند نامەیەك دەگۆڕنەوە ئەو نامانە بە دەستپێکی ئەو هونەرە (رۆماننامە) دادەنرێن.. هەر

بەر لە گۆیتە دوو رۆماننووسیتر لە ساڵی 1749 جۆن کلیلاند و لە ساڵی 1771 چیرۆکی خانمی شتێرنهایمی Marie Sophie von La Roch،بەرهەمی لەو جۆرەیان هەیە، ئەو نووسەرە ئافرەتەی ئەڵمانیا ماری سۆفی فۆن لارۆخ چەندین بەرهەمی تری لەو بابەتەوە هەیە، نامەکانی رۆزەلین بۆ هاوڕێکەی.. لە سێ بەرگدا، نامەگەلێك بۆ لیندا و .. تاد دوابەدوای ئەو بەرهەمانە ئینجا ئەوەی گۆیتە لە ساڵی 1774 چاپدەکرێ کە لە هەموو ئەورووپا دەنگی دایەوە.

من لە نۆڤلێتی (لەسەرووی عاشقبوون) وامکردووە، هەموو نۆڤلێتەکە یەك نامەیە، رەنگە ئەوەیان درووستتربێ کە بخرێتە خانەی رۆماننامە نەك ئۆلگا.. ئەوەی (ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا) یا (ئیرەم) یا (لە کەناری رووباری رایندا) تەنیا خێرا پەنابراوەتە بەر نووسینی نامەی کورت کورت، بە پێچەوانەوە لە یەکەمین کارمدا لە رۆمانی (گەشتێك بەرەو ژنەکان) کۆنستراتسیۆنی زیاتر لەسەر نامەنووسین و نامەوەرگرتن کراوە، رەنگە پەنابردن بۆ نووسین یا وەرگرتنی نامە لە رۆماندا پەیوەندی بە کۆمەڵێك حاڵەتەوە هەبێ، لەسەرووی هەموو ئەوانەوە لایەنی تەکنیکی رۆمانەکەیە، من لە گەشتێك بەرەو ژنەکان باسی نامەگۆڕینەوەی هەرزەکارێك و ژنێك دەکەم کە تازە شووی کردوەو هەردووکیشیان دانیشتووی هەمانگەڕەکی شەعبین، پێم خۆشە لێرەدا دەقی هەردوو نامەکە

وەکو خۆی بنووسمەوە، بۆ ئەوەی لە گرنگی ئەو هونەرە تێبگەین و بزانین بە بەکارهێنانی نامە لەناو رۆمانێکدا دەتوانین چی بڵێین..
گەنجێکی قۆناغی یەکەم لە زانکۆ لە ژیانیدا دەستی بە دەستی ئافرەت نەکەوتووە، حەزی لە ئەدەبیاتە و شیعرو رۆمان دەخوێنێتەوە، ئێستا بۆ یەکەمجارە سلاوی لە ژنێك کردووەو ئەویش پێی گوتووە نامەم بۆ بنووسە، کورە دڕدۆنگە و نازانێ چۆن دەست بە نووسینی نامەکە بکا، بەڵام دواتر بە خۆی دەڵێ: ئەوە باشترین دەرفەتە بۆ تۆ تا هێزو دەسەڵاتی خۆتی نیشان بدەی، چۆن دەست پێبکەم؟ لە کوێوە دەست پێکەم؟ ئا..ئا..هاتەوە بیرم

ئەم سیڕە چییە میسلی سوهابێ نەسوابێ
دوڕی کە وەکو دوڕی سەمابێ نەسمابێ

ئەی هەوری تەڕی ئاسمانی عەشق لەسەر بیابانی وشکی گیانم، ئەی مەلەکووتی رەحمەت: ئەو کاتەو هەموو کاتێکت پڕبێ لە بۆنی بخوور و گوڵاڵەو هەڵاڵەو پێکەنینی گیان، وا ئێستا دەمەوێ بە فرمێسکی ئەو خامە غەریبەی کە تا ئێستا هەر لە خەیاڵدا کاری کردووە نامەیەکت بۆ بنووسم، دەمەوێ چەند وشەیەکی برۆنزیت بە رەنگی ئازادیی و بە دەنگی ئاوەدانیی بۆ بنووسم.. دەمەوێ پێت بڵێم: گەر تەنیا جارێ قەدەر هەڵتبداتە ئامێزم، من دەتخەمە ژێر بارانی شەهوەت و هەوەس و لێدەگەڕێم، سەدا و

نەوای هانکە هانك و ناڵە و ئێش زەمین کەڕکا.. لێدەگەڕێم چڕنووکی قیژەت سینگم لەتوپەتکا، راستە چەند مانگێکە سوهای وەکو سەمات تەلیسمی شکاوە، بەڵام ئەوەیان بۆ من هیچ رۆڵێك نابینێ، ئەوەی کە بۆ من گرنگە رۆژێ لە رۆژان بگەمە ناو گەمەکان و بگەمە ناو ئەخزو عەتای ئەو بەهەشتە سواوە نەسواوە، حەزدەکەم وەك کارەکتەرێکی پۆڕنۆ دەروازەی قوڕگم بۆ زەمزەمی سوهات بخەمە سەرپشت و زمان بکەمە پاڵەوانی سەرەکی و ئەویش لە لەززەتدا بتکوژێ.. مەترسە کووشتنی مەجازم مەبەستە، ئەی فریشتە جوانەکە.. کووشتنێك لەنێو ئازار و لەززەت و ئێستەتیك..دووبارە رێزو سەڵاوم.

کوڕە چرکە چرکی شەو بە حەماسەتەوە دەژمێرێ تا سپێدە دێتەوە، بەهەرحاڵ دەڕوات و هەر چۆنێك بێ، ئەو نامەیە دەداتە ژنەکە، تا ئاقاری کۆتایی گەڕەکەکە دەڕواو بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی نامەکە بە رێگای خۆیدا دەگەڕێتەوە، دەڵێ: کە گەیشتمە کنی، دەستی راستەی بۆ درێژکردم، بە هەڵپە هەڵپ و شڵەژاوییەوە پارچە کاغەزێکم لێی وەرگرت، مەترێك.. دوو.. سێ.. شەش.. پەنجا.. لەگەڵ هەر هەنگاوێك دوورکەوتنەوە دەمویست هەنگاوێك بەرەو دواوە بگەڕێمەوە، کاغەزەکەی ناو دەستمم توند توند دەگوشی تا ئاستێ کە خەریکبوو ئاوی لەززەتی لێدەچۆڕا.. ئەو کاتەی نزیکی ماڵەوە بووم.. کاغەزەکەم کردەوە لێی نووسرابوو:

بسم الله الرحمن الرحيم
رۆژی جمعه سعات 12 وەرە مێردم لە مارێ نیە
خواحافیز

گومانم نییە کە ئەو تەکنیکە یا ناوەڕۆك و زمان و چۆنییەتی بیرکردنەوەی نامەنووسەکان کۆمەڵێ شت بە وەرگر دەبەخشن، ئاستی زانستیی و مەعریفی هەردووکیان،نزیکبوونەوە لە زانینی تەمەنیان، خوێندەوارییان، لایەنی دەروونیان، باری کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی ئەو کۆمەڵگایە کە ئەو نامانەی تیا نووسراوە و چەندین شتیتر..
بۆیە پەنابردن بۆ نامەنووسین لە رۆماندا دەکرێ کۆمەڵە شتێکمان بۆ سانا بکا کە رەنگە نەتوانین بە دەیان لاپەڕە بیڵێین، یا دەکرێ بتوانین لە رێگای ئەو شێوازە جۆرێك لە ئێستەتیك بدەین بە دەقەکە بە شێوەیەکی گشتی..
من بۆ خۆم هیچ کاتێك بەر لە نووسینی رۆمان بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە رۆمانێکم نووسی دەبێ نامەگۆڕینەوەشی تێدابێ، بەڵام وەك دیارە لە زۆربەی کارەکانم هانام بۆ ئەو جۆرە نووسینە بردووە.

پرسیار: لە رۆمانەکانتدا، زمانی گێڕانەوەت زۆر نێزیکە لە زمانی شیعرەوە، ئایا زمانی شیعرو گێڕانەوە جودا نین؟ ئەگەر جودان بۆ ئەم زمانی شیعرییە لە رۆمانەکانتدا دەبینریٚ؟

_ رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو چەند رۆمانەی من نووسیوومن کەسانی شاعیرن، بەڵام ئەوە نابێ وامان لێبکات کە دایکی کارەکتەری سەرەکی و برا و برادەر و تەنانەت ئەوەی رۆژێك سەلاویکیشی لێکردووە شاعیر بێ و بە زمانی شیعر قسە بکا، وەك ئەوەی بەختیار عەلی دەیکات، کابرا خوێندەواری نییە کەچی دەیەوێ تیۆریکی جیا لەوەی داروین دابنێ، ئەو حاڵەتە نەك هەر لە رۆمانی کوردی بەڵکو لە بەشێکی بەرچاوی رۆمانی رۆژهەڵاتدا هەیە، رۆمانەکانی ئەحلام موستەغانمی بخوێنەوە تۆ شیعر دەخوێنییەوە، لە گۆڤاری (افکار)ی ئوردەنی هەمان ئەو پرسیارەی کە لێرە لە من کراوە، لە رۆماننووسی سوری (حەیدەر حەیدەر) کراوە سەبارەت بەوەی کە بۆ بە زمانی شیعر رۆمان دەنووسێ، ئایا دەیەوێ رۆمانی عەرەبی گەشە پێبدا و بەرەو رۆمانە شیعری ببا؟ ئەو بە نەخێر وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێ: من لەگەڵ درووستکردنی ئەتمۆسفێرێکی شیعری دام لە رۆماندا.. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو جۆرە رۆمانە کە بە زمانی شیعر بەرهەمدەهێنرێن وجودیان لە هەموو گۆشەیەکی دنیادا هەیە، رۆمانی (بەفر)ی فێرمین کە نووسەرەکەی یابانییە

رێك رۆمانەشیعرێکە و ناوی رۆمانی بەسەرەوەیە، ئەمەو چەندین نمونەیتری لەو جۆرە.

بە بۆچوونی من رۆمان کە لە بنەڕەتدا ژانرێکە زیاتر بەرهەمی عەقڵ و هاوکێشە ماتماتیکییەکانی ژیانی خۆراوایە، لە خۆرهەڵات زیاتر بەرەو سۆز و عاتیفە و ئیحساسات براوە، دەکرێ ئەو چەند رۆمانەیش کە باوەڕدەکەم بە ژمارە یەکجار زۆر بن، لە خوێندنەوە رەخنەییەکانەوە بە چاوێکی جیاترو حیساباتی جیاتر بخوێندرێنەوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەستە بە من، دەتوانم بڵێم پەشیمان نیم لەوەی کە بەو شێوازە رۆمانم نووسیوە، بەڵام کە لە داهاتوو رۆمان بنووسم ئیدی واز لەو زمانە دێنم و بە زمانی رۆمان، رۆمان دەنووسم نەك بە زمانی شیعر.

پرسیار: لە رۆمانی ئۆلگا بۆرۆدینۆڤادا، هەست بە ئامادەبوونی پرسیاری فەلسەفی دەکەین، وەك "من چیم؟"، "من کێم؟"،"بۆچی هاتووم؟"، "چارەنووس چییە؟"و "باوەڕهێنان چییە؟" لەنێو رۆماندا وەرامی هەموو ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە؟ یا با بپرسین: پرسیارورووژاندن، هەموودەم پێویستی بە وەرام هەیە؟

_تێکەڵبوون و بەناو یەکاچوونی رۆمان و فەلسەفە لە کۆمەڵێك لایەن و ئاستدا روودەدەن..بەو دوایانە هەندێ بۆچوون هەن

پێیان وایە کە رۆمان خەریکە جێ بە فەلسەفە لەق دەکا چونکە هەڵگری زۆرترین ئەزموونەکانی بەشەرییتە، یا بە دیویێکیدی پێیان وایە کە فەلسەفە دەبێتە بەشێك لە رۆمان، بەڵام بۆچونێکیتر هەیە کە ئەو بەیەکاچوون و ئاوێتەبوونە بە پەیوەندییێکی سرووشتی دادەنێ لەنێوانی رۆمان و فەلسەفە، زۆرجار فەیلەسوفە نوێکان کار لەسەر پرسیارە فەلسەفییەکانی کارەکتەری رۆمانەکان دەکەن و بە پێچەوانەشەوە رۆماننووسەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە فەلسەفەیەك لە رێگای کارەکتەرو چیرۆکەکانیان بەرجەستە بکەن، یاخود مێژووی فەلسەفە لەسەر زار و بە رووداوی کارەکتەرەکانیان بگێرنەوە، جیهانی سۆفیای یۆستاین گاردەر نمونەیەکی بەرچاوی ئەو جۆرە رۆمانانەیە..

لە لایەکیترەوە زۆرێك لە فەیلەسوفەکان بە سودوەرگرتن و گەرانەوە بۆ رۆمان و گێرانەوەکان گەیشتوونەتە ئەوەی کە فکرو دنیابینی خۆیان سەبارت بە خود و زەمەن و شوناس دەرببرن، ئەوەی کە سێیانی (وجود- زەمەن- سەرد) لای پۆل ریکۆر تەواو دەکات رۆمانە جیهانییەکانە، یا میشیل فۆکو ئەوەی کە زۆر تەئەمولی بۆ بوون و شتەکان کرد و بە جۆرێك لە فەلسەفەی سەردی دانا و دواتر لەو لێکۆڵینەوانە بەدەرکەوت کە لەسەر گێرانەوەکانی بۆرخیس ئەنجامیدا.. لای ئیمبرتۆ ئیکۆش کاتێ سەرد بە شێوازێکی نوێ دەکاتە فەلسەفە و دەیکا بە دارستانێکی چڕ لە شۆك و ترس و ئاشکراکردنی نهێنییەکان.

بۆچوونێکیتر هەیە پێی وایە رۆمان و فەلسەفە دەبێ دووشتی لێکجیابن، بە نموونە ئیریس موردۆخ (Iris Murdoch1919–1999) داهێنەری ناسراوی ئۆکسفۆردو رۆماننووسی بەناوبانگ کە لە نووسینەکانیدا کاری لەناو بابەتە رۆشنبیرییە گرنگەکانی وەك هۆشیاریی و مۆراڵ کردووە، پێی وایە کە رۆمان و فەلسەفە دووشتی تەریبن و نابێ تێکەڵ بکرێن، فەلسەفە پێویستی بە زهنێکی شیکارکارییەوە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تێگەیشتن بە زمانێکی پەخشانئامێزی ساناو راشکاوانە، بەڵام ئەدەب بە خەیاڵ و وێنەکردنەوە تەماشای شتەکان دەکا بۆ ئەوەی شتێکی ئەفسانەئامێز و ئاڵۆزمان سەبارەت بە ژیان نیشان بدا.

هەرچۆنێك بێ زۆرجار فەیلەسوفان رۆمانیان نووسیوەو رۆماننووسەکانیش تەلمیحات و ئاماژەی فەلسەفییان لە رۆمانەکانیان داوە، جان پۆل سارتەری فەیلەسوف رۆمانی نووسیوە، سانتیانا جۆرج بە هەمان شێوە، بە پێچەوانەوە نیکۆس کازانتزاکیس و تۆماس مەن رۆمانیان نووسیوە کە چەندین تێمەی فەلسەفی قووڵی تیا رووژاوە..

**پرسیار**: دێرك واڵکۆت پێی وایە:"ئەدەب دەمی زامێك هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵی دەداتەوە." دەتوانین بڵێین لێکۆڵەر و رەخنەگری ئەدەبی کوردی، دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکانەوە؟

_ زۆر بەداخەوە لێکۆڵەرو ڕەخنەگری کوردیمان یەکجار کەمە، ئەو چەند خوێندنەوەیە کەمەیش کە هەیە خودی بەرهەمهێنەری دەقەکانن لەناو خۆیاندا خوێندنەوە بۆ دەقەکانی یەکتری ئەنجام دەدەن، بێگومان لە ڕاستیدا نابێ ئاوابێ.. من لێرەدا گلەیی زۆرم لە ناوەندەکانی زانکۆ هەیە، بەشی هەرە زۆریان کە ماستەرو دکتۆرا تەواو دەکەن ئیدی کارو مەعریفەیان لە ئامادەکردنی مەلزەمەیەك و خوێندنەوەی بۆ قوتابیان تێپەڕ ناکا..

پێم وایە ئەو بابەتە زۆر زیاتر هەڵدەگرێ کە من لێرەدا باسی بکەم، چونکە بابەتێکی فرەلایەنە و پێویستیمان بە زانیاری ورد دەبێ تا بە بەڵگە قسە بکەین، بۆیە هەر بەوە واز دەیەنم کە تا ئێستا ئێمە لێکۆڵینەوەمان یەکجار کەمە چونکە توێژەرو لێکۆڵەری بواری ئەدەبیاتمان زۆر کەمە، بۆیە قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ڕەخنەگری کوردی دەچێتە نێو پێکهاتەی دەقەکان یا نا زیادە، دەکرێ تاك تاکی خوێندەوەکان وەرگرین و قسەیان لەسەر بکەین.

پرسیار: ئەڵبەتە وەك ئاگەدار بین، ئەوانەی لە کوردستاندا ڕۆمان دەخوێننەوە، زۆربەیان بە دوای خاڵی هاوبەشی نێوان خۆیان و کارەکتەری نێو ڕۆمانەکاندا دەگەڕێن، بەو مانایە، ئەگەر

کارەکتەر لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی خوێنەرە کوردەکە نەگونجا، قبووڵ ناکرێ. حەز دەکەم بپرسم: بۆچی زۆربەی خوێنەرانی دەقی گێڕانەوەیی کوردی، لەو رۆمانانەی کە دەیانخوێننەوە، تەنیا بە دوای خاڵی هاوشێوەییدا دەگەڕێن؟ ئەگەر رۆمانێك ئەو لایەنەی بە شێوە سەڵتەکە تەوزیف نەکرد خراپە؟

_ لە هەموو دنیادا لە چەندین ئاست و بە چەندین شێوە کارو کاردانەوە لەنێوانی تێکست و وەرگر روودەدات، وەرگرانێك هەن رێك دەکەونە ژێر سیفات و هەڵسوکەوتی کارەکتەری رۆمانەکان و لەگەڵ خوێندنەوەی بەرادەوامیان، رۆمان دوای رۆمان پیکهاتەی کەسایەتی وەرگر لەژێر کاریگەریی و کارتێکردنی وەك گوتمان کارەکتەری رۆمانەکان دەگۆڕدرێ، ئەو جۆرە لە وەرگر کەسانێکن زوو موعجیب دەبن و زوو گۆڕان بەسەر کەسایەتی و ژیانی رۆژانەشیان دادێ و زۆرجار دەبن بە نیمچە کۆپییەکی کارەکتەری نێو رۆمان و فیلمەکان.
جۆرێکیتر لە وەرگر هەیە کە دیالۆگ دەخولقێنێ، هەمیشە بە دوای زۆرترین وەرگرتن و زۆرترین هەڵوەستەدا دەگەڕێ و ئەو جۆرە لە خوێنەر، بەژدار دەبێ لە سەرلەنوێ دارشتنەوەو سیاغە کردنی تێکست، ئەو جۆرە وەرگرە کەسانی کراوەن و قبووڵی کەسایەتی و کەسانیدی دەکەن و دیالۆگ و رامان و بیرکردنەوە بنەمای بنیادی کەسایەتی ئەوانەو بێ بنەما ناکەونە ژێر

کاریگەریی کارەکتەری نێو رۆمانەکان و کەسانێك نین کە گۆڕانی خێرا لە کەسایەتی و بۆچوون و عەقڵیەتیاندا روویدا..
جۆری سێیەم ئەوانەن کە زۆر رەفزدەکەن و حەزدەکەن کارەکتەری رۆمانەکان بە گوێرەی بیرکردنەوەو تێفکرین و دنیابینی ئەوانەوە هەڵسوکەوت بکەن، ئەوانە حەزدەکەن رەوتی رووداوەکانی رۆمان بە گوێرەی هەوەسی ئەوان پێچ بکاتەوە بەرەو ئامانج بڕوا.
سەبارەت بەوەی کە (ئەوانەی لە کوردستاندا رۆمان دەخوێننەوە، زۆربەیان بە دوای خاڵی هاوبەشی نێوان خۆیان و کارەکتەری نێو رۆمانەکاندا دەگەڕێن، بەو مانایە، ئەگەر کارەکتەر لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی خوێنەرە کوردەکە نەگونجا، قبووڵ ناکرێ) من هیچ زانیارییەکم لەو رووەدا نییە کە خوێنەری کوردی ئاوابن، من بۆخۆم لەو جۆرە خوێنەرانەم کە درەنگ دەکەومە ژێر کاریگەری، هەمیشە لەکاتی خوێندنەوە پرسیار دەکەم و دیالۆگ دەکەم، بۆیە ئەو رۆمانانەم خۆشدەوێن کە دەرگای زۆرترین پرسیارو دیالۆگم بۆ ئاوەڵا دەکەن.

پرسیار: ئومبێرتۆ ئیکۆ دەڵێ:"ئەگەر رۆمانەکانم دەربڕی خۆم بن، ئەوا من چیتر خۆم ناناسمەوە" ئەدی زانا خەلیل چی؟ ئەگەر رۆمان دەربڕ لە نووسەر نەکا، لە کێی دەکا؟

_ من بەخوێندنەوەی کارەکانم باوەڕم دێ کە کارەکتەرە سەرەکییەکان خۆمن، ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکان لە ژیانی من ڕوویانداوە، لەگەڵ ئەوەش کە زۆر قووڵ دەبمەوە و هەڵوەستە دەکەم، لە خۆم دەپرسم: ئەرێ بەڕاست ئەوە منم؟ بەڕاست من لە واقعدا ئاوابووم؟

# نووسەر و شاعیرانی بە ئەزموون
# لە بارەی گەنجانەوە دەدوێن

ئامادەکاری تەوەر: کارزان ڕەحمان

چەند ساڵێکە، کە دەتوانین بڵێین لە دواي ساڵي 2000ەوەیە، لە نێوەندي ئەدەبي کوردیدا کۆمەڵێك گەنج دەرکەوتوون، ئەم نەوەیە، وەك هەر نەوەیەکي تر، تا ئێستە وەکوو پێویست لە لایەن شاعیرە بە ئەزموونەکانەوە نەخوێندراونەتەوە. بۆ ئەوەي ئەو جیاوازي و جواني و جورئەتە تازەیە خامۆش نەبێت و شیعري کوردي هەردەم بدرەوشێتەوە، بە پێویستمان زاني چەند کەسێکي بە ئەزموون، کە پێشتر کەم تا زۆر لە بارەي ئەو نەوەیەوە نووسیویانە، یان ناویان هێناون، یانیش ڕقبەرایەتي و ناوچەچێتییان تێدا بەدي ناکرێت و دەزانن داهێنان و جیاوازیي هیچ نووسەرێك، بە داهێنان و جیاوازیي هیچ نووسەر و نەوەیەکي تر ناشاردرێتەوە، بیانخەینە نێو ئەم تەوەرەوە، دواي خوێندنەوەي وەڵامەکانیشیان، هەر یەکێکمان لە لایەن خۆمانەوە، ڕوانینەکانیان هەڵسەنگێنین، تا لە دواجاردا بزانین – بە

**گشتي – خاڵە ئیجابي و سلبییەکاني ئەم نەوە تازەیە لە نێو پرۆسێسي نووسیني بەرپرسیارانەدا کامانەن:**

**– کۆمەڵێك گەنج لە دواي ساڵي 2000ەوە دەرکەوتوون، کە دەتوانین بڵێین ئەمانە نەوەي دواي 2000ن. ئایا ئەم نەوە تازەیە لە چ لایەنێکەوە و تا چەند ئیزافەیان کردووەتە سەر ئەدەبي کوردي.**

*** دەستنیشانکردنی ئیزافە (ئەگەر کرابێ) لە شیعردا لای نەوەیەك کە لێرەدا بە نەوەی دوای 2000ەوە ناونراوە، کاری چاوپێکەوتن یا قسەیەکی سەرپێیی لەو چەشنەی ئێمە نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەو بەحسێکی ورد و پڕ لە هەڵوەستەی ئەکادیمی گەرەکە لەبەر دوو هۆ:**

**1-رەنگە ئێمە ئاگاداری تەواوی ئەو بەرهەمانە نەبین کە بە پەرش و بڵاوی لێرەو لەوێ بڵاوبوونەتەوە و بڵاو دەبنەو.**

**2–هیچ وەرچەرخانێکی ئاوا دیار و بەرچاو لە ئارادا نییە کە بووبێتە دیاردە تا سەرنجی خوێنەر و توێژەران بەلای خۆیدا رابکێشێ.**

**ئیزافەکردن بۆ سەر ئەدەبیات کارێکی هەروا سانا نییە، ئەدەبی ئیبداعی بە هەموو ژانرەکانییەوە، نە دین، نە نەتەوە، نە مێ، نە**

نێر، نە بچووك،  نە پیر، نە زمان، نە خاك، هیچ شتێك ناناسێ، هەمووشیان دەناسێ و درێژکراوەی هەمووشیانە..داهێنان پەیوەندی بە چرکەو دەقیقە و سعات و رۆژ  و ساڵ و دەیەو سەدەشەوە نییە(ئەگەر بە پێوەری مێژوویيەوە بخوێندرێتەوە)، بەڵام تۆ چۆن و بە چ شێوازێك رۆحی ئەو  چرکەو دەقیقە و سعات و رۆژ  و ساڵ و دەیەو سەدەیە دەناسیت و دەتوانی کەشفی پەنهان و نهێنییەکانی بکەیت؟ یان نا، تۆ چیت و چیبوویت؟ کە هیچ یەکێکیتر لەو 7 ملیار مرۆڤەی سەرڕوی زەمین وەك تۆ نین و رەنگە لە زۆر شتیش نەتوانن وەك تۆ بن؟ ئەو وەك ئەوان نەبوونە، یان بێ توانستیی ئەوان لە وەك تۆ بوون دەکرێ ئیزافەی لێبکەوێتەوە، بەڵام بێگومان ئەوە زۆر بە کەمی روودەدا، چونکە تەنیا بەهرە بەس نییە بۆ ئەو (وەك ئەوانیدی نەبوونە)، بەهرە یان توانستی مرۆڤ لەو بوارەدا کە ئەویش ئاکامی ئەو ئەتمۆسفێرەیە کە (من) لە ئێستادا وەك ئەنجام نیشاندەدا لە شیعر تەنیا یەك ستوونە بۆ ئیزافەکردن، ئیزافەکردن بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتدا ئەزموون و قاڵبوونەوەی گەرەکە، ئەزموون و قاڵبوونەوەی جددی بەو پێیەی کە هیچ دابڕانێك لە نێوانی ئەدەبیات و ئەدیب روونەدابێ، دوای ساڵی 2000 کۆمەڵێك گەنج دەستیان بە نووسینی شیعر کردووە، چ ئیزافەکیان کردووەلە شیعری کوردی؟ بە بۆچوونی من لێرەو لەوێ هەوڵ هەیە، بەڵام ئەو ئیزافەیەی کە بووبێتە دیاردە بوونی

نییه، وەك بە نمونە ئەوەی کە گۆران و شێخ نوری یا پەشێو و شێرکۆ بێکەس لە قۆناغێکدا کردوویانە..لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بەردەوامە، شاعیرانی هەشتاکان هەوڵی جددیان هەیە، تا ئێستایش بەردەوامن..دوای ساڵی 2000 یش کەسانێکی زۆر خەریکن کە جێگای هەڵوەستە و خوێندنەوەی جدین، بەڵام کە دەستیشان و خوێندنەوەی ورد ئەنجام نەدراوە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە.

– لە دواي ساڵي 2000ەوە، کۆمەڵێك کتێبي شیعري بڵاو کراونەتەوە، هەروەها چەندین دەقیش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە، کە نووسەرەکانیان بە تەمەن گەنجن. ئایا کاتي ئەوە نەهاتووە بە شاعیرە باشەکاني ئەم نەوەیە بڵێین باش و بە خراپەکانیش هەروەتر، باشي و خراپیش بە لێکدانەوە و دوور لە ناوچەچێتي و هاوڕێتي و هەر پێوەندي و ڕقبەرایەتییەکي تري ناپێویست؟

* بە بەراورد، من ئەو دەستنیشان نەکردن و لێکجانەکردنەوە و بێدەنگییەم پێ باشترە لە بڕیاردانێکی نامەنتقی.. بە تێڕوانینی من ئەو نووسینانەی کە لە  ڕۆژنامە بڵاودەکرێنەوە سەبارەت بە ئەدەبیات بە دید و جیهانبینی و لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانییەوە بڕیار لە ئەدەبیات دەدەن، لێرەو لەوێ مانشێتێك

دەخوێنیتەوە(باشبوو نەمردم ئەو رۆمانەم خوێندووە) ( عەمالیقەی شیعر فلان و فلانن) ( فلانە کەس باشترین شاعیری ئەو سەردەمەیە)(ئەو شاعیرە هیچ نییە) ...تاد.

ئەو بڕیارە لە کوێوە هات؟ چۆن ئەو قسانە دەسەلمێنی؟ پێوەرت چییە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە؟ چۆن باوەڕ بە خوێنەر دێنی کە ئەو قسەی تۆ وایە؟ جیاوازی ئەم و ئەو لە کوێوەیە؟ .

دەرئەنجامی ئەو ئەزموونە بچووکەی کە من لەو بوارەدا هەمە، سەلماندنی هەر یەك لەو مانشێتانەی سەرەوە کاری زۆر و هیلاکی زۆری دەوێ، هیلاکی زۆر بەو چەمکەی کە بەدواداچوون و ئاگاداری و سەرچاوەو تێگەیشتن و وردبینییێکی بێسنووری دەوێ.. بۆیە یان لێکۆڵینەوەی راست یا بێدەنگیی، من ئەو نووسینانەی کە لەسەر شیعر کراون یا دەکرێن بە خوێندنەوەی جددی نازانم، بەشی زۆری ئەو کارانەی کە کراون و من بینیومن پەیوەندی بەو رستەوە هەیە کە دەڵێ: (ئەوە بۆمن چییە؟) من و چێژی من پێوەرن بۆ هەڵسەنگاندن.. کە ئەوەش خوێندنەوەی سەرپێیی لێدەکەوێتەوە.

یەکێ لەو هۆیانەی کە ئەو ساردی سڕیەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا هێناوەتە ئاراوە، نەبوونی ئەو لێکجیاکردنەوەیە کە لەنێوانی تێکستی جوان و ئیبداعی لەگەڵ تێکستی دی دا هەیە.. بۆ گەنج ئەو رەئیدانە گرنگە، چونکە لە قۆناغێکدا گەنج چاوەڕوانی ریفلێکسە، چاوەڕوانە دەستنیشانی ئەو فەزایەی بکرێ کە کاری

تیا دەکات.. ئەو دەستنیشانکردنە گەرم و گوڕی و هێزی بەردەوامیبوون و بەرەوپێشەوەچوونی پێدەبەخشێ..
ئەوەی بیر لەوەش دەکاتەوە کە لەسەر بنەمای ناوچە و شارچییەتی و هاوڕێیەتی بیر لە خوێندنەوە هەڵسەنگاندنی تێکست بکا ئەوە هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی ئەلف و بای ئەدەبیات، چونکە ئەدەبیات و تێکستی داهێنەرانە بەر لە هەر شتێکت موڵکی مرۆڤە و بۆ مرۆڤە جا لە هەر شوێنزەمەنێکدابێ..

– ڕەخنەي ئەدەبي كوردي هەردەم لاواز و ڕاگوزەر بووە، بەڵام دەبينين ڕەخنە و لێكۆڵینەوە لە هەمبەر دەقي شيعريي ئەو شاعيرە گەنج و تازەيەدا لاوازترن. دەمەويٚ بە وردیي تيشك بخەيتە سەر هۆكارەكان. بۆچي؟

* لێرەدا مەسەلە گەنج و تێکستی گەنجان نییە، ئێمە ئەدەبیاتی خۆمان نەخوێندۆتەوە، پرسیار ئەوەیە: چ کارێکمان لەسەر تێکستەکانی پێشوو کردووە؟ من لەو ماوەیەدا کە خەریکی خوێندنەوەی (نالی)م بە دوو کتێبی جیا، ئێستا تێدەگەم کە چ هێز و توانا و تایبەتمەندیبوونێکمان گەرەکە بۆ خوێندنەوەی ئەو دیوانە!

ئەمە جگە لەو دیوانە چەندین قۆناغیتر و دیوانیترمان هەیە کە دەبێ بخوێندرێنەوە کەچی بە داخەوە جگە لە چەند کارێکی کەم هیچیتریان بۆ نەکراوە..بە کورتی هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی شیعری کوردی خوێندنەوەی پڕی بۆ نەکراوە، ئەو قۆناغەی ئێستایش بەشێکە لە قۆناغەکانی شیعری کوردی.
بۆیە لێرەدا ناتوانین بڵێین غەدرێکی تایبەتی لەو نەوەیە کراوە، کەمتەرخەمییێکی گشتگیر و سەراپا هەیە بۆ هەموو شیعری کوردی، بە بۆچوونی من خوێندنەوەی قۆناغەکانی شیعری کوردی یەك لە ئەرك و کارە گرنگەکانی ئەو نەوەیە کە ئێوە پێی دەڵێن: نەوەی دوای 2000.
تا ئەو کاتەی گەنجی دوای دوو هەزار هەموو قۆناغەکانی شیعری کوردی لەبەردەست نەبێ و بە تەواویش ئاگاداری شیعری دنیا نەبێ ئیزافەکردن لە شیعردا کارێکی ئاسان نییە، شانبەشانی ئەو بەهرەیەی کە لە هەندێ شاعیری دوای 2000 ەوە هەیە پێویستیمان بەو خوێندنەوەیش دەبێ تا بیر لە ئیزافە بکەینەوە، یەکێك ئەگەر بە تەمەن گەنج بێ و بە وردی هەموو قۆناغەکانی شیعری کوردی شارەزا نەبێ، هەرگیز بێ کەرستە لە بیاباندا تەلار درووستناکرێ، کاری ئێمە لە کوێوە دەست پێدەکات بۆ ئیزافەکردن؟ چ ئیزافە دەکەین ؟ ئەگەرچی هەر تێکستە و خاوەنی فەزایەکی تایبەت بە خۆیەتی بەڵام ئەدەبیاتی هەموو دنیا تەنیا یەك کتێبە هەریەکەمان و بە شێوەیەکی جیا ئەو کتێبە

دەنووسینەوە، بۆ ئەوەی خاوەنی ئەو ستایلە جوان و تایبەتییە بین لەسەر لەنوێ نووسینەوەی ئەو کتێبە، بەهەرەو مەعریفەی کتێب و مەعریفەی چاو و جورئەت و کۆمەڵێك شتمان پێویستە کە سانا نییە هەر کەسێك هات و گوتی شیعر دەنووسم ئەو هەموو خاسیەت و رەکیزە سەرەکیانەی هەبێ.

– لە زۆربەي کاتەکان و لە زۆربەی بڵاوکراوەکاندا دەقەکاني ئەو نەوە تازەیە ڕەت دەکرێنەوە، کە بڵاویش دەکرێنەوە، مەگەر چۆن، ئەگەرنا هەردەم سەرنووسەر، تەنانەت دەستەي نووسەرانیش وەکوو کۆمەك لە بڵاوکردنەوەي شیعرەکانیان دەڕوانن و وەها مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. بۆچي؟ بۆچي لە نێو کورددا خودي دەق ناخوێندرێتەوە؟ داهێنان پێویستي بە پێداهەڵگوتن نییە و بە هیچ شێوەیەك لە جوانییەکاني خۆي ناکەوێت، بەڵام بۆچي هەوڵي کوشتني جوانییەکان هەردەم بەردەوامە؟

* من بە پێچەوانەوە دەیبینم، لەو ڕووەدا بەختەوەرترین نەوە ئەو نەوەیەیە، با نەگەڕێینەوە دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا و سەردەمی بابانییەکان کە زۆربەی تێکستەکانیان ونبووە، هەندێ تێکست تێکەڵاوبووە، گومان هەیە کە ئەو تێکستە هی ئەو شاعیرەیە، دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا کۆن نییە،کەچی دیوانەکانی ماونەتەوە هەمووی دەستنووسن، تا دەگاتە رۆژنامەی کوردستان 1898 کە

لەوێوە وەرچەرخانێك روودەدا، دوای ئەو لە بیستەکانی سەدەی رابردوو تا حەفتاکان و لە هەشتاکانیش شاعیرانی کورد هەردەم لە خراپترین دۆخی بڵاوکردنەوەدا ژیاون و چاپ و چاپەمەنیش لە خراپترین دۆخدا بووە، شاعیرانی هەشتایەکان بە هەزار عەزاب توانیویانە تەنیا تێکستێك بڵاوبکەنەوە، باردۆخی بڵاوکردنەوە تا 2000 یش هەر کێشەی هەبووە، بەڵام لە دوای 2000ەوە وەك دیارە بە دەیان رۆژنامە و گۆڤار دەردەچن و ئەو کێشەی بڵاوکردنەوەیە یەکجار کەمبۆتەوە، جگە لە رۆژنامەو گۆڤار بە دەیان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە دامەزراون کە بە بەراورد لەگەڵ پێشوو وەك شۆڕشێك دێتە بەرچاو.

بەڵام کێشەکە بۆ شاعیرانی گەنج رەنگە لێرەدابێ کە رۆژنامەی کوردی دەیەوێ پێبنێتە قۆناغێکی ترەوە کە ئەویش قۆناغی هەوڵدانە بۆ تایبەتمەندیکردنی کاری رۆژنامەوانی.. بە بۆچوونی من رۆژنامەوانی کارێکی باش دەکات ئەگەر لەسەر ئەو رێگایە بەردەوامبێ، چ پەیوەندییێك هەیە لەنێوانی شیعر و رۆژنامە؟ من ئەو رۆژنامانە بە حەق دەزانم کە تێکستی شیعری بڵاوناکەنەوە، رەنگە مەسەلەی پاشکۆی ئەدەبی کار و بابەتێکیتربێ، بەڵام هیچ پەیوەندییێك نییە لە نێوانی رۆژنامەیەکی خەبەری سیاسی و شیعر.. دەبێ وردە وردە باوەڕ بە خۆمان بێنین کە رۆژنامە و ئەدەب و پزیشکی و ئەندازیاری و ...تاد پیشەی لێکجیان.

بۆیە پێویستیمان بە شارەزایانی شیعر هەیە کە گۆڤاری تایبەت بە شیعر دەرکەن و لەوێوە هەنگاوێك بەرەو ئەوەش دەهاوێژین کە ئەو تێکەڵاوییەی کە لە شیعردا هەیە فەرز بکەین و لە یەکتری جیابکەینەوە.

– زۆربەي نووسەرە بە ئەزموونەکان (ڕەخنەکار، شاعیر، لێکۆڵەر، نووسەر) تا ئێستە لە بارەي ئەزمووني ئەم نەوە تازەیە، بە جددي نانووسن و نەیاننووسیوە، تەنانەت مەگەر چۆن، ئەگەرنا ئاماژە بۆ ناوەکانیشیان ناکەن. بۆچي؟ دەتوانیت ناوي ئەو گەنجانەمان بۆ بنووسیت کە خاوەن تایبەتمەندیي خۆیانن؟

* گەنج لە رووی نووسینی دەقی داهێنەرانە جیاناکرێتەوە لە پیر، دەق دەقە کێ نووسەری بێ، ئەگەر بەو شێوەیە باس لە گەنج نەکراوە ئەوا دووبارەی دەکەمەوە باس لە پیر و مردووش نەکراوە لە ئەدەبی کوردی، بە شێوەیەکی گشتي ئەدەبی کوردی کەم خوێندراوەتەوە، ئەوەشیان بەو فەڕاغەوە پەیوەستە کە لە ناوەندی رەخنەدا هەیە، لە دەستی ئێمەدا نییە کە کورد رەخنەگر و وەرگێڕ و خوێنەری کەمە، من لێرەدا باس لە ئاکام دەکەم ئەو ئاکامە بە چ فاکتۆرێکەوە پەیوەستە؟ بێگومان هۆیەکان زۆرن..
کێ تایبەتمەندە؟ من باوەڕم وایە تایبەتمەندبوون هەروا سانا نییە، بەتایبەتیش بۆ گەنج، چونکە ئەزموون و مەعریفە بەرەو ئەو

ڕێگایەت دەبا، یا کلیلی کردنەوەی ئەو دەرگایەیە، هەوڵ هەیە لای گەنجان بۆ دۆزینەوەی ئەو کلیلە، هەر یەکەو ڕێگایەکی هەڵبژاردووە بۆ گەیشتن بەو کلیلە، بە بۆچوونی من باشترین ڕێگا ئەوەیە کە گەنج وا کاربکات ئەو درێژکراوەیە، درێژکراوەی نەوەکانی بەر لە خۆی، پێشووی خۆی بخوێنێتەوە، هیچ ڕستەیەکی داهێنەرانەی قووڵی فەلسەفی بە خۆڕسکی لە دایك نابێ، زیرەکی و بە توانایی من لەوەدا سەرچاوە دەگرێ کە ئەو ڕستەیەی دەمەوێ بیڵێم بە شێوازی خۆم تەلەفوزی بکەم، لەگەڵ ئەوەش کە چۆنیەتی تەلەفوزکردنی ئەوانیدی بزانم، زانینی چۆنییەتی تەلەفزکردنی ڕستە لای ئەوانیدی بە مەرجی تایبەتمەندبوون دەزانم، لە کۆتاییشدا خۆم بە ڕاستگۆییەوە ئەوە دەڵێم کە دەمەوێ بیڵێم.. بۆ مەسەلەی کێ تایبەتمەندە من نامەوێ ئەو غەدرە دووبارە بکەمەوە، ئەگەر پێم وابوو کێ ئەو تایبەتمەندییەی هەیە ئەوا لە نزیکترین دەرفەتدا بە پێوەری مەنتقی و بەو شارەزاییە کەمەی من هەمە دەیسەلمێنم، جارێ لە نالیم، زانیم تایبەتمەندە لە ئیرۆتیك، جیاوازە لە هەموو هاوجیلانی، بۆیە هەوڵمدا بە کتێبێك ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییە بسەلمێنم.

## له شیعری ئێستای کوردیدا
## پێویستیمان به گۆڕانی بنەڕەتی هەیە

گۆڤاری ڕامان ژماره 106 ڕۆژی ( 2006/3/5)



**دیمانه : د.سەروەر عەبدوڵلا**

**لەم جیهانەی ئەمڕۆماندا نووسینی شیعری بووەته ئەو وێستگه ئارامئامێزەی که لێی ڕاوەدەستین ، ڕاوەستانێك تێیدا کۆمەڵێك ڕووی جوانی لێ بەجێبێڵین و بەخێرهاتنیش له کۆمەڵێك ڕووی دیکه بکەین ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجه چەندیان لەم ڕووانه دووباره نین و چەندیشیان دووباره دەبنەوه ؟**
**لێرەوه کاری شیعری له شێوازێکەوه بۆ شێوازێکی دیکه جیا دەبێتەوه ، ئەم جیابوونەوەیش ، ئاستێکی نوێتر به هەوڵی شیعری دەدات .**

له وێستگه شیعریەکانی ( زانا خەلیل ) ی شاعیردا خۆشبەختانه چەندین دووباره نەبوونەوه بەدی دەکرێت ، به شێوەیەك ئێستا هەوڵدەدات هەر کۆمەڵه شیعرێکی بڵاوی دەکاتەوه وەکو ئەوەی پێشتری نەبێ ، یا به لایەنی کەم کۆمەڵێك هەوڵی تازەی تێدابێت . ئەو هەوڵانەی که گومانی تێدا نییه به چەندین و چەندین خوێندنەوەی شیعری خودی ئەدەبی کوردی به هەموو لایەنێکەوه بەنده ، هاوکات لەلایەکی دیکەوەش له خوێندنەوەی شیعری ئەورووپی دابڕاو نییه ، به تایبەت شیعری هاوچەرخی ئەڵمانی ، ئەم دوو لایەنه جگه لەو لاسارییانەی خۆی له ئاست باوکسالاری ئەو تێکسته شیعرییه هاوچەرخه کوردییەی که دەمێکه له بازنه هەشتائامێزیەکەی خۆیدا خول دەخواتەوه ، که خۆیشی سەوڵی لێداوه .. ئەم بازنه هەشتائامێزییه شیعرییه هاوچەرخه کوردیەی که یەکێکه له وەرچەرخانه گرینگەکانی شیعرگەری کوردی ، بەڵام وا خەریکه ئەویش دەبێته باوکسالار ، ئەگەر هەروا له شوێنی خۆی بمێنێتەوه و خۆی زێوانی نوێ بۆخۆی پەیدا بکات . من لێرەدا نامەوێ به باڵای کاری شیعری شاعیردا هەڵدەم ، چونکه هەوڵه شیعریەکانی ئەو خۆیان قسه دەکەن ، مێژووش کەمتر باسی قسەی ئێمه دەکات ، زیاتر شیعر و شاعیر جێگەی باسن ، کەواته شاعیر بەرپرسه له پرسی شیعر نووسین و منیش بەرپرسم لەوەی شاعیر بهێنمه قسه و باس ، هەر بۆیەش بەم چەند پرسیارەم خۆم له بەرپرسیەتی خۆم دەدزمەوەو دەبمە میوانی

وەڵامەکانی ئەو ، ئینجا وەڵامەکانی بە دڵم بێت یان بە دڵم نەبێت ، هاوکات بە دڵی خەڵکی بێت یان ئەو ئەمە بۆ خودی خۆی دەهێڵێتەوە .

د.سەروەر عەبدوڵلا / بەرلین

* چـۆن دەڕوانیتـە ئاسـتە هونەرییـەکانی تێکسـتی شـیعری هاوچەرخی کـوردی ، بـە تایبـەت ئـەو تێکسـتانەی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی کوردستان بڵاودەبنەوە ؟

_ بێگومان ناکرێ سەد دەر سەد یەك تەماشاکردن و تێڕامـانێکی هاوئاست و ڕەهامان بـۆ ئاستە هونەرییـەکانی تێکستی شـیعری هاوچەرخی کوردی هەبێ ، واتە : عـەقڵ و چـێژ و خوێندنـەوە ، ڕێگا نادەن بە یەك چاو لە ئاستە جیا جیاکان بـڕوانین ، بـەڵام بـە شێوەیەکی گشتی بەشـێکی زۆری ئـەو ئـەو شـیعرانەی کـە لـەو زەمەنەی ئێمەدا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکـان بڵاودەبنـەوە ، لـە ـ بـا ـ دەچـن ، ( بـا ) یێـك کـە دێ و دەچـێ بـە بـێ ئـەوەی هـیچ کاریگەرییێك لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ !

ئاستی هونەری شیعری هاوچەرخی کوردی بە شێوەیەکی گشتی وەك (( کەمپێکی زۆرە ملیٚ )) وایە کە خانووەکانی هاوشێوەو هاوجۆرو هاوژمارەی ژوور و هاو پەنجەرە بن و لەسەر تەنیا تاکە نەخشەیەك بنیات نرابن ..
بێگومان نابیٚ تا ئەو ئاستەیش دڵڕەق بین کە غەدر لەو تەلارە شووشەیي و کریستالاٚویانە بکەین کە لەو کۆمەڵگایەدا وەستاون و بزەمان بۆ دەکەن و جوانیي نمایش دەکەن ..

* تا چ ڕادەیەك شیعر توانیویەتی ئێوە لەگەڵ خودی خۆتان کۆبکاتەوە و مانایەکی نویٚ بە بوونت ببەخشیٚ ؟

_ لەو ڕووەدا دەتوانم بڵێم : ( شیعر ئیکسیرە ، کیمیایە ، لە توانایدایە شاعیر و خودی شاعیر ئاوا خەڵتان و ئاوێتە بکا کە دەرئەنجام تەنیایي لیٚ بێنێتە ئافەریدە ) .. بێگومان تەنیاییێك کە دنیاییٚ چەمك و مەدلوول بە بوون دەدا .
زۆر جار کە لە بەرامبەر ئاوێنەی خودی خۆمدا دوەستم و بە هێوری و وردی و کۆنستراتسیۆن پرسیارێکی ئاوا ئاراستەی خۆم دەکەم : (( ئەگەر ئەو ئیکسیرە بەڕەڵلاٚیە نەبووایە کیٚ چ شتیٚ دەیتوانی ئاوا فێری ئاوێتەکردنی ڕەنگەکانی نێوانی من و خودی من بکا؟ خۆ ئەگەر ئەو کیمیایە خۆڕسك و خودایيە نەبووایە کەی من فێری ئەو هەموو شیکار و گومان و هەڵوەستە و گریان

و عیشق و لێکدانەوەو شیتەڵکردنی گریمانەکان و هاوکێشەکانی خودی خۆم و دەرەوەی خودی خۆم دەبووم ؟ ))

من ناچارم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بڵێم : (( بۆ خۆم باش دەزانم کە تەنیا شیعرە ڕۆڵی خوداوەند دەگێڕێ لەسەرزەمین ، بە لایەنی کەم لایمن .. خۆ هەر ئەو کیمیایە کە وادەکا تۆ و خودی تۆی شاعیر بە گۆشەگیری لەگەڵ گۆشەگیری و ڕامان و وردبوونەوە کۆبکاتەوە و بەشێکی گرینگ لە پانتایي زەمەن بۆ خۆی قۆرخ بکا . ))

شیعر وا دەکا شاعیر لەگەڵ زەمەندا بیر لە تێپەڕینی زەمەن و ژیانی ڕۆژانەو وردەکاریەکانی ناو ناو ژیان و مردن بکاتەوە ، من وا دەزانم کە شیعر کتێبی ئاشکراکردنی کۆدی هەستکردنە بە شتەکان و کتێبی تەفسیر و ڕاڤەکردنی هاوکێشەکانی ژیان و مردنە ، هەروەها کتێبی ماتماتیکیشە لەو کاتەی جوانیەکان و ناشرینیەکانی وجوود کۆدەکاتەوەو لێکیان دەردەکا ..

من پێم وایە : بۆ هەمیشەیي شیعر لۆژیکیترین دۆزەرەوەی کۆدی کۆدی هاوکێشە کۆدکراوەکانی خود و دەرەوەی خودە ، بۆ هەمیشەیي بە شێوەیەکی ماتماتیکی مانای نوێ و مەدلوولی نوێ دەداتە دیاردەو حاڵەتەکانی خۆت و ناوەوەی خۆتیش..

شیعر منی چۆن لەگەڵ خودی من ئاوێتە کردووە ؟

زۆر جار کە لە ژوورێکی ئاسایي ڕۆنیشتوومە و شیعر بە پەنجەرەی نائاسایي حاڵەتێکی نێوانی ئاسایي و نائاسایي

دەمگەیەنێتە نێو ئاسمانێکی نائاسایي ئەوە هەست دەکەم کە شیعر بۆتە نیگارکێشێك و ڕەنگەکانی من و ڕەنگەکانی خودی منی ئاوێتە کردووە و بە تەنیا ڕەنگێکی لێخولقاندووم کە جیایە لە هەموو ڕەنگەکانیدی ، جگە لەو شتانەیش کە باس کران ، دەتوانم بڵێم : بۆ من شیعر ڤیلاییێکی هەمیشە کەسکە ، پڕە لە ئەستێرەی سپی و خەونی پرتەقاڵی و تاووسی خودایي ، من دەتوانم تا هەتایي لە ناویدا پیاوێکی ئامادە بم و زەمەن تێپەڕێنم .

* ئەو خەوش و کلۆریانە چین بە جەستەی شیعری کوردی ئیمڕۆوە دیارە ؟

_ ئەگەر شێوەکار یا نیگارکێش بم نەتوانم سکێچي ڕوخساری مرۆڤێك دروست بکەم ، چۆن دەتوانم سوریالی و ئەبستراکت و ئایندەیي و مۆدێرن و پۆست بم ؟
من وای دەبینم کە زۆر لە تێکستەکانی ئێستای شیعری کوردی کۆمەڵێ ڕەنگی ئاوێتەکراوی خۆڕسکن ، هەرچی دێ ، دەست دەکاتە فڵچەیەك و کۆمەڵێ ڕەنگ دەهێنێ و بە خۆڕسکی ئاوێتەیان دەکا و ناوی دەنێ ( تابلۆ ) .. ئاوێتە و خەڵتانکردنی وشە و ڕیزکردنیان و ئەبستراکت کردنیان و ماسك کردنی ڕستەو هەندێ گاڵەوگیڤەی خۆڕسکی بێ بنەما ، نەك هەر بە تەنیا تێکستێکی ئێستەتیکی ناهێنێتە بەرهەم ، بەڵکو فەوزاییێکی

نائێستێتیکیش لەناو پانتایي تێکستە ئێستێتیکیەکان دێنێتە ئاراوە .

ڕۆشنە تێکستی لێڵکراوی دەستکرد و خۆڕسك و ڤالا لە هەموو خاسیەتەکانی شیعری داهێنەر ، خۆ لە خۆ شێواندنێکی خودی شاعیرێکی خۆ لێشێواوە ، بۆیە خوێنەری دانا و وەرگری زانا هەمیشە قووڵایي ئەو جۆرە تێکستانەی لێدیارە کە تەنانەت چەند سانتیمەترێکیش قووڵ نین ، نەك قووڵاییان لە قووڵایي دەریا بچێ و هیچ غەواسێك پەی بە زمڕووت و مەرجانەکانی ناوەوەی نەبا ..

بەشێکی زۆری ئەو تێکستانە لە پەیکەرێ دەچن ، کە بە ماسك شێوازی ڕوخساری دەگۆڕن ، هەموویان لە ژێر ماسکەکەدا یەك سیما و یەك ڕوخسارن ، هەمان دەم و لێو و چاو و گوێچکەیان هەیە گەر هەیانبێ ؟ بێگومان ئەوەشیان بێ هۆکار و فاکتەر نییە ، یەك بابەتی و لاسایي و زاڵبوونی نەوەی پێشوو بەسەر ستایلی شیعری و ....تاد هۆکاری بەهێزن بۆ بە دیاردەبوونی ئەو حاڵەتە ..

خەوشێکی گەورەی شیعری کوردی لە کەم ئەزموونی و تەسکی جیهانبینی و نەبوونی ڕۆشەنبیری چاو و مەعریفەی پراکتیکي شاعیری کوردە ..

زۆربەی زۆری شاعیرانی کورد لە ناوەوەی وڵات لەناو سێگۆشەیەکدا ژیان و زەمەن دەگوزەرێنن ، لووتکو ترۆپك و

دوندی ئەو سێگۆشەیە (( یانە )) یە .. ئەوانیدیش یەکێکیان (( وەزیفە )) یە و ئەویدیش (( ماڵ )) ە .. من پێم وایە لەگەڵ سەفەری تیۆری لە ڕێگای کتێبەکانەوە ، شاعیر پێویستی بە سەفەری ڕاستەقینە و ڕۆشەنبیری پراکتیکی و ئەزموونەکانی چاو و کۆکردنەوەی یەك دنیا تاقیگە دەبێ ، تا تووشی بازنەگیری و بابەتگیری نەبێ ..

لە ڕۆمانی (( زۆربا )) دا بە ئاشکرا دەبینین کە (( سەرۆك )) پیاوێکی مەعریفی بە توانایە و هەمیشە لەنێو کتێبەکاندا ژیان دەبینی و خاوەن مەعریفەیەکی تیۆری جوانە ، کەچی زۆربەی جارەکان سەرسوڕماوی خۆی بەرامبەر بە زۆربا نیشاندەدا ، کە پیاوێکی نەخوێندەوارەو هیچ پەیوەندییێکی بە جیهانی کتێب و ڕۆشەنبیری تیۆریەوە نییە ، بەڵام خاوەنی ڕۆشەنبیرییێکی گەورەی پراکتیکیە و خاوەنی کولتورێکی گەورەی چاو و ئەزموونە .. یان لە ڕۆمانی (( کیمیاگەر)) ی "پاولۆ کۆیلۆدا ، کە پاڵەوانەکە دەگاتە بیابان ، کتێبە ئەستوورەکەی تووڕ هەڵدەدا و دەڵێ : بیابان کتێبە. یاخود نالی کاتێ کە لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ :

مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و گوڵ و مووڵ

بە دووسەد مەدرەسە و دەرس و کیتابی نادەم

من لێرەدا دەمەوێ بە تەنیا ئاماژە بە گرینگی ڕۆشەنبیری چاو بکەم ، کە تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی هەیە لە برەو پێدانی مەعریفەی تیۆری .. بێگومان من لەگەڵ هەڵدانی خوێندنەوەو هەڵدانی

کتێب نیم بە بیانۆی ئەوەی کە بیابان کتێبە ، یاخود گرینگی ڕۆشەنبیری چاو زیاتر بێ لە ڕۆشەنبیری تیۆری ، بەڵکو من پێم وایە : کە دەبێ هەردوو ڕۆشەنبیری و زانینەکە وەکو یەك بڕۆن تا تێکست خۆی لە بازنەکانی بابەتگیری و کاوێژو خۆدووبارەکردنەوە دەربازی بێ .. دیارە بێ بەشی بەشێکی زۆر لە شاعیرانمان لەو ڕۆشەنبیریانە پەیوەندی هێندە بە کەمتەرخەمی خۆیانەوە نییە ، بەقەد ئەوەی بەو قەدەرەوە پەیوەستە کە ژیانی ئەوانی بەدەستە وەیە ..

خەوشی تر ئەوەیە کە خوێندنەوەی جددی و وردبینانە بۆ شیعری هاوچەرخ بە تایبەتی و شیعریش بە شێوەیەکی گشتی نییە ، کە ئەوەیان بە بۆچوونی من پانتاییێکی فراوانی بۆ ئەو فەوزایە نائێستەتیکیە هێناوەتە کایەوە .. کورد بە درێژایي مێژووی خۆی کەم جار (( بیرمەند و ڕەخنەگر )) ی بە توانای بەرهەمهێناوە ، کە بتوانن و توانیبیان قسە لەسەر تێکستی و مەعریفە و فیکر بکەن .. بێگومان ئەگەر بە دوای هەموو خەوشەکانی شیعری کوردیدا بگەڕێین ، ئەوە قسەی زۆرترمان دەبێ ، بەڵام من بە ئومێدێك واز دەهێنم کە ئەویش ئەوەیە : (( ئومێدم وایە نەوەی نوێ هەوڵێکی جددی لە پێناوی نەهێشتنی ئەو هەموو خەوش و کلۆریانە بدا کە لە جەستەی شیعری کوردی ئێستادا هەیە)).

* لەم دوا دواییە دەستتان کردووە بە نووسینی (( sms )) ی شیعری و بە چەند هەوڵێکی جوان دیوانێکی تازەت بە ناوی (( مۆبایلە شیعر )) لێ دەرکرد ، چۆن و بە چ شێوەیەك ئەو کارەت بە ئارای جیهانی شیعری ئێستا گەیاند ؟
ئایا ئێوە تا چ ڕادەیەك بە ماددەیەکی شیعری تێدەگەن ؟ دەکرێت ئەم ماددە شیعرییە نوێیە زیاتر زیاتر پەرەی پێبدرێ؟ چونکە وا دەزانین ئەم (( sms )) انە بواری نووسینەکەیان لە دوو تا سێ دێڕ زیاتر تێپەڕ ناکا ، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری لە دوو دێڕ دایە ؟

_ زووتر بیرۆکەی نووسینی ((sms))ی شیعریم لە یەکێ لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا لا گەڵاڵە بوو ، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە گۆشەی یەکێ لە ڕۆژنامەکان خوێندمەوە کە ڕۆژانە بە ملیۆنەها ((sms )) بە تەنیا لە ئەڵمانیا دەگۆڕدرێتەوە ، من ئەو دیاردەیەم زۆر لا سەرنج ڕاکێشەرو سەیر و نامۆ بوو ، دواتر هەر لەو ڕۆژنامەیەدا چەند نمونەیەکی ((sms )) ی نائاسایي دابوو .. ئەو بیرۆکەیە هەر بە خەوتوویی لە یادگەی من مایەوە ، تا مانگی دووی 2005 ، کە گەڕامەوە کوردستان هەمان دیاردەم دیت ، ئەوەی کە بە خۆم دەمدیت لە گۆڕینەوەی ((sms)) جێگای پرسیاربوو ، بەڵام ئەوەی کە زیاتر هانیدام تا ئەو بیرۆکە خەوتووە خەبەر بکەمەوە ، نا شیعریەتی ئەو ڕستانە بوون کە بۆ یەکتر

دەنووسـران ، زمـانێكی وشـك و خـاڵی لـە هـەموو شـیعریـەت و ئەدەبیاتێك ، قسەی ڕووت و بازاڕی .. ئیـدی كارەسـات بـوو ، بۆیــە دەســتم كــرد بــە نووســینی ((sms)) ی شــیعری و لــە حەفتەیەكدا زیاتر لە 260 نامەی كورتم نووسی .. دواتـر لەگـەڵ پێشەكییەكی مامۆستا مەحمود زامدار و پێشـەكییەكی د.سـەروەر عەبدوڵلا و پێشەكییەكی خۆم لە كتێبێكدا بلاوم بكردنەوە ..

وەك لە پێشەكی كتێبەكە ئاماژەم پێكردووە ((sms))ی شـیعری هونەرێكی تایبەتـە ، ژانرێكـی سـەربەخۆیە ، بـە تـەنیا شـیعر یـا وێنەی سیعری نییە ، بەڵكو ژانرێكـە لـە نێـوانی قسـەی ئاسـایی ڕۆژانە بە زمانێكی شیعری و شیعر دایە ، لە (( هایكۆ )) دەچـێ بەلام هایكۆ نییـە ، ئەگەرچی لە پۆستەرە شیعر و برووسكە شـیعر و ئەو شتانە دەچێ بەلام ئەوانیش نییە ، چونكە زمتنەكەی هەندێ جار هێندە ساكار دەبێتەوە تا دەگاتە ئاسـتی زمـانی ڕۆژانـە .. بـە كورتی دەڵێم : (( من ئەو كارەم كردو لە نێو كورد بـە كـارێكی نـوێی دادەنـێم ، ئـەوەیش كـە دەمێنێتـەوە ، نـاوی ژانرەكـە و سەركەوتنم یا سەرنەكەوتنم لەو بوارەدا بە كارێكی دەسـتەجەمعی دەزانم ، ـ خوێنەر ـ دەتوانێ ئەو بڕیارە بدا )) .

* لـە ڕووی تـەکنیکی شـیعریەوە چـۆن دەڕوانیتـە ئـەزموونی شاعیرانی نەوەی بەر لە خۆت ؟ هـەروەها لـە ڕووی بابـەتگیری و ڕووەکانی دیکەی شیعر چی دەڵێی , پێت وانییە شاعیرانی بەر لە خۆت ڕێگە خۆشکەر بوونە بۆت نەوەك بەربەست ، یـان ڕەنگـە هەر هەمان ئەم شاعیرانەی بەر لە خۆت بەربەستێکی سایکۆلۆژی بـن بـۆ شـتە نوێیـەکانی ئێـوە ، بـە تایبـەتیش مرۆڤـی گـەنج بـە شرووشتی خۆیەوە شتی نـوێی پێیـە ، بـەڵام هەمیشـە توانسـتیش سەرپشکە ؟!

_ نەوەی بەر لـە ئێمـە درێـژبووەوەی نـەوەی بـەر لـە خۆیـانن ، ئێمـەیش درێـژبووەوەی نـەوەی بـەر لـە خۆمـانین ، پـێم وایـە دابڕانێکی ڕەها لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دوای خۆی کـارێکی وا سانا نییە ، نەوەی بەر لە ئێمە کاری باش و سایسـتەیان کـردووە .. هەموویان بـە بـێ جیـاوازی جێگـای ڕێـز و خۆشەویسـتین ، چونکە ڕێگایەکیان بۆ ژیانی خۆیان هەڵبژاردووەو کاریان تێیـدا کـردووە و بـێ بەرامبـەر مانـدوو بوونـە . لـە ڕووی تـەکنیکی شیعرییـەوە ، یان شـیعر بـە شـێوەیەکی گشـتی دیـارترین نـاوی حـەفتاکان ( عەبـدوڵلا پەشـێو و ، شـێرکۆ بێکـەس و لـەتیف هەڵمەت ) ن ، کە هەر یەکە و بە شێوەیەك کاریان لە لە نـەوەی دوای خۆیان کردووە ، بەڵام دواتر کـە ئـەوان تووشـی بازنەیـەك دێن بە ناوی بازنەی بابەتگیری و خۆدووبارەکردنـەوە ، بازنەیـەك

که تێیدا به بەردەوامی خولدەخۆن و لەسەر ستایلێکی تایبەت کاردەکەن و هەمان تێمەی پێشوو دووبارە دەکەنەوە ، سێ شاعیری بە توانا لە هەولێر بە ڕۆح و ستایل و تەکنیك و فۆرم و فەرهەنگ و لێکسیکۆنێکی جیا لە نەوەی بەر لە خۆیان ، یان ئەوانەی پێش ئەوان کەوتبوون لە زەمەنێکدا دەردەکەون و وەرچەرخانێك بە ستایلی شیعری باوی بەر لە خۆیان دەکەن .. ( هاشم سەڕاج و دڵشاد عەبدوڵلا و کەریم دەشتی ) هەر یەکەو بە شێوەیەك وەرچەرخانێ بە پۆزەتیڤ دژ بە شێوازی باوو بابەتگیری و یەك ستایلی نەوەی بەر لە خۆیان ئەنجام دەدەن و تا ئێستایش بەردەوامن ..

بە بۆچوونی من ئێستای شیعری کوردی پێویستی بە وەرچەرخانێکی نوێ و بنەڕەتی هەیە لە بابەت ، شێواز ، تەکنیك و جۆری ئێستێتیك و هارمۆنیەتی ئێستێتیك بە گۆڕانکارییەکانی چاخ ، کارکردن لەنێو ئەو شتە بچووکانەی کە لە دەرەوەی تۆ پەیوەندیان بە ناوەوەی تۆوە هەیە و هێنانە کایەوەی زمان و فەرهەنگ و لێکسیکۆنێکی نوێ کە لەگەڵ ڕۆحی چاخدا هەمئاهەنگ بێ ..

من دەیڵێمەوە : پێویستیمان بە گۆڕینی بنەڕەتی هەیە لە شیعری ئێستای کوردی .. بێگومان ئەو وەرچەرخان و گۆڕینەش بە تێکست دەکرێ ، نەك بە هەڕەشە و قسەی سەر مێز و نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان ..

من كه باس له ( شێركۆ بێكەس و عەبدوڵلا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و كەریم دەشتی و هاشم سەڕاج و دڵشاد عەبدوڵلا ) دەكەم ، مانای ئەوە ناگەیەنێ كه كورد جگه لەو ناوانە كەسی تری نەبێ ، بە پێچەوانەوە كەسانێكی زۆر هەن كە بەردەوام بەخشین و بەرهەمیان هەیە ، بەڵام بە داوای بووردنەوە لە دیمانەیەك هەر ئەوەندە دەرفەت دەبێ كە هەڵوەستەی لەسەر بكەین .

* نالی شاعیر بۆ تۆ چ دەگەیەنێت و چۆن بووەتە سەرچاوەی شیعری ئێوە ؟

_ بێپرس و بێ ڤیزە ( نالی ) زۆرجار خۆی كردووە بە نێو ژووری بەرەڵلای تێكستەكانم ، بە بۆچوونی من (نالی) یەكێكە لە ئێستەتیكیترین وێستگەكانی شیعری كوردی .
وەك چۆن كه باس له شیعری ئەڵمانی دەكرێ نابێ ( گیۆتە ) و (شیلەر ) لەیاد بكرێ ، وەك چۆن كه باس لە شیعری فەرەنسی دەكرێ نابێ بەسەر (بۆدلێر) و ( ڕامبۆ ) تێپەڕین ، هەروەها كە باس لە ئەدەبی كلاسیكی ئینگلیزی دەكرێ نابێ باس لە ( شكسپیر ) نەكرێ ، ئاواش كه باس له شیعری كوردی دەكرێ نابێ باس له )نالی) نەكرێ .

نەك هەر بە تەنیا بۆ من ، بەڵكو بۆ هەموو ئەوانەیش كە كوردن و دەیانەوێ شیعر بنووسن ، (نالی) وەكو كوتینی سەردەمی منداڵی وایە دژ بە نەخۆشیەكان ، یا وەكو ( ئەلف و بێ ) ی كتێبی باڵدار وایە بۆ قوتابیانی پۆلی یەكەمی سەرەتایي ، هیچ چارێك نییە ، دەبێ (نالی) بخوێنیتەوە تا بە كۆدەكانی ئێستەتیك بگەیت لە شیعردا .. زەحمەتە بۆ یەكێك (نالی) نەخوێندبێتەوەو باس لە نوێخوازی بكا !

من بۆ خۆم سوودی زۆر زۆرم لە (نالی) وەرگرتووە ، بەڵام دەمێكە خۆمی لێدەدزمەوە ، چونكە زۆر دەترسێم هێشتا هەروا لەگەڵی تەبابم ، ئێستە (نالی)م جێهێشتووەو بەدوای برادەرایەتی نوێترین تێكستە شیعرییەكانی دنیادا وێڵم .. زۆرجار لە كتێبخانەی گشتی 0بیلەفێلد) بەدوای خوێندنەوەی تێكستەكانی ئەو شاعیرانەدا دەگەڕێم كە هێشتا نەمردوون .

* سەرچاوە شیعرییەكانی شاعیرییەتت لە پاڵ ئەدەبی كلاسیكی كوردیدا چییە و چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا دەكەی ؟

_ لە ئێستادا ئەدەبی كلاسیكی كوردی لای من نەك هەر بە تەنیا وێنەیەكی حەقیقی نییە ، بەڵكو زۆرجار وەك باكگراوەندیش نامێنێتەوە و پچڕانێكی ڕەها لە نێوانی من و كلاسیكي كوردی لە

ڕووی نووسین و بیرکردنەوە دێتە ئافەریدە .. ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە هیچ جۆرێك سەرچاوەی شیعرەکانی من نین ..
هەندێ جار وەکو ئەوەی ( ڕیلکە ) یا ( هاینە ) یا ( هیرمان هێسە ) بۆ خۆشی و لەززەتی خۆم دەخوێنمەوە ، هەر ئاواش ( نالی ) و ( جزیری) و ( مەحوی) دەخوێنمەوە ...
ئێستا سەرچاوەکانی شیعری من (خۆم)م .. ئەزموون و تاقیکردنەوەو جیهانبینەیەکانی خۆمن بۆ دنیای ناوەوەو دنیای دەرەوەی خۆم .. ڕامان و تێڕوانینی خۆمن بۆ ژیان و مردن ، بۆ پێکەنین و گریان ، بۆ ئاشتی و جەنگ ، بۆ خێر و شەڕ ، بۆ حەقیقت و وەهم ، بۆ گومان و یەقین ، بۆ دۆزەخ و بەهەشت و زەمین و خودا .. بۆ پرۆزی و تێکشکاندن و ... تاد
بێگومان جیهانبینی و قووڵایي تێڕامانی کەسێك بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ناومان هێنان هەروا بە خۆڕسکی لە دایکنابێ .. مەبەستم ئەوەیە کە (جیهانبینی قووڵ و تێڕامانێکی جددی وا بە خۆڕسکی لەدایك نابێ ، واتە ئەزموون مەعریفەی دەوێ ) .. بۆیە هەرکەسێك قووڵ پێویستی بە مەعریفەیەکی قووڵ دەبێ ، لەگەڵ بەهرەو پێکهاتەیەکی خۆڕسکی خودایي ، لێرەدا مەبەستم لە ( بەهرەی خودایي ) یاخود ( ڕۆشەنبیری خۆڕسك ) لە پەروەردەو ژینگە و حاڵەتەکانی ئابووری و سیاسی و ... تاد دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی عەفەوی کار لە کامڵکردنی پێکهاتەی کەسێکی سادە دەکەن .

بە یەقینیەوە دەیڵێم : بۆ هەر بەهرەیەك یا پێكهاتەیەكی بە توانا و بە جورئەت ، پێویستیمان بە مەعریفەیەكی قووڵ و ئاگادارییێكی ڕۆشەنبیری بەردەوام و قووڵ هەیە .. دەبێ مەعریفە شان بە شانی بەهرە و بەهرەش شان بە شانی مەعریفە بڕوا ، چونكە بەهرە و مەعریفە نێر و مێن ، كە من ئێستا دەنووسم بێگومان كۆمەڵێ كتێب لەناوە مندا دەژین و منیش لە ناو كۆمەڵێ كتێبدا زەمەن تێدەپەڕێنم ، بەڵام باوەڕم وایە لێرەدا باسیان لێوە نەكەم چاكترە .

* ئایا پێت وانییە شیعر پێویستی بەدەر نەبێت لە ڕووداوە وردەكانی ڕۆژانەی شاعیر ؟

_ هەموو تێكستە نەمرەكانی دنیا (( خۆشم نازانم نەمری چییە )) ..بەڵام هەموو ئەو تێكستانەی كە لە دەرەوەی زەمەن و شوێنەكاندا دەژین ، ئەو تێكستانەن كە جورئەتی ڕۆحی نووسەر لەنێو پانتاییەكانیدا گەمە دەكا .. ئەو تێكستانەن كە بۆ گەردوون نووسراون ..

كە ڕۆحی نووسەرێك ئاوێتەی دەقێك دەبێ ، واتە : ئاوێتەی ژیان بوو ، كە نووسەر ژیان دەنووسێتەوە واتە: خۆی دەنووسێتەوە ، كە خۆشی دەنووسێتەوە واتە وردەكاریەكانی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە ، كێشە لێرەدا ئەوەیە (( A)) بە چ

شـــێوازێك و (( Z )) بـــە چ شـــێوازێكی جیـــاتر ژیـــان و وردەكاریـەكانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە .
ئەوەی كە ژیانی ڕۆژانـەی خـۆی نەنووسـێتەوە ، شـاعیر نییـە .. نـاوی چ شـاعیرێكی گـەورە و بچـووكی دنیـام پـێ دەڵیـی كـە شـیعرێكی لەسـەرخۆی نەنووسـیبێ ؟ خـۆ ئـەوەیش كـە شـیعری لەسەر خۆی نووسی واتە شیعری بۆ ژیان نووسـی .. هـەموو ئـەو شاعیرانەیـش كە بە هەڵە لە (( تەوزیـف كردنێكی ئاشكرای ژیـانی ڕۆژانە بۆ شیعر )) تێگەیشـتوون بـا پرسـیارێ ئاراسـتەی خۆیـان بكەن : ئایا لە ژیانی خۆیاندا بۆ هیچ ئافرەتێكیان نەنووسیوە ؟
خۆ ئەگەر وەڵامەكە بە ( بەڵێ ) بوو ، ئوە ئەوان ژیانی ڕۆچانەیان نووسیوەتەوە ، چـونكە ئـازاری نەگەیشـتن بـە خۆشەویسـتەكەت وەكو ئازاری ئەوە وایە لاي یەكێكیتر كە دەیەوێ دەوڵەمەندبێ و دەوڵەمەند نابێ .. وەكو ئازاری من وایە كە دەمەوێ جگەرە تەرك بكـەم و پـێم تـەرك نـاكرێ .. كـەوابێ ئێمـە هـەموومان ژیـانی ڕۆژانەی خۆمان دەنووسینەوە ، بـەڵام بـە جیهـانبینی و شـێواز و ستایلی جیا جیا ..
شـاعیری بەلـەنگازی كـورد ژیـانی ڕۆژانـەی بـە چ شـێوازێك بنووسـێتەوە ؟ چـی دەبینـێ تـا بینووسـێتەوە ؟ پیكابێـك دەبینـێ دارەبازەیەكی لەسەرە ، هەندێ ژنی ڕەشپۆش لە خۆیـان دەدەن و هەنـدێ پیـاوی دەمامكـداریش لـە چـواردەوری دارەبازەكـەدا

ڕۆنیشتوون ، هەڵەبجە و ئەنفال و شەڕی عێراق و ئێران و سەدام و چوزانم ..!!!

قەدەری شاعیری کورد هەر مەرگەساتە ، بۆیە ناچارن بە تەنیا تراژیدیا بنووسنەوە و گرینگی بە مەرگ بدەن نەك ژیان ، کەچی بە پێچەوانەوە لە ئەوروپا شاعیری نوێ تا پێی بکرێ هەوڵدەدا دڵی خوێنەر بە جوانییەکانی ژیان بەختەوەر بکا .

بە کورتی من وای دەبینم : ئەو خاڵەی کە شیعری ئێستای (( ئەورووپی – ئەمەریکی )) لە شیعری کوردی جیادەکاتەوە ئەوەیە (( هێندەی شیعری کوردی لە مەرگ نزیکە ، شیعری "ئۆیرۆ – ئەمەریکی " لە ژیان نزیکە ، هەروەها ئەوەندی شیعری کوردی اە ژیان دوورە ، شیعری "ئۆیرۆ – ئەمەرکی " لە مەرگ دوورە ))

من لێرەدا دەتوانم نمونەیەکی بەرچاو و ڕۆشەن ئەو بۆچوونەی خۆم بسەلمێنم ، ( ئێریش فرید ) دەڵێ:

لە جیاتی پاشەکی

هەروەها ئەو شتانەیش
کە من دژ بە ژیان نووسیومن
بۆ ژیان نووسراون .

هەروەها ئەوشتانەیش
کە من بۆ مردن نووسیومن
دژ بە مردن نووسراون .

من لەو باوەڕەدام ڕۆژێ لە ڕۆژان شاعیرانێك دێن ، دەستدەکەن بە نووسینی ئەو جۆرە شیعرانەی کە بۆ ژیان دەنووسرێن ، بەڵام کەی ؟
دیارە من لێرەوە بڕیارم داوەو بڕیاریش دەدەم بوێرم لەو بوارەدا و دەستپێشخەریش بم ، ئەگەرچی باشیش دەزانم کە ئەو جۆرە ستایل و شێوازی شیعریەش وا زوو لای شاعیران و خوێنەرانی کورد هەزم ناکرێ ، بەڵام خۆ ڕۆژێ دادێ .
من لە دیوانی (( دیالۆگی لاڵێك لە مێسێنجەری پەپوولەکاندا )) و لە (( مۆبایلە شیعر )) و لە (( کتێبی شێوازەکان )) دا ئەو هەوڵانەم داوە ، خۆ باوەڕیشم بەوە هەیە لە ئایندەدا هەنگاوی باشتر بهاوێژم و هەوڵی باشتریش بدەم لە پێناوی نووسینەوەی هەموو ئەو حاڵەتانەی کە ڕۆژانە بەسەر مندا دێن و تێپەڕدەبن ، جا لەهەر شوێنزەمەنێکی ئەو ئەستێرەیە دابێ .. بڕیارم داوە بەر لە هەر کەسێك ژیانی ڕۆژانە و نهێنیەکانی ژیانی ( خۆم ) بۆ خوێنەران بنووسم ، چونکە من خۆم و نهێنیەکانی ناوەوەی خۆم لە هەموو کەسێ باشتر دەزانم و حەزیش ناکەم کە مردم لەگەڵم بچنە ناو گۆڕ .

دیارە ڕووداوی ڕۆژانە بخەیتە نێو بۆتەی شیعریٚ ئەگەر شیعر بۆتەی هەبیٚ ! کارێکی هەروا سانا نییە ..نەك هەر سانا نییە ، بەڵکو لەو شێوازە باو و سەرلێشێواوەی ئێستای شیعری کوردی زۆر زۆر گرانترە .. وشە تێکەڵکردن و گەمەکردن بە فەرهەنگی دەشت و دەر و چیاکان کارێکی سانایە ، هەر کەسێك دەتوانیٚ فێری بیٚ گەر خاوەنی بەهرەیەکی بچووکیش بیٚ .. بەلاّم ئەگەر تۆ خاوەنی بەهرەیەکی قووڵ و مەعریفەیەکی قووڵیش بیت ، ناتوانی بە بیٚ ئەزموون ، خۆت و ڕووداوە وردەکانی ژیانی خۆت بکەیتە شیعر ، بە تایبەتیش گەر بتەویٚ ڕۆح و ئێستێتیك لەو تێکستەدا لەدەست نەدەیت و موزیکێکی سیحرئامێزیش لە ژێرەوەی دەقەکەدا کاربکا .. بێگومان دەبیٚ ڕێگا نەدریٚ سۆز شوێنبزربیٚ ، دەبیٚ پرسیار درووستکردن لای خوێنەر وجودی هەبیٚ و ... تاد

زۆر لە بینەرانی ئاسایي و شاعیران تووشی گومان هاتن لە شیعریەتی ( لۆتۆ لە ئێوارەیەکی شەممەدا .. لۆتۆ لە ئێوارەیەکی چوارشەممەدا) کاتیٚ کە لە TVخوێندمەوە ، چونکە هێشتا ئەو جۆرە شیعرە بە گوێچکەیان ڕانەهاتبوو . تا ئێستا شیعری کوردی دەبیٚ بەو پێوەرە هەڵبسەنگێندریٚ کە نەوەی بەر لە ئێمە دایانناوە ...! دیارە وەکو لە پێشتردا باسم کرد نەوەی بەر لە ئێمە توانییان شێواز و جۆری نووسینی شاعیرانی بەر لە خۆیان تووشی گۆشەگیری و تەنیایي بکەن و هەنگاوێك بیانخەنە دوای

خۆیان ، من لێرەدا بە ڕەوای دەزانم و دەبێ حەق بە نەوەی نوێش بدرێ کە بە تێکستەکانیان هەنگاوێکی بوێر بهاوێژن و نەوەی بەر لە خۆیان واتە : نەوەی هەشتاکان هەنگاوێك یان چەند هەنگاوێك بخەنە دوای خۆیان ، چونکە شیعر و ژیانە و مومکین نییە هەموو جارێك باوك لە کوڕ سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی ئەوڕۆی دنیا زیاتر بزانێ .. بە یەقینیەوە دەیڵێم : کوڕ لگەڵ گۆڕانکاریەکان هارمۆنیەتی زیاتری هەیە ، نەك باوك ، بۆیە من هەمیشە گەشبینم کە نەوەی نوێ دەبێ شتێکی نوێتر لە نەوەی بەر لە خۆی پێشکەش بکا.

* تۆ وەك شاعیرێك تا چ ڕاددەیەك شیعری تازەی ئەورووپی بە تایبەت شیعری ئەڵمانی وەك تەکنیك و جیهانبینی لەبەر شیعری خۆت کردووە و تا چ ئاستێك سوودت لێ وەرگرتووە ؟

– لەو ساڵانەی دوایي بە باشی هەوڵی خوێندنەوەی شیعری نوێی ئەڵمانیم داوە ، دیارە شیعری ئەڵمانیش وەك شیعری کوردی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێك دەگۆڕێ و لەنێو خودی تێکستەکانی خودی یەك شاعیریش لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێك و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕدرێ ، بەڵام من وای دەبینم ئەو شاعیرانەی کە هەوڵی بە شیعرکردنی دیاردەو ڕووداوە تایبەتیەکانی خۆیان دەدەن و خودی خۆیان بە هەموو

وردەکاریيەکەوە بە شێوازێکی ڕووناك و فێنك دەنووسنەوە لە پێش ئەوانیتر دان ..
بە کورتی ئەڕۆی زەمەن پێویستی بە شێوازی سووك و سانا هەیە ، ئەو جۆرە شێوازەیش وەکو پێشتر ئاماژەم پێیدادەبێ شیعریەت و هەموو خاسیەتەکانی شیعریبوونی تێکستێکی شیعری بپارێزێ .. من بۆ خۆم تا ئاستێکی باش سوودم لەو جۆرە شێوازانەی شیعری ئەڵمانی وەرگرتووە ، زۆر جار هێندەی شیعرێکی مۆدێرنی ( 5 ) دێری ئەڵمانی تووشی بیرکردنەوەو ڕامان و چێژم دەکا ، قەسیدەیەکی ( 300 ) لاپەڕەیي شیعرێکی کوردی تووشی ئەوەم ناکا .

* هەر لەو بواری شیعری ئەڵمانییەوە ، ئێوە چەند تێکستێکی شیعری ئەڵماني هاوچەرختان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی قورسی وەرگێڕانی شیعری ئەڵمانی بۆ سەر زمانی کوردی ئاشکرایە ، بەڵام ئەو هۆکارانە چین کە وا بکات شاعیرێکی وەك تۆ ڕوو لە وەرگێڕان هەندێ تێکستی شیعریی بکا ؟ ئەم تێکستانە چی بە شیعری کوردی دەبەخشێت و چی پێدەناسێنێت و چی بە شاعیری گەنجی ئیمڕۆ دەبەخشێت ؟

– من دەزانم کە وەرگێڕان کاری من نییە و ناشیکەم بە کاری خۆم ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی دەبێ کاری وەرگێڕ

وەرگێـــڕان و کـــاری شـــاعیر یـــا ڕۆمـــاننووس و چـــیرۆکنووس ، نووسینی تێکست بێ .

من زۆرجار لە نووسینی (( تێکست )) ، بەتایبەتیش لەو دواییانـە کـە خـەریکی نووسـینی ڕۆمـان بـووم هـیلاك دەبـووم .. بـۆ حەسـانەوەی گیـان دەسـتم دەکـرد بـە وەرگێڕانـی دەقێـك ، تـا وایلێهات بوون بە کۆمەڵێ تێکستی وەرگێڕاو ، ئەوە هۆیـەك بوو ، هۆی دووەمیشیان کە بەلای منەوە گرینگی زیـاترە ، ناسـاندنی شیعری نوێی ئەڵماني بوو بە شیعری کوردی و لـەوەش گـرینگتر ناساندنی شیعری نوێی ئەڵمانییە بە شیعری نوێی کوردییەوە .

نەوەی نوێ و نەوەی کـۆنیش پێویسـتیان بـەوە هەیـە ئاگـاداری شیعری زمانەکانیـدی بـن ، بـە تایبـەتیش شـیعری نـوێ ، بـەڵام ئەوەی کە لێرەدا سەبارەت بە گەنج گرینگە ئەوەیە ، ئەوان دەبێ زیاتر لە پیر تێنـووی خوێندنـەوەی ئـەو جـۆرە شـیعرانە بـن ، بـە تایبەتیش کە ڕاستەوخۆ لە زمانی زیندووەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی .

* چۆن دەکرێ تێکستێکی شیعری هاوچەرخ ببێتە سەرچاوەیەکی شیعری بۆ تێکستێکی تازەتر ؟

– تێکستێکی جوان و چێژبەخش هەیە ، بارگاوییە بە کۆمـەڵێك تەکنیك و باس لە تێمەیەك دەکا کە یەکێکیتر هەرگیز بیری بۆی

نەچووە ، بە شێوازێك نووسراوە جیایە لەو شێوازەی کە تۆی پێی ڕاهاتووی ، شەفافە و قوولایی تێدایە ، گەمەیەکی نامۆ بە وشەکان کراوە و لە چوارچێوەی ئەو تێکستەدا کە هەرگیز ئێمە بیرمان بۆ گەمەی ئاوا سەرسوڕهێنەر نەچووە ، بە سۆز و ڕۆح و واتابەخشینێك نووسراوە کە جیا لەو کەسێکیتر نییە هێندە ڕۆبچێ و مەدلوول بدا و مەئلوف بکاتە نامەئلوف .
حەزێکی پرسیارکردن دەداتە خوێنەر کە هەمان حەزی گەڕانیش دەبێ بە دوای وەلام ، کەوابێ کە شیعر بارگاوی و بەرهەمی ئەو هەموو هاوکێشە قورس و لێکدانەوە ماتماتیکیانە بێ ، دەبێ شاعیر بیربکاتەوە و ئەو جۆرە تێکستانە لە هزری خۆیدا هەڵبسەنگێنێ و بیر لە لەوە بکاتەوە کە ئەویش بەو جۆرە بنووسێ ، بەلام لە کاتی نووسینی ئەو جۆرە شیعرەدا دەبێ حیساب بۆ خۆی بکا و بەس .
لە ئەنجامدا شیعرێکی هاوچەرخی مۆدێرن هەمیشە دەتوانێ سەرچاوەبێ بۆ نووسینی شیعرێکی تری هاوچەرخ و مۆدێرن ، بەلام بە ڕۆح و سۆز و گەمە و عەقڵیەت و خودێکی جیاتر لە خودی داهێنەری یەکەم .

* کێ یا چ شتێ تۆی بە مەملەکەتی شیعر ناساند ؟

– من پێم وایە شیعر کائینێکی بێ مەملەکەت و ئەدرێس و خودایە .. شیعر شەڕێکە تووشی ئەو کەسانە دێ کە دەزانن

ئەوان وەكو ژيان بێدەسەڵاتن .. شيعر كچێكە لە تەمەن و زەمەنی هەرزەكاريـدا لـە چـاوتروو‌كانێكدا سـەرنجت ڕادەكێشـێ و بـۆ هەميشەيي عاشقی دەبيت .

خـۆ هـەر واشـبوو ، مـن شـيعرم نەدەناسـی ، خـۆ ئێمـە كـەسمان شيعرمان نەدەناسی كە ڕۆژێ لە ڕۆژان و چركەيێ لـە چـركەكان هاتوو و ، سينەو مەمكی خۆی بۆ ئاوەڵاكردم و بە نازێكەوە گوتی : من شيعرم ، دەكرێ پەيمانی خۆشەويستی و وەفا ببەستين ؟ مـن وامكرد ، بووم بە عاشقی شيعر ، بە بێ ئەوەی كەسێك يا شتێك من بە ئەو بناسێنێ .. من بە دوای تيلە و تيغی چاوانی ئەو كـەوتم ، ئێستا و ئێستەيش لە هەوڵدام و دەمەوێ پێی بگەم ، گەيشتووم ياخود نا ؟ نازانم! بەڵام خۆ ئـەويش هەنـدێجار سـيفەتی سـۆزانی تێدايـە ، بە سانايي دەچێتە ژێر هەموو كەسێك .

* چ جياوازيێك لە نێوانی تۆ و شيعردا هەيە ؟

– شـيعری ڕاسـتەقينە و ئێسـتێتيكی و جـوان هەميشـە لـە نـوێ بوونەوە دايە ،هەموو ڕۆژێ لە پرۆسـەی لـە دايكبوونـەوە دايـە ، جەستەی مرۆڤيش هەميش بەرەو پيربوون و لەناوچوون و نەمان و سڕانەوە لە ڕێدايـە .

کەوابێ من پیردەبم و دەمرم و لەناو دەچم ، بەڵام شیعر بۆ هەمیشەیي گەنج دەبێتەوەو مردنی بۆ نییە ! ئاکام ئەوەیە شیعر هەمیشەییە و ئێمەیش کاتین .

* تا چ ڕاددەیەك مانی خۆت بە مانی شیعرەوە دەبەستیتەوە ؟

– ئەگەر شیعر نەمینێ واتە : خوێندنەوەی هەستەکان بۆ خودا و زەمین نامینێ .. کە خوێندنەوەی هەستیارانە نامینێ واتە : ڕۆح ڕووت دەبێتەوە ، ڕۆحی ڕووتی بێ هەست و خوێندنەوە لە کەنارەکانی مەرگ نزیك دەبێتەوە .. کەوابێ مانەوەی سەفاداری من بە مانەوەی شیعرەوە پەیوەستە .. نەمانی شیعر واتە : نەمانی ئەو دنیا گەورەیەی کە من ڕۆژانە بۆ خۆمی دەخولقێنم ، کە ئەو دنیایەش نەمینێ ، من ناچار دەبم لەو مەتریالیەدا هەمیشە ئامادەبم کە تەنیا بۆ تێپەڕاندنێکی دوور لە سەفا درووست کراوە ، کەوابێ بوون و نەبوونی من بە بوون و نەبوونی شیعرەوە پەیوەستە.

* کەی واز لە شیعر دەهێنی ؟

– ئەو کاتەی شیعر وازم لێدێنی .. من گوتم : شیعر کچێکە و لە هەرزەکاریدا و لە چاوترووکانێکدا تووشت دەبێ و تاهەتایە عاشقی دەبیت .. شیعر مرۆڤە و شاعیریش سێبەرەکەیەتی ، شیعر لە کوێ بێ شاعیر لەوێیە ، ڕەنگە ئەگەر ئەلتەرناتیڤێکی شیعر باشتر لە شیعر بدۆزمەوە واز لە شیعر بهێنم ، تا ئێستا نەمدۆزیوەتەوە و بە گرێنتیش لە ئایندەدا نایدۆزمەوە ، باوەکو بشیدۆزمەوە ، بەڵام بۆ هەمیشەیي زاکیرەی شاعیر بەشی هەرە گرینگی خۆی دەداتە ئەو خۆشەویستیە ئەبەدییەی کە لەگەڵ شیعردا ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ڕێککەوت تووشی هاتووە .

* دنیای شیعری تۆ لە کوێوە دەست پێدەکا و لە کوێ کۆتایي پێدێ ؟

– من لە کاتێکدا دەستم بە نووسینی شیعر کرد کە نەمدەزانی شیعر چییە .. بەڵام لە کاتێکدا ناتوانم دەست لە نووسینی شیعر هەڵگرم کە دەزانم شیعر بۆ من چییە ! من وەختێك دەستم پێکرد کە هیچ هۆکارێ نەبوو بۆ ئەوەی دەست پێبکەم ، کەچی کاتێ کۆتایي پێدێنم کە هێشتا کۆمەڵێ هۆکار هەن بۆ ئەوەی کۆتایي پێنەهێنم .. من پێم وایە لە کۆتاییدا دەستپێك و کۆتایي هەمان

شتن ، چونکە هیچ بڕیارێك لە دەستی ئێمەدا نییە .. هەر چۆن بیربکەیتەوەو هەر چۆنێ بژیت و هەرچۆنێ زەمەن تێپەڕێنی و مەرام و ئاوات و ئومێد و خەون و خۆشی ناخۆشیەکانم هەر شتێك بن ، هێشتا هیچ نین ، چونکە لە کۆتایي و لە دەستپێکدا هەمووومان خوێندەوار و نەخوێندەوار و عەقلانی و کاڵفام و زیرەك و تەمبەڵ و دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات و ... تاد لە پێناو گەمەیەکی کاتی لە دایکدەبین پێی دەڵێن : ژیان و دواتر هەڵپە هەڵپمانە بۆ گەیشتن بە وشەیەك پێی دەڵێن : مردن .

## "دیداریَ لەنێو شەمەندەفەردا"

ڕێگای نێواني شاري "بیلەفێلد"و "شتوتگارد" نزیکەي دوانزە کاتژمێرێك بوو، من و "زانا خەلیل" لە بیلەفێلدەوە بەڕێکەوتین، هەر لە یەکەمین چرکەساتەکاني ئەو سەفەرەماندا، بیرۆکەي "دیدارێکی ئەدەبیم " بۆ دروستبوو، بۆیە دەستم کرد بە پرسیارکردن، سەبارەت بە منداڵیي، شیعر، ڕۆمان، ژیان، مەرگ، ..، ...،..تاد.

کە لەشاري "شتوتگارد" دابەزین، هێندەي کتێبێك پرسیارو وەڵآم لە کاسێتي ڕێکۆردەرەکەي من هەبوو، من لێرەدا هەوڵدەدەم چەند لایەنێکي ئەو دیمانەیە بڵآوبکەمەوە..

"باهۆز مستەفا"

ئەڵمانیا 2005/10/1

## * زانا خەلیل چۆن پێناسەي زانا خەلیل دەکا؟

ــ بەر لە هەر شتێ و بۆ هەمیشەیي، ناجێگیریێکي جێگیر و بەردەوامە لەنێو کایە ترسناکەکاني گومان.. گومانێکي بەردەوامە لەنێو بیاباني پرسیارەکاندا و پرسیارێکي بەردەوامیشە لەژیان و مەرگ. تاریکییێکي گۆشەگیرەو بە پردي وشە دەیەوێ بگاتە رووناکي، رووناکییەکي گۆشەگیرەو هەوڵدەدا تاریکیەکان بخوێنێتەوە.

کەسێکە هەست بە بێڕەحمي زەمەن و بێوەفایي ئێستێتیکیە دەرەکیەکاني بوون و بێکەڵکي هاوکێشەکاني وجود دەکا.. کەسێکە دەزانێ هیچ شتێ موڵکي ئێمە نییە.. جوانیي و مەرگ نەبێ، کەوابێ دەبێ هەموو هەل و هەولێ و دەرفەتەکانمان لەپێناو دەستەمۆکردني جوانییەکان ئۆرگانیزە بکەین و بەرەو سڕانەوەیەکي تا هەتایي ملي رێگا بگرین.. خۆ ئێمە لەکۆتاییدا ناچارین بەرەو ئەو رێگاي سڕانەوەیەدا هەنگاو بنێین.. بەلآم من حەز دەکەم بەر لەو رەشبوونەوە هەمیشەییە دەستێکم هەبووبێ لە ئافەریدەکردني ئێستەتیك و لەدواي خۆشمدا هیچ مەراق و ئومێدێك بەجێ نەهێڵم..

بە کورتي پێم وایە: زەمەن و ــ با ــ هاوچەمك و جمکن.. دێن و بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆن.. کەوابێ "زەمەن ــ با ــ یە"و هەمووومان بەرەو گەمەي ونبوون راپێچ دەکا.. نە من و نە تۆ و نە ئەو،

هیچمان بووني نامێنێ لەو گەردوونەدا، بۆیە من پێم وایە: ئەو ژیانە "گەمەیەكي عەبدۆستەوە چیتر نا".. چونكە لە كۆتاییدا هەمووومان بە دۆڕاوي لەسەر ئەو مێزي قومارە رادەبین كە ناویان ناوە: ژیان.

لە كۆتاییدا مەرگ بالآدەستە، بەلآم ترسي هەیە لەجوانیي، بۆیە ئێمەیش دەتوانین بە چەكي جوانیي بۆ تاوێ بەرەنگاري ببینەوە.

* جیهاني منداڵي زانا خەلیل چۆن بوو؟ ئێستا چۆن لەزەمەنی منداڵی خۆی دەڕوانێ؟

ـــ منداڵێكی ئاسایی وەك منداڵیی ئاسایی هەموو منداڵانی گەڕەك، بەڵام گەڕەكێكی نائاسایی و جیا لەزۆربەی گەڕەكە ئاساییەكانی شار.

من لێرەدا قسەكانی (ئەدۆنیس)م دێتەوە یاد، كەسەبارەت بەشاری كراوەو شاری داخراودا كردی.. بێگومان ئەگەر بێین و كار لەنێو رستەكانی ئەودا بكەین و قووڵتربینەوە ئەوا دەتوانین پەنجە بۆ نهێنیەكانی ئەو تێمیە درێژ بكەین.. بۆ نمونە ئەگەر بێت و ئەڵمانیا بە وڵاتێكی داخراو دابنێین لەرووی تێكەڵاوی كلتوریەوە، ئەوا دەبێ لە چوارچێوەی ئەڵمانیا كە بەوڵاتێكی داخراومان دانا لەرووی رۆشنبیریەوە، دەبێ چەندین شاري نێو

ئەو وڵاتە لەو هاوكێشەیە دەربهێنین.. بە نموونە "بەرلین"، چونكە بەرلین شارێكي كراوەیە، كۆڵن، میونشن، ..، ..، تاد. ئەوان شاري كراوەن.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیان شاري داخراو لەئەڵمانیادا هەن.

بۆیە ئەگەر هەولێر لەزۆر رووەوە شارێكي داخراوبێ، ئەوا ئەو گەڕەكەي كە من منداڵیم تێیدا تێپەڕاند گەڕەكێكي كراوەبوو، كرانەوە نەك لە رووي "رۆشنبیریي تیۆري"، بەڵكو لەڕووي كۆمەڵایەتي و رۆشنبیري چاو و رۆشنبیري كردارەوە.. كەوابێ دەكرێ لەناو بەرلین كە شارێكي كراوەیە لەنێو وڵاتێكي داخراودا، گەڕەكي كراوەو گەڕەكي داخراوي هەبێ، لە كۆڵانێكیشدا دراوسێي كراوەو دراوسێي داخراو هەیە، لە ماڵێكیشدا كەسي كراوەو كەسي داخراو هەیە.. خۆشبەختانە من لە گەڕەكێكي كراوەدا هاتم..

بێگومان ئەگەر مرۆڤ و ژیاني مرۆڤي كەسێك بە كتێبێك بشوبهێنین، ئەوا پێشەكي ئەو كتێبە كورتكراوەي دنیاي ناوەڕۆكي كتێبەكەیە.. یان دنیاي گەورەي ناوەڕۆكي كتێبەكە درێژكراوەی دیباجەی كتێبەكەیە.

بە كورتی: لاپەڕە سەرەتاییەكانی كتێبی و جودی من و هەر كەسێك كاریگەرییێكی تا هەتاییان دەمێنێ، چونكە منداڵی بناغەیە و بیروەریەكانی سەردەمی منداڵیش كەرستەن بۆ دروستكردنی بەشێكی گەورەی زاكیرەی هەركەسێك...

*** له زۆر له تێکسته‌کاتن"ژن" پانتایه‌کانی بۆ خۆي داگیرکردووه ئایا بۆچی؟**

**_ له رۆمانێك ده‌ڵێم: زۆرم لا سه‌یره که ئێمه‌ی پیاو وا هه‌ست ده‌که‌ین به ته‌نیا ژن له ئێمه‌یه.. زوو زووش ئه‌وه له یاد ده‌که‌ین که ئێمه‌ی پیاویش له ژنین..**

**یان ئێمه‌ی پیاو هه‌میشه به چاوی چێژوه‌رگرتنێکی ئیگۆئیستانه له ژن ده‌ڕوانین و ئه‌وه‌ش له یاد ده‌که‌ین که ئه‌وانیش چاوانی چێژییان ئه‌گه‌ر له ئێمه زیاتر نه‌بێ که‌متر نییه... من باوه‌ڕم به‌وه هه‌یه که حه‌وا له په‌راسوی ئاده‌م دروست کراوه، به‌ڵام له هه‌مان کاتیشدا باوه‌ڕم به‌وه هه‌یه که ئاده‌م له په‌راسوی حه‌وا دروستکرایه..**

**ئاده‌م له حه‌وایه‌و حه‌واش له ئاده‌مه.. لێره‌وه شه‌ڕی حه‌لکردنی ئه‌و هاوکێشه‌یه ده‌ست پێده‌کا، که حه‌لکردنیشی موسته‌حیله. ژن ئاوێته‌ی پیاو ده‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی فێڵ له پیاو بکاو سه‌رخۆشی بکاو قه‌ناعه‌تی پێ بێنێ که پیاو له‌وه.. به پێچه‌وانه‌شه‌وه پیاو تێکه‌ڵی ژن ده‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی به هه‌موو شێوه‌کان ژن رازی بکات که ژن له پیاوه.**

جا كه ئەو جەنگە بێ كۆتاییە لە نێوانی ژن و پیاو لە ئارادابێ، چۆن ژن پانتایي نەك هەر دەقەكانم، بەڵكو هەموو ژیانیشم داگیر ناكا؟

دكتۆر. فەرهاد پیربال لە شیعری"كەسك و سۆری شینێك"دەڵێ:"ئافرەت كتێبێكە لە هەژدە بەرگدا، هەر بەرگێكی هەزارو دووسەد لاپەڕەیە، هەمووشی بۆشە".

من دەڵێم ئەگەر ئافرەت كتێبێك بێ لە هەژدە بەرگداو هەر بەرگێكی هەزارو دووسەد لاپەرە بێ، ئەوا لە هەر لاپەرەیەكدا پۆرترێتێك هەیە پڕ لە ئیرۆتیك و عیشق و گومان و ئێستەتیك.. بۆیە لای من ئافرەت بۆ هەمیشەیي دەستێكی سەوزو ئامێری كۆنترۆڵكردنی بەشێكی گەورەی من و دەقەكانمی بە دەستەوەیە.

* گوینتەر گراس دەڵێ: رستەیێكی جوان دەبێ هەناسە بدات؟

_ بێگومان دەبێ رستە هەناسە بدا، رستەی بێ هەناسە تەرمە.. تەرمیش بۆ هەمیشەیي كەسە نزیكەكانیش قەڵس و بێزار دەكا.. رستەی هەناسەدار ئەو رستانەن كە بارگاوین بە عیشقێكی پاكیزەی پڕ لە سەفا .. ئەگەر رستە عیشقی تێدابوو، هەمیشە دەژیێ ، چونكە یەكێ لە خاسیەتە بنەڕەتیەكان ژیان و نەمرییە.."عیشق خوادیە" بۆیە دەكرێ بڵێین: رستەی هەناسەداری پڕ لە عیشق، قسەی خودایە.

**<u>* دەتەويَ لە نووسين لاسايي كيَ بكەيتەوە؟ ياخود كيَ ويَنەيەكە لەبەر چاوى تۆ، حەز بكەين سوودى ليَوەرگريت؟</u>**

**_ ركم لە كۆپي كردنى رۆح و لاسايي كردنەوە دەبيَتەوە لەبەر دەيان هۆكار كە گرينترينيان ئەوانەن:**

**1- تۆ كە لاسايي يەكيَك دەكەيتەوە، رۆحى خۆت زيندانى دەكەي، واتە: خۆڕسكيەتى مۆراڵ و ئازادى و سەربەخۆيي رۆح دەخەيتە نيَو بۆتەوە چوارچيَوەيەكى دياريكراوەوە.. كەوا بيَ رۆحى زيندانى كراو هيچ پانتاييَكى شياوى كردن و گوتنى بۆ نامينيَتەوە.**

**2- "لاسايكردنەوە" پەنجەرەكان بە رووى شينايي ئاسمان و گەردوون دادەخاو ناهيَڵيَ "من"ى لاسايكەرەوە گەردوونى ئەو ديو شتە كراو و گوتراوەكان ببينيَ و بۆ هەميشەيش لە ژووريَكى تاريك دادەنيشيَ بەرامبەر بە ويَنەيەك و پرۆڤەى لاسايكردنەوەى لاسايكراو دەكاتەوە.**

**3- تۆ كە لاسايي يەكيَك دەكەيتەوە "ئەو"بوونى هەبووە، ياخود بوونى هەيە.. "ئەو" خاوەنى بوونيَكى ئاڵۆزى خۆى بووە، خاوەنى سروشتيَكى تايبەت و دەروونيَكى تايبەت و ژينگەيەكى تايبەتى خۆى بووە ، كەوا بيَ لاسايي كردنەوە واتە: نووسينەوەى خودى**

یەکێکی تر نەك خۆت و شت نەخستنە سەر گوتارێکی گوتراو یا کردارێکی کراو.

4- لاسایکردنەوە، زۆربەی زۆری جارەکان کۆپیێکی حوبراوی و ناشرینی نوسخەی ئەسلی لاسایکراو دەبێ، چونکە "ئەو" ناسنامەی ئۆرگینالی رۆحی خۆي لە گیرفاندایە.

بەڵام بۆ بەشکەی تری پرسیارەکە، ئەوەیان دەکريْ و زۆریش ئاسایە کە بوونی هەبێ و سوودیشی لێوەربگریت، بە پێي قۆناغە جیاجیاکانی زەمەن.. لەسەرەوە باسی چەند خاسیەتێکی لاسایکردنەوەمان کرد، لێرەشدا دەمەويْ پێناسەیەکی خێرایي سوود وەرگرتن بکەم.. ((زۆر جار سوود وەرگرتن لە کەس یا تێکستی تر وەکو تیشکێك وایە کە ئاراستەی سەنتەری شارێکت دەکا))، بەڵام کە تۆ پێدەنێیتە نێو سەنتەری ئەو شارە، مەرجە کە خۆت هەڵسوکەوت بکەیت و ئازاد بیت لە کڕین و نەکڕین و تەماشاکردن و ووردبوونەوە لە هەموو شتەکانی نێو ئەو سەنتەرە.

بۆیە زۆر ئاساییە کە تۆ لە رێگای کردارو گوتراو بچیتە نێو سەنتەری دنیاییێکی نامۆ و کار لە نێو هەموو گوتراو و نەگوتراو و کردارو نەکردارودا بکەیت.

* لە نێوانی حاڵەتی ئاگایي و نائاگایي، چۆن پرۆسەی نووسین بەراورد دەکەي؟

_ من پێم وایە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تێکستی ئێستەتیکی پرۆسەیەکی نائاساییە.. تۆ شتێ لە نەبوونەوە دێنیتە بوون و رۆحی پێدەبەخشی.. یا وجودێکی مردوو زیندوو دەکەیتەوەو بە زیباترین شێواز لە ئاریشگەکانی رۆح و فەنتازیاو شۆڕربوونەوەو قوڵبوونەوەو هەڵوەستەکردن و تەقاندنەوەی پاشخانە مەعریفیەکان و رژاندنی سۆزو....هتد. دەیڕازێنێتەوە.. لە چرکەساتی پرۆسەی خوڵقاندنی تێکستدا، تۆ لە نیوەی ئەزموونێکی گەورەدا کاردەکەی، لە ناو ئەزموونێکی گەورەی نائاسایي، چونکە تۆ رۆڵی ئافەریدەکارێك دەبینی کە دنیایێکی نائاسایي دێنێتە ئافەریدە.. لایمن دروستکردنی دنیایێکی نائاسایي تەنیا بە حاڵەتێکی نائاسایي دروست دەبێ.. حاڵەتە ئاساییەکان ناتوانن حاڵەتی نائاسایي بخولقێنن.. واتە: لە حاڵەتە ئاساییەکاندا هەمیشە عەقڵ بالاّدەستە.. بالاّدەستبوونی عەقڵیش بە مانای بالاّدەستبوونی ترادتسیۆن و سنوور و بازنە و دەستووری کۆمەڵگا دێت.. بۆیە بە بۆچوونی من شاعیر لە کاتی نووسینی شعردا هەمیشە مەستە، مەرج نیە ئەو مەستیە بە تەنیا لە رێگای ماددە سڕکەرو بێهۆشکەرەکان بێ.. بەڵام ئەوانیش کاریگەریان دەبێ لەسەر کەسانێك کە بەو حاڵەتە راهاتوون، بە تایبەتی لە رووی فراوانکردنی سنووری فەنتازیاکانیان ئەگەر فەنتازیا سنووری هەبێ.

*** بۆچی نووسینی شیعر و رۆمان و گوتار و وەرگێڕان لە یەك کاتدا ئایا هەست ناکەی پەلاماری زۆر شت دەدەی؟**

_ کێشەی گەورەی مرۆڤێك کە بتوانێ بە جددی بیر بکاتەوە "گومان"ە. گومان لە زەمەن کە وجودێکی بە وەفا بێ، گومان لە حەقیقەت، گومان لە گومان و گومان لە یەقین و گومان لە خۆم.. زۆرجار لە نائاگاییەوە هەست دەکەم پێڕاناگەم هەندێ شتی کتێبی ژیانی خۆم بنووسمەوە کە پێویستە بیانووسمەوە... بۆیە من گومان لەو پێشبڕکێیە دەکەم کە نێوانی ژیان و مەرگ لە ئارادایە.. هەر لەبەر ئەوەو سەدان هۆکاری تر حەز دەکەم تا زووە شەڕ بە زەمەن بفرۆشم و قسەکانی خۆم سەبارەت بەو گەمەیە ترسناکە تەواو بکەم کە ناوی ژیانە.